زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی ٤٤

چیرۆکی پێشینان لە قورئاندا



لەبارەی ئیمان و بانگەوازی و جیهاددا

نووسینی
دکتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدی

وەرگێڕانی
کاوە هاوڕاز

التفسير



چیرۆکی پێشینان

له قورئاندا

بەشی دووەم

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابوونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیان لە گشت کۆت و بەندو بۆچونی تەسکی حزبایەتی و تاکڕەوی و ڕەوتگەرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بەهێزتر بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد ، تاتوانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانە هەبێ ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە .

دەگەڵ ڕێزو تەقدیرمان بۆ بیروڕای نووسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیش نییە ئێمە پابەندی هەموو بیرو بۆچونەکانیان بین .

بادەستورێشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت :

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

چیـرۆکی
پێشـینان له قورئاندا

چەند وانەیەك لە ئیمـانو
بانگـەوازو جیهـاد دا

بەشی دووەم

نووسـینی
د.صلاح عبدالفتاح الخالدي

وەرگـێرانی
کـاوە هاوراز



ناوی کتێب بە عەرەبی:	مع قصص السابقين في القرآن (٢)
ناوی نوسەر:	د.صلاح عبدالفتاح الخالدي
ناوی کتێب بەکوردی:	چیرۆکی پێشینان لە قورئاندا بەشی دووەم
ناوی وەرگێڕ:	کاوە مصطفی (هاوراز)
چاپ و بلاوکردنەوەی:	نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/هەولێر
نەخشەسازی ناوەوە:	عزالدين محمد عمر
خەت:	نەوزاد کۆیی
بەرگ :	ئەمین مخلص
نۆرە و ساڵی چاپ:	یەکەم ١٤٣١ك – ٢٠١٠ز
تیراژ:	١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر هەولێر ژمارەی سپاردن (٣٠٩) ساڵی ٢٠٠٤ ی پێدراوە



بۆ بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

هەولێر- شەقامی دلدگا - ژێر لۆتێلی شیرین پالاس

ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨

مۆبایل : ٢٢ ٥١ ٤٦٠ ٠٧٥٠ - ٩١ ٧٢ ١٣٨ ٠٧٧٠

tafseeroffice@yahoo.com

tafseeroffice@maktoob.com

altafseer@hotmail.com

www.al-tafseer.com

بەشــی دووەم

چیرۆکەکانی ســوورەتی (کهف)

﴿ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِالْحَقِّ .. ﴿١٣﴾ ﴾ الكهف

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشـەكی

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستهديه، ونعوذ بالله من شرور انفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، واشهد ان لا الـه الا الله، وحده لاشريك له، وأشهد ان محمدا عبده ورسوله، صلوات الله وسلامه عليه، وعلى آله وصحبه.. اما بعد:

ئەمەش بەشی دووەمە لە تێڕوانینو لێکۆڵینەوەمان لە چیرۆکی پێشینەکانی نێو قورئانی پیرۆز... ئەوەبوو پێشتر بەشی یەکەممان دەرکرد کەتـەرخانمان کردبـوو بـۆ گرنگترین چیرۆکەکانی (بەنو ئیسرائیل)و کە دەربارەی چەند چیرۆکێك بـوو، وەك (چیرۆکی دایکی مووسا- سلاوی لێ بێت) و(چیرۆکی پیاوە باوەڕدارەکەی هـۆزی - فیرعەون)و (چیرۆکی قاروون)و چیرۆکی وێڵ بوونی (بەنو ئیسرائیل) لـە (سـینا)داو (چیرۆکی سەربڕینی مانگاکـە)و (چـیرۆکی هـاوەڵانی شـەممە (اصحاب السبت)و (چیرۆکی طالووت).

بەڵێنیشماندا کەلەم کتێبەدا لەسەر کارەکەمان بـڕۆینو لـەم بـوارەدا بـەردەوام بینو چەند نموونەیەکی دیکەی چیرۆکی پێشینەکانی نێو قورئان لێك بدەینەوە.

بێگومان ئەم بەشەمان تەنها بۆ ئەو چیرۆکانەی نێو سوورەتی (کهف) تـەرخان کردووە.. دیارە سوورەتی (کهف)یـش سـوورەتێکی چیرۆك ئـامێزەو، چیرۆکەکان بەشێکی زۆریی سوورەتەکەیان پێك هێناوەو زۆربەی ئایەتـەکانیان لـەخۆ گرتـووە، چونکە لەکۆی هەموو ئایەتەکانی سوورەتەکە کە (١١٠) ئایەتە حەفتاویەك (٧١) ئایەتیان لەسەر چیرۆکەکان هاتوون.

١- چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوت (**قصة اصحاب الکهف**).
٢- چیرۆکی کابرای خاوەن دووباخەکە لەگەڵ هاوەڵە باوەڕدارەکەیدا.
٣- چیرۆکی (مووسا)ـ سڵاوی خوای لێ بێت ـ لەگەڵ بەندە چاکەکەدا.
٤- چیرۆکی (ذو القرنین).

بۆ هەر چیرۆکێك لەم چیرۆکانەش بەندێکی تایبەتیمان داناوەو لەبەرایی گشت چیرۆکەکاندا دەسپێکێکمان بۆ ڕاخۆشکاریی گرتۆتەبەر کە باسی ئەو باردۆخەی هاتنە خوارەوەی سوورەتەکە دەکاتو ئاماژە بۆ ئەو تاقیکردنەوەیەی موشریکەکانیش دەکات کە بەرێنمایی یەکی جوولەکەکان پێغەمبەری خودایان ﷺ تاقی کردەوە.

هەر لەو دەسپێکەدا تێڕوانینی مامۆستا (ابو الحسنی ندوی) بۆ سوورەتی (کهف)مان خستۆتە روو کە سەرنجی وردی خۆی لە بابەتە بنچینەییەکەی ئەم سوورەتە داوەو وای بینیوە کە ئەم سوورەتە چەق دەخاتە سەر ململانێی نێوان باوەڕو ماددەپەرستی.

هەروەها لەم بەرایی یەدا زۆربەی ئەو پێناسەیەی مامۆستای پێشەوا (سید قطب)مان هێناوە کە لە تەفسیری (في ظلال)ەکەیدا نووسیویەتیو، سەرنجی لە بابەتە گشتییەکەی سوورەتەکەو لەوتەوەرەیەشی داوە کە سەرجەم بابەتە لاوەکی (جزئی)و ئایەتو بڕگەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە.

بابەتە گشتی یەکەی ئەم سوورەتە وەك (سید قطب)یش سەرنجی لێداوە، ئەوەیە مەبەستو ئامانج تێیدا ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕو، ڕاستکردنەوەی بەرنامەی فیکرو تێڕوانینو، ڕاستکردنەوەی بەها جوانەکانە بەتەرازووی عەقیدە.. بێگومان بۆ سەرنجو تێڕوانین لەچیرۆکەکانی پێشینان بەرنامەیەك لەئارادا هەیە. ئەم بەرنامەیەش لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺو تێگەیشتنی هاوەڵانی (صحابە)و زانایانی لێکۆڵیارو ساغکەرەوەکانەوە، سەرچاوەی گرتووە..

ئەوەبوو لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی لەم بەرنامەیە دواین، کە تایبەت بوو بە چیرۆکەکانی (بەنو ئیسرائیل).. لەم بەرگەشدا هەر چەق دەخەینەوە سەر ئەو بەنامەیە، کە پێشەکیی بەرگی یەکەم بووو بەپێشەکی یەکی ئەم بەرگەو بەسەرەتایەکی رێ خۆشکارییشی دادەنێینەوە.

بە ڕاستی دیدو تێڕوانین لە ئایەتەکانی سوورەتی (کهف) هەمە لایەنەو هەمەگیرەو، دەرس‌و پەندو وانە لێ دەرهێنراوەکانیشی هەمەجۆرو هەمەڕەنگن، وەك ئەوەی، کە چەندەها دەرس‌و پەندی (باوەڕداریێتیو، بانگخوازیو، جیهادکاریو، پەروەردەییو، مەنهەجیو، زانستیو، ڕەوشتمەندیو، ئابووریو، کۆمەلایەتیو، پیشەسازیو، جوگرافیو، هەروەها مێژووییو.. چەندین جۆرە بواری تریشن..) بەلام سەرەڕایی ئەمەش نەمانتوانیوە هەموو ئەو وانەو ئاماژەو پەندو عیبرەتانەی لێ دەربێنینو، هیچ کەسێکیش ناتوانێت ئەو پڕوپاگاندەیە بۆخۆی بکات، بۆیە بێگومان هێشتا گەلێك پەندو وانەی وای تێدا ماون، کە ئێمە گوزەرمان بەلایاندا نەکردووە.

لێرەش دا لە چەند خالێکدا ئامانجی تێڕوانینی خۆمان لەم چیرۆکانەو لەوەی دەمانەوێت بەدییان بهێنین، دیاریی دەکەین:-

١- هێشتنەوەی باسی ئەو چیرۆکانە لە کەش‌و هەوای دەقە قورئانیەکەداو، دەرنەچوون لەو دەقانە تەنها بۆ سەر فەرموودە ڕاست (صحیح)ەکانی پێغەمبەر ﷺ نەبێت، کە لایەنێکی نادیارو نەزانراو ڕوون دەکەنەوەو، تەمومژو ئاستەنگێك دەڕەوێتەوە، واتە تەنها پشت بەو دوو سەرچاوەیە (قورئان‌و سوننەت) بەستراوە.

٢- پەسند نەکردنی هیچ هەواڵو ڕوونکردنەوەو شیکارێك لە دەقە هەلبەستراوە ئیسرائیلییەکان‌و لە هەر سەرچاوەیەکی هاوشێوەیان لە ڕیوایات‌و قسەو باسە پووچەڵو ئەفسانەییەکان.. هەروەها ڕەتکردنەوەی هەر وتەو باس‌و خواسێك لە

هەر مرۆڤێکەوە تەنانەت هەرکەسێك‌و لە هەر پلەیەکدا بێت ئەگەر وتەو باسەکەی پشتیان بە دەقی ڕۆشنی قورئان، یان فەرموودەی (صحیح) نەبەستبێت، ئەمەش بەپێی بڕوابوونمان بەپێویستیی قایل بوون تەنها بە ڕوون کراوەی قورئان‌و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، هەروەها پێویستی‌و پێویستبوونی بێ دەنگی لە ئاست ئەو ڕووداوو شیکارانەی کە ئەم دوو سەرچاوەیە (قورئان و سوننەت) لێیی بێ دەنگ بوون.

٣- ئاوڕدانەوە لە ڕەهەندە واقیعییەکانی ئەو چیرۆکانەو ئاماژە کردنی بۆ پیادەکردنی هەندێك دیمەن‌و وێنەو نموونەیان بەسەر واقیعی ئەمڕۆدا، هەروەها پیادەکردنی ئەو ڕەهەند (بعد)ە واقیعییە کردەیی‌و زیندووەش بەسەر ئەو وانەو بەڵگەو نیشانانەی لەو چیرۆکانەوە وەردەگیرێن.

٤- چەق خستنەسەر وانە باوەڕداری‌و بانگخوازی‌و جیهادی‌و ڕێسابەندییە دەرهێنراوەکانی ئەو چیرۆکانە، بەو پێودانگەی گرنگترین ئاتاج‌و ویستەمەنیی بانگەوازکارو چاکسازی خوازانی ئەم سەردەمەیان تێدایە.

چەند چیرۆکێکی تریش لە قورئاندا هەن کەلێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیان بۆ دیاری دەکەین‌و، کە بەرگی سێهەمی ئەم کتێبەیەو (ان شاءالله) لەدوای ئەم بەرگە دەردەچێت، دیارە ئەو چیرۆکانەی تریش هەردەربارەی پێشینەکانە، وەك (چیرۆکی هاروت‌و ماروت)و (چیرۆکی ئەو ڕێبوارەی بەلای ئاواییەکەدا تێپەڕی)و (چیرۆکی هەردوو کوڕەکەی ئادەم)و (چیرۆکی ئەو پیاوەی خۆی لە زانستی ئایەتەکانی خودا داماڵی)و (چیرۆکی مێرووله‌و پەپووسلێمانکە)و (چیرۆکی لوقمان)و (چیرۆکی سەبەء)و (چیرۆکی هاوەڵانی گوندەکە).

خوێنـــەری هێژاو بەڕێز..

ئەوا پەندو وانە دەرهێنراوەکانی ئەو چیرۆکانەی نێـو سـوورەتی (کهـف) لەبـەر دەمتانــدان بــۆ ئــەوەی تــۆش بــەگوڕو تــینو شــەوقێکی گــەورەترەوە خوازیــاری خوێندنەوەیان بیتو، بۆ ئەوەی هاندەریشت بێت بۆ بەردەوامیی خوێندنـەوەی ئـەم سوورەتەی قورئان. بێگومان ئەم سوورەتی (کهف)ەش تایبەتمەندێتی یەکی جـوداو بابەتێکی دیاری تێدایەو ڕێزو پێزو فەزڵێکی تایبەتیشی هەیە.

سوننەتیش وایە گشت موسڵمانێك ڕۆژی هەینی سوورەتی (کهـف) بخوێنێـت، وەك پێغەمبەر ﷺ ڕێنمایی کردووینو چەندین فـەرموودەی لەمبارەیـەوە هەیـە، وەك:-

١- (مسلم) لە (صحیح)ی خۆی لە (ابو الـدرداء)ەوەو، ئـەویش لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ گێڕاویانەتەوە، کە فەرمویـەتی: ((**مـن حفـظ عـشر ایـات مـن اول سـورة الکهف، عصم من الدجال**))[1]..واتـە "هەرکەسـێك دە ئایـەت لـە سـەرەتای سوورەتی (کهف) لەبەر بکات ئەوا لە دەجال پارێزراوە".

٢- (ابو داود)یش لە (سنن)ی خۆی لە (ابو الدراء)ەوە ــ خـوا لێـی ڕازی بێـت)و ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوێتیەوە کە فەرموویەتی: ((**مـن حفـظ عـشر ایات من اول سورة الکهف، عصم من فتنة الدجال**))، لە گێڕانەوە (روایە)یەکی دی دا هاتووە: کە ((**من حفظ عـشر ایـات مـن خـواتیم سـورة الکهـف**)). لـە ڕیوایەتێکی سێیەمدا واهاتووە: ((**من اخر الکهـف**))[2] هەردوو ڕیوایەتەکـەش مانای ئەوە دەگەیەنن کە هەرکەسێك لە کۆتایی سوورەتی (کهف)دا، دە ئایەت لەبەر بکات ئەوا لە شەڕو فیتنەی دەجال پارێزراوە.

---

(١) مسلم(٦): کتاب صلاة المسافرین (٤٤) باب فضل سورة الکهف، حدیث رقم (٨٠٩).
(٢) ابو داود : (٣٦) کتاب الملاحم (١٤): باب خروج الدال، حدیث رقم (٤٣٢).

٣- (ترمزی)یش لە (سونەن)ی دا —خوا لێی ڕازی بێت- و ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوێتیەوە، کە فەرموویەتی : ((**من قرأ ثلاث ايات من اول الكهف عصم من فتنة الدجال**))[١].. واتە: "هەرکەسێ: سێ ئایەت لە سەرەتای سوورەتی (کهف)ەوە بخوێنێت ئەوا لە شەڕو فیتنەی دەجال پارێزراوە".

٤- (بخاری)و (مسلم)و (ترمزی) لە (براو- کوڕی — عازب)ەوە- خودا لێی رازی بێت- گێڕاویانەتەوە کەوا: جارێکیان پیاوێك سوورەتی (کهف)ی دەخوێندو ئەسپێکی خۆیشی بەدوو گوریسی درێژ بەستبووەوەو لەوکاتەدا پەڵە هەورێك داپۆشیو، وای لێ هات دەسوڕایەوەو نزیك دەبووەوە، تەنانەت ئەسپەکەش لێی نزیك دەبووەوە، کاتێك کابرا هاتە لای پێغەمبەرو ﷺ ئەوەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: ((**تلك السكنيه تنزلت للقران**))[٢]..واتە: ئەوە هێمنیو ئاسوودەیی یەك بووە، کە بۆ قورئان هاتۆتە خوارەوە".

٥- (الحاكم) لە (مستدرك)ی خۆی، لە (ابو سعيد-ی خدری)یەوە -خوا لێی رازی بێت- گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**من قرأ سورة الكهف كما انزلت ثم خرج الى الدجال لم يسلط عليه ولم يكن له عليه سبيل**))[٣].. واتە: " هەرکەسێك سوورەتی (کهف) وەك چۆن هاتۆتە خوارەوە هەموو پێکەوە بە وردبوونەوە لە ماناو مەبەستەکان، بخوێنێتو، پاشان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەجاڵ دەرچێت، ئەوا (دەجاڵ) ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێتو هیچ رێگە چارەو دەربازێکی لە بەرامبەریدا نیە".

---

(١) ترمذي: (٤٢) : كتاب ثواب القرآن (٦) باب ماجاء في سورة الكهف، حديث رقم (٣٠٤٧).

(٢) البخاري: (٦٦) كتاب فضائل القرآن (١١): باب فضل سورة الكهف، حديث رقم (٥٠١١) ومسلم: (٦) كتاب صلاة المسافرين(٣٦) باب نزول السكينة لقراءة القران. حديث (٧٩٥). والترمذي: (٤٢) كتاب ثواب القرآن (٦) باب ماجاء في سورة الكهف، حيث رقم (٢٠٤٦).

(٣) المستدرك للحاكم كتاب الفتن والملاحم، باب من قرأ سورة الكهف لم يسلط عليه الدجال (٤: ٥١١) وقال عنه الذهبي في التلخيص: صحيح (٤: ٥١١) حاشية.

٦- (ابن مردویة)و (ضیائی مقدسی)یش لە (المختار)دا لـە (علـی)یـەوە ﵁ و ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوێتییەوە کە فەرموویەتی: **((من قرأ الكهف يوم الجمعة معصوم الى ثمانية ايام من كل فتنة تكون، وان خرج الدجال عصم منه))**[1]. واتە: (هەرکەسێك لە ڕۆژی هەینی دا سورەتی (کهف) بخوێنێ، هەتا هەشـت ڕۆژ پـارێزراو دەبێـت لـە هـەر بەڵایـەك ڕووبـدات، خـۆ ئەگـەر ڕۆژی دەرچوونی دەجاڵیش بێت، هەر لێی پارێزراوە".

ئەم فەرموودە ڕاستو صـحیحانەش هـەموویان بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی، کـە سوورەتی (کهف) ڕێزو پێزو فەزڵێکی تایبەتی هەیەو هەرکەسێك لەبـەری بکـاتو هەموو ڕۆژی هەینیەك لەسەر خوێندنـەوەی بـەردەوام بێـت، ئـەوا خـودا لەشـەڕو فیتنەی ماددەپەرسـتی دەیپارێزێـتو بەسـاغ وسـەلامەتو هێـزو تینـەوە لێیـان دەردەچێتو، جێگیرو خۆڕاگریش دەبێت لەسەر ئایینو ئیمانەکەی.

ئەم سەردەمەی ئێمەش سەردەمی فیتنەو ئاشووبی ماددەپەرستییە، کە هەموو خێرێك ڕادەماڵێت، کە سیستەمی ماددەپەرستیی جاهیلیی تێدا بڵاوبۆتەوەو جوان کراوەو، هەموو جادووو ساختەو فیتنەو فریودانو ئارەزووو بێشەرمیو لادانێکـی لە نێـو موسـڵمانانداا بڵاوکراوەتـەوە، لەهـەموو ڕوویەکیـشەوە ڕووبەنـدی ژیـانی موسڵمانانی داگیرکردووە، موسڵمانانیش یەخسیری ئـەو داگیرکردنـە بـوونو، وەك نێـــچیرکەوتوونە بـــەر کەڵبـــەکانیو، خۆیـــان داوە بـــەدەم هـــەواو هـــەوەسو ئارەزووەکانیەوەو، بڕوایان بە جادووو ساختەو ڕێ لـێ ونکردنی کردووە.

بەڵام خودا موسڵمانە ڕاستو دڵسۆزەکانی لەبەردەم ئـەو شـاڵاوو ململانێیـەدا پاراستووە، بە قورئـان پاراسـتوونی لەکاتێکـدا ئـەوان ڕوویـان کردۆتـە قورئـانو لەبەریان کردووەو، بەتەواوەتی مافی خوێندنـەوەیان پـێداوەو، بەتـەواوەتیش لێـی تێگەیشتوونو، هەر بەقورئانیش جیهاد لە دژی سیستەمی ماددەپەرستیی جاهیلی

(١) الدر المنثور للسيوطي (٥:٣٥٥).

دەکەن‌و لەرێی ڕاستییەکانی قورئان‌و چەمك‌و واتاو ڕێساکانیەوە بەربەرەکانیی ئەو سیستەمە دەکەن.

هەروەها سوورەتی (کهف) - سوورەتی ململانیی نێوان ئیمان‌و ماددەپەرستی- ئەرکێکی هێجگار گەورەی لە ڕووبەڕووبوونەوەو جیهادکاریی‌و خۆڕاگریدا هەیە.. مامۆستا (ابو الحسنی ندوی) دەربارەی ڕازی (خۆپاراستن لە فیتنەی دەجال بەم سوورەتە)و لەفیتنەی هاوشێوەکانی لەجادووگەران‌و درۆزنان، گووتوویەتی: "بێگومان ئەم سوورەتە لە سوورەتە بێ هاوتاکانی قورئانە کە گەورەترین‌و زۆرترین بابەتی تێدایە، بەتایبەتیش ئەو بابەتەی پەیوەستە بەفیتنەو پشێوییەکانی دوایین سەدە، کە جادووگەر دەجال حوکمی تێدا دەکات‌و فیتنەو جادوو گەورەدەکات‌و بەیداخەکەی هەڵدەگرێت. هەروەها ئەم سوورەتە زۆرترین بڕو میقداری ئەو دەرمانەی تێدایە کە ژەهری دەجال لەناو دەبات‌و زامەکەی سارێژ دەکات، هەرکەسێکیش هێدی هێدی لەکانیاوی واتاکانی ئەم سوورەتە بخواتەوەو خۆی لێ تێرکات، (واتە لەئەنجامی لەبەرکردنی‌و زۆر خوێندنی لە گشت حاڵەتێکدا) ئەوا لە فیتنەو ئاشووبی ئەم سەردەمە دەپارێزرێت، کە سەرتاپای جیهانی ئاڵۆزکردووەو، لە داوو تۆڕەکانیشی دەرباز دەبێت.

دیسان هەرئەم سووڕەتە هێندەی ڕێنمایی‌و ئامۆژگاری‌و پەندو چیرۆك تێدایە، کە دەجال لە هەموو زەمان‌و جێگەیەکدا دیاری‌و دەسنیشان دەکات‌و، بنەمای فیتنەو بانگەشەکانیان دەردەخات‌و، عەقڵ‌و دەروونی خەڵکی بۆ بەربەرەکانێ‌و بەرەنگاربوونەوەی ئەو فیتنەیەو بۆ بەرپەرچدانەوەی سازو ئامادە دەکات، بێگومان عەقڵ‌و دەروونی مرۆڤیش گیانێکی وایان تێدایە کەبەرهەڵستیی‌و بەرەنگاری جادووگەری‌و پێشەواییانی‌و، بەرنامەی بیرکردنەوەیان‌و پلانی ژیانیان، بەڕۆشنی‌و بەهێز دەکات)[1].

---

(١) ابو الحسن الندوی (تأملات فی سوره الکهف) ٩-١٠.

لەڕاستیشدا هەر بەقورئان دەتوانین خۆمان لەگوناهان بپارێزین، هەر بە قورئانیش ڕزگاردەبین، خۆڕاگریی‌و دان بەخۆداگرتنیشمان تەنها بەقورئانەو، سەبەرزی‌و سەروەری‌و بەختەوەریشمان بەقورئانەوەیەو، سەرکەوتن‌و سەرفرازی‌و گرەو بردنەوەشمان هەر بەهۆی قورئانەوەیەو، بەهەشتیشمان بەیارمەتی خودا تەنها بە پابەندییمان بەم قورئانەوە دەست دەکەوێت.

(خودایە قورئانی پیرۆز بکە بە بەهاری دڵمانو، ڕۆشنایی سینەمانو، نەمانی خەم‌و ڕەواندنەوەی پەژارەمانو، بواری خوێندنەوەی قورئانیشمان لەساتەکانی شەوو ڕۆژدا بۆ بڕەخسێنەو، ئەوەی لێی بێ ئاگابووین ونەمانزانیوە فێرمان بکەیتو، ئەوەی لەبیرمان چووەتەوە بەبیرمان بێنیتەوەو، بیکەیتە بەڵگەو شەفاعەتکارمان لە ڕۆژی قیامەتدا). لەگەڵ ئەم نزایەدا ئەم نزایەی پێغەمەریش دەڵێینەوە کە (احمد) گێڕاوێتییەوە :

((اللهم اني عبدك وابن عبدك واين امتك، ناصيتي بيدك ما من في حكمك، عدل في قضائك. اسألك بكل اسم هو لك، سميت به نفسك او انزلته في كتابك اوعلمته احدا من خلقك او استأثرت به من علم الغيب عندك، ان تجعل القرآن الكريم ربيع قلبي ونور صدري وجلاء حزني وذهاب همي وغمي)).

(احمد) له پێغەمبەرەوەﷺ گێڕاوێتییەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەر عەبدێکی خودا تووشی خەم‌و پەژارەیەك بووبێت، بەم نزایە لەخودا بپاڕێتەوە ئەوا خوداش خەم‌و پەژارەکەی بۆ لابردووەو، بە خۆشی‌و شادی بۆی گۆڕیوە).

درووودو سڵاو لەسەر گیانی پێشەوامان پێغەمبەرو کەس‌و خانەوادەو هاوەڵانی بێت.

صلاح عبدالفتاح الخالدی
صویلح- یەك شەممە
١٤٠٨/٦/١١ کۆچی
١٩٨٨/١/٣١ زایینی

بەرایـــی:

ناساندنی ســوورەتی "کـهف"

"ئەو بارودۆخەی کە سوورەتەکەی تێداهاتۆتە خوارەوە":-

بەرای تێکڕایی سەرجەم زانایانی تەفسیر، کـە لـە هۆیـەکانی هاتنـە خـوارەوە (اسباب النزول)ی قورئانیان کۆڵیوەتەوە، سوورەتی (کهف) مەکیە، واتـە لەشـاری (مەککە) هاتۆتە خوارەوە لەکاتێکیشدا هاتۆتە خـوارەوە کـە جـەنگو ململانێـی فیکریی لەنێوان پێغەمبەروﷺ موشریکانی قورەیش بەتوندی پەرەی سەندووە، لـە گەرمەی تەشەنەسەندنی ململانێی نێـوان بـاوەڕو ماددەپەرسـتیدا ئـەم سـوورەتە هاتۆتە خوارەوە.. ئەمە سەبارەت بە ڕەوشو بارودۆخی گشتیی هاتنـە خـوارەوەی سوورەتەکە.

بەڵام دیارە بۆنەو موناسەبەیەکی تایبەتیش بۆ بـارودۆخی هاتنـە خوارەوەکـەی هەیە، کە زانایانی تەفـسیر لـە (المأثور)و ژیاننامـە (سـیرە)ی پێغەمبـەرەوە ﷺ دیاریان کردووە. بۆ نموونەش: هەر یەکە لە (ابن اسحاق)و (ابن جریر)و (ابن المنذر)و (ابو نعیم) و(بیهقی) لە (ابن عباس)ەوە (خودا لێیان رازی بێت) بەسەر هاتێکیـان هێناوەو (اخراج)[1] کردووە، کە ناوبراو واتە (ابن عبـاس) گێڕاوێتیـەوەو گوتوویـە: (قورەیشیەکان (نضری کـوڕی حـارث)و (عقبـەی کـوڕی ابـو معـیط)یـان بـۆ لای زانایانی جوولەکەکانی نێو(مەدینە) ناردو پێیـان گـوت: (دەربـارەی"موحەممـەد" پرسیاریان لێ بکەنو، شێوەو سیفەتی باس بکەن بۆیانو هەواڵی ووتـەکانی پێیـان

(١) (اخراج) لە زاستی فەرموودەو گێرانەوەی دەقی فەرموودەکانی پێغەمبەردا مەبەست لەوەیە کەوا ئەو ریوایەتو فەرموودانەیان بە بەڵگەو (سەنەد)ە ڕاستەکانیانەوە هێناوە. (وەرگێر)

بدەن، چونکە ئەوان خۆیان یەکەم کۆمەڵی شوێنکەوتووی کتێبی خودانو، زانستێکی وەهاشیان لەمەڕ پێغەمبەران هەیە کە ئێمە نیمانە. ئەو دوو کەسەش (واتە: نضر و عقبە) ڕۆشتن تاکو گەیشتنە مەدینەو لەوێ پرسیاریان لە زانایانی جوولەکەکان کرد دەربارەی پێغەمبەری خوداو وەسفی کاروبارو مەسەلەکەیان بۆکردنو هەندێك لە فەرموودەکانیان پێ ڕاگەیاندن. پێشیان گوتن: (ئێوە شوێنکەوتووی تەوڕاتن، بۆیە ئێمە هاتووین بۆ لاتان تاکو هەواڵی ئەو هاوڕێیەی خۆمانمان پێ بڵێن). جوولەکەکان لە وەڵامیاندا گوتیان " پرسیاری سێ شت لەو پیاوە واتە لە (محمد) بکەن، جا ئەگەر هەواڵی تەواوی لەسەریان پێدان، ئەوە دیارە پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراوە، خۆ ئەگەر وەڵامی تەواویشی پێنەبوو ئەوە دیارە لەخۆیەوە قسە دەهۆنێتەوە، ئێوەش بیروڕای خۆتان بخەنە کارو تاقی بکەنەوە.. ئەو سێ شتەش ئەوەیە:

یەکەم: پرسیاری دەربارەی زەمانی یەکەم لێ بکەن، کە ئاخۆ حاڵی خەڵکی چۆن بوو بێت، چونکە قسەوباسێکی سەرسوڕهێن لە بارەیانەوە هەیە.

دووەم: دەربارەی پیاوێکی گەڕۆکیش لێی بپرسن، کە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای زەوی گەڕاوەو، داخۆ هەواڵی چی بێت..

سێیەم: لەبارەی گیانەوە (ڕۆح) لێی بپرسن کە داخۆ چی بێت؟!"

ئینجا (نضر)و (عقبە) دەستیان بەگەڕانەوە کردو هاتنەوە بۆ لای قوڕەیشو پێیان گوتن: ﴿ئەی گەلی قوڕەیش بەڵگەی جیاکەرەوەو بڕێنەرەوەی مەسەلەی نێوان ئێوەو (محمد)مان بۆ هێنانەوە کە زانایانی جوولەکەکان داوایان لێکردین چەند پرسیارێك لەسەر چەند مەسەلەیەك لە (محمد) بکەین﴾.. ئینجا پرسیارەکانیان سەبارەت بەو سێ مەسەلەیە بۆ قوڕەیش گێڕایەوەو ئەوانیش ئەوپرسیارانەیان لە پێغەمبەر ﷺ کرد. پێغەمبەریش ﷺ لەوەڵامدا پێی فەرموون: (سبەینێ هەواڵی ئەو ڕووداوو مەسەلانەتان پێ دەگەیەنم (بێئەوەی ئەگەرێکی جیاکاریی لەسەر

دابنێت..)، واتە نەیفەرموو سبەینێ ئەگەر خودا خواستی لێبێت (ان شاءالله) جا کاتێك ئەم وەڵامەی بەبێ وتنی (ان شاءالله) پێ گەیاندن، ئەوانی ڕۆشتن بەو هیوایەی سبەینێ بێنەوە بۆ لای.

پێغەمبەری خودا ﷺ تا پازدە ڕۆژ مایەوەو خودا سرووش (وحی)ی بۆ نەدەنارد، (جبریل)یش نەدەهاتە لای، تاوای لێ هات تەنانەت خەڵکی مەککەش دەستیان کرد بە دروستکردنی وتەو هەواڵی ناڕاستو پشێوی نانەوە.. ئەم حاڵەتی ڕاوەستانی سرووشەش پێغەمبەری ﷺ دڵتەنگ کردبوو, کاری ئاخاوتنی بۆ خەڵکی مەککەی لەلا گران کردبوو.

پاشان (جبریل) بە سوورەتی (کهف) لەلای خوداوە هات بۆ لای کە تێیدا لەسەر دڵتەنگ بوونی بۆ ئەوان گلەیی لێکراوە، هەروەها لەسەر هەواڵی پێگەیاندنی ئەو مەسەلانەی کە دەربارەی لاوەکان وپیاوە گەڕیدەکەو حەقیقەتی ڕۆح پرسیاریان لێ کردبوو، وەك فەرمایشتی خوداش ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ... ﴿٨٥﴾ الإسراء﴾ ئاماژەی بۆ دەکات[1].

بێگومان هاوەڵ بۆ خوادانەران (موشریکەکان) لەگەڵ جوولەکەکاندا ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی، کەوا پێغەمبەر ﷺ تاقی بکەنەوە، لەو تاقیکردنەوەیەشدا سێ پرسیاریان خستبووە بەردەم کەوەڵامیان بداتەوە. سوورەتی (کهف)یش وەڵامی دوو پرسیاریان داوەتەوە، واتە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی کە دەربارەی (هاوەڵانی نێو ئەشکەوت)و (ذو القرنين) بوون، بەڵام دەربارەی پرسیاری سێهەم بۆ مەسەلەی ڕۆح ئەوە دیارە کە سوورەتی (اسراء) بەوە وەڵامی لەسەرداوەتەوە کە ئەمەش (واتە ڕۆح) لەکاروباری خودایەو، جگە لەخوداش هیچ کەسێك لە حەقیقەتو بنجو بناوانی نازانێت.

---

(١) الدر المنثور للسيوطي، ٣٥ : ٥٧

هەربۆیەش هیچ وەڵامێـــــــــک لەسەر ئەو پرسیارە لە قورئانـدا نەدراوەتـەوە ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْـرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيـلًا ﴿٨٥﴾ الإسـراء﴾، کەوا بوو سوورەتی (کهف) سـوورەتی ئـەو تاقیکردنەوەیەیـە کـە پێغەمبـەری خـودا ﷺ ئـەنجامی داوە، کـە خـودا تیایـدا پێغەمبـەری خـۆی سەرخستووەو جبریلی بۆ ناردۆتە خوارەوە تـاکو بـەو وەڵامانـەوە فریـای کـەوێتو ئەویش وەڵامەکانیان بۆ بخاتەڕوو بۆیان بخوێنێتەوە.. بەم شێوەیەش پێغەمبـەر ﷺ بەسەرپەرشتی خوداو سەرخستنو پشتگیریی خوداوە بۆیەوە سەرکەوتووە. ئەوەی کە لە کەشوهەوای تاقیکردنەوەکەشەوە دەردەکەوێت ئەوەیە ئایەتەکان بـە ڕاشـکاوی گوزارشت لەوە دەکەن، کـە وەڵامەکـە لەخوداوەیـەو هەرخوداشـە وەڵامـەکان بـۆ پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەنێرێـت تـاکو ئـەویش لـەلای خۆیـەوە بـۆ ئـەو خەڵکـەی بخوێنێتەوە. خوداش دەربارەی هـاوەڵانی ئەشـکەوت فەرموویـەتی: ﴿ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ ..﴿١٣﴾ الكهف﴾، واتـە: (ئێمـە هـەواڵو دەنـگ وباسـی ئـەو کۆمەڵە لاوەت بەڕاستیو یەقینەوە بۆدەگێڕینەوە کە هیچ گومانێکی تێدانیە).

دەربـارەی (ذو القـرنين)یـش فەرموویـەتـی: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ الكهـف﴾، واتــە: (دەربــارەی (ذو القــرنين) پرسیارت لێ دەکەن، تۆش پێ یان بڵێ هەواڵو دەنگو باسێکتان لـە بارەیـەوە بـۆ دەگێڕمەوە).

دەربارەی گیان (روح)یـش خـودا فەرموویـەتی: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْـرِ رَبِّى قَلِيـلًا ..﴿٨٥﴾ الإسـراء﴾، واتـە: (دەربـارەی گیـان پرسـیارت لـێ‌دەکەن تۆش لەوەڵامدا پێیان بڵێ مەسەلەی گیـان هەرلـە فـەرمانو کاروبـاری خودا خۆی دایە).

ســوورەتی ململانێی نێوان باوەڕداریێتیو ماددەپەرستی

مامۆستا (ابو الحسن ندوی) بەوردی لەم سوورەتەی ڕوانیوەو هەڵوێستەی لەسەر ئەو دەزووە وردە كردووە، كە هەموو ئایەتەكانی پێكەوە دەبەستێتەوەو، چەقیشی خستۆتە سەر ئەو مەسەلەگشتییەی، كە چیرۆكەكانو بڕگـەكانیان كـۆ دەكاتـەوە.. بابزانین مامۆستای ناوبراو چۆن ئەم دەزووە وردەمان پیشان دەداتو لـەم بارەیـەوە چی دەڵێت ؟!

(من هەموو سوورەتەكەم وابینیوە كە ملكەچییەك بابەتەو دەتوانم نـاوی بنـێم: (لــە نێــوان بــاوەڕداریێتیو ماددەپەرســتیدا) یــان (لــە نێــوان ئــەوهێزەی، كــە هەڵسووڕێنەری ئەم گەردوونـە- واتـە خـودا-و، لـەنێوان سروشـت یـان هۆیـەكان دایە).. هەروەها بینیم، كە گشت ئامـاژە، یان گـشت بەسـەرهاتەكان، یـان گـشت پەندو وانەكان بەچوار دەوری ئەم مانایـەدا دەسـوڕێنەوەو، لەڕێگەیـەكی ڕۆشـنەوە ئاماژەی بۆ دەكەن، یان لەكەنارێكی نادیارەوە بۆی دەڕوانن)[1].

هەروەها دەڵێت: (بێگومان سوورەتی (الكهف) چیرۆكی ململانـێی نێـوان دوو تێڕوانینو، دوو عەقیدەو، دووكەسێتییە.. ململانێی نێـوان بڕواكـردن بـە مـاددەو پاشكۆكانو، باوەڕهێنان بەنادیار(غیـب) وباوەڕهێنـان بەخودایـە، هـەروەها ئـەم سوورەتە شیكاری پاشینەی گشت تێڕوانینێكە لەبیروباوەڕو، لـەكارو خووڕەوشـتو سەرەنجامو شوێنەوارەكان)[2].

مامۆستا (ندوی) لەكتێبەكەیدا (تأملات في سورة الكهـف) بایـەخی زۆری بـەم حەقیقەتە داوەو بەم ڕوانگەیەش هەر چوار چیرۆكەكەی (هاوەڵانی نێو ئەشكەوت)و

(١) تأملات في سورة الكهف- الصراع بين الايمان والمادية- للندوي: ص(١٠).
(٢) هەمان سەرچاوە: ص —٢٣.

(کابرای خاوەن دوو باخەکە)و (موساو عەبدە سالحەکە)و (ذو القرنین)ی خستۆتە ڕوو، پاشان ئەو دەزووە وردەشی پیشان داوین، کە پێکیانەوە دەبەستێتو، ئەو بابەتە گشتی یەشی بۆدیاریی کردووین، کە هەرچوار چیرۆکەکەی یەك خستووە، ئینجا ڕەنگدانەوەی ململانێی (نێوان باوەڕداریتیو ماددەپەرستی)ی بۆ ڕوون کردووینەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ململانێی نێوان (تێڕوانینی ماددەپەرستیانەی بڕواکار بە هۆیە ماددییە سرووشتییەکان)و، (تێڕوانینی ئیمان دارانەی باوەڕهێن بە حەقیقەتە خودایی یە نادیارەکان)و، سەرکەوتنی ئەم تێڕوانینە ئیماندارانەیە لە هەموو وێستگەو دیمەنەکانی سوورەتەکەدا.

کرۆك و کلیلی سوورەتەکە

مامۆستا (ندوی) دوای هەڵوێستەکردنی لەسەر ئەو دەزووە وردەی سوورەتەکەو، لەسەر دیاریکردنی مەسەلەو بابەتە گشتییەکەی، لەئایەتەکانیشی کۆڵیوەتەوە، تاکو ئایەتێکی کۆکەرەوەی هەموویان بدۆزێتەوە، کە وەك گیانێکی سەرتاسەریی بەنێو هەر ئایەتێکدا گوزەر دەکات، ئینجا ئایەتەکەشی دۆزیوەتەوە، کە لە نێوبەسەرهاتی (کابرایی خاوەن دووباخەکە) داو لەو بڕگەیەدایە، کە گفتوگۆیەکە لەنێوان ئەم کابرایەو هاوڕێ ئیماندارەکەی دا، ئایەتەکەش لەسەر زاری ئەوهاوڕێ ئیماندارەیەوە هاتووە، کە پێی گوتووە: ﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ... ﴿٣٩﴾ الكهف﴾ ، واتە (ئەرێ بۆچی تۆ کاتێك دەچیە نێو باخو بێستانەکەتەوەو پێی دڵشادو سەرسام دەبیت، ناڵێیت: ماشاءالله، لاقوة الا بالله (ئای خودا چی بۆ فەراهەم هێناوم، بە ڕاستی هیچ هێزوتوانایەکی خۆمی تێدا نیە تەنها لەخوداوە نەبێت).

بێگومان هەر تەنها ئەم کلیلەش (واتە (ماشاءالله)و خواستو فەرهەم هێنانی خودایی) بەجێ هێنراوەو لە کایەدایەو هەر شتێك خودا خۆی خواستی لێ بێت هەردەبێت ببێت، هەرشتێکیش خودا خۆی خواستی لێ نەبێت هەرگیز ناشێت ببێت، کەوابوو ئەوەی خودا خواستی لێ بێت (ماشاءالله) بووە، ئەوەی خواستیشی لێ نەبێت, نەبووە.

هەروەها هیچ هێزێکیش جگە لەهێزی خودا لەئارادا نیەو، هەر هێزێکی دنیاش لە خودا دوور کەوێتەوەو بەربەرەکانێی بکات یان لەڕێبازی دادی خودا لابدات، ئەوە هێزێکی فەوتاوو لەنێو چووە، هەمدیسان هەرهێزێکیش کۆمەك لە خودا داوا نەکات ئەوە لاوازو تێکچووە، بۆیە تەنیا هێزێك، کە بەسوودو خێردار بێت، ئەو هێزەیەکە کۆمەك ویارمەتی لەهێزی خوداوە داوا دەکاتو، بەهێزی خوداوە پەیوەستەو هەر ڕووی لەقاپی خودایە. دەستەواژەی هەر خواستی خودایەو هیچ هێزێك نیە تەنها لەخوداوە نەبێت ﴿مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾ دەبینین گیان وگوڕو تینی ئەم دەستەواژەیە لە گشت ئایەتەکانی سوورەتەکەو لە گشت بڕگەکانیشیدا دەگەڕێت، دەبینین ماناکەی لە گشت ئایەتێکدایە، لەئایەتەکانی چیرۆکی (هاوەڵانی ئەشکەوت)و چیرۆکی (خاوەنی هەردوو باخەکە)و چیرۆکی (مووسا لەگەڵ عەبدە پیاو چاکەکە)و چیرۆکی (ذو القرنین)دا بەدی دەکرێت)[1].

پێناسەی مامۆستا سید قطب بۆ سوورەتەکە

مامۆستای پێشەوا (سید قطب) هەڵوێستەیەکی نایابی لەسەرەتای تەفسیرکردنی سوورەتی (کهف)ەوە پیشان داوە، کە تێیدا سوورەتەکەی ناساندووەو ئەوبابەتە بنچینەییەشی دیاری کردووە، کە بابەتە فەرعییەکانی پێکەوە دەبەستێتەوەو، کە لە گشت ئایەتو بڕگەکانیاندا ڕەنگ دەدەنەوە.

---

(١) الصراع الایمان والمادیة من ٠٧٤.

لێرەدا پوختەی ئەو پێناسەیەی مامۆستا (سید قطب) دەخەینەڕوو بەو پێودانگەی ببێتە سەرەتایەکی ڕا خۆشکاری بۆ لێدوانمان لەسەر چیرۆکەکانی ئەم سوورەتە. مامۆستای بەڕێزمان گوتوویەتی:

(چیرۆکەکان ئەو ڕەگەزەن، کە باڵی بەسەر کەشی سوورەتەکەدا کێشاوە بۆ نموونە لەسەرەتاکەیەوە چیرۆکی(هاوەڵانی ئەشکەوت) دێت دوای ئەمە چیرۆکی (کابرای خاوەن دووباخەکە)و پاشان ئاماژەیەك بۆ چیرۆکی (ئادەمو ئیبلیس)و، لەناوەڕاستی سوورەتەکەشدا چیرۆکی (مووسا لەگەڵ عەبدە پیاو چاکەکەدا) دێت، لەکۆتاییشدا چیرۆکی (ذوالقرنین) دێت. ئیدی ئەم چیرۆکانە زۆربەی ئایەتەکانی سوورەتەکە دەگرنەوە. چونکە لەکۆی (١١٠) ئایەت لەحەفتاو یەك ئایەتیاندا هاتووە، زۆربەی ئایەتەکانی تریش تیشك دەخەنە سەر ئەو چیرۆکانە، یاخود لەئاکامو سەرەنجامیان دەکۆڵنەوە.

لەپاڵ چیرۆکەکانیشدا، هەندێك دیمەنی قیامەت باسکراوە، لەگەڵ باسکردنی هەندێك دیمەنی ئەو ژیانەی، کە بیرۆکەیەك، یان مانایەك (لەسەر شێوازی قورئان لە گوزارشت بەوێنە گرتن) وێنا دەکات، بەڵام ئەو تەوەرە بابەتیانەیەی سوورەتەکە، کە بابەتەکانی پێکەوە دەبەستێتەوەو سەرو بەندیشی لەخولگەیدا دەسوڕێتەوە، ئەمانەیە:

١- ڕاستکردنەوەی عەقیدە.

٢- ڕاستکردنەوەی بەرنامەی فیکرو تێڕوانین.

٣- ڕاستکردنەوەی بەهاکان بەم عەقیدەیە"[1]

(١) في ظلال القرآن / سيد قطب (٤: ٢٢٥٦- ٢٢٥٧).

١- ڕاستکردنەوەی عەقیدە:

سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی عەقیدە، سەرەتای سوورەتەکەو کۆتاییەکەشی بڕیاری لەسەر دەدەن. لە سەرەتای سوورەتەکەوە خودای گەورە فەرموویەتی[1]: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَـٰبَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُۥ عِوَجَا ۜ ﴿١﴾ قَيِّمًا لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا ﴿٢﴾ مَّـٰكِثِينَ فِيهِ أَبَدًا ﴿٣﴾ وَيُنذِرَ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ﴿٤﴾ مَّا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِـَٔابَآئِهِمْ ۚ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ ۚ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا ﴿٥﴾ الكهف ﴾. لەکۆتایی سوورەتەکەشدا خودا فەرموویەتی: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ الكهف ﴾.

هەر لە سەروبەندی سوورەتەکەشدا، چەندان جارو لە چەندین شێوەدا ئەم مەسەلەو بابەتی عەقیدەیە دەسنیشانکراوە، بۆ نموونە: لە چیرۆکی (هاوەڵانی ئەشکەوت)دا ئەو لاوانەی باوەڕیان بەخودای پەروەردگاریان هێناوە دەڵێن: ﴿ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا۟ فَقَالُوا۟ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ إِلَـٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴿١٤﴾ الكهف ﴾. فەرمایشتی خوداش لە بەدواداچوونی ئەم وتەیەی لاوەکانو کاروباریاندا هاتووە، کە فەرموویە: ﴿ ...مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِى حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ الكهف ﴾. لە چیرۆکی کابرای خاوەن دوو

---

(١) لەم (بەرایی)یەدا تەفسیری ئایەتەکانم نەهێناوەو واتا کوردییەکەم نەنووسیوە، چونکە بەیارمەتی خودا لە یەکەمین چیرۆکی ئەم بەرگەوە چەند جارێك واتاو تەفسیری ئایەتەکانی دیاری کراون. وەرگێڕ

باخەکەدا، پیاوە باوەڕدارەکەش لەدواندنی کابرادا دەڵێت: ﴿...أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ لَّكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا ﴿٣٨﴾ الكهف﴾. لە بەدواچوونو تیشك خستنەسەر ئەو گفتوگۆیەشدا فەرمایشتی خودا هاتووە، کە فەرموویەتی: ﴿ وَلَمْ تَكُن لَّهُ فِئَةٌ يَنصُرُونَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ﴿٤٣﴾ هُنَالِكَ الْوَلَايَةُ لِلَّهِ الْحَقِّ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا ﴿٤٤﴾ الكهف﴾. لە دیمەنێك لە دیمەنەکانی ڕۆژی قیامەتیشدا خودا فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا شُرَكَائِيَ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ﴿٥٢﴾ الكهف﴾ لە تیشك خستنە سەر دیمەنێکی تریشدا، خودا فەرموویەتی: ﴿ أَفَحَسِبَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن يَتَّخِذُوا عِبَادِي مِن دُونِي أَوْلِيَاءَ إِنَّا أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ نُزُلًا ﴿١٠٢﴾ الكهف﴾.

٢- ڕاستکرنەوەی بەرنامەی فیکرو تێڕوانین:

ڕاستکردنەوەی مەنهەجی فیکرو تێڕوانین بە ڕوونی، لە بە ناشیرین دانانی بانگەشەی موشریکاندا ڕەنگدەداتەوە، کاتێك لەسەر مەسەلەیەك دەدوێن زانیارییان لەبارەیەوە نیەو، هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر وتەکانیان دیاری ناکەن. هەروەها ڕاستکردنەوەی ئەم مەنهەجە لەوەشدا دەردەکەوێت، کە مرۆڤ ئاڕاستە دەکات بۆ ئەوەی حوکم بەپێی زانیاری خۆی بداتو لەوە تێپەڕ نەبێت، هەر مەسەلەیەکیش زانستو زانیاریی لەبارەیەوە نەبوو، با بۆ فەرمانی خودای بگەڕێنێتەوە. بۆیەش لە سەرەتای سوورەتەکەدا خودا فەرموویەتی: ﴿ وَيُنذِرَ الَّذِينَ قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا ﴿٤﴾ مَّا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِآبَائِهِمْ ﴿٥﴾ الكهف﴾

لاوه‌كانیش (واته‌ هاوه‌ڵانی نێو ئه‌شكه‌وت) ده‌ڵێن: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمُنَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗۖ لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم بِسُلۡطَٰنِۢ بَيِّنٖۖ ﴿١٥﴾ الكهف ﴾.

كاتێك ده‌رباره‌ی ماوه‌ی مانه‌وه‌یان له‌ ئه‌شكه‌وته‌كه‌دا له‌ یه‌كتر ده‌پرسن، ئه‌و زانیاری یه‌ ته‌نها بۆ خودا ده‌گێڕنه‌وه‌، وه‌ك ده‌ڵێن: ﴿ ...قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖۚ قَالُواْ رَبُّكُمۡ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثۡتُمۡ ... ﴿١٩﴾ الكهف ﴾ له‌دوو تویی چیرۆكه‌كه‌شه‌وه‌ به‌رپه‌رچی ئه‌وانه‌ ده‌درێته‌وه‌، كه‌ به‌بێ به‌ڵگه‌ ده‌رباره‌ی ژماره‌ی لاوه‌كان ده‌دوێن‌و ده‌ڵێن، كه‌ گوایه‌ ئه‌وه‌نده‌ كه‌سه‌ بوون:-

﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٞ رَّابِعُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ وَيَقُولُونَ خَمۡسَةٞ سَادِسُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ رَجۡمَۢا بِٱلۡغَيۡبِۖ وَيَقُولُونَ سَبۡعَةٞ وَثَامِنُهُمۡ كَلۡبُهُمۡۚ قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا قَلِيلٞۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ إِلَّا مِرَآءٗ ظَٰهِرٗا وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا ﴿٢٢﴾ الكهف ﴾.

له‌ چیرۆكی مووساش له‌گه‌ڵ عه‌بده‌ پیاو چاكه‌كه‌دا، كاتێك ده‌رباره‌ی رازو نهێنی چه‌ند هه‌ڵس‌و كه‌وتێكی پرسیاری لێ‌ده‌كات، كه‌ پێی ناخۆش بوون، فه‌رموویه‌: ﴿ رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ وَمَا فَعَلۡتُهُۥ عَنۡ أَمۡرِيۚ ﴿٨٢﴾ الكهف ﴾ له‌مه‌شدا مه‌سه‌له‌كه‌ بۆ لای خودا ده‌گێڕێته‌وه‌.

ڕاستكردنه‌وه‌ی به‌هاكان به‌پێوه‌ری عه‌قیده‌ له‌چه‌ندین شوێنی هه‌مه‌ جۆری سووره‌ته‌كه‌دا هاتووه‌و، به‌ها ڕاسته‌قینه‌كان بۆ ئیمان وكاری چاك گێڕاوه‌ته‌وه‌، به‌م پێیه‌ به‌ها زه‌مینیه‌ دنیایی یه‌كانیش، كه‌ چاوان سه‌رسام ده‌كات، بچووك ده‌كاته‌وه‌- چونكه‌ هه‌رشتێكی جوان‌و سه‌رسوڕهێن بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی مرۆڤ و تاقیكردنه‌وه‌یه‌تی.. به‌ڵام كۆتایی هه‌موو شته‌ جوان‌و سه‌رنج ڕاكێشه‌كان له‌دنیادا هه‌ر نه‌مان‌و فه‌وتانه‌: ﴿ إِنَّا جَعَلۡنَا مَا عَلَى ٱلۡأَرۡضِ زِينَةٗ لَّهَا لِنَبۡلُوَهُمۡ أَيُّهُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗا ﴿٧﴾ وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيۡهَا صَعِيدٗا جُرُزًا ﴿٨﴾ الكهف ﴾.

پەناگەی پارێزگاریی خوداش فراوانترەو، ئەگەر مرۆڤ لەناچاریدا پەنا بباتە نێو ئەشکەوتێکی رەق و تەق و تەنگە بەر ئەوا زۆرباشترە بۆی.. لاوەکانی هاوەڵانی ئەشکەوتیش کە باوەڕیان هێناوە دوای خۆ دابڕانیان لە گەلەکەیان گوتوویانە:

﴿وَإِذِ ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا ﴿١٦﴾ الكهف﴾.

هەروەها ڕووی گوتار (خطاب)یش ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ کراوە، تاکو بێباکیش بێت لەئاست دیاردە فریودەرو جوانکراوەکانی دنیاو هاونشینی گەورە پیاوان و دەسەڵاتداران، کە لەخودا بێئاگان ﴿وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ... ﴿٢٩﴾ الكهف﴾.

لەچیرۆکی هەردووباخەکەشدا ئەوە پیشان دەدات، کە چۆن مرۆڤی باوەڕدار لە بەرامبەر ماڵ و سامان و پلەوپایەو دنیای ئاڵ و واڵادا شانازی بەباوەڕەکەیەوە دەکات و، بە (حەق)یش ڕووبەڕووی کەسێکی خاوەن سامانی پێ دەبێتەوە، کە تەواو لەخۆی گۆڕاوەو فووی کردۆتە خۆی و، ئەمیش (واتە باوەڕدارەکە) بەتوندی گلەیی لێ دەکات لەسەر ئەوەی، کەوا خودای لەبیرچۆتەوەو بەسامان و شتومەکی دنیاوە دەنازێت، وەك خودا فەرموویە: ﴿قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴿٣٨﴾ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا

حُسۡبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصۡبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا ﴿٤٠﴾ أَوۡ يُصۡبِحَ مَآؤُهَا غَوۡرًا فَلَن تَسۡتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبًا ﴿٤١﴾ الكهف ﴾.

لەدوای ئەم چیرۆکەشەوە نموونەیەك لەسەر (ژیانی دنیاو خێرایی لەنێو چوونی دوای گەشەکردنی) دەهێنێتەوەو، دەفەرموێت ﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴿٤٥﴾ الكهف ﴾، ئینجا وایشی لێك دەداتەوەکە بەهاو بیروباوەڕە پووچەڵو لەناوچووەکان لەبەهاوبیرو باوەڕە جوانو پیرۆزو بەردەوامەکان جیادەکاتەوە: ﴿ ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ أَمَلٗا ﴿٤٦﴾ الكهف ﴾.

(ذو القرنين)یش لە بەسەر هاتەکەیدا بەو ڕەنگە باس ناکرێت، کە پادشایەك بووە، بەڵکو لە بەرکارە چاکەکانی باس دەکرێت. بۆنموونە، کاتێك ئەو گەلەی کەوا دانیشتوانی ناوچەی نێوان دووچیاکە بوون، داوای لێ دەکەن بەنداوێکی وایان بۆ دروست کات، کەبیان پارێزێت لە (یەئجووجو مەئجووج) و، ئەمانیش لەهەمبەر کارەکەیدا سامانێکی پێ بدەن، بەڵام ئەو یەکسەر ئەو سامانەیان ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەوهێزو توانایەی، کە خودا لەدروستکردنی ئەو بەربەستو هۆیە پارێزگارییانەدا پێی داوە، لە ماڵو سامانی ئەوان باشترە بۆی، وەك خوداش فەرموویەتی: ﴿ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيۡرٞ ﴿٩٥﴾ الكهف ﴾، کاتێك بەنداوەکەش تەواو دەکات، هۆکارو فەزڵی ئەم کارە هەر بۆخودا دەگێڕێتەوە، نەك بۆهێزە مرۆییەکەی خۆی: ﴿ قَالَ هَٰذَا رَحۡمَةٞ مِّن رَّبِّيۖ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ﴿٩٨﴾ الكهف ﴾.

لەکۆتایی سوورەتەکەشەدا خودا بڕیار لەسەر ئەو ڕێسایە دەدات، کە ئەوانەی لە کارو کردەوەکانیاندا دۆڕاوترینو زەرەرمەندترین کەسن ئەوانـەن، کـە باوەڕیـان بـە (بەڵگەو نیشانە ڕۆشنەکانی خودا)و بە (گەڕاندنەوە بۆ لای خودا) نـەهێناوە، ئـەم جۆرە کەسانە هیچ سەنگو بەهاو قورساییەکیان نیە سـەرەڕایی ئـەوەش وابـزانن کارو کرداری باشیان نوانـدووە: ﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا ﴿١٠٣﴾ الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴿١٠٤﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا ﴿١٠٥﴾ الكهف﴾.

بـەم ڕەنگـەش دەبیـنین تـەوەرەی سـوورەتەکە: (ڕاسـتکردنەوەی بیروبـاوەڕ)و (ڕاستکردنەوەی بەرنامەی فیکرو تێڕوانین)و (ڕاستکردنەوەی بەهاکان بەتـەرازووی عەقیدە)[1]یە جا ئیدی ئەمە سووڕەتی (کهف)ەو، ئەمە بابەتەکەیـەتیو، ئەمـەش تایبەتمەندێتی یەکەیو، ئەوەش دەزووە وردەکەیو، ئەوەش کلیلو، ئەوەش گیـانو کرۆکیـەتی.. پاشـەکەوتبوونی ئەمانـەش لەهـەر چـوار چیرۆکەکەیدا (هـاوەڵانی ئەشکەوت، خاوەنی هەردوو باخەکە، مووسـا لەگـەڵ (خـضر و ذو القـرنين) بـەدی دەکەین.. دەفەرموون ئەوە چیرۆکەکان با هەڵوێستە لـە ئاسـتیاندا بکـەینو چـەند ساتێك لەسایەیدا بژینو، هەندێك لە پەندو وانەکانی وەربگرین.

---

(١) سید قطب ـ في ظلال القران (٤: ٢٢٥٧-٢٢٥٩).

چیرۆکی یەکەم

چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە

چیرۆکەکە لە قورئاندا بەم جۆرە هاتووە، کە خودا لەبارەیەوە فەرموویەتی:

﴿ أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾ إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ﴿١١﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا ﴿١٢﴾ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا۟ فَقَالُوا۟ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَا۟ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴿١٤﴾ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمُنَا ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿١٥﴾ وَإِذِ ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا ﴿١٦﴾ ۞ وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمْ فِى فَجْوَةٍ مِّنْهُ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ۗ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا ﴿١٧﴾ وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ ۚ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِ ۖ وَكَلْبُهُم بَٰسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِٱلْوَصِيدِ ۚ لَوِ ٱطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ

مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا ﴿١٨﴾ وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَٰهُمْ لِيَتَسَآءَلُوا۟ بَيْنَهُمْ ۚ
قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ ۖ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۚ قَالُوا۟ رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا
لَبِثْتُمْ فَٱبْعَثُوٓا۟ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَآ أَزْكَىٰ طَعَامًا
فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾ إِنَّهُمْ إِن
يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِى مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوٓا۟ إِذًا أَبَدًا ﴿٢٠﴾
وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَآ إِذْ
يَتَنَٰزَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ ۖ فَقَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ عَلَيْهِم بُنْيَٰنًا ۖ رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ
غَلَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ﴿٢١﴾ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ
وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًۢا بِٱلْغَيْبِ ۖ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ
كَلْبُهُمْ ۚ قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ ۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمْ إِلَّا مِرَآءً ظَٰهِرًا وَلَا
تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا ﴿٢٢﴾ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَا۟ىْءٍ إِنِّى فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾
إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰٓ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّى لِأَقْرَبَ مِنْ
هَٰذَا رَشَدًا ﴿٢٤﴾ وَلَبِثُوا۟ فِى كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِينَ وَٱزْدَادُوا۟ تِسْعًا ﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُ
أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟ ۖ لَهُۥ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ أَبْصِرْ بِهِۦ وَأَسْمِعْ ۚ مَا لَهُم مِّن
دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِى حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ الكهف ﴾.

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ.. ئایا واتێ دەگەیت کە هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەو، ئەو تابلۆ بەردینەی[1]، کە بەسەرهاتی ئەوانی لەسەر نووسراوەتەوەو خراوەتە

---

(١) تابلۆ بەردینە کە (الرقیم) کە لێرەدا بۆ مانای وشەکە (الرقیم)هێناومە، لە هەمان کاتدا زانایانی تەفسیر لەسەر وشەی (الرقیم) گوتوویانە (ئەو دۆڵەیەکە ئەشکەوتەکەی تیایدا بووە) گوتراویشە ئەو

بەردەرگای ئەشکەوتەکە، بەڵگەیەکی جێی سەرسوڕمان بێتو کە لە شتە گرنگو سەرسوڕهێنەکانی تری نێو ئاسمانەکانو زەویدا هەیە،کە خودا ئەو هەموو مەخلووقات وشتە جۆربەجۆرانەی نێوان ئاسمانەکانو زەویشی تیادا دروست کردووە، بەتواناشە لەوەدا، کە چەند کەسێك لەخەڵکی بۆماوەی پتر لەسێ سەد ساڵ لەشوێنێك داپارێزێت. ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بۆ ئەوکەسانە باس بکە، کە پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی چەند لاوێك کاتێك چوونەتە نێو ئەشکەوتێکەوەو پەنایان بۆ بردووەو لەدەست پادشایەکی ستەمکارو بێ باوەڕ هەڵاتوون وگوتوویانە: (خودایە، ئەی پەروەردگاری ئێمە لەلایەن خۆتەوە سۆزو رەحمەتێکمان پێ ببەخشە، کە ویستەمەنیەکانی لێخۆشبوونو ئاسودەییو رزقو رۆزیی تێدا بێت، هەرلە لایەن خۆشتەوە ڕێنمایی یەکی وەهامان بۆ دابین و ئاسان بکەیت کە ڕەزامەندیی تۆی تێدا بەدی بکەینو لەدەست بێ باوەڕبوون دەربازبین) دوای ئەم نزایەیان ئێمەش پەردەیەکی وەهامان بەسەر گوێیانداداو خەومان لێ خستن وماوەی خەولێخستنیان لەو ئەشکەوتەدا چەندین ساڵی دیاری کراوو بڕێردراوبووە. دوای ئەو ساڵانەش لەخەو هەڵمان ساندوون و بەخەبەرمان هێناونەتەوە تاکو زانیاریی لەپێشترمان پەیوەست بێت بەڕاستی وتەی یەکێك لەو دووتاقمەی، کە وتەکەی لەوی دی ڕاسترە لەسەر ژماردنی ماوەی مانەوەی لاوەکان لە ئەشکەوتەکەدا.. ئەی پێغەمبەر ﷺ ئێمە هەواڵو بەسەرهاتی ئەو لاوانەت بەو ڕاستیو یەقینەوە بۆ دەگێڕینەوە، کە هیچ گومانێکی تێدا نیە.. بەڕاستی ئەوان چەند گەنجێك بوون، کە باوەڕیان بەخودای پەروەردگاریان هێنابووو ئێمەش ڕێنماییو بەرچاو روونیەکی

تابلۆیەیە کە هەندێك کەس لە میللەتی ئەو سەردەمە ناوی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەو بەسەرهاتو چیرۆکیانی لەسەر نووسیوەتەوە گوتراویشە (رقیم) لەسەر کێشی (فعیل) لە وشەی ژمارە(رقم)ەوە هاتووە، کە ریشەی (مرقوم)ە، وەك (جریح و مجروح)، هەروەها گوتراویشە (رقیم) شوێنی نزیك (تیلە)یە لە خوارووی (فەلەستین).

زێدەترمان پێ بەخشیبوون تا بەهۆیەوە بتوانن ئارام لەسەر بەجێهێشتنی خاکی گەلەکەیان بگرن‌و بە ئاینەکەیانەوە هەڵبێن. هەروەها سروشتی خۆڕاگری‌و دانبەخۆداگرتنمان پێ گەیاندبوون ودڵیانمان بەجورئەت‌و بوێری لەسەر دیاریکردنی حەق قایمکردبوو، کە توانیان بەهۆیەوە مانەوەو ژیانی نێو ئەشکەوت هەڵبژێرن، ئەوانیش لەو حاڵەتە دڵ قایمی وباوەڕداریتییە بەهێزەیاندا گوتیان (پەروەردگاری ئێمە پەروەردگاری ئاسمانەکان‌و زەوی یەو جگە لەخودا هیچ پەرستراوێکی دی داوا ناکەین‌و نایکەینە خودای خۆمان، گەر وانەبین ئەوە بێگومان وتەیەکی هێجگار ناڕاست‌و پڕ لە درۆو دەلەسەمان درکاندووەو تەنەنەت لەسنووری ئەوپەڕی درۆشدایە) جاکاتێك ئەم لاوانە لەشار دەردەچن، دەڵێن : (ئا ئەوە گەلە بێ باوەڕەکەمانە کەلەجیاتی خودا چەند بتێك دەپەرستن‌و کردوویانن بە پەرستراوانی خۆیان، ئەی بۆچی بەڵگەیان لەسەر شیاوی پەرستنیان نیەو بۆچی بەڵگەی راست‌و دروستیان وبیانوو پاکانەی رۆشن‌و بێ پێچ‌و پەنایان لەسەر رەفتارەکەیان نیە ئیدی کێ ستەمکارترە لەوکەسەی، کە درۆودەلەسەی خستۆتە پاڵ خودا بەهۆی ئەوەی هاوەڵی بۆ دادەنێت) (جا مادام ئێوە خۆتان لەم گەلە بێ باوەڕەو لەپەرستراوەکانیان دادەبڕن‌و مل بەهەڕەشەی پادشای ستەمکار نادەن‌و تەنها خودا دەپەرستن، ئەوا پەنا بەرنە بەر ئەشکەوتی چیایەك، کە ناوی (ئەنجلۆس) بووە، تاکو خودا سۆزو بەزەیی بەرفراوانی خۆی بۆ سازو دابین بکات).

جاکاتێك ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ، یاخود هەرکەسێکی دی بیدیایە ئەو لاوانە چۆن خەوتوون دەیزانی، کە چۆن لەئامێزێکی تۆکمەی پارێزگاریی خودادان‌و، ئەگەر خۆر لەخۆرهەڵاتەوە دەرکەوتایە ئەوا بەلای ڕاستی ئەشکەوتەکەدا لاردەبۆوە تاکو خۆر لێیان نەدات، لەکاتی خۆرئاواش خۆرەکە بەلای چەپی ئەشکەوتەکەدا لای دەداو تێدەپەڕی تاکو بەریان نەکەوێت چونکە دەرگای ئەشکەوتەکە لەڕووی باکوورەوە بووەو، بەم رەنگەش تیشکی خۆرەکە دەکەوتە سەر هەردوو لای

ئەشکەوتەکەو بەریان نەدەکەوتو، ئازاری بەجەستەیان نەدەگەیاند، ئەوانیش لەهۆڵێکی فراوانی ناوەوەی بوون.. ئەم پارێزگارییەش بۆ ئەوان، لە بەڵگە دیارەکانی تواناو قوودرەتی خودایە، هەرکەسێکیش خودا ڕێنمایی ئیمانی پێ بدات (وەك هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە، کە بەهۆی خواستی خۆیان لەئیمانداریتیو ڕەتکردنەوەی زوڵم وکفر) خودا ڕێنمایی پێ گەیاندن، هەرکەسێك ئاوابێت، ئەوا خوداش ڕێی ڕاستی پیشاندەداتو جێگیرو دامەزراوی دەکات. خۆ هەرکەسێکیش بەهۆی سەرکێشیو بەدکاریی خۆیەوە خودا گومرای بکات، ئەوا سەرخەرو ڕێ پیشاندەرێکی نابێت.

تۆ کاتێك لاوە خەوتووەکانت دەبینی، واتدەزانی بێدارو بەخەبەرن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی چاوەکانیان کرابوونەوەو بەزۆریش هەڵدەگێڕرانەوە، ئەوە بوو ئێمە لەکاتی ئەو خەوتنەیاندا بەملاولایاندا هەڵماندەگێڕانەوەو دەمانخستنە سەر لای ڕاستو سەر لای چەپیان. (ابن عباس) گوتوویە: (ئەگەر ئەوان بەملاولادا نەخرانایەو ڕاستو چەپیان پێ نەکرایە، ئەوا زەوی لاشەیانی دەخوارد)[1].

سەگەکەشیان هەردوو قوڵی لەسەر زەویی حەوشەی ئەشکەوتەکە درێژکردبوو، وەك ئەوان خۆی هەڵدەگێڕایەوەو باری لاشەی خۆی دەگۆڕییو وەهەردووچاویشی کراوە بوون. خۆ ئەگەر تۆ بۆیانت بڕوانیایە، ئەوا لەترسان ڕاتدەکردو لەودیمەنەیان زۆر دەترسایتو ترسو بیمێکی زۆر دڵیدادەگرتیت، چونکە خودا سامو هەیبەتێکی وەهای پێ بەخشیبوون، تاکو هیچ کەسێك نەتوانێت بەلایان دابچێت. خوداش وەها پاراستنی، کە هیچ کەسێك غیرەتی لێ نزیك بوونەوەیانی نەبوو. پاشان دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر خەواندنمان، لەو خەوە هەڵمان ساندنەوەو ئەوانیش تەماشای یەکتریان دەکردو دەربارەی حاڵی خۆیانو ماوەی مانەوەی نێو ئەشکەوتەکەیان پرسیاریان لەیەکتر دەکرد، ئەوە بوو یەکێك لەخۆیان گوتی: (ئەرێ ئێوە چەندێك

(١) بڕوانە (مختصر تفسير الطبري) لابي يحيى بن صمادح التجيبي. (وەرگێر)

لەم ئەشکەوتەدا خەوتوون)؟! هەندێکیان گوتیان : (ڕۆژێك یان هەندێك لەڕۆژێك تێیداماوینەتەوە) هەندێکی تریشیان گوتیان (خودای پەروەردگارتان خۆی دەزانێت چەندە ماونەتەوە. ئێستاش برسیمان بووەو یەکێکتان بنێرن با بەم دەرهەمانەی، کە پێمانە بچێت بۆبازارو پاکترین خۆراکمان بۆ بکڕێتو کە چوو بۆ ناو خەڵکەکەش با بەهێمنیو نەرمونیانی سەودا لەگەڵیاندا بکاتو بەهێمنی بەڕێگادا بڕوات تاکو هیچ کەسێك هەستی پێ نەکات، کە کێیەو لەکوێوە هاتووە!!

چونکە ئەگەر کافران شوێنەکەتان پێ بزانن‌و بیدۆزنەوە زەفەرتان پێ دەبەن‌و بەردبارانتان دەکەن‌و دەتانکوژن، یان ناچارتان دەکەنەوە بۆ ئەوەی پەیڕەویی دینە نابەجێکەی خۆیان بکەن‌و گەر واش بکەن ئەوا هەرگیز بەسەرفرازیو ڕەزامەندیی خودا ناگەن‌و هەرگیز بەهەشتی خوداو ژیانی هەمیشەیی نێو بەهەشتتان دەسگیر نابێت). ئێمە بەم ڕەنگە (وەك چۆن بەخەبەرمان هێنان) کۆمەڵەکەی ترمان لە خەڵکی لەوە ئاگادارکردەوە کەوا ئەوانەی گومانیان لەسەر زیندووکردنەوەی مردووان هەیە بابزانن، کە بەڵێنی خودا ڕاست وهەقەو هەر بەدی دێت وهەر زیندوو دەکرێنەوەو قیامەتیش کاتی خۆی دێت وگومانی تێدا نیە، جا ئەو کەسانەی لەشارەکەدا بوون ناکۆکیو مشتومڕی بیروڕایان لەنێواندا پەیدا ببوو، هەندێکیان گومانی تێدا هەبووو بەدووری دەگرت، هەندێکی تریشیان وای بۆ دەچوون گوایە تەنها ڕۆحەکان زیندوو دەکرێنەوەو لاشەکان لەخاکدا دەڕزێن.. هەندێکیان دەربارەی لاوەکان، کە لەدواییدا لە ئەشکەوتەکەدا مردن) گوتیان: (ساختمانێك لەسەرگۆڕەکانیان دروست بکەن، خودا خۆی زانایە لەکاروباریاندا، هەندێکی تریشیان، کە حاکمان بوون‌و دەسەڵاتیان لەکاروباری لاوەکان‌و ناوچەکەدا هەبوو گوتیان: (بڕیار دەدەین، کە مزگەوتێك لەسەر گۆڕەکانیان دروست بکەین تاکو بەندایەتی بۆ خودا تێدا بکرێت.

جائەی پێغەمبەر ﷺ لە سەردەمی تۆشدا کەسانێك هەنو دەربارەی ژمارەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە پرسیاری هەمە جۆر دەکەنو لەخۆیانەوە ژمارەیان بۆ دادەنێن هەندێکیان دەڵێن (لاوەکان پێنج کەس بوون شەشەمیان سەگەکەیان بووە) ئەم وتانەشیان هەر لەگومان بردنەوەیە ولەخۆیانەوە باس لە نادیار دەکەن. هەندێکی تریشیان دەڵێن:حەوت کەس بوونو هەشتەمیان سەگەکەیان بووە. جاتۆش ئەی پێغەمبەر ﷺ مشتومڕ لەگەڵیاندا لەسەر مەسەلەو کاروباری لاوەکان مەکە تەنها بەوەندە نەبێت، کە بۆمان گێڕایتەوە، هەروەها پرسیار لەم بارەیەوە لە هیچ کەسێ: لەوانە مەکە، کە دەربارەی ژمارەیان مشتومڕ دەکەن. ئەی پێغەمبەر ﷺ فەرمانیشت پێ دەکەین، کە دەربارەی هیچ کارێك، کە سبەینێ دەیکەیت مەڵێ (سبەینێ ئەو کارە دەکەم) بەڵکو ئەو ڕستەیەت بلکێنە بە (ان شاء الله)وەو بڵێ (ئەگەرخوا خواستو ئیرادەی لەسەربوو سبەینێ ئەو کارەتان بۆ دەکەم) هەرکاتێکیش لەبیرت چوو، کە بڵێیت (ان شاء الله)و پاشان لەدواییدا بیرت کەوتەوە ئەوا بیڵێرەوەو بڵێ ﴿وَقُلْ عَسَىٰٓ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّى لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا ﴿٢٤﴾ الكهف﴾، واتە (بڵێ تکاکارم خودا ڕێنماییم بکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێویستییەو بۆ پێکانی ئەو ڕاستییەی، کە بەڵێنم پێدابوون لەسەر گەیاندنیی بە ئێوەو پێم ڕاگەیاندن کە (انشاءالله – بەخواستی خودا) ئەو کارە دەکەم.

لاوەکان ماوەی سێ سەدو نۆ ساڵ بەزیندوویی‌و بەخەوتوویی لە ئەشکەوتەکەیاندا مانەوە (هەندێك لە زانایان گوتوویانە، کە سێ سەد ساڵی هەتاوی (شمس) بەرامبەر بە سێ سەدو نۆ ساڵی مانگی (قمری) ماونەتەوە. تۆش ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ (خودا خۆی دەزانێت ماوەی چەندە ماونەتەوەو زاناترە لەوکەسانەی، کە ڕێی جۆراو جۆریان لەسەر ماوەی مانەوەیان دەربڕیوەو، خوداش پێشتر ئەو ماوەیەی دیاری کردووە، چونکە پەیوەستە بەخۆیەوەو دەزانێت لە بارودۆخی خەڵکی ئاسمانەکانو زەویدا چی دیارەو چی نادیارە ئای بەڕاستی خودا

چەند بیناو بیسەرە، هیچ شتێك لە چوارچێوەی بینایی‌و بیستنی خوادا دەرناچێت. خەڵکیی سەر زەویش‌و مەخلوقاتی ئاسمانەکانیش هیچ خاوەن‌و سەرپەرشتیارێکیان جگە لە خودا نیەو هیچ کەسێکیش بەشداریی حوکم‌و بڕیارەکانی خودا نیە).

تا ئێرە تەفسیرێکی ئایەتەکانی (٩-٢٦) بوو، کە ئەم چیرۆکە دەگێڕنەوە.

کورتـــەی چیــرۆکەکــە لە ڕێی گێڕانەوەی قورئانــەوە

ئێمــە لــەڕێی گێڕانــەوە قورئانیەکــەوە لــە چــیرۆکی هــاوەڵانی ئەشــکەوت دەکۆڵینەوەو، بەهیچ شێوەیەك ڕوو ناکەینە دەقە ئیسرائیلییەکان چ لــە ڕیوایــەت‌و وتــەو بەسەرهاتەکانیــشیان بێــت، کــە چــەند مێــژوونووس‌و راڤــەکارێکیش هێناویانەتەوە.. چونکە ئەمە ئەو مەنهەجە دروستەیە لە مامەڵە لەگـەڵ چـیرۆکی پێشینەکاندا، وەك چۆن قورئان خستویەتیە بەرچاومان‌و کە خۆشمان ئاوا پێی قایـل بووین.

هاوەڵانی ئەشکەوتەکە کۆمەڵە لاوێکی باوەڕهێن بـەخودا بـوون ئـەم کۆمەڵـە لاوەش ژمارەیان (وەك لەقورئاندا ئاماژەی پێ کراوە) حەوت کـەس بـووە.. دیـارە هیچ زانیارییەکیشمان لەسەر ناوەکانیان‌و کارەکانیان‌و ئەوشارەی تێیدا بوون‌و، ئەو پادشایەی لەسەردەمیدا ژیاون‌و، ئەو ئاینەی پەیڕەوییان کردووەو، ئەوئەشـکەوتەی پەنایان بۆ بردووە، نیە. ئـەم لاوە باوەڕدارانــە هەڵوێــستەیەکیان بــۆ لێکۆڵینــەوەو تێڕوانین تەرخان کردووەو، ئەنجامێکی بنەبڕ (قاطع)یان لێوە دەرهاویشتووە، ئەوەیە کە بێگومان خودا هەر تەنها خۆی پەروەردگاری جیهانییانەو، ئەوانیش تەنها باوەڕ بەخودا دەهێنن‌و جگە لەخودا هیچ شتێکی تر ناپەرستن.

بێگومــان زانیویــشیانە کــە گەلەکــەیان بێبــاوەڕن، چــونکە غــەیری خودایــان پەرستووە ئــەم کفــرو بێبــاوەڕی یەشــیان ســتەم‌و درۆو هۆنینــەوەی بوختــانی بــۆ بەدیهێناون، جا کێ ســتەمکارترە لــەو کەســەی، کــە درۆودەلەســە لەســەر خــودا

دەهۆنێتەوە؟ هەڵوێستی ئەم لاوە باوەڕدارانەش بیرکردنەوە بوو لەڕێگە چارەیەك بۆ ئەو قۆناغە، ڕێگە چارەکەشیان لە خۆدابڕاندا بینیەوە بۆیە بڕیاریاندا، خۆیان لە گەلەکەیان دابڕن، چونکە خۆیان باوەڕدارنو گەلەکەشیان کافرن، لەبەر ئەوە هیچ بوارێك بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵیاندا نەماوە ئەوە بوو لەشارەوە بەرەو چیاکان دەرچوونو بڕیاریاندا پەنا بەرنەبەر ئەشکەوتێك لە چیایەك دا...

داواشیان لە خودا کرد، کە رەحمی بەرفراوانی خۆی لە ئەشکەوتەکەدا پێبگەیەنێت. خوداش بەدەم داواکەیانەوە هاتو نزای گیرا کردنو رەحمەتی خۆی لە ئەشکەوتەکەدا بۆ ناردن، ئەوەبوو خودا کارەکەی بۆ ئاسان کردن وهەموو بەڵگەو نیشانەیەکیشی بۆ بەیدەست کردنو فەرمانی بە خۆرکرد، کە بەرجەستەیان نەکەوێت، تاکو ئازاریان نەدات. ئەوەبوو لەکاتی بەیانیاندا خۆر لەسەر جەستەیانەوە بەلاڕیی رەت دەبوو بەڵام نەدەکەوتە سەریان لەکاتی ئێوارانیش دا بەم رەنگە بەلاریی بەسەریاندا رەت دەبووو لێی نەدەدان. ئەوانیش لەبۆشایی یەکی ناوەڕاستی ئەشکەوتەدا بوون یەکێك لە بەڵگە رۆشنەکانی خودا لەسەریان لەو ئەشکەوتەدا ئەوەبوو چاوەکانیان کرابوونەوە، بۆیە هەرکەسێ: سەیری بکردنایە وای دەزانی بێدارو بەخەبەرنو سەیری دەکەن کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خەوتووو پاڵکەوتوو بوون. جا بۆ ئەوەی زەویش لەشو لاریان نەخوات، خودا جارێك لەسەر لای ڕاست دایدەنانو، جارێکی تریش بەلای چەپیان دا هەڵیدەگێڕانەوە.

ئەوان سەگێکی خۆیشیان لەگەڵ دابوو کە لەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکە دانیشتبووو هەر دووقۆڵی بڵاوکردبۆوەو، وەك شێوە نووستنی ئەوان نوستبوو، جا بۆ ئەوەی لەکاتی پاڵکەوتنو نووستنیاندا هیچ کەسێك دەستدرێژییان نەکاتە سەر، خودا ترسو بیمی خستبووە دڵی هەرکەسێکەوە، کە بۆیان دەڕوانیو ترسەکەش بەشێوەیەك بوو، کە ئەو کەسەی بۆی بڕوانینایە خێرا ڕووی وەردەگێراو هەڵدەهاتو ترسێکی زۆری لێ دەنیشت.

ئەو لاوانە لە نووستنێکی درێژخایەندا بوونو سێسەدو نۆ ساڵ لەو حاڵەدا مانەوە.

دوای ئەوماوەیەش خودا لە خەوەکەیان بێداری کردنەوەو، ئەوانیش پرسیاریان لەنێوخۆیاندا لە یەکتر دەکرد لەسەر ماوەی نووستنەکەیانو لە مەزەندەکردنیدا بیرورای جیاوازیان هەبوو، هەندێکیان دەیانگوت کە: (ماوەی ڕۆژێك، یان هەندێکی ماوە ڕۆژ خەوتوون)، بەڵام زۆر لەوەیان نەکۆڵییەوە، چونکە زانیارییان لەبارەیەوە نەبوو، بۆیە زانیارییەکەیان بۆ خودا گەڕاندەوەو گوتیان (خودای پەروەردگارتان زانایە لەوەی چەند ماونەتەوە)، بەڵکو بایەخیان بەکاری گرنگتر داو، یەکێ: لەخۆیان بەوە ڕاسپارد، بچێت بۆ شارەکەو ئەو پارەیەی پێیان بوو پێیانداو داوایان لێکرد خۆراکێکیان بۆ بکڕێ تابیخۆن، داواشیان لێکرد خواردەمەنیەکی خۆشو حەڵاڵو ڕێ پێدراویان بۆ بکڕێت. هەروەها ئامۆژگارییان کرد، زۆر وریاو چاپووكو ئاگادار بێت نەبادا کەسێك لەکاری بەئاگا بێتو، با کەسیش هەستی پێ نەکات، چونکە ئەوان لەگەلەکەیان دەترسانو، ئەگەر بە مەسەلەیەکەیان بزانیایەو شوێنەکەیان بۆ دەرکەوتایە ئەوا دەیانکوشتن، یان تووشی بەڵایان دەکردنو وایان لێدەکردن لە ئاینەکەیان هەڵگەڕێنەوەو بیانگێڕنەوە بۆ سەرشیرکو هاوەڵ بۆ خوا دانان.

ئەو کەسە ڕاسپێردراوەش چووە نێو شارەو تاکو خواردەمەنییان بۆ بکڕێتو، سووریش بوو لەسەر ئاگاداربوونو وریاییو خۆ حەشاردان، بەڵام خودا خواستی لەسەرکارێکی تر هەبووە، خواستی خودا وابوو ئەمان بکات بە بەڵگەو نیشانەیەك بۆ تواناو قودرەتی خۆی لەسەر زیندووکردنەوە. ئەوەبوو ڕاستی مەسەلەی ئەم لاوانەی دەرخستو بەگەلەکەیان ئاشنای کردنەوەو، بەڵام گەلی ئەو سەردەمە (واتە دوای تێپەڕبوونی ئەو سێسەد ساڵە) گەلێکی باوەڕداربوونو باوەڕیان بەخودا هێنا بوو، چونکە ئەو نەوە کافرو بێئیمانەی ئەوسا نەمابوون، کە لاوەکان لەدەستیان

هـــەڵاتبوونو چـــووبوونە نێـــو ئەشـــکەوتەکە، بـــەڵکو دوای بەخەبەرهاتنـــەوەیان (نەوەیەکی ئیماندارو باوەڕهێن بەخودا) هاتبوونە کایـەوە جـا کاتێـك دانیـشتوانە ئیماندارەکانی ئەو شارە پیاوە ئیماندارەکە دەبینن دوای دەکەون تا ئەشـکەوتەکەو کاتێك دەگەنە ئەشکەوتەکە هەرحەوت لاوە ئیماندارەکە دەبینن، کەوا (مـردوون). ئەم جارەیان بەشێوەیەکی ئاساییو راستەقینە مردوون.

ئینجا دەربارەی ڕێوشـوێنی بـەخاك سـپاردنیان بـیروڕای جیـاوازو ناکۆکیـان لەنێواندا دروست دەبێت، پێویستە چییان لـێ بکەن؟!

لەوبارەیەوە هەندێکیان دەڵێن: (ساختمانێکیان لەسـەر دروسـت بکـەن، خـودا خـۆی زانایـە لـە کاروباریـان، بـەڵام حـاکمو کاربەدەسـتەکانیان بڕیاریانـدا، مزگەوتێکیان لەسەر دروست بکەن. ئەم بڕیارەش ئەنجامدراو مزگەوتەکە لەسەریان لەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکە دروستکرا. بەم ڕەنگەش لاپەڕەیەك لـە لاپـەڕەکانی بـاوەڕداریتیو دڵـسۆزیو نەویـستن لـە دنیـاداو پەنابردنـە بـەرخودا پێـچرایەوەو، بەسەرهاتی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە بـۆ هەمیـشە مایـەوەو هـەموو خـەڵکیو شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانیەکان بەردەوام بەیـەکتری دەگەیـەننو، بـاوەڕدارانیش لێی ڕادەمێننو هەڵوێستەی لەبەردەمدا دەکـەن، تـاکو چـەند وانەیـەکی لـەبارەی باوەڕو دڵسۆزیو جێگیربوون لەسەر ڕێی ڕاستەوە لـێ وەرگرن.

هـۆی هاتنـه خوارەوەی ئایەتەکـــان

(ابن هشام) لە ژیاننامە (سیرە)دا ئەوەی گێڕاوەتەوە کاتێـك جـەنگی فیکریـی نێوان پێغەمبەری خودا ﷺو (قورەیش) لە (مەککـە)دا تونـدو دژوارتـر بـووەوە، قورەیشییەکان داوای کۆمەکیان لە جوولەکەکانی نێو(مەدینە)کرد، ئەوەبوو (نضری کوڕی حارث)و (عقبەی کوڕیو معیط) یان بۆ لای زانایانی جوولەکـە نـارد تـاکو پرسیاریان دەربارەی پێغەمبەر ﷺ لێ بکەن. ئـەوانیش هاتنـە لای جوولەکـەکانو پێیان گوتن: (ئێوە خاوەنی تەورات)نو هـاتووین هـەواڵمان دەربـارەی هاوڕێکـەی خۆمان (واتە محمد ﷺ) پێ بدەن).. زانایـانی جوولەکـەش پێیـان گـوتن: (لەسـێ رووەوە پرسیارلەو هاوڕێیەتان بکەن، ئێمەش سێ فەرمانتان پێ دەدەین، جا ئەگەر دەربارەی ئەوسێ فەرمانە، وەڵامو هەواڵی پێدان ئەوە دیارە پێغەمبـەرێکی رەوانـە کراوە، خۆ ئەگەر هەواڵی پێ نەبوو، ئـەوە پیـاوێکی قـسە هەڵبەسـتەو لەخۆیـەوە دەدوێت. جا ئێوەش بزانن بیروڕای خۆتان چۆنە:

١- دەربارەی چەند لاوێك پرسیاری لێ بکەن، کە لەیەکـەم سـەردەمدا رۆشـتوونو داخـۆ مەسـەلەکەیان بەچـی گەیـشتووە، چـونکە بەڕاسـتی دەنگوباسـێکی سەرسوڕهێن لەمەڕ ئەو چەند لاوەوە هەیە!!

٢- دەربارەی پیاوێکی گەڕیدە پرسیاری لێ بکـەن کـە لەگـەڕانو هاتوچـۆی نێـو دنیادا سەرانـسەری خۆرهـەڵاتی زەویو سەرانـسەری خۆرئـاوای بڕیـوەو داخـۆ هەواڵی چیە!!

"دەربارەی گیـان (رۆح)یش پرسیاری لێ بکەن"

ئەوانیش (واتە ئەو دوو نێـردراوە) هاتنـەوە بـۆ لای قـورەیش وگوتیـان (ئـەی کۆمەڵی قورەیش ئێمە هەواڵی یەکلاکەرەوەی کێشەی نێوان ئێوەو (محمد)مـان بـۆ هێناونەتەوە، کە زانایانی جوولەکە تێی گەیاندووینو فەرمانیان پێکردین پرسـیار

لە محمد ﷺ لەسەر چەند شتێك بکەین ئەوانیش هاتنە لای پێغەمبەری خوداو ﷺ گوتیان: (ئەی محمد ﷺ هەواڵمان پێ بدە لەسەر چەند لاوێك، کە لەسەردەمی یەکەمدا ژیاونو رووداوێکی سەیرو سەرسوڕهێنیان هەیە، هەواڵیشمان لەسەر پیاوێکی گەڕیدە پێ بدە،کە سەرانسەری خۆرهەڵات وخۆرئاوای زەویی گەڕاوە، ئینجا هەواڵمان لەسەر رۆح پێ بدە ئاخۆ چی بێت!!)

پێغەمبەری خوداش ﷺ لەوەڵامیان فەرمووی: (سبەینێ هەواڵی ئەو مەسەلانەتان پێ دەدەم کە پرسیاریان لەبارەوە دەکەن : بەڵام پێغەمبەر ﷺ لەو وەڵامەیدا ئەگەرێکی وای جیانەکردەوە، کە بڵێت (ان شاءالله) (ئەگەر خودا بیکات)، واتە (ان شاءالله)ی لەگەڵ وەڵامەکەیدا نەگوت. کاتێ: سبەینێ داهات (جبریل) وەڵامی بۆ نەهێناو، ئیدی پازدە شەو بەبێ سرووش (وحی) مایەوە خەڵکی (مەککە)ش دەنگوباسی خراپیان بڵاوکردەوەو گوتیان: (محمد ﷺ بەڵێنی سبەینێی پێداینو، کەچی وا ئەمڕۆ پازدە شەو تێپەڕیو هەواڵی لەسەر ئەو مەسەلانە پێ نەگەیاندین پێغەمبەریش ﷺ بە دواکەوتنی سرووش دڵتەنگ بوو،و گرانبوو لەسەری لەو رووەوە بۆ خەڵکی (مەککە) بدوێت.

دوای ئەو پازدە رۆژەش (جبریل) بە سوورەتی (کهف)ەوە هات بۆ لایو تێیدا گلەیی یەکی سووکی لەسەر دڵتەنگ بوونی بۆیان تێ دایەو، هەروەها وەڵامو هەواڵی ئەو مەسەلانەی لاوەکانو پیاوەگەڕۆکەکەو، گیان (رۆح) تێدایە[1].

زانایانی تەفسیریش وەك (طبريو سيوطيو شوكانيو ابن كثير) ئەم ڕیوایەتانەیان بەشێوەی (مأثور) [2] لە (ابن اسحاق)ەوە هێناوەو، لەویشەوە (ابن هشام) ڕیوایەتەکانی ژیاننامە (سيرة)ی وەرگرتووە.

---

(١) الروض الانف- شرح السيرة النبوية (٣: ١٢٨-١٢٩).

(٢) -مأثور- ئەو فەرموودە گێڕراوەیەیە کە دواییەکان (خلف) لەپێشینەکان (سلف)ەوە وەریانگرتووە. — وەرگێر-.

چەند هێماو ئاماژەیەك لەم ڕووداوەوە

کاتێك لەم ڕیوایەتە ورد دەبینەوە، چەند هێماو نیگاو ئاماژەیەك دەردێنین، وەك:-

١- ئارەزووی قورەیش لەدروست کردنی گومان لەدژی پێغەمبەری خوداﷺ هەروەها لە بەکارهێنانی هەر ئامرازێك بۆ وەستان بەڕوویداو نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکەی.

٢- پشت بەستنی قورەیش بەهۆزو تیرەکانی دی لە بەرەنگاریی پێغەمبەری خوادا ﷺ، ئەمەش هێماو دەلالەتە لەسەر توندو تیژیو دڕندەییو سەختی ئەو جەنگەی کە دەیانگێڕا.

٣- بێگومان جوولەکەکانیش مەترسیدارترین خەڵك بوون لەسەر بانگەوازی حەق، هەروەها سەرسەخت ترین دوژمنی ئەم بانگەوازەنو زۆرترین ئارەزوویان لە ریشەکێشکردنیدا هەیە، هەر بۆیەش قورەیش پەنایان بۆ بردن لەدژایەتی کردنی پێغەمبەری خواداﷺ ئەم دوژمنایەتی یە توندەی جوولەکەش لەبەرامبەر ئیسلام و موسڵمانانداا تائەمڕۆش هەیەو بەردەوامەو هەمیشەش لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ تا کاتی ئێستامانو، تا هەتاهەتایە هەردەمێنێت.

٤- بەڕاستی جوولەکەکان مامۆستایانی بەدکاریو، زانایانی ناهەقو پێشەوایانی تاوانو شێواندنو، شەیتانە مرۆییەکانن، واتە ئەوانەن کەخەڵکانی نالەباری تر پەنایان بۆ دەبەن تاکو دەرسیان لەلا بخوێننو لێیانەوە فێربنو سوود لە زانستو زانیاری یەکانیان وەربگرنو، کار بە بیروڕاکانیان بکەنو پەیڕەویی زانیاریو ئامۆژگارییەکانیان بکەن. ئەوە بوو پێشەوایانی قورەیش لەزایانانی جوولەکەوە فێری زانیاری دەبوونو لەبەرەنگار بوونەوەی پێغەمبەری خوادا ﷺ دەرسیان لەوانەوە وەردەگرت.

هەروەها بەردەوام جوولەکەکان چاوگێك بوون بۆ کافرانو کەسانی دژی هەقو، تاوانبارانو تێکدەرو بەدڕەفتاران.. لەم رووەشەوە هەر خودی جوولەکەکان هەر چەندێکیان لە زانستو زانیاری هەبووبێت بۆ ئەوەی خەڵکیی پێ فێری خراپەو ناهەقو تاوانو بەدکاریی بکەن، تەرخانیان کردووەو درێغییان نەکردووە. بەڕاستی ئەمەش پەیامێکی پیسیی جوولەکانەیەو، پێشڕەوایەتییەکی جوولەکانەشە لەخراپەو ناهەقیو تاوانکارییدا.

٥- بێگومان جوولەکەکان مەبەستیان تاقیکردنەوەی پێغەمبەر بووە ﷺ لە کاتێکدا ئەوسێ پرسیارەیان بەقورەیشدا ئاڕاستەکردووە، پێغەمبەی خوداش ﷺ تاقیکردنەوەیەکی سەختو دژواری ئەنجام داوە، چونکە پازدە رۆژ چاوەڕوانی کردووە تا وەڵامی لەلایەن خوداوە بۆهاتووە.

٦- بێگومان پێغەمبەر ﷺ وتنی (ان شاءالله)ی لەبیرچووە لەکاتێکدا بەڵێنی بە گەلەکەی ئەداو، لەسەر ئەوەی، رۆژی دواتر (سبەینێ) وەڵامی پرسیارەکانیان پێ بگەیەنێت، دیارە خوداش وانەیەکی کاریگەری بە پێغەمبەرەکەی داوە (وەك چۆن هەمان وانەی بەئێمەش گەیاندووە) وانەکەش ئەوەیە پازدە رۆژ سرووش (وحی)ی لێ دواکەوت، سەرەڕایی ئەوەی زۆر زۆر پێویستیی پێ بوو، سەرەڕایی ئەوەش لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختوگران بوو، پاشان سەرەڕایی ئەوەی دەبوایە وەڵامی چەند پرسیارێکی قورسی جوولەکەکان بداتەوە.

٧- بێگومان دواکەوتنی سرووش لە پێغەمبەر ﷺ بۆ ماوەی پازدە رۆژو لەو ماوەیەشدا هەموو رۆژێك قورەیشییەکان بچنە لایو داوای هەواڵو وەڵامی مەسەلەکانی لێبکەنو، هەموو جارێکیش پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامیاندا بفەرموێت:- (هێشتا وەڵامەکەم بۆ نەهاتووە)، بەڵگەیەکی روونو ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە: "قورئان لەلایەن خوداوە نێردراوە، نەك لەلایەن (محمد) خۆیەوە ﷺ چونکە ئەگەر قورئان لەلایەن محمد ﷺ خۆیەوە بووایە، ئاتاجی بەو

چاوەڕوانیە نەدەبوو و، دەسبەجێ وەڵامیی دەدانەوەو دەیشیدایە پاڵ خودا (والعیاذ باللە).. بۆیە دەستەوسان بوونی لە وەڵامدانەوەدا سەرەڕایی پێویستییەکی فرەی پێیشیو، چاوەڕوانی کردنی هاتنی سرووش لە ئاسمانەوەو، خەمباربوونی بۆ دواکەوتنی سرووشو، تەنگەتاوبوونی بە قسەو دەنگو باسی موشریکان، هەموو ئەمانە هێماو دەلالەتن لەسەر ئەوەی کە (قورئان فەرمایشتی خودایە).

چەند وشەیەکی گرانی نێو ئایەتەکان[1].

١- ٱلۡكَهۡفِ : ئەشکەوتێکە لەچیادا

٢- وَٱلرَّقِيمِ : بەردێکی تەختو رێکە کە بەژمارە ناوەکانی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەی لەسەر نووسراوەتەوەو، خراوەتە سەردەرگای ئەشکەوتەکە.

٣- فَضَرَبۡنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمۡ : وامان لێکردن بخەون.

٤- شَطَطًا : ناهەقو پووچەڵ.

٥- يَنشُرۡ لَكُمۡ رَبُّكُم : پەروەردگارتان سۆزو بەزەییتان بۆ دابین دەکات.

٦- مِّرۡفَقًا : ئەوەی بەکاری دێنن وەك ئامراز بۆسوود لێوەرگرتن لەگوزەرانتاندا.

٧- تَّزَٰوَرُ : لە ئەشکەوتەکە لادەداتو لێوەی لاردەبێتەوە.

٨- تَّقۡرِضُهُمۡ : لێیان لادەداتو لێیان دوور دەکەوێتەوە.

٩- وَهُمۡ فِي فَجۡوَةٖ مِّنۡهُۚ : لە پانتاییەکی نێوەڕاستی ئەشکەوتەکەدان.

---

(١) هەرچەند واتێدەگەم لەم دەقەی تەرجەمە کوردییەکەدا ئەم بڕگەیەی ماناکردنی چەندو وشەیەکی گران هێندە پێویست نەبێت، بەڵام وەك ئەمانەتێکی کارەکەو لەبەر ئەوەی نووسەر دیاری کردووە منیش تەرجەمەی ماناو راڤەکانی ئەوم کردووە. (وەرگێڕ).

١٠- بِٱلۡوَصِيدِۚ : پێش دەرگاکە.

١١- بِوَرِقِكُمۡ : بەو دراوە زیوەتان.

١٢- أَزۡكَىٰ طَعَامٗا : حەلاڵترینو خۆشترین خواردن.

١٣- يَظۡهَرُواْ عَلَيۡكُمۡ : پەردە لەسەر کاروبارتان هەڵدەدەنەوە.

١٤- أَعۡثَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ : دەرمان خستن بۆخەڵکی.

١٥- رَجۡمَۢا بِٱلۡغَيۡبِۖ : قسەیەك بەگومانەوە، بەبێ یەقینو زانیارییەك.

١٦- فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ : مشت ومڕ لەسەر مەسەلەکەیان مەکە.

چەند لایەنێکی نادیار لە چیرۆکەکەدا.

لایەنە نادیارەکانی قورئان گەر قورئان خۆی روونی نەکردبنەوە، ئەوا لەرێی سەرچاوە ناڕاستەکانو بێ متمانەکان و نایەقینیەکانەوە روون ناکرێنەوە. هەر بۆیەش بە چەندلایەنێکی نادیارو نەزانراوی وا دانراون، کە بەر هەستی مرۆڤ ناکەون. هەروەها بۆ زانینیان تەماشای فەرموودەکانی پێغەمەر ﷺ دەکرێت، خۆ ئەگەر فەرموودەیەکی (صحیح) لە سەریان هەبوو ئەوا پێویستە کاری پێ بکرێت. دەنا ئەگەر لە فەرموودەشدا نەبوو ئەوا پێویستە لەسەرمان لێی بێ دەنگ بینو لەسەر بارە نادیاریەکەی بیهێڵینەوە، چونکە بۆمان شیاو نیە لە سەرچاوە ئیسرائیلییەکانو سەرچاوەکانی ترەوە هەوڵی روونکردنەوەیان بدەین.

لە چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتیشدا چەند لایەنێکی نادیار هەیەو لە قورئانو لە فەرموودەشدا روونەکراونەتەوە، لەو لایەنە نادیارانەش، وەك:-

١- ئه‌و ماوه‌ زه‌مه‌نیه‌ی كه‌ خه‌ڵكی سه‌رده‌می ئه‌شكه‌وته‌كه‌ تیایدا ژیاون، ئایا له‌ پێش جووله‌كه‌كاندا بوون، یان له‌ دوایان هاتوون؟ ئه‌ی ئایا پێش سه‌رده‌می (عیسا سلاوی لێ بێت)یان له‌ دوای ئه‌و بوون؟!

٢- ئه‌و ئاینه‌ی په‌یڕه‌وییان كردووه‌، ئایا ئایینی جووله‌كه‌؟، یان ئایینی نه‌سرانی، یان ئاینێكی تری ئاسمانیی خوا به‌ یه‌ككرتن بووه‌؟

٣- ناوی ئه‌و پادشایه‌ی له‌ماوه‌ی حوكمڕانیدا ژیاون ئایا پادشاكه‌ش (رۆمانی)یان (یۆنانی)یان (فارس)یان (جووله‌كه‌) یاخود(عه‌ره‌ب) بووه‌؟

٤- ناوی ئه‌و شاره‌ی كه‌تیایدا بوون، ئایا(ئه‌فسووس)ی توركی، یان (طرطوس)ی سووریا، یان (عه‌ممان)ی ئه‌رده‌ن، یان كام شار بووه‌؟

٥- شوێنی ئه‌و ئه‌شكه‌وته‌ی كه‌تیایدا حه‌ساونه‌ته‌وه‌، له‌ئه‌رده‌ن، یان سووریا، یان له‌ توركیا، یان له‌وڵاتێكی تر بووه‌.

٦- كاری ئه‌و لاوانه‌ پێش ئه‌وه‌ی بچنه‌ نێو ئه‌شكه‌وته‌كه‌وه‌، ئایا كوڕانی میرو پادشایان بوون، یان له‌ گه‌وره‌ فه‌رمانبه‌رانی لای پادشا بوون، یان چه‌ند شوانێك بوون.

٧- چۆنیه‌تی هیدایه‌تدانو رێنمایی كرانیان بۆ رێبازی خوداو باوه‌ڕهێنانیان به‌خوداو زانیارییان له‌سه‌ربێ باوه‌ڕیی‌و گومڕایی گه‌له‌كه‌یان.

٨- چۆنیه‌تیی پێككه‌یشتنی هه‌ندێكیان به‌یه‌كتری‌و ده‌رچوونیان له‌شاره‌كه‌و، رۆیشتنیان به‌ره‌و ئه‌شكه‌ته‌كه‌، ئه‌ی ئایا گه‌له‌كه‌یان پێ یان زانیبوون یان نا؟ ئه‌ی ئایا پادشاكه‌ گرتبوونیه‌وه‌ یان پێیان نه‌گه‌یشتبوو.

٩- سه‌گه‌كه‌یان، ئایا له‌كوێ دوایانكه‌وتووه‌و چۆن ناسیونی‌و، فه‌رمانی له‌گه‌ڵیاندا چی بووه‌؟!

١٠- ناوه‌كانی ئه‌و لاوانه‌و، ناوی سه‌گه‌كه‌یانو ره‌نگ‌و بارستایی یه‌كه‌شی؟!

١١- کاتی چوونە نێو ئەشکەوتەکەو کاتی بەخەبەر هاتنەوەیان تێیدا.

١٢- ناوی ئەوکەسەی لەخۆیان بووو چوو بۆ نێو شارەکە تاکو خۆراکیان بۆ بهێنێتەوە، ئەی داخۆ ئەوبڕە پارەیەی پێی بووە چەند بووەو، ئایا لەنێو شارەکەشدا چ رووداوو مەسەلەیەکی کتوپڕی تووشبووە؟

١٣ - شیکارو درێژەی پێزانینی خەڵك بەو لاوانەو ناسینەوەیانو، چۆنیەتی گەیشتنیان پێیانو ناکۆکییان لەبیرورِادا لەسەر کاروباریانو بنیاتنانی مزگەوت لەسەریانو، ئایا رۆڵی پادشاکەش لەوەدا چی یە؟

١٤- دوای دۆزینەوەو پێزانینیان لایەن خەڵکەکەوە چییان بەسەرهاتووەو ئایا خەڵکانی دواتر پێیان گەیشتوون یان نا؟ ئەی ئایا خەڵکانی تر لە هاورێو یاوەر بینیویانن؟ ئەی ئایادەشێت کەسێکی دی بیانبینێت، یان نا؟

١٥- ئایا هاوەڵانی ئەشکەوت لەپاشە رۆژدا چییان بەسەر دێت؟ ئایا لەکاتی هاتنە خوارەوەی (عیسا)دا، سڵاوی لێ بێت- ئەوانیش دەژینو، ئایا لەگەڵیدا دەبن یان نا؟

بۆ هەموو ئەم پرسیارانەو چەندانی تریش وەڵامێکی زانراوی راستو دروست ویەقین بەخش نیە، بەداخەوە چەندین تەفسیرکارو مێژوونووسی پێشین تێیدا رۆچوونو لەئەنجامدا برێکی زۆری کەڵەکە بوویان لەئەفسانەو دەقە ئیسرائیلییەکان هێناوەو خەڵکییان پێ سەرقاڵی ناتەباییو خیلافات کردووەو، بەرچاویان لەئاست دەقە قورئانیەکەو، لێوردبوونەوەیو دەرهێنانی فەرمایشتە ناسکەکانیو دەرسو پەندەکانی، گرتوون.

بەراستی گەران بەدوای ئەو لایەنە نادیارانەداو هەوڵی وەڵامدانەوەی، ئەو پرسیارانەی پێشووی نێو ئەو پازدە خاڵە، هیچ زانستو سوودوکەڵکێك بەخەڵکی ناگەیەنێت، جگە لەوەی کە لەگەڵ (بەرنامەی راستی مامەڵە لەگەڵ نادیارەکانی قورئاندا) ناگونجێت.

هەندێك لە بەڵگـەو نیشانەكانی خودا لەم چیرۆكەدا

چیرۆكی هاوەڵانی نێو ئەشكەوت دیاردەیەكە لـەدیاردەكانی قـودرەتی بـەكاری خوداو، خواستی بەجێ گەیـەنراویو، هێـزی بـاڵا دەسـتو سـەروەریو، دانـاییو رەحمەتورێكخستنی كاروباری دنیا.

قورئـــان لـــەكاتی باســـكردنی چـــیرۆكەكەدا كۆمـــەڵێك بەڵگـــەو نیـــشانەی سەرسورهێنو، چەندین موعجیزەی دیـارو، چـەندین سـەربازی نادیـاری لەوانـەی (خودا هەر خۆی دەیانناسێتو تەرخانی كردوون بۆ پاراستنی هاوەڵە ئیمانداره‌كانی نێو ئەشكەوتو، خۆشگوزەرانییان) دیاری كردووه. لەو سەربازانەی خـودا دیـاریی كردوونو لەو ئامرازانەی دەستەبەری كردوون كە بە چەند بەڵگەو نیشانەیەكی خودا دادەنرێن، ئەمانەن:

١- (ئەشكەوتەكە) لەوشـوێنە گونجـاوو شـیاوەیدا كـە ژیـانی هاوەڵـەكانی تێیـدا هەمووی خۆشو ئاسانو ئاسوودە بووەو، بەیانیانو ئێوارانیش لە تیشكی خـۆر پاراستوونی.

٢- ئەو سەگەی یاوەرو هاوڕێیان بووەو كاتێك چوونەتە نێو ئەشـكەوتەكەوە، ئـەم سەگە لە پێش دەرگاكە راوەسـتاوەو پاسـەوانیان بـووەو هەردوودەسـتی بەسـەر زەوی حەوشەی پێش دەرگای ئەشكەوتەكەدا بڵاوكردۆتەوەو وەك شێوە نووستنی ئەوان نووستووە.

٣- ئەو خۆرەی كە سوور بووە لەسەر ئەوەی بە گەرمییەكەی خۆی ئازاریان نەدات، بۆیە خۆرەكەش وەك زیندوویەكی ژیرو هوشیارو دانا رەفتاری كردووە، بۆ نموونە كاتێك هەڵهاتووە تیشكەكەی لەوان دوورخستۆتەوەو بەلای راستدا لار بۆتـەوە، لەكاتی ئاوابوونیشدا بەلای چەپدا لێیان دووركەوتۆتەوە، ئەوانیش لە كەلێنێكی فراوانو پانتاییەكی نێو تیشكەكەیو لە نێوەڕاستی ئەشكەوتەكەدا بوون.

٤- بۆ ئەوەی لاشەکانیان بەنووستنە درێژخایەنەکەیان ماندوو شەکەت نەبێت‌و، پاشان بۆ ئەوەی زەوی لەلاشەیان نەخوات، خودا بەلای راست‌و بەلای چەپیاندا هەڵیدەگێڕانەوە، جا کاتێك بەلای راستدا هەڵدەگێڕرانەوە، لای چەپیان بەرهەوا دەکەوت، لەکاتێکیشدا بەلای چەپدا هەڵدەگێڕرانەوە لای راستیان دەکەوتە بەرهەواو دەحەسایەوە بەم رەنگەش لایەکانی لەشیان‌و سەرجەم بەشەکانی جەستەیان بەساغ‌و سەلیمی دەمانەوە.

٥- بۆ ئەوەی کەسێکیش دەستدرێژییان نەکاتە سەر، خودا لەبەرچاوی کەسانی تر دیمەنێکی ترسناك‌و بەسامی پێدابوون کە بینەرانیان وا لێدەکرد رابکەن‌و ترسێکی زۆریان لێ بنیشێت دیارە هۆکاری لێترسانیشیان ئەوەبووە کە چاوانیان کراوەتەوەو، هەرکەسێك بۆیانی ڕوانیوە، وایزانیوە ئەمان بێدارو بەخەبەرن وبۆی دەڕوانن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا راکشاوو نووستوو بوون.

٦- بەخەبەرهێنانەوەیان لەو خەوە درێژخایەنەیان، کە سێ سەدونۆ ساڵی خایاندووە.

" ژمارەیـــان و ماوەی مانەوەیـــان"

گەل‌و نەتەوە دێرینەکان هاوڕێ‌و یەکدەنگ نەبوون لەسەر ژمارەی لاوەکان. زانایانی موسڵمانیش لەسەر ئەگەری زانینی ژمارەیان یەکدەنگ نین.. قورئانیش سێ جۆرە بیروڕای گەلانی پێشینی لەمەڕ ژمارەکەیان خستۆتەڕوو.

١- ژمارەیان سێ‌کەس بووە: ﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾

٢- ژمارەیان پێنج کەس بووە: ﴿ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًا بِٱلْغَيْبِ ﴾.

٣- ژمارەیان حەوت کەس بووە: ﴿ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾

﴿قُلْ رَبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٢٢﴾ الكهف﴾.

هەر بۆیەش کۆمەڵێك لەزانایانی تەفسیر وای بۆچوون کە ناکرێت ژمارەیان بزانرێت، چونکە قورئان بەڕاشکاوی ئاماژەی بۆ نەکردووە، بەڵکو زانینی ژمارەی ئەو لاوانەیان بەکاروباری خودا داناوەو، تەنیا خوداش زاناو ئاگادارە لە ژمارەکەیان (قُلْ رَبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم).

بەڵام کۆمەڵێکی دی لەزانایانی لێکۆڵیارو ساغکەرەوە لە تەفسیردا وای بۆچوون، کە ژمارەی لاوەکان حەوت کەس بن لەم بۆچوونەشیاندا گووتوویانە:" ئەمە وتەی لابەلاو گومان فرێدانە، چونکە دەستەواژەی (رجما بالغيب/ گومان فڕێ دان) لە زمانی عەرەبیدا ئەوەیە: بەبێ زانستو بێ بەڵگە بدوێیت" ئەوان بۆ ئەم وتەیەیان، ئەم بەڵگانەیان هەیە:

١- قورئان هەردوو وتەکەی پێشوو، کە گوتراوە (سێ بوون) یان (پێنج کەس بوون): " سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ "و "وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ" ڕەتکردۆتەوە ئەمەش بەو وەسفە کەوا (رَجْمًا بِالْغَيْبِ)ن، واتە بەبێ زانیاریو، بەڵگەیەك گوتراون بۆیە ئەم وەسفەش ڕەتکەرەوەی هەردوو وتەکەیە.

٢- بێ دەنگیی قورئان لەئاست وتەی سێیەم، کە گوتراوە (حەوت کەس بوون): " وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ " کە بە هیچ وەسفێك تیشکی نەخستۆتە سەری، ئەگەر ناڕاست بوایە ئەوا بە لاوازو بێ نیوەڕۆکی دادەنا. ئەم بێدەنگی یەی قورئان بەڵگەیە لەسەر داننان بەم وتەیەی دوایی و پشت پێبەستنیدا.

هێنانی ئامرازی گەیاندنی پیتی (و) بۆ وتەی سێیەم، بەڵگەیەکە لەسەر ڕاستیو دروستی بۆچوونەکە. ئەم (واو)ەش لە زمانی عەرەبیدا بە (واو

الثمانیة) ناو بردووە لە بڕگەیەکی تری ئەم باسەدا (ان شاءالله) هەڵوێستەیەکی لە ئاستدا دەکەین.

٤- قورئان بەشێوەیەکی نەگۆڕو دەسنیشانکراو (زانینی ژمارەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە)ی بەکاری چەند کەسێکی کەم داناوە.. وەك فەرموویە (قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا قَلِيلٞ) جائەگەر هیچ کەسێك تواناو مافی ئەوەی نەبوایە کەژمارەکەیان بزانێت، ئەوا قورئان بەراشکاویی ئەو فەرمایشتەی ئاوا ڕادەگەیاند (ما یعلمهم الا الله).

٥- وتەی ڕاشکاوانەی هەندێك لە هاوەڵان (ضمانة) لەسەر ئەوەی کە ئەوان لەو کەسە کەمانەن کەوا ژمارەی لاوەکان دەزانن، بۆ نموونە: (عبدالله ی کوڕی مسعود) (خوالێی رازی بێت) گوتوویەتی: (من لەو چەند کەسە کەمانەم کە ژمارەیان دەزانن، ئەوان حەوت لاو بوون). (ابن عباس)یش- خودا لێیان رازی بێت- گوتوویەتی: (من لەو کەسە کەمانەم کە خودا لە زانینی ژمارەکەیاندا جیای کردووینەتەوە، ئەوان حەوت لاو بوون)، هەمان وتەش لە (قتادة) و (عطاء). خودا لێیان ڕازبێت- گێڕراوەتەوە.

بەڵام ماوەی مانەوەیان لە ئەشکەوتەکەدا بیروڕای هەمە جۆری لەسەر هەیە. بۆ نموونە هەندێك لە زانایانی تەفسیر گوتوویانە (سێسەدو نۆ ساڵە) ئەمەش لەدەقی ئایەتەکەوە وەریان گرتووە، هەندێکیشیان گوتوویانە: (بەڵگەیەك لەسەر ئەو ماوەیە نیە، چونکە خودا هەر لەوێدا دەفەرموێت: (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْ) هۆی لێك نەچوونی بیروڕای زاناکان لەسەر مەزندەکردنی ماوەکە جودایی بۆچوونیانە لەمەبەستی ئایەتەکە، کە خودا تیایدا فەرموویەتی: ﴿ وَلَبِثُواْ فِي كَهۡفِهِمۡ ثَلَٰثَ مِاْئَةٖ سِنِينَ وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا ﴿٢٥﴾ الکهف ﴾، واتە (سێ سەد ساڵ لە

ئەشکەوتەکەیاندا مانەوەو نۆ ساڵی تریشیان زیاد کردووە) کەواتە جودایی بیروبۆچوونی زاناکان لەم فەرمایشتەدایە.

١- (ابن کثیر) گوتوویەتی: (ئەمە هەواڵێکە لە خوداوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ دەربارەی ماوەی ساڵانی مانەوەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە لە ئەشکەوتەکەیاندا، لەو کاتەوەی خودا خەوی لێ خستوون تاکو کاتی بەخەبەر هێنانەوەیانو دەرخستنەوەیان بۆ خەڵکی ئەوسەردەمەی تیادا بەخەبەر هاتوونەوە. ئەم ماوەیەش سێ سەدساڵ بووەو، بەڵام لە ساڵی مانگی (هیلالی)دا نۆ ساڵی تریشی دەچێتەسەر)[1].

٢- لە کاتێکدا زانایانی تری تەفسیر وای بەڕاست تر دادەنێن گوایە ئەمە لە وتەی (ئەهلی کیتاب) بێت، واتە (جوولەکەو دیانەکان)، بەڵام ئەم وتەیە راست نیە، وەك چۆن وتەشیان دەربارەی ژمارەی لاوەکان ڕاست نەبووە (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) گوتوویەتی: (مرۆڤ کاتێك ئایەتەکە لێك دەداتەوە وای دەبینێت کە بەپێی ژمارەو ساڵەکان ئاوایە، بەڵام لەماوەی نێوان ئاسمانو زەوی دوورترە، کە دەخوازێت لە نادیار بزانێت، پاشان (ابن عباس) ئایەتی (وَلَبِثُواْ فِي كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِاْئَةٍ سِنِينَ)ی خوێندوتەوەو گوتوویەتی: (ئەو کەسانە چەند ماونەتەوە؟ گوتوویانە: (سێ سەدو نۆ ساڵ) گەر وابوایە خودا نەیدەفەرموو (قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُواْ) واتە: (بڵێ خودا خۆی دەزانێت چەند ماوەنەتەوە) ئینجا وتەی ئەو گەلەی هێناوەتەوەو گوتوویەتی: (سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ ..) تا دەستەواژەی (رَجْمًۢا بِٱلْغَيْبِ) کە لەسەر زاری ئەوان هاتووە هەواڵی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان ژمارەکەیان نەزانیووە. هەروەها گوتوویە:

(١) تفسیر ابن کثیر (٣: ٧٩).

دەڵێن (وَلَبِثُوا۟ فِی كَهۡفِهِمۡ ثَلَـٰثَ مِا۟ئَةࣲ سِنِینَ وَٱزۡدَادُوا۟ تِسۡعࣰا) ئەم وتەیەشی لە (قتادەو مطرق‌و ابن اسحاق‌و کەسانی ترەوە هێناوەو (ابن کثیر)یش یەکخستنێکی لەنێوان هەردوو فەرمایشتەکەی خودا (وَلَبِثُوا۟ فِی كَهۡفِهِمۡ ...)و (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟)دا دروست کردووەو گوتوویەتی: (لە فەرمایشتی خوادا- قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟ - واتە: ئەگەر دەربارەی مانەوەی لاوەکان پرسیارت لێکراو، تۆش هیچ زانیارییەکت لەو بارەیەوە پێ نیەو لەلای خوداشەو ئاوا دانرا بێت، ئەوا هیچ ڕایەك مەخەرە پێش چاویان، بەڵکو لەو جۆرە حاڵەتەدا بڵێ (**الله اعلم بما لبثوا له غیب السموات والارض**) واتە: خودا دەزانێت‌و هیچ کەسێك نازانێت، ئیدی کێ هەیە لە خەڵکی دروستکراوی خۆی، کە ئەو زانیاریەیەی پێبگەیەنێت)[1]. بەمانای ئەو ژمارەیە هەرچەندە لای خوداوە ئاوا دانراوە، بەڵام هەر خودا خۆی زانایە. ئێمەش ڕامان لەسەر یەکلاییکردنەوەی وتەکەی (ابن کثیر)ە لەسەر ماوەی مانەوەیان، کە سێ سەدو نۆ ساڵە بەتایبەتیش، کە ئەمە وتەی کۆمەڵی زانایانی تەفسیرەو، هەر خوداش زانایە.

"چیرۆکەکەیان کورت کراوەیەو پاشان درێژکراوەیە"

قورئانی پیرۆز چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوتی بە شێوازێکی جوان‌و کاریگەر خستۆتەڕوو، کە سەرنجی دڵ‌و دەروونی مرۆڤی بەلایدا رادەکێشێت‌و بەپێی بەرزترین شێوازی دارشتنی هونەری هێناویەتی..

---

(١) تفسیر ابن کثیر (٣ : ٧٩).

له سەرەتاشدا بەکورتیو پوختی باسی بەسەرهاتەکەیان دەکات، پاشان بەدرێژی شیکارو ڕوونی دەکاتەوه بۆ نموونه لـه چـوار ئایـەتی سـەرەتای چـیرۆکەکەدا ئـەو کورتیو پوختکردنەوەیه بەدی کراوە، که خودا تیایاندا فەرموویەتی:

﴿ أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾ إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ﴿١١﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا ﴿١٢﴾ الكهف ﴾.

بەڵام شـیکارو درێژەی چیرۆکەکه لەو ئایەتانەی دواتریانەوەیه، کـه بـه ئایـەتی ﴿ نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ... ﴿١٣﴾ الكهف ﴾ دەستپێدەکات.

ڕەگەزەکانی کورتو پوختکردنەوە، سەرجەم بەشەکانی چیرۆکەکەشی بەیەکـەوە بەستۆتەوە. جا بە وردی سەرنج بدە لەم پوختکردنەوەیەی قورئان لەسەر چیرۆکەکە:

ئەوان هاوەڵانی نێـو ئەشـکەوتو، دۆڵەکـەن، ئـەوان لـە بەڵگەونیـشانەکانی خودان.. ئەوان چەند لاوێکن.. پەنایان بۆ ئەشـکەوتەکە بـردووەو داوای کۆمـەكو بەهاناوە هاتنی خودایان کردووەو، خوازیاری ڕەحمـەتو ڕێنمـاییو ئاڕاسـتەکردنی خودا بوون خوداش خەوێکی قورسی وای لێ خستوون که گوێیان له هیچ دەنگێـك نەبێت، ئەوانیش خەوتوون.. خەوەکەشیان تاچەندین سـاڵ بـەردەوام بـووە، پاشـان خودا لەوخەوە هەڵی ساندوونەتەوە خـەڵکیش لەمەسـەلەی ژمـارەی ئـەو لاوانـەو لەسەر ماوەی مانەوەی نێـو ئەشـکەوتیاندا بـوون بەدووکۆمـەڵی لێـك جـودا لـە بیروڕادا. قورئانیش له بیروڕاو وتەی هەردوولایان وتەی ڕاستی کۆمەڵێکیانی دیاری کردووەو، وتەی ئەوی تریانی پووچەڵ کردۆتەوە.

دیـــارە لـــە ئایـــەتی یەکـــەمی بەســـەرهاتەکەدا کـــە ئایـــەتی ژمـــارە (٩)ی ســـوورەتەکەیەو کـــە تێیـــدا فەرموویـــەتی: ﴿ أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴾ لەم ئایەتەدا وەڵامێکی ئەو کەسانە دەداتەوە کـە لـە چـیرۆکەکەیان سەرسـام دەبـن، هـەروەها وەڵامێکیـشە بـۆ ئـەو جوولەکـەو موشریکانەی کە پرسیاریان دەربارەی لاوەکان لە پێغەمبەری خودا ﷺ کردووە.

"رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً"

بێگومـــان لاوه باوەڕدارەکـــان کاتێـــك پـــەنایان بردەبـــەر ئەشـــکەوتەکە، داوای کۆمەك‌و هانایان له خودا کردو لێی پاڕانەوەو گوتیـان.. ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا﴾ ئەوان بـەم نزایـه بوونەتـه پێـشەنگی ئیمانـداران لـه پەنابردنه بەرخواداو لەداوای هانا لێ کردنی‌و داوای ڕەحمەت‌و پشت پێ بەستنی له ڕێنمایی بۆ ڕێی چاکەو دانانی لەکاروباری ژیاندا. دیاره ئـەوان زانیویانـه کەسـۆزو ڕەحمـــەتی راســـتەقینه تـــەنها لـــەخودا خۆیەوەیـــەتی، هەربۆیـــەش لـــه سەرچـــاوە بەخشندەکەیەو داوایان کردووه ﴿ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً﴾ مانای (لـدنك) بـه عـەرەبی (عندك) واته: (لەلایەن خۆتەوە له کانگاوی سەرچاوەی بەخشندەیی خۆتەوە).

وەك تێبینیش کراوه وشەی (لدن) بەزۆریی لەسوورەتی (کهف)دا بـەکارهێنراوه که چوار جار تێیدا هاتووه:-

١- خـــودا فەرموویـــەتی: ﴿قَيِّمًا لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا ﴿٢﴾ الکهف﴾.

٢- هـــەروەها فەرموویـــەتی: ﴿... رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ الکهف﴾.

٣- هـەروەها فەرموویـەتی: ﴿فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ الکهف﴾.

٤- هەروەها فەرموویه: ﴿... قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّى عُذْرًا ﴿٧٦﴾ الکهف﴾.

وەك تێبینیش دەکرێت وشەی (رحمـة) بەزۆریی لە سوورەتەکەدا هەیە کە شـەش جار هاتووە، وەك :-

١- وتەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە: ﴿... رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ الكهف﴾.

٢- وتـەی هەنـدێك لـەو هاوەڵانــە بــە هەنـدێکی تریـان لـەکاتی چـوونە نێـو ئەشـــکەوتەکەدا: ﴿...فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ... ﴿١٦﴾ الكهف﴾.

٣- فەرمايـــــشتەکەی خــــودا: ﴿وَرَبُّكَ ٱلْغَفُورُ ذُو ٱلرَّحْمَةِ ۖ لَوْ يُؤَاخِذُهُم بِمَا كَسَبُوا۟ لَعَجَّلَ لَهُمُ ٱلْعَذَابَ ۚ... ﴿٥٨﴾ الكهف﴾.

٤- خودا دەربارەی (خضر) گوتوویـە: ﴿فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ الكهف﴾.

٥-(خضر) لەمەڕ هەردوو کوڕە مێردمنداڵە هـەتیوەکانی نێـو شـارەکە گوتوویـە: ﴿... فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ... ﴿٨٢﴾ الكهف﴾.

٦- (ذو القرنين)یش کاتێك بەربەستەکەی بنیات نا، گـوتی:﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّى ۖ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّى جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ ۖ... ﴿٩٨﴾ الكهف﴾.

ڕەحمەتی خوداش لە سوورەتی (کهف)و لە چیرۆکەکانیدا بەدیار دەکـەوێت، بـۆ نموونە ڕەحمەتی خودا بۆ هـاوەڵانی نێـو ئەشـکەوتەکە ئەوەیـە، کـە ڕێنمـایی بـۆ ئەشکەوتەکە کردوون، ئەوانیش تێیدا نیشتەجێ بوونو خۆیان لە گەڵە (هاوبەش بۆ دانەرو موشریکەکەیان) دابڕیوە.

هەروەها خودا لەوەشدا رەحمی پێکردوون، کاتێك مانەوەی نێو ئەشـکەوتەکەی بەدرێژایی ئەو چەندین ساڵە بۆ ئاسان کردوون.

هەروەها لەوەشدا خودا رەحمی پێکردوون، کاتێك وای لێکـردوون سـەدان سـاڵ بخەون، تا ئەو نەوە بێباوەڕەی، کە هەڵاتبوون لەدەسـتیان، نـەمابوونو نەوەیـەکی باوەڕدار جێنشینیان ببوون، پاشان رەحمەتی خودا بۆ ئەوان لەوەش دایە، کـە خـودا چەندین نیشانەو موعجیزەو کەراماتی لەنێو ئەشکەوتەکەدا بۆ بەیدەست (تسخیر) کردبوون.

ئەوان زانیبویان، کە رەحمەتوبەزەیی تەنها لـەخوداوە دەسـگیر دەبێـت، بۆیـە لێیان خواستبوو، هەروەها زانیبوویان، کە رێنمایی ئەوەیە: خودا بە شوێنکەوتوانی خۆی دەدا، بۆیە لێیـان خواسـتبوو: ﴿...فَقَالُواْ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ الكهف﴾.

کاتێك ئەو رەحمەتو رێنمایی یەشیان بەدڵسۆزیو گەڕانەوە بـۆ لای خـوداو بـە ڕاستگۆییو تکاکاری یەوە داوا کردبوو، خوداش بەدەم نزاکەیانەوە هاتو، دەرگای رەحمەتی خۆی لێ کردنەوەو، وای لێکردن لەو ئەشکەوتی رەحمەتەدا بـژینو، لـەنێو سێبەرو فێنکاییەکانیدا ئەملاولای جەستەیان بگۆڕن.

بەڕاستی رەحمەتی خودایان لەنێو ئەشکەوتەکەدا بۆ چوو بـووو بـەو ڕەحمەتـەش شـوێنەکەیان ببـووە هـۆی بەختـەوەریو نازونیعمـەت.. هـەر لـەم ڕووەوە خـودا فەرمویـە: ﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ... ﴿٢﴾ فاطر﴾.

" نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّ "[٤]

ئەم فەرمایشتەی خودا (نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّ). چەندین ئاماژەی سرووش بەخشی تێدایە، وەك:-

١- بێگومان کاتێك خودا خۆی هەواڵی هاوەڵانی ئەشکەوتەکەمان پێ دەگەیەنێت، ئەوە دیاردەیەکە لە دیاردەکان رەحمەتی خودا بۆ ئێمەو، دیاردەیەکی فێرکارییشە کە فێرمان دەکاتو ئەوەی سوودی بۆمان هەیە لە چیرۆکەکانی پێشینان بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەمەش چاکەو فەزڵو ڕێز لێنانێکە لەخوداوە بۆ ئێمە.

٢- ئەو بارودۆخەشمان بیرناچێت کە ئایەتەکانی تێدا هاتوونەخوارەوە، ئەو دۆخەی کە موشریكو جوولەکەکان تیایدا پێغەمبەریان ﷺ (دەربارەی هاوەڵانی ئەشکەوتەکە) تاقی کردۆتەوە، بۆیە هەربەوەی کە خودا خۆی هەواڵەکانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیە گەیاندووە، هەر بەمە سەرکەوتنو پشتگیریی لە خوداوە تێدایە بۆی.

٣- هەمدیسان ئەم ڕەحمەتەی خودا دەشێت بە بەڵگەیەك لە بەڵگەکانی (پێغەمبەرێتی)و (شایەتی دانێکی خودا) بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ دابنرێت خۆ ئەگەر پێغەمبەر ﷺ نەبووایە ئەوا خوداش بۆی بەڕاست دانەدەناو شاهێدیی بۆ نەدەداو بۆی نەدەگێڕایەوە.

٤- وەسفکردنی گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەلایەن خوداوە بە (حەق): " نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّ " بانگەوازێکە بۆ ئێمە بۆ باوەڕکردن بە هەموو ئەو مەسەلەو رووداوانەی نێو چیرۆکەکەو بڕواهێنانیش بە ڕاستیو دروستیو بوونی لە واقیعدا سەرەڕایی ئەوەی کە چەند مەسەلەیەکی هەندەکی (جزئی)یشی تێدا

بێتو ملکەچی پێوەرە ماددیو دنیاییەکان نەبێت، چونکە عەقڵی باوەڕدار ئەو ڕاستییە بۆ خودا دەسەلمێنێت کەوا (قودرەتی بەکار)و (ئیرادەی بەجێگەیەنراو)و (خواستی ڕەها)ی هەیە کە هەموو جۆرە یاساو ڕێساو سوننەتێکی گەردوونی پێ دەگۆڕێت.

٥- هەروەها وەسفکردنی گێڕانەوەکە بە (حەق): (نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ ...) بانگەوازێکیشە بۆ ئێمە کە سیفەتی (حەق) بەدی بێنین، ئەو حەقەی، کە مانای: ڕاستگۆییو ڕاست پێکانو وجودی راستەقینە دەگەیەنێت لە توێژینەوەماندا لەمەڕ چیرۆکەکانی پێشینان لە قورئانداو، لەو مەیدانەی، کە تێیدا هەڵدەسووڕێتو، لەو سەرچاوانەی لێوەیان سوود وەردەگرینو، لەو بەرەنجامەش، کە دەریدەهێنین. بۆیە هەردەبێت هەموو ئەمانە بە سیفەتی ڕاستیو حەق وەسف بکرێت، ئەمەش تەنها بۆ سەرچاوە ڕاستو دڵنیاکارو جێی متمانەکان دەگونجێت کە قورئانی پیرۆزو فەرموودە راستەکان (الحديث الصحيح)ن.

بێگومان وەسفکردنی گێڕانەوەی چیرۆك لە بەسەرهاتەکەی هاوەڵانی ئەشکەوتدا بە(حەق)، بانگەوازێکە بۆ توێژەرو لێکۆڵیاران، کە تەنها پشت بەگێڕانەوە ڕاستگۆیانە حەق بێژەکەی خودا ببەستنو ڕوو نەکەنە ئەو سەرچاوانەی تر، کە چەندین دەقی ئیسرائیلیو ئەفسانەو شتی پڕوپووچیان لەخۆگرتووەو، تەنانەت پێویستە ئەو جۆرە سەرچاوە ڕاستانە تێبپەڕێنن، پشتگوێیان بخەنو، هەموو جۆرە ڕیوایەتێکی لێ وەرگیراوەیان بەلاوەنێن.

٦- وشەی (نبأ) لە ئایەتەکەدا: (نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّۚ) مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە چیرۆکی هاوەڵانی نێوئەشکەوتەکە گرنگە، چونکە وشەی (نبأ) بەو هەواڵو بەسەرهاتە گرنگانە دەگوترێت، کە لە هەمان کاتدا راستیشن.

" إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ "

خودای مەزن هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەی بەچەند لاوێك (فِتْيَةٌ) وەسف کردووە: ﴿إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ الكهف﴾.

وشەی (فِتْيَةٌ) کۆی (فتی)یە.. لە عەرەبیدا (فتی)بەو لاوە دەگوترێت کە لە سەرەتای تەمەنی گەنجێتی دایەو لە مێردمنداڵ، یان لە نەوجەوان (غلام) گەورەترەو لە گەنج (شاب)یش بچووکترە.

قۆناغی گەنجی (مرحلة الفتوة) قۆناغی جۆش سەندنو جموجۆڵو چالاك بوونەو هەروەها قۆناغی بەخشینو بەرزیو پابەندییە."گەنجێتی" سیفەتێکی ستایشکراوە لە قورئانداو خاوەنەکەشی ستایشکراوە لەکاتێکدا ئەگەر باشترین کردەوەو گەورەترینو بەرزترین ئاکار بنوێنێت.

بۆ نمونەش (ئیبراهیم) (سلاوی خودای لێ بێت) کاتێك بتەکانی گەلەکەی تێکشکاند، بەگەنجێکی تازە پێگەیشتوو (فتی) وەسفیان کرد: ﴿قَالُواْ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ ﴿٦٠﴾ الأنبياء﴾، واتە: (بیستمان گەنجێك کە ناوی (ئیبراهیمە) باسی بتەکانی دەکرد کە نابێت بپەرسترێن) ئەوان بەم وەسفە مەبەستیان بەکەم دانانو سەرزەنشتکردنو تاوانبارکردنی بووە، وەك ئەوەی لەبارەیەوە بڵێن: (ئەو گەنجێکی بزێوو سەرکەشەو لە ئاکامی کردەوەکانی نازانێتو هەست بە ئەنجامی رەفتارەکانی ناکات. خۆ ئەگەر گەورەو پێگەیشتوو بوایە خۆی لەقەرەی ئەو کارە نەدەدا).. بەڵام ئێمە لە وەسفکردنیدا بە گەنجێتی (فتوة)و لە

ستایشکردنی تێدەگـەین، کـە لەڕاسـتیدا ستایـشی رەفتارەکـەی کـراوە، چـونکە گەنجێتییەکە پاڵنـەری بـووە بـۆ بەربـەرەکانێکردنی کـاری خراپـەو تێکـشکاندنی بتەکانو هەر گەنجێتییەکەشە رێی نەداوە، کە حەوسەڵەی بینینی خراپەو نارەواییی هەبێتو، هەر بۆیەش هەنگاوی بۆ تێکشکاندنەکە ناوە. گەنجێتی لاوی موسـڵمانو پابەندی بە دینەکەشیەوە، سەرچاوەی تۆمـەتبارکردنیو سەرزەنـشتکردنیو بەکـەم گرتنیەتی لەلایەن دوژمنانی ئیسلامەوە. ئەوەتا بەچەند گەنجێکی سـەرەڕۆو چـەند لاوێکی بێباكو بزێویان دادەنێنو دەڵێن: (گەر ئەوان چەند پیاوێکی گەورەبوونایـە ئەوا هوشیارو داناو زیرەكو پێگەیشتوو ئەبوون). لەکاتێکـدا گـەنجێتیی ئـەو لاوە پابەندانـە کانگـای هیممـەتو ووزەو هـەوڵو کۆشـشو چـالاکییانەو هەمیـشەش بـەروبوومی پێگـەییوی گـەنجێتی راسـتگۆیانەو پابەنـد بونیانـە. هـەروەها لاوان هۆکاری گۆرانکاریو چاکسازیـشنو بانگـەوازەکانیش هـەر بـەهێزو توانـای لاوان بەڕێوەچوون گۆڕانکاریش تەنها بەکۆششی ئەوان بەدی دێـت، زۆربـەی هـەرە زۆری لایەنگرو شوێنکەوتوانی پێغەمبەران وبانگەوازکارو چاکسازانیش هەر لاوان بوون.

جا لەبەرئەوەی لاوان کاریگەریـەکی دیاریـان هەیـەو لەبەرئـەوەش دوژمنـانی موسڵمانان لەم سەردەمەدا سورن لەسەر ئەوەی کە نابێت موسڵمانان سوود لە وزەو ورەی لاوەکانیان وەربگرنو، بۆیە رژدن لەسەر ئەوەی کـە نـاخی فیکـرو عەقیـدەو بڕوایان داگیر بکەنو بیانخەنە نێو گێژاوی ون بـوونو بـێهودەیی یـەوەو جـوامێری وورەو چالاکییان لەناوبەرنو، رێنمایان بکەن یان بۆ شتە کەم بایەخو بێنرخـەکانو چەند کاروبارێکی لابەلای ژیان.

بێگومان لە مەوبەر هێندەی ئەم زەمانە لاوانی موسـڵمان دژایـەتی نـەکراونو وەك ئەمڕۆش غـەزوی فیکریی یان لەسەر نەبووە. موسڵمانان لە مەوبەر وەك ئەمڕۆ توشی کارەساتی جەرگبڕ لە نێوان ڕیزەکانی لاوانیانـدا نـەبوون..تەنانـەت هـەرگیز موسڵمانان لە رابردوودا وەك ئـەمڕۆ لاوەکانیـان گـومڕاو سـەرگەردانو سـەرنگوم

نـەکراون. داخـۆ نەتـەوەش چـەندە زیـانی لێ بکـەوێت کاتێـك لـە سـەنگەری لاوانیەوەتوشـی کارەسـات دەبێـت وکاتێـك لـەنێو نەوجـەوانان وگەنجـە تازەپێگەیشتوەکانیەوەمەینەتی بەسـەردا دەبارێـت. لـە کاتێکـدا لاوان کۆڵەکـەی نەتەوەو جێ ئومێدی گەورەی نەتەوەن. بەلاّم نەتەوەی موسڵمان هـەموولاوانی لـە دەسـت نـەداوەو، چـونکە هێـشتا چـەندەها لاوی سـالح وبـاش وچـەندین گـەنجی هەڵـسوڕاوی تێـدا مـاوەو فەرمایـشتو وەسـفی خـوداش کـە بـۆ لاوانـی نێـو ئەشکەوتەکەیەو, ئەوانیش دەگرێتـەوە: ﴿...إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ الكهف﴾، چـونکە ئـەم لاوانـەی ئـەمڕۆمان ڕوویـان کردۆتـە ئـاینی ئیسلامەکەیانو بـە تـەواوی ناسـیویانەو راسـتگۆیانەش پابەنـدبوون پێـوەی و بـە هیممەتو گورج وگۆڵیو دڵسۆزیـشەوە بانگـەوازی بـۆ دەکـەن.. لاوانـی ئێمـەش ئەوانەن کە (إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمْ): کاتێك باوەڕیان بە خودای پەروەردگاریان هێناوەو ڕیبازەکەیان هەڵبژاردووەو ئیدی خوداش راستگۆییو دڵسۆزی لێ بینیونو بەم هۆیەشەوە کۆمەكو هانایان لەلایەن خـوداوە پێگەیـشتوەو ئەوەیـە کـە زیـاتر ڕێنمایی کردوون بۆ سەر ڕێبازە راستەکەیان.

ئەم ئایەتە دەیەوێت جەخت لەسەر ئەو حەقیقەتـە قورئانیـە ڕاسـتگۆیانەیە لـە بابەتی باوەڕداریو ڕێی راست گرتنەبەردا بکات، کـە ئەوەیـە: بێگومـان مرۆڤـی باوەڕدار خۆی ڕێی خۆی هەڵدەبژێرێتو کاتێك ڕێی باوەڕداریەتی هەڵدەبژێرێتو بـە دڵسۆزیو پابەندیو ڕاستگۆییو پەرۆشییەوە ڕوویتێدەکاتو باوەڕی بەهێز دەکات. خۆ ئەگەر ئەوکەسە خۆی هەنگاوی یەکەم نەنێتو ڕێی ڕاست بە کردەوەو دڵـسۆزی هەڵنەبژێرێتو، ئـەوا خـوداش هیدایـەتو ڕێنمـایی پـێ نـاداتو وێـڕای ئـەوەی نەخوازەڵا بۆی زیاد بکات. بۆیە ئەرکی تۆ تەنها هەڵبژاردنی ڕێگاکەیـەو خـوداش (ئەوەی هەڵیدەبژێرێت) بۆت زیادو زۆرتـر دەکـاتو کۆمـەکت پـێدەدات، سـائیتر

باوەڕداربیت، یان بێ باوەڕو، لەسەررێیی ڕاست بیت یا گومڕایی. ئەمەیە ئەو سوونەتەی خودا کە لە چەند ئایەتێکی قورئاندا بڕیاری لەسەر داوە، وەك ئەم ئایەتانە: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾ وَمَنْ أَرَادَ ٱلْـَٔاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا ﴿١٩﴾ كُلًّا نُّمِدُّ هَـٰٓؤُلَآءِ وَهَـٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا ﴿٢٠﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ وَلَلْـَٔاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَـٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا ﴿٢١﴾﴾ الإسراء. واتە: (هەرکەسێك خۆشیو شادیی هەر لەدنیادا دەوێت (ئەوا ئێمەش بەخواستی خۆمان) ئەو شادیو ئاواتە بەپەلەیەی دنیای بۆبەدەست دێنین، پاشان بەبێزراویو دەرکراولە ڕەحمەتی خودا دەچێتە نێو دۆزەخەوەو بەگڕوتینی ئاگری دۆزەخ دەبرژێنرێت جاهەر کەسێکیش خوازیاری خۆشیو شادیی ڕۆژی دواییەو بەئیمانداریتیو خواپەرستی یەوە هەوڵی تەواوی بۆ دەدات، ئەوا ئەم جۆرە کەسانە هەوڵو کۆششیان بەفیڕۆ ناچێتو پاداشتیان لەبەرچاوە. ئێمە کۆمەکی هەریەکە لەوان (چ دنیاپەرستانو، چ کۆششکارانی ئاخیرەت) دەکەینو هەموو لایەکیان لەنێو بەخششو کۆمەکی خوادانو، بەخششی پەروەردگاریشت لە کەس قەدەغە نەکراوە، جا بڕوانە چۆن هەندێکیانمان لە هەندێکی تریان جیاکردۆتەوەو فەزڵی باوەڕو ڕێی ڕاستمان بەهۆی هەوڵو دڵسۆزیی خۆیانەوە پێداوە.

دیارە لە ڕۆژی دواییشدا پلەو پایەو فەزڵو سەرخستنی زیاتر بەو تاقمەی دووەم (باوەڕداران) دەدرێت.

" وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ "

لاوە باوەڕدارە ڕێنماییکراوەکانی (هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە) لەنێو کەسانێکی کافرو بێباوەڕدابوون پێچەوانەی ڕێبازی کافرانیان گرتبووەبەرو لایەنی حەقو ڕێگای باوەڕیان هەڵبژاردبوو ئەوەبوو دڵیان بۆ باوەڕ والآ کردو کاتێ باوەڕیش چووە نێو دڵەکانیانەوە خودا زیاتری کرد بۆیان، باوەڕو هیدایەتی زیاتریشی پێ بەخشین بە شێوەیەك کە هەموو دڵەکانی ئەوانی لێ پڕکرد.

دوای ئەوەش دڵەکانیان پڕ بوو لە ئیمانو هیدایەتو، خودا ئەو دڵانەی جێگیرو بەئارامو دامەزراو کرد کە ئارامیو ئازایەتیی تێداچاند، هەموو ئەمانەش مانای ئەم دەستەواژەیەی نێو ئایەتەکەیە (وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ).

مانای (وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ) واتە: (ثبتناهم علی الایمان= لەسەر باوەڕ جێگیرو دامەزراومان کرد)، ئیدی جێگیربوون لەسەری بەوپەڕی توندو تۆڵیو ورەو ئارامیو سوور بوونەوە. من خۆم (نووسەری ئەم کتێبە) زۆرسەرسامم بەو دیمەنە قەشەنگەی کە ئەم رستەیە پیشانی دەدات، بەجۆرێك سەرسامیشم کە وێنەی دڵەکانیان لەبەرچاومە چۆن پڕبوون لە باوەڕو هیدایەت، ئەمەش زیاتر هاوشێوەو وێکچووی گۆزەیەکی پڕ لەئاوە کە خاوەنی گۆزەکە توند سەرەکەی دەبەستێت تاکو ئاوی لێ نەڕژێتو ئاوەکەی تێدا لەنێودا بمێنێت.

جائەو دڵانەی کەباوەڕو هیدایەتیان هەڵبژاردووەو ترسی ئەوەیان لێ دەکرێت کە لە نێوەندی فیتنەو بەڵای قەومی کافراندا (باوەڕو هیدایەتەکەیان لێ بکەوێتو بڕژێت) ئەوا خودا خۆی ئەو دڵانەی جێگیر کردووەو دەمە کانیانی بەستووە تاکو ئیمانو هیدایەتەکەی نێویان بهێڵێتەوە.

جا ئەو دڵانەی کە باوەڕ هەڵدەبژێرن ئاتاجیان بە جێگیربوونو دامەزراوەیە، تاکو ئیمانیان لێ کەم نەبێتەوە، یان لێ ون نەبێت، وەك خودا بە باوەڕدارانی جەنگی (بەدر)ی فەرمووە: ﴿...وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ ٱلشَّيْطَٰنِ وَلِيَرْبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلْأَقْدَامَ ﴿١١﴾ الأنفال﴾. واتە: (ئەوەبوو خودا بارانیشی لە ئاسمانەوە بۆ باراندن تاکو خاوێنتان بکاتەوە پێیو وەسوەسەو دڵە خورپەی شەیتانیشتان لێ دوورخاتەوەو، پاشان دڵتان بەهێزو دامەزراو کاتو جێگیربن لە مەیدان).

" إِذْ قَامُواْ فَقَالُواْ "

خـــودا ده‌فـــــه‌رموێت: ﴿ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُواْ فَقَالُواْ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَـٰهًا لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴿١٤﴾ الكهف ﴾

بێگومان لاوه‌ باوه‌ڕداره‌كان (هاوه‌ڵانی نێو ئه‌شكه‌وت) به‌ چه‌ند قۆناغێكی یه‌ك له‌دوای یه‌ك‌و پله‌ به‌پله‌ی ڕێگه‌ی ئیماندا تێپه‌ڕیون، كه‌ به‌م ڕه‌نگه‌یه‌:-

١- ئه‌وان، یه‌كه‌مجار باوه‌ڕیان بـه‌خودای پـه‌روه‌ردگاریان هێنـاوه‌و داوای ره‌حمـه‌ت‌و شاره‌زایی‌و ڕێنماییان لێ كردووه‌. خوداش به‌ده‌م داواكه‌یانه‌وه‌ هـاتووه‌و بـاوه‌ڕو شاره‌زایی‌و هیدایه‌تی زیاتری پێ داون.

٢- هه‌روه‌ها ئه‌وان كه‌رامه‌ت‌و ڕێزو نیعمه‌تیان له‌خودا وه‌ چنگ كـه‌وتووه‌و، خـودا خۆی دڵیانی دامه‌زراو كردووه‌و پڕی كردووه‌ له‌باوه‌ڕ بۆیـان، تـاكو ئیمانه‌كـه‌یان به‌زیندوویی تێدا بهێڵنه‌وه‌.

٣- ئـه‌وان دوای ئه‌مـــه‌ش بـــه‌ وره‌و هیمه‌تـــه‌وه‌ جووڵانه‌تـــه‌وه‌و بـــه‌ چـالاكی‌و كۆششكردنیـــشه‌وه‌ گـــه‌ڕاون‌و به‌ڕاشـــكاویی ڕایانگه‌یانـــدووه‌، كـــه‌ خـــودای په‌روه‌ردگاریان به‌ته‌نها په‌روه‌ردگاری ئاسمانه‌كان‌و زه‌وییشه‌، ئیـدی ئـه‌وان جگـه‌ له‌م خودایه‌، هیچ خواوه‌ندو په‌رستراوێك بۆخۆیان دانانێن، بۆیه‌ ئه‌و گه‌له‌یان، كه‌ په‌رســتراوێكی دی، جگــه‌ لــه‌خودا ده‌په‌رســتن به‌هه‌ڵه‌داچــوون. ئـه‌م قۆناغــه‌ی سێیه‌میش قورئان گوزارشـتی بـه‌م فه‌رمایـشته‌ی خـودا لــێ‌كردووه‌: ﴿...إِذْ قَامُواْ فَقَالُواْ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَـٰهًا لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴾

﴿إِذْ قَامُواْ﴾ لەم ئایەتەدا كە بەمانای (كاتێك هەستان.. یان كاتێك جوولاّنو كەوتنەخۆ)، یان بە هەر مانایەكی زمانەوانیی هاوشێوەی تر دێت، چەند بیروڕایەكی لە زانایانی تەفسیرەوە لەسەر دەربڕاوەو ماناكانی هەستانو كەوتنە خۆ (القیام)یان لەم چەند خاڵەدا ڕوون كردۆتەوە:

١- هەندێك لەزانایان گوتوویانە: ئەوە هەستانێك بووە لەو لاوانەوە بە ڕووی پادشا بێ باوەڕەكەدا.. ئەمەش سیفەتێكی هەستانیانە لەبەردەمیداو، پادشاكەش پێی زانیون، كەوا سەرپێچی لە ئایینی ئەو دەكەن، بۆیە مەسەلەكەیان خراوەتە بەرچاوی‌و، پاشان خۆیشیان براونەتە لای پاشاو پێی گوتراوە: ئەمانە خۆیان لە ئایینی تۆ دابڕیوەو باوەڕ بە تۆ ناهێنن، پادشاكەش فەرمانی پێكردوون، كە وانەكەن، بەلاّم ئەوان لەسەر حەق جێگیربوونو پێیان گوتووە: (ربّنا رب السموات...) ئەم بەسەرهاتە گەر بەڕاستی لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕرابێتەوە ئەوا پەسندە، بەلاّم گەر بە فەرموودەی (صحیح) لێیەوە ڕیوایەتی نەكرابێت ئەوا ئێمەش نایلێینەوە.

٢- هەندێك لە زانایانی تری تەفسیر گوتوویانە: ئەو لاوانە لە كوڕانی گەورەپیاوانی شارەكە بوونو لەوشارە دەرچوونو لە قەراغی شار (بەبێ بوونی وادەیەكی نێوانیان) كۆبوونەتەوەو یەكێكیان گوتوویەتی: (من لەدڵی خۆمدا وای دەبینم كە خودای پەروەردگارم، خودای ئاسمانەكانو زەوییە)، ئەوانیش گوتوویانە: (ئێمەش لە دڵی خۆماندا هەمان شت دەبینین). ئنجا هەموویان هەستاونو گوتوویانە (ربّنا ربّ السموات والارض) ئەم شیكارەش لە ڕیوایەتە ڕاست (صحیح)ەكانی فەرموودەدا (دەربارەی ئەم جۆرە هەستانە) دەقێكی لەسەر نەهاتووە.

٣- هەندێكی تر لە زانایانی تەفسیر گوتوویانە: قورئان لێرەدا هەستان (قیام) گوزارشتی لە جیابوونەوەو دەرچوون لەگەلەكەیانو، سووربوونیان لەسەر هەلاّتن

بۆ لای خودا، کردووە، وەك چۆن بڵێیت: فلان کەس هەستاو کەوتەخۆ بۆ فلان کار، ئەگەر ئەوکەسە بەوپەری جیددیو پەرۆشییەوە بەتەمای ئەوکارە بێت[1].

بەڵام ئێمە مەسەلەیەکی تر لە وشەی هەستان (قیام) لەم جێگەیەدا تێدەگەین. لەوانەشە هەستانێکی ڕاستەقینەی هەست پێکراو بێت بەمانای وەستان (وقوف) بەو ڕەنگەی کە ڕێگەی خودایان هەڵبژاردبێتو خوداش دڵیانی جێگیرو دامەزراوکردبێتو ئینجا ئەوان هەستابنو راوەستابنو بەئاشکراو بەڕاشکاوی ڕاپانگەیاندبێت کەخودای پەروەردگاری ئەوان، خودای ئاسمانەکانو زەوی یە، هەروەها دەشێت مەبەست لەهەستان (قیام): (اذا قاموا) کۆششو لێکۆڵینەوەو بایەخ دانو پەرۆشیو ماندوو بوون بێت، چونکە ئەوان جیددیو ڕاستگۆبوون لە هەڵبژاردنی ڕێگای خواداو، پاشان بەجوامێریو ورەو ئیرادەوە پەیڕەویی ڕێگاکەیان کردووە.

هەروەها شێوازێکی دی لە هەستانەکەیان تێدەگەین، ئەویش بزاوتنو کۆششو هەوڵدانە، بەمانای ئەوان باوەڕوئیمانیان تەنها لەبازنەی زانیاری یەکی تیۆری (نظري)و فیکریو عەقلیدا دانەناوەو، هەر تەنهاش بەڕۆشنبیری یەكو مەعریفەیەكو شارەزایی یەك دانەناوە، بەڵکو هەنگاوێکی تریان ناوە کەبە بەروبوومێکی سروشتی وئەنجامێکی لۆژیکی (منطقي)ی مەعریفەی هزرو ڕۆشنبیری وعەقلی دادەنرێت، ئەوەش لەکاتێکدا بووە کەهەستاونو جووڵاونو کۆششیان کردووە.

بێگومان هەستانو کۆششکردنیشیان هۆکارێك بووە لە بەهێزکردنی باوەڕیانداو، پاشان بزاوتو جموجوڵو هەنگاوە کردەیی (عملی)یەکەشیان زۆر پێویستو تەواو کەری باوەڕەکەیان بووە. کەوابوو هەر دەبێت باوەڕ ئیمانمان زیندوو کاراو بەهێز بێت، وەك ئیمانی ئەو لاوانە هەردەشبێت کە ئەو ئیمانە پێشەواو

(١) القرطبي/ ١٠: ٣٦٥-٣٦٦.

ڕێنیشاندەرمان بێت بۆ هەنگاوە کردەیی یەکان وجم وجۆڵە دەرەکییەکان بەو ڕەنگەی ژیانمان هەمووی بەگوێرەی ئەو باوەڕەدا بڕێژینەوەو، پاشان هەربەو باوەڕەوە ڕووبکەینە لای کەسانی ترو بانگەوازیان بکەین بۆ لای ڕێبازی خودا.

بێگومان هەستانیش بە ئیمانو ئیسلامەوەو بە جێگیربوون لەسەری‌و بە بانگەواوکردنی بۆ لای ئاتاجی بە چەند دڵێکە کە هەڵبژێری ئەو باوەڕەنو پاشان لێی پڕ دەنو، ئینجا داوا لەخوداش دەکەن کەبەهێز ودامەزراویان کات، چونکە کاتێك خودا دڵانی لاوەکان (هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە)ی لەسەر باوەڕ دامەزراوو جێگیرکردووە، هیواو ورەو هیممەتیشی پێ بەخشیونو، ئەوانیش بەباوەڕەکەیانەوە هەستاون.. هەموودڵێکی باوەڕدارو جیهادکاریش هەمیشە ئاوان، بێگومان قورئان داوای ئەو هەستانو هەڵوێستەمان لێ دەکات کەهەموو کارێکی بایەخدانو هیممەتو ورە لەگەڕانو لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لەخۆ دەگرێت، ئەگەر ئەم کارانەش بەجێ بگەیەنرێت ئەوا مرۆڤ باوەڕو پابەندیی هەڵدەبژێرێت.. خودا فەرموویەتی: - ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ (٤٦) سبأ﴾. واتە پێیان بڵێ من یەك پەندو دەرس بەئێوە دەگەیەنم ئەوەیە کە دوو دوویان یەك یەك لەپێناوی خوادا هەستنو ئیمانو ئیسلام وەرگرن، پاشان بیربکەنەوە لەوەی کە هاوەڵەکەتان (واتە پێغەمبەری خودا ﷺ شێت نیەو هیچ جۆرە شێتییەکی بەپڕوپاگەندەی ئێوە تێدا نیە، بەڵکو ئەو ترسێنەرێکە بۆتان لەبەردەم سزایەکی سەخت دا".

شتێکی سەیرو سەمەرەش لە ڕێبازی سۆفیگەرییدا هەیە، ئەوەیە گوایە ئەوان پەیوەستن بە هەستانەکەی هاوەڵانی ئەشکەوتو ئەو وتەیەیانەوە کە گوتیانە: (ربنا رب السموات والارض) ئەمەشیان کردۆتە بەڵگەیەك بۆخۆیان لەسەر شیاوبوونی ڕاوەستانیانو حەرەکاتیانو سەماو خۆبادانیان لە هەڵقەکانی زیکرو دەروێشیو سروودبێژیدا..

ئیمامی (قرطبـي)یش وەڵامی ئەو پەیوەستبوونەی سـۆفیەکانی وەهاداوەتـەوە کە بەڵگە هێنانەوەکەیانی پووچەڵ کرۆدتەوەو گوتوویەتی: "ئەمە پەیوەست بوونێ ناڕاستە، چونکە لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکە هەستاونو یادو زیکـری خودایـان لـەو بارەیەوە کردووە کە ڕێنمایی کردوون بۆ ڕێی ڕاسـت، هـەروەها سوپاسـی خودایـان لەسەر بەخشش ونیعمەتەکانی کردووە..ئیدی ئەمەلە کوێ وئەو ڕەفتارەی سـۆفیو درەوێشەکان لەکوێ کە پـێ بەزەویـدا دەدەنو سـەمادەکەنو شـان هەڵدەتـەکێنن، بەتایبەتیش لەم زەمانەدا کە لەکاتی بیستنی دەنگە ناسـکەکانی منـداڵو ژنانـدا حاڵیان لێ دێتو ئەو سەمایانە دەکەن.. بەڕاستی نێوانیان واتە: (نێـوانی ئـەمانو لاوانی نێو ئەشکەوتەکە ئەرزو ئاسمانە) پاشان ئەو نەریتەش لەلای کۆمەڵی زانایان حەرامە. ئیمـام (ابـوبکری طرسوسـي)یـش دەربـارەی (ڕێـچکەی سـۆفییگەریی) پرسیاری لێ کراوەو لە وەڵامدا گوتوویە: (سەماکردنو حاڵ لێ هـاتن یەکـەم جـار هاوڕێ یانی (سامیری) دایانهێنا، ئەوەبوو دوای ئەوەی جەستەی گوێرەکەیەکی لـە ئاڵتوون بۆ کردن، کە هیچ گیـانێکی تێدانـەبووو دەنگێکـی وەك بـۆڕەی مانگـای لـێدەهات، کەوتنە سەماکردن بەدەوری داو حاڵیان لەخۆیەوە دەهێنا)[1].

---

١) (القرطبـي/ ١٠٣٦٦)

"لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم بِسُلۡطَٰنِۭ بَيِّنٖۖ"

هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە هەستانو گوتیان:﴿رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَن نَّدۡعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهٗاۖ لَّقَدۡ قُلۡنَآ إِذٗا شَطَطًا ١٤﴾ الكهف، هەروەها هەستانو گوتیان ﴿هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمُنَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗۖ لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم بِسُلۡطَٰنِۭ بَيِّنٖۖ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا ١٥﴾ الكهف.. بێگومان ئەو ڕێبازەی تریان دەپەرست و، چەندین خواوەندیان لەجیاتی خودای پەروەردگار بۆ خۆیان دانابوو. بۆیە داوایان لەگەلەکەیان کرد، کە بەڵگەو پاساوو پاکانەو نیشانەیەکی ڕوونو ئاشکرایان لەسەر شیاو بوونی ئەو باطیلەی لەسەری بوون، پێ بدەن، پاشان بڕیاری ئەنجامی ئاساییان لەسەر ئەوەدا، ئەنجامەکەش ئەوەبوو کە: (بێگومان هیچ کەسێك ستەمکارترو زۆردارتر نیە لەوکەسەی درۆ بۆ خودای پاكو میهرەبان هەڵدەبەستێتو، هاوبەشی بۆ دادەنێتو شتی تری لەگەڵدا دەپەرستێت.

جا بۆیە وتەی لاوەکان: "لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم بِسُلۡطَٰنِۭ بَيِّنٖۖ" واتە (بۆچی بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرا لەسەر شیركو بێباوەڕییتیەکەیان ناخەنە بەرچاو)؟!

ئەم وتەیە حەقیقەتێکی بنەبڕ (قاطع)ی قورئان دەخاتە ڕووو بڕیار لەسەر ڕێسایەکی زۆر پێویستی قورئانیش لەبابەتی عەقیدەو فیکرو بیرو ڕاکاندا دەدات.

(لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم بِسُلۡطَٰنِۭ بَيِّنٖۖ) ئەریٚ بۆچی بیانووو بەڵگەو پاساوێك لەسەر ڕێچکەو ڕێبازی خۆیان ناهێننەوە؟!.. لێرەدا پیتی (لولا) پیتی مەرج (حرف شرط) نیە، بەڵکو پیتی هاندانو پاڵنانە، چونکە ئەگەر لەدوای (لولا)وە فرمان (فعل) هاتبێت، ئەوابە پیتی ئامرازی هاندانو پاڵنان دادەنرێتو، بەمانای (هلا) دێت، واتە (بۆچی)؟!

خۆ ئەگەر لەدوای (لولا) ناو (اسم) هەبێت ئەوا به پیتی مەرج (حرف شرط) دادەنرێت که پیتی (امتناع لوجود)ه.

بێگومان قورئانی پیرۆز دەیەوێت خەڵکی هەموویان بە ئاکارێکی زانستیو مەنهەجیو بابەتیانەوه له مەسەلەی عەقیدەو فیکرو بیروڕاو تێڕوانینیاندا بجووڵێنەوەو، فیکرو ڕایەکی وەها وەرنەگرن، گەر لەگەڵ ڕاستیدا نەگونجێتو، گەر لایەنه زانستیو مەنهەجیو بابەتیانەکەشی تیادانه بێت.

جابۆ ئەوەی ئەم سیفەته هەره پێویستەی ڕێبازه پەیرەوکراوەکەیان بەدی بهێنن، دەبێت نیشانەو بەڵگەو پاساو لەسەر بیروباوەڕیان بخەنه ڕووو ئەو بەڵگەو پاساوەش دەبێت ڕوونو ئاشکرا بێتو هەموو عەقڵێکی ساغ پەسندی کاتو لەگەڵ هەموو دانایی یەکی ڕاستیشدا بگونجێت.

خۆ ئەگەر هەرمرۆڤێك بەڵگەو پاساوو نیشانەیەك لەسەر ئەوەی باوەڕی پێی هەیه، یان لەسەر ئەوەی که به وتن دەری دەبڕێت، داوابکاتو تەنانەت هەر بیروڕاو فیکرو ڕێسایەکیش لەسەر بنچینەی بەڵگەیەکی ئاشکرابێت بخاته لاوه، ئەوا خەڵکی واز له زۆربەی وتەکانو بیروباوەڕەکەیان دێننو بەمەسەله بەڵگەنەویسته دانپێدانراوەکانیان دادەنێن بەڕاستی ئەمڕۆ زۆربەی ئەو بیروباوەڕو ئەفکارو ڕێساو تیۆرو دروشمانەی له جیهاندا بڵاوبوونەتەوه له بێئاگاییو بۆشایییەکی توێژینەوەی زانستیو مەنهەجیو بابەتیانەدانو پێویستیان به بەڵگەو نیشانەو پاساوی ڕەوایه.

قورئانی پیرۆزیش داوای بەڵگەو نیشانه له خەڵکی دەکاتو ئەم داوایەشی بەتایبەتی خستۆته بەرچاوی کافرانو لەسەرفیکرو بیروڕاو ڕێساکانیان گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات.

خودای مەزن لەبارەی دیاریکردنی شته حەرامکراوەکانەوه فەرموویەتی ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ

مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَـٰنًا وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾ الأعراف ﴾. واتە "بڵێ بێگومان خودای پەروەردگار هەموو درۆو گوناهـ و سەرپێچی یەکی ناشیرینی چ بەکردار، یان بەگفتار بێتو، چ بە ئاشکراو دیار بێت، حەرام کردووە، وەك ئەو کردارانەی، کە بە دەستی ئەنقەست دەکرێت، وەك کوشتنو زیناو دزیکردن، یان بە پەنهانیو شاراوە بێت، وەك کردارە ناوەکییەکانی دڵ لە مەسەلەی حەسوودیو نیازی خراپ، هەروەها بڵێ: خودا هەموو جۆرە سەرپێچییەك، کە (گوناهـ)ی لێدەکەوێتەوەو هەموو جۆرە ستەمو دەستدرێژیەکیشی بۆ سەر خەڵکی، کە بە ناهەق ستەمیان لێدەکرێت حەرامکردووە، هەروەها شەریكو هاوبەش بۆ خودا دانانیشنی حەرام کردووە، کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەناردۆتە خوارەوەو، پاشان ئەوەشی لێ حەرام کردوون، کە لەخۆتانەوەو بەبێ بەڵگەو وتەو قسەی وەها لەسەر خودا دەربڕن، کە زانستتان لەسەری نیە.

هەروەها قورئان وتەی ئەو موشریکانەشی هێناوە، کە کوڕیان بۆ خودا داناوەو، بەوەش وەڵامی داونەتەوە، کە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر ئەو وتەیەیان نیە:

﴿ قَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ۗ سُبْحَـٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ۖ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ إِنْ عِندَكُم مِّن سُلْطَـٰنٍۭ بِهَـٰذَآ ۚ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٨﴾ يونس ﴾.

هەروەها قورئان جەختی لەسەر ئەوەش کردووە، کە ئەو موشریکانەی هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر شیركو هاوبەش بۆ خوادانانیان نیەو وێڕای ئەوەش سوورن لەسەر نەریتی هاوبەش بۆ خوادانانەکەیانو مشتومڕ لە ئایەتەکانی خوادا دەکەن ئەوە بێگومان بەهۆی خۆ بەزل زانینیانەوەیە لەناخی خۆیاندا، وەك دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَـٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَـٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۙ إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَـٰلِغِيهِ ۚ وَمَا .. ﴿٥٦﴾ غافر ﴾

واتە" ئەوانەی مشتومڕ لە ئایەتو نیشانەکانی خوادا دەکەن بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکیان لەخوداوە بۆ هاتبێت ئەوانە لەدڵیاندا نەریتی خۆ بەزل دانانو ئێرەیی پێبردنیان هەیە. بەڵام بێئەوەی بگەن ئەو مەبەستانەی خۆ بەزل دانانو ئێرەیی پێ بردنە".

لە شوێنێکی تری قورئاندا، خودا فەرمانی بەپێغەمبەری خۆی (محمد) ﷺ کردووە، کە با بەرپەرچی موشریکان لە پەرستنی بتو پەیکەرەکان بداتەوەو پووچەڵیان بکاتەوە، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەری نیە وەك دەفەرموێت "

﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلْأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰٓ ﴿٢٢﴾ إِنْ هِىَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ النجم ﴾.

واتە: (ئەی ئەوانەی هاوەڵ بۆ خوادادەنێن، ئایا دەتوانن هێزو توانای ئەو بتانەم پێ ڕاگەیەنن کە (لات ـــ ی پەرستگەی ـــ قورەیش)و (عوززا ـی پەرستگەی ـــ طائیف)و (مەنات ـی پەرستگەی ـــ بنو کعب)نو، ئایا ئەی موشریکان، ئێوە وای دادەنێن، کە ئەم بتانە کچانی خودان، ئایا کوڕەکان بۆ خۆتان دادەنێنو، کچانیش لە مێینە بۆ خودا دادەنێن، بەڕاستی ئەمە دابەشکردنێکی ناتەواوو نارێکە، بێگومان ناوی ئەو بتانەش (لاتو عوززاو مەنات) چەند ناوێکی دانراوی خۆتانو، چەند شتێکی ناولێنراوی خۆتانو بابو باپیرانتانن و، خوداش هیچ بەڵگەو بیانوویەکی لەسەر ئەو مەسەلە دەسهەڵبەستانەی خۆتان نەناردۆتە خوارەوە، بەڵکو ئەوان بەو وتە ناڕاستو خولقێنراوانەیان، دوای گومانو هەواو ئارەزووی نەفسیان کەوتوون، لەکاتێکدا (محمد) ﷺ لەلایەن پەروەردگاریانەوە پەیامی ڕێی ڕاستی بۆ هێنان، کەچی سوودیان لێ وەرنەگرت".

بێگومان بێباوەڕان هیچ بەڵگەو بیانووو پاساوێکیان لەسەر ئەو بێباوەڕیو ڕێبازە پووچەڵە نیە، کە پەیڕەوی دەکەن، تەنانەت گەر هەموو تەمەنیشیان تێدا بەسەربەنو، ژیانی بۆتەرخانکەنو عەقڵو ژیرییان تیا بڕەتێننو، خۆیان بەگەڕانو خواستنو لێکۆڵینەوەوە ماندوو بکەن. چونکە بەڵگەو پاساوێ بۆ هیچ ڕێچکەیەك نیە، تەنها بۆ یەك حەقیقەت نەبێت، ئەویش حەقیقەتی پەرستراوێتیو پەروەردگارێتی خودای پەروەردگاری جیهانییانەو، پابەندییشە بە هەر فەرمانو حوکمو ڕێساو بنەمایەکەوە کە لەخوداوە ئاڕاستەی بەندەکانی کرابێت.

ئێمەش لەم سەردەمەماندا ئەو وتەیەی (هاوەڵانی ئەشکەوت، کە بەگەلەکەیان ڕاگەیاندبوو) بەو کەسانەی هاوچەرخی خۆمان دەڵێینەوە، کە لە بەرنامەی خودا دەرچوونو ڕێگەیەکی دی پیادە دەکەن، پێیان دەڵێین:

﴿ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمُنَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗۖ لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم بِسُلۡطَٰنِۭ بَيِّنٖۖ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا ﴿١٥﴾ الكهف ﴾؟!

" وَإِذِ ٱعۡتَزَلۡتُمُوهُمۡ "

دوای ئـەوەی لاوەکـان (هـاوەڵانی ئەشـکەوتەکە) گەیـشتنە ئـەو قۆناغـە لـە لێکۆڵینەوەو وەبەرنانی رێی راست، هەروەها دوای ئەوەی هێزی خۆیانو توانایان لە بەرامبەر هێزو توانای گەلەکەیاندا زانیو، دوای ئەوەش بۆیان دەرکەوت کە ئـەوان لەئاست ڕووبەڕووبوونەوەو گۆڕانکارییدا دەستەوسـانن، بڕیـاری خـۆ دابڕانیـان لـە گەلەکەیان داو، وایان بە چاکتر زانی کە بۆ ئەشـکەوتەکە بـڕۆنو، هەنـدێکیان بـە هەندێکی تریان گوت: ﴿وَإِذِ ٱعۡتَزَلۡتُمُوهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأۡوُۥٓاْ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ يَنشُرۡ لَكُمۡ رَبُّكُم مِّن رَّحۡمَتِهِۦ وَيُهَيِّئۡ لَكُم مِّنۡ أَمۡرِكُم مِّرۡفَقٗا ١٦﴾ الكهـف بـەمانای: بەهۆی ئەوەی بڕیاری خۆ دابڕانتان لەگەڵە کافرەکەتان داو، بڕیاری خۆبە دوورگـرتن لەو بەندایەتییە بێ ناوەڕۆکەی ئەوانتاندا کە چەند پەرسـتراوێکی تریـان لـەجیاتی خودا پەرستووە، لەبەرئەوە بەرەو ئەشکەوتەکە بڕۆنو پەنای بۆبەرن، چونکە ئـەوێ باشترین شوێنە بۆ دابڕانو، هەر لەوێش خودا باڵی رەحمـەتو بـەزەییتان بەسـەردا دەکێشێتو بەسـەرتاندا بڵاویدەکاتـەوەو شـوێنی شـیاوی نیـشتەجێ بوونتـان بـۆ دەڕەخسێنێـت.

" کـــەی لە گـەلەکـەیان دابـڕاون؟"

ئەو پرسیارەی خۆی دەردەخاتو قوت دەبێتەوە، ئەوەیە: کەی لاوە باوەڕدارەکان بڕیاری خۆ دابڕان لەگەلەکەیاندا ؟

وەڵامەکەش ئەوەیە، ئـەوان دوای دیراسـەکردنی ئـەو واقیعـەی تێیـدا دەژیـان بڕیاری خۆ لیّ دابڕانیانداوە، ئەوەبوو تەماشای هێزی گەلەکافرەکەیان کردو، بۆیـان دەرکەوت کە هـەموو دەزگـاو ئـامرازێکی هێـزو دەسـەڵاتیان هەیـەو، تەماشـای خۆیشیان کرد کە هیچ هێزێکی ماددیی ئەوتۆیان لەبەر دەست نیە.

ئەمەش مانای وایە گەر ئەوان رووبەڕووی گەلەکـەیان ببنـەوەو لەبەرامبـەریان بجەنگن، ئەوا جەنگێکی نابەرامبەر دەبێتو ئاکامەکەشی هەر پێشتر زانـراوە کـە ئەوان تێیدا سەرناکەون، ئیدی بۆچی جەنگێکی ئاوا بگێڕن؟!

پاشان بەوردی سەرنجی هەڵوێستو ئاکاری گەلەکەشیان داوە، کـە ئـەوان هـەر سوور بوون لەسەر کفرو بێ باوەڕیو گوێ لەهیچ وشەیەکی (بانگەواز بۆ باوەڕهێنان بەخودا) ناگرنو، بەدەم بانگەوازی خاوەن بانگەوازەکەوە ناچن، بەڵکو پەنا دەبەنـە بەر لەنێو بردنی، یان ئازاردانو ئەشکەنجەدانیو، یاخود کوشتنیو ڕژاندنی خوێنی، کەوا بوو هیچ سوودێك لەمشتومڕ لەگەڵ کردنیان، یان لەبانگەوازکردنیاندا نیە.

لەبەر ئەوە لاوە باوەڕدارەکان زانییان، کە هیچ سوودێك لە وجودیان لەگەڵیانـدا نەماوەو، هیچ توانایەکیش بۆمانەوە لەگەڵیاندا نەماوە، بەڵکو تەنانـەت دەترسـان لەوەی، کە بەڵایان بەسەردا بێننو لەباوەڕەکەیان پاشگەزیان کە نـەوە. بۆیـە هـیچ ڕێگە چارەیەکیان نەمابوو، تەنها خۆدابڕانو رووکردنە ئەشـکەوتەکە نـەبێت تـاکو لەگەڵ باوەڕەکەیاندا بژینو، خودای پەروەردگاریان تێدا بپەرستن بێگومـان بڕیـاری خۆدابڕانەکەیانو رۆشتن بەرەو ئەشکەوتەکەش، بڕیارێکی ڕاستو بەجێ بوو ولەگەڵ بارودۆخو واقیعیاندا دەگونجا، بۆیەش خودا نزاکـەی بـۆ گیراکـردنو، بـاڵی سـۆزو رەحمەتی بۆ کردنەوەو، وەك مەنزڵگایەکی هێمن بۆی سازکردن.

"ئایا ئێمـەش لە خۆدابڕاندا شـوێن پێی ئەوان هـەڵگرین"

هەندێك كەس لە موسڵمانان دەربارەی (خۆدابڕانی هـاوەڵانی ئەشـكەوت (لـە گەلەكـەیان) پرسـیارێك دەخـوڵقێننو دەڵـێن: (بـەو پێودانەگـەی كـە هـاوەڵانی ئەشكەوتەكە ئیماندار بوونو بڕیاری خۆ دابڕانیشیان ڕاستو دروست بووەو خوداش لە قورئاندا ستایشی هەڵوێستەكەیانی كردووە، ئایا دەشێت ئێمەش لـەوەدا شـوێن پێی ئەوان هەڵگرین؟ ئەی چ ئەركێكمان لەسـەرە ئەگـەر خۆمـان لـە گەلەكـەمان دابڕیو ڕوومان كردە ئەشكەوتو چیاكانو یان لە ماڵەكانی خۆماندا گۆشەگیربینو خۆمانیان لێ دابڕین!؟).

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: بـۆ مرۆڤـی موسـڵمان ناشـێت، كـە خـۆی لـە خەڵكی دابڕێتو بەجەستە لێیان جویَ بێتەوەو، پەیوەنـدییان لەگـەڵ بپـچڕێنێتو تێكەڵاوییان نەكاتو بانگەوازو ئاموژگارییان نەكات، بۆیە ناشێت لەم سەردەمەدا مرۆڤی موسڵمان لەخۆ دابڕاندا شوێن پێی هاوەڵانی نێو ئەشكەوتە هەڵگرێت.

" جیاوازی یەكانی نێوان ئێمـەو ئـەوان"

چەند جیاوازییەكی بنچینەیی لەنێوان واقیعی ئەمڕۆی موسـڵمانانو هـاوەڵانی ئەشكەوتەدا هەیە، ناشێت كەواقیعی موسڵمانان بەهەمان پێوەری واقیعـی ئـەوان هەڵسەنگێنین، لەو جیاوازیانەش:-

١- هاوەڵانی ئەشكەوت شەرعێكی تری جودا لـەم شـەرعەی ئێمـەیان هـەبووەو، بەپێی ئەو شەرعەیان بۆیان شیاوە كە خۆیان لە گەلەكەیان دابڕنو پاساوی پـێ ڕانەگەیاندنیشیان بۆ داناون، بەڵام ئێمە لەم حوكمەدا شوێن پێیان هـەڵناگرین. بەڕای یەكلاكراوەی زانایانی (اصول)یـش" شـەرعی گـەلانی پـێش ئێمـە، بـە شەرعو یاسا بۆ ئێمە دانانرێت".

٢- شەرعی ئێمە بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ قەدەغەبوونی دابڕانکردووەو، بە ڕاشکاویش باسی پێویستبوونی ڕاگەیاندنو بانگەوازیکردووە. لە قورئاندا چەندین ئایەتی ڕوونو ئاشکرا لەم بارەیەوە هەیە، وەك:

أ- خودا فەرموویەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٦٧﴾ المائدة﴾، واتە: ئەی پێغەمبەر هەر شتێك، کە لە خودای پەروەردگارتەوە بۆت هاتۆتە خوارەوە بەخەڵکیی ڕابگەیەنە، گەر وانەکەیت ئەوا ڕاسپاردەی خودات نەگەیاندووە، خوداش خۆی لە دەسدرێژیی کافران دەتپارێزێت، بێگومان خودا ڕێنماییی کۆمەڵی بەدڕەفتاران ناکات.

ب- هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنِّى لَن يُجِيرَنِى مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾ إِلَّا بَلَـٰغًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَـٰلَـٰتِهِۦ ۚ... ﴿٢٣﴾ الجن﴾، واتە: پێیان بڵێ من جگە لەخودا کەس نامپارێزێت، جگە لە خوداش هیچ پەنایەکم نیە، هەروەها هیچ زیانو ڕێنمایی‌یەکیشم بۆتان نیە، تەنها ئەو ڕاگەیاندنە نەبێت، کە لە خوداو راسپاردەو پەیامەکانیەوە پێتان دەگەیەنم.

بێگومان ئیسلام تەنها بە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکیو بانگەوازکردنیان بڵاودەبێتەوە، مرۆڤی موسڵمانیش، تەنها لەڕێی بانگەوازو پێڕاگەیاندنو ڕوونکردنەوەوە، ئەرکی سەرشانی خۆی ڕادەپەڕێنێتو لە بەرپرسارێتیو سزاش ڕزگاری دەبێت.

٣- بێگومان پێغەمبەر ﷺ هانی داوین لەسەر تیکەڵبوون لەگەڵ خەڵکیو، ئارامگرتنیش لە بەرامبەر ئازارگەیاندنیانو، پاشان ڕێی خۆ لێ دابڕانیشیانی لێگرتووین.. لە ڕێنمایی‌و ئامۆژگاریەکانیشیدا ئەم فەرموودەیەمان بەسە، کە (ابن ماجه) لە (عبدالله کوڕی عومەرەوە) (خودا لێی رازی بێت) گێڕاوێتیەوە

که گوتوویەتی: (پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: **((المؤمن الذي يخالط الناس ويصبر على اذاهم، اعظم أجرا من المؤمن الذي لايخالط الناس ولايصبر على اذاهم))**[1] ... واتە" ئەو ئیماندارەی تێکەڵاوی خەڵکی دەبێتو ئارام لەسەر ئازاردانیان دەگرێت، لەو ئیماندارە پاداشتی گەورەترە کە تیکەڵاوی خەڵکی نابێت وئارام لەسەر ئازاردانیان ناگرێت".

بێگومان (تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی) دەبێت لەپێناوی ئامۆژگاری کردنو بەیاد هێنانەوەیان لەرێبازی چاکدا بێت، نابێت موسڵمان، باز بەسەر ئاینەکەی دابدات، یان بنەماکانی پشتگوێ بخات، یاخود بە بیانووی خۆتێکەڵاوکردنی خەڵکی کاری ناشیرینو حەرامکراو ئەنجام بدات. بەڕاستی هاوەڵی بەڕێزو سەنگین (عبدالله کوڕی مسعود) (خودا لێی رازی بێت) پیاوێکی هێجگار وردبینو زیرەكو کراوەو هاوسەنگبووە، کاتێك گوتوویە: (خالط الناس و دينك لاتكلمنه)[2]. واتە" بەهاوسەنگیو ڕێکسازی لەگەڵ خەڵکیدا تێکەڵ بە، بەڵام دەخیل وریابە لەوەی کە بەهۆی کاری خراپو، بەد رەفتاریو، وازهێنان لە ئەرکی سەرشانەوە ئاینەکەت زامدارو بریندار بکەیت".

٤- پاشان چوارەمین جیاوازی لەنێوان ئێمەو هاوەڵانی ئەشکەوتەکەدا، ئەو واقیعەیەکە ئێستا تێیدا دەژیین، ئەوان بێگومان لەنێو گەلێکی کافرو بێ باوەڕدا دەژیان کەبەردەوام سووربوون لەسەرکفرو، هەمیشە بانگەوازو ئامۆژگاری یەکانیان رەتدەکردەوە، بۆیەهەردەبوایەخۆیانیان لێ دابڕن.

بەڵام ئێمە لەنێوەندی کەسانێکی موسڵمانی وادا دەژین کە زۆرجار مەسەلەیەکی هاوبەش (کە ئایینی ئیسلام) لەنێوانماندا هەیەو دەشێت لێیەوە هەنگاونێینوکاری لەسەر بنیات بنێینو، لەرێی پێکەوە ژیان ولەگەڵ تێکەڵبوونیانەوە بیانگێڕینەوە بۆ خانەی پابەندیو پەیڕەوی کردنی بەرنامەی خودا.

---

(١) ابن ماجة، كتاب (صلى الله عليه وسلم٦) الفتن، باب ٢٣ – الصبر على البلاء) حديث ٤٠٣١.

(٢) رواه البخاري- تعليقا- في كتاب ٧٨ –الادب- باب ٨١ الانبساط الى الناس في ترجمة الباب.

"لەنێوان دابڕانی جەستەیی و فیکریی دا"

لێرەشدا پێویستە ئاماژەبکەین بۆ دابڕانی فیکریو، جیاوازیی لەگەڵ دابڕانی جەستەییدا دابڕانی جەستەیی ئەوەیە خەڵکی بەجی بێڵێتو بەلەش ولارەوە خۆتیان لیٚ دابڕییتو لەگەڵیاندا نەژییت، بەڵکو ئەوەت لاباشتربێت کە لە کونجی ماڵەکەتا لیٚی دانیشیت، یان لە ئەشکەوتو چیاکاندا، وەك زانیشمان ئەمە شیاو نیە.

بەڵام دابڕانی فیکریی، ئەوەیە بەجەستە تێکەڵاویی خەڵکی بیت، بەڵام بە فیکرو دیدوبۆچوونو ڕەوشتو ڕەفتار لێیان جودا بیت، واتە بەهەستو شعوورو تێڕوانینت خۆت لەو ڕێبازە پووچەڵەی ئەوان دابڕیتو پەیڕەویی هیچ بەشێکی ڕێبازەکەیان نەکەیتو تەنها بە ڕێبازی ئیسلام هەڵسوکەوت بکەیت، بەم ڕەنگەش تێکەڵاوییان دەکەیتو کاریشیان تیٚ دەکەیت لەکاتێکدا لەبەر بەستێکی باشی وادایت کە کارت تیٚ ناکەن.

"لەنێوان تەنگەبەریی دنیاو، بەرفراوانی ئەشکەوتدا"

لاوە باوەڕدارەکان بڕیاری خۆدابڕان لە گەلەکەیانداو، پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکەو ئومێدەواربوون خودای پەروەردگاریان ڕەحمەتیان بەسەردا بڕێژێت، خوداش نزای بۆ گیراکردنو، ئومێدو تکایانی بۆ بەدیی هێنانو، لە ئەشکەوتەکەدا ڕەحمەتی خۆی بەسەردا ڕژاندن بەڕاستی مرۆڤ سەری لەو دیمەنە دەسوڕمێت، بڕوانە:

ئەو دنیا فراوانو پانو بەرینەی کە تێیدا لەگەڵ گەلەکەیان دادەژیان، وێڕای فراوانیەکەی، لەبەرچاویان تەسکبۆتەوە، چونکە، بەتاڵ بووە لە ئیمان، پاشان بۆیە

دنیایان لەلا تەنگەبەربۆتەوە، چونکە پڕبووە لە کفرو لە بێ باوەڕیی بەخودا. بەرتەسکبوونەوەی دنیاو ژیانی دنیاش لەکاتێکدایە، کە لە ئیمان خاڵی دەبنەوەو کە کفرو بەدکاریی وگومڕایی بەتەواویی دایان دەپۆشێت، ئیدی مرۆڤی باوەڕدار هێندە بە تەسكو تەنگەبەر دەیانبینێت کەخەریکە هەناسەکانی لێ دەبڕێت- کەچی ئەو ئەشکەوتە – تەسکەشیان- لەلا بەرفراوان بۆتەوەو هەستیان واکردووە کە فراوانو پانو بەرینە، جائاخۆ لەکوێوە ئەم هەستەیان بۆ هاتبێت؟!

بێگومان ئەوە هەستکردنێکی ڕاستەقینەیە، نەك خەیاڵێك یان دڵنەواییەك یان گومانێك بێت، هەربۆیەش مرۆڤی باوەڕدار کاتێك پەیڕەویی ئیسلامەکەی دەکاتو لەنێو ڕاستییەکانی باوەڕەکەیدا دەژی، هەست بە خۆشیو ئاسوودەییو دڵفراوانی دەکات. لاوەکان ئەم ڕاستیانەیان لەئەشکەوتەکەدا دۆزیبووەوە، ئەوەبوو بەئیمانەوە لەنێو ئەشکەوتەکەدا ژیان وتامی بەندایەتیو خۆشی پاڕانەوەی شیرینی ئیمانیان تێدا چەشتو، هەستیان بە بەرفراوانیەکەی کردبوو.

دیارە ئەوەی، کە ئەشکەوتەکەیانی فراوانو ئاسوودەو ئارام کردبوو، ئەو ڕەحمەتە زۆرەی خودا بوو، کە خوازیاری بوونو کە خوداش خواستەکەیانی بەجێ گەیاندبووو ڕەحمەتی خۆی بەسەر دارشتبوون﴿...يَنشُرۡ لَكُمۡ رَبُّكُم مِّن رَّحۡمَتِهِۦ... ﴿١٦﴾ الكهف﴾. بەڕاستییش خودا لە ڕەحمەتی خۆی بەسەرداڕشتنو، ئەشکەوتەکەیانی لێ پڕبوو و، هەر بەوەش بە کامەرانیو بەختەوەری ژیان. هەر سەبارەت بە ڕەحمەتیش خودا فەرموویەتی: ﴿ مَّا يَفۡتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحۡمَةٍ فَلَا مُمۡسِكَ لَهَاۖ وَمَا يُمۡسِكۡ فَلَا مُرۡسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ... ﴿٢﴾ فاطر﴾، واتە" گەر خودا دەرگای خێر لە هەر کەسو خەڵکێك بکاتەوە، کەس ناتوانێت دایخات، گەر خوداش خۆی دایبخات، کەس ناتوانێت جگە لە خوداو لەجیاتی خودا بیکاتەوە".

کاریگەریی رەحمەتی خودا لە گوتاری (سید قطب)دا

بێگومان (سید قطب) —خودا لێی خۆشبێت- دەربارەی (کاریگەریی رەحمەتی خودا لەسەر ژیان کاتێك ئاوێزانی دەبێت)، هەروەها دەربارەی ئەو رەحمەتە لەسەر دنیا کاتێك تێیدا بڵاودەبێتەوەو، لەسەر مرۆڤی باوەڕداریش کاتێك باڵی بەسەردا دەکێشێت، چەند وتەیەکی هەیەو دەربارەی کاریگەریی ژیانیش بەبێ ئەو رەحمەتە، دواوە، لە وتەیەکیدا گوتوویەتی: (هەر نیعمەتێکیش ئەگەر خودا ڕەحمەتی لەگەڵ دانەنێت دەبێتە سزاو ناخۆشی، هەر نیعمەتێکیش ڕەحمەتی خودای لەگەڵ بێت، خۆی لەخۆیدا دەبێتە نیعمەت).

مرۆڤ گەر لەسەر دڕکیش بخەوێت بەڵام ڕەحمەتی خودای لەگەڵ دابێت ئەوا ئەو جێگە دڕکاوییەی بۆ دەبێتە پێخەفێکی نەرم، کەچی ئەگەر لەسەر ئاوریشم بخەوێتو، بەڵام رەحمەتی خودای لێبڕابوو ئەوا دەبێتە دڕکەڵانێکی ئەستوورو ئاگرین. گرانترین کێشەش بەرەحمەتی خودا چارەسەر دەبێت، بەکێشەیەکی زۆر سادەو ساکار دەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر لە چارەسەری ساناترین کێشەدا رەحمەتی خودا نەمابێت ئەوە ئاڵۆزوو دژوار دەبێت. هەر بەو رەحمەتە خودایی یەش ڕێگە ترسناكو ئاڵۆزەکان دەبڕێتو وەك ڕێگە هێمنو متمانە پێ کراوەکان دەردەکەوێت. کەچی شێوازو ڕێبازە ئاسانەکان بەبێ رەحمەتی خودا دەبنە بنکەی لەناوچوونو فەوتان هیچ بارگرانیەکیشی لەگەڵ رەحمەتی خوادا نیە، بەڵکو لەگرتنەوەی دایەو کە لەجیاتی ئەو دەست بەشتێکی ترەوە بگیرێت. هیچ بارگرانیەك لەو رەحمەتەدا نیە تەنانەت گەر لەمرۆڤی رەحمەت پێ کراو لەتاریکییەکانی زینداندا بێت، یان لە دۆزەخی سزای دنیایدا بێت، یاخود لە توولەرێی تیاچووندا.. هیچ خۆشیو بەرفراوانیەکیش لە حاڵەتی نەمانی رەحمەتی خوادا نیە تەنانەت گەر مرۆڤ لەو پەڕی نازو نیعمەتدابێتو بچێتو لەکانگەی هەموو خێرو خۆشیو

خۆشگوزەرانیەکیش دابێت. چونکە هەر بە رەحمەتی خودا لەناخی دەروونەوە کانیاوی بەختیاریو ڕەزامەندیو ئارامی دەتەقێتەوە، هەر بە نەمانی رەحمەتی خوداش لەناخی دەروونەوە میلەکانی کاتژمێری بێ ئارامیو ماندوێتیو بەلاو نارەحەتیو مەینەتی دەزرنگێتەوە[1]".

هەروەها (سید قطب) چەند نموونەیەك دەربارەی ئەو پێغەمبەرو کەسە پیاوچاکانەش دەخاتە ڕوو، کە خودا بەڕەحمەتی خۆی دەرگای خێرو سەرفرازیی لێ کردوونەتەوەو حاڵو گوزەرانیانی بۆ خۆشیو بەرچاوتێری گۆڕیوە، لەمبارەیەشەوە گوتوویەتی: (رەحمەتی خودا لە هیچ جێگەو زەمانێکدا لە هیچ خوازیارێکی نەگیراوەتەوەو لێی ئالۆزنەکراوە، ئەوەبوو پێغەمبەری خودا (ابراهیم) - سلاوی خودای لێ بێت- لە ئاگرەکەدا رەحمەتی خودای بینیەوە، (یوسف) (سلاوی خودای لێ بێت) ڕەحمەتی خودای لەبیرەکەدا بینیەوە، پاشان لە زیندانیشدا هەر دیتی. (یونس) -سلاوی خودای لێ بێت -یش لەنێو سکی نەهەنگەکەداو لە سێ تاریکیدا بەدیی کرد، (موسا)ش -سلاوی خودای لێ بێت- لە دەریادا کاتێك منداڵێکی ساوای دابڕاو لە هەر هێزو هەر پاسەوانیەك بوو، رەحمەتی خودای پێگەیشت، هەروەها لە کۆشکی فیرعەوندا، کە دوژمنێکیشی بوو، لە بۆسەدا بووە بۆیو بەدوایدا گەڕاوە. هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەش لە ئەشکەوتدا ڕەحمەتی خودایان بەدی کردووە لەکاتێکدا ئەو ڕەحمەتەیان لە کۆشكو تەلارو خانووەکانی نێو شاردا لەدەست دابوو، بۆیە هەندێکیان بە هەندێکی تریان گوتبوو: ﴿...فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ...﴾ (١٦) الكهف، دە پەنا بەرنەبەر ئەشکەوتەکەو لەوێ خودا دەتانخاتە بەر ڕەحمەتی بەرفراوانی خۆی.. پێغەمبەری خوداش محمد ﷺ خۆیو (ئەبوبەکر)ی هاوەڵی، لە ئەشکەوتدا رەحمەتی خودایان

(١) في ظلال القرآن، ٥: ٢٩٢٢.

بینیەوە لـە کاتێکیـشدا کـە گەلەکـەیان بەدوایانـدا دەگـەڕانو شـوێن پێکانیـان هەڵدەگرتن.. ئیدی هەر کەسێك لەوپەڕی نائومێدییدا تـەنها پـەنای بـۆ رەحمـەتی خودا بردبێتو هەر ڕووی لە قاپیی رەحمەتی خودا کردبێتو وازی لـە هـەر قـاپیو دەروازەیەکی دنیایی هێنابێتو، دەستی لە هەر هێزێکی ڕواڵەتباری رەحمـەتو لـە هەر دیاردەیەکی گومان پێبراویـشی هـەڵگرتبێت، ئـەوە بـە بێگومـان ڕەحمـەتی خودای بەدی کردووەو بەرکەوتووە"[1].

دیاریکردنی ئەزموونێـکی دی لە مامـەڵە لەگەڵ رەحمەتی خوادا..

هەروەها (سید قطب) کە بە شێوەیەکی واقیعی مامەڵەی لەگەڵ رەحمەتی خوادا کردووەو، کە بەکردەوەش لە حەقیقەتەکانی ژیانیدا هەڵسوکـەوتی کـردووەو، کـە دیویـەتی ژیـان بەرەحمـەتو بـەزەیی خوداییـەوە چۆنە، ئـەزموونێکی کردەیـیو زیندووی خۆیان لەمامەڵە لەگەڵ ڕەحمەتـدا بـۆ دەگێڕێتـەوەو دەڵێـت: " ماوتـەوە بڵێم، کاتێك من بەسوپاسکردنی خوداوە ڕوو لە ڕەحمەتێکی تایبەتی خودا بـووم، لەم ئایەتەوە پێم زانیووە لەساتێکدا هاتۆتە بەرەو ڕووم، لەساتێکدا، کـە مـن لـە تەنگانەو ماندوێتیو تەنگەبـەریو ناڕەحەتیـدا بـووم، لـە سـاتی وشـك هـەڵاتنی رۆحیو، بەدبەختی دەروونیو، تـەنگ پـێ هەڵـچنێن بەتەنگانـەو، بـارگرانی لـە ناڕەحەتیدا، لەوساتانەدا رەحمەتی خودا هاتۆتە بەرەو رووم، لەو ساتانەدا خودا بۆی ئاسانکردم کـە ئاگـاداری بـاری ڕاسـتیو حەقیقەتەکـەی بم، لەوکاتانـەدا بـارانی حەقیقەتەکەی بەسەر رۆحمدا برژێت وەك ئەوەی بـۆنو بەرامەیـەکی خـۆش بێـتو هـەڵی دەمـژمو هەسـت بەرۆشـتنو خـشانی بکـەم لـەناخی دەروونمـدا. ئەمـە حەقیقەتێکەو دەیچێژم، نەك مانایەك بێتو پەی پێ ببەم، بەڕاستی خۆی لەخۆیـدا

(١) في ظلال القرآن، ٥: ٢٩٢٣.

هەر ڕەحمەت بووەو لەخودی خۆیشدا تەفسیرێکی واقیعیی ئەو ئایەتەم بۆ دەکات کە ئەم کرانەوەیەی خۆی بۆ کردوومەتەوە.

بێگومان من لەمەوپێش ئەم ئایەتەم زۆر خوێندۆتەوەو، زۆرجاریش پێیدا تێپەڕیوم، بەڵام لەو ساتە وەختەدا، کە باسمکرد بۆنو بەرامەو گوڵاوی بەسەردا ڕشتووم‌و ماناکەیم بەدیی کردووەو، ڕاستیی‌و حەقیقەتەکەیم بەتەنها بۆ دابەزیوەو پێشی گوتووم: (ها ئا ئەوەتا نموونەیەك لەرەحمەتی خودا کاتێك دەکرێتەوە، دەبڕوانە چۆن دەبێت)؟

لەڕاستیشدا خۆ هیچ گۆڕانکارییەك لە چواردەورم (لە دەرەوەی قەوارەی جەستە) پەیدا نەبووە، بەڵام هەموو شتێك لە ناخمدا گۆڕا، بەڕاستی ئەمە نیعمەتێکی هێجگار گەورەیە، ئەگەر دڵ بۆ حەقیقەتێکی گەورە لە حەقیقەتەکانی وجود (وەك بۆ ئەم حەقیقەتە گەورەیەی نێو ئایەتەکە) والا بێت‌و بکرێتەوە"[1].

" شوێنی ئەشکەوتەکە"

لە ئاسانکاریی خودا بۆ لاوە باوەڕدارەکان، ئەو ئەشکەوتەبوو، کە سرووشی پەنا بۆ بردنی پێدان. قورئان ئاماژەی بۆ جێکەوتە (موقع)ی ئەشکەوتەکەو ئەو بەڵگەو نیشانانەی نێویشی کردوە، لەگەڵ ئاماژە بۆ ئەو سەربازە ڕامکراوانەی خودا، کە ڕام‌و بەردەست (تسخیر)ی کردبوون بۆ خزمەتکردنیان‌و، ئاسانیی تێدا نیشتەجێ بونیان: ﴿وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمْ فِى فَجْوَةٍ مِّنْهُ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ﴿١٧﴾ الكهف﴾: ئیمام (ابن کثیر) — خودا لێی خۆشبێت- لە ئایەتەکەوە بەڵگەی ئەوە دێنێت، کە

(١) في ظلال القرآن، ٥: ٢٩٢٤.

ڕووی دەرگای ئەشکەوتەکە بەرەو باکوور بووە، لەم ڕووەوە گوتوویەتی: (لەمەدا بەڵگەیەك هەیە لەسەر ئەوەی، کە دەرگای ئەو ئەشکەوتە ڕووەو باکوور بووە، چونکە خودا خۆی هەواڵەکەی وا ڕاگەیاندووە، کە ئەگەر تیشکی خۆر لەکاتی هەڵاتنیدا کەوتبێتە نێو ئەشکەوتەکەوە، ئەوا بەلای ڕاستدا لار بۆتەوە، واتە سێبەرەکەی بەلای ڕاستداو لەرێی لاربوونەوەی تیشکی خۆرەوە کەم بۆتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی هەرچەندە لە ئاسۆدا بەرزتربێتەوە، تیشكو گەرمییەکەشی کەم دەبێتەوە، تا لە کاتی ئاوابووندا هیچ شتێکی وای لەو جێیەدا نامێنێت. هەر بۆیەش فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا غَرَبَت تَّقۡرِضُهُمۡ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ﴾: واتە خۆرەکە لە باکووری دەرگاکەیەوە چۆتە نێو ئەشکەوتەکەیان ئەمەش لە ڕووی خۆرهەڵاتەوە. بەمەش دەلالەت لەسەر ڕاستیی وتەکەیان دەکات[1].

خۆ ئەگەر ئێمە هاوڕێی (ئیمام — ابن کثیر) بین لە بەڵگەهێنانەوەیدا بەو ئایەتە لەسەر جێکەوتەی ئەشکەوتەکە، بەڵام لەوەدا هاوڕێی نین، کە خۆرەکە لە باکووری دەرگاکەیەوە لەکاتی خۆرئاوابووندا چووبێتە نێو ئەشکەوتەکەیەوە، چونکە ئایەتەکە هەواڵی ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە خۆرەکە لە کاتی خۆرائاوا بووندا ڕووەو باکوور لێیان دوورکەوتۆتەوەو لاربۆتەوە مانای (تَّقۡرِضُهُمۡ) واتە: لێیان دوور دەکەوتەوەو خۆی لێ لادەدات، چونکە لەزمانی عەرەبیدا (قرض) مانای (قطع) دەگەیەنێت.

زانای ئیسلام (مجاهد) گوتوویەتی: "تَّقۡرِضُهُمۡ - واتە بەجێیان دەهێڵا - (تترکهم)".

(قتادە)ش گوتوویەتی "تَّقۡرِضُهُمۡ - واتە: وازیان لێ دەهێنێت (تدعهم)".

---

(١) تفسیر القرآن العظیم لابن کثیر (٣: ٧٥)

(نحاس)یش گوتوویەتی: "(القرض) واتە بڕینو وازلێهێنان (القطع والترك)" ئەمەش لە زماندا زانراوە.

(قرطبی)یش گوتوویەتی:" ماناکەی ئەوەیە ئەوان هەڵبەت خۆریان (وەك ڕێزلێنانێك بۆیان) بەرنەکەوتووە.. ئەمە وتەی (ابن عباس)یشە"[1].

ئەوە لە بەڵگەو نیشانەکانی خودا بووە.. (ذلك من آيات الله).

کۆمەڵێ زانایانی تەفسیر بیروڕایان وابووە، کە خۆر نە لە کاتی هەڵاتنو، نە لە کاتی ئاوابووندا بەریاننەکەتووە، ئەمەش بەهۆی جێکەوتەی ئەشکەوتەکەو ئەو دەرگایەشیەوە کە ڕووەو باکوور بووە، لەمەڕ ئەم واتایەش، ئیمام (ابن کثیر) گوتوویەتی: (ئەمە ڕوونو ئاشکرایە بۆ ئەو کەسەی بەوردی سەرنجی داوەو زانیاریی لەسەر زانینی ڕووکارەکەو، سووڕانەوەی خۆرو مانگو ئەستێرەکان هەیە. ڕوونبوونەوەی ئەمەش لەوەدایە ئەگەر دەرگای ئەشکەوتەکە لە ڕووی خۆرهەڵاتەوە بوایە، ئەوا لەکاتی خۆرئاوا بووندا هیچ شتێکی وای لەتیشکی خۆر بەرنەدەکەوت، گەر لە ڕووی قیبلەشەوە بوایە ئەوا لەکاتی هەڵاتنداو لەکاتی ئاوابوونیشدا بەرینەدەکەوت، سێبەرەکەش بەلای راستو بەلای چەپدا لار نەدەبووەوە، خۆ ئەگەر دەرگا لە ڕووی خۆرئاواشەوە بوایە ئەوا لەکاتی هەڵاتنی خۆردا تیشکی خۆری تێنەدەچوو، بەڵکو لە نیوەڕۆوە تا خۆرئاوابوون تێی دەچوو"[2].

جێی باسیشە ئێمە هاوڕای (ابن کثیر) نین لە تێگەیشتنیدا دەربارەی بزووتنی خۆر. گوایە ئەو ئەشکەوتەی، کە لاوەکانی تێدابووە، لەکاتی خۆرهەڵاتنو ئاوا

---

(١) الجامع الاحكام القران للقرطبي (١٠: ٣٦٩).

(٢) تفسير ابن كثير (٣ ٧٥).

بووندا خۆری لێکەوتووە، چونکە ڕێی تەواوو یەکلاکراوە لە وشەکانی ئایەتەکە دایە، کە خۆر هەرگیز نەچۆتە ئەشکەوتەکەوە، نە لە کاتی بەیانیو نە لە کاتی نیوەڕۆداو، خوداش هەرخۆی زانایە (والله اعلم).

قورئانی پیرۆز جێکەوتەی ئەشکەوتەکەو بزووتنی خۆری بە دەوریدا بە دوو نیشانە لە نیشانەکانی خودا داناوە: (ذلك من آيات الله). مانای بەنیشانەبوونی ئەمانەش، ئەوەیە بێگومان خودا خۆی خواستو قەدەری بۆ ئەوان وابووە، کە پەنا ببەنەبەر ئەو ئەشکەوتەو سرووشی چوونە ناوەوەی پێداون، پاشان ویستی خودا لەسەر ئەوەش بووە، کەوا ئەشکەوتەکە لەو جێگەیە دابێتو، بزاوتی خۆریش بەدەوریدا بەو شێوەیە بێت.

بەڵام زانا (زجاج) بۆ چوونێکی تری لە تەفسیری ئایەتەکەدا هەیەو بەڕای خۆی: "بێگومان کرداری خۆرەکە نیشانەیەك بووە لە خوداوە، بۆئەوەی دەرگای ئەشکەوتەکە روو لەو لایە بوو بێت، کە وای پێویست کردبێت"[(١)].

بە مانای: خۆرەکە، ئەگەر بەپێی سروشتی خۆی بوایە، دەشیا بچێتە نێو ئەشکەوتەکەوە، بەڵام خودا فەرمانی پێکردووە کە لەئاست لاوەکاندا کورت ولار بێتەوەو، لە بەیانیاندا لێیان دوورکەوێتەوەو لەنیوەڕوانیشدا هەروەها، خۆ ئەگەر خودا ئەو فەرمانەی پێ نەکردایە، ئەوا خۆرەکە دەکەوتە نێو ئەشکەوتەکەوە.

ڕای یەکلاکراوەش لەمبارەیەوە ئەوەیە، کە کۆمەڵی زانایانی ئیسلام پێی گەیشتوون، وێناندنی شێوەی کەوتنیان لەنێو ئەشکەوتەکەدا قورئانی پیرۆز وێنەی کەوتنو راکشانی لاوەکانی لەنێو ئەشکەوتەکەدا بەشێوەیەکی هێجگار وردو دیارو کاریگەرو گرتووەو بەجۆرێکیشە، کە کاتێك بەسەرهاتەکەیان دەخوێنینەوە

---

(١) تەفسیری- قرطبي- (١٠:٣٦٩)، هەروەها (امام- ی- شنقيطي-یش) لە أضواء البيان) (بەرگی ٤، لاپەرە ٣٣-٣٤)دا، رای (زجاج)ی هێناوەو پەسەندی کردووەو، ئەو رایەی پێشووشی ڕەت کردۆتەوە .

وادەزانین خەریکە دەیانبینینو هەست بە وجودیان دەکەین، ئەمەش لە دیارییو زیندوێتیی وێناندنی ئیعازی بێهاوتای قورئانە...

وەك خودا دەفەرموویێت: ﴿ وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَكَلْبُهُم بَٰسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِٱلْوَصِيدِ لَوِ ٱطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا ﴿١٨﴾ الكهف ﴾.. لە ئایەتەکەی پێشوودا ئاماژە کراوە بۆ قەدەرو خواستی خودا بۆ ئەوان کە لە ئەشکەوتەکەدا بن، چونکە ئەوە بۆئەوان گونجاو بووە.. لەم ئایەتەشدا ئاماژە کراوە بۆ قەدەرێکی تری خودا بۆیان لەکاتێکدا ئەوان نووستووو جێنشینی نێو ئەشکەوتەکە بوون، پارێزەرێکیان بەیارمەتی خودا بۆ ماوەتەوە،.. ئەم قەدەرو خواستە خوداییەش لە چەند خاڵێکدا خۆی دەنوێنێت، وەك:-

١- وای لێ کردوون کە چەندین ساڵی دوورو درێژ بخەون بێئەوەی زەوی لە لاشەکانیان بخوات، یان هەستەکانیان تێك بچێتو، بێئەوەی هیچ کەسێکیش لێ یان نزیك بێتەوە.

٢- بۆ ئەوەی لاشەو هەستەکانیشیان پارێزراو بێت، چاوەکانیان کراوەبوونو ڕوانینیان هەبووەو سەرەڕایی ئەوەی خەوتوویشن ئەمەش بۆ ئەوەی تێك نەچنو خراپ نەبن، هەروەها بۆ ئەوەی هەوایان بۆ بچێت، چونکە ئەمە زیاتر هۆی مانەوەی چاوانیان بووە.

٣- مەبەستێکی تریش لە هێشتنەوەی چاوانیان بەکراوەیی، لە فەرمایشتەکەی خوادا هاتووە: (لَوِ ٱطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا)، ئەمەش بەمانای بۆ ترساندنی هەرکەسێك بووە کە بۆی ڕوانیین، تاکو خراپەیەکیان دەرهەق نەکات، چونکە لە کاتێکدا بۆی ڕوانیونو بینیونی کەوا چاوانیان کراونەتەوەو وەك ئەوەش دیاربووە گوایە بۆی دەڕوانن، یەکسەر هەڵاتووە لەلایان.

٤- بۆئـەوەی زەوی لـە لـەش‌و لاریـان نـەخوات، هـەڵگێڕو داگێڕیـان پـێ‌کراوە: (وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِ).. هەڵبـژاردنی فـەرمانی ڕانـەبردوو (الفعل المضارع) لەم رستەیەدا (ونقلبهم) کـە دەلالەتـە لەسـەر نوێ‌کردنـەوەو بەردەوام کـردن، دەلالەتیـشە لەسـەر ئـەوەی کـە هەڵگێڕانـەوەی لاشـەکانیان بەردەوام‌و هەمیشەیی بووە، نەك (وەك هەندێك لە پێشینەکان دەڵێن گوایە: لە ساڵێکدا دووجار بووە).

گەڕانەوەو خستنە پاڵی فەرمانی هەڵگەڕاندنەوەشـیان بـۆ (خـودا) دەلالەتـە لەسەرئەوەی، کە ئەمە کاری خوداو قەدەرو فەرمانی خۆی بـووەو دیـارە خـودا فریشتەیەك لە فریشتەکانیشی ڕاسپاردوە بەئەنجامدانی کاری هەڵگێڕانەوەیان.

٥- لە ڕێکی‌و تـەواویی بایەخپێـدانیان‌و پاراستنیـشیان، ئەوەیـە خـودا خواسـتی وابووە کە سەگێکیشیان لەپێش دەرگای ئەشکەوتەکە هەبووبێت،و لەو شوێنەدا هەڵتووتاوە (دانیشتووە) و، هەردوو پەلی لـێ‌بڵاوکردۆتەوەو نووستووە. بـەڵام بـاری جەسـتەیی سـەگەکە جـێگیرو نـەگۆڕبووە، واتـە بـەملاولادا هەڵنەگەڕێندراوەتەوە، بکەری پەل درێژکردن (بسط) کە لە عەرەبیـدا (باسـط)ە بە (اسم ی فاعل= بکەر) دادەنرێت‌و، مانای نەگۆڕی‌و مانەوە لەسەر یەك جۆرە حاڵەت دەگەیەنێت. ئیدی کێ دەتوانێت لێیان نزیـك بێتـەوەو ئازارێکیـان پـێ بگەیەنێت لەکاتێکدا سەگەکەشیان بەو حاڵەتەوە پاسـەوانە لەبـەردەم دەرگـای ئەشکەوتەکەدا.

٦- هەرکەسێك بیری لە ئازاردانیان‌و دەستدرێژی کردنە سەریان کردبێتەوە، تـرس‌و بیم خراوەتە نێو دڵییەوە، دەستبەجێ لێیان هەڵاتووە.

وێناکردنی وردی ئەشکەوتەکەو باری جەسـتەییی لاوەکـانیش تێیـدا، بەڵگـەی سەرچاوەگیریی قورئانە.

وەك تێبینی دەکەین قورئان چەند زانیاریەکی وردو گرنگی (بەشێوازی ئیعجازی وێنەگرتنی دیمەنەکان) لەمەڕ ئەشکەوتەکەو جێکەوتەو بزاوتی خۆر لەگەڵیداو، لەمەڕ لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکەش، خستۆتەڕوو.

زانایان ئەم زانیارییە قورئانیانەیان بە بەڵگەی سەرچاوەگەریی (مصدر)ی قورئان داناوە، کەوا لە قورئانەوە سەرچاوەیان گرتووەو، هەروەها بەو بەڵگەو نیشانانەشیان داناون، کە تەنها لەخوداوە هاتوون، نەك لە خودی (محمد)ەوە ﷺ.

ڕێبازی بەبەڵگە دانانەکەشیان ئەوەیە، پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە هاوەڵانی ئەشکەوت پرسیاری لێکراوەو، وەڵامی پرسیارەکانیش بەو زانیاریانەوە هاتووە، بەڵام زانیاریەکانیش نە لە تەوراتو نە لە ئینجلیشدا دیاری نەکراون، بەم ڕەنگەش ئەگەری وەرگرتنیان لەو کتێبانەوە پووچەڵ دەبێتەوە.

وەك زانراویشە پێغەمبەر ﷺ لەژیانیدا ئەو ئەشکەوتەی نەدیوەو نەچۆتە سەر لاوەکان لەنێو ئەشکەوتەکەدا.. بەم ڕەنگە ئەگەری وەرگرتنی ئەم زانیاریانە لەو ڕێگەیەشەوە، کە گوایە دواتر خۆی خوێندبنیەوە، پووچەڵ دەبێتەوە.

تەنها ئەوە دەمێنێتەوە، کە هەر خودای پاكو بێ خەوش زاناو شارەزایەو، هەر خوداش خۆی سرووشی ئەو مەسەلەیەی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ گەیاندووە. بەم پێیەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێت، کەوا قورئانی پیرۆز سەرچاوەی زانیارییەکانەو بێگومان قورئانیش لەلایەن خوداوە نێردراوەتە خوارەوە.

(ئیمام السهیلی) لە کتێبی (الروض الانف)دا گوتوویەتی: (سوودی گەورەو زانیاریی دیار لەو سیفەتانەدا ئەوەیە، کە ئەم زانیاریو ڕوونکردنەوانە هیچ کەسێکیش لەوانەی کەلاوەکانیشی بینیوە، نەزانراوە، چونکە هەرکەسێ: ئەگەر چاویشی پێیان کەوتبێت، دەستبەجێ ترسێکی زۆری لێنیشتووە، بۆیە نەیتوانیوە هەموو ئەو زانیارییە وردو گرنگانە دەربارەی بارودۆخی لاوە نووستووەکان بزانێتو بەوردی سەرنج لە حاڵەتو شێوەی خەوتنەکەیان بدات..

پێغەمبەری خوداش ﷺ هەرگیز نەیدیبوون‌و، هیچ قسەو باسێکی لەبارەیانەوە نەبیستبووو، کتێبێکیشی لەسەریان نەخوێندبووەوە، جگە لەوەی هەر نەخوێندەواریش بووەو لەنێو گەلێکی نەخوێندەواردا بووە، بەڵام بێگومان زانیاری‌و هەواڵێکی وای لەسەر ئەو بەسەرهاتە بۆهێنان کە پێشتر هیچ کەسێکی دی پێی نەگەیاندبوون.

ئەوەش لە ڕێی ئەو سرووش (وحی)ەی کە لە خوداوە بەوشێوە روون‌و ئاشکرایەو بەو بەڵگە تەواوانەوە بۆی هێناون[1].

سەگەکەشیان لە پیت‌و بەرەکەتی ئەوان بەهرەمەند دەبێت

قورئانی پیرۆز باسی ئەو سەگەشی فەرامۆش نەکردووە، کە یاوەری لاوەکان بووەو باسی شێوەی دانیشتنی کردووە کە هەردوو پەلی لێ بڵاوکردۆتەوە لەبەردەم دەرگاکەدا لەوانەشە هەندێك کەس پرسیار دەربارەی حیکمەتی باسکردنی سەگەکەیان بکەن، دیارە حیکمەت لەوەدا ئەوەیە کە - وەك پێشتر گوتمان — ئاماژە بۆ چاوگدارێتیی (قورئان)کراوە، دەنا چۆن پێغەمبەریش ﷺ دەیزانی کەوا (سەگیان لەگەڵ بووەو، هەردوو باڵی بڵاوکردۆتەوە، لەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکدا) ئەگەر سرووش (وحی)ی بۆنەهاتایە؟!

زانایانی ئیسلام لەم ڕووەوە باس لەوە دەکەن کە بێگومان سەگەکەشیان هەمان پیت‌و بەرەکەتی ئەوانی بەرکەوتووە بەهۆی یاوەریکردنیانەوە.

ئیمام (ابن كثير) گوتوویەتی (سەگەکەشیان بەهەمان پیت‌و بەرەکەتێك، کە بەر ئەوان کەوتووە، بەهرەمەند بووە، واتە وەك ئەوان بەوحاڵەتەوە خەوێنراوە، ئەمەش

(١) الروض الانف للسهيلي، ٣: ١٦٥-١٦٦) (بأختصار).

سـوودێکی یـاوەریکردنی پیاوچـاکانە. بـەم پێیـە سـەگەکەش بـاس‌و هـەواڵ‌و بەسەرهاتێکی هەبووە)[1].

ئیمامی (قرطبـی)یش گوتوویەتی: "خۆ ئەگەر هەندێك سەگ-یـان- سـەگێك- ئەو پلە بـەرزەی بـەیاوەریکردن‌و تێکـەڵبوونی لەگـەڵ پیاوچـاکان‌و خواپەرسـتاندا دەستکەوتبێت‌و، بەم شێوەیە خوداش لە کتێبەکەیدا هەواڵی لەسەر هێنـابن، ئـەی داخۆ کەسانی باوەڕدارو خواناس (کە خودا بەیـەك دەگـرن‌و لـە یـەك خواپەرسـتی دان)و، تێکەڵی پیاوچاکان‌و خواویستان‌و خۆشەویستانی خودا دەکـەن، لـەچ پلـەو پایەیەك دا بن.. تەنانەت لەو جۆرە هەواڵانەی تایبەت بـەو سـەگ‌و گیانەوەرانـەدا دڵنەوایی‌و لاواندنەوەیەك بۆ ئەو باوەڕدارانەش هەیـە، کـە هێـشتا نەگەشـتوونەتە پلەکانی کامڵ بوون‌و درێغییان هەیە، بەڵام پێغەمبەریان ﷺ خۆشدەوێت"[2].

جا لەکاتی وردبوونەوە لـەم ئایەتانـەدا دەبیـنین جیاوازییـەك لـەنێوان هـەواڵی لاوەکان‌و، هەواڵی سەگەکەیاندا هەیە، جیاوازییەکەش ئەوەیە، ئەوان بەلای راست‌و چەپدا هەڵگێڕدراونەتەوە، کەچی سەگەکەیان وای لیَ نەکراوە، بەڵکو تەنها هەردوو پەلی لەبەردەم دەرگاکەدا بڵاوکراوەتەوەو، بەوشێوەیە خەوتووە.

ئیمامی (سهیلی) هەوڵیـداوە حیکمـەتی ئـەو هەڵنەگێڕانەوەیـەی سـەگەکەش دەستنیشان بکات، ئەویش ئەوەیە، کـەوا لاوەکـان بـاوەڕدارن‌و لـە خۆشەویـست‌و شوێنکەوتوانی خودان، لەدنیاو لە ڕۆژی دواییشدا، دیارە سەگەکە لـەدەرەوەی ئـەم ئایەتەیە، مەگەر نابینیت خودا فەرموویە (لەبەر دەرگاکە بووە/ بالوصيد) واتە: لە حەوشەی ئەشـکەوتەکە، نـەك لەگـەڵ لاوەکـان لـە نـاوەوەی بوویێـت. بێگومـان مەلائیکەتەکانیش ناچنە نێو ماڵێکەوە، کە سەگی تێدا بێـت)[3].

---

(١) تفسير ابن كثير، (٣: ٧٦).
(٢) تفسير القرطبي (١٠، ٣٧١-٣٧٢).
(٣) الروض الانف (٣: ١٦٦-١٦٧).

جگە لەم حیکمەتە، دەشێت حیکمەتی تریشی تێدا بێت، وەك ئامـاژەکردن بـۆ تواناو قودرەتی خودا لەسەر پاراستنی نووستووەکان. ئەم توانا خوداییەش ژێربـاری هیچ هۆکارێك نیە، چونکە خودا لە رێی هەڵگێڕاندنیانـەوە لاوەکـانی پاراسـتووە، زەویـش لـە جەسـتەکانیانی نـەخواردووە، کەچـی لەکاتێکـدا خـودا لـە رێـی هەڵگێڕاندنـەوەوە سـەگەکەیانی نەپاراسـتووەو، زەویـش لەلاشـەی سـەگەکەی نەخواردووە سەرەڕایی ئەوەی سێ سـەدو نـۆ سـاڵ سـەگەکە بـەبێ جموجـوڵ لـەو حاڵەتەدا ماوەتەوەو جێگیـر بووە).

" هەڵسـوکەوتی لاوەکـان دوای وەخەبـەر هێنانەوەیان لە نووسـتنەکـەیان "

خودا فەرموویەتی: ﴿ وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَاهُمْ لِيَتَسَاءَلُوا بَيْنَهُمْ ۚ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ ۖ قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۚ قَالُوا رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ ﴿١٩﴾ الكهف ﴾.

خودای پەروەردگار لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکەی وەخەبەرهێنان لەو خەوەی، کـە سێ سەدونۆ ساڵی خایاند، لەم ڕستانەشدا گوزارشتە قورئانیەکە، ئاوڕێکی جـوانی لەمـەڕ بەخەبەرهێنانـەوەیان بـەکرداری زیندووکردنـەوە (بعـث) داوەتـەوە: " وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَاهُمْ " چونکە کردارەکە هاوشـێوەی کـرداری زیندووکردنـەوەی مردووانە لە گۆڕەکانیانەوە، دەنا ئایا دەشێت مرۆڤ پتر لـە سـێ سـەد سـاڵ بـژیو بتوانێت جەستەشی بە پـارێزراویی بهێڵێتـەوەو، دوای ئـەوەش لـە نووسـتنەکەیو خەبەربێتەوە؟ بەڕاستی ئەمە موعجیزەیەکی دیاریی خوداییـەو، بەڵگەیـە لەسـەر توانای ڕەهاو بەربڵاوی خوداو، لەسەر خواستی بەجێگەیەنراوییشی.

هەروەها گوزارشت (تەعبیر) لە زیندووکردنەوە، مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە لاوە باوەڕدارەکان جەستەو هەستو شعورو پۆشاکەکانیان پارێزراو بوونو هیچ کەمو کووڕییەکیان تێدا پەیدا نەبووە.. (بَعَثۡنَٰهُمۡ لِيَتَسَآءَلُواْ بَيۡنَهُمۡۚ)= (وەخەبەرمان هێنان تاکو پرسیارو گفتوگۆ لەگەڵ یەکدیدا دامەزرێنن لەمەڕ ماوەی نووستنیان) لە ڕستەکەدا (لام)ی (لِيَتَسَآءَلُواْ) بەپیتی بەدوا دواچوون (لام العاقبة) دادەنرێت، بەمانای لە ئەنجامی پرسیارو بەدواداچوون لەنێوخۆیانو لەسەر ماوەی مانەوەیان.. دیارە ئەوان لەسەر ماوەی مانەوەیان لە ئەشکەوتەکەدا پرسیاریان لە یەکدیی کردووە، بۆ نموونە یەکێکیان لێی پرسیون: (ئێوە چەند لەم ئەشکەوتەکەدا بە نووستوویی ماونەتەوە) یەکێکیشیان لە وەڵامیدا گوتوویەتی (ڕۆژێك یان هەندێك لەماوەی ڕۆژێك ماوینەتەوە.. لەوانەیە رۆژێك تەواو خەوتبین، یان بەشێك لە ڕۆژەکە خەوتبین).. ئەوان لەو بڕوایە دابوون هەر هێندە خەوتبن، چونکە هەرچی لە ئەشکەوتەکەدا بووە وای بۆ دەرخستوون کە ڕۆژێك یان بەشێکی ڕۆژ خەوتوونو، هەموو ئەو شتانەی نێو ئەشکەوتەکە دەلالەتی لەسەر ئەوە کردووە کە ماوەی خەوەکەیان درێژ نەبووە، چونکە هیچ شتێکی چواردەوری خۆیان تێك نەچووەو نەرزیوەو نەگۆڕاوە.

وادیاریشە هەندێکیان ئەو وەڵامەیان بە وەڵامێکی وردو تەواو دانەناوەو زانیویانە، کە ناتوانن ماوەی مانەوەیان لە خەوی نێو ئەشکەوتەکەدا مەزەندە بکەن، بۆیە ئەو زانیارییەیان تەنها بۆ خودا گەڕاندۆتەوەو گوتوویانە: "رَبُّكُمۡ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثۡتُمۡ".

لەم هەڵوێستەشیانەوە پەندو وانەیەك وەردەگرین، ئەوەیە نابێت خۆمان لەوەدا ماندوو بکەین، کە هیچ ئامرازێکی ساغو سەلیمو ڕێنماکاری وامان بۆ قووڵ بوونەوە تیایدا دەست دەکەوێت، چونکە ئەوە تەنها بەفیڕۆدانی کاتو هەوڵو

فیکرە، کەوابوو پێویستە ئەوە تەنها بۆخودا بگێڕینەوەو ئەوەی کە ناتوانین تیایدا قووڵ بینەوە، لەبارەیەوە بڵێین هەر خودا زانایە (الله اعلم).

﴿ قَالُواْ رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَٱبْعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَآ أَزْكَىٰ طَعَامًا فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾ إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُواْ عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِى مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوٓاْ إِذًا أَبَدًا ﴿٢٠﴾ الكهف ﴾.

واتە: "گوتیان: پەروەردگارتان زانایە لەوەی چەندە لەو خەوەدا ماونەتەوە. بۆیە ئێستاش دوای وەخەبەرهاتننتان ئەم دراوە زیوینەتان بە یەکێکتاندا بۆ بازاڕی نێو شارەکە بنێرن تاکو حەلاڵترین‌و باشترین خۆراکتان بەم پارەیەی پێمانە بۆتان بکڕێت‌و، کە چووە نێو خەڵکیشەوە، با بە هێمنی‌و نەرمی سەودایان لەگەڵدا بکات‌و بەهێواشی بەڕێدا بڕوات‌و کەس هەستی پێ نەکات، کە کێیەو لە کوێوە هاتووە، چونکە ئەگەر خەڵکی کافری ئەو شارە شوێنەکەتان پێ بزانن‌و بیدۆزنەوە، بەرد بارانتان دەکەن‌و دەتانکوژن، یان ناچارتان دەکەن، کە بتانگەڕێننەوە بۆ نێو ئایینە ناشایستەکەی خۆیان، گەر واش بکەن، هەرگیز بە سەرفرازی‌و ڕەزامەندیی خودا ناگەن".

ئەم ئاڕاستەو ڕێنموونیکردنەش، کە بەهۆیەوە نێردراوەکەی خۆیان بۆ نێو شارەکە نارد، چەندین واتاو سرووش‌و ئاماژەی لەخۆ گرتووە، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:-

یەکەم: شیاویی ڕاسپاردن:-

هەندێك لە زانایان لە وتەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەوە (فَٱبْعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ)دا بەڵگەیەك لەسەر شیاویی راسپاردن لە ئیسلامدا وەردەگرن، ڕێسای

بەڵگە لێوەرگرتنەکەشیان ئەوەیە لاوەکان کەسێك لەخۆیان راسپارد بۆ کڕینی ئاتاجو پێداویستی خۆیان لە شارەکەو، پارەودراوی خۆیان پیٔسپاردبوو بۆ ئەو کارە.

پێشەوا (شنقیطی) لە (اضواء البیان): دا "شیاوبوونی راسپاردنو ڕاستیو دروستییەکەی دیاریکردوە ئەوەیە کە گوتوویانە (فَٱبۡعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمۡ) دەلالەتە لەسەر راسپاردنی ئەو نێردراوە، یان بە کڕینی خۆراك.

هەندێك زاناش گوتوویانە:- (ئەم ئایەتە بە ڕەهایی دەلالەت لەسەر شیاوو بوونی راسپاردن ناکات، بەڵکو بەڵگەی سڵکردنو ترساندنە، چونکە ئەگەر هەموویان بۆ کڕینی پێویستی یەکەیان دەرچن ئەوا دوژمنانیان لەگومانی خۆیاندا پێیان دەزانن‌و ئەوانیش پاساوی خۆیان دەبێت، بۆیە ئایەتەکە دەلالەتە لەسەر ڕاسپاردنی کەسێك، کە پاساوی هەیە لەجیاتی غەیری خۆی. ئیمام (ابو حنیفه)ش هەمان ڕای هەیەو، هەر ئەمەش وتەی (سحنون)ە، کە لە هاوەڵانی (مالك)ەو، دەربارەی راسپاردنی کەسێك بۆ نێو ناکۆكو دژەکان ڕەوا بکرێت"[1].

(شنقیطي) ئەم سەرنجەی لەمەڕ راسپاردن بەشیاو داناوە تاکو دەربارەی ڕاسپاردن‌و بەشدارکردن‌و مەسەلەو بەڵگەو لێکۆڵینەوەکانی ئەو وتەیە دەربڕێت‌و هەربۆیەش سی لاپەڕەی لە کتێبەکەی (اضواء البیان)دا بۆ تەرخان کردووە[2].

ئێمەش وای بۆ دەچین، کە (بەڵگە هێنانەوە بەو ئایەتە لەسەر ڕاستی ڕاسپاردن) لە ئایینی خۆماندا جیٔی تێڕامان‌و تاوتوێکردنە، چونکە ڕاست تر وایە بڵێین ئەوە شەرعێکی پێش ئێمە بووە، نەك شەرعێك بووبێت بۆ ئێمە. هەروەها وایشی دەبینین، کە ڕای هەڵهێنجراوی (ئیمام شنقیطي) سەبارەت بە ڕاسپاردن‌و بەشدارکردن دەرچوونە لەمانەوە سەر دەقەکە، ئەگەرچی ئاماژەکانی نێو دەقەکە لە تەفسیرکردندا واش بگەیەنن.

---

(١) (اضواء البیان، ٤ :٤٥).

(٢) (اضواء البیان ، ٣: ٤٥-٧٥)

دووەم: شـــــیاویی بەشـــدارکردن:

(شنقیطي) بەڵگەهێنانەوەی هەنـدێك لـەزانایانی مەزهـەبی (ئیمـام مالـك)ی دەربارەی وتەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە (فَٱبۡعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمۡ) لەسەر ڕاستی وشیاویی بەشدارکردن هێناوەتەوە، وەك گوتویەتی: (هەنـدێك لـە زانايـانی سەر بەمەزهەبی ئیمام مالیك لـەم ئایەتـە پـیرۆزەوە شـیابوونی بەشـداریکردنیان خستۆتەڕوو چونکە ئەو لاوانە لەپارە زیوەکەدا بەشدارو هاوبەشبوون، کـە ناردیـان بۆ ئەوەی خۆراکیان بۆ پێ بکڕێت.

زانا (ابن العربي مالیکی) گوتوویەتی: (لەم ئایەتەدا هـیچ بەڵگەیـەك لەسـەر بەشدارکردن نیە ئەویش لەبەر ئەو ئەگەرەی لەوانەیە هەریەکە لەولاوانە بەشی خۆی بەتەنیا بەنێراوەکەیاندا ڕەوانەکردبێت تاخۆراکی خۆی بەتەنیا بۆ بکڕێت).

(شنقیطي)یش لە هەڵسەنگاندنی ئـەم وتەیـەدا گوتوویـەتی: (ئـەوەی کـە ابـن العربي- باسی کردووە بەباری بینراوو ڕواڵەتی ماناکەییدا ئاڕاستەکراوە)[1] ئێمەش لە هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە بەڵگەهێنانەوەو جیاوازیی بیروڕایانەش دا ڕامان وایـە کە (هیچ هۆکارو پێویستییەکمان پێی نابێت، چونکە ئەوە شەرعو یاسایەکی پێش ئێمە بووە، نەك شەرعێك بووبێت بۆ ئێمە، چـونکە لەدەقـەکانی خۆمانـدا هێنـدە بەڵگەمان لەسەر شیاویی بەشدارکردنو ڕاسپاردن هەیە کە، بەسمانە.

سـێیەم: گـەڕان بەدوای خـۆراکی حەڵاڵو باشـدا:

ئەوان نوێنەرەکەی خۆیان، کە ناردیـان بـۆ نێـو شـار، ڕاسـپارد بەچـاوگێڕانو وردبینـــیو، هێنـــانی خـــۆراك بۆیـــان، پـــاكو حـــەلاڵ بێـــت (فَلۡيَنظُرۡ أَيُّهَآ

---

(١) اضواء البيان، ١٠: ٥٠.

أَزْكَىٰ طَعَامًا).. بێگومان فەرمان (فعل)ی (فَلْيَنظُرْ) بەڵگەیە لەسەر پێویستبوونی وردبوونەوەو چاوگێڕانو پشکنینی خۆراکی باشو هەڵبژاردنی بەچاکی. ئەمەش زیاتر لەکاتی زۆریی حەرامو حوکمی نەفامیو، کەمی حەڵاڵدا دەبێت. مرۆڤی موسڵمانیش لەم جۆرە بارودۆخەدا ئەوەی لێ خوازراوە، بە وردییو وریاییەوە بەدوای خۆراکی حەڵاڵدا بگەڕێتو، حەرام هەڵنەبژێرێت.

لە ڕستەکەدا وشەی (أَزْكَىٰ طَعَامًا)یش ئاوڕدانەوەیەکی جوانی قورئانە لە خۆراکی پاكو خۆشو حەڵاڵ.. لەبارەی مانای (أَزْكَىٰ طَعَامًا)ەوە چەند وتەو بیروڕایەك هەیە، بۆ نموونە: (ابن عباس) گوتوویەتی: (مانای- أَيُّهَآ أَزْكَىٰ طَعَامًا) واتە: (حەڵاڵترین خۆراك). هەندێك لەزانایانی تریش گوتوویانە، واتە: (خۆشترین خۆراك) هەندێکی تریشیان گوتوویانە، واتە: (هەرزانترین خۆراك) چەند زانایەکی تریش گووتوویانە، واتە: (زۆرترین خۆراك) بەڵام (ئیمام ابن کثیر) وتەی یەکەمی بە ڕاست وبەڕای یەکلاکراوە داناوەو گوتوویەتی: (مانای ڕاستی لەوتەی یەکەم دایە، چونکە مەبەستی لاوەکان لەخۆراکێکی باشو حەڵاڵدا بووە، سائیتر کەم بووبێت، یان زۆر بووبێت)[1].

چوارەم/ قورئانو حەزی گشتی لە خۆراکدا:

لە وتەی لاوەکان (أَيُّهَآ أَزْكَىٰ طَعَامًا)دا ئاماژەیەکی دی هەیەو مەبەستیان لە (أَزْكَىٰ طَعَامًا) حەلالترینو چاکترینو خۆشترین خواردنە.. لێرەدا وشەی (أَزْكَىٰ) ماناکانی پاكو گەیشتوویيو چاکیو بەپیتیی دەگەیەنێت. قورئان ئەوەمان لێ دەخوازێت، حەزو میزاجمان لە هەڵبژاردنی جۆرەکانی خۆراكو پۆشاکدا، بەپێی ڕێنماییەکانی ئیسلامو ڕێساکانی حەڵاڵو حەرام بێت.

---

(١) تفسیر ابن کثیر/٣ ٧٧

له ڕێبازی نەفامیدا ئەم مەسەلەیە دەشێوێنرێت‌و، شوێنکەتووە نەفامەکانیش پیس‌و ناشیرینی دەکەن، چونکە حەزو میزاجەکانیشیان دەردەدارو شێوێنراوو ساختەن.

بێگومان خۆراکی باش لای ئەوان، کە بە (أَزۡكَىٰ طَعَامٗا)ی دادەنێن ئەوەیە بەپێی تازەترین شێوازو مۆدێلی کولاندن‌و لێنان‌و خواردن بێت، بۆ ئەوەی هۆکارە ئایینیەکەی تێدا ڕەچاوبکەن یان لەبازنەی حەڵاڵ‌و حەرامدا بیهێڵنەوە. ئەوەی زیاتر جێی داخە ئەوەیە، ئەم (بۆچوونە جاهیلییە لەسەر پاکژترین‌و باشترین خۆراك) هەندێك کەسی له موسڵمانانیش گرتۆتەوەو ئامادەنین مەسەلەی حەڵاڵ‌و حەرام لە خۆراکدا ڕەچاو بکەن، بەڵکو وای دادەنێ، گوایە لەگەڵ حەزی ساغ‌و میزاجی ڕاستدا ناکۆکەو پەیوەندیی بە هەڵبژاردنی چاکترین‌و ڕەوانترین خۆراکەوە نیە.

بێگومان پوختترین خۆراك لەژیاندا ئەوەیە خۆشترین‌و حەڵاڵترینیان بێت پوخت ترین پۆشاکیش لەژیاندا ئەوەیە کەوا لەگەڵ ڕێساو ڕێنماییەکانی ئیسلامدا گونجاو بێت دیارە خۆراکی حەرام‌و، پۆشاکی حەرامیش ئەوەیە پیسترین‌و خراپترینیان بن.

حەزی موسڵمانیش، کە قورئان بەرزو بەڕێزی کردووەو، میزاجیشی، کە ئیسلام ڕێنماکارو ڕێکخەریەتی، خۆراکی حەرام‌و، پۆشاکی حەرام پەسەند ناکات، چونکە لەبازنەی شتەپیس‌و خراپ‌و ناپەسەندەکاندا دایاندەنێت.

هەر خۆراکێکی حەڵاڵیش، پاك‌و پوختە، هەموو خۆراکێکی حەرامیش پیسە، هەموو پۆشاکێکی حەلاڵیش پاك‌و پوختە، هەموو پۆشاکێکی حەرامیش پیسە.

ئەم ئاماژە قورئانیەش ئەوەمان لێ دەخوازێت ئاوڕو سەرنجی ورد لە ڕێنمایی‌و ئاڕاستەو پەندە جوانەکانی قورئان بدەینەوەو چەند بەڵگەیەکی ڕاستیان لێ دەربێنین، قورئانیش چەندەها ئاماژەی هەمەڕەنگ‌و چەندین سەرنجی هەمەگیرو هەمەلایەنەی لەسەر هەموو چەشنە بوارێکی ژیان تێدایە، گرنگیش ئەوەیە ئێمە بزانین چۆن ئاوڕیان لێبدەینەوەو وەریان بگرین‌و سەوداو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

پێنـجـەم/ "ولیتلطــف"

لاوەکان، نێردراوەکەی خۆیان بۆ نێو شار بەوە راسپارد، کـە نـەرمونیان بێـت، بەباشیو بەنەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ خـەڵکی شـارەکەدا بکـات، کاتێـك پێیـان دەگاتو، شتیان لێ دەکڕێت.

نەرمونیانییش لەگەڵیاندا بەوە دەبێت، کە لەخۆبوردوو، ساکارو، هـێمنو، رۆح سووكو، ئاسانکار بێت، ئەم راسپاردەیەی ئەوان بۆ ئەو نێردراوە کەنەرمونیان بێت ئاوڕدانەوەیــەکی زیرەکانــەیان بــووە لــە گرنگیــی نــەرمونیانیو ســاکاریو لـەخۆبووردوویی لەژیانـداو، لـە پەیوەنـدی کـردن بەخـەڵکیو مامەڵـە لەگەڵـدا کردنیانو، لە کڕینو فرۆشتندا.

ئەمەش ئاوڕێکی پێویستو ڕێنماییەکی گرنگە بۆ هـەر موسـڵمانێكو، ئـەوە دووپاتدەکاتــەوە، کــەوا ژیــان تــەنها بــە نــەرمونیانی ڕێکـدەبێتو، بێگومــان پەیوەندیشی لەگەڵ کەسانیتردا تەنها بەنەرمونیانی دەبێت، دیارە مامەڵەکردنیشی لەگەڵیاندا لە گشت بوارە هەمەجۆرەکانی کارو، لەهەمـوو لایەنەکانی ژیاندا تـەنها بە نـەرمونیانی بەدیـدێتو سـەردەکەوێت. بەڕاسـتی جیاوازییـەکی هێجگـار زۆر لەنێوان پیاوێکی (نەرمونیان لەگەڵ خەڵك)و پیاوێکی تـری (خـراپو دلـڕەقو قـین لەدڵو توورە)دا هەیە نەرمونیانیو هێمنیو چاوپۆشـیو بەسـۆزیی، پەیوەسـتن بـە ئاکاری جوانو نەفسی ڕەزامەندو خوونەریتی هێدیەوە، دەشێت ئەم ڕەوشتە جوانانە بە تاقیکردنەوەو کۆشـشکردنو کۆڵنـەدانو هـەوڵی بـەردەوام دەسـتەبەر بکرێـت. ئارامی بەئارام گرتنو، نەرمونیانییش بەرەحمو سۆزبەخشین دەبێـت.

قورئــانی پیرۆزیـش ئامــاژەی بـۆ چــاکیی نـەرمونیانیو گرنگـی چاوپۆشـیو ئاسانکارییو نیعمەتی رۆح سووکی لەگەڵ خەڵکیدا کـردووە، ئەمـەش لەکاتێکـدا خودا ئەو ئاکارە بەرزەی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بەخشیوەو پێی فەرمووە:

﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ﴾ آل عمـران ﴿١٥٩﴾. واتـه "ئەی پێغەمبەر بەهۆی رەحمەتی خوداوه تـۆ نـەرمونیان بوویـت لەگەڵیانـدا، دەنـا ئەگەر کەسـێکی دڵـرەق‌و توندوتیژبوویتایـه، هـەموویان لـەدەورت دەتەکینـەوه. دەتۆش لێیان ببووره وداوای لێخۆشبوونیان لەخودا بۆ بکـەو راوێـژو تەگبیریـشیان لەسەر کاروبارەکان پیێبکه".

هەروەها پێغەمبەری خوداش ﷺ له چەندین فەرموودەیدا، هانی داوین لەسەر نەرمونیانی‌و رەحم‌و بەزەیی لەگەڵ موسڵماناندا، لەو فەرموودانەش:-

- وەك ئەوەی، که (مسلم) له(جریری کوڕی عبدالله) وه — خودا لێی رازی بێت- گێڕاوێتییەوه، که پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **((مـن يحـرم الرفـق يحـرم الخير كله))**[1].. واته "هەرکەسێك به نەرمونیانی بێبەش بوبێـت، ئـەو لـە هـەموو خێرێك بێبەش کراوه ".
- هەروەها (مسلم) له (عائشة)ەوه گێڕاوێتییەوه که پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: **((يا عائشة ان الله رفيق يحب الرفـق، ويعطـي علـى الرفـق مـالا يعطـي علـى العنف))**[2]. واتـه.. "ئـەی (عائـشه)خـودا نەرمونیانـەو، نـەرمونیانیی پـێ خۆشەو، ئـەو پاداشـتەی لەسـەر نـەرمونیانی دەیبەخـشێت، هـەرگیز لەسـەر توندوتیژی نایبەخشێت".

ئەمەش بانگەوازێکه بۆ ئێمه، له هاوەڵانی ئەشـکەوتەکەوەو لـە قورئـان‌و لـە پێغەمبەری خوداشەوه ﷺ بۆ ئـەوەی لـە ژیانمانـدا نـەرمونیان بـین، لـە گفتـارو کردارەکانمان‌و، له ژیان‌و پەیوەندییەکانمان‌و له ئاشنایەتی‌و سەوداو ئاڵوێرییەکانماندا هەر نەرمونیان بین.. ئیدی ژیان بەئاسوودەیی‌و بەختەوەری‌و خێـرو خۆشـی بەسـەر

(١) رواه مسلم في (٤٥) كتاب البرو الصلة، باب (٢٣) فضل الرفق/ حديث (٢٥٩٢).
(٢) رواه في كتاب البـرو الصلة، باب الرفق، حديث رقم (٢٥٩٣).

دەبەینو، پەیوەندییەکانیشمان لەگەڵ کەسانی تردا لە خۆشیو نەرمونیانیو چاکیدا دەبێت خوداش فەرمووبەتی: ﴿...وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا...﴾ البقرة ٨٣، واتە.. "قسەی جوانو بەجێو ناسك لەگەڵ خەڵکیدا بکەن".

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ۝٣٤ وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ۝٣٥﴾ فصلت، واتە: (چاکەو خراپە وەك یەك نین. ئەوەی وتەی چاكو پەسەندی هەیە. یەکسان نیە لەگەڵ ئەوکەسەی، کە وتەی خراپو ناپەسەندی هەیە. تۆش ئەی پێغەمبەر ﷺ بە هێمنیو نەرمونیانیی خۆت هەڵوێستی باشتر لەئاستیاندا بنوێنە وئیدی ئەوکەسەی دوژمنایەتی لەگەڵتا هەیە دەبێتە هاوڕێیەکی نزیکت، وەك ئامۆزایەك یان وەك کەسێکی نزیکتی لێ دێت. ئەم ئاکاری وەڵامدانەوەی (خراپە) بەچاکەیەش، تەنها ئەوکەسانە پێی بەهرەمەندن کە ئارامیان لە بەرامبەر کەسانی خراپو بەدکاردا گرتووە، هەرکەسیش ئەم ئاکارە جوانەی ئارامگرتنی هەبێت زۆر بەختەوەرەو بەختێکی زۆری لە پێشبڕکێی بەدەستهێنانی خێرو هەڵوێستی چاکەدا هەیە.

شەشەم: شاردنەوەی دەنگو باسی خۆیان لە گەلەکەیان:

هەر لەو ڕاسپاردانەی لاوەکان بەنێردراوەکەیان ئەوەبوو، هەواڵو دەنگوباسو مەسەلەکەیان لەگەلەکەیان بشارێتەوە: ﴿وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ۝١٩ إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوا إِذًا أَبَدًا ۝٢٠﴾ الكهف، واتە:.. " با هیچ کەسێك هەستتان پێنەکاتو بە هەواڵو دەنگوباستان نەزانێت، چونکە ئەگەر بە کاروبارتان بزانن بەردبارانتان دەکەنو

دەتـانکوژن، یـاخود دەتانخەنـە سـەر دینـی خۆیـانو، بـەم ڕەنگـەش هەرگیـز سەرکەوتوو نابن".

ئەوان پێشتر داوایان لە نێردراوەکەیان کرد، لەگەڵ خەڵکی شاردا نەرمونیان بێت وەك ئەوەی لە جموجوولێداو لە گەیشتنە نێو شارەکەشدا، نەرمونیان بێت. هەروەها لەکڕینی خۆراکەکەو، لە هەڵسوکەوتیو لە گەڕانەوەشدا هێندە نەرمونیان بێت کە مەسەلەکەی خۆییان لێبشارێتەوەو هیچ گومانێکی لێ نەکەنو شك لە مەسەلەکەی نەکەنو دوای نەکەونو شوێن پێی هەڵنەگرن. ئەوان (واتە لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکە) هۆی ئەم نهێنگیرییو نەرمونیانیو مەسەلە حەشاردانەیان ئەوەبوە، کەوا بێگومان، ئەگەر گەلەکەیان پێیان بزانن‌و پەردە لەسەر مەسەلەکەیان هەڵدەنەوەو بگەنە ئەشکەوتەکەیانو رازی مانەوەیان دەربخەن، ئەوا بەردبارانیان دەکەنو دەیانکوژن، یاخود دەیانگێڕنەوە بۆ سەر ئەو ئاینە پووچەڵەو ڕێبازە ناڕاستەکەیانو، وایان لێ دەکەن باوەڕبەخودا نەهێننو، هاوەڵ (شەریك)ی بۆ دابنێن. بەم رەنگەش هەرگیز سەرکەوتوو نابن، نە لە دنیاو، نە لە ڕۆژی دواییشدا.

لەمەوە تێدەگەین، کە بێگومان هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە سووربوون لەسەر شاردنەوەی مەسەلەکەیانو، کە نابێت هیچ کەسێك پێیان بزانێت. هەربۆیەش ویستوویانە خۆیان لەچاوانیان بشارنەوە.

ئەمەش ئاماژەیە کەبۆ شیاوییو ڕەوایی شاردنەوەی ڕێکخستن. کەبێگومان دەشێت بانگەوازکاران شێوازی ڕێکخستنیان لەگەلەکەیان بشارنەوەو هەموو جمو جوولێکیان بەنهێنی بێت و کەس پێیان نەزانێتو خۆشیان بۆیان دەرنەخەن، کە سەر بە چ تاقمو لایەنێکنو پەیوەندییان پێوەیان چۆنەو چەندە!!

دیارە دەشێت (کاری ڕێکخستنی ئیسلامی)یش بەنهێنیو پەنهانی بێت، ئەگەر هۆو زەروورەت وابخوازێت. بێگومان دوژمنانی ئەم ئاینە دەیانەوێت دەستی بەسەردا بگرنو، دژایەتی پیاوانو سەربازانی بکەنو، هەموو رەنگو شێوەیەکی کاری ئیسلامی بسڕنەوە. خۆ ئەگەر بانگەوازکاران لەو جۆرە ژینگەیەی وەك سەردەمی ئەم لاوانە دابوونو، لە قۆناغێکی لاوازیو بێدەسەلاتیدا بوون، ئەوا

بۆیان دەشێت کە ڕێکخستنەکەیان بەنهێنی بێت‌و کاروباری خۆیان لـە ناحـەزانیان بشارنەوە. بەڵام پێویستە لەسەریان کەوا کەسانی تریش بـۆ ئـەو ڕێبازەیـان بـانگ بکەن‌و، ئیسلامبوونی خۆیان بۆ ئاشکراکەن‌و، ئامۆژگاریی گەلەکەشیان بکەن‌و لە هەوڵی سەرخستنی ئاینەکەیاندا بـن نـەك هـەر لێـی دانیـشن‌و بـەو نهێـنگیری‌و مەسەلە شاردنەوەیەوە سەرقاڵ بن، واز لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیان بهێنن.

بێگومـان ڕێکخـستن‌و پێکـەوە جۆشـدانی (بـزاوت‌و ڕێکخـستنی نهێنـی)و (بانگەوازو ڕوونکردنەوەی ئاشکرا) ئاتاجیان بەهاوسەنگی‌و زیرەکی‌و دانایی هەیە، جگە لە ئاتاجی زۆریان بەیارمەتی‌و ڕێنمایی خوداش.

قورئانی پیرۆزیـش چـەندین نموونـەو پەنـدی لەسـەر (نهێنیگیریـی‌و پـەنهانی‌و باسنەکردنی کارو چالاکی لـەلای کەسـانی تـر) پیـشان داویـن، وەك بەسـەرهاتی خوشکەکەی (مـووسا) کە بە راسپاردەی دایکیی کەوتە شوێن هەواڵی براکەی‌و لـە دوورەوە چاودێریی دەکرد بێ ئەوەی ناحەزانیان پێی بزانن.

لە ژیاننامە (سـیرە)ی پێغەمبەریـشدا ﷺ گـەلێك نموونـەی لـەم چەشـنەمان لەسـەرکاری پـەنهانی پێغەمبـەری خـودا ﷺ هەیـە کـە چـۆن ڕێکخـستنە ئیسلامییەکەی لە یەکـەمین قۆنـاغی بانگـەوازەوەو لـە هـەردوو بـارودۆخی نێـو (مەککە)و (مەدینە)شدا تا دواقۆناغ بەڕێوە بردووە. دیارترین نموونەش لـەم ڕووەوە ئـەو بەرسـەرهاتانەیە کـە (ابـو ذری غفـاری)- خـودا لێـی رازی بێـت- لەسـەر موسڵمانبوونی خۆی گێڕاویێتییەوە کەوا باسی هەڵوێستی (فاطمـەی کچی الخطاب) لە بەرامبەر دایکی (ابوبکری صدیق)دا دەگێڕێتەوە، کاتێك (فاطمة) هاتووە بۆلای ئـەو ژنـەو پرسـیاری دەربـارەی پێغەمبـەر ﷺ لـێ کـردووە.. هـەروەها، کـە پێغەمبەریش ﷺ مامی (واتە –عبـاس-ی خـودا لێـی رازی بێـت) راسـپاردووە بەوەی لە مەککەدا بمێنێتەوە، تاکو هەواڵ‌و دەنگ‌وباسی دانیشتوانەکەی لەوێوە بە موسڵمانان بگەیەنێت.

"حیکمەت لە ناردنی نێردراوەکەیان و، ئاشکرابوونی بەسەرهاتەکەیان"

خودا فەرموویە: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَآ ..﴿٢١﴾ الكهف﴾ " لە چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەدا بۆشایی یەکی هونەریی هەیە، بۆشایی یەك لەنێوان ناردنی یەکێکیان بۆ بازاڕی نێو شارەکە، تاکو خۆراکیان بۆ پەیدا بکاتو، لەنێوان گەڕانەوەی ئەو نێردراوەشیاندا بۆ لایان لە ئەشکەوتەکە، لەم بۆشایی یە هونەرییەدا بەسەرهاتو مەسەلەکەیان ئاشکرا دەبێت بۆشایی ی ڕۆشتنی ئەم پیاوە، تاگەیشتۆتە شارەکەو ئەو دیاردە سەیرو سەمەرانەی، کە چاوی پێیان کەوتووەو ئەو هەڵسوکەوتو مامەڵانەی لەنێوان خۆیو دانیشتوانی شارەکەدا بووەو، گەڕانەوەشی بە سەرسامیو سەرسوڕمانەوە بۆ لای هاوەڵەکانی لە ئەشکەوتەکەدا بە ڕاستی بۆشاییو پانتاییەکی هونەرییانەیە، کە هیچ شتێکی لە ڕیوایەتە ڕاستەکانو لە ناڕاستەکانیشدا لەبارەوە بەدیی ناکەین.

قورئانی پیرۆزیش هیچی لەبارەوە نەخستۆتەڕوو، ئەمەش وەك ئەوە وایە، خوێنەر بانگ کات بۆ ئەوەی بە بیروخەیاڵی خۆی, هۆیەك بۆ ئەو بۆشاییە دیاری بکاتو، هەر بە بیروبۆچوونی خۆیشی ڕووداوو پێشهاتی کتوپڕی لەو بۆشاییەدا مەزەندە بکات. لێرەدا تەنها ئەوەندە هەیە کە (نێردراوەکەیان بۆ نێو شار) کارەکەی لێ ئاشکرا بووەو، (ناشزانین چۆن) بۆ لای هاوەڵەکانی لە ئەشکەوتەکەدا گەڕاوەتەوەو، ئەی داخۆ چۆن خەڵکی شارەکە دوای کەوتوونو، کاتێك گەیشتوونەتە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە، هەموو لاوە ئیماندارەکانیان بەمردوویی تێدا دیوەتەوەو، ئەم جارەیان بەڕاستی بە واقیعی مردوون.

بێگومــان خــودا هــاوەڵانی ئەشــکەوتەکەی بــۆ خــەڵکی ئاشــکراکردووەو وای لەخــەڵکی شــارەکە کــردووە پێیــان بــزانن‌و هەڵوێــستە لەئاســت مەســەلەو بەسەرهاتەکەیاندا بکەن، قورئان حیکمەتی ئەمەی لــەوەدا دەرخــستووە، بەدوایــدا هــاتووە: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَآ﴾ واتە: "بەمرِەنگە (بەو جۆرەی کــە نێردراوەکــەیان چــۆتە نێوشــارو، خەڵکی شاریش بەنهێنییەکەیان زانیوە دوای کــەوتوون‌و، پاشــان چــاویان بەهــەموو لاوەکان کەوتووە کەوا تازەو لەکاتێکی کەمــدا بەرِاســتی گیانیــان لــێ کێــشراوە، بەمرِەنگە کاروبارو بەسەرهاتیانمان بۆ خــەڵکی شــارەکە دەرخــستووە تــاکو بــزانن کەبێگومان بەڵێنی خوداو تواناو قودرەتی خودا لەسەر زیندووکردنــەوەی مــردووان راستەو حەقەو، دەبا ئەوانەی ئەم وتەو بەسەرهاتانە بەدرۆ دەخەنەوە بزانن ئەمەیــە وەعدی خوداو بزانن بێگومان رۆژی دوایی هەر دێتە پێشەوەو هیچ گومانێکی تێدا نیە".

حاڵ‌و مەسەلە ئاوابووە تاکو خەڵکی شارەکە بزانن کە بــەڵێنی خــودا رِاســتەو قیامەت شك‌و گومانی تێدا نیە. بەڵێنی خودا بۆ بەندە ئیماندارەکانیــشی رِاســتەو هیچ لارییەکی تێدا نیە، خــودا لەگەڵیاندایــە بەهــەموو شــێوازێکی سەرپەرشــتی کردنیــان‌و پاراســتنیان‌و سەرخــستنیان‌و راگیرکردنیــان لەســەر رِێبازەکــەی دەبــا هەرکەسێك، مەرجە خوازراوەکان جێبەجی بکات، تەواو دڵنیا بێت لــە بــەدیهاتنی بەڵێنی خودا.

ئــەوەتا هــاوەڵانی نێــو ئەشــکەوتەکە پــەنایان بردۆتــە بــەرخوداو خــوداش لەگەڵیانــدابووەو پاراســتوونی‌و بــەرگریی لێکــردوون‌و، لاشــەکانیانی بەســاغی هێشتۆتەوە لەکاتێکدا ئەوان بۆماوەی سێ سەد ساڵ لەخەودا بوون.

پاشان خودا مەسەلەکەیانی ئاشکرا کردۆتەوە تاکو خەڵکی شارەکەو (کەســانی دوای خۆیــان ونــەوەکانی دواتریــان) بــزانن، رۆژی دوایــی (رۆژی زیندووکردنــەوە)

هەردێتو گومانی تێدانیه. شێوازو هۆکاری بەڵگه هێنانەوه به چیرۆکی هـاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکه لەسەر زیندووکردنەوه لەرۆژی قیامەتدا ئەوەیه، ئەوان سی سـەدو نۆساڵ خەوتوونو، رۆحەکانیشیان لەو ماوه درێـژەدا لەلاشـەکانیان جیابووەتـەوەو، پاشـان خـودا رۆحـەکانیانی بەبەرلاشـەکانیاندا کردۆتـەوەو، ئیـدی لەخەوەکـەیان هەڵیساندوونو وبێداری کردوونەتەوه.

جا مادام خودا بەتوانایه لەسەر ئەوەی، که ئاوایان بەسەر بێنێـت ولـەو خـەوه درێژەش بەخەبەریان بێنێت، ئەوا بەتواناشه لەسـەر زیندووکردنـەوەی خـەڵکی لـه رۆژی قیامەتداو بەتوانایه لەسەر ئەوەش، جارێکی دی رۆحەکانیان بـه بـەر لاشـه رزیوەکانیاندا بکاتەوه.

بـه ڕاسـتی چـیرۆکی هـاوەڵانی ئەشـکەوتەکه لەبـەهێزترینی بەڵگـه کردەیـی (عملی)یەکانی قورئانه لەسەر زیندووکردنەوەی خەڵکی لـه رۆژی قیامەتـدا، ئـەم بەڵگـه قورئانیـەش بـەردەوام ئامـاژەو دەلالـەتی خـۆی، تـا ڕۆژی قیامـەت دەگەیەنێت..

"گەلەکەیان لەئاستیاندا بوون بەدوو بەشەوە"

گەلەکەیان لەسەر مەسەلەی لاوەکان ناکۆکییان تێ کەوتووەو، واپێ دەچێت دوای ئەوسێ سەدەیە گەلەکەیان باوەڕدار بەخودا بوونو یەکخواپەرستی (توحید)یان رەچاو کردووە، وەك خوداش لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿إِذْ يَتَنَٰزَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ فَقَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ عَلَيْهِم بُنْيَٰنًا رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ﴿٢١﴾ الكهف﴾.. کەواتە ئەوان دەربارەی لاوەکان بوون بە دوو کۆمەڵەوە:

کۆمەڵی یەکەم/ ئیمانداره ڕاستو چاکەکانن، کە گوتوویانە (بینایەکیان لەسەر دروست بکەنو خوداش خۆی لەکاروباریاندا زانایەو چییان لێ دەکات).
بێگومان ئەوان داوای دروستکردنی بینایەکیان لەسەریان کردووە،ئەم بینایەش مزگەوت نیە، یاخود بۆ مەبەستی بە پیرۆزدانانی لاوەکان نیە، بەڵکو بۆ مەبەستی ڕێزلێنانیان بووە کەلاشەکانیان دفن بکرێتو، بنێژرێنو، لەو بینایەدا بپارێزرێت. وەك زانراویشە، ڕێزنان لەمردوو ئەوەیە بنێژرێت. ئەم باوەڕدارانەش زۆر بە مەسەلەکەدا رۆنەچوون، چونکە دەیانزانی، کە هیچ ئامێرو ئامرازێکیان بۆ پشکنین ولێکۆڵینەوەو دیراسەو شیتەڵکاری نیەو، مادام ئەم جۆره ئامرازانەشیان بەدەستەوە نیە، ئەوا نابێت پەنا بەرنە بەر گریمان وگوترەکاریو ئەفسانەکان، هەروەها نابێت کاتو هەوڵو عەقڵ و فیکریشیان لەشتێکدا، کە بۆیان یەکلا ناکرێتەوەو، سوودێکیان پێ نادات بەفیڕۆ بدەن. کەوا بوو تەنها ئەوەیان لەسەرە، مەسەلەکە بخەنە پاڵ زانستی خوداو، زانینی بنجو بناوانی بەسەرهاتەکەش هەر بۆ خودای پاكو زاناو

شارەزا بگێڕنەوە، هەربۆیەش گوتوویانە (رَّبُّهُمۡ أَعۡلَمُ بِهِمۡۚ) بێگومان (ئیمانداریێتیو باوەڕهێنانیان بەخودا) ڕێنمایی کردوون بۆ ئەو بیروڕایەو سرووشی ئەو وتەیەی (رَّبُّهُمۡ أَعۡلَمُ بِهِمۡۚ) پێگەیاندوون ئێمەش بەهۆی ئەو باوەڕەیانەوە بەباوەڕدارمان داناون.

کۆمەڵی دووەم/ ئەو حاکمو دەسەڵاتدارە کار بەدەستانەیانن کە قورئان بەوەسفی (ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِمۡ)ناوی هێناونو، بیروڕایان وابووە، مزگەوتێك لەسەر هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە بینات بنرێت: قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِمۡ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا ، واتە: " ئەوکەسانەش، دەسەڵاتداربوونو دەسەڵاتیان لەکاروباری لاوەکانو ناوچەکەدا بوو گوتیان: (ئێمە بڕیار دەدەین، مزگەوتێك لەسەریان دروست بکەین". لەم وتەیەی دەسەڵاتدارەکاندا هەستێکی خۆ بەزل زانینو خۆبەگەورە دانانو خۆسەپاندنو دیکتاتۆرییش بەدیی دەکەین، چونکە ئەوان بەسەرگەلەکەیاندا (دەربارەی کاروباری لاوەکان) زاڵ بوونو ڕکێفیان لەسەر توندکردوونو، بە لووتبەرزیو خۆبەزل دانانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوونو بەزەبرو زەنگێکی وەهاشەوە قسەیان لەگەڵدا کردوون، بواری هیچ گفتوگۆو موناقەشەیەك، یان پاشگەزبوونەوە لە بیروڕاکەیانی تێدا نەماوەتەوە بەتوندی گوتوویانە: (لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا).

کاتێك زانایانی تەفسیریش، لە نووسینی تەفسیرەکانیاندا گەیشتوونەتە ئەم جێگەیە، دەربارەی حوکمی (بنیاتنانی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان) دواون وچەندین فەرموودەی پێغەمبەریان ﷺ لەوبارەیەوە دیاری کردووە، کە بنیاتنانی مزگەوتیان لەسەر گۆڕەکان تێدا قەدەغەکراوەو، کە نەفرەتی خودای تێدایە بۆجوولەکەو دیانەکان بەهۆی ئەوەی، گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاکانیان کردۆتە پەرستگا.

لەو فەرموودانەش:-

١- (مسلم) له (عائشة)وه – خودا لێی ڕازی بێت – گێڕاوێتییەوه: (أم حبیبة)و (ام سلمة) له (حەبەشه) كڵێسەیەكیان بینیوه، كەوا چەندین وێنەو نیگاری پێغەمبەرانی خودای تێدا كێشراوەو ئەمەیان بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ گێڕاوەتەوەو ئەویش فەرمویەتی: **((ان اولئك اذا كان فيهم الرجل الصالح فمات، بنوا على قبره مسجداً، وصوروا فيه تلك الصور، اولئك شرار الخلق عند الله يوم القيامة))**[1]. واته: " ئەو جوولەكەو گاورانە ئەگەر پیاوێكی باشیان تێدا بمردایه، پەرستگایەكیان لەسەر گۆڕەكەی دروست دەكردو ئەوجۆره وێنەو نیگارانەشیان تێدا دەكێشا، بەڕاستی ئەوانە لەقیامەتدا لەلای خودا خراپترین خەڵكن".

٢- (مسلم) له (عائشة)وه –خودا لێی رازی بێت- گێڕاوێتییەوه، پێغەمبەری خودا ﷺ له نەخۆشییەكەی دواجاریدا، كه لێی هەڵنەسایەوه فەرمووی: **((لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبورا أنبيائهم مساجد))**[2]. واته " نەفرەتی خودا له جوولەكەو گاورەكان بێت كه گۆڕەكانی پێغەمبەرانیان كردۆته چەند پەرستگایەك".

٣- (مسلم) له (جندب)ەوه (خودا لێی رازی بێت) گێڕاوێتییەوه، گوتوویەتی: (گوێم له پێغەمبەری خودا بوو ﷺ لەپێش مردنیدا پێنج ناوی هاوەڵی تەنیای هێناو فەرمووی: **((اني أبرأ الى الله، ان يكون لي منكم خليل، فان الله تعالى قد اتخذني خليلا، كما اتخذ إبراهيم خليلا ولو كنت متخذا من أمتي خليلا لاتخذت ابابكر خليلاً الا وان من كان قبلكم كانوا يتخذون قبور انبيائهم**

---

(١) مسلم، كتاب (٥) المساجد ومواضع الصلاة، باب (٣) النهي عن بناء المساجد على القبور، حديث (٥٢٨).

(٢) مسلم ، حديث (٥٢٩).

وصالحهيم مساجد. الا فلا تتخذوا القبور مساجد، اني انهاكم عن ذلك))[1]...

واتە: " من پەنا دەگرم بەخودا لەوەی، تاكە هاوەڵێكی هەڵبژاردە لەئێوە بۆخۆم دابنێم، چونكە خودا خۆی منی كردووە بەتاكە هاوەڵی هەڵبژاردە، وەك چۆن (ئیبراهیم)ی كردۆتە تاكە هاوەڵی هەڵبژاردەی پاكو دڵسۆز. خۆ ئەگەر لە نەتەوەكەم، تاكە یەك هاوەڵێ پاكو هەڵبژاردەم بۆ خۆم دابنایە، ئەوا (ئەبوبەكر)م بەو جۆرە هاوەڵە دادەنا، بەڵام كەسانیو گەلانی پێش ئێوە گۆڕەكانی پێغەمبەرانیان دەكردنە چەند پەرستگایەك، جا ئێوەش ئەو جۆرە گۆڕانە (واتە گۆڕەكەی منو گۆڕی پیاوچاكانی نەتەوەكەم) مەكەنە چەند مزگەوتێك، چونكە من بە تەواوی ئەوەم لێ قەدەغە كردوون".

لەم فەرموودانەوە ئەوە تێدەگەین، گەلانی پێش ئیسلام سەرزەنشتكراون لەسەر بنیاتنانی پەرستگاو مزگەوت لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانیانو پیاوچاكانیان. تەنانەت لەسەر ئەم تاوانە نەفرەتیان لێكراوە. ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی كەئەوانەی سووربوون لەسەر بنیاتنانی مزگەوت لەسەر گۆڕەكانی هاوەڵانی نێو ئەشكەوتەكە، لەئیمانداره چاكەكان نەبوونو، بیروڕاشیان ڕاست یان پەسەند نەبووە، هەروەها لە جەختكردنەوەیان لەو ڕستەیەی (لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا)دا واتێدەگەین، حاكمو دەسەڵاتدارەكان ئەو رایەی خۆیان، كە لەسەری ڕژدبوون، بەجێ هێناوەو مزگەوتیان لەسەر ئەو ئەشكەوتە بنیات ناوە، بەڵام قورئان هیچ شتێكی وای لەبارەی بنیاتنانی مزگەوتەكەوە باس نەكردوە، بەڕوونیش ئاماژەی بەوە نەداوە، ئاخۆ دروستكراوەو كارەكە تەواوكراوە یان نا..؟ ئەمەش لەبەر دوو هۆ:-

یەكەم/ بێگومان قورئان لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆكەكاندا هەمیشە بۆشاییەكی هونەری جێدێڵێت، تاكو بوار بدات بەبیرو خەیاڵی خوێنەرو، تا خوێنەر خۆی

---

(١) مسلم، حديث (٥٣٢).

ئەو بۆشاییە پڕبكاتەوە. ئێمەش وەك خوێنەر لێرەداو لەم چیرۆكەدا خەیاڵمان دەچێتە سەر ئەو گەلە، سەرگەرمی بنیاتنانی مزگەوتەكە بوونو لەخەیاڵی خوێنەریشدا وێنەی مزگەوتەكە دەكێشرێت كەوا لەسەر ئەشكەوتەكە بنیاتنراوە.

دووەم/ لەبەر بێزراوی (كراهية)ی كاری بنیاتنانی مزگەوت لەسەرگۆڕەكانو لەبەر بێزراویی ئەوكارەش كەوا جێبەجێكارانی كردوویانەو، خوداش خۆی زاناو ئاگادارە لێیان.

"سێ وتە لەسەر ژمارەی لاوەكان"

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ جیاوازیی وتەو بیروڕای خەڵكی لەسەر ژمارەی هاوەڵانی نێو ئەشكەوتەكە كردووەو، لەمبارەیەوە سێ وتەی خەڵكی هێناوەتەوە، وەك لە فەرمایشتەكەی خوادا هاتووە:

﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَـٰثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًۢا بِٱلْغَيْبِ ۖ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ... ﴿٢٢﴾ الكهف ﴾.

وتەی یەكەم دەڵێن: "ژمارەی لاوەكان سیان بوونو، چوارەمیان سەگەكەیان بووە".

وتەی دووەم دەڵێن: " پێنج بوونو، شەشەمیان سەگەكە بووە".

وتەی سێیەم دەڵێن: " حەوت بوون، هەشتەمیان سەگەكەیان بووە".

لەو دەستەواژانەی پێشووەوە، ئەم چەند خاڵە تێبینی کراوە یاخود گەڵاڵە دەبن:-

١- قورئان، وتەی یەکەمو دووەمی ڕەتکردۆتەوەو پووچەڵی کردوونەتەوە، چونکە بەشێوەیەك وەسفی کردوون، هۆکارە بۆ ڕەتکردنەوەو پشتگوێ خستنیان، بۆیەش لەبارەیانەوە فەرموویە: (رجما بالغیب)، واتە (لەخۆیانەوە باسی نادیار دەکەن) وشەی (رجما بالغیب) لەم ئایەتەدا، واتە: (وتەیەك بەبێ زانستو زانیاری)و (ئیددیعایەك بەبێ بەڵگە).

٢- قورئان هەردوو وتە پووچەڵەکە بە (رجما بالغیب) وەسف دەکات، لەوەدا بانگەوازێکە بۆ ئێمە، کە وتەکانی ئێمەش ڕاستو سەلمێنراوبنو فیکرو بیروڕاکانیشمان بەڕاستیو دڵنیاییەوە بخەینەڕوو، دەبێت تەنها بەپێی ئەو زانیارییەی هەمانە بیروڕا دەربڕینو، هیچ وتەیەکیش نەدرکێنین، ئەگەر بەڵگەیەك لەسەر ڕاستیو دروستییەکەی نەبێت. دەنا وتەیەك بەبێ زانستو ڕایەك بەبێ بەڵگەیەك، لەگەڵ ئەو بەرنامەڕێژییە زانستیانەو بابەتیانەدا (کە قورئان خوازیاریەتی لێمان) ناگونجێت.

٣- بێدەنگیی قورئان لەسەر وتەی سێیەم ﴿وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾ هەروەها بەخراپ دانەنانی ئەم وتەیە لەلایەن قورئانەوە، دیارە ئەمە دانپێدانانێکی قورئانو پەسەند کردنێکی بێت، بەپێی ئەوەی، کە چەند زانایەکی کەم لەزانا لێکۆڵیارەکان ئاوا لێی تێگەیشتوون.. بەپشتیوانی خوداش دوای نەختێکی دی دێینەوە سەر باسی ئەم مەسەلەیە.

٤- ژمارەی هاوەڵەکانی نێو ئەشکەوت ژمارەیەکی تاك (فردی)یە، نەك جووت (زوجی) واتە: ئەوان سێ، یان پێنج کەس، یان ڕاستتر وایە حەوت کەس بووبن، هەرسێ ژمارەکەش تاکن.

٥- لە هەموو وتەکاندا سەگەکەشیان حسابکراوە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا، کە هەردوو وتەی یەکەمو دووەم جیاوازییان لەگەڵ بە ژمارەدانانی سەگەکەو لاوەکاندا نەکردووە، وەك گوتوویانە: سێ کەسن‌و چوارەمیان سەگەکەیانە، پێنج کەسن‌و شەشەمیان سەگەکەیانە ﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ ﴾ بەلام لەوتەی سێیەمدا، کە وتەی یەکلاکەرەوەیە جیاوازییەکەی نێوانیان بە پیتی واو (و) دانراوە ﴿وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾.

وادیاریشە باسی سەگەکەیان لەو دەستەواژانەدا، کە لە هەرسێ وتەکەدا هاتووە بۆئەوەیە، پاسەوانیی کردوون‌و بۆئەوەی لەگەڵیشیاندا بێت، بۆیە لەخێرو بەرەکەتی ئەوانیشی بەرکەوتووەو، نیعمەتەکەیان ئەویشی گرتۆتەوە، بەجۆرێك کە کاتێك باسی ئەو لاوانە دەکرێت باسی ئەویش دەکرێت‌و هەواڵی ئەویشیان بۆ زیادکراوە، ئەم زیادکردنەش لە ڕووی خاوەنداریێتیان‌و تایبەتکاری‌و ڕێز لێ گرتنەوەیەتی.

" پیتی (واوی هەشتەمین): (واو الثمانية).

ئەم پیتە (و) ئەوەیە لە فەرمایشتەکەی خوادایە: ﴿وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾، ئەم واوەش ئەوەیە، کە دوای ژمارەی حەوتی پێش ژمارەی هەشتەم هاتووە، هەربۆیەش بەواوی هەشتەمین (واو الثمانية) ناوبراوە، ماناکەش کاتێك دیاری دەکرێت ئەگەر وشەی پەیوەست (معطوف)ی دوای خۆی نەچوویێتە نێو ڕستەیەکی پەیوەستکراوی پێش خۆی، چونکە دەلالەت لەگۆرانکاریی مانای نێوان پەیوەستەکراو دەکات.

رازی دیاریکردنی لێرەشدا ئەو ئاماژەیـەمان پـێ دەبەخـشێت، وتـەی سـێیەم لەسەر ژمارەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە وەك هەردوو وتەکەی پـێش خـۆی نیـە، بەڵکو گۆڕانکاری هەردووکیەتی، جائەگەر ئەو دوو وتەیە رەتکراوەو نا پەسـەندبن، ئەوا واوی هەشتەم ئاماژە بۆ ڕاستیو دروستی وتەی سـێیەم دەکـاتو ئامـاژە بـۆ ئەوەش دەکات، قورئان پشتی پێ بەستووە.

(امامی سهیلی) لە کتێبی (الروض الانـف)دا دەربـارەی ئـەم (واوە) وتەیـەکی نایابی هەیەو ئاماژەیەکی جوانیشی لێـوە دەرهێنـاوەو گوتوویـەتی: (ئـەم- واوە- دەلالەت لە بـڕوا پێکـردنو پـشتگیریکردنی خاوەنـانی وتـەکان دەکـات، چـونکە گەیەنەری وشەیەکە بەوشەیەکی نادیاری نێو ڕستەکە، بەمەزەندە (وشەی –بـەڵێ- یە) بـۆ: هەشـتـەمیان سـەگەکەیانە ﴿وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾. بـۆ نموونـەش گـەر کەسێك بڵێت (زەید شاعیرە)و تـۆش سـیفەتێکی تـری بـۆ زیـاد کـەیتو بڵێیـت: (هـەروەها زاناشـە) ئـەوا لەوحاڵەتـەدا، وەك ئەوەیـە تـۆ بڵێیـت: (بـەڵێ وایـە ئەوشاعیرەو، هەروەها زاناشە) لە فەرموودەیەکیشدا دەربارەی ئەم پیتی گەیەنەری (واو)ەکە بۆ بەڕاستدانان وپشتگیریکردنی ڕستەیەکی پێش خۆیەتی، لە پێغەمبەری خودا ﷺ پرسیارکرا: ((**أنتوضأ بـما افضلت الحمر؟ قال: نعم، وبـما افضلت السباع كلها**)) اخرجه الدار القطني[1].. واتـە (ئـەی پێغەمبـەری خـودا ﷺ ئایـا ئێمـە دەتوانین بەئاوی بەرماوەی ئاژەڵە گیاخۆرو ماڵییەکان دەستنوێژ بگرین؟ ئەویش لە وەڵامدا فـەرموی: بـەڵێ، هـەروەها لـە بـەرماوەی ئـاوی ئاژەڵـە گۆشـت خـۆرو دڕندەکانیش).

---

(١) ئەم فەرموودەیە جگە لەوەی (دار قطني)- تخریج-ی کردووە، (شافعی)و (بیهقی)یـش لـە (معرفـة السنن والاثار)دا- تخریج-یـان کـردووە هـەروەها (بیهقـي) گوتوویـەتی: ئـەم فەرموودەیـە چـەند (سند)ێکی هەیە، ئەگەر هەندێ: (سەنەد یان بە هەندێکی تریان بگەیـەنرێت ئـەوا بـەهێز دەبێـت بڕوانە کتێبی (نیل الاوطار)ی- شوکاني- (١: ٤٥).

له قورئانی پیرۆزیشدا ئەم (واو)ی زیادکردنه لەچەند شوێنێکدا هەیە، وەك لەم ئایەتـــــەدا ﴿... وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا ... ﴿١٢٦﴾ البقرة﴾، واته" ئیبراهیم لەخودا پاڕایەوەو گـووتی: (خودایـه رزق و رۆزی له بەرووبوومەکانی دنیا بەوکەسانەی، که دانیـشتوانی ئـەم ناوچـەیەن‌و باوەڕیان بەخوداو رۆژی دوایـی هێنـاوه، ببەخـشه). خـودا فـەرمووی: (هـەروەها یەکسانی بێباوەڕو پێ نەزانیش دەبەخشم)" لەم ئایەتەدا بەپیتی (واو)ی گەیەنـەرو زیادکراوی ڕاستییەکان، ئەوه دەگەیەنێت، که خودای پەروەردگار لەوەڵامی نزاکەی (ئیبراهیم)دا بفەرموێت: "بەڵێ من نەك هـەر رزقـی ئیمانـدارەکان دەدەم، بـەڵکو رزقی ئەو کافرانەش دەدەم، که لەماوەیەکی کەمی ژیانی دنیادا بەهرەمەند دەبن‌و لەدواییشدا بەرەو سزای دۆزەخیان دەبەم، که خراپترین چارەنووسه بۆیان). جا بۆیـه سەبارەت بەمەسەلەی لاوەکـانیش هـەر ئاوایـەو بـەو رەنگەیـه، کاتێـك خـەڵکی گوتوویانه (حەوت کەس بوون) خوداش فەرموویەتی: (هەشتەمیان- سـەگەکەیانه) بەڵام گەر بگوترایه (سادسهم کلـبهم- شەشـەمیان سـەگەکەیان)یـان حەوتـەمیان "وسابعهم کلبهم ئاواو بەم رەنگەی لێ نەدەهات، چونکه لەجێگەی وەسـفی پـێش خۆی دایه"[1].

هەروەها پیتی (واوی هەشت) له چەندین جێگەی تری قورئاندا هاتووه، وەك:-

١- ئەو فەرمایشتەی خودا دەربارەی ئەو ئیماندارانەی بەیعەتیانداو نەفس‌و مـاڵ‌و سامانیـشیان بـەخودا فرۆشـتبوو: ﴿ٱلتَّـٰٓئِبُونَ ٱلْعَـٰبِدُونَ ٱلْحَـٰمِدُونَ ٱلسَّـٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّـٰجِدُونَ ٱلْـَٔامِرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱلْحَـٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٢﴾ التوبـة﴾ لـــەم

---

(١) الروض الانق (٣: ١٧٠).

ئایەتەدا (واو-ی هەشت) ئەوەیە کە چووەتە سەر (وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ) واتە چووەتە سەر سیفەتی هەشتەم لە سیفەتەکانی ئیمانداران.

لەمەشدا تاووتوێو ئاڵوگۆڕکارییەك لەنێوان (ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ) و (وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ)دا هەیە، واتە لەنێوان رستەی پێش (واوی هەشتەم سیفەت)و لەرستەی دوایەوە.

٢- هەروەها لەئایەتێکی تردا خودا فەرموویەتی: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبۡدِلَهُۥٓ أَزۡوَٰجًا خَيۡرًا مِّنكُنَّ مُسۡلِمَٰتٖ مُّؤۡمِنَٰتٖ قَٰنِتَٰتٖ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٖ سَٰٓئِحَٰتٖ ثَيِّبَٰتٖ وَأَبۡكَارٗا ٥﴾ التحريم لەم ئایەتەدا (واوی هەشت) چۆتە سەرسیفەتی هەشتەم لە سیفەتەکانی ژنە ئیماندارەکان، هەروەها سیفەتی دوای (واو)ەکەش پێچەوانەی سیفەتی پێش واوەکەیەو ناشێت هەردوو سیفەتەکە (ثَيِّبَٰتٖ وَأَبۡكَارٗا) لەیەك ئافرەتدا پێکەوە هەبن چونکە مەحاڵە ئافرەتێك لەیەك کاتدا ژنیشو کچیش بێت (ثیب وبکر) بەڵکو یان ژن دەبێت، یان کچی شوونەکردوو.

"مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ

تەنها چەند کەسێکی کەم ژمارەی لاوەکان دەزانێـت"

کۆمەڵێك له زانایانی تەفسیر وای بۆ دەچن کەوا مرۆڤ دەستەو سانه له زانینـی ژمارەی لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکە، بۆئەم بۆچوونەشیان پشتیان بەو فەرمایـشتەی خودا ﴿قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم﴾ بەستووە، کە تیایدا خودا ئەم زانیارییەی، تەنها بۆ خۆی گەڕاندۆتەوە، ئێمەش نابێت دەمەقاڵێو مشتومڕی لەسەر بکەین‌و، ناشبێت پرسیار لەکەسان‌و گەلانی پێشین لەبارەیانـەوە بکـەین. بـەڵام کۆمـەڵێکی دی لـه زانایانی تەفسیر وای بۆچوون، کەوا ئێمە دەتوانین ژمارەی لاوەکان بـزانین، چـونکه قورئانیش ڕێنماییو ئاماژەی بەوە داوەو، ئایەتەکانیشی ئاتاجیان لەلێوردبوونـەوە هەیە، بەوردی لەماناکانیان بکۆڵینەوەو له ئاماژەو ڕێنمایی یەکانیان تێ بگـەین. لەبەر ئەمەشە گوتوویانه (لاوەکان حەوت کەس بـوون‌و، هەشـتەمیان سـەگەکەیان بووە). ئەوبەڵگانەی لەم ئایەتەوە بەدیی دەکرێن، ئەمانەن:-

١- بێگومان خودا زانینی مرۆڤـی لەسـەر ژمـارەی لاوەکـان، بەشـتێکی مـەحاڵ دانەناوەو، ئەو زانیارییەشی لێ یان نەسڕیوەتەوە، بـەڵکو بەپێـچەوانەوە باسـی مرۆڤـو توانای زانینی تێداکردووەو، دەشێت ئەوە بزانـــن، وەك فەرموویـەتی: ﴿مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ﴾، واته: (تەنها ژمارەیەکی کەم، تەنها چەند کەسێکی کەم لەخەڵکی ژمارەی لاوەکان دەزانن). خۆ ئەگەر خـودا بیویـستایه زانیـاری مرۆڤ لەوەدا نەبێت، ئەوا دەیفەرموو: (لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ)، واته (جگه لەخودا کەس زانیاریی لەسەریان نیه). ئایا نابینیت له سورەتی (ابراهیم)دا خودا باسی

دەستەوسانی مرۆڤ دەکات لەمەڕ زانیاریی گەلانی دوای (سەموود)و، زانیارییەکانی تایبەت بەو گەلانەی تەنها بەخۆیەوە بەندکردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ ... ﴿٩﴾ إبراهیم﴾، کەواتە جیاوازیی کردووە لەنێوان ﴿ قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ ﴾.

٢- چوونی (واوی هەشت) بۆ سەر وتەی سێیەم ﴿ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾ ئەم (واوە) دەچێتە سەر ئەو ڕستەیەی کە لە پێشیەوە هاتووەو پێچەوانەی ماناکەیەتی، چونکە ئەگەر هەردوو وتەکەی پێشتر (واتە وتەی یەکەم و دووەم) ڕەتکرابنەوە، ئەوا وتەی سێیەم وتە ڕاستەکەیەو، والله اعلم.

٣- قورئان لەکاتێکدا هەردوو وتەکەی پێشووی ڕەتکردۆتەوە بەوە وەسفی کردوون (رجما بالغيب) بوون لەکاتێکدا وتەی سێیەمی ڕەتنەکردۆتەوە، بەڵکو لێی بێدەنگ بووە، وەك لێ بێدەنگ بوونێکی دانپیانان وبڕیار بۆدان.

٤- هاوەڵانی پێغەمبەرو ﷺ زانایانی لێکۆڵیاریش لەبواری تەفسیری قورئاندا وا لە ئایەتەکە تێگەیشتوون، دەشێت مرۆڤ زانیاریی لەسەر ژمارەی لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکە هەبێت. بۆیە ڕایان لەسەر ڕاستی وتەی سێیەمەو قورئانیش دانی بەوەدا ناوە، پاڵنەریانە بۆ ئەو رایەو بۆ خستنەگەڕی عەقڵ و فیکریان تێیدا وەك (ابن کثیر) یش لە (ابن عباس)ەوە — خودا لێی رازی بێت- گێڕاویێتییەوە، گوتوویەتی: **((أنا من القليل الذين استثنى الله عزوجل كانوا سبعة))** .. واتە "من لەوچەند کەسە کەمەم کەخودا جیای کردوونەتەوەو زانیارییان لەسەر ژمارەی لاوەکانی ئەشکەوت هەیە، ئەو لاوانە ژمارەیان حەوت کەس بووە".
هەروەها ناوبراو واتە -ابن عباس-) گوتوویەتی: (أنا ممن استثنى الله كانوا

سبعة)[1]... واتە (من یەکێکم لەوانەی کە خودا جیای کردوونەتەوە بۆ زانینی ژمارەی لاوەکان، کە حەوت کەس بوون) ئێمەش لەگەڵ (امام عباس) داین لە تێڕوانینیدا بۆ ئایەتەکەو بۆهەڵهێنجاندنی ئەو ڕایەی کە پێی گەیشتووە، بۆیە ئێمەش دان بەوەدا دەنێین، ژمارەی لاوەکان حەوت کەس بوونو هەشتەمیان سەگەکەیان بووەو، خوداش هەرخۆی زانایە.

حیکمەتێکی دیکەی (واو-ی هەشتەم)

بەتێڕوانینی ورد لە ڕستەی ﴿وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾ ئاماژەیەکی دیکە وەردەگرینو بەحیکمەتێکیدیکە دەگەین، ئەمەش بەهۆی ئەوەی (واو-ی هەشت)ی چووەتە سەر.. ئەم (واو)ەش هەرحەوت هاوەڵەکەی، لەسەگەکەیان جیاکردۆتەوە ئەم جیاکردنەوەیەش زۆر پێویستە، چونکە ئەوان چەند ئیماندارێکی پیاوچاك بوونو، سەگەکەشیان ئاژەڵێکی پیس بووە، بۆیە ناشێت مەسەلەی سەگەکەیان بە وتنو ناوبردنیش لەگەڵ ئەواندا بەراورد بکرێت.

کاتێك لەهەردوو وتەکەی پێشووش ڕادەمێنین، دەبینین بەراوردێکیان لەنێوان لاوە ئیماندارەکانو سەگەکەیاندا نەکردووە: ﴿سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾ یان ﴿وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ﴾، دیارە ئەم بەراوردنەکردنەش هۆکارێکی تری بەرهەڵستی کردنی قورئانە بۆ ئەو دوو وتەیەو بۆ ڕەتکردنەوەیان. دیارە جیاکردنەوەی وتەی سێیەمیش بە (واو)ی (هەشت) هۆکارێکی تری پەسەندکردنیو پشت پێبەستنیو دانپیانانیەتی، جا ئەوانەی وتەی سێیەم دەڵێن، تێبینی ئەم مانا ئەدەبییە دەکەن، چێژێکی نایابی تێدایە، چونکە ئەوان بەراوردیان

(١) تفسير ابن كثير(٣: ٧٨)

لەنێوان مرۆڤە ئیماندارەکانو ئـاژەڵێکی وەك ئـەو سـەگەدا کـردووە، بـەراوردیان لەنێوان پیاوە پاکەکانو، سەگە پیسەکەدا کردووە، وێڕایی ئەوەی یاوەریشیان بووە، بەڵام بەو یاوەری کردنە تۆزقاڵێك لە پیسییەکەی نـەگۆڕاوە، هـەر بۆیـەش قورئـان دووری خستۆتەوە لێیانو لەبـەردەم دەرگـای ئەشـکەوتەکەدا داینـاوە (بِٱلۡوَصِيدِ) خوداش هەرخۆی زانایە.

"وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا"

نزیکترین مانای ئەم دەستەواژەیە ئەوەیە، داوا لە پێغەمبەری خودا –محمد ﷺ دەکات، پرسیار دەربارەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە لە هیچ کەسێك نەکات، بەتایبەتیش لە (ئەهلی کیتاب). واتە لە جوولەکەو دیانەکان. هیچ پرسیارێکیان لێ نەکاتو پرسوڕایان پێنەکات، چونکە ئەوان هیچ زانیارییەکیان لەوبارەیەوە نەبووەو خاوەنی زانستێکی ڕاستەقینەو ڕاستو دروستو بڕواپێکراوو جێی متمانەش نەبوون، بەڵام خۆ ئەم دەستەواژەیە تەنها دەربارەی هاوەڵانی ئەشکەوتەکە نیە، لەگەڵ ئەوەش، لەسەرئەوان هاتۆتەخوارە- چونکە (پەندو وانە لێوەرگرتنیشی) گشتییەو هەموو مەسەلەیەك دەگرێتەوە، پرسیار لەوان لەسەریان نەکات، لەدوان واتە، نەك تەنیا بەوهۆیەوە، بەڵکو بەگشتییەو پەلدەهاوێت بۆ (سەرجەم چیرۆکەکانی تری قورئانو بەسەر هاتەکانی پێشینان)، نابێت پێغەمبەر ﷺ پرسیاریان لەبارەوە لە جوولەکەو دیانەکانو خەڵکانی تر بکات.

هەروەها ڕێنمایی‌و داواکاریی (پرسیار لەکەس نەکردنەکەش) تەنها ئاڕاستەی خودی پێغەمبەر خودا ﷺ نەکراوەو تەنها بەوەوە بەندنیە ئەگەرچی ڕووی گوتارەکە سەرەتا ئاڕاستەی ئەو کراوە، بەڵام گوتاری ئاڕاستەکراو بۆ شەخصی پێغەمبەری خودا -محمد- ﷺ گوتارێکە بۆ سەرجەم نەتەوەکەشی تەنها چەند مەسەلەیەکی پەیوەستو تایبەت بەخۆیەوە نەبێت کە بەڵگەیەکی لەسەر هەبێت.

بێگومان داواکارییەکەی ئەم دەستەواژەیە کە دەفەرموێت پرسو ڕاو پرسیار لە هیچ کەسێکیان مەکە ﴿وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا﴾ ئاڕاستەی گشت موسڵمانێك کراوە تاڕۆژی دوایی‌و، ڕێی لێ دەگرێت، پرسیار لە شوێنکەوتوانی

کتێبە ئاسمانیەکانی پێشوو (بەتایبەتیش لەجوولەکەو دیانەکان) نەکەن یان لە کەسانی غەیری ئەوانیش پرسیار نەکەن دەربارەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە، یان دەربارەی کەسانی تری نێو چیرۆك‌و بەسەرهاتەکانی پێشینان لە قورئانی پیرۆزدا.

بێگومان ئەم دەستەواژەیە ڕێسایەکی پتەوی قورئانییمان لە مامەڵە لەگەڵ چیرۆکەکانی قورئاندا پێ دەگەیەنێت، لەلایەکەوە ڕێمان لێ دەگرێت لە پرسیارکردن لە شوێنکەوتوانی کتێبە ئاسمانیەکان (أهل الکتاب)و لەکەسانی تر دەربارەی ئەو چیرۆکانەو ڕێمان لێ دەگرێت، هیچ وتەیەك لەوانەوە وەرنەگرین‌و بۆلایان نەگەڕێینەوەو، وتەو هەواڵ‌و بەسەرهات‌و گێڕانەوەکانیان نەهێنینەوەو نەگێڕینەوە.

هەروەها ئەمە ڕێسایەکی زانستی‌و مەنهەجی‌و بابەتیانەشە.. نابێت پرسیار لە ئەهلی کیتاب بکەین‌و هیچیان لێوەربگرین، چونکە دەسکاریی کتێبەکانی خودایان کردووەو شێواندوویانەو (لەسەر مێژوو هەواڵی گەلان‌و ڕاستییە مێژووییەکان) دەسپاك‌و جێی متمانە نین. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە لەبەرئەوەش نابێت پرسیار لەوان بکەین، چونکە چیرۆکەکانی پێشینان‌و ڕووداوو شیکارو وردەکارییەکانیان لەجیهانی نادیارو غەیبی ڕابردوون. دیارەو بێگومان ئەو ڕووداوو وردەکاریانەی غەیبیش تەنها خودا دەیانزانێت، بۆیە تەنها لە خوداوەو لە کتێبی ڕاستی خودا (لە قورئانەوە) دەبێت وەرگیرێن بەپێی ئەو ڕادەیەی ئاماژەیان بۆ کراوە تێیدا.

ئێمەش بۆ مەسەلەی بەسەرهاتەکانی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەو چیرۆکەکاکانی قورئان- تەنها لەچوار چێوەی هەق‌و ڕاستی‌و دروستیدا پابەندین‌و، ڕاستی‌و یەقینیش تەنها ئەوەیە کە لە قورئانی خواداو لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە. خودا لەو کەسانەش خۆشبێت، بەنەفامی پەنایان بردۆتە بەر ئەهلی کیتاب‌و، وتەو ڕیوایەتیانی لەسەر چیرۆکەکانی پێشینان هێناوەتەوەو، بەو هۆیەشەوە سەرپێچیان لەورێنمایی یە پیرۆزە خودایە کردووە کە دەفەرموێت ﴿وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا﴾.

(امام ابن کثیر) له تەفسیرکردنی ئەم دەستەواژەیەدا گوتوویەتی: "سەبارەت بەم مانایـە ﴿وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا﴾ ئەوەیـە چـونکە ئـەوان هـیچ زانیارییەکیان لەسەر لاوەکان نەبووە، تەنها ئەوە نـەبێت، کـە لەخۆیانـەوەو (رجما بالغیب) دەیلێن، واتە بەبێ بەڵگە وپـشت بەسـتن بـە وتەیـەکی راسـت ودروسـت قسەیان لەبارەوەدەکەن، جا ئەی (محمد) ﷺ تۆش لەلایەن خوداوە حەق‌و راسـتییت بۆ هاتووە، هیچ شك‌و گومانێکی نیەو هەرئەم حەقەش زانیارییـەکانت پێـشکەش دەکات‌و حەکەم‌و هەڵسەنگێنەری ئەو ڕیوایەتە پێشکەشکراوانەی نێـو کتێبـەکانی ترو نێو قسەو باسەکانیانە"[1].

" لەبیـرچوونەوەکـەی پێغەمبـەر ﷺ "

خـودا فەرموویـەتی: ﴿ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْىْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ ﴿٢٤﴾ الکهف ﴾.. لەم ئایەتەدا فـەرمانێك هەیـە لەخوداوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، هەروەها بۆگشت موسـڵمانێکی لـەدوای خـۆی، تایبەتە بەوەی هەرکارێك لە ئایندەدا دەکەن بەخواستی خوداوە بیبەستنەوەو لەکاتی باسی کارێکی داهاتوویدا بڵێت: (بەخواستی خودا (ان شاء الله) سبەینێ ئـەوکارە دەکەم.. هەر لەم ئایەتەدا ڕێنماییەکی خودای بۆ پێغەمبەر ﷺ تێدایـە، لـەدوای لەبیرچوونی گوتنی (بەخواسـتی خـودا) دووبـارە بـەیادخۆی بێنێتـەوەو بیڵێتـەوە: (وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ).. هەروەها ئەم ئایەتـە ئامـاژە بـۆ بۆنـە (مناسـبە)ی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکانی چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە دەکـات. (کـە لـە سەرەتای لێدوانمان لەم چیرۆکەوە) خستمانەڕووو کەوا پێغەمبەری خودا ﷺ بەڵێنی

---

(١) تفسير ابن كثير (٣: ٧٨).

بەکافرانی قورەیش دابوو بۆ رۆژی سبەینێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەیان کردبوو بداتەوە. ئەوەبوو پێی فەرموون: (سبەینێ وەڵامتان دەدەمەوە) بەڵام لەبیری چووبوو کە بەواژەی (ان شاء الله) جیاکاری (استثناء)یەکی بۆ دابنێت،واتە لەبیری چوو، بەرستەی (سبەینێ – بەخواستی خودا "یان ئەگەر خواویستی" وەڵامتان دەدەمەوە، بەڵێنیان پێبدات.

ئەوەبوو بەم هۆیەوە(جبریل) پازدە رۆژ لێی دواکەوت. ئەمەش زۆرناخۆش بوو بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ، چونکە ئیدی کافرانیش دەستیان کرد بە نوکتەو گاڵتەجاڕیو قاقای پێکەنینو دەیانگوت (بەڕاستی هاوەڵەکەت خۆی لێ لادایتو نەهاتەوە بۆلات)، بێگومان ئەو دواکەوتنەی سرووشو مەلائیکەت لە پێغەمبەر ﷺ نیازدار بووەو حیکمەتو نیازێکی خودای تێدا هەبووە بۆ ئەوەی ئەم وانەیەمان فێربکاتو ئەوڕێسا باوەڕدارییەشمان بخاتە بەرچاو کە ئایەتەکە خستویەتییەڕوو.

" ئایا پێغەمبەر ﷺ شتی بیر دەچێتەوە؟! "

ئەم لەبیرچوونەوەیەی پێغەمبەری خودا ﷺ نابێتە هۆی لاریو کەمو کووڕی لە پێغەمبەرایەتییەکەیداو، لە عیصمەتو پاکێتیشی کەمناکاتەوە.

ڕاستە، خودا ئەوکارەی بۆ لەئەستۆناوە کە شتی بیرنەچێتەوە ﴿سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ⁦(٦)⁩ الأعلى﴾، واتە.. "ئێمە لەم قورئانە هێندەت پێ دەخوێنینەوە کە هێزی لەبەرکردنیت هەبێتو بیرت ناچێتەوە" بەڵام خۆ ئەم (نەفی کردنی لەبیرچوونەوەیەش) هەرلەچوار چێوەی خواستو دانایی خودا دابوو، دەنا ئەگەر خواستی خودا لەکاتێکی تایبەتیو دیاری کراودا وابووبێت کە پێغەمبەرەکەی شتێکی لەبیربچێت، ئەوەی بێگومان لەبیری دەچێت. هەربۆیەش دوای ئەوەی پێی

فەرمووە ﴿ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾ بەدوای ئەم فەرمایشتەدا یەکسەر پێی فەرمووە: ﴿ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ وَمَا يَخۡفَىٰ ۝٧ الأعلى ﴾، واتە "ئێمە هێندەت قورئان پێ دەخوێنین تا لەبیرت نەچێت تەنها شتێ: کەخودا خواستی لەبیرچوونەوەیتی لەسەربێت، چونکە هەرخوداش لەئاشکراو نهێنی ئاگادارە".

پاشان ئەو لەبیرچوونە نەفیکراوە ئەوەیە، دەربارەی لەبەرکردن (حفظ)ی قورئانە، چونکە خوداش پاراستنی قورئانی بۆ دابینکردووەو ئەوەی بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ لەئەستۆ گرتووە، کە قورئان لەبەر دەکاتو تاکە پیتێکیشی لەبیرناچێتەوە.

بەڵام بیرچوونی شتی تر لە غەیری قورئان، مەسەلەیەکی چاوەڕوانکراوە، تەنانەت شتی لەبیرچووی نێو نوێژیشی لێ ڕوودراوەو لەکاتی نوێژکردندا شتی لەبیرچۆتەوە، پاشان کڕنووشی هەڵەکردن (سجدة السهو)ی لەپێش سەلامدانەوەدا بردووە. لەم ڕووەوە (مسلم) لە (صحیح)ەکەیدا لە (عبدالله-ی کوڕی- بحینە) وە – خودا لێی ڕازی بێت- گێڕاوێتییەوە، کەوا پێغەمبەر ﷺ لە هەندێك نوێژدا دوو ڕکاتی بۆ کردووین (واتە پێشنوێژی بۆ کردووین) پاشان هەستاوەتەوەو دانەنیشتووە بۆ (تەحیات خوێندن) خەڵکی نوێژ خوێنیش لەدوایەوە هەستاونەتەوەو کاتێ: نوێژەکەی تەواوکردووەو چاوەڕێی سەلامدانەوەی بووین، تەکبیری کردۆتەوە (واتە – واژەی – الله اکبر-ی دەربڕیوەو دوو سوژدەی بردووە (پێش سەلامدانەوە بەدانیشتنەوە) ئینجا سەلامی داوەتەوە)[1]. کەواتە پێغەمبەر ﷺ لەنوێژەکەیداو (خوێندنی تەحیاتی یەکەم)دا سەهوی کردووەو، یەکسەر چۆتە سەر ڕکاتی سێیەم، بەڵام (کاتێك پێی زانیوەو بەبیری هاتۆتەوە)، دوو سوژدەی سەهووی پێش سەلام دانەوەی بردووە.

---

١) رواه مسلم. كتاب ٥ المساجد ومواضع الصلاة باب ١٩ السهو في الصلاة والسجود له، حديث ٥٧٠.

هەروەها (مسلم) له (عبداللهی کوڕی مسعود)ەوه خودا لێی رازی بێت – گێڕاوێتییەوه، پێغەمبەری خودا ﷺ نوێژێکی کردووەو کاتێ: سەلامی داوەتەوه لێی پرسراوه: -(ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا شتێك لەنوێژەکەدا رووی داوه؟ ئەویش فەرمووویه: (چی بوو)؟ گوتوویانه (نوێژەکەت ئاواو ئاواکرد) ئینجا ئەویش هەردوو پێی ڕێکخستۆتەوەو ڕووی له قیبلە کردووەو دوو سوژدەی بردووەو، سەلامی داوەتەوه پاشان ڕووی تێ‌کردین‌و فەرمووی: **((انه لوحدث في الصلاة شيء انبأتكم به، ولكن انما انابشر، انسى كما تنسون ، فأذا نسيت فذكروني، واذا شك احدكم في صلاته فليتحر الصواب، فليتم عليه، ثم ليسجد سجدتين))**[1]. واته.. "ئەگەر له نوێژەکەدا شتێك- سەهوویەك – ڕووی دابێت ئەوا ئێوەی لێ ئاگادار دەکەم، بەڵام خۆ منیش مرۆڤم‌و وەك ئێوه شتم بیردەچێتەوه، جا ئەگەر شتێکم بیرچوو، بەبیرم بخەنەوه، هەروەها ئەگەر هەرکەسێك لەئێوەش گومانێکی له نوێژەکەیدا هەبوو، با بەدوای ڕاستییەکەیدا بگەڕێت‌و نوێژەکەی لەسەرتەواو کات‌و، پاشان دوو سوژدەی سەهوو ببات" هەروەها (مسلم) له (ابو هريرە‌وه) گێڕاوێتییەوه گوتوویه: (پێغەمبەری خودا ﷺ پێشنوێژی نوێژێکی کاتی ڕۆژی بۆکردین (سائیتر یان نوێژی نیوەڕۆ بووه، یاخود نوێژی عەسر) لەدوای دوو ڕکات سەلامی دایەوەو پاشان هاته لای (پەله دارخورمایەکی) قیبلەی مزگەوتەکەوەو به زویری باڵی لەسەر دانا، لەنێو خەڵکەکەشدا (ابوبکرو عمر)ی لێ بوون‌و، بەڵام ترسان که لەوبارەیەوه قسەی لەگەڵدا بکەن. خەڵکیش چوونه دەرەوەو دەیانگوت، گوایه نوێژ کورت کراوەتەوه. پیاوێك که ناسرابوو به (ذو اليدين) له پێغەمبەری ﷺ پرسی: (ئەرێ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا نوێژەکه کورتکراوەتەوه یاخود خۆت لەبیرت چوو؟ پێغەمبەریش ﷺ سەیرێکی لای ڕاست‌و چەپی کردو فەرمووی: (ذو اليدين،

---

١) مسلم/ هەمان سەرچاوه، هەمان (كتاب و باب) حديث (٥٧٢).

چی دەڵێیت؟ ئایا وایە، گوتیان: (بەڵێ ڕاست دەکات تەنها دوو ڕکاتت بۆکردین) ئینجا پێغەمبەر ﷺ دوو ڕکاتی تری لە نوێژەکە کردەوەو، سەلامی دایەوە)[1].

کەواتە، لەونوێژەدا پێغەمبەری خودا ﷺ شتی لەبیرچووەو سەهوویشی تێدا کردووەو، لەڕکاتی دووەمدا سەلامی داوەتەوە، بەڵام کاتێك هاوەڵان ئەوەیان بەبیرهێناوەتەوە، هەردوو ڕکاتەکەی تریشی کردۆتەوەو، پاشان سوژدەی سەهووی بردووەو سەلامی داوەتەوە. لەفەرمووده‌کەشیدا بەڕاشکاوی دانی بەوەدا ناوە، کە بێگومان ئەویش خۆی مرۆڤێکەو، وەك مرۆڤەکانی دی شتی لەبیر دەچێتەوەو، داوایشی لێیانکردووە، هەرکاتێك شتێکی لەبیرچوو، بەیادی بێننەوە.

بێگومان هەر ئەو لەبیرچوونەوەیەی پێغەمبەریش ﷺ بەڵگەیەکە لەسەر مرۆڤبوونی پێغەمبەری خودا ﷺ، چونکە مەسەلەی لەبیرچوونەوە، خوویەکی هەمیشەیی مرۆڤەو بەڵگەیەکیشە لەسەر پێغەمبەرێتییەکەی. چونکە خودا خۆی بەبیری هێناوەتەوەو، ئاگاداری کردۆتەوە لەوشتەی کەلە بیری چووە.

لەوانەشە هەندێك کەس پرسیار بکەن دەربارەی ئەوەی: چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ سەهووی لەنوێژیدا کردووە؟! ئەی داخۆ فیکروخەیاڵی لەکوێ بوو بێت؟! بۆ لێکدانەوەی مانای ئەم مەسەلەیەش شاعیرێك گوتوویەتی:

یاسائلی عن رسول الله کیف سها

والسهو في کل قلب غافل لان

قد غاب عن کل شيء قلبه منها

عما سوی الله في التعظیم لله..

---

١) مسلم – هەمان (کتاب) وهەمان (باب حدیث)، (٥٧٣)

واتە: (ئەی ئەوکەسەی پرسیارم لێ دەکەیت، ئاخۆ چۆن دەبێت پێغەمبەری خودا ﷺ سەهووی کردبێت، لەکاتێکدا سەهوو لە هەموو دڵێکی بێئاگاو ئاڵوودەدایە.. بەڵام دڵی پێغەمبەر ﷺ خەیاڵی لەسەر هیچ شتێکی دنیایی نەبووە. تەنها ئەوەنەبێت کەدڵی بەخوداو بەگەورەگرتنی خوداوە سەرقاڵ بووە).

"چەند پێغەمبەرێکی دیکەش شتیان لەبیرچۆتەوە"

دیارە هەر پێغەمبەری ئێمەش ﷺ شتی لەبیر نەچووە، بەڵکو چەندین پێغەمبەری تریش (سەلامی خودایان لێ بێت) ئەو حاڵەتەیان بەسەردا هاتووە، لەمبارەیەوە پێغەمبەری خودا ﷺ هەواڵی بەسەرهاتێکی (سلێمان سەلامی خودای لێ بێت) بۆ گێڕاوینەتەوە، کە لەبیری چووە بڵێت: (ان شاء الله)، ئەمەش لەو فەرموودەیەیدا هاتووە، کە (بخاري) لە (أبوهريره)وە —خودا لێی رازی بێت- و ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوێتیەوە، فەرموویەتی: (قال سليمان بن داود —عليه السلام- : ((**لاطوفن الليلة على مائة امراة- او تسع وتسعين- كلهن يأتي بفارس يجاهد في سبيل الله. فقال له صاحبه: قل إنْ شاء الله. فلم يقل إنْ شاء الله. فلم تحمل منهن الا أمراة واحدة جاءت بشق رجل. والذي نفس محمد ﷺ بيده لو قال ان شاء الله. لجاهدوا في سبيل الله فرسانا اجمعون**))[1]..

واتە (سلێمانی کوڕی داود- سڵاوی خودایان لێ بێت- جارێکیان گوتی (ئەمشەو بەسەر سەد ئافرەت) (یان نەوەدونۆ ئافرەتدا) دەگەڕێم (واتە لە هاوسەرەکانی، چونکە ناوبراو خاوەنی ژمارەیەکی هێجگار زۆری هاوسەران بووە) دەگەڕێمو هەریەکەشیان شۆڕە سوارێکی وام بۆ دەخاتەوە، کە لەپێناوی خوادا بجەنگێت) هاوڕێیەکی لەو کاتەدا پێی گوت: (بڵێ: ان شاء الله)، بەڵام ئەو نەیگوت (ان شاء الله)

(١) (البخاري) كتاب الجهاد، باب (٢٣) من طلب الولد للجهاد. حديث رقم (٢٨١٩).

لەدواییدا تەنها ئافرەتێکیان سکی لێی هەبوو، ئەویش کوڕێکی شان خوارو کەم ئەندامی لێبوو.. دەسا بەو خودایەی کە گیانی (محمد)ی ﷺ بەدەستە ئەگەر (سولەیمان) بێگوتبایە " ان شاء الله" لە هەر هاوسەرێکیان شۆڕەسوارێکم دەبێت- ئەوا لە هەموویان ئەو شۆڕەسوارانەی دەبوو کە لە پێناوی خودادا جیهاد بکەن).

هەروەها لە سوورەتی (کهف)ەوە ئەوەشمان زانیوە کاتێك (مووسا) (سڵاوی خوای لێ بێت) بەڵێنی بە هاوڕێکەی داوە (کە- خضر- بووە سڵاوی لێ بێت) دەربارەی هیچ هەڵسوکەوتێکی (خضر) پرسیاری لێ نەکات و، بەرهەڵستی هیچ کارێکی نەکات، بەڵام کاتێك دیتی پاپۆڕێکی کونکرد، بەرهەڵستی کردو گوتی: ﴿أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا ﴿٧١﴾ الكهف﴾، ئایا ئەو پاپۆڕەت بۆیە کون کرد، تاکو سەرنشینەکانی سەرنگوم بکەیت، بەڕاستی کارێکی ناشایستەو غەریبت کرد".

کاتێك هاوڕێکەشی بەڵێنەکەی بیردەخاتەوە لەسەرئەوەی گلەیی لەهیچ کارێکی نەکات، خێرا (مووسا)ش دان بەبیرچوونەوەکەی دەنێت و پێی دەڵێت: ﴿ قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْرًا ﴿٧٣﴾ الكهف﴾، واتە (سەرزەنشتم مەکە لەسەر ئەوەی، کە لەبیرم چووەو بارگرانی وکاری قورسم بەسەردامەدە بەوەی، کە گوایە هەرنابێت شتم بیربچێت).

هەروەها قورئان ئەو بەسەرهاتەشی لەسەر یەکەم مرۆڤ، کە باوکی مرۆڤەکانو یەکەم پێغەمبەریشە (واتە ئادەم- سڵاوی لێ بێت) بۆگێڕاوینەتەوە، کە شتی بیرچۆتەوەو لە درەختەکەی خواردووەو، بەوەش فەرمانەکەی خودای بیرچۆتەوە، ئەمەش بە ئانقەستو بەسەرپێچیو سووربوون لەسەر گوناهەکە نەبووە، چونکە مرۆڤێك، کە پێغەمبەری خوداش بووە (واتە ئادەم) بەئانقەست سەرپێچی لە فەرمانو پەیمانی خودا نەکردوە.

" هـەموو کارێـك بەخواسـتی خـودایـە"

﴿ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْىۡءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ...﴿٢٤﴾ الكهـف ﴾ ..
ئەم ئایەتە (لـەڕێی ئاگادارکردنـەوەی پێغەمبـەرەوە ﷺ هـەموو موسـڵمانێکیش ئاگادار دەکاتەوە لەوەی، لە داهاتوودا هەر کارێك دەکات بیبەستێتەوە بەخواسـتی خودایی یەوە، هەروەها ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی بەبێ جیاکاریی (استثناء) هـیچ بـەڵێنێك نـەدات (وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْىۡءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ...)..
لەوانەشە مرۆڤ پرسـیار بکـاتو بڵێـت (بۆچـی ئـەم جیاکارییـە هـەبێتو بۆچـی سبەینێو داهاتوو بەخواستی خـوداوە ببەسـترێتەوە؟ ئـەی ئایـا ئەوکەسـەی، کـە (کارەکانی داهاتوو بەخواستی خوداوە دەبەسـتێتەوە) دەستەوسـانە لـەوکارەی لـە داهاتوودا دەیکات؟ ئەی بۆچی دەستەوسانە لێی؟

بێگومـان داهـاتوو شـتێکی نادیـارە لەمرۆڤـ، چـونکە ئـەم داهـاتووە تـەنها بەدەستی خودا خۆیەتیو، خوداش هیچ ئامرازێکی وای بەمرۆڤـ نـەداوە تـا بـەو هۆیەوە ئاگاداریی هەبێت وبتوانێت ئەوەی لە داهاتوودا دێتەڕێی دیـاریی بکـات، یان ئەوکارەی لە داهاتوودا دەیکات بیزانێت.

جا لەبەرئەوەی داهاتووش نادیارە، ئەوا هەر خودا خۆی دەیزانێت، چونکە خودا خۆی کلیلەکانی نادیـاری هەیـە:﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴿٦٥﴾ النمـل ﴾. مرۆڤ نازانێت لە داهاتوودا، چ ڕووداوێکـی تووش دەبێتو لە سـبەینێشیدا چی دەکات، لەم ڕووەشـەوە خـودا دەفـەرموێت:
﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٌ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ ...﴿٣٤﴾ لقمـــان ﴾. واتـــە:

"بێگومان خودا زانستی رۆژی لێپرسینەوەی لەلایەو جگە لەخودا هیچ کەسێك نازانێت کاتی قیامەت کەی دێت، هەروەها خودا هەرخۆی باران دەبارێنێتو، هەرخۆیشی دەزانێت چی لە ڕەحمەکانی دایکان دایە، هەر خوداش دەزانێت سبەینێ چی ڕوودەداتو، هیچ نەفسێك ئاگاداری رووداوەکانی سبەینێ نیەو، هیچ نەفسێکیش نازانێت لەچ خاکێکدا دەمرێت".

بێگومان سبەینێ (الغد) پڕە لە رووداوی کتوپڕو ئەگەرەکان بۆ مرۆڤ ، بەپێی بیرکردنەوەی مرۆڤیش لەوانەیە لە سبەینێدا فلآن کارو فلآن شتو فلآن مەسەلەی وای بۆ ڕوبدات، هەرگیز حسابی بۆ نەکردوە. هەروەها لەوانەیە مرۆڤ بەتەمای کارێك بێتو لە ئایندەدا تووشی ببێت، لەوانەشە نەخشە بۆکارێك بکێشێت، سبەینێ دەیکاتو هەموو جۆرە ئامرازو کەرەسەیەکی پێویستیشی بۆ دابین بکاتو هیچ سستیو درێغی یەکیشی تێدا نەکاتو، کارەکەشی بەپێی حساباتو مەزەندە مرۆییەکان لەسەداسەد بە مسۆگەرکراوی دەرکەوتبێت، کەچی دواتر شتێکی کتوپڕیی بێتە پێشەوەو هەموو مەسەلەکان هەڵگێڕێتەوە، هەموو نەخشەو بەرنامەیەکیشی بۆ هەڵوەشێنێتەوە، ئەم شتە کتوپڕییەش لە حسابو مەزەندەیدا نیەو تواناش لەسەر لابردنی نیە.

ئەمە سەبارەت بە تێڕوانینو زانستو توانای مرۆڤ.

بەڵام سەبارەت بەخودای پاكو میهرەبان، ئەوە دیارە توانایەکی بالاّ دەستیی رەهاو، خواستێکی بەجێگەیەنراوو ئیرادەیەکی بێسنووری هەیە، بەڕاستی خودا بەخواستو هەڵبژاردنی خۆی دەتوانێت هەموو کارێك بکات، هەروەها هەر کارێکیش بیەوێت دەیکاتو هیچ ڕەتکەرەوەیەك بۆ کارو فەرمانی نیە، هەر خواستە ئیرادەو توانای خوداشە، کە بڕیار لەسەر ڕووداوەکانو هەواڵەکانو فەرمانو هەڵسوکەوتەکانیش دەدات، هیچ کەسێکیشو هیچ فەرمانێکیش لەو خواستە ئیلاهییە دەرناچن، تەنانەت گشت مەخلووقێکیش لەم گەردوونەدا، سائیتر

لە مرۆڤ یان –جن-یان –مەلائیکە بن- هـەموویان ملکەچـی ئـیرادەو خواسـتی خودان، دیارە هیچ کەسێکیش لەو مەخلووقانە ناتوانن بەرامبـەر خواسـتی خـودا بووەستن، یان نکوولّی لیّ بکەن، یاخود پێچەوانەی بوەسـتن، یـان دژایـەتی بکـەن، یاخود پووچەڵی بکەنەوە. چونکە ئەوە فەرمانی خودای خالقو بەهێزو توانایە.

بۆیە دەبینین هەرشتێك لـە گەردوونـدا روودەدات، بەخواسـتی خودایـەو هـیچ شتێکیش بەبێ ویست وئیرادەی خودا نابێت. خواستی خـەڵکیش لـەژێر خواسـتی خوادایە، ئیدی هەرشتێك خواستی خودای لەسەربێت، دەبێت هەرشتێکیش خواستی خودای لەگەڵدا نەبێت، نابێت خەڵکیش هەموویان هیچ خواستێکیان بەجێ ناگات، گەر خواستی خودای لەگەڵدا نەبێت، وەك لەمبارەیەوە خودا فەرمووییە:

﴿... فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴿٢٩﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٣٠﴾ الإنسان﴾.

هەروەها خودا فەرموویـەتی: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾ التکـویر﴾ ، جا بەهۆی ئەوەی مرۆڤ نازانێـت لـە سـبەینێدا چـیی بـۆ ڕوو دەدات، بەهۆی ئەمەش، کە بێتوانایە لەسەر بەرگری لەهەرشتێك، کە خودا خواستی وایـە تووشی ببێتو، بێ تواناشە لەسەر پەیداکردنی ئەوشتەی خودا خواستی وایـە پێـی نەگات، بۆیە دەبینین مرۆڤ شکستو دەستەوسانە لە زانینو پێشبینیکردنی ئەوەی (لە خێر یان لەشەڕ) دێتە ڕێی، تەنانەت لەمسۆگەر کردنی نەخشەو بەرنامەکانیو، لە دەستە بەرکردنی ئەوەش، کە نەخشەو بەرنامەی بۆ دادەنا.

لەبەرئەمـە ئایەتەکـە ڕێنمـایی دەکـات، بـۆ هەڵسوکـەوتی شـیاو لـەو مەسـەلەیەداو، داواشـی لـیّ دەکـات، کەهـەموو بـەڵێنو نەخـشەیەکی ئاینـدەی بەخواستی بەجێگەیەنراوی خودا وەگرێ بدات، ئیدی مـرۆڤ ناکەوێتـە بـەر گلـەیی خەڵکی، لەکاتێکدا دەستەوەسان بێت لەبەجێ هێنانی ئەوەی بەڵێنی لەسـەرداوە..

دیارە ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، مرۆڤی موسڵمان هۆکارەکان نەگرێتەبەرو، هەموو نەخشەو بەرنامەو هیواو ئاواتێکیشی هەڵوەشێنێتەوە، چونکە وەبەرنانی هۆکارەکان لە بنەماکانی باوەڕو لەبوارەکانی بەندایەتیو عیبادەتە. تەنها ئەوەندە هەیە، نابێت پەنای تەواو بۆهۆکارەکان ببات‌و هەر چاوی لە نەخشەو بەرنامەکان بێت، بەڵکو دەبێت پێودانگی یەکەم بۆخواستی ئیلاهی دابنێت..

" وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ "

لەبیرچوونەوەی پێغەمبەر ﷺ لـەوەدا بـوو، کاتێـك بـەڵێنی بـە موشـریکانی مەککەدا لەسەر ئەوەی سبەینێ وەڵامی پرسیارەکانیان دەداتـەوە، نەیفـەرموو (ان شـاءالله) ئەمـەش هۆیـەکی گونجـاوی قورئانـە، ڕێنماییـەکی خـودای تێدایـە بـۆ پێغەمبەرو ﷺ هەرموسڵمانێکی دوای خۆیشی، کە ئەم بنەما جوانە قورئانیە لەم سەرزەوییە پیادە بکات.

هەر بۆیەش خودا فەرموویەتی: (وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ) کاتێك شتێکت بیر چوو، یادی خـودا بکـەرەوە.. ئـەم وتـە نایابـەش ڕاسـتی یـەکی بنـچینەییە لـە ڕاسـتییەکانی ئیـسلامو، چارەسـەرێکی سوودبەخشیـشە بـۆ لادان، یـان بـۆ کەمتەرخەمی، یان بۆ بێ ئاگایی‌و لەبیرچوونەوە.

بێگومان مرۆڤی موسڵمان لەم ژیانەدا جەنگێکی حـەتمی‌و بەسـەردا سـەپێنراو دەگیرێت، جەنگێك لەگەڵ –شەیتان- و لەگەڵ شوێنکەوتووانی، جـەنگێك لەگـەڵ ناهەق (باطل)و شوێنکەوتوانی...

بێگومان خوداش سەرکەوتنی لەو جەنگەدا بۆ مسۆگەرکردووە گەر ئەو مرۆڤـە موسڵمانە پەنا بباتە بەرخودای پەروەردگاری‌و پشتی پێ ببەستێت. هەروەها خـودا ئەو مرۆڤەی لە دوژمنەکەی (لە شەیتان) ئاگادارکردۆتـەوەو بۆشـی روونکردۆتـەوە کـەوا شـەیتان تـەنها دەسـەڵاتو ڕکێـفو کاریگـەریی لەسـە رشـوێنکەوتوانو سەربازانی خۆی هەیە، لەدەروازەی (بێ ئاگایی‌و لەبیرچـوونەوەو پـشتگوێ خـستنو کەمتەرخەمیشەوە) دەچێتە نێو بیرو خەیاڵی مرۆڤەوە.

هەربۆیــە خــودا مرۆڤــی لــەم دەروازانــەی (بێئاگــایی‌و لەبیرچــوونەوە، کەمتەرخەمیی، پشتگوێ خستن) وریاکــردۆتەوەو، پێشی فەرموە:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿١٩﴾ الحشر﴾.

واتە: " ئەی ئیماندارن لەخودا بترسن باهەر کەسێك بڕوانێت بۆ ئـەوەی بزانێـت چی ی بۆسبەینێی خۆی دابینکردووە، بەمەش لەسزای خودا خۆتان بپارێزن، چونکە شارەزاو ئاگاداری کردەوەکانتانە. هەروەها ئێوە ئەی ئیمانداران وەك ئەوکەسـانەی پێش خۆتان نەبن، کە خوداو ڕێبازی خودایـان لـەبیرکردو،خوداش ئـەوانی لـەبیری خۆیان بردەوەو وایان لێ هات نەفسی خۆیـانو ئەرکـەکانی نەفـسی خۆیـان لـەبیر چووەوە، بەم ڕەنگە ئەوان بەدکارو لە ڕێ لادەر دەرچوون".

جا ئەگەر مرۆڤ بــێ ئاگـابوو، یـان شـتێکی لەبیرچـوو (بێگومـان هەرتووشـی حاڵەتی بێ ئاگایی‌و لەبیرچوونەوەش دەبێت) ئەوا لەسەری پێویستە، بە بیری خـۆی بێنێتەوەو ورياو ئاگادار بێتەوە،بەم پێیەش پەنابەرێتـە بـەرخودای پـەروەردگاری‌و داوای لێخۆشبوونی لێ بکات وداوای کۆمەك‌و یارمەتیشی لێ بکـات، خـودا لـەم بارەیەشەوە فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَـٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَـٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِى ٱلْغَىِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ ﴿٢٠٢﴾ الأعراف﴾.

واتە " ئەوکەسانەی خۆپارێزو لەخواترس بوون هەرکاتێك خورپـەو خـەیاڵێکی نابــەجێیان لەشــەیتانەوە بەرکــەوێت، خێــرا یــادی خــودا دەکەنــەوەو بەرچـاویان ڕووندەبێتەوەو باری ڕاستیی واقیعەکە دەبینن، بەڵام برایـانی شـەیتان کـە (کـافرو

موشریکەکانن) لەلایەن شەیتانەکانەوە کۆمەك وهاریکاریی دەکرێن تاکو هەر لە گومڕاییدا بمێننەوەو پاشان لەو کۆمەكو هاریکارییانەیاندا درێغی و کەمتەرخەمیی ناکەن).

هەروەها فەرموویە (وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ).. جابۆیە زیکرو یادی خودا باشترین چەکە بۆ سەرکەوتن بەسەر شەیتانو سەربازانییدا، هەروەها زیکرو ناوهێنانی خودا چارسەرێکی کارای قورئانە بۆ کەمتەرخەمیو پشتگوێخستنو دەربازبوون لە حوکمەکانو گوناهکردن.

هەمدیسان زیکرویادی خودا ژیانێکە بۆ دڵ و، بەختیارییە بۆگیانو، حەوانەوەیە بۆ مرۆڤی باوەڕدارو، رۆشناییەکە بۆ ژیانو، ڕێگایەکە بۆ خۆشویستنی خوداو رەزامەندی خوداو، هۆیەکیشە بۆ چوونە نێو بەهەشتەکەیو، ڕزگاربوون لە سزای دۆزەخەکەی.

هەروەها ئەم ئایەتە رێنماییمان دەکات بۆ جێگەیەکی ترلە باسی یادی خودا، کە (لەبیرچوونەوەیە) واتە مرۆڤ بیری خودا بکاتەوە لەکاتی لەبیرچوونەوەدا.

"وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ " لێرەدا لەبیرچوونەوە سنووردارو دیاریکراو نیە، بەڵکو گشتیو رەهایە. قورئانیش لەسەربارەگشتییەکەی داینـاوە تاکو هەموو شێوەو رەنگێکی ئەو (لەبیرچوونەوە) یە بگرێتەوە، هیچ چارسەرێکی نیە تەنها بەیادکردنەوەی خودا نەبێت.

باشترییش وایە دەستەواژەکە لەسەربارەگشتییەکەی خۆی بهێڵرێتەوەو، سنووردارو دیاریکراو نەکرێت، چونکە ئەمە یەکێکە لەکلیلەکانی مامەڵە لەگەڵ قورئانو ڕێسایەکیشە لە ڕێساکانی لێ تێ گەیشتنی.

هەندێك لەو وێنەو ڕەنگو حاڵەتانەی، کە دەستەواژەی (لەبیرچوونەوەکە) دەیانگرێتەوە، ئەمانەن:-

١- لەبیرچوونەوەی خوا (نسیان الله)، خودا بەیادت بێنەوە ئەگەر لەبیرت چوو، چونکە بۆ هیچ موسڵمانێك ناشێت، بۆ ساتێکیش خودای لەبیربچێت. لەبیرچوونەوەی خوداش (واتە ئەگەر موسڵمانێك خودای لەبیربچێت) ئەوە بێگومان گوناهو کەمتەرخەمییەکە. بۆیە هەر دەبێت یادی خودا بکاتەوەو داوای لێخۆشبوونی لێ بکات. هەروەها لەبیرکردنی خودا هۆیەکە بۆ کەوتنە نێو گوناهانەوەو، چارەسەری ئەمەش تەنها یادکردنەوەی خودایە.

٢- لەبیرچوونەوەی (جیاکاریو دانانی ئەگەر)و هەڵپەساردنی بەڵێن بەخواستی ئیلاهی یەوە:- واتە یادی خودا بکەرەوە ئەگەر لەبیرت چوو بڵێیت: (سبەینێ – ان شاءالله - ئەوە دەکەم) بۆیە لەکاتی بەبیرهاتنەوەدا ئەو (جیاکاریو ئەگەردانانە)ش دیاری بکەو مەسەلەکە بەخواستی خوداوە ببەستەرەوە. ئەم شێوازەی بەبیرداهاتنەوەیە زۆربەی زانایانی تەفسیریش لەشیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا باسیان کردووە.

٣ -لەبیرچوونەوەی دوژمنایەتیی دوژمنە گەورەکە (شەیتانو شوێنکەوتوانی)، چونکە بیرچوونەوەی دژایەتی کردنیان هۆیەکی بەدەمەوە چوونی وەسوەسەکانیانە بۆیە یادی خودا خاوەنیادکەرەکەی بەکەسێکی بیناو بەرچاو ڕۆشنو ئاگادار لەو دوژمنانە دەهێڵێتەوە.

٤- لەبیرچوونەوەی ئەرکەکان: یادکردنەوەی خودا هۆیەکە بۆ یادکردنەوەی ئەرکەکانو بەجێ گەیاندنیان، هەمدیسان هۆکارێکی ڕاستەوخۆشە لەمامەڵەکردنی باش لەو ئەرکانەو لەتێڕوانین بۆیاندا.

٥- بیرچوونەوەی (مەبەست لە ژیان)و فەرمان تیایداو نەخشەی سەرکەوتوو بۆ بەسەر بردنی ژیان لەسەر بەرنامەی خودا.

٦- لەبیرچوونەوەی مردنو، دەرچوون لەم دنیایەونەمانەوەی بەنەمری تێیدا.

٧- لەبیرچوونەوەی رۆژی دوایی‌و لەبیرچوونەوەی دۆزەخ وسزاکانی‌و، لەبیرچوونەوەی بەهەشت‌و نیعمەت‌و خێروخۆشییەکانی.

بێگومان ئەم وێنانەو ئەوانی تریش، ترسناکن‌و چەندین زیانی کاریگەریان لەژیانی موسڵماندا هەیەو، هیچ چارەسەرێکی نیە تەنها بەردەوامی لەسەر زیکرو یادی خودا نەبێت (وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ).

"کێ گوتوویەتی (سێ سەد ساڵ) لە ئەشکەوتەکەیاندا ماونەتەوە"؟

لە فەرمایشتەکەی خوادا ﴿وَلَبِثُواْ فِى كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِاْئَةٍ سِنِينَ وَٱزْدَادُواْ تِسْعًا ۝٢٥﴾ الكهف هەواڵێکە لەسەر ئەوماوەیەی کە لاوەکان لە ئەشکەوتەکەدا ماونەتەوە، یان لەسەر ئەو ماوەیەیی لە ئەشکەوتەکەدا (بەدەربڕینێکی وردتر) خەوتوون، ئەمەش ئەو ماوەیەی نێوان چوونە نێو ئەشکەوتەکەیانە تائەو کاتەی گەلەکەیان پێیان زانیون، پاشان هەواڵەکە بڕیاری ئەوە دەدات، گوایە ئەو ماوەیە سێ سەدو نۆ ساڵ بووە. بەڵام کێ ئەم هەواڵەی گوتووەو راگەیاندووە؟! ئایا ئەمە فەرمایشتی خودایە تابیێتە بڕیار لەسەر ئەو ماوەیە؟! یان وتەی ئەوکەسە پێشینانەیە، کە جیاوازیی وتەو بیروڕایان لەنێواندا هەبووە لەسەر بەسەرهاتی لاوەکان؟ تا بەم ڕەنگە قورئانیش لە (باب)ی گێڕانەوەی حیکایەت‌و داستانەکانەوە هێنابێتی یان لە(باب)ی دان پیانان‌و بڕیاردانەوە؟!

زانایان لەمەدا بیروڕای لێك جودایان هەیە، هەندێکیان گوتوویانە: (ئەمە فەرمایشتی خودایە لەسەرماوەی لاوەکان لە ئەشکەوتەکەدا) هەندێکی دیکەشیان گوتوویانە: (ئەمە وتەی ئەوکەسە پێشینانەیە لەسەر مەسەلەی بەسەرهاتی لاوەکان ناکۆك بوون).

وتەی یەکەم/ وتەی ئەو پێشینانە بوو لە مەسەلەی لاوەکاندا ناکۆك بوونو قورئانیش دانی پێدانەناوە یان پشتی پێ نەبەستووە، بەڵکو بەرهەڵستی کردووەو ڕەتیکردۆتەوە.

پیتی (واو) لای ئەوان لەو وتەیەدا﴿ وَلَبِثُواْ فِي كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِاْئَةٍ سِنِينَ ﴾ - لەمەدا- واوی پەیوەندییە، واتە ئەم وتەیەی بە وتەکەی ترەوە﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾پەیوەست کردوە. ماناکەش ئاوای لێ دێت (دەڵێن: ئەوان سێ کەسن، چوارەمیان سەگەکەیانە﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾... (هەروەها دەڵێن: ئەوان سێ سەد ساڵ لە ئەشکەوتەکەیاندا ماونەتەوە ﴿ وَلَبِثُواْ فِي كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِاْئَةٍ سِنِينَ ﴾قورئانیش ئەو وتەیەی ئەوانی لەم وتەیەی خۆیدا پووچەڵکردۆتەوە کەخودا تیایدا فەرموویە: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُواْ لَهُۥ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ...(٢٦) الكهف ﴾، واتە: (بڵێ خودا هەرخۆی دەزانێت چەندە ماونەتەوە، زانستی نادیارەکانی ئاسمانەکانو زەوی لەلای خۆیەتی)... کەواتە بەم وتەیە قورئان ماوەی مانەوەیانی بۆ زانستی خودا حەواڵە کردووە. خۆ ئەگەر وتەی ئەو کەسە پێشینانە ڕاستو جێی باوەڕ بوایە ئەوا مانایەکی نوێ بۆ وتەکەی قورئان دەبوو،واتە بۆ وتەی (قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُواْ) خۆ ئەگەر ئەم وتەیە لەخوداوە بوایە ئەوا هیچ مانایەك بۆ فەرمایشتی (قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُواْ) نەدەبوو..

زانای ئیسلام (سیوطي) لە (الدر المنثور)دا لە (ابن عباس-ەوە- خودا لێیان ڕازی بێت) وتەیەکی هێناوە، گوتوویەتی: مرۆڤ کاتێك تەفسیری ئایەتەکە دەکات، وادەزانێت بەو ڕەنگەیە، کە خۆی دەبینێت، بۆیە دوورتر لەماوەی نێوان ئاسمانو زەوی بۆی دەڕوات.

پاشــان (ابــن عبــاس) رســتەی (وَلَبِثُوا۟ فِی كَهۡفِهِمۡ ثَلَـٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِینَ)ی خوێندۆتەوەو ئینجا گوتوویەتی (ئەو لاوانە چەندە ماونەتــەوە)؟ گوتوویانــە (ســێ سەدو نۆساڵ) ئەویش گوتوویەتی: (ئەگەر ئەوەندە ماونەتەوە، خودا نەیدەفــەرموو: (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟) بەڵکو تەنها وتەی ئەو خەڵکــەی پێــشینانی گێڕاوەتــەوە، وەك چۆن لــە ڕِســتەی (سَیَقُولُونَ ثَلَـٰثَةٌ رَّابِعُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ)دا وتــەی ئــەو خەڵکــەی گێڕاوەتەوەو هەواڵی ئەوەشیداوە، ئەوان نازانن (ئینجا (ابــن عبــاس) گوتوویــەتی: ئەوان دەڵێن: سێ سەد ساڵ ماونەتەوەو، نۆ ساڵی تریشیان بۆ زیاد کردوە (وَلَبِثُوا۟ فِی كَهۡفِهِمۡ ثَلَـٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِینَ).

هەروەها (سیوطي) لە (قتادة)وە – خودا لێی رازیبێــت –گێڕاوێتیــەوە: ئەمــە خەڵکی گوتوویەتی، ئایا نابینێت ئــەو گوتوویــەتی (وَلَبِثُوا۟ فِی كَهۡفِهِمۡ ثَلَـٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِینَ) پاشان گوتوویەتی: (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟) لە ڕِوایەتێکی تردا، هەر لە (قتادە) وەیە گوتوویەتی: (ئەمە وتەی ئــەهلی کیتابــە، خــوداش بــە فەرمایــشتی (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟) وەڵامیداونەتەوە[1].

وتەی دووەم/ بێگومــان هــی خودایــە، هەوڵدانێکــە لــەخوداوە دەربــارەی مــاوەی مانەوەی لاوەکان لەئەشکەوتەکەدا، وەك (سیوطي)یش لە(مجاهد)ەوە وتەیەکی ئەوی دەربارەی ئایەتەکە هێناوە، گووتوویەتی (ئەوە ژمارەی ئەو ماوەیانە، کە لەنێو ئەشکەوتەکەدا ماونەتەوە[2].

پێشەوا (ابن کثیر)یش ئەم وتەیەی تەبەننی کردووەو پشتگیریــشی لێکــردووەو، وتەی یەکەمینی رەتکردۆتەوەو، پاشان گوتوویەتی: "ئەمە هەواڵێکە لەخوداوە بــۆ

(١) الدر المنثور للسیوطي (٥ : ٣٧٩).

(٢) هەمان سەرچاوە

پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ دەربارەی ژمارەی ساڵانی ئەو ماوەیەی، کە لاوەکان لەرۆژی خەولێکەوتنیانەوە ژمارەی بەخەبەرهاتنەوەیان وپێزانینی خەڵکی و وڵاتەکەش بە کاروباریان" تێیدا ماونەتەوە ژمارەی ئەو ساڵانەش سێ سەد ساڵ بووە بەڵام بە ساڵی مانگی (هیلالی) نۆ ساڵی تریشی دێتەسەر فەرمایشتەکەی خوداش (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ)، واتە: ئەگەر دەربارەی ماوەی مانەوەیان پرسیارت لێکراو، بێگومان تۆش زانیاریەکت لەسەری نیەو، ئەمەش لەلای خودا بەندە ئەوا لە وەڵامدا هیچ شتێك مەخەرەڕوو، بەڵکو لە وەڵامی ئەوجۆرە پرسیارانەدا بڵێ: (خودا خۆی دەزانێت چەند ماونەتەوە، هەواڵی نادیارەکانی ئاسمانەکانو زەوی هەر لەلای خودا خۆیەتی: ﴿قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ لَهُۥ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾.. بەمانای کەس ئەوە نازانێت تەنها خودا نەبێت، جا کێ هەیە لەبەندەکانی خودا بتوانێت ئەو زانیاریانە بەخودا بدات؟

ئەمەی ئێمەش (واتە: ابن كثير) گوتوومانە ڕای پتر لەیەك کەسی زانایانی تەفسیری لەسەرە، وەکو ڕای (مجاهد)و زانایانی پێشین وپاشین (السلف والخلف)، بەڵام وتەکەی (قتادە) کە گوتویە گوایە (دیدوبۆچوونێکی لەسەرە)، ئەوە دیارە ئەوەیە (ئەهلی کیتاب) دەریان بڕیوە، کەوا (سێ سەدساڵ لاوەکان لە ئەشکەوتەکەدا ماونەتەوە، واتە بەبێ حسابکردنی ئەو نۆ ساڵەی لە ساڵنامەی (مانگی) حسابی بۆ کراوە، بەڵام بەپێی ساڵنامەی (هەتاویی/ شمسی) تەنها سێ سەدساڵ دەکات. خۆ ئەگەر خودا وتەی ئەوانی بگێڕایەتەوە ئەوا نەیدەفەرموو: (وازدادوا تسعا). وەك لە ئایەتەکەشەوە بەدیی دەکرێت، ئەم ماوەیە هەواڵێکە لە خودا خۆیەوە نەك گێڕانەوەی بێت لەزاری ئەهلی کیتابەوە ئەمە ڕای هەڵبژێرراوی (ابن جرير)یشە ڕەحمەتی خودای لێ بێت"[1]. بۆ ئەوەی ماوەی جیاوازیی نێوان ساڵانی (هەتاوی)و (مانگی) بزانین.

---

(١) تفسير ابن كثير، (٣ ٧٩)..

"ئایا نۆ ســـاڵەکە ئەو جیاوازییـــەی نێوان هـــەردوو ژمارە حســـابکراوەکەیە"؟

چـــەندین زانـــای دێـــرینو هاوچـــەرخی (تەفـــسیر) وای بۆچـــوون، لاوانـــی نێـــو ئەشکەوتەکە بەپێی ساڵنامەی (هەتاوی (شمسی) سێ سەدساڵ لە ئەشکەوتەکەیاندا ماونەتەوە، ئەم ژمارەیەش (٣٠٠ ساڵ) بەپێی ساڵنامەی (مانگی/ قمری) دەکاتـە (٣٠٩) ساڵ. جا ئەو نۆ (٩) ساڵەی دواییش ئەو جیاوازییەی نێوان هەردوو ژمـارە حسابکراوەکەی ساڵنامەی (هەتاوی)و (مانگی)یە.

ئەو زانایانە (ئەو نۆ ساڵەی قورئان باسی کـردووە) دەکەنـە بەڵگەیـەك لەسـەر ئەوەی، تەنها قورئان تاکە سەرچاوەی چیرۆکەکەیە، دیارە قورئـانیش فەرمایـشتی خودایە، نەك فەرمایشتی پێغەمبەری خودا ﷺ.

(ئیمام ابن کثیر) دەربارەی (بوونی ئەو نۆ سـاڵە بـە جیـاوازیی نێـوان هـەردوو حسابەکە) گوتوویەتی: "بێگومان میقداری ساڵانی مانەوەیان لـە ئەشـکەوتەکەدا سێ سەد ساڵ بووە، بەڵام بە ساڵی مانگی (نۆساڵی تریشی بۆ زیاد دەبێت) ئیـدی بەپێی ساڵنامەی (هەتاوی) سـێ سـەد سـاڵە، چـونکە جیـاوازیی نێـوان هـەردوو ساڵنامەکە لە هەر سەد ساڵ جارێکدا سێ ساڵە، بۆیەش خودا دوای ئەو سێ سـەد ساڵە فەرموویەتی: (نۆ ساڵی تریشیان زیاد کردووە)، (ازدادوا تسعا)"[(١)].

بەڵام هەندێك لە زانایانی هاوچەرخ بەم رایە قایـل نـینو، وای دادەنـێن لەگـەڵ حسابەکەدا ناگونجێت.. یەکێك لەوانەش (عبدالرحمن الوکیـل-ی خـودالێی خـۆش بێت) لە لێکدانەوەی (الروض الأنـق)یدا بۆ ئەم وتەیە، دەڵێت، (ئەم لێکدانەوەیـەی ژمارەی ساڵەکان، بۆ کتێبی خودا ناشایستەیە، هەروەها بۆ فەرمایـشتی خـوداش

---

(١) تفسیر ابن کثیـر (٣: ٧٩).

هەر ناشایستەیە، دەبینن ڕستەی ﴿وَلَبِثُوا۟ فِى كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِينَ﴾ لە فەرمایشتی خودا خۆی بێت نەك وتەیەك بێت لە خەڵكانی دیکەوە گێڕابێتەوە، لە ئایەتەکەشدا بەڵگەیەکی وانیە بەڕەهایی (مطلق) ئاماژە بۆ ئەم لێکدانەوەیە بکات"[1].

پێش ئەوەش وتەی کۆمەڵی زانایان بسەلمێنین کە (ابن کثیر) لەنموونە هەرە دیارەکانیانە، دەبێت لەوە بکۆڵینەوە، ئاخۆ جیاوازیی نێوان هەردوو ساڵنامەکە لەسێ سەد ساڵدا، نۆ ساڵە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، پرسیارێکی دیکە دەکەین، (ئایا جیاوازیی نێوان ساڵی هەتاوی و ساڵی مانگی چەندە؟!.. مێژوونووسی هاوچەرخی ئیسلامی (احمد عادل کمال) لەکتێبەکەیدا (جداول التقويم الميلادى المقابل للتقويم الهجرى)دا دەڵێت:

(یەك ڕۆژ لەساڵی -هەتاوی- بەمیقداری (سێ دەقیقەو- ۹ر۵۵- ی چرکە) لە ڕۆژێکی ساڵی -مانگی- زیاترە لەلای عەرەبەکانیش "ڕۆژ لەکاتی ئاوابوونی خۆرەوەیە تا ئاوابوونی جارێکی تری لە ڕۆژی دواتردا) مانگی ساڵی (مانگی/ قمری)یش (۲۹ر۵۳۰۵۸۸) ڕۆژە.

(ساڵی مانگی)یش: (۳۵٤) ڕۆژو (هەشت سەعات)و (٤۸دەقیقە)و (۳٦) چرکە (ثانیة)یە. واتە نزیکەی (۱۱) ڕۆژی لە (ساڵی هەتاوی) کەمترە، چونکە ساڵی (هەتاوی)-۳٦٥- ڕۆژو- شەش سەعات-و- ۹ دەقیقەو- ۵ر۹- چرکەیە"[2].

دوای ئەم هەژمارکردنە وردە دەبینین جیاوازیی نێوان هەردوو حسابە هەتاوی و مانگییەکە تەنها نۆ ساڵ نیە، بەڵکو لەوە زیاترە (ئیمامی- ئالووسی)یش لەم مەسەلەیەی کۆڵیوەتەوەو تێبینی جیاوازیی نێوان هەردوو ساڵەکەی کردووەو،

---

(۱) الروض الانق بتحقيق الوكيل (۳ : ۱۷۳).

(۲) جداول التقويم الميلادى الهجرى لاحمد عادل كمال (۳-٤).

گوتوویەتی: (جیاوازیی نێوان هەردوو ساڵنامەکە لەیەك ساڵدا- دە ڕۆژو- بیستو یەك سەعاتو- یەك دەقیقەیە.

جا ئەگەر ئەمە جیاوازیی یەك ساڵیان بێت، ئەواجیاوازیی سەد (١٠٠) ساڵیان (هەزارو هەشتاو حەوت ڕۆژو، سیازدە سەعاتو چوار دەقیقەیە، ئەمەش دەکاتە (سێ ساڵو بیستو چوار ڕۆژو یازدە سەعاتو شازدە دەقیقە)، بەم پێیە جیاوازیی سێ سەد ساڵیشیان دەکاتە (نۆ ساڵو حەفتاو سێ رۆژو، (نۆ سەعاتو، چلو هەشت دەقیقە)"[1].

کەواتە جیاوازیی نێوان هەردوو جۆرە ساڵنامەکە نۆ ساڵی بێ کەم و زیاد نیە وەك قورئان دیاری کردووە،بەڵکو پتر لە (٧٣) رۆژیشی زیاترە.

جا لە بەر ئەم ژمارە زیاترەی کە لەسەر (نۆساڵە زیادەکە)ش پەیدا بووە، چەند زانایەك گووتوویانە: (ئەمە هەواڵێك نیە لە خوداوەو، بڕیاردانی خوداش نیە، بەڵکو دیاریکردنی وتەی ئەو کەسە پێشینانەیە، لە بەسەرهاتی هاوەڵانی ئەشکەوتەکەدا ناکۆك بوونو، بیروڕای جیاوازیان دەربڕیوە لەسەریان. جا ئەم کەسانە وەك چۆن لەسەر ژمارەی لاوەکانیش بیروڕای هەمە جۆریان هەبووە، لەسەر ماوەی مانەوەی لاوەکانیش لەئەشکەوتەکەدا هەربیروڕای لێکجوداو جیاوازیان هەبووە، بۆ نموونەش کۆمەڵێکیان وایان راگەیاندووە، ئەو لاوانە سێ سەدو نۆساڵ لە ئەشکەوتەکەیاندا ماونەتەوە، بەڵام ئەم وتەیەشیان ڕاست نیە. چونکە ئەگەر ئەمە فەرمایشتی خوداو (هەواڵێك بوایە لە خوداوە) ئەوا زۆر وردو تەواو دەبوو، قورئانیش هەموو هەواڵو بەسەرهاتو وتەیەکیشی بەوردیو تەواوی هێناوەو بەم شێوازە ڕایهێناوین.

هەندێك لە زانایانی دیکەی ئیسلام گوتوویانە: ئەم جیاوازییە کەمە (واتە ئەو زیادەیە لە نۆ ساڵەکە)ش گرنگ نیەو دەشێت، چونکە لەچوار مانگ کەمترە،

---

(١) روح المعاني للالوسي (١٥: ٢٥٢).

نەریتی عەرەبەکانیش هەر وابووە، هەمیشە پارچە وپاشماوەکان دەبڕنو ئەگەر لە نیوە کەمتر بووبێت باسیان نەکردووە، هەر بۆیەش قورئان نەیفەرمووە (نۆ ساڵی زیاترو چارەکە ساڵێك، یان نۆساڵی زیاترو حەفتاو سێ ڕۆژی زیاتریش ماوەنەتەوە).. لەم ڕووەوە (ئالووسی) دەڵێت: " دانانی جیاوازییەکە هەر بە تەنیا بۆ نۆ ساڵ، لەسەر بنچینەی بەنزیکی دانانەیەتی، چونکە ماوە زیادەکە نەگەیشتۆتە نیوەی ساڵێكو وەرزێك لە وەرزکانیشی تەواو نەکردووە، بۆیە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە"[١].

"ڕای ڕاستتر ئەوەیە: ئەمە هەواڵدانێکە لەخوداوە"

لێرەدا، دوای هەڵوێستەیەك لەئاست بەڵگەکانی هەردوو لادا، هەوڵ دەدەین ڕای ڕاستتر یەکلابکەینەوە.. بەڵگەکانی کۆمەڵی یەکەمی زانایان، کە دەڵێن (ماوەی مانەوەی لاوەکان لە ئەشکەوتەکەدا بەسێ سەدو نۆساڵ دیاری بکرێت)، ئەوە وتەی ئەو پێشینانەیە،کە ڕای جیاوازو لێکجودایان لەسەر ژمارەی لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکە دەربڕیوە. قورئانی پیرۆزیش ئەم وتەیەی لە (باب)ی (گێڕانەوەی وتەو باسی ئەو پێشینانەوە) هێناوەتەوە، بەڵگەکانی ئەم کۆمەڵەش لە ڕووی وردبینیو، ژمێرییارییەوە بەهێزن.

بەڵام کاتێك گومانی جیاوازیی ژمێرییارییەکە دەڕەوێنینەوە بەوەی گوایە عەرەب خۆیان ئەگەر کەرتەکان لە چوار کەمتربێن دایدەشکێنن، بۆیە لەمەوە ئەگەر نزیکەی هەشتا (٨٠) ڕۆژیش لەو نۆساڵە زیاتر مابنەوە، ئەوە قەیدی ناکات گەر حساب نەکرێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵی (جمهوری) زانایان داین بەوەی، ئەم هەواڵە (وَلَبِثُواْ فِي كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِاْئَةٍ سِنِينَ) هەواڵدانێکە لەخودا خۆیەوە

---

(١) روح المعاني، (١٥: ٢٥٢)

ده‌رباره‌ی ماوه‌ی مانه‌وه‌ی لاوه‌كان له‌ ئه‌شكه‌وته‌كه‌دا، نه‌ك گێڕانه‌وه‌ی وته‌یه‌ك له‌وته‌ی پێشینان بێت.

ئه‌م فه‌رمایشته‌ش بایه‌خی هه‌ردوو سالنامه‌ (هه‌تاوی) و(مانگی)یه‌كه‌شی پاراستووه‌، واته‌ ئه‌مه‌ به‌سالنامه‌ی (هه‌تاویی- رۆمی ی – زایین) كه‌ (ده‌وله‌تی رۆمانی) ئه‌وسا كاری پێ ده‌كردو ده‌وله‌ته‌ هاوچه‌رخه‌كانی خۆرئاواش به‌كه‌له‌پوور لێیان گرتوونه‌ته‌وه‌، سێ سه‌د ساله‌، به‌لام به‌سالنامه‌ی (مانگی)ی عه‌ره‌بی – كه‌ (عه‌ره‌ب) له‌سه‌رده‌می جاهیلیدا له‌سه‌ری بوونو، به‌سالنامه‌ی كۆچی (هیجری) داده‌نرێت وموسلمانانیش له‌دواییدا كاریان پێكردووه‌، سێ سه‌دو نۆ ساله‌. ئیدی ئه‌و نۆ ساله‌و، ئه‌وكه‌رته‌ كه‌مه‌ی لێی داشكێنراوه‌، جیاوازیی نێوان هه‌ردوو سالنامه‌كه‌یه‌.

سوودی برگه‌ی " قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟

له‌رێی به‌هێزترین به‌لگه‌ی ئه‌وانه‌ی گوتبوویان (دیاریكردنی ماوه‌ی مانه‌وه‌ی لاوه‌كان له‌ ئه‌شكه‌وته‌كه‌دا به‌ڕای كه‌سه‌پێشینه‌كانی شوێنكه‌وتووی كتێبه‌كانی دیكه‌ی خودان، (واته‌ به‌ڕای ئه‌هلی كیتاب) ده‌بێت، قورئانی پیرۆزیش له‌دوای هێنانی وته‌كه‌یانه‌وه‌، ده‌فه‌رموێت (قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟) ئه‌مه‌ وه‌ك ئه‌وه‌ وایه‌ قورئان ئه‌و وته‌یه‌ی ئه‌وان ره‌تده‌كاته‌وه‌و به‌تال و پووچه‌لی ده‌كاته‌وه‌و، وایشی له‌قه‌له‌مده‌دات، له‌سه‌ر بنچینه‌ی زانستێكی راست نیه‌و رێنماییشمان ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌كه‌ بۆ زانستی خودا بگێڕینه‌وه‌.

(عبدالرحمن الوكیل) له‌ (تحقیق الروض الانف) دا گوتوویه‌تی : لێكدانه‌وه‌كه‌ی (ابن هشام) بۆ فه‌رمایشته‌كه‌ی خودا (ولبثوا في كهفهم) لێكدانه‌وه‌یه‌كی نایابه‌

(بەپێی ئەوەی لەم فەرمایشتەدا وتەی پێشینەکان هاتووە) ئەم وتەیەش بە وتەی (ئەهلی کیتاب) دادەنێت، بەم رەنگە تێگەیشتنیشمان لەئایەتەکە رێکو راست دەبێتەوە، هەر ئەمەش لەگەڵ رستەی دواتریدا (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ)دا رێك دەکەوێت چونکە گەر دەستەواژەی (ولبثوا) لەفەرمایشتی خودا خۆی بوایە ئەوا فەرمایشتەکەی خۆی (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ) هیچ مانایەکی نەدەبوو.[1]

بەڵام کۆمەڵی زانایان ئەم لێکدانەوەیە پەسەندناکەنو ئەو بەرهەڵستی یەش لادەبەنو، وای دادەنێن کەهەردوو رستەکە لەفەرمایشتی خودان، واتە رستەی (ولبثوا فی کهفهم..)و رستەی (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ)..

لێرەدا پوختەیەکی بەسوودی رستەی پاشینەی (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ) دێنینەوە لەگەڵ روون کردنەوەی هاورێکبوونی بەرامبەر بە رستەی پێش خۆی کە (امامی الوسی) هێناویەتی یەوە.. (ولبثوا فی کهفهم) رستەیەکی بەرایی ودەسپێکراوی روونکراوەیە، لە فەرمایشتی خودا (فضربنا على آذانهم في الكهف سنين عددا)دا پوخت کراوەتەوە. هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش فەرمایشتەکەی تری خودا (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ) بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی ماوەی مانەوەیان لەو خەولێخستنەدا ئەوەندەبووە، کەئاماژەمان بۆ کرد، وەك ئەوەی بفەرموێت (بلێ هەر خودا خۆی ئاگادارو زانایە لەماوەی مانەوەیانداو، ئەو زانیارییەشی بەئێمەی داوەو، ئەم زانیاریەش ئەو حەقە راست ودروستەیە هیچ گومانێکی لەسەر نیە.

سوودی دواخستنی ئەم روونکردنەوەیەش دەربارەی ماوەی مانەوەکەیانە، بۆ ئەوەیە ئاگاداربین، لەسەر ئەوەی کەسانی پێشینەکان لەسەرماوەی مانەوەکەیان ناکۆك بوون، وەك چۆن لەسەر ژمارەی لاوەکانیش ناکۆك بوون، بۆیە دوابەدوای

---

(١) الروض الانف- بەرگی سێ (٣) لاپەرە (١٧٢-١٧٣) پەراوێز.

ناکۆکیان ولێك جودایی بیروڕاکانیان لەسەر ژمارەی لاوەکان ئـەم روونکردنەوەیـەی هێناوە.

پاشگری ڕستەی دواییش بە فەرمانی (قل/ قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ) هێنـاویێتی تاهەر بە پاشگری[1]. (قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم)یش بیگێڕێتەوە، پاشـان بـۆ ئەوەشـە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی ئەم چیرۆکە لە نادیار (غیـب)ەوە بـە پێغەمبـەری خـودا ﷺ گەیەنراوە تاکو ببێتە موعجیزەیەکی تر بۆی"[2].

هەروەها (ئالووسی هەڵوێستەیەکی نایابو زیرەکانەی لەئاست ئـەو وتەیەشـدا کردووە، کە درابووە پاڵ (ابن عباس) خوداڵێیان رازی بێـت- لێیـەوە گێڕرابـووەوە کـەوا گوتوویـەتی: " وتـەی کەسـانی پێـشین دەربـارەی مانـەوەی لاوەکـان لـە ئەشکەوتەکەدا بۆ دیاریکردنی ماوەکـەیان بـە ڕاسـت دادەنرێـت) قورئـانیش ئـەو وتەیەی بەفەرمایشتی (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ) بەتاڵکردۆتەوە. هەروەها (ئالوسی) ڕای (ابن عباس) مان دەربارەی ژمارەی لاوەکانی نێـو ئەشـکەوتەکە بـۆ بەڕاسـت دادەنێت وای بۆچووە ژمارەیان حـەوت کـەس بـووەو، هەشـتەمیان سـەگەکەیانە، سەرەڕایی ئەوەش خودا لەدوای ڕسـتەکەیەوە فەرموویـەتی: (قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم) ئەم بەدوا داچوونەش مەسەلەی زانینی ژمارەکەیان حەواڵەی زانست وعلمـی خـودا دەکات، ئەو وتەیە بەدرۆ ناخانەوە کـە (ژمارەکـەیان حـەوت بـووەو هەشـتەمیان سەگەکەیان بووە، ئیـدی بۆچـی لێـرەدا فەرمایـشتەکەی دواتـر کـە بەدواداچـوون (تعقیب)ە لەسەر ژمارەکە (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ) ڕێگر بێت لە پشت بەستن بـەو هەواڵەی پێشتریەوە ؟!

---

(١) ئێمە وشەی پاشگریی (التذیل) بۆ شێوازی قورئان بڕیار نادەین، بەڵکو باشتر وایە رسـتەی (ختم الایة بکذا- ئایەتەکە بەوە کۆتایی پێ هێناوە) بەکاربێنین. (نووسەر)

(٢) روح المعاني (١٥: ٢٥٢)

(ئالوسی) گوتوویه: (وادیاره ئەمه لەزانایەکی وەك (ابن عباس)ەوه- خودا لێی رازی بێت - (واته: که دەربارەی ماوەی مانەوەی لاوەکانه) بەڕاست نەهاتووه، بێگومان وتەی پێشتری دەربارەی ژمارەی لاوەکانی نێو ئەشکەوتەکه بەڕاست هاتووه، که گوتوویەتی (ژمارەیان حەوت کەس بووەو، هەشتەمیان سەگەکەیان بووه) لەکاتێکدا خوداش لەدوای باسکردنی ئەم ژمارەیەوه فەرمووشیەتی: (هەر خودا ژمارەکەیان دەزانێت "قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم" هیچ جیاوازی یەکیش لەنێوان هەردووفەرمایشتی "قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم" و، " قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْ " دا نییه ئەی بۆچی ئەمەیان دەلالەتی کردۆته سەر رەتکردنەوەو بەتاڵکردنەوەی وتەکەو، ئەوی تریشیان دەلالەتی نەکردۆته سەر رەتکردنەوەکه"[١].

"بەڵگە دارێتی (وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا) لەسەر بە چاوگبوونی قورئان"

زانایانی ئیسلام هەڵوێستەیەکی هێواش‌و لەسەرخۆیان لەئاست فەرمایشتی (وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا)دا کردووەو هەوڵیانداوه حیکمەتی دیاریکردنی ئەم فەرمایشته بدۆزنەوه.

پوختەی دیدو بۆچونیشیان ئەوەیه: ئەم رِستەیه (وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا) دەلالەتێکی ئاشکرا دەکاته سەر بەچاوگبوونی قورئان، واته ئاماژه بۆ ئەوه دەکات، قورئان سەرچاوەی چیرۆکەکەیەو لەخوداوه نێردراوەته خوارەوه، نەك کتێبێکی دانراوی پێغەمبەر خۆی بێت ﷺ رووکاری دەلالەت کردنەوەکەشی ئەوەیه: -ئایەتەکه بێگومان (دوو ساڵنامەی (هەتاوی)و (مانگی)ی لەمەڕ ماوەی مانەوەی لاوەکان لەئەشکەوتەکەدا) لەخۆگرتووه: (وَلَبِثُواْ فِي كَهۡفِهِمۡ ثَلَٰثَ مِاْئَةٖ سِنِينَ وَٱزۡدَادُواْ

---

(١) روح المعاني (١٥: ٢٥٢-٢٥٣).

تِسْعًا).. ماوەکەش بەحسابی ساڵی (هەتاوی) سێ سەد ساڵ بووەو، بەحسابی ساڵی مانگیش نۆ ساڵ و کەرتێکی بۆ زیاد دەکرێت.

ئەمەش هەواڵدانێکە لە خوداوە بە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ. خۆ ئەگەر قورئان لە دانانی پێغەمبەر ﷺ بوایە، ئەوا چۆن دەیزانی ئەو ماوەیە سێ سەدساڵە؟ لەکاتێکدا. (ئەهلی کیتاب)یش لە جوولەکەو دیانەکان نەیاندەزانی، هەروەها پێغەمبەر ﷺ (بێگومان کەسێکی نەخوێندەواریش بووە) نەیشیدەزانی، ئەوماوەیە بەحسابی ساڵی مانگی: (سێ سەدو نۆ ساڵ)بووە.

وشەی (وازدادوا)ش ئەم مانایە دەدات، ئەم (نۆ ساڵە) زیادکردنێکە بۆ ساڵە هەتاوییەکە، چونکە جیاوازیی نێوان هەردوو جۆرە ساڵنامەکەشە.

بێگومان جوولەکەکانیش گرانی ئەم پرسیارەیان دەزانی. هەربۆیەش پرسیارەکەیان ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ کردۆتەوە، هەروەها زانیونیشیانە ئەمە بەڵگەو دەلالەتە لەسەر کاری پێغەمبەرێتییەکەیو ﷺ لەسەر پەیامەکەشی لە حاڵەتی وەڵامدانەوەدا. وەڵامەکەی خوداش بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو حەقیقەتە هاتووەو، بۆ زیاد کردنی بەڵگەیەکی تری بنەبڕیش بۆ سەر بەڵگە زۆرەکانی لەسەر ئەوەی بێگومان ئەم قورئانە فەرمایشتی خودای پاكو میهرەبانەو، خودا بەسرووش بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ ناردووە.

"چەند بەڵگەیەکی دی لەسەر بەچاوگبوونی قورئان"

ئەمەی پێشوو هەرتاکە بەڵگەیەك نیە لەسەر چاوگدارێتی قورئان. بەڵکو هەموو چیرۆکەکە بۆ ئەو دەلالەتە هاتووە، هەر بۆیەش موعجیزەیەك بووە لە موعجیزەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ..

ئەو بەڵگانەی تریش لەم ڕووەوە، ئەمانەن:-

١- فەرمایشتەکەی خودا (إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمْ)، وێڕایی دیاریکردنی حاڵەتی تەمەنیان کەلاو بوون.

٢- فەرمایشتەکەی خودا (وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ)ئەم ئایەتەکە پێشتر بەدرێژی ماناکەیمان لێکدایەوە، وێناکردنێکی وردی بزاوتی خۆرە.

٣- فەرمایشتەکەی خودا (وَهُمْ فِى فَجْوَةٍ مِّنْهُ): بەم شێوەیە کە (لە گۆشەیەکی پانتایی ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەدا بوون) وێنەگرتنێکی وردی شێوەی پاڵکەوتنیانە لەنێو ئەشکەوتەکەدا.

٤- ئەوەی لە وێنەگرتنی پێشووی جێگەی ئەشکەوتەکەیانەوەو لە ڕووگەی دەرگاکەشیانەوە لێی دەفامرێتەوە.

٥- فەرمایشتی خودا: (وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ) لەگەڵ ئاماژە بۆ (کراوەیی چاویان) وێڕای ئەوەش کە نوستوون.

٦- فەرمایشتی خودا (وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِ) و وێنەگرتنی جموجوڵی هەڵگێڕانەوەی لاشەکانیان لەنێو ئەشکەوتەکەدا.

٧- فەرمایشتی خودا (وَكَلْبُهُم بَٰسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِٱلْوَصِيدِ) دیاریکردنی جێگەی سەگەکەو ئەوبارە جەستەییەی، کە بەسەریدا خەوتبوو.

٨- فەرمایشتی خودا (لَوِ ٱطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا) لەگەڵ دەلالەتی ئەو ڕاستییەی، کە پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری حاڵەتەکەشیان نەبووە، چونکە لەم ئایەتەدا ئامرازی (لو) پیتی قەدەغەکردنە، بۆ قەدەغەکردنێك، چونکە پێغەمبەر ﷺ خۆی لێیان هەڵنەهاتووەو لەترسان ڕای نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئاگاداری‌و بینەری حاڵەتەکەیان نەبووە، ئیدی

چۆن ئەو هەموو شیکارو باسە وردانەو، ئەو وێنەگرتنە وردبینییانەشی زانیوە، کە هیچ کەسێکی دیکە نەیزانیون؟!

٩- فەرمایشتی خودا (قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِمۡ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا)و ئاماژەکردن بۆ بنیاتنانی مزگەوتەکەش کەبیروڕای ئەوکەسە حاکمو کاربەدەستانەیان بوون، کە ڕای خۆیان بەسەر شێوازی مەسەلەو کاروباری ناشتنی تەرمەکەکانیاندا سەپاندووە.

١٠- دیاریکردنی وتەکان لەبارەی ژمارەی لاوەکان لەسێ وتەدا، کەچوارەمیاننیە.

١١- فەرمایشتی خودا: (وَيَقُولُونَ سَبۡعَةٞ وَثَامِنُهُمۡ كَلۡبُهُمۡۚ) کە وتەی هەرە ڕاستترو یەکلاکەرەوەیە لەسەر ژمارەیان.

١٢- فەرمایشتی خودا (وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْيۡءٍ إِنِّي فَاعِلٞ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ)و، ئاماژەی بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکەو، لەبیرچوونی پێغەمبەر ﷺ کە بەڵێنی وەڵامدانەوەکەی بە خواستی خوداو گوتنی (ان شاء الله)وە پەیوەست بکات، جگە لە دواکەوتنی (سرووش) لەسەر وەڵامەکەی بەهۆی ئەو لەبیرچوونەوەیەوە.

١٣- ئەوەی لە ڕیوایەتەکاندایە دەربارەی هۆیەکانی هاتنەخوارەوەی قورئان و دەربارەی دواکەوتنی هاتنە خوارەوەی (جبریل) – سڵاوی لێ بێت- بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ ئەمەشدا زۆر پێویستی پێ بووە، بەتایبەتیش، کە بەڵێنی بە موشریکان دابوو لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان لەرۆژی سبەینێداو، هەرجارێکیش، دەچوونە لایو ئەویش پێی دەفەرمون: (هێشتا سرووشم بۆ نەهاتووە)، ئەمەش وای لێدەکردن گومانو پڕوپاگەندە لەدژی بڵاوبکەنەوە، دیارە ئەمەش ناڕەحەتیو ئازارێکی زۆری بە پێغەمبەری خودا ﷺ گەیاندووە.

١٤- فەرمایـــشتی خـــودا ﴿وَلَبِثُوا۟ فِى كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِا۟ئَةٍ سِنِينَ﴾و جـــەخت کردنەسەر دیاریکردنی ئەوماوەیە وەك باسمان لێوەكرد..

١٥- فەرمایشتی خودا (وَٱزْدَادُوا۟ تِسْعًا) ودیاریکردنی ئەوسالآنەش بەبێژە (لفـظ)ی ئـەو زیادکردنـەی کـەئاماژە بـۆ جیـاوازیی نێـوان هـەردوو جـۆرە سـاڵنامە (هەتاوی‌و مانگی)یەکە دەکات.

"حیکمـــەت لە بەدواداچوونی قورئان بۆ چیرۆکـــەکانی"

وەك تێبینی دەکرێـت قورئانی پیرۆز بەچەند ئایەتێك بەدواداچوون‌و لێکدانەوەی لەسەر ئەو چیرۆکانە هەیە کە هێناونیەوە، لەو بەدوا داچوونەشدا گرنگترینـی ئـەو مانایانەی چیرۆکەکەو ئەو بەڵگەو دەلالەت کردنانەشی دیـاریکردووە، کـە لێیــەوە وەردەگیرێن، لەگەڵ دیاریکردنی ئاتاجی موسـڵمانان بـەدەرس‌و عیبرەتـەکانی ئـەو چیرۆکانە. ئەم بەدواداچـوونە قورئانیـەش چـەند مەسـەلەیەکی وەك ئەمانـەی لای خوارەوەمان بۆ نیشان دەدات:-

١- بێگومان چیرۆکەکانی قورئان بۆ گێڕانـەوەی خـودی بەسـەرهات‌و رووداو نیـە، بەڵکو ئەمە ئامرازێکی سەرکەوتووانەیە بۆ گەیشتن بەچـەند ئامـانجێکی پـاك‌و چەند نیازێکی بەهادار.

٢- قورئان داوامان لێ دەکات، کە نیازو مەبەست لە چیرۆکەکەدا بـەدیی بکـەین‌و پەی بەو زانستە ببەین‌و هەڵوێستەشی لەسەربکەین‌و، لێی وردبینەوەو مامەڵەی چاکی لەتەکدا بکەین.

٣- قورئـــان داوامـــان لـــێ دەکـــات، خۆمـــان ماندووکـــەین لـــە لێکدانـــەوەی وردەکارییەکانی چیرۆکەکەدا، واتە لـەو مەسـەلە وردو گرنگانەیـدا کـە نـە لـە قورئان‌و فەرموودەی ڕاست (صحيح)یـشەوە تیـشکیان نەخراوەتـە سـەر، بـەڵام

نابێت خۆمان بە ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەو نەزانراوەکانی ئەو چیرۆکانەوە خەریك بکەین‌و، کەسان‌و زەمەن‌و جێگەکانی دیاریبکەین، بەڵکو لەجیاتی ئەوە پێویستە ئاوڕ لەپەندو ئامۆژگاری‌و نیازو مەبەستەکانی بدەینەوە.

٤- قورئان داوامان لێ دەکات، شوێنکەوتووی ئەو بیروباوەڕو ڕێبازە بین کە لە چیرۆکەکانەوە دەیانخەینەڕوو، ئەمەش بەو جۆرەی مەبەست‌و ئامانجمان تێدا هەبێت‌و لەڕێی ئەو چیرۆکانەوە هەوڵی بەدی هێنانیان بدەین.

"بەدواداچوونی قورئان بۆ چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە"

بەدوادا چوون‌و لێکۆڵینەوەی قورئان بۆ چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە لەم ئایەتانەی خوارەوە دایە، کە خودای پەروەردگار تێیاندا فەرموویە:

﴿ وَٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَ ۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِهِۦ وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٧﴾ وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّـٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ وَإِن يَسْتَغِيثُوا۟ يُغَاثُوا۟ بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِى ٱلْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٢٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا ﴿٣٠﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ جَنَّـٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَـٰرُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ۚ نِعْمَ ٱلثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٣١﴾ الكهف﴾.

واتە: "ئەی پێغەمبەر بڵێ خودا خۆی دەزانێت ماوەی چەندە ئەو لاوانە لە ئەشکەوتەکەیاندا ماونەتەوە، یان لە رۆژی بەخەبەرهێنانەوەیانو پاشان مراندنیان تائەمڕۆ خودا خۆی دەزانێت ماوەکەی چەندە، جاتۆش هەر لەو ڕاستییە بڕوانە کە خودا چەندە بیناو بیسەرەو هیچ شتێکی لەبەرچاو ون نابێتو، هیچ شتێکیشی لێ تێك ناچێت، خەڵکی ئاسمانەکانو زەویش جگە لە خودا هیچ سەرپەرشتکارێکی دیکەیان نیە سەرپەرشتی کاروباریان بێت، هەروەها هیچ کەسێکیش بەشداریی حوکمو دادوەریی خودا نیە. جا ئەی پێغەمبەر ﷺ (لەویشەوە بۆ هەر موسڵمانێك بەردەوام) بە لەسەر خوێندنەوەی قورئان، کە بەسرووش ناردوومانە بۆت، ئەمە کتێبی پەروەردگارتەو هیچ کەسێك ناتوانێت لە وتاری خودا بگۆڕێتو جگە لە خوداش هیچ پەناگەو پشتیوانێك نیە. پاشان تۆ هەر لەگەڵ ئەو هەژارو کەم دەستانەدا (وەك بیلالو ابو ذرو ابن مسعودو سەلمانی فارسیو صهیبو ئەوانی دیکەدا) دانیشەو ئارام بگرە لەدانیشتن لەگەڵیاندا، چونکە هەر ئەوانن، بەیانیان و ئێواران لەخودا دەپاڕێنەوەو بەتەمای رەزامەندی خودان. دەتۆش ئەم موسڵمانە هەژارانە بەکەم مەزانەو چاویان لێ مەترووکێنەو مەڕوانە بۆ دەوڵەمەندان تا ڕازییان بکەیت، ئایا دەتەوێت کۆڕوکۆمەڵی ژیانی دنیات بەدانیشتن لەگەڵ دەوڵەمەندانو دەسڕۆیشتواندا بڕازێنیەوە،؟! لەگەڵ ئەوەدا، حاڵەتی دەوڵەمەندیی دیاردەیەکی کاتیو لەنێو چووە، بۆیە نابێت گوێڕایەڵی ئەوکەسانە بیت، کە دڵو دەروونیانمان (بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە) لەیادی خۆمان بێ ئاگاکردووەو، ئەوانیش شوێنکەوتووی هەواو ئارەزووی خۆیان بوونو لەوکارە نالەبارانەیاندا لەسنوور تێپەڕیوون.

هەروەها ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەوانەی دڵیان لەیادی ئێمە بێئاگایە، پێیان بڵێ: (هەق ئەوەیە خاوەنی موڵکەکە دادوەریی تێدا دەکات، هەق لەپەروەردگارتانەوەیە، جا هەرکەسێك بڕوای پێدەکات باپێی بکاتو، هەرکەسێکیش نایەوێت بابێ باوەڕ

بێت، هەرکەسە بەئارەزووی خۆیەتیو، ئەمە بەزۆرکاری نیـە، بـەلاّم دوایـی ئێمـە ئاگری دۆزەخمان بۆ ئەو زاڵم وکافرانە ئامادەکردووە، هـەموو شـوورەو دیوارەکـانی ئەو دۆزەخە چوار دەوری تەنیوون، خۆ ئەگەر لەو دۆزەخەدا لەبـەر زۆری تینوێتیـان داوای ئاو بکەن، ئەوا ئاوێکی وەها گەرمو توندو تیژیان بۆ دێنن کەوا وەك ئاسـنی تواوە وایـەو دەمو چـاویان دەبرژێنێـت، ئەمـەش خـراپترین خواردنەوەیـە فریایـان دەخەن، ئەو دۆزەخەش ژینگەیەکی زۆر خراپو نالەبارە.

جا ئەوانەی باوەڕیان بەخودا هێناوەو شوێنکەوتووی ڕێبازەکـەی بـوونو کـارو کردەوەی چاکیان کردووە، ئێمە پاداشتی چاکەکاران، ون ناکـەین، ئەوچـاکە کـارو ئیماندارانە دەخەینە نێو بەهەشـت وباخاتێکـەوە، جۆبـارو رووبارەکانیـان لـەژێردا دەڕواتو، تیایدا چـەندین بازنـەی ئـاڵتوونو پارچـە پۆشـاکی سـەوزو ئاوریـشمین لەبەردەکەنو بەرگی تەنكو ئەستووری تێدایەو، لەسەر تەختی شـاندانان پـاڵی لـێ دەدەنەوەو، ئەمەش باشترین پاداشتەو، شوێنی بەهەشتەکەشیان باشـترین شـوێنی لەبارو گونجاوە بۆیان".

هەندێك ئاماژەو وتەی نەستەقی نێو ئەم بەدواداچوونە:

١- فێرمان دەکات ئەدەبمان لەگەڵ خـوادا چـۆن بێـتو، پاشـان هـەموو کاروبـارو مەسەلەو زانیارییەکی تایبەت بەچیرۆكو ڕووداوەکان بۆ زانستی هەمە لایەنـەی خودا بگێڕینەوە، وەك لەفەرمایشتەکەشیدا هاتووە: (قُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثُواْ).

٢- فێری ستایشکردنی خوداو سوپاسگوزاریمان دەکاتو، کە دەبێـت بەشـێوەیەکی هێجگار زۆر ستایشی بکەین، وەك لەم فەرمایشتەشیدا دیارە (ابصر بـه واسـمع) ماناکەشی واتە: (خودا چەند بینـەرو چـەند بیـسەرە!!)، چـونکە دیتنـی خـودا هەمەگیرەو هەموو شتێك لە وجوددا دەگرێتەوە.

٣- خودا هەرخۆی سەرپەرشتیارو هەڵسوڕێنەری کاروباری خەڵکی یەو، هیچ کەسێکی دی جگە لەخۆی شایستەی ئەو جۆرە سەرپەرشتیارێتییە نیە، هەرکۆمەڵە خەڵکێکیش کەسێکی دی جگە لەخودا بکەن بە سەرپەرشتیارو کاروباری خۆیانی پێ بسپێرن، سوودێکیان پێ ناگەیەنێت. بۆیە هیچ سەرپەرشتکارێك لەجیاتی خودا نیە (مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِيٍّ).

٤- بێگومان خودا پێویستی بەهیچ هاوبەشێك نیەو بێ باکە لە کەسانی جیهان، هەربۆیەش کەس لەحوکمیدا بەشدار نیە (وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا).

٥- بانگەوازێکە بۆمان، کە داوای خوێندنەوەی قورئانو لێوردبوونەوەیو تێگەیشتنی ماناکانیو گوزەران پێیو بانگەواز بۆ لای قورئانمان لێ دەکات. ئەم جۆرە خوێندنەوەیەی قورئان ژیانی دڵان وگیانو جەستەکانیشی تێدایە: (وَٱتْلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَ).

٦- قورئان هەواڵی ئەوەشمان پێ دەدات کە، فەرمایشتەکانی خودا هیچ گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕێکیان بەسەردا نایەت. وشەکانی ئەم فەرمایشتانەش هەمەگیری خواستو نیازەکانیەتیو، پەل دەهاون بۆ هەموو ئەو ڕێسا گشتییانەی، کە ژیانی مرۆڤ ڕاگیر دەکەنو، بۆهەموو ئەو بەڵگەو نیشانەو ئایەتە حەکیمانەیەی قورئان کە: (لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ).

٧- قورئان فەرمانی ئەوەشمان پێ دەکات، کە لەگەڵ پیاوچاکاندا بینو، لێیان بێ ئاگا نەبین وچاویان لێ نەنووقێنین، لەم ڕووەشەوە ئارامیو خۆڕاگرییەکی وەهاش بۆ دەروونمان مەیسەر بکەین، کە بتوانین هەر لەگەڵ ئەو پیاوچاکانەدا بژیین: "(وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا).

٨- قورئان هەواڵی ئـەوەشمان پـێ دەدات، کـە هەرکەسـێك خـۆی لـە پیاوچـاکان دابرێتو، دەستبەرداریان بێت، وەك ئەوە وایە ژیانی دنیاو شتە جوانەکانی دنیـا بەتەنیا بخوازێت : (وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا).

٩- (خەڵکی) لە دوو کۆمەڵ پێکدێنو، سێ هـەمیان نیـە، یەکـەمیان: کۆمـەڵی چاکانو، ئەو باوەڕدارانەی شـەوو ڕۆژ لـەخودا دەپاڕێنـەوەو خوازیـاری ڕێبـازی ڕاستو ڕەزامەندیی خودان. دوەمیشیان: کۆمەڵی ئەو کافرو ستەمکارانەن، کـە دڵیان لەیادی خودا بێ ئاگایەو دوای هـەواو ئارەزووەکانیـان کـەوتوونو ژیـانی خۆیان شێواندووە. هەرکەسێکیش واز لەچـاکانو مرۆڤـە ئیمانـدارەکان بێنێـت، ئەوە بێگومان هەر لەگەڵ کۆمەڵە خراپەکەی دیکەدایە.

١٠- هەروەها قورئان دەلالەت دەکاتە سەر ئەوڕاستییەی، کە باوەڕهێنان بـەخودا ئەو سیستەمە ڕێکوپێکەیە ژیانی مرۆڤ کۆ دەکاتەوەو، ئـەو ڕایەڵـە پتەوەشـە، کە گەردیلەکانی ئەم ژیانە پێکەوە دەبەستێتەوەو یەکیان دەخات. جا ئەگەر ئەم سیستەمە لەنێو بچێتو، ئەم ڕایەڵەش بپـچڕێت، ئـەوا گەردیلـەکانی ژیانیـشی پەرش و بڵاو دەبنەوەو ون دەبنو، دەبن بەو سنووربەزاندنە پشت گوێ خراوو گوم بووەی، کە هیچ خێرو چـاکەیەکی تێـدا نیـە: (وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا).

١١- ئێمە ئەوەمان لێ خوازراوە (واتە بەشێوازێکی ڕوونی بانگکردنو ڕاسـپاردنو بە بەڵگەو ڕوونکردنەوەو پێناسـاندنەوە) لێمـان خـوازراوە، هـەق بـە ڕۆشـنیو بەئاشکرا بۆ خەڵکی ڕوونبکەینـەوەو ڕێ نیـشاندەریان بیـن بـۆ ئـەو هەقـەو، بانگیان بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ هەقدا بـن، بـەم ڕەنگـەش ئەرکەکـەمان بـەجێ دەگەیەنرێت: (وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ).

١٢- خەڵکی سەربەستن کە چ ڕێگایەك دەگرنە بەرو، دوای چ کۆمەڵێك دەکەون، ئێمە لەسەرخاڵی لێکجیابوونەوەی ڕێگاکان دەیانوەستێنینو ڕێگاکانیان پێ دەناسێنین، ئەوانیش بەخواستی خۆیان، یان ڕێگای باوەڕ، یان ڕێگای بێ باوەڕیی، هەڵدەبژێرن، (فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ).

١٣- بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەین لەسەر هەڵبژاردنی ڕاستو، لەسەر دوورکەوتنەوە لەڕێی چەوت، ئاکامو کۆتایی ڕێگاکانیان پێشاندەدەین، بۆ نموونە باسی چەند دیمەنێکی بەهەشتو نیعمەتەکانیان بۆ دەکەین، هەروەها باسی چەند دیمەنێکی دۆزەخو ئازارو ئەشکەنجەکانی دۆزەخیان بۆ دەکەین.

١٤- دنیا خانەی کارکردنەو، ڕۆژی دواییش خانەی پاداشتە، جا هەرکەسێك لەدنیادا ڕێی چاك بگرێتەبەرو، باوەڕ بێنێتو کاری چاکە بکات، ئەوا خودا پاداشتی ئەوکەسانە ون ناکات کە ڕای چاك دەگرنەبەر، (إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا).

١٥- سەرەڕایی ئەوەی هەردوو کۆمەڵی ئیماندارانو کافرانیش لەژیانی نێو دنیادا هاوبەشن، بەڵام لە ئاکامو چارەنووسی ڕۆژی قیامەتیاندا لێك جیان، بەهەشتەکەی باوەڕداران باشترین پاداشتو، چاکترین شوێنی حەوانەوەیانەو، ئاگری دۆزەخەکەی کافرانیش خراپترین خۆراكو خواردنەوەو، خراپترین شوێنی مانەوەشیانە.. ئای چەند جیاوازو لەیەك دوورن، ئای چەند جوداو ناتەبان هەریەکە لە (چاکە)و (خراپە)، (بەهەشت)و (دۆزەخ)، (پاداشت)و (سزا)..

"پوختـەی گرنگـترین وانەکـانی ئەم چیرۆکـە"

لەکۆتاییی لێدوانماندا دەربارەی چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە هەڵوێستەیەك دەکەین، بۆ ئەوەی گرنگترین وانەو ئاماژەو پەندی لێ وەرگیراوی لێ تۆمارکەین:-

١- بێگومان کافران لەنێو خۆیاندا هاوکاریی یەکدی دەکەنو، هەڵوێستو راوێژیان یەك دەخەن بۆ بەربەرەکانێ ی بانگەوازی هەقو، بە ڕوودا وەستانی، وەك چـۆن قورەیـشییەکانو جوولەکـەکان هاوکـاریی یەکـدیان کـرد لـە ئاڕاسـتەکردنی ڕاسپاردەکانیاندا بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ.

٢- جوولەکەکان توندترین دوژمنایەتییان بۆ موسڵمانان هەیە (وەك قورئانیش بـە ڕاشکاوی ئەم ڕاستییەی دەرخستووە). هەروەها زۆرتـرین ڕقیـان لەموسـڵمانان هەیە، وەك لەو پرسـیارە قـورسو ئاڵۆزانەشـدا ئـەم ڕقـە بەدیارکـەوتووە، کـە ئاڕاستەی پێغەمبەریان ﷺ کردووە.

٣- جوولەکەکان وەستای خراپەو شـێواندنن، بۆیـە کەسـانی خراپـی هاوشـێوەیان پەنایان بۆ دەبەن، تاکو لەسەردەستی ئەوان فێری خراپەو شێواندن بن، وەك چۆن قورەیش لەوانەوە فێربوون.

٤- بۆ زانینی ڕووداوەکانو وردەکارییەکانی ئەو چیرۆکانە، پێویستە تەنها پشت بە قورئان ببەسترێتو لە سنووری قورئان تێپەڕنـەبێت بـۆ وتـەی ئیـسرائیلیات و ئەفسانەکانیان.

٥- دیارینـەکردنو لـەخۆوە دەسنیـشان نـەکردنی لایەنـە نـەزانراوەکانی قورئـان، سەبارەت بەو کەسە نەزانراوانەو کاتو جێگە نەزانراوەکانی ڕووداوەکانیش.

٦- چیرۆکی هـاوەڵانی نێـو ئەشـکەوتەکە، لـەدیارترینی ئـەو بەڵگانـەی قورئانـە دەربارەی ئەگەری بوونی پلەی (کرامات) بۆ بەندە چاکەکانو، پەیدا بـوونی لـە

جیهانی واقیعدا، چونکە ئەم چیرۆکە ئاماژەی بۆ چەندین حاڵەتی (کرامات)ی ئەو لاوە باوەڕدارانە کردووە، کە بۆیان پەیدا بووە.

٧- لەم چیرۆکەدا چەندین ئایەتیش دەربارەی وجودی خوداو، ناسینی خودا هەیەو هەندێك سیفەتو کردارییشیمان بۆ دەخاتەڕوو.

٨- ئەم چیرۆکە روونترین بەڵگەیە لەسەر پارێزگاریی خودا بۆ شوێنکەوتوانیو، سەر خستنیان ئیدی ئەوانیش لەئارامیو ئاسوودەییدا دەژینو، بە لە سەرخۆییو خۆڕاگرییەوە بەرەو ڕووی دوژمنانیان دەوەستن.

٩- ئەم چیرۆکە فێری ئەوەمان دەکات، دەبێت مرۆڤی باوەڕدار پەنا بباتە بەر پەروەردگاریو دەست بە ڕێبازەکەیەوە بگرێتو پشتی پێ ببەستێتو داوای رەحمەتو لێخۆشبوونی لێ بکات، ئەمەش بەهێزترین ئامرازی ئارامگرییو خۆڕاگرتنو جیهادکردنو سەرکەوتنە.

١٠- قورئان چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوتی بە ڕاستیو بەحەق بۆ گێڕاوینەتەوە، ئەمەش مانای وایە هەر هەواڵو بەسەرهاتێك، لەقورئاندا هاتبێت، ڕاستنو ئەو ڕاستییەشن، کە هیچ گومانێکیان تیادا نیە، ئیدی هەرچی لەگەڵ قورئاندا نەگونجێت ڕاستی تێدا نیە.

١١- قورئان کاتێك وەسفی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەی بەچەند لاوێك کردووە، ئەوە وەسفێکی ستایشکردنو ڕێز لێنانە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆگرنگیی قۆناغی لاویو گەنجێتی بەو پێودانگەی قۆناغی بەخششو چالاکیو بنیاتنانو خوێن گەرمییە.

١٢- خودا توانای بەدەستهێنانو هەڵبژاردنی ڕێگای بەمرۆڤیش داوە، مرۆڤ گەر ڕێگای خۆی هەڵبژێرێت، ئەوا لەو هەڵبژاردنەشدا هەر بەپێ ئیرادەی خودایەو، سائیتر ڕێی ڕاستی هەڵبژارد بێت، یان ڕێی خراپ، خوداش بۆی زیاد دەکات، گەر هەر ڕێگایەکیشیان بێت.

١٣- دڵی هاوەڵەکانی نێو ئەشکەوتەکە پڕ ببوو لەئیمانو بەسەقامگیریی لەسەر ئەو باوەڕەشەوە ڕوویان لەخودا کردبوو، خوداش دڵیانی پێوە پەیوەستکردبوو، بۆیە موسڵمانیش پێویستە دڵی خۆی پڕکات لەباوەڕو پاشان داوا لەخودا بکات دڵی پێوەی پەیوەستبکات، تاکو باوەڕی تیا کەم نەبێتەوە، یاخود تاکو شتی دیکە بەباوەڕەوە لەدڵیدا تێکەڵ نەکات.

١٤- دوای بڕینی قۆناغی هەڵبژاردنی ڕێی باوەڕو پڕکردنی دڵ بەباوەڕو پێوە پەیوەستبوونی، قۆناغێکی دیکە دێتە ئاراوە، کە هەوڵو بانگەوازو هەڵسووڕانەو، کارکردنە بەجیددیو تێکۆشانیشە لەپێناوی ئەوباوەڕەدا کە هەڵی بژاردووە..

١٥- بنەماکانی عەقیدەو کاروباری باوەڕ لەنێو دڵو هەستدا، تەنها بە بزاوتو کارکردنو، بانگەواز بۆ ئایینو، هەڵسووڕان بەحەقەوەو، بە بەرەنگاربوونەوەی ناهەق، دەچەسپێت.

١٦- هیچ بیرۆکەو بانگەوازێك پەسەند ناکرێت، تەنها دوای لەئارادابوونی بە بەڵگەی بنەبڕو ڕۆشن نەبێت، دیارە چەندەها بیروباوەڕو بانگەوازی لابەلاش ئاتاجیان بەم ڕێسا بنچینەییەیە.

١٧- ستەمکارترین کەس ئەوەیە کەدرۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستێت، جا ئەگەر درۆ کردن لەگەڵ خەڵکیدا تاوانێك بێت، ئەوە دیارە درۆکردن لەگەڵ خوداشدا تاوانێکی گەورەترەو، بەڵگەیەکیشە لەسەر نەمانی چاکەو خێر لەدڵ و دەروونی خاوەنەکەیدا (واتە تاوانبارەکەدا).

١٨- بێگومان هاوەڵانی ئەشکەوتەکە لەبەرئەوە خۆیان لەگەلەکەیان دابڕی، چونکە تەنها ئەو ڕێی خۆدابڕانەیان لەبەردەمدابوو، خۆ ئێمەش نابێت لەوەدا لاساییان بکەینەوەو خۆمان لەگەلەکەمان دابڕین، چونکە چەندین جیاوازیی لەنێوان ئێمەو ئەوانو بارودۆخەکانماندا هەیە.

١٩- بێگومـــان تێکـــەڵاوبوون لەگـــەڵ کەســـانی تـــرو پەیوەنـــدیی پێوەکردنیـــان‌و ئامۆژگاری کردنیان‌و بانگکردنیـان بـۆ ڕێبـازی ڕاسـت‌و بـەیاد هێنانـەوەیان، ئەرکێکی مرۆڤی بانگەوازکارەو نابێت خۆی لە کەسـانی تـر دابڕێـت، مەگـەر لەکاتێکدا نەبێت کە ئەو ئامرازی تیکەڵاو بوونانەیانی لەبەردەمدا نەمابێت.

٢٠- لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی بانگەوازکار تێکـەڵی خـەڵکی دەبێـت‌و پەیوەنـدییان پێوەدەکات، پێویستە هەر لەڕووی هەست‌و نەستەوە خۆیانی لێ دابڕێت‌و (ئەم جۆرە دابڕانەی لێ یان هەبێت) ئەمەش بەومانایەی لەڕێبازە چـەوتەکەی ئـەوان هیچ وەرنەگرێت‌و، هەموو دڵ‌و دەروون‌و هەست‌و قەوارە گیانی‌و جەستەییەکەی بەخودای خۆیەوە بهێڵێتەوە.

٢١- کاتێك هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە چوونە نێـو ئەشـکەوتەکەیانەوە، خـوداش ئەشکەوتەکەی بۆ ئاسان‌و لەبارکردن، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەحمەتـەوە بـوو کـە پەخشی کرد بەسەریاندا، جا چەند خۆشە ژیان بەرەحمەتی خوداوەو، چەند تـاڵ‌و ناخۆشیشە بەبێ ڕەحمەتی خودا.

٢٢- خـودا لـەو ئەشـکەوتەدا چـەندین سـەربازو هاوکـاری بـۆ لاوەکـانی نێـو ئەشکەوتەکە فەراهەمکردبوو و، چەندین ئامرازی مـاددیی بـۆ پاراستنیـشیان دابینکردبوو.

٢٣- یاوەریکردنی پیاوچاکان خێرو بەرەکەت بەسـەر ئەویاوەرانەیانـدا دەڕژێنێـت، ئەمەش بەهۆی هاوەڵێتیکردنیانەوە، بەڵام یاوەریکردنی پیاوخراپان بەشـێك لـە خراپەو زیان بەسەر یاوەرانیاندا دەبارێنێت.

٢٤- تێپەڕاندنی ئەو مەسەلە لاوەکی‌و بەتاڵانەی، کە هیچ سوودو خێرێکیان تێـدا نیەو، بەفیڕۆ نەدانی کات تیایدا، وەك چۆن هاوەڵانی نێو ئەشـکەوتەکە لـەوەدا وایان کردو مشت‌و مڕو دەمەقاڵێی بێ‌سوودیان لەگـەڵ گەلـە بێباوەڕەکەیانـدا نەکردو بەئەندازەی ئەو ماوەی نووستنەیان لەو ئەشکەوتەدا مانەوە.

٢٥- ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەش کە نوێنەردانانو نێرراو بۆ کارێکی تایبەتی دەشێتو ڕەوایە، ئەوە بوو لاوەکان یەکێك لەخۆیان راسپاردو ناردیان بۆ نێو شارەکە تا خۆراکیان بۆ بکڕێتو پارەو پوولیشیان بۆ ئەوکارە پێدابوو.

٢٦- هەروەها ئەم چیرۆکە ئاماژە بۆ بێزرانو نەویستراویی قەرز دەکاتو، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، باشتروایە کڕین بەپارەی حازر بێت، وەك لە سرووشی وتەی لاوەکان دایە کە خودا لەسەرزاریان فەرموویەتی: (فَٱبۡعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمۡ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ).

٢٧- هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە فێری ئارامگریو لێوردبوونەوەمان لەکاتی کڕینی خۆراکدا دەکەن، دەبێت بەدوای خۆراکی حەڵاڵ وباشدا بگەڕێینو، واز لەخۆراکی حەرامو پیس بێنین.

٢٨- وتەی لاوەکان بۆ ئەوکەسەیانن کە ناردیان بۆ شار(فَلۡيَنظُرۡ أَيُّهَآ أَزۡكَىٰ طَعَامٗا) بڕیار لەسەر ڕێسایەکی بنچینەیی قورئان دەربارەی خۆراك دەدات. ڕێساکەشی ئەوەیە بێگومان خۆراکی پاك تەنها خۆراکی حەڵاڵە، دەنا جگە لەخۆراکی حەڵاڵ تەنها خۆراکی پیسو بێزراو هەیە.

٢٩- ئەم ڕێسا قورئانییە دەلالەتە لەسەر بایەخدانی قورئان بەحەزو میزاجی تایبەتی تاکە کەسی، بۆ نموونە ئەوە لە موسڵمان دەخوازێت، زەوق ومیزاجی بەپێی شەرع بێتو داخۆ شەرع بڕیاری حەڵاڵکردن یان حەرامکردن لەسەر چ خۆراکێك دەدات.

٣٠- وشەی (ولیتلطف) (با نەرمو نیان بێت) ڕوخسارێکی جوانو دەرکەوتووی قورئانیەو، ڕووناکییەکی ڕێ نیشاندەرە دەربارەی پێویستی ی نەرمونیانیو هێمنی لەژیانداو، دەربارەی پەیوەندیو سەوداو مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا.

٣١- وتەکەی تریشیان (وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا) سرووشی مەسەلەیەکی دی دەدات، شیاوی‌و ڕەوایی خۆشاردنەوەیە لە کافران‌و دوژمنان‌و پەنهانیی بانگەوازو ڕێکخستنەو، هەروەها سووربوونیشە لەسەر دەرنەخستنی ئەو بانگەوازو ڕێکخستنە بۆ دوژمنان.

٣٢- سەرەڕایی سووربوونی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە لەسەر خۆ حەشاردان، کەچی خودا لە کۆتاییدا ئاشکرایان دەکات بۆگەلەکەیان‌و مەسەلەکەیان بۆ دەردەخات، ئەمەش لەبەر حیکمەتێك، کە خودای دانا خۆی خوازیاری کەشف کردنیان بووە تاکو بیکاتە بەڵگەیەکی کردەیی (عملی) لەسەر زیندووکردنەوەو، لەسەر ڕۆژی دوایی.

٣٣- بەخەبەرهێنانەوەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە لەو خەوەی کە پتر لە سێ سەدەی خایاندووە، لەبەهێزترین بەڵگە عەمەلی‌و واقیعییەکانە لەسەر زیندووکردنەوەو ڕۆژی دوایی..

٣٤- لەو وتەیەی حاکم‌و کاربەدەستەکانی ئەوشارەدا کە کاری ناشتن‌و شێوازی ڕێ‌و ڕەسمەکەیان بەدەستەوەبووەو گوتبویان (مزگەوتێك لەسەر گۆڕەکانیان دروست دەکەین "لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ") نەغمەیەکی خۆ بەزلدانان‌و دەسەڵاتدارێتی‌و باڵا دەستی تیا بەدیدەکرێت، ئەمەش نەریتێکی هەمیشەیی هەموو ئەوحاکم‌و دیکتاتۆرانەیە، کە بەمەنهەجی خوداوە پابەند نین.

٣٥- قورئانی پیرۆز هەندێك وتە دەخاتەڕووو ئاماژەش بۆ هۆکاری ڕەتکردنەوەو بەرهەڵستیکردن‌و بەتاڵکردنەوەشیان دەکات، ئەمەش لەئیشارەت‌و هۆیەکی ئاماژە بەخشی وادا دەردەکەوێت، کە زۆرکەس سەرنجی لێنادات، بەڵام لەو کەسە زیرەکانە پەنهان نیە، کە بە وردی‌و تێڕامانەوە قورئان دەخوێنن.

٣٦- سەرەڕایی جیاوازی بیروڕای خەڵکەکە لەسەر ژمارەی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکەو،سەرەڕایی هێنانەوەی سێ وتە لەسەر ژمارەکەیان، بەڵام قورئان بڕیاری شیاوی و ئەگەری زانینی مرۆڤی لەو ژمارەیەدا داوە.

٣٧- وتەی ڕاست ترو یەکلاکراوە ئەوەیە، هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە، حەوت کەس بوونو هەشتەمیان سەگەکەیان بوویێت. دەشێت لەخودی قورئانەوە چوار بەڵگە لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەم وتەیە دەرهاوێژین.

٣٨- لەم چیرۆکەدا پیتێکی (واو) هەیە، کە بە (واو-ی هەشتەمین) دادەنرێت، وەك لە فەرمایشتەکە دایە (وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ) ئەم -واوە-ش چەند ئاماژەیەکی بەخشیوە.

٣٩- فەرمایشتی خودا (وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا) ڕێسایەکی قورئانیە لەسەر چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ چیرۆکەکانی پێشیناندا، ئەمەش قەدەغە کردنێکی توندە لە خوداوە لەسەر ئەوەی، نابێت پرسیارو داوای ڕوونکردنەوە لە هیچ کەسێك لەپێشینەکان بکرێت، یان وتەکانیان لەوبارەیەوە وەرگیرێت.

٤٠- لەبیرچوونەوەی وشەی (ان شاءالله) لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ وهێنانەوەی نموونەش لە قورئاندا لەسەر نەریتی لەبیرچوونەوەی پێغەمبەرانی تر، بەڵگەیەکە لەسەر مرۆڤبوونی پێغەمبەرانو لەسەر ئەوەی، کەوتوونەبەر چەندین نەریتی مرۆڤایەتییەوە.

٤١- لە ڕاستییەکانی تری قورئان: ئەوەیە هەرشتێك لە گەردوونو ژیانو هەڵسوکەوتی مرۆڤدا، بەقەدەرو ئەندازەی خوداو، بەپێی خواستو ئیرادەی خودایەو، هیچ شتێك بەبێ ئاگاداریو خواستی خودا ڕوونادات.

٤٢- مرۆڤ لەبەردەم نادیاردا دەستەوسانو نەفامە، چونکە هیچ کەسێك لە غەیبو نادیار نازانێت، تەنها خودا نەبێت، هەرخودا خۆیشی چواردەوری نادیاری گرتووەو لێی ئاگادارە.

٤٣- لەوانەیە مەزەندەکاریو نەخشەو بەرنامەکانی مرۆڤ دوا بکەوێو، لەوانەشە دەستەوسان بێت لەبەدی هێنانیان چونکە خودا خواستی لەسەر بەدیی هاتنیان نەبووە، ئەمەش مانای ئەوەنیە کە گرتنەبەری ئەوهۆیانە پێویست نیەو گوایە پێویستییەکەیان لابرێت، بەڵکو دوای گرتنەبەری ئەو هۆیانە دەبێت پشت بەخودا ببەسترێت.

٤٤- قورئان فێری ئەوەشمان دەکات، کە بەڵێنەکانمان بەخواستی ئیلاهییەوە ببەستینەوەو، لەکاتی بەڵێندانیشدا ئەگەرو جیاکارییەك بە وشەی (ئەگەر خودا کردنی/ ان شاء الله) دابنێین.

٤٥- لەبیرچوونەوە نەریتێکی پێوەلکاوی مرۆڤەو، هیچ مرۆڤێك نیە، کە شتی بیرنەچێتەوە، هەندێکجاریش لەبیرچوونەوە دەبێتە نیعمەتێکی خودا، وەك لەبیرچوونەوەی کارەساتەکان، هەندێك جاریتریش لەبیرچوونەوە لەئەرکەکاندا دەبێت، وەك لە فەرزەکانو فەرمانەکاندا، ئەم جۆرە بیرچوونەوەیەش لە شەیتانەوەیە.

٤٦- قورئان ڕێنماییمان دەکات، بۆ پێویستی یادکردنەوەی خودا لەکاتی لەبیرچوونەوەدا تاکو بەسەر وەسوەسەو خورپەکانی شەیتاندا زاڵ بینو دڵو قەوارەی جەستەو گیانیشمان لەگەڵ خوادا بهێڵینەوە.

٤٧- قورئان دانی بەوەداناوە کە خەوەکەی هاوەڵانی نێوئەشکەوتەکە درێژەی کێشاوەو ماوەیەکی زۆریی تا سێ سەدو نۆ ساڵ خایاندووە.

٤٨- نۆساڵەکە جیاوازیی نێوان هەردوو ساڵنامە (هەتاوی) و(مانگی) یەکەیە، لە ماوەی مانەوەیاندا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەسەرچاوەبوونی قورئانو کە بێگومان لە خودای پاك ومیهرەبانەوەیە.

٤٩- ئەم چیرۆکە پتر لەپازدە بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەوەی قورئان لەلایەن خـوداوە نێراوەو لەدانانو هەڵبەستنی پێغەمبەری خودا ﷺ نیە. دەنا کێ ئـەو هـەموو شیکارو وردەکارییانەی فێردەکردو پێ دەگەیاند، کە هیچ مرۆڤێك نەیزانیون.

٥٠ – قورئان هەمیشە بۆ هەموو چیرۆکەکانی، لێکدانەوەو بەدواداچوونی هەبووە، ئەمەش بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەو کێشانەیە، لەژیانو واقیعـی موسـڵمانانـدا دروسـت دەبـن، پاشـان قورئـان ئـەو دەرسو پەندانـەی نێـو چیرۆکەکانیـشی دیاریکردووە.

چــیــرۆکــی دووەم

چیــرۆکی "خاوەنی هەردوو باخــەکە"

ئەم چیرۆکە لە قورئان دا بەم شێوەیە هاتووە:-

خودا فەرموویەتی:

﴿ وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا رَّجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَٰبٍ وَحَفَفْنَٰهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا ﴿٣٢﴾ كِلْتَا ٱلْجَنَّتَيْنِ ءَاتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِم مِّنْهُ شَيْـًٔا ۚ وَفَجَّرْنَا خِلَٰلَهُمَا نَهَرًا ﴿٣٣﴾ وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٌ فَقَالَ لِصَٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠ أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا ﴿٣٤﴾ وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدًا ﴿٣٥﴾ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّى لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا ﴿٣٦﴾ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴿٣٨﴾ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا ﴿٤٠﴾ أَوْ يُصْبِحَ مَآؤُهَا غَوْرًا فَلَن تَسْتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبًا ﴿٤١﴾ وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ عَلَىٰ مَآ أَنفَقَ فِيهَا وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِى لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴿٤٢﴾ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ فِئَةٌ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ﴿٤٣﴾ هُنَالِكَ ٱلْوَلَٰيَةُ لِلَّهِ

ٱلْحَقِّ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا ﴿٤٤﴾ وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ ٱلرِّيَٰحُ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴿٤٥﴾ ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴿٤٦﴾ الكهف ﴾

مانای چەند ووشەیەکی گران لە ئایەتەکان دا[1]:

١- وَحَفَفْنَٰهُمَا بِنَخْلٍ : واتە (چواردەوری هەردوو ڕەزەکەیمان بە دارخورما گرتبوو).

٢- وَلَمْ تَظْلِم مِّنْهُ شَيْـًٔا : واتە (ئەو دو ڕەزە هیچ کەموکوڕی یەك لە بەروبوومیان دا نەبوو).

٣- وَأَعَزُّ نَفَرًا : واتە (بەهێزترین پشتیوانو دەستو پێوەند).

٤- أَن تَبِيدَ : واتە (پێم وانییە کە ئەمە لەناوبچێتو نەمێنێت).

٥- مُنقَلَبًا : واتە (پاشینەیەکی چاکتر).

٦- حُسْبَانًا : واتە (سزایەکی وەك چەخماخەو هەورە بروسکە).

٧- فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا : واتە (وەك خاکێکی بیڕوونی ڕەقو بێ سەوزایی).

٨- غَوْرًا : واتە (ئاوەکەی بەناخی زەویدا بچێتە خوارەوەو سوود بە باخەکان نەگەیەنێت).

(١) هەرچەندە لە ماوەی لێکدانەوەی ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەو بڕگەکانی باسەکەشدا هەموو وشەو ڕستەکانی ئەم ئایەتانەم بە کوردی لێکداوەتەوە، بەڵام وەك سپاردەیەکی نووسەری کتێبەکە، بەپێویستم زانی ماناکانی ئەو چەند وشەیەشی لەهەمان ماناکانی خۆیەوە تەرجەمە بکەم. (وەرگێڕ)

٩- وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ : واته (ماڵ و سامانەکەی لەنێو برا).

١٠- وَخَيْرٌ عُقْبًا: واته (باشترین سەرەنجام بۆ خاوەنانی باوەڕ).

١١- هَشِيمًا: واته (وردوخاش بووو وەك کایەکی وشكو وردکراوی لێ هات).

١٢- تَذْرُوهُ ٱلرِّيَٰحُ : واته (با دەیبرد بەحەواداو پەرشو بڵاوی دەکردەوە).

"کورتەی چیرۆکەکە لەڕێی گێڕانەوەی قورئانەوە"

ئەم چیرۆکە دوو تێڕوانینی لێك جودا بۆ ژیانمانو بۆ دیاردەو موڵكو سامانەکانی ژیانمان دەخاتە بەرچاو: تێروانینی کابرایەکی ئیماندار، کە لە ڕواڵەتەکانی دنیا، خاوەنی هیچ شتێك نیە، لەگەڵ ئەمەشدا کاری نەکردۆتە سەر چاویلکە ئیمانیەکەیو تەرازووە ئیسلامی یانەکەی. بۆیەش بەوردی بۆ کەرەسەو موڵکی دنیای ڕەوانبووەو، ئەوەشی بە کێشێکی ڕاستو دروستەوە کێشاوە، هەروەها تێڕوانینی پیاوێکی کافر کە خودا دوو ڕەزی جوانو دوو بێستانی فراوانیشی پێ بەخشیوە. هەردوو باخەکەش لەترێ بوون، ترێکانیش بەچەندین ڕیزی دارخورما چواردەوریان درابوون، تۆوی میوەکانیش لەنێوان درەختەکاندا دەچێنران، خوداش فەرمانی بەهەردوو باخەکە کردبوکە هەموو جۆرە بەروبوومێك بۆ خاوەنە بێ ئیمانەکەیان بەرهەم بێنن، ئەو دوو باخەش فەرمانی خودایان بەجێهێناو بەروبوومەکانی خۆیان بەتەواوەتی بۆ بەرهەم هێنا.

کابرای بێ باوەڕیشی بەو موڵكو سامانەی دنیا خرۆشاو لەخۆبایی بوو و، وای دادەنا، گوایە ئەمە هەموو شتێکەو، ئیدی خوداو ڕۆژی دواییی بیرچووەوەو، خۆی بەسەر هاوڕێ ئیماندارەکەیدا بادەداو، فیزی بەسەردا دەکردو خۆی لەلای خەڵکیو

لەلای خوداش لەو بەباشتر دادەنا، لەکاتێکدا قسەی لەگەڵ دا دەکـردو موناقەشـەو دەمەتەقێی لەگەڵدا دەکردو خۆی بەسـەریا بـادەدا، پـێی دەگـوت: (مـن مـاڵو سامانو کەسو عەشیرەتم لەتۆ زۆر زیاترە)، ئەمەش چونکە دیاردەکانی چاکیو خۆ بەباشتر دانانی لەسەر بنچینەی ماڵو سامانو هۆیەکانی خۆشگوزەرانی بوو، بۆیـە بەڕای خۆی وای دەبینی گوایە بەماڵو سامانەکەیەوە لەلای خەڵکی لەو لەپێشترەو، کەسوکارو پاڵپشتی زۆرتری هەیەو، پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزیشی لەلایان هەیە.

ئەم کابرا بێباوەڕە جارێکیان دەچـێتە نێـو باخەکەیـەوەو بەنـەریتێکی (سـتەم لەخۆکاری)یەوەو بەدڵێکی داپۆشراو بەکفرەوە خۆی پێ دادەکات، دیارە بـەگومانو بۆچوونە تایبەتییەکانیشی ئەمە هەمیشەییەو نەمرەو هەموو شتێکە بۆخۆی یەو، گوایە زیندوو بوونەوەو لێپرسینەوەو قیامەت نیە، بۆیە دەڵێت: (وا گومان نابەم کە ئەمە هەرگیز لەنێو بچێت، واش گومان نابەم کە قیامەت بێتە کایەوە).. بەڵام بۆ بەدواداچـوونی وتـەکانی خـۆی، دووبـارە دەڵێـت: "خـۆ ئەگـەر بـۆ لای خـودای پەروەردگاریـشم بگەڕێنرێمـەوە ئـەوا پێگـەو پاشـینەیەکی باشـتر لەمـەم دەسـت دەکەوێت، جا ئەگەر زیندوو کردنەوەو کۆکردنەوەی مرۆڤەکانیش ڕاست بێتو، بـۆ لای خودا بگەڕێنرێمەوە ئەوا ئەو کاتـەش لەوپـەڕی ڕێـزو حورمـەتی لای خـودادا دەبمو، خودا لەم باخانەی ئێستام باشتر پـێ دەدات، چـونکە لـەدنیادا ئـاوا ڕێـزو کەرەمی لێ ناومو ئەم باخەی پێ داوم، جا لەبەر ئەوەی من شایانی ئەم ڕێزلێنـانو نیعمەتانەم، ئەوا خوداش لەوێ — لەقیامەت -دا خێری زیاترم پـێ دەبەخـشێت.. ئەمە ئەگەر بۆ لای خۆی بگەڕێنرێمەوە، (ئەگەر)..".

بەڵام هاوڕێ ئیمانداره‌کەی بەردەوام هەر پابەند بووە بە ئیمانەکەیەوەو هەر بـە تەرازووو چاویلکەی ئیمانداریتی یەکەی، ئەو مەسەلەیەی هەڵـسەنگاندووەو، بـەو دیاردەی ماڵو سامانەش کـە پیـاوە دەوڵەمەنـدە کافرەکـە خـاوەنی بـووە فریـوی

نەخواردووە، هەروەها لەبەردەمی دا بێ هێز نەبووەو، بێ دەنگو ترسنۆکیش نەبووە، بەڵکو بەلۆژیکی دانایانەی کەسێکی موسڵمانی بڕوا بەخۆو جێگیرو بینا دواندوویەتی و، وەڵامی داوەتەوەو، پێی گوتووە: (ئەرێ تۆ بێ باوەڕیت بەرامبەر ئەو خودایەی کە لەخۆڵ دروستی کردوویتو پاشان لەئاوێکی لینجو ئینجا گۆشت پارەو، پاشان کردوویتی بە پیاو؟ بەڵام من ئەو خودایە بەپەروەردگاری خۆم دەزانمو هیچ شتو کەسێکی بۆ ناکەم بەهاوەڵو بەشدار). دوای ئەم وتەیە کابرای ئیماندار، هاوڕێ بێ ئیمانەکەی ڕێنمایی کردووە بۆ زانینی چاکەی خوداو، بۆ فریونەخواردن بە دیاردە لەنێوچووەکانی دنیاوەو، پێی گوتووە: (ئەوە بۆچی کاتێك دەچیتە نێو باخەکانتەوە ناڵێیت ﴿مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ﴾ ئای خودا چی ی بۆ کردوومو هیچ هێزێك نیە تەنها لەخوداوە نەبێت) هەروەها (لە سەرەنجامی کفرو پێنەزانینو بێباکیو تەفرە خواردن بەباخەکانی)ی وریا کردۆتەوەو تێی گەیاندووە کە بێگومان خودا بەتوانایە لەسەر ئەوەی هەردوو باخەکەی بۆ وێرانو خاپوور بکاتو، لە ئاکامی کفرو بێ باکییشی دا سزای بدات، پاشان داوای لێ دەکات کە لە ئەنجامی سپڵەییو بێ باوەڕیەکەیدا پێشبینیی چەخماخەیەکی لەنێو بەر بکات کە هەردوو باخەکەی وێران دەکاتو، هەرچی ترێو خورماو میوە چێنراوەکانیەتی ناهێڵێتو هەریەکەیان وەك خاکێکی ڕەقو ڕووتو بێ سەوزایی لێ بێت، هەمدیسان پێشبینیی بەناخی ئەرزا چوونی ئاوی ئەو ڕووبارەش بکات کە بەنێو هەردوو باخەکەدا دەڕواتو بە فەرمانی خودا بۆی نەمێنێت، جا ئایا لەو حاڵەتەدا دەتوانێت ئەم ئاوە بگێڕیتەوە؟

لە ئاکامدا خودا سزای کفرو بەدکارییەکەی داو نیعمەتەکەی نەهێشتو لەنێوی بردن وەك چۆن هاوڕێ ئیماندارەکەی پێشبینیی دەکرد.. کابرای کافر پەشیمان بووەوە، بەڵام لەکاتێکدا کە پەشیمانی سوودی پێ نەدەگەیاندو، هەردوو چەپۆکی خۆی دەشکاندەوەو، دڵتەنگیش بوو بە لەدەستدانی ئەو پارەو خەرجییەی کە تێیدا

سەرفی کردبوو، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو هەموو ئەو موڵکەی لەدەست چووو پێگەو پایەکانی نەماو بەسەریەکدا هەپروون بوون.

ئینجا ئەو پیاوە بێباوەرە وای لێهات خۆزگەی بەوە دەخواست کە باوەڕی بەخودا بهێنایەو باوەڕدارو سوپاسگوزاری خودا بوایە، وەك دەیشیگوت: "خۆزگە هیچ کەسێکم نەکردایە بەهاوەڵی خودا: ﴿يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا﴾.

ئیدی چیرۆکی هەردوو پیاوەکە: (باوەڕدارە بەرچاو ڕۆشنەکە)و (بێباوەرە بەدرەفتارەکە) بەشێوەیەکی دەرکەوتوو ماوەتەوەو بووەتە مەشخەڵێکی باوەڕدارێتیو ، ڕۆشناییەکی یادەوەریو پەند لێ وەرگرتن.

قورئانی پیرۆزیش لە لێکدانەوەی ئاکامی چیرۆکەکەدا ئەوەی ڕاگەیاندووە کەوا بێگومان کابرای بێباوەڕ خەسارەتمەندو لەنێو چووە، ئەو سزاو فەرمانەی خوداش کە بۆ خۆیو هەردوو باخەکەی دانراوە هیچ هێزو دەستەو تاقمو سوپاو حیزبێك بەهانایەوە نەهاتوونو، نەیانتوانیوە بیپارێزنو سزای خودای لەسەر ڕاگرن، لەبەر ئەوە لەناوچووەو زەرەرمەند بووەو، سەرکەوتوو نەبووە.

لەو پلەو جێگەیەشدا سەرکەوتن تەنها بۆ خودای حەقو مافپەروەرە. مرۆڤی سەرکەوتووو سەرفرازیش ئەو کەسەیە کە لەگەڵ خودا بێتو کە خوداش لەگەڵی دایەو ڕێنماکارو پاڵپشتو پارێزەرو سەرخەریەتی، هەر ئەم جۆرە کەسەشە کەخودا خۆشیی دەوێت تەنانەت گەر هیچ بەشێکی لەدنیاو خۆشی یە براوەکانی دنیاش پێ نەدابێت، تەنها ئەوەندە بەسە کە خودا ئیمانو یەقینو متمانەو سەربەرزیو بەختیاریو کامەرانیو خۆشی ی پێ بەخشیبێت، وەك ئەو پیاوە ئیماندارەی کە گفتوگۆو مشتومڕی لەگەڵ پیاوە بەدکارو بێ ئیمانەکەدا کردووە. دنیاش هەمووی دەبڕێتەوە، هەرچی شتو مەكوماڵو سامانو نەوەو دیاردە ڕازێنراوەکانی تریشیەتی، چەند ڕووکارێکی جوانن کە بەپەلە لەناو دەچن وك لەناوچوونی هەردوو

باخەکەی پیاوە بێ باوەڕەکە، دیارە هەر ئەو کردارە چاكو باشانەش لەلای خودا دەمێنن کە پیاوە باوەڕدارە بەرچاو ڕۆشنەکە ئەنجامی داون. خەڵکیش هەر ئەوەیان لەسەرە کە یەکێك لەم دوو نموونەیە هەڵبژێرن: یان نموونەی پیاوە باوەڕدارە چاوکراوەکە، یان نموونەی پیاوە کافرە بەدکارە بێباكو لەخۆبایی یەکە. بەڵام دەبێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکەشیان لەئەستۆ بگرن لە دوای ئەوەی ئەنجامی ئیمانداریتییان زانیوە، دوای ئەوەش کە سەرەنجامی کفرو ستەمو لەخۆبایی بوونیشیان بۆ دەرکەوتووە.

"ئەمە چیرۆکێکی ڕاستەقینە بووە، نەك نمایشکاریی"

هەندێك لێکۆڵیار گومانیان وایە کە "چیرۆکی خاوەنی هەردوو باخەکە چیرۆکێکی هێماکاریی (ڕەمزی)یە، نەك واقیعی، هەروەها چیرۆکێکی نمایشکاریی (تمثيلي)یە نەك ڕاستەقینە".

(گوایە قورئانیش وەك نموونەیەکی نواندن بۆ خێرو شەڕو، ئیمانو کفرو، ڕووکردنە دنیاو نەویستنی دنیا، باسی لێوە کردوە، چونکە ئەم چەمكو واتایەی لە دوو نموونەی شوبهاندنو لێك نزیك خستنو، لە دوو دیمەنی تەمسیلیدا خستۆتەڕوو).

وتەی ئەم لێکۆڵیارانە ساغو پەسەندکراو نیە، چونکە پەسەندکردنی ئەم وتەیە دەبێتە هۆی گومان کردن لە واقیعی بوونی چیرۆکە قورئانیەکانو، گومان بردن بەوەی گوایە هێماکاری یەکی تەمسیلیانەن، واتە گوایە ئەوە ڕاست نیە، بەڵکو لە ئەفسانەکانە، ئەمەش وتەی ئەو کافرانەیە کە قورئانیان بە (ئەفسانەکانی گەلانی زوو)ی دادەنا.

بەڵام لێکۆڵیارە ساغ کەرەوەو دادپەروەرەکان لە چینی زانایان ڕایان وایە کە چیرۆکەکانی قورئان واقیعین نەك ڕەمزییو، ڕاستەقینەش بن نەك تەمسیلکردن. بە

مانای: ئەم چیرۆکانە لەزەمانێکی زوودا بەڕاستی‌و بەواقیعی ڕوویان داوەو، کەسەکانی نێو چیرۆکەکەش چەند مرۆڤێکی زیندووی بەشداری نێو بەسەرهاتەکە بوونو، ڕووداوەکانیش بەعەمەلی لەسەر ڕووی زەوی هاتوونە ئاراوە. چیرۆکی کابرای خاوەن دوو باخەکەش لەم چوارچێوەیە بەدەر نیە. چونکە بەسەرهاتی دوو پیاو لە واقیعدا دەخاتە ڕوو کە ئەو ڕووداوانەی لە ئایەتەکانی تایبەت بەچیرۆکەکەدا هاتوون دەگێڕێتەوەو، دیارە چەند ڕووداوێکی ڕاست‌و واقیعین.

"وردەکاری یەکانی ئەم چیرۆکە نەزانراوە"

لەوانەشە هەندێك کەس لە مەسەلەی واقیعی بوونی چیرۆکەکەوە بچنە سەر مەسەلەیەکی ترو، داوای شیکارو وردەکارییەکانی چیرۆکەکە بکەنو، بڵێن: (دەی مادام ئەمە چیرۆکێکی ڕاست‌و واقیعییە، شیکارو درێژەی ناوەرۆکەکەیمان پێ بڵێن)، ئێمەش دەڵێین: (لە ڕووی بەواقیعی بوونی ئەم چیرۆکەوە مەرج نیە کە بەدوای وردەکارییەکانی ڕووداوەکاندا بگەڕێین، چونکە دوو مەسەلەی لێك جوداو پێکەوە نەبەستراون، واتە مەسەلەی بەواقیعی بوونی چیرۆکەکە شتێکەو، گەڕانمان بەدوای درێژەی ناوەرۆکەکەی دا شتێکی ترە.

بێگومان ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە لەزەمانێکی هێندە زوودا بووە کە بەڕاستیش سەرزەوی لەو ڕۆژگارەدا ئەو ڕووداوانەی بەخۆوە دیوە. بەڵام ئەوەی لەئێمە خوازراوە ئەوەیە درێژەو شیکاری چیرۆکە واقیعی‌و ڕاستەقینەکانی پێشینان لەسەرچاوە ڕاست‌و بێ‌گرێ‌و گۆڵو متمانە پێکراوەکانەوە وەرگرین کە ئەو سەرچاوانەش بەپلەی یەکەم لە قورئانی پیرۆزو فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا بەندن، تاکو لە غەیری ئەمەوە وتەو بەسەرهاتی ناڕاست لەسەر پێشینەکان هەڵنەبەستینو، هیچ شتێکی زیادەش نەخەینە سەر ڕووداوەکان گەر وا نەبنو لەڕاستیدا نەبووبن.

جا ئەگەر ڕوو بکەینە سەرچاوە ڕاستەکان بۆ زانینی درێژەی چیرۆکی کابرای خاوەن دوو باخەکە ئەوا دەبینین تەنها ئەوەندەی لەسەر هەیەکە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، هیچ شتێکی بۆ زیاد کراویشی لە فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەر نیە. لەبەرئەوە بڕیار دەدەین لەسەر ئەوەی کە درێژەو شیکاری چیرۆکەکە لەو لایەنە نەزانراوانەیەتی کە بۆ ڕوون کردنەوەیان لێی ناکۆڵینەوە.

هەر لەدوای ئەمەش چەند پرسیارێکی بێ وەڵام پەیدا دەبن، وەك (کێن ئەو دوو پیاوەی کە وتووێژیان لەگەڵ یەکتردا کردووە؟ ناوەکانی هەردووکیان چی بوون؟ لە چ وڵاتێکدا دەژیان؟ ئەی لە چ سەردەمێکدا هەبوون؟ پلەی نزیکیو خزمایەتییان چەند بووە؟ چی بەیەکی گەیاندوون؟ هەردوو ڕەزەکەی کابرا بێ باوەڕەکە لەکوێ بوون؟ باسی کشتوکاڵو درەختەکانیان بەدرێژی چۆنە؟ ئەی کەی خودا سزای وەك هەورە تریشقەی لەئاسمانەوە بۆ ناردوون؟ ئەی خۆیان دوای وێران کردنی هەردوو باخەکە چییان بەسەرهاتووە؟

ئەم پرسیارانەش لە مەسەلە نەزانراوەکانن، بۆیە هیچ وەڵامێکیان لەسەرچاوە ڕاستەکانەوە لەسەرنیەو، لەبەر ئەمە ئێمەش وزەی کەمی سنووردارمان لە لێکۆڵینەوەیاندا خەرج ناکەینو، کاتی خۆمانو خەڵکی تریشی تێدا بەفیرۆ نادەین، بەڵکو ئەوەی قورئان باسی کردووە هەر ئەوەندە بەسەو لەوەشدا پەندو وانەی لێوە بەدیی دەکرێت.

وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلٗا رَّجُلَيۡنِ

بۆچی قورئان ئەم دوو پیاوەی بۆکردووین بە نموونە؟ ئەی بۆچی چیرۆکی ئەم دوو پیاوەی بۆباس کردووین؟ ئەی بۆچی خودا لە قورئاندا فـەرمان بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەکات کە بەنموونە بۆ خەڵکیان بهێنێتەوە؟ ئەی ئەو ڕاستییانە چـین کـە ئـەم چیرۆکە بڕیاری لەسەر داون؟

چیرۆکی (پیاوی خاوەن دوو باخەکە)و (هاوەڵە ئیمانداره‌کـەی) لـە چوارچـێوەی نیـازە بنـچینەییەکەی نێـو چـیرۆکەکانی سـوورەتی (کهـف)دان کـە ئامانجیـان (ڕاستکردنەوەی عەقیـدە)و (ڕاسـتکردنەوەی فیکـرو تێـروانین)و (ڕاسـتکردنەوەی چەمك‌و بەهاکان بە تەرازووی عەقیدە)یە..

بێگومان ئەم چیرۆکە عەقیـدە ڕاسـت دەکاتـەوە، ئەمـەش لەکاتێکـدا پیـاوە ئیماندارەکە داوای لە هاوڕێکەی کردووە کە ئیمان بەخودا بێنێت‌و سوپاسی بکات‌و لە سەرەنجامی کفرو ستەمەکەشی ئاگادار کرۆدتەوە.

هەروەها ئەم چیرۆکە چەمك‌و بەهاکان (قیم)یـش بەتـەرازووی عەقیـدە ڕاسـت دەکاتەوە، ئەمەش لەکاتێکـدا سـەرەنجامی ئـەو کەسـە ڕوون دەکاتـەوە کـەوا بـە موڵك‌و ماڵی دنیا تەفرەی خواردووەو سەرگەرمی بـووەو شانازیـشی پێـوەکردووە، بەڵام لەبەرچاوی خۆی ئەو موڵك‌و ماڵەی وردوخاش‌و پەرش‌و بڵاوبۆتەوە..

پاشان ئەم چیرۆکە چارەنووسی ئەو کەسە باوەڕدارەشمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە شانازیی بە خودای پەروەردگارییەوە کردووەو پەنای بۆ بردووەو هـۆگریی پاداشـتی نەبراوەی لای خودا بووەو، ئیدی باشترین پاداشت‌و باشـترین هیـوای تێـدا بـەدیی کردووە.

ئەم دوو پیاوەی کە سوورەتی (کهف) بۆی کردووین بە پەندێك، لە دوو نموونەی مرۆیی (بشری) پێکهاتوونو، لە هەر پارچە خاکێکی سەرزەوی داو لە هەر سەردەمێکی مێژووشدا نموونەکانیان هەیە، تەنانەت هیچ سەردەمێك نەبووە کە بەدەربێت لەم دوو نموونەیە. هەربۆیەش قورئانی پیرۆز داوامان لیٚ دەکات، تێبینی ئەم دوو حاڵەتە بکەین لەکاتی دیتنو سەرنج لێدانیاندا.

﴿وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلًا رَّجُلَيْنِ﴾، "ئەی پێغەمبەر تۆ بەسەرهاتی دوو پیاو بە نموونەیەك بۆ گەلەکەت بگێڕەرەوە"، هەرچەندە ئەم فەرمانە ئاڕاستەی پێغەمبەری خودا ﷺ کراوە، بەڵام لەویشەوە هەموو لێکۆڵیارو پەیرەوکارێکی قورئانیش دەگرێتەوە لەوانەی کە ئەرکی (بانگەواز بۆ لای خودا)و (ئامۆژگاریو ڕێنوێنی کردنی کەسانی تر) لەئەستۆ دەگرن، بۆیە قورئانیش داوا لەم کەسانە دەکات کە ئەم نموونانە بەبیسەرانیان بگەیەنن تاکو ئەمە باشترین هۆی بەدەمەوە هاتنیان بێت، هەروەها داواشیان لیٚ دەکات لەکاتی بانگەوازدا پەنا بەرنە بەر چیرۆکەکانو وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی بانگەواز بەکاریان بێنن.

"خودا نیعمەتی دنیایی بەسەر کافردا دەڕێژێت"

لە چیرۆکەکەدا ئەو هەموو نازو نیعمەتە ماددییە دنیایی‌یەش بەدیی دەکەین کە خودا بەمرۆڤی کافری بەخشیوەو بەلێشاو بەسەریدا ڕشتویتیی.. بۆ نموونە ئەم پیاوە کافرە دوو ڕەزی گەورەی تریی هەیەو چواردەوریان بەڕیزەدار خورماکان تەنراوەو لەنێوان هەردوو ڕەزەکەشدا کشتوکاڵێکی تری هەیەو ڕووبارێکیش بەنێوانیاندا دەڕوات، هەردوو ڕەزەکەش بەری خۆیان بە تەواوەتی گرتووەو، خاوەنەکەیان بەهۆیەوە بەروبوومێکی گەورەی دەست کەوتووەو هەست بە دەوڵەمەندیی‌و ماڵو سامانو گەورەیی‌و پلەو پایە دەکات. کاتێك دەچێتە نێو

باخەکەشیەوە ستەم لەخۆی دەکات، بەهۆی ئەم وتەیەوەی کە گوتوویەتی: ﴿مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدًا﴾ هەرگیز پێم وانیە کە ئەمەم لەدەست دەرچێت".

هاوڕێ باوەڕدارەکەشی هیچ شتێکی لەموڵكو ماڵی دنیا نەبوو، بەڵام ئەم پیاوە بێ باوەرە خۆی بەسەر ئەودا بەگەورە دەگرێتو پێی دەڵێت: ﴿أَنَا۠ أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا﴾ من ماڵوسامانو کەسو عەشیرەتم لەتۆ زیاترو بەهێزترن"، ئەم هاوڕێ باوەڕدارەشی وەڵامی دەداتەوەو پێی دەڵێت: ﴿إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ﴾، "ئەگەرچی ئێستا تۆ دەمبینی کە من بە ماڵو کەسوکار لەتۆ کەمترم، بەڵام نابێت ئەوە بەدوور بگریت کە خودای پەروەردگارم پێدەچێت لەو باخەی تۆ باشترم پێبدات".. جا ئەو پەندەی کەوا لەم ئایەتانەوە بەدیی دەکەین ئەوەیە: بێگومان ئەم جۆرە بەخشینە بۆ مرۆڤی بێباوەڕو ئەو جۆرە بەخشینەش بۆ مرۆڤی باوەڕدار، تاقیکردنەوەی خودان بۆ هەردوو پیاوەکە. کابرای بێ باوەڕ بەو هەموو ماڵو نیعمەتە تاقیکراوەتەوەو، لە تاقیکردنەوەکەشدا کەوتووەو دەرنەچووەو، ئیدی کفرو بێباوەڕییەکەشی زۆر بوون، کابرای باوەڕداریش بە بێبەشکردنی لەو ڕواڵەتە مادديیانە تاقیکراوەتەوەو لەتاقیکردنەوەکەدا دەرچووەو سەرکەوتوو بووەو، ئیمانو باوەڕیشی زیاتر بووە.

هەر لەوەشدا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگری باوەڕدارێتیی نێو قورئانمان دێتە بەرچاو، ئەوەیە: "بێگومان خۆشیو دارایی دنیا کەشتێکی براوەشە، دیاردەیەکی ڕێزلێنانی خودا لەمرۆڤ نیە بەهەمان شێوە، بێگومان بێ بەش بوونیشی لەو خۆشیو داراییانەی دنیاێ یانی دیاریدەی بەکەم دانانی ئەو مرۆڤە نیە لەلای خودا، چونکە ئەم دارایی یەی دنیا زۆر سووکترو ساناترە لەلای خودا کە ببێتە بوارێکی ڕێزلێنان یان بەکەم گرتنی بەندەی خودا، یان مایەی خۆشەویستی یاخود ڕقو کینە بگەیەنێت لەخوداوە.. هەر بۆیەش خودا ئەم داراییو کەرەسەو کەلوپەلە براوانەی

دنیا (کە بێگومان هەر دەبڕێنەوە) بەشێوەیەکی زۆر زیاتر بەکافران دەدات وەك لەوەی، کە بەموسڵمانانی بدات.

قورئانی پیرۆزیش سەرزەنشتی ئەو کەسە کورتبینانەی کردوە، کە ئەم جۆرە گومانە بەخودا دەبەنو، ئەگەر خودا کەرەسەو دارایی زۆری لەدنیا بەمرۆڤێك بەخشیبێت، ئەوە گوایە خودا خۆشی دەوێتو ڕێزی لێناوە، یان ئەگەر ڕزقو ڕۆزیی لێ کەم کردەوەو شتێکی ئەوتۆی لەماڵی دنیا پێ نەدا، ئیتر گوایە خودا بەکەمی داناوەو ڕێزی لێ نەناوە، نەخێر ئەمە وانیە، ئەم دوو سێ دێرەی دواییش واتای ئەم ئایەتانە بوون، کە ئاماژە بۆ ئەم ڕاستییە دەکەن، کە خودا تیایاندا لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾ كَلَّا ۖ بَل لَّا تُكْرِمُونَ ٱلْيَتِيمَ ﴿١٧﴾ الفجر﴾.. کەوابوو خودا لەدنیادا بەشی زۆری هەر کەسێك دەدات، سا ئیتر ئەو کەسەی خۆش بوێت یان خۆشی نەوێت، بەڵام دینو ئیمان تەنها بەو کەسانە دەدات کە خۆشیی دەوێن.

"گێڕانەوەی فەرمانەکان بۆ لای خودا"

لە ئایەتی سەرەتای چیرۆکەکەدا تێبینیی ڕێسایەکی ڕوونی زمانەوانی دەکەین، کە دەلالەتێکی باوەڕداریتیو عەقیدەییشی هەیە، ئەویش لەم ئایەتەدا ﴿جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَٰبٍ وَحَفَفْنَٰهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا﴾.. بێگومان لەم ئایەتەدا سێ فەرمانی ڕابردوو (الافعال الماضية) بۆ لای خودا گێڕراوەتەوە:

١- جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَٰبٍ .

٢- وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ.

٣- وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا وَجعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا.

ئەم ئاماژە ڕوونە ڕێزمانیەش دەلالەتی ئەوەمان دەخاتە بەرچاو کە بێگومان خودا هەر خۆی بکەر (فاعل)ی ڕاستەقینەو دانەری ئەو کشتوکاڵو درەختو بەروبوومانەی نێو هەردوو ڕەزو باخەکەی کابرای بێباوەڕە. بێگومان ئایەتەکەش خاوەنە بێباوەرەکەی ئەو دوو باخەی لە هەر کردو کۆششێك دابڕیوە سەرەڕایی ئەوەش کە کابرا زەوی یەکەی کێڵاوەو تۆوەکانی تێدا چاندووەو درەختەکانی ڕواندووەو ئاوی داونو پاراستوونیو هەمیشە بەسەریانەوە گەراوەو چاودێریی کردوون.. ڕاستە کابرا ئەم ئەرکە ماددیانەی بەئەنجام داوە، بەڵام ئەو خۆی تەنها هۆکارێکی ڕواڵەتیو مادیی بووە لەوەدا. دەنا خۆ ئەگەر خواست ئیرادەی خودای لەسەر نەبوایە، هەوڵو کۆششی ئەو بەئەنجام نەدەگەیشتو، ئیشەکانیشی بەفیڕۆ دەچوونو، باخو ڕەزو درەختەکانیشی نەشونمایان نەدەکردو بەریان نەدەگرت، ئەمە هەمووی ئەگەر ویستو نیازی خودای لەسەر نەبووایە، خاوەنی هەردوو باخەکە تەنها هۆیەك بووە، بەڵام خودا خۆی (هۆ خۆڵقێن/ مسبب) بووە. کابرا ئەو کەسە (بەهۆکار دانراوەی خودا) بووە کە زەویی کێڵاوەو چاندووە، خوداش بەمەزەندەو خواستی خۆی بڕیاری لەسەر بەئەنجام گەیشتنی کارەکەی بۆداوە، ئیدی هەرچی خواستی لەسەر بێت، بووە، هەرچیش خودا خواستی لەسەر نەبێت، نابێت. هەر بۆیەش فەرمانەکان دراونەتە پاڵ خوداو، کابرای کافریش هەر هەوڵو کۆششێکی لەدوو باخەکەدا بووبێت لێی داماڵراوە.. ئەم ڕاستییە لە سوورەتی (الواقعة)شدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، وەك خودا تیایدا دەفەرموێت:

﴿ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ ﴿٦٣﴾ ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ﴿٦٤﴾ لَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَٰهُ حُطَٰمًا فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ ﴿٦٥﴾ إِنَّا لَمُغْرَمُونَ ﴿٦٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿٦٧﴾ الواقعة ﴾..

واتە: "ئەرێ دیوتانە ئەو تۆوەی دەیچێنن؟ ئایا ئێوە بەرهەمی دێنن یان ئێمـە بۆتان دەچێنینو بەرهەمی دێنین؟! خۆ ئەگەر ئێمە بمانویستایە دەمـانکردە پـووش‌و پەلاشی بەر (با)و ئەوسا ئێوە هەر سەیرتان دەکردو هیـچتان بـۆ نـەدەکرا، بـەڵکو دەتانگوت: (ئێمە لەدەستمان چووو دۆڕاندمان، تەنانەت دەتانگوت ئێمە بێ بەش‌و مەحرووم بووین).

هەروەها لە گەڕاندنەوەی مافـەکان بـۆ دەسـەڵاتی خـوادا، لایـەنێکی تـری لێ تێدەگـەین، ئـەویش بەناشـیرین دانـانی ڕەفتـارو کـردەوەی کـابرای خـاوەن دوو باخەکەیـە، کـە لـە بێبـاوەڕیو لادانو لووتبەرزییـدا دەردەکـەوێت، هەمدیـسان ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەشە، کە ئەو خۆی هیچ مافێکی لـەو هەڵـسوکەوتانەیدا نیە، چونکە ئەو دوو باخەی، کە ئەو بەهۆیانەوە فریوی خواردووەو پێیان سەرسام‌و دڵخۆش بووە، هیچ دەستێکی خۆی تیایان دا نیە، بەڵکو خودا بۆی دانـاون، خـودا چواردەوریانی بە دارخورماکـان ڕازاندۆتـەوە. خـودا لـەنێوانی هـەردوو ڕەزەکـەدا چەندین کشتوکاڵو ڕووەك‌و سەوزاییی تری بۆ داناوە.. خودا ڕووبارێکی سازگاری بە نێوانی هەردو باخەکەیدا تەقاندۆتەوە.. ئەم کابرایەش لەباتی ئەوەی سوپاسی خودا لەسـەر ئـەو هـەمو نیعمەتانـە بکـات، کەچـی سـپڵەو بێبـاوەڕ دەرچـووەو، لـە لووتبەرزیو خۆ بەزل زانیدا تەفرەی خواردووەو، ئاکارو نەریتیشی تێکچووە.

"هـونەرێکی کشـتوکاڵی لە ڕێکخستنی هەردوو باخەکـەدا"

دیسان ڕوانینێکی دی بـۆ ئـەو ئایەتانـە هەیـە، کـە ئـەو دوو باخـە دەخەنـە بەرچـاوان، ئـەوەش ڕوانینێکـی هونەرییانـەی ئەنـدازیاری نێوکـشتوکاڵیە بـۆ ڕێکخستنی باخەکان..

ئەم ئایەتانە وێنەیەکی نموونەیی هونەریی لە ڕێکخستن باخەکەو، ئەندازیاریی بێستانەکەو ڕواندنی درەختەکان تێیدا بەشێوازێکی هونەریانەی جوانو سەرنج ڕاکێش، جا بە وردی سەرنج بدە:-

- دوو ڕەزە جوانەکەی ترێ.
- خودا چواردەوری هەردوو ڕەزەکەی بەچەند ڕیزێکی دارخورما گەمارۆ داوە.
- پاشان خودا کشتوکاڵێکی تری لەنێوانیاندا داناوە.
- هەروەها بەنێویاندا (بەنێوانی هەردوو باخەکەدا) ڕووبارێکی تەقاندۆتەوە.

لە ئەنجامی ئەمانەدا هەردوو ڕەزەکە بەروبوومی خۆیان گرتو هیچ کەمو کوورییەك لەو بەروبوومەیاندا نەبوو. ئێمە واتێدەگەین، کە مەبەست لەم شیکاری ئەندازیاریانەوەیەو لە بنیاتنانی هەردوو ڕەزەکە (کە بەبێ باری ئاسایی قورئان لە تێپەڕاندنی خێرا بەسەر نموونەکانی ئەم مەسەلە درێژە پێدراوە مامناوەندیانەدا)، بانگکردنی بینەرانی قورئانو لێوردبووەوانیەتی بۆ بەدییکردنی ئەم هونەرە ئەندازەییە ڕێکخەرە.

جا کاتێك سەرنج لەم ئاوڕە هونەرییەی قورئان دەدەین، چەند مەسەلەیەکی دی بەدیی دێنین، وەك:

١- زەوقی جوانکاریی‌و هونەرییانە، لە ئایەتەکانی قورئاندا لەڕووی ئاماژەکردنیەوە، بۆ ڕەهەندی ئەندازیاریی کشتوکاڵی لە ڕێکخستنی باخچەو بێستانەکاندا.

٢- پەیڕەوکردنی ئەم ڕێسا قورئانیەو، ڕێکخستنی باخچەو بێستانەکان لەسەر ئەم بنچینەیە.

٣- سوودوەرگرتن لە قورئان لەڕیزبەندکردنی شتەکاندا، بەم ڕیزبەندییە ئەندازەیی‌و هونەرییە، سا ئیتر لە جیهانی کشتوکاڵ، یان لە جیهانی هەر پیشەیەکی تردا

بێت. چونکه هەر تـەنها ئامـادەکردنی شـتەکانو بەئەنجامگەیانـدنی کارەکـە گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیـە ئەنجامـدانی کارەکـە بەچـاوێکی هونـەریو، زەوقێکی جوانکاریو، دەستێکی ڕیز بەندو ڕێکخەرەوە بێت.

جا بڕوانە چەند جوانە ڕێکخستنو لایەنی ئەندازیاریی هەردوو باخچەکە.

- ئەو دارو درەختانەی کە مێوی ترێکانیان پیا هەڵواسراوەو کەپریان بـۆ ترێکـە کردووە.
- ئەو مێوانەی کە بەبێ کە پڕ ترێیان گرتووە.
- پۆلە دارخورماکان بەڕیز چواردەوری ئەو باخچەیەیان داوەو هەردوو ڕەزەکـەیان بەکەپردارو بێ کەپرەکانیـشەوە گـەمارۆ داوە وەك ئـەوەی بووبنـە پـەرژینێك بۆیان..ئەو کشتوکاڵو کێڵگەو دانەوێڵە چێنراوانەی کە لەتەنیشت ڕەزەکانەوە نەشونمایان کردووە.
- ئەو ڕووبارەی کە بەنێوانی هەردوو ڕەزەکەدا دەڕوات.

دیارەو ئەوەشمان لەبیر نەچێت کـە ئـەم ڕێکخـستنو ڕیزبەنـدی یـە ئەنـدازەییو جوانکاریو هونەرییانەیە هەر تەنیا تـامو بـۆی جـوانیو قەشـەنگی نابەخـشێت، بەڵکو لەهەمان کاتدا دەسکەوتێکی کشتوکاڵیو ئابووریشی دەسـتەبەر کـردووە، چونکه هەردوو ڕەزەکە بەروبوومی خۆیـان هـەبووەو هیـچی لـێ کـەم نەبۆتـەوە. بێگومان ڕێکخستنو ڕیزکردن کار بەرەو چاکیی ئەنجامدانی دەباتو، وزەی زەوی لە بەخشیندا دەقۆزێتەوەو وزەی دارو درەختەکانیش لەبەرگرتندا پاشەکەوت دەکـات، زەویش بەئەندازەی ئەوەی پێ‌ی دەدەیت، بەرهـەمت پـێ دەبەخـشێت، درەختـیش ئاتاجی بە بایەخدانو سەرپەشتیارییو هـەوڵو تەنـسیقی تۆیـە تـاکو ئـەوەی لـە بەروبوومی هەیەتی پێت ببەخشێت.

مانای ﴿وَلَمۡ تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ﴾ و زوڵمی خاوەنی باخەکان چییە؟

لە ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەدا دووجار ئاماژە بۆ زوڵم و ستەم کراوە کە جارێکیان بە (نەرێ)و جارێکیش بە (ئەرێ) هاتوون، واتە لەجاری یەکەمدا زوڵم لەنەریتی باخەکان دوور دەخاتەوە کە بەبێ کەموکوڕی بەروبوومی خۆیان بۆ کابرا گرتووەو لەمبارەیەوە زوڵمیان نەکردووە: ﴿كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا وَلَمۡ تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ﴾ بێگومان هەردوو ڕەزەکە هەرچییان بووە لە بەروبووم و بەرهەم بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێکی لێ کەم کەنەوە دەستەبەریان کردووە، قورئان ئەمەی بەوەناو بردوە کەوا ڕەزەکان، باخەکەو کشتوکاڵەکانیان ستەمیان لەکاری خۆیاندا نەکردوە ﴿وَلَمۡ تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ﴾. لە جاری دووەمیشدا کە وشەی (ظلم)یان تێداهاتووە قورئان کاری ستەم و زوڵم کردنی داوەتە پاڵ خاوەنی ئەو دوو ڕەزە: ﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ﴾ واتە: (کابرا زاڵم بووە کاتێك بەبێ پەروایی و لووتبەرزی یەوە خۆی بەنێو باخەکەدا کردووە) کەوابوو ئەو خۆی ستەمکارو زاڵم بووە نەك باخەکان. دیارە ئەو کەسەی بەوردی لەماناو ڕاڤەی قورئان سەرنج بدات لەم دیمەنە سەرسام دەبێت: (باخێك پێکهاتووە لە کێڵگە ڕەزی ترێ و دارخورما.. باخێکی عادل و بەئەمەك کە هیچ زوڵمێکی لەخاوەنەکەی نەکردووەو هیچ بەشێکی بەروبوومەکەی لێ نەشاردۆتەوە).. دیمەنێك کە (ڕووەك و خۆڵ و شتی بێگیان و بێ دەنگ بوون و قورئان زوڵمی لێ دوورخستوونەتەوە). (مرۆڤێکیش پێکهاتووە لە عەقڵ و گیان و، هەست و سۆزو بیروڕێی هەیەو، لەگەڵ ئەوەشدا لەژیانیدا ستەمکاربوە، ئەم مرۆڤە ستەمکارە کاتێك دەچێتە نێو ئەو باخە بێ ستەمەیەوە کە بەدڵفراوانی و بەخشندەیی یەوە بەروبوومەکانی خۆی پێ دەبەخشێت، کەچی ئەو بەزوڵم و لووتبەرزی و خۆبەگەورە دانانەوە وەریان دەگرێت)، سەیرە ئەم مەسەلەیە: (کێڵگە بەخشندەو بەردارەکە

ستەم ناکات، لەگەڵ مرۆڤێکی چاوچنۆكو لەخۆبایی‌و ستەمکار).. دەبێت لەبیرمان نەچێت کە قورئان ستەمی مرۆڤە بێباوەرەکەی بۆ سەر مرۆڤەکە خۆی زیادکردوە،واتە ئەو مرۆڤە ستەمی لەخۆی کردوە، ئەمەش بەوەی کەوا بەرامبەر بەخودا کافرو بێباوەڕ بووە، ئەم بێباوەڕییەشی بەرەو ڕۆخەکانی تیاچوونی بردوە.. هەمدیسان ئەو بۆیە ستەمکاری نەفسی خۆی بووە، چونکە ماڵو سامانی ونکردوە، هەروەها بۆیەش ستەمکاری نەفسی خۆی بوە، چونکە هەردوو باخەکەی لەدەست کفرو بێباوەڕ بوون گۆڕیوە، لەڕاستیشدا هەر ستەمکارێك تەنها ستەم لەخۆی دەکات ﴿وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا ...﴿٤٣﴾ فاطر﴾، واتە: (فروفێڵو نەخشەو پلانی خراپ لەئاکام دا هەر خاوەنە پیلانگێرەکەی دەگرێتەوە).

"تێڕوانینێکی لەخۆبایی یانەی فریوخواردوو"

قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی سەیرو سەرسوڕهێن وێنەی هەڵس‌وکەوتی کابرای خاوەن دوو باخەکەی بۆ کێشاوین‌و، لە ڕەفتارە سەیرەکانی ئاگاداری کردووین‌و، وتەو ڕستەکانی خۆ بەزل زانی‌و خەیاڵ پڵاوییی بۆ تۆمارکردووین،و پەردەی لەسەر تێڕوانینە پووچ‌و دەردەدارەکەشی هەڵداوەتەوە.

جێی باسە ئەو ڕووبەڕندەی، کە هەموو ئەم هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتارو گفتارانەی لەخۆگرتوە ئەوەیە، کە لە مرۆڤێکی لەخۆبایی‌و فریوخواردووەوە دەرکەوتوون، کە ماڵو سامان‌و ڕواڵەتە ماددییەکان کوێری کردوون‌و، ئەو دەوڵەمەندیی یە زۆرەیشی خستوێتی یە نێو خۆ بەزل زانی‌و دەعیەو لوتبەرزییەوە، ئیدی هەموو ئەم دەردو پەتایانەش، پەردەیەکی ڕەشیان بەسەر ئاسۆی تێڕوانینی داهێناوەو، نەیزانیوە چی بڵێت‌و، چۆن ڕەفتارکات‌و، چۆن سەنگی خۆی بزانێت‌و، بەهاونرخیشی چۆن بزانێت.

بێگومان قورئانی پیرۆز ئەم ڕەفتارو گفتارانەی بۆ تۆمارکردووە:-

١- کە چۆتە نێو باخەکەیەوە ستەمکاری نەفسی خۆی بووە ﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ﴾.

٢- گومانی وابووە ئەم باخە هەر دەمێنێت بۆی و، گوایە نیعمەتو بەخششەکانی هەمیشەیین هەر بۆیە سەرگەرمی بووەو گوتوویەتی ﴿مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدًا﴾.

٣- بەهۆی ملکەچبوونی بۆ باخەکەو قایل بوونی بەتەنیا بۆ نیعمەتەکانی و، لەبیرچوونەوەی ڕۆژی دوایی و، سەرکێشی کردنی لە بەدیهێنانی ڕۆژی لێپرسینەوەوە گوتبووی ﴿ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً ﴾.

٤- جا ئەگەر (وەك گوتبووی) ڕۆژی لێپرسینەوەو قیامەتیش بەوتەی باوەڕداران هەبێتو، ئەگەر خودا ئەم کابرا دەوڵەمەندەی لەگۆڕەکەیەوە زیندوو کردەوەو، بردی یەوە بۆ لای خۆی ئەوا (بەڕای خۆی) گوایە خودا نیعمەتی باشتر لەو بەهەشتەی پێ دەدات، جا لەبەر ئەوەی خودا لەدنیادا ئەو دوو باخەی پێ بەخشیبوو، ئەوا لەڕۆژی دواییشدا لەوە باشتری پێ دەدات (ئەمە ئەگەر بەڕای جەنابیان ئاخیرەت هەشبێت) هەر بۆیەش گوتبووی: ﴿وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا﴾.

٥- هەر ئەمەش (واتە هەموو ئەم بیروبۆچونە فریوخواردوانەی) پەلکێشیان کردبوو، بۆ ئەوەی خۆی بەسەر هاوەڵە باوەڕدارەکەیدا بەرز بگرێت لەکاتی ووتو ویژ لەگەڵ کردنیدا، بۆیەش پێی گوتبوو:- ﴿أَنَا۠ أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا﴾.

ئەم پیاوە گومانی وابووە گوایە بـواری بەچـاكتربوونی كەسـێكی دی بـەزۆریی ماڵو سامانەو، ئیدی بەهۆی زۆریی ماڵو سامانەوە لەهاوڕێكەی باشترە، هـەروەها گومانی وابووە گوایە مەیدانی ڕێزو بواری ئەم شتانە بێت ئەوا بە(پێوەرو تەرازووی خۆی) لە هاوڕێكەی خۆی سەنگینترە.

بێگومان لەخۆبایی بوون خاوەنەكەی (واتە مرۆڤە لەخۆبایی بووەكـە) لەئاسـت ڕاستی یەكان دا كوێر دەكات، ڕووكردنە سەر كەرەسەو باقو بریقی دنیای بـراوەش چاوەكانی خاوەنەكەی بەپەردەیەكی وا دادەپۆشـێت كـە ناهێڵێـت ڕێگـای ڕاسـتو دروست بینێت.

"ژێـربێـژیی باوەڕدارانە لە قسـەكردنی پیـاوە ئیماندارەكـە"

هەرچـەندە ئاگـاداریی لۆژیـك (منطـق)ی خۆبـەزل زانـیو لـەخۆبایی بـوونو لووتبەرزییو سپڵەیی كابرای بێباوەڕ بووین، بەڵام قورئان لۆژیكێكی تـری پیـشان داوین، ئەویش لۆژیكی ژیربێژییو نەرمونیانیو میهرەبانیە خۆشویـستراوەكەیەتی، ئەمەش ئەو ژیربێژییە باوەڕدارانەیەتی كە بە ڕوونی لە ئاخاوتنی پیاوە ئیماندارەكە بۆ پیاوە بێئیمانەكەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم پیاوە باوەڕدارە لە هەموو ڕواڵـەتێكی فریودەری ماددەپەرستیو لە هەموو كەرەسەیەكی جوانو سەرنج ڕاكێشی ساختەی دنیـای بـراوە دوور بـووەو، هەمیـشە دەسـتی گرتبـوو بەباوەڕویـەقینو دڵـسافیی یەكەیەوە. كاتێك هاوڕێ بێئیمانەكەشی دیوە كە بەهۆی موڵكو ماڵەوە لەخۆبایی بووەو، كە گوێی لە وتەكانیشی بووە وەك كەسێكی لەخۆ ڕازیو بەهەیبەت خـۆی پیشان داوەو لە ستەمو زۆرداریدا ڕۆچووە، بەم هەڵوێـستەی نەخەڵـەتاوەو، بـەڵكو پیاوێكی داناو بەرچاو ڕۆشن بووە، هـەروەها هەسـتی بـەلاوازیو سەرشـۆڕی یـان بەترسنۆكی نەكردووە لەبەردەم هاوڕێ بەدكارەكـەی داو، خۆیـشی بـەهۆی ئـەوەوە

هەڵنەسەنگاندووەو، هیوای ئەوەشی نەخواستووە کە وەك ئەو خاوەنی موڵكو سامان بێت، حەزی لەوەش نەکردووە کە لەمەیدانەکە بکشێتەوە یان لەگۆشەیەکدا گۆشەگیربێتو تەنها بەسوپاسو زیکری خوداوە خەریك بێت. بەڵکو بەرامبەر هاوڕێ لوتبەرزو لەخۆبایی یەکەی وەستاوەو دەمەتەقێو ووت ووێژی لەگەڵدا کردووەو، بەجورئەتو سەربەرزیو باوەڕی پتەوو خۆڕاگریو سەربلندی یەوە قسەی لەگەڵ دا کردووەو، وەك ئامۆژگارو ڕوونکەرەوەو تێگەیەنەرێك دواندوویەتیو ڕێی ڕاستیی پیشان داوەو ڕێنموونیی کردووە بۆ ڕێبازی چاكو هەرەباشترو، فێریشی کردووە چۆن بڕوانێت بۆ ئەو ماڵو دارایی یەی کە خودا پێی بەخشیوەو، چۆن بەکاریشی بێنێت، هەروەها داوای لێ کردووە کە لەخۆبوردوو بێتو بەباشی هەڵسوکەوت بکاتو، بە چاکی ئەو پەروەردگارەیشی بناسێت کە نیعمەتی پێ بەخشیوەو پاراستوویەتیو ڕزقو ڕۆزیی پێداوە.. پاشان بەر لەوەی تووشی ئەو چارەنووسە بێت سەرەتاو ڕەگو ڕیشەی کاروبارەکانی پێ ناسان دووە. وەك خوداش فەرموویەتی: ﴿ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴿٣٨﴾ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا ﴿٤٠﴾ أَوْ يُصْبِحَ مَآؤُهَا غَوْرًا فَلَن تَسْتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبًا ﴿٤١﴾ ﴾..

ئەوەی لەم پیاوە ئیماندارەوە سوودی لێ وەردەگرین ژیربێژیو شێوازە نایابەکەیەتی لە دواندنو ئاخاوتندا، چونکە فێرمان دەکات چۆن کەسانی تر بدوێنینو، گومانەکانیان پووچەڵ بکەینەوەو، پەردە لەسەر چاوانیان لابدەینو، دیدو تێڕوانینەکانیان بۆ ڕاست بکەینەوەو، ئیدی (ئەو پلەو پایەو دەسەڵاتو نازو نیعمەتانەشیان) نەبنە ڕێگر لەکاری دواندنیاناندا. هەروەها فێرمان دەکات خۆمان

نەخەڵەتێنینو، خۆمان بەوان هەڵنەسەنگێنینو خۆزگە بەحاڵو ماڵیـان نـەخوازین.. چونکە ئێمە لەوان بەهێزترو خۆڕاگرترو سەربەرزترو باشترو دەوڵەمەنـدترو لـە خـوا نزیکترین، مادام ئێمە خاوەنی باوەڕین بەخودای پاكو بالآدەست.

" مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ "

پیاوە باوەڕدارەکە لەکاتی دواندنی هاوڕێ کافرەکەی دا ڕێنموونی ی کرد بۆ هەڵس‌وکەوتێکی شیاوو ڕاست بەو ڕەنگەی سوپاسی خودای پەروەردگاری تێدا بکات‌و هەوڵ بدات بۆ بەردەوامیی نیعمەتی خودا لەسەری، داواشی لێکرد پەنا بەرێتە بەر خوداو، کاروباری بەخواستی خوداوە هەڵپەسێرێت‌و، بەقودرەتی خوداشەوە بیبەستێتەوەو، هێزی خۆی لەهێزو کۆمەکی خوداوە وەربگرێت. وەکو پێ‌ی گوت: ﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ ﴾.. لەمەدا حیکمەتێکی گەورە هەیە کە پیاوە ئیماندارەکە بەم دەستەواژەو ڕستە باوەڕدارێتییانەوە دواوە لەکاتێکدا (نەختێك لەماڵو سامان یان لەکەس‌و کارو عەشرەت)ی کەسێکی دی سەرسامی کردبیت. نەکردوە.

بێگومان ئەو دانی بەوەدا ناوە کە ئەوەی پەیدای کردووە بەخواست‌و ئیرادەی خودا بووە، نەك (کابرایی بێ باوەڕ) بەهەوڵو کەسایەتی‌و کۆششی خۆی بێت، هەر بۆیەش پێ‌ی گوتووە: (ماشاءالله) پاشان باوەڕی وابووە کە هێز پەیدا نابێت تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە لەهێزی خوداوە کۆمەکی بکرێت، چونکە هەر خودا خۆیەتی کە بەهێزەو بەتواناو بالادەستە، هەر خۆشیەتی هێز بەخەڵکی دەدات، خۆ ئەگەر خودا هێز لە مرۆڤێك بسێنێتەوە ئەوا هەموو هێزەکانی تری سەرزەوی سوودی پێ نابەخشن‌و هەر ناشتوانن هێزی پێ بگەیەنن، لەبەر ئەمەشە بە گوتەی زمان پێ‌ی وتووە ﴿لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ ﴾. بێگومان ئەم دەستەواژە قورئانییە ئیماندارانەیە بەڵگەیەکە لەسەر هێزی ئیمانداریتیی خاوەنەکەی‌و لەسەر پەنابۆخودابردنی و، هەستکردنی بەپێویستی‌و ئاتاجی زۆری بەخوداو بەلاوازیی خۆی لەبەردەم خوادا..

هەروەها ئەم دەستەواژەیە خاوەنەکەی ڕادەسپێرێت بە لەخۆبوردنو میانڕەوی و، پاشان نەریتەکانی بەخۆنازینو لووتبەرزیو خۆبەزل دانانو فیزو هەوا لەناو دەبات. هەروەها داوای لێ دەکات کە ئەو نیعمەتەی خودا پێی داوە لەسوودو بەرژەوەندیی بەندەکانی خوداو لەڕێی لەخوا نزیك بوونەوەیدا بەکاری بێنێتو، بەو شێوازەش بەکاری بێنێت کە ڕایدەگرێت لەسەر زیکرو سوپاسی خوداو لەسەر بەچاکی پەرستنی خودا.

بەندە چاکەکانیش لەم ڕستە ئیماندارانەیە هۆشیار بوونەتەوە، کە چ واتاو سوودێك دەبەخشێت، هەر بۆیەش هەموو جموجۆڵو کاروبارێکیان ژێرباری ئەوەکردووەو بەوەوە پابەند بوون، هەروەها ئەم ڕستەیەیان بەزمان گوتووەتەوە، کاتێك بەسەرسامییەوە ماڵو سامانی دەوڵەمەندانیان بینیوە، یان کوڕو نەوەیان، یان خانووو زەویو زاریان بینیوە.

لە (عروەی کوڕی زبیر)ەوە —خودا لێی رازی بێت- ئەوەی گێڕراوەتەوە، کە هەرکاتێك شتێکی لەماڵو موڵکەکەی بدیایەوە، پێی سەرسامو دڵگیر ببوایە، یان دیوارێك لە دیوارەکانی ماڵەکەی بدیایە دەیگوت: ﴿مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ﴾ ئەو بەم نەریتەی خۆی ئەم فەرمایشتەی خودای لێکدەدایەوە، کە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾.

لە (ابن شهابی زهری)یشەوە گێڕراوەتەوە، کە خۆی هەر کاتێك بەنێو موڵكو سامانیدا بگەڕایە دەیگوت: ﴿مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ﴾. لە (امام مالك)یشەوە گێڕراوەتەوە، کە ئەگەر بچوایەتە نێو ماڵەکەیەوە دەیگوت: ﴿مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ﴾.. قوتابییەکی خۆی، کە ناوی (مُطَرّف) بوو لێی پرسی (مامۆستا بۆ وا دەڵێیت؟) ئەویش پێی گوت: (ئەرێ نەتبیستووە خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾.

(میسرە)ش گوتوویەتی: " لەسەر دەرگای (وهبی کوڕی منبه) دیتم ئەم ڕستەیە نووسرابوو (ماشاءالله)، ئەمەش بەپێی فەرمایشتی خودا: ﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ﴾"[1].

پێویستە ئێمەش ئەم دەستەواژە باوەڕدارانەیە بکەینە دروشمێکی هەمیشەیی بۆ خۆمان کە دڵەکانمان لێی هۆشیار بێتەوەو زمانەکانیشمان بیڵێنەوەو، لەجەستەو واقیعو ژیانیشماندا لەگەڵیا بژیین تاکو نیعمەتی خودامان لەسەر بەردەوام بێتو، هەتا سوپاسی خوداشی لەسەر بکەین.

(١) (الدر المنثور، للسيوطي ٥:٣٩١).

"وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ"

پیاوه باوەڕدارەکه هاوڕێ بێباوەڕەکەی له (نـەمانی نیعمـەتی خـودا لەسـەری بەهۆی کفرو له خۆبـایی بوونەکەیـەوه) ئاگـادارکردەوه. ئـەو باخـەی کـه پێـوەی دەنازێت بێگومان خوای گەوره دەتوانێت له ناوی ببات، بۆیـه پـێی گـوت: (دوور نیه خودا لەو باخەی تۆ باشـترم پـێ بـدات‌و لـه ئاسمانـەوه سزایەکی وەك هـەوره تریشقەی بۆ بنێرێت‌و وەك بەردێکی ڕەقی بێ سەوزایی لـێ بکات، یاخود ئاوەکەی بـەقوولایی زەویـدا بباتــه خــوارەوەو باخەکـەی پـێ ئـاو نـەدات‌و، تـۆش هـیچ دەسەلاتێکت نەبێت)، وەك خوداش لەسەر زاری ئەو فەرموویـەتی: ﴿ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا ﴿٤٠﴾ أَوْ يُصْبِحَ مَآؤُهَا غَوْرًا فَلَن تَسْتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبًا ﴿٤١﴾ الكهــف ﴾.. کەچـــی هاوڕێکەی وازی نەهێناو پەشیمان‌و وریا نەبۆوه، بەڵکو هەر لەسەر کفرو خۆ بـەزل زانی‌و لووتبەرزی‌و بەدرەفتاری یەکـەی مایـەوه. لەدواییـشدا خـودا بـەپێی ئـەو سـزایەی کـه شایـستەی بـووه مامەڵـەی لەگـەڵدا کـردووەو، لەسـەر کارەکـانی گرتوویەتی‌و، ئازاری توندی لەسەرەنجامی بـەدکاری‌و بـێ پـەروایی‌و بـێ بـاوەڕیی داوەو، هەردوو باخەکەی بۆ وێران کردووەو، هەرچـی تـرێ‌و دار خورمـاو کێڵگـەی هەبووه نەیهێلاوەتەوەو، هەموو بەرو بوومەکەشی بۆ پەرش‌و بلاو کردۆتـەوەو ئـەو ئاوەی پێشیان دادەرۆی بەناخی زەویدا بردوێتی یه خـوارەوه، قورئـان هـەموو ئـەم ڕووداوانەی بەڕستەی ﴿وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ﴾ درکانـدووه، لێرەشـدا، ئـەم ڕسـتەیه کـه مانـای (لەناوچـوونی هـەموو مـاڵو سـامانەکەی دەگەیـەنێت)و کـه فـەرمانی

(واحیط)ش لە (الاحاطة) وە هاتووە، واتاکانی (لەناوبردنو، وێرانکـردنو، نـەمان) دەگەیەنێت.

ئیدی هەموو ئەو ماڵو سامانو نیعمەتانەی کە کـابرای بـێ بـاوەڕ تەمـەنێكو زەمـەنێكو هـەوڵو کۆشـشی تێـدا بەسـەر بردبـوو و، کـە پـارەو پـوولێکی زۆرو ماندووبوونێکی تەواویشی لـە سەرپەرشـتیو پەرەپێدانیـدا تێـدا خـەرج کردبـوو، هەمووی ڕۆیشت، هەموو ئەمانـە لەسـاتەوەختێکی کـەم دا، لەچـاوتروکانێك دا ڕۆشتنو نەمانو، بوونە شوێنەوارێكو، بەسەرهاتێك.

تەنانەت فەرمانەکەش (واحـیط) بەفەرمانی نادیار (مبنی للمجهول) هـاتووەو، بکەر (فاعل)ەکەشی لابراوە (حذف) ﴿وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ﴾.

لەم نادیارییەی فەرمانەکەدا هەندێك حیکمەت هەیە، وەك :

١- بێگومان خاوەنی هەردوو باخەکە، بکەر (فاعل)ەکەی نەناسـیوە، واتـە هـۆی نـەمانی هـەردوو باخەکـەی نـەزانیوەو، گومانـەکانیش بـەرەو هـەموو جـۆرە بیروڕایەکی لە زانینی بکەرەکەدا بردوون.

٢- جیاوازیی بیروڕاکانی چاودێرانو ئاگایانو لێکۆڵیاران لەدیاری کردنی بکـەردا، چونکە هەندێکیان بیروڕایان وایە گوایە هۆکارەکانی کەشوهەوا بوونەتـە هـۆی لەناوچوونی باخـەکانی، هەنـدێکی تریـشیان هۆکـارە کـشتوکاڵی یـەکان بـۆ نەمانی باخەکان دادەنێن، هەندێکی تریـشیان بـۆ مەسـەلەی چۆنیەتی مـاڵو پەرەپێدانی خەرج کردنی دەگێڕنەوە، هەنـدێکی تریـشیان دەیبەنـەوە بـۆ هـۆی کەمتەرخەمیو درێغی کردنی خاوەنەکـەیان.. جگـە لەچـەندین هـۆی تـر کـە لێکۆڵیارانو چاودێرانی ڕووداوەکان دایـدەنێن. بـەڵام کـەم کەسـیان هەیـە کـە زیرەکانە بیخەنە پاڵ هۆی باوەڕداریتیو هۆکاری خودایی، کـە ئەمـەش لـەبێ باوەڕیو لەڕا لادانو یاخی بوونو کابرای خاوەنی باخەکاندا دەردەکەوێت، هـەر بۆیەش بەخراپیی کارو کردەوەکانییەوە تووشی زەرەرو سزاکە بووە.

٣- قورئانی پیرۆز کاری نیعمەت بەخشینەکەی خستۆته پاڵ خـوداو فەرمانـەکانی نێو ڕستەکانیشی هـەر بـۆ خـودا گەڕاندۆتـەوە: ﴿جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَابٍ وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا ﴿٣٢﴾ الكهـف﴾. جـێی باسـه پێـشتر ئاماژەو دەلالەتی ئەم، خسته پاڵو بۆ گەڕاندنەوەی نیعمەتو فەرمانەکانـمان، ڕوون کردەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی فەزڵو چاکەی خودا لەسەر مرۆڤ دەرکـەوێت، که خودا چ فەزڵو ڕێزلێنانو نیعمـەتو بەخشـشێکی بـەمرۆڤ بەخـشیوەو، تـا مرۆڤیش سوپاسی خوداو گوێڕایەڵیی خودا لەسەر ئەو نیعمەتانه بکات.

لێرەشدا – واته لەم جۆره حاڵەتەشدا کارێکی گونجـاو نیـه کـه نەهێـشتنەوەی نیعمەتەکەو نەهێڵان لەلای خاوەنەکەی بخرێته پاڵ خودا، لەکاتێکدا بێگومان خودا خۆی داناو دادگەره له کاری نەهێشتنەوەکەدا.. خوداش خـۆی زانایـه لـەم ڕووەوه (والله أعلم)..

"پەشـیمانیو زیانمـەندیـی"

کابرای بێباوەڕ، کتوپڕ بـه لەناوچـونی مـاڵو سـامانەکەیو، بەهەدەرچـوونی کارەکـانی، کـه لـه مـاوەی چـرکه سـاتێکدا لەناوچـوون، شـڵەژاو، هەسـتی بـه زەرەرمەندییو گومڕابوونیو فەوتانی پاشەڕۆژو چارەنووسیی دەکرد، بۆیه پەشیمان بووەوەو زۆریش پەشیمان ببووەوه، وەك قورئان لەفەرمایشتەکەی خوادا گوزارشـتی لـێکردووه: ﴿وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِ فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ عَلَىٰ مَا أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّي أَحَدًا ﴿٤٢﴾ الكهـف﴾، واته (له ئاکامدا بـەپێی بۆچـوونی باوەڕدارانـەی هـاوڕێ ئیمانداره‌کـەی، مـاڵو سـامانو بەروبوومـەکانی لـەناوبراو، ئـەویش بـەدەم ناڵـەو ئاخوداخـەوه دەسـتەکانی بەیەکـدا دەکێـشاو

ئەفسووس‌و پەرێشانیی لەسەر ئەو هەموو مەسرەف‌و خەرجییەی تێیدا کردبوو، دەردەبڕی، ئەمەش لەکاتێکدا باخەکە خاپوور کرابووو بەتەواوی وێران‌و پەرش‌و بڵاو ببوو، هەروەها دەیگوت: بریا من هیچ جۆرە هاوڵو شەریکێکم بۆ خودای پەروەردگارم دانەنایە). لەم ئایەتەدا ڕستەی ﴿فَأَصۡبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيۡهِ﴾ مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کابرا لە حەسرەت‌و پەشیمانی‌و شڵەژاندا هەردوو دەستی بەیەکتردا کێشاوەو پەشیمان بووە لەو هەموو مەسرەفەی کە لەباخەکەدا کردوویەتی‌و کە بەسەر یەکتر داتەپیوەو خاپوور بووە.. واتە بەحسابات‌و خەرجییەکانیدا چۆتەوەو، بۆ دەستمایەی خۆی ڕوانیوەو، خەرجییەکانی کۆکردۆتەوە کە لەو باخەدا تێی چوون. وشەی (مَآ أَنفَقَ فِيهَا) وشەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنەو هەمە جۆرو شێوازێکی خەرج کردنی ماددی‌و مەعنەوییش دەگرێتەوە. بێگومان پارەوپوولێکی زۆری لەو باخەی دا خەرج کردبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، باخەکەی لەدەست دەرچووەو پەرش‌و بڵاو بووە.. هەروەها کات‌و ڕۆژگارێکی زۆریشی تێداو لەپێناودا خەرج کردووەو، کەچی ئەو هەموو وەختانەی بەفیرۆو بەزیان لێ ڕۆشتوون.

هەمدیسان گوڕوتوانایەکی زۆریی جەستەییشی لەهات‌و چۆو پێداگەران‌و بەسەرکردنەوەو کارتێ کردن بۆ خەرج کردووەو، کەچی ئەوا لەبەردەمیا هەموو هەوڵەکانی بە (وێرانی‌و تەفروتووونابوون‌و نەمان) دەبینێتەوە. پاشان خەون‌و خەیاڵ‌و هیواو ئاواتێکی زۆریشی تێدا خەرج کردووەو لەپێناویاندا ژیاوەو پشتی پێیان بەستووە، کەچی ئەوا هەموو هیواو خەونەکانی لەژێر بەرداشی ڕاستییەکی تاڵ‌و واقعیدا پووچەڵ دەبنەوە. دیسان هەموو ئەو ژیانەی خۆی کە لەپێناویدا بەسەری بردووەو هەموو ئەو تەمەنەیشی کە تێیدا بۆی ژیابوو ئەو موڵک‌و ماڵەش کە بۆی کردبووە دەستمایەو سەرمایەو تێیدا خەرجی کردبوون، کەچی ئەوا هەموو ئەوەی لەپێناویدا خەرجی کردوون‌و مامەڵەی پێوە کردوون بوونەتە زەرەرو وێرانەو کاول بوون..

له‌به‌ر هه‌موو ئه‌وانه‌ له‌وپه‌ڕی په‌شیمانی دا په‌شیمان بۆته‌وه‌و، ده‌سته‌كانی به‌توندی به‌یه‌كدا كێشاوه‌و، چاوی به‌هه‌موو ئه‌و خه‌رجی‌و مه‌سره‌فه‌ هه‌مه‌جۆرانه‌یدا گێڕاوه‌ته‌وه‌و، ئه‌و هه‌موو زه‌ره‌رو زیانانه‌شی هێناوه‌ته‌ به‌رچاوی خۆی‌و سه‌رنجی لێ داون. ئیدی زمانیشی هاتۆته‌ گۆو ئه‌م ڕسته‌یه‌ی پێ دركاندووه‌ ﴿يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا﴾ خۆزگه‌ هه‌رگیز هیچ كه‌سێكم نه‌كردایه‌ به‌هاوه‌ڵ بۆ خودا" ئای چه‌ند په‌شیمانی یه‌كی گه‌وره‌و به‌ربلاوه‌.. ئای چ زیانێكی سه‌خت‌و كاریگه‌ره‌.. ئای چ ژیانێكی به‌دبه‌ختی‌و نه‌گبه‌تییه‌.. ئای چ ته‌مه‌نێكی به‌فیڕۆ دراوه‌.. ئای چ مرۆڤێكی گومڕاو سه‌رلێشواوه‌! ئه‌و مرۆڤه‌ی، كه‌ به‌ كه‌شخه‌یی‌و به‌خۆنازین‌و به‌بێ په‌روایی‌و لووتبه‌رزییه‌وه‌ خۆی ده‌نواند.. ئه‌و مرۆڤه‌ی، كه‌ به‌هۆی ماڵو باخه‌كانییه‌وه‌ شانازی به‌سه‌ر هاوڕێ ئیمانداره‌كه‌یدا ده‌كردو پێی ده‌گوت ﴿أَنَا۠ أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا وَأَعَزُّ نَفَرٗا﴾.. ئه‌و مرۆڤه‌ی كاتێك بۆ باخه‌كه‌ی ده‌ڕوانی، له‌باره‌یه‌وه‌ ڕای وابوو، كه‌ ده‌یگوت: ﴿مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدٗا﴾.. ئه‌م مرۆڤه‌ ئێستا ده‌بینێت باخه‌كه‌ی به‌سه‌ریه‌كدا ته‌پیوه‌و خاپوورو وێران بووه‌، بۆیه‌ به‌كرده‌وه‌ (عه‌مه‌لی) په‌شیمان بووه‌ته‌وه‌و، په‌شیمانیه‌كه‌شی له‌ده‌ست به‌یه‌كدا كێشانه‌كه‌ی دا ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه‌، هه‌روه‌ها به‌وته‌و دركاندنی زمانیش په‌شیمان بۆته‌وه‌و له‌وه‌دا ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه‌، كه‌ گوتوویه‌تی: ﴿يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا﴾.

" هُنَالِكَ ٱلْوَلَـٰيَةُ لِلَّهِ ٱلْحَقِّ " [٤]

قورئـانی پـیرۆز لەبەدواداچـوونی دا بـۆ ئـەو زیانـە سـەختەی کـابرای کـافرو لەناوچوونی هەردوو ڕەزەکەی، بەم شێوەیە دۆخەکەی هەڵسەنگاندووە: ﴿هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا ﴿٤٤﴾ الکهف﴾.. واتە: (لەو جۆرە بارودۆخانەدا یارمەتیو کۆمەك تەنها لەخودای حەقو حاکمی هەقپەروەرەوەیەو، خودای حاکم هەر خۆیشی باشترین پاداشتی بۆ چاکەکاران لەلایەو، چاکترین چارەنووسو سەرەنجامیشی بۆ بەختەوەران داناوە).. ئەم بەدواداچوونەش حەقیقـەتێکی ڕاسـتگۆیانەی قورئـانو بنەمایـەکی هەمیشەیی ی باوەڕداریێتیشمان دەخاتە بەرچاو لەسەر ئەوەی بێگومان خـودا هـەر خۆی یارمەتی دەرو پشتیوانەو، ئەم سیفەتەش تەنها لە خوادایـەو، هـەر کەسـێك خودا پشتیوانو یارمەتیـدەری بێـت سـەرکەوتووە، هەرکەسـێکیش خـوا وازی لێ بێنێتو پشتیوانی نەبێت ئەما زەرەرمەندو سەرشۆرە.. سەرەنجامی پـشتیوانیێتی ی خوداش بۆ هەر کەسـێك سـەرفرازیو سـەرکەوتنو خێروخۆشـیی ئـەو کەسـەیەو، لەڕۆژی دواییـشدا لـە لایـەن خـوداوە پاداشـتێکی فـرەی چـنگ دەکـەوێت. ئـەم مەسەلەیەش زیاتر لەبەسەرهاتی ئەو دوو پیاوەدا دەرکەوتووە، پیاوێکیـان بـاوەڕی بەخودا هێناوەو، پیاوەکەی هاوڕێیشی بێ باوەڕ بووەو ئیمانی بـەخودا نـەهێناوەو، شـانازیی بەهـەردوو ڕەزو باخەکەیـەوە کـردووە، پیـاوە باوەڕدارەکـە خـودای بـە یارمەتیدەرو پشتیوان داناوەو، خوازیاری پاداشتی لای خودا بووەو، خۆی لەسـەروو ماڵو داراییو کەرەسە دڵڕفێنەکانی دنیـاوە دانـاوەو پـێیـان نەخەڵـەتاوە، لـەکاتی گفتوگۆیشی لەگەڵ هاوڕێ دنیا پەرستەکەیدا پـێی گوتـووە: ﴿لَّـٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّىٓ أَحَدًا ﴿٣٨﴾ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا

﴿... بِٱللَّهِۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤۡتِيَنِ خَيۡرًا مِّن جَنَّتِكَ ...﴿٤٠﴾ الكهف﴾، واتە (بەڵام من هەردەڵێم ئەو خودایە پەروەردگارمەو هیچ کەسێك ناکەمە هاوەڵ بۆی، تۆش کاتێك دەچیتە نێو باخەکەت بۆچی ناڵێیت: (ماشاالله)، ئەمە بەخواستی خوا دادەبینیت، کە بەماڵو منداڵ لەتۆ کەمترم، ئەوا بەدووری مەزانە کە پەروەردگارم لەو باخەی تۆ باشترم بۆ دابین بکات). ئەوەبوو سەرەنجامی باش‌و پاداشتی فرەو نەبڕاوەش بۆ ئەو پیاوە باوەڕدارە بووو، دیتی هەر خودا ﴿خَيۡرٌ ثَوَابًا وَخَيۡرٌ عُقۡبًا﴾.. بەڕاستی باوەڕێکی تەواوی بە خودا هێنابووو، داوای یارمەتیی هەر لەخودا دەکردو، لەبەرئەمەش ڕزگارکار خودایەو، تواناو هێزو کۆمەکیش هەر لەخوداوەیە، جائەگەر منیش سەرکەوتووبووم، ئەمەش تەنها بەوە دەبێت، کە یارمەتی‌و کۆمەکی ڕاستەقینە بەمافی خودای حەق‌و پشتیوان بزانرێت. بەڵام کابرای بێباوەڕ غەیری خودای بەیاریدەدەرو پشتیوان دادەناو، پەنای بۆ غەیری خودا بردبووو شانازیشی بەغەیری خوداوە دەکردو، بەشتومەکی لای غەیری خوداوە سەرسام بوو و، تەنها سەری کردبووە سەر هەردوو ڕەزەکەی‌و گۆشەگیریان ببوو و بە نیعمەتەکانیان خرۆشابووو، خۆیشی بە کەسوکاری زۆرو سەروەت‌و سامانیەوە بادەدا.. ئەی داخۆ چیی لێوەیان دەسکەوتبێت؟ بێگومان هەموو ئەو شتانەی سەرقاڵی ببووو پشتی پێ بەستبوون‌و پێیانەوە دەنازی‌و گۆشەگیریان ببوو، لەچەند چرکەساتێکدا نەمان، ئیدی ئەم پیاوە بووە کەسێکی لاوازو بێ دەسەڵات‌و خەمبارو سەرشۆڕو پەشیمان‌و حەسرەتکێش‌و، زەرەرمەندو گومڕا، هیچ کەسێکیش لەجیاتی خودا نەیتوانی سەرخەرو یارمەتیدەری بێت ﴿...فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ ﴿٨١﴾ القصص﴾.

بێگومان مێژووش گەلێك لەم نموونانەی لەخۆ گرتووە، کە ئەم حەقیقەتە قورئانیەو، ئەو بنەما باوەڕداریتییەشیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە (مێژوو)

زیانو بچووکی‌و لاوازیی ئەو کەسانەی بۆ تۆمارکردووین، کە جگە لە خودایان بە پاڵپشتو یارمەتیدەر بۆ خۆیان داناوە، ئەو کەسانەش وەك (قاروون)و (فیرعەون)و هەزارانی دی.

هەروەها مێژوو چەندین نموونەی کەسانی باوەڕداریشی بۆ تۆمارکردووین، کە هەر خودایان بەیارمەتیدەرو پشتیوانی خۆیان ناسیوەو، بەم هۆیەشەوە کۆمەكو سەرکەوتنو سەروەری‌و بەختەوەری‌و سەربەرزییان لەدنیادا (پێش ڕۆژی دوایش) بەدەست هێناوە. قورئانی پیرۆز، ئەم دوو نموونەیەی بۆ ئەوە خستۆتە بەرچاومان، تاکو خۆمان یەکێکیان هەڵبژێرینو، بشزانین چۆن هەڵی دەبژێرینو ئۆباڵی ئەو هەڵبژاردنەش لەئەستۆ بگرین. دەی ئایا پشتیوانێتیی خودا هەڵبژێرینو ڕووی تێ بکەینو بەتەمای پاداشتی لای ئەو بین؟! گەر ئەم لایەیان هەڵبژێرین، ئەوا بێگومان شوێن پێی پیاوە باوەڕدارەکەی نێو ئەم چیرۆکەمان هەڵگرتووەو، هەمان دەسکەوتی ئەویشمان (ان شاءالله) دەست دەکەوێتو، خێرو چاکەی خوازراویشمان بەردەکەوێت، هەر کەسێکیش جگە لە خودا پاڵپشتێکی دی هەڵبژێرێتو، لەمەدا شوێن پێی پیاوە کافرەکەی (خاوەنی دوو باخەکە) هەڵگرێت، ئەوا لەئاکام دا تەنها گلەیی لەخۆی دەکات، چونکە خۆی وادەبینێتەوە، کە هیچ هێزو تواناو پلەو پایەو دەسەڵاتێکی نەماوە، ئیدی لەو ڕۆژەدا پەشیمان دەبێتەوە، کە ڕۆژێکەو پەشیمانی تێیدا سوودی نیەو، ئەوێ ڕۆژێ زەرەرو زیانەکانیشی بێ‌کۆتایی‌و نەبڕاوەن ﴿ هُنَالِكَ ٱلْوَلَـٰيَةُ لِلَّهِ ٱلْحَقِّ ۚ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا ﴿٤٤﴾ الكهف ﴾..

" مَثَلَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا "

لەکاتێکدا دڵ ودەروونەکانی خەڵکیی ئاگادار لەم جۆرە بەسەرهاتانە، سەرنجی شێوازی گێڕانەوەکەی قورئان دەدەنو، چوونەتە نێو قووڵاییی ئەو سەرەنجامەی کە کابرای بێباوەڕی خاوەنی دوو ڕەزەکەی تێکەوتووەو، دوای ئەوەش (ئەم دڵو دەرونانەی خەڵکی) ئەو ڕاستییە بنچینەییەی ژیانی مرۆڤایەتییان بۆ دەردەکەوێت کە (بێگومان مافی پشتیوانیێتیی حەقو ڕاستەقینە هەر بۆ خودایە)، لەم جۆرە کاتانەو لەسایەی ئەم ڕاستییانەدا خودا لە قورئاندا نموونەیەك لەژیانی دنیامان بەئاوێك بۆ دێنێتەوە کە لە ئاسمانەوە باراندوویەتی، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ ٱلرِّيَٰحُ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴿٤٥﴾ الكهف ﴾.. واتە (ئەی پێغەمبەر نموونەیەکیان لەژیانی دنیا بۆ بهێنەرەوە وەك ئاوێك وایە کە لەئاسمانەوە باراندوومانەتە خوارەوەو هەموو جۆرە ڕووەكو دانەوێڵەیەکی لەزەویدا چێنراوی لێ بەرهەم هاتووەو لەدواییشدا هەمووی بووەتە پووشو پەڵاشێکی بێنرخی وەها کە (با) پەرشو بڵاوی کردۆتەوە، بەم ڕەنگە خودا بەسەر هەموو شتێکدا بەتواناو دەسەڵاتە). خودا ئەم نموونەیەی لەقورئاندا لەو جێگەیەدا هێناوەتەوە کە لەدوای بەسەرهاتی پیاوی خاوەن دوو ڕەزەکەوە خستوێتی یە بەرچاومان، وەك بەدواداچوونێك بۆ چیرۆکی کابرا کە هەردوو ڕەزو باخەکەی لەچەند چرکەساتێکدا بۆ وێران کردووەو، لاپەرەی وجودیانی پێچاوەتەوە لەکاتێکدا خاوەنەکەیان بەتەمای بەردەوام بوونیانو مانەوەیانو، لەناونەچوونیان بووە، جا هەموو ژیانی دنیاش لەم نموونەیەدا "بەکورتو خێراو بڕاوە" دەرکەوتووە، ئەمەش ئاوێکەو لەئاسمانەوە خودا

لەماوەی چەند چرکە ساتێکدا باران دوویەتی یە سەرزەوی وڕووەكو سەوزاییەکانی زەوییشی لەچەند چرکەساتێکدا تێکەڵ بووەو، پاشان هەر ئەم ڕووەكو سەوزاییانە لە چەند چرکەساتێکدا بوونەتە پووشو پەڵاشێك کە بەهۆی باوە پەرشو بڵاوبوونەوە.

بێگومان ئەم نموونە بەرچاو خراوەی، ژیانی دنیا لەشریتێکی سینەمایی ی کورتو خەیاڵی دا، کە بەخێرایی و لەچەند ئەڵقەیەکی کەم دا پیشان دەدرێت، باس دەکات، ئەمەش نموونەیەکە بۆ چەند دیمەنێکی کورتو خێرا لەقورئاندا.

ئەوەتا ئاوەکە لەئاسمانەوە دێتەخوارەوەو، ڕووەكو کشتوکاڵەکانیش تێکەڵی بوون، (نەك ئاوەکە خۆی تێکەڵیان بووبێت).. ئەمەش لەپێناوی خێرایی پیشاندانی نموونەکەدا، ئینجا دوبارە ڕووەکەکان وشك بوونەوەو، دەبنە پووشو پەڵاشێکی وشکی دووراوەی هاڕراو، کە لە تۆپەڵەیەکی بچووکدا خۆی دەنوێنێتو، کتوپڕ بایەك دێتو پەرشو بڵاوی دەکاتەوەو لەگەڵ خۆیدا بۆ جێگەیەکی دووریان دەبات.

لەو ئایەتەدا "پیتی -ف- (فاختلط بە..) -و- (فأصبح هشیماً).." پیتی (فاء) لەمانەدا بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکانو، بەدواداچوونی کتوپڕیی یە لە خێرا پیشاندانی دیمەنەکانو ڕیزبەندیو ئەڵقەکاندا. جا بۆ ئەوەی بەسەرنج دانی قووڵترەوە بۆ خێرایی پیشاندانو کورت کردنەوەی دیمەنە پیشاندراوەکەی ژیانی دنیا بڕوانین، نموونەیەکی تری قورئانمان بەیاد دێتەوە، کە هەر دەربارەی ژیانی دنیا هێناویتی یەوە، بەڵام دیمەنێکی درێژکراوەیەو، بەپیشاندانێکی خاوی (دژی خێرا)و بەچەند قۆناغێکی هێواشەوەیە، ئەمەش لەو فەرمایشتەی خودادا هاتوە، کە فەرموویەتی:

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُزْجِى سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُۥ ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ رُكَامًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَٰلِهِۦ وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِنۢ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ وَيَصْرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُ ۖ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِۦ يَذْهَبُ بِٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٤٣﴾ النور ﴾. واتە: "ئایا نابینیت خودا

بە ئارامی یەوە هەورەکان بەئاسمان دا دەباتو، پاشان بەیەکیانەوە دەبەستێتەوەو، ئینجا لەسەر یەك كۆیان دەكاتەوەو، بەم ڕەنگە دەبینیت لەو هەورانەوە (كە وەك چیاكان دەركەوتوونو هەروەك چیاكانیش دۆڵو شیو لە نێوانیان دا هەیە) بارانو تەرزە دەبارێنێتو لەسوودی ئەو بارانە خودا بەخواستی خۆی بەشی خەڵكی دەداتو، بەشی خەڵكانێكی تریش (هەر بەخواستی حەكیمانەی خۆی) ناداتو لێیان دوور دەخاتەوە، هەورە تریشقەكانیش هێندە بەهێزو برووسكەدارن، كە خەریكە برووسكەكانیان بینایی چاوانی تەماشاكارانی نەهێڵێت).

بێگومان دیمەنەكەی نێو سوورەتی (كهف)، كە دەربارەی ژیانی دنیایە بەخێراییو بەكورتی پێشان دراوەو لەگەڵ كەشو دۆخی دیمەنەكەدا ڕێك كەوتووەو، هەروەها لەگەڵ ئەو شوێنەو شێوازەی، كە تێیدا پشتی پێ بەستبوون، كە لەچەند چركەساتێكدا نەمانو، كە بەشێك بوون لەژیانی دنیا.

جا وەك چۆن ئەو دوو باخە لەچەند چركە ساتێكدا نەمانو وێران كران، بەهەمان شێوە ژیانی دنیاش لەچەند چركەساتێكدا نامێنێت، خاوەنی هەردوو باخەكەش چۆن هەموو شتێكی لەنێوانیاندا بەدەستەوە نەما، بەهەمان شێوە هەر كەسێكی تریش خۆی تەنها سەرقاڵی دنیا بكاتو خودای پەروەردگاری لەبیر بچێتەوە، ئەوا هەموو شتێكی تێدا لەدەست دەدات، چونكە پەنا دەباتە بەر سێبەرێكی بڕاوەو، ماڵو سامانێكی ڕۆیشتوو و، خەوو خەیاڵێكی تەفرە دەر.

جا ئایا ئەم نمایشەی، كە ژیانی دنیای بەخێراییو بەكورتی تێدا پیشان دەدرێت، خەیاڵییە، یان واقیعییە؟ ڕاستەقینەیە، یان مەجازیو پێوانەكاری؟

بێگومان واقیعیو ڕاستەقینەیەو، لەژیاندا ڕاستگۆییو بوونی هەیە، ئیدی دنیا بەهەموو شێوەو جۆرەكانیەوە، بەبەراورد لەگەڵ ژیانی ڕۆژی دواییدا لەچ ئاستێكدایە؟ ئەی داخۆ تەمەنی مرۆڤ چەند بێت، كە تێیدا دەژی؟ ئەی داخۆ ئەو تەمەنە لەئاست دنیاشدا بە چ بەراوردێك هەڵسەنگێنرێت؟ ئەی داخۆ بە بەراورد

لەگەڵ ژیانی نێو قیامەتو ڕۆژی دواییدا چۆن بەراورد بکرێت؟ بەڕاستی هێندە جێی بەراوردو شایانی باس نیە، چونکە کورتو کورتە. خێراو خێرایە.. بەڕاستی ژیانێکی کورتو بێ بەهایە.. هەر لەم ڕووەوە خودا فەرموویەتی: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةً مِّنَ ٱلنَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ ۚ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴿٤٥﴾ يونس﴾. واتە: (خودا ئەوان لەڕۆژێکدا کۆ دەکاتەوە کەوا هەست دەکەن گوایە تەنها یەك سەعاتی ڕۆژێکیان لەژیاندا بەسەر بردووەو، لەنێو خۆیشیاندا خزمو ئاشنایان یەکتر دەناسنەوە. بێگومان زیانبارن ئەو کەسانەی، کە بڕوایان بە دیداری خودا نەبوەو شارەزای ڕێگەش نەبوون.

هەروەها خودا فەرموویەتی: ﴿قَٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُواْ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١١٤﴾ المؤمنون﴾. واتە: "خودای گەورە لەقیامەتدا لەکافران دەپرسێت: ئەرێ ئێوە چەند ساڵ لەسەر زەوی مانەوە؟ ئەوانیش لەوەڵامدا دەڵێن: ڕۆژێك، یان ماوەی هەندێك لەڕۆژێك لەژیانی سەر زەویدا ماینەوە (بەمانای ژیانی دنیا هێندە کەمە، لە قیامەتدا وادەزانن) دەی پرسیار لەو کەسانە بکەن، کە زانیارییان لەسەر حسابی کاتو ڕۆژگار هەیە، ئینجا خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: "بەڕاستی مانەوەی ئێوە لەدنیادا ماوەیەکی هێجگار کەم بووە، ئەگەر بەچاکی بتانزانیایە".

هەروەها خودا فەرموویەتی:

﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ التكاثر﴾. واتە (ئەی خەڵکینە زۆرکردنی ماڵو سامانو دارایيو بیناسازییتان، ئێوەی لەزیکری خوداو بەندایەتی سەرقاڵ کردوەو، بێئاگای کردوون، تا ئەوکاتەی دەمرنو دەبرێنە نێو گۆڕەکانتان).

"زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا"

دوای ئەوەی قورئانی پیرۆز کورتیی ژیانی دنیاو خێراییی بەسەر بردنیی‌و بەسەرچوونیی ڕوون کردۆتەوە، ئەوەشی بۆ ڕوون کردووینەوە کە ئەوەی (لە ماڵو سامان‌و کوڕو نەوەو کەرەسەی هەمەڕەنگ) تێیدایە خۆشییەکی کەم‌وبڕاوەیە، وەك خودا فەرموویەتی: ﴿ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ﴾. ئەمەش هەمدیسان ڕاستی یەکی بەڵگەنەویستی قورئانە کەوا ماڵو کوڕو نەوە، یان باشتر بڵێین (ماڵو منداڵ) هەموو ژیانی دنیا نیین، هەروەها گرنگترین شتی نێو ژیانی دنیاش نیین، بەڵکو جوانی‌و ئارایشتی ژیانی دنیان، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەم چاویلکەیە بۆی بڕوانین‌و لەسەر ئەم بنچینەیەش مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. وشەی (زینة) لەو ئایەتەدا ئەم واتایە دەگەیەنێت‌و ئەو سێبەرەش دەنیشێنێت، چونکە مانای (زینة) ڕووکاری دەرەکی ی شت دەگەیەنێت کە بۆ جوانی‌و ڕازاندنەوەو چێژی هونەریی جوانکاری یە، بەڵام بەشێك نیە لەڕاستی یەکانی مەسەلەکەو لەبنچینەکانی.

(ئیمام راغیبی ئەسفەهانی) لەکتێبی (مفردات)ەکەیدا دەربارەی وشەی (زینة) گوتوویەتی: "زینەت‌و جوانکاریی ڕاستەقینە ئەوەیە مرۆڤ لە هیچ شتێکی بارودۆخ‌و حاڵەتەکانی، نە لە دنیاو نە لە ڕۆژی دواییدا ناشیرین نەکات، بەڵام ئەوەی لە جۆرە حاڵەتێکی تایبەتیدا زینەتێکی پێ بدات‌و لە حاڵەتێکی تردا پێی نادات، ئەوە لەبۆتەی ناشیریندایە. هەروەها بەپوختی‌و بەکورتی (زینەت‌و جوانکاری) لە سێ باردایە:-

١- جوانکارییەکی دەروونی: وەك زانست‌و بیروباوەڕە جوانەکان.

٢- جوانکارییەکی جەستەیی: وەك هێزو درێژی‌و باڵاو بەژن ڕێکی.

٣- جوانکاری یەکی دەرەکی: وەك ماڵو پلەو پایە"[١].

بەڵام خۆ دانانی (ماڵو منداڵ) بەجوانکاریی ژیانی دنیا، مانای پشتگوێ خستنیانو واز لێهێنانیان ناگەیەنێت بەو بیانووەی گوایە تەنها بۆ جوانیو زینەتی ژیانن، بەڵام لەوانەیە ببنە هۆی باوەڕنەهێنان بەخوداو، خاوەنەکەیان لە ڕووکردنە خودا دوورخەنەوە.

دیارە مرۆڤی موسڵمان ئەوەی لێ خوازراوە کە مامەڵەو هەڵسوکەوت بەجوانکاریی ماڵو منداڵەوە بکاتو، بەڵام تێڕوانینی بۆیان بەگوێرەی فەرمانەکانی قورئانو حەقیقەتەکانی بێت. مامەڵەو ڕەفتاری بەم دوو دیاردەیەوە لەسەر ئەو بنچینەیە بێت کە تەنها جوانیو زینەتێکی دنیان، جوانکاری یەکن بۆ ڕازاندنەوەی ژیانو باش کردنیو سوود لێ دیتنیان بەخۆشی، دەنا خۆنابێت لەم بارستایی یە گەورەتری پێ بداتو ڕۆڵێکی لەمە گەورەتریشیان بۆ دانەنێت. واتە بۆی ناشێت کە ماڵو منداڵ (المال والبنين) بەهەموو شتێك دابنێت لەژیانـدا، یان لەخودای دوور بخەنەوە، یاخود لەجیاتی خودا پشتی پێیان ببەستێت.

ئەم دوانە (ماڵو منداڵ) زینەتن، وەك زینەتیش مامەڵەیان پێوە بکاتو، وەك زینەتیش بۆیان بڕوانێتو، هەڵسوکەوتیشیان وەك زینەت پێوە بکات.. خوداش لەمبارەیەوە فەرموویەتی:

﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ ﴿١٤﴾ آل عمران ﴾

واتە: (خۆشویستنی ئارەزووەکان لەئافرەتو بوونی کوڕو نەوەو، لەهەبوونی زێڕو زیوی زۆرو لەسەریەك دانراوو، لەئەسپی ڕەسەنو چاكو لەمەڕو ماڵاتو لە

(١) المفردات : ٢١٨.

زەوی‌وزاری کشتوکاڵی، بۆ خەڵکی جوان‌و ڕازێنراونەتەوە، ئەمانەش هەموویان کەرەسەی خۆشی‌و نازو نیعمەتی ژیانی دنیان، خوداش باشترین شوێنی گەڕانەوەی بۆ عەبدەکانی سازو ئامادەکردووە).

وەسف کردنی ماڵو منداڵ بە (جوانی‌و زینەتی ژیان) سێبەرێکی گونجاوی تر بۆ ئەم دۆخەو بۆ ئەو شوێنەی، کە ئایەتەکەی تێدا لەبارەوە هاتۆتە خوارەوە، دەخولقێنێت، ئەویش مەسەلەی لەناوچوونی هەردوو ڕەزەکەو وێرانبوونیانە، کەواتە (زینەت) مانای نەمانی شتەکەو لەناوچوونی دەگەیەنێت، نەك مانەوەی‌و جێگیر بوونی‌و بەردەوامیی، هەروەها قورئان لەجێیەکی‌تردا ماڵو منداڵی بە (گوڵی ژیانی دنیا) وەسف کردوون، وەك خودا فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ﴿١٣١﴾ طه ﴾، واتە: (ئەی مرۆڤی خاوەن باوەڕ چاوەکانت مەبڕە لەو نازو نیعمەتەی، کە بەهەندێك خەڵکمان داون‌و کە زینەت‌و جوانیی ژیانی دنیاو: کە " گوڵی ژیانی دنیان" تاکو بەوە تاقییان بکەینەوە).

کەوابوو گوڵیش تەمەنی کورتەو بەخێرایی دەژاکێت‌و سیس هەڵدەگەڕێت‌و دەمرێت، زینەت‌و جوانکارییش، ماوەکەی کەمەو بەخێرایی نامێنێت‌و لەناودەچێت، بەم ڕەنگەش ماڵو سامان سێبەرێکی بڕاوەن‌و، مناڵو نەوەش بەخششێکی پێدراوو سەنراوەن. جا ئاخۆ ئەو کەسانەی پەنا دەبەنەبەر ئەم سێبەرە دوابڕاوو بەسەرچووی، کە (پێیان دراوەو لێیان سەنراوەتەوە) چەندە خەسارەتمەندو ڕەنجەڕۆن.

"وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ"

جا ئه‌گه‌ر ماڵو منداڵ جوانیی دنیا بن، ئه‌وا قورئانی پیرۆز ڕێنموونییمان ده‌كات بۆ شتێكی جێگیر له‌دنیادا كه‌ شایانی ئه‌وه‌یه‌ هه‌موو گرنگیو بایه‌خێكی پێ بدرێتو، ته‌مه‌نی تێداو له‌پێناودا به‌سه‌ر ببرێتو، كاتو ڕۆژگاریشی بۆ ته‌رخان بكرێت، وه‌ك خوداش فه‌رموویه‌تی: ﴿وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا﴾.. لێره‌دا ئه‌وه‌ی به‌مه‌به‌ست گیراوه‌ (الباقيات الصالحات)ه‌ له‌دوای دیاریكردنی زینه‌تی ژیانی براوه‌ی دنیاو، له‌به‌دواداچوونی به‌سه‌رهاتی هه‌ردوو ڕه‌زه‌ وێرانكراوه‌كه‌و، زیانمه‌ندیی خاوه‌نه‌كه‌یاندا.. جا ئه‌گه‌ر ماڵو منداڵ جوانیه‌كی براوه‌بن، ئه‌ی چی هه‌یه‌ كه‌ مابێته‌وه‌؟

ده‌ی باشه‌ ئه‌وا هه‌ردوو باخه‌كه‌ی سه‌ر زه‌وی نه‌مانو له‌ناو بران، ئه‌ی چی ماوه‌ته‌وه‌؟ وه‌ڵام (الباقيات الصالحات) ئه‌و نیه‌ته‌ چاكانه‌و ئه‌و كرده‌وه‌ باشانه‌ن كه‌ ده‌مێننه‌وه‌و كه‌ له‌ لای خودا پاداشتی ته‌واویان هه‌یه‌و، كه‌ خاوه‌نه‌كه‌یان باشترین پاداشتو زۆرترینو جوانترین پاداشتی ده‌درێته‌وه‌.. ئه‌مه‌ش باشترین هیوایه‌ (خير املاً) واته‌ باشترین شتێكه‌ كه‌ خاوه‌نه‌كه‌ی هیوای بۆ ده‌خوازێتو ئه‌گه‌ر هیوای له‌سه‌ر هه‌ڵچنی ئه‌وا ئه‌و هیوایه‌ ون ناكات، هه‌مدیسان ئه‌گه‌ر به‌ته‌مای شتێك بوو، ئه‌وا بێ ئومێدو هیوا بڕاو نابێت.

ئاخۆ (الباقيات الصالحات) له‌م ئایه‌ته‌دا چی بن؟! زانا پێشینه‌كانی ئیسلام له‌م باره‌یه‌وه‌ چه‌ند وته‌یه‌كی لێك نزیكو هاوشێوه‌ی یه‌كدییان ده‌ربڕیوه‌، بۆ نموونه‌ (ابن عباس)و (ابن جبیر)و پتر له‌ زانایه‌كی پێشین ده‌رباره‌ی (الباقيات الصالحات): (چاكه‌ ماوه‌كان) گوتوویانه‌: " (ئه‌و كاره‌ چاكانه‌ی كه‌ ده‌مێننه‌وه‌و ون نابن/

الباقیات الصالحات) پێنج نوێژە فەرزەکەن". هەر لە (ابن عباس)یشەوە گێڕراوەتەوە، گوتوویەتی: (ئەم کارە چاکانە گوتنی زیکرەکانی: (سبحان اللە و، الحمد للە و، لا الە الا اللە و، اللە أکبر)ن.

لە (عثمانی کوڕی عفان)یشەوە ﷺ گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی: (ئەوە گوتنی زیکرەکانی سبحان اللە و، الحمد للە و، لا الە الا اللە و، اللە أکبر و، لاحول ولا قوە الا باللە العلي العظیم)ن.. هەروەها لە (ابن عباس)ەوە وتەیەکی تریشی گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی: (ئەوە وتە جوانو چاکەکانن). لە (عبدالرحمنی کوڕی زیدی کوڕی ـاسلم)یشەوە گێڕراوەتەوە کە گوتوویەتی: (الباقیات الصالحات) تێکرا هەموو کردەوە چاکەکان دەگرێتەوە)[1].

جا ئەگەر بەوردی سەرنج لەم وتانەی پێشوو بدەین، دەبینین هەموویان لێك نزیکنو هاوواتای یەکدیین، نەك پێچەوانەی یەکدی، هەروەك دەشێت کە پێکیانەوە بلکێنین بەو پێودانگەی هەموویان باسی کارە چاکە بەردەوامەکان دەکەن کە لەدواییدا دەمێننەوە. چونکە هەر یەکێك لەو زانایانە ئاماژەیان بۆ نموونەیەکیان کردووە، دیارە هەموو نموونەکانیانو بەچەندین نموونەی هاوشێوەی تریانەوە تێکرا بەکۆی هەموویان (الباقیات الصالحات) پێك دەهێنن. (الباقیات الصالحات)یش کردەوە باشەکانن، بەگشتی هەموو ئیسلامن بەرێو ڕەسمە عیبادییەکانو بەیاساو شەریعەتو ڕەفتارو مامەڵەکانەوە. قورئانیش ئەمانەی بەکارە چاکەماوەکان (باقیات) داناوە، چونکە لەڕاستیدا ماونو لەلای خودا دیارن.. هەروەها لە شوێنەواری ژیانی خاوەنەکەیاندا دەمێنن. هەروەك کە لە قووڵبوونەوەی میزاجو تێڕوانینو قەوارەی گیانو کەسێتییەکەشیدا دەمێنن، پاشان لەنێو کۆمەڵگەو دابو نەریتەکانیدا دەمێنن.. هەروەها لەتەرازووی ڕۆژی یارمەتیشی دا بۆ خاوەنەکەی دەمێنن، پاشان لەکاتێکدا ـبەیارمەتی خودا- ئەو کەسە شایستەی چوونە

---

(١) (ابن کثیر/ ٣: ٨٥-٨٧) بەکورتی.

بەهەشت دەکەن، دەمێنن کە بێگومان لەنازو نیعمەتی هەمیشەییدا دەبێتو، لە نەمریی هەمیشەیی نێو باخەکانی بەهەشتیشدا دەبێت.. ئەم کارە چاکە ماوو بەردەوامانەش پێویستە گشت موسڵمانێك بایەخی پێ بداتو ڕووی تێ بکەنو بەشێوەو بڕێکی زۆر زۆر ئەنجامیان بدەن.

پوختەی گرنگترین وانەو ئاماژەکانی ئەم چیرۆکە

١- چیرۆکی کابرای خاوەنی دوو باخەکە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیەو لە زەمەنێکی ڕابردوودا ڕووی داوەو، بەسەرهاتێکی دەسهەڵبەستی خەیاڵی نیە.

٢- شیکارو درێژەی چیرۆکەکە نەزانراوەو لەو نەزانراوانەشە کە ناشێت هەوڵی ڕوون کردنەوەیان بدەین، هیچ زانیاری یەکیش لەم بارەیەوە پەسەند ناکەین تەنها ئەوە نەبێت کە لە قورئانەوە دەربارەی هاتووە، چونکە لە پێغەمبەری خوداشەوە ﷺ هیچ شتێکی وای لەسەر نەگێڕراوەتەوە.

٣- هێنانەوەی نموونەکان لە قورئاندا واتا تیۆری (نظري)یەکان لە دەروونی بەشەری نزیك دەکاتەوەو ئەو مانایانەش کە نموونەیان لەسەر هێنراوەتەوە پتەوو بەتین دەکات.

٤- هەردوو پیاوەکە لەم چیرۆکەدا (ئیماندار)و (بێئیمان)ەکە، دوو نموونەی مرۆیی دووبارە بووەوەن کە لە هەموو کاتو شوێنێکدا وجودیان هەیە.

٥- پێویستە بانگەوازکاران سوود لە شێوازی بانگەوازو ڕوونکردنەوەی قورئان وەرگرن، ئەمەش بەو ڕەنگەی کە چیرۆكو بەسەرهات بێننەوەو نموونەکان بخەنە ڕوو.

٦- خودا مۆڵەت بەکافر دەدات‌و نیعمەتێکی زۆریشی پێ دەدات، ئەمەش بۆ هەڵسەنگاندن‌و تاقیکردنەوەیەتی، نەك بەڵگەیەکی خۆشویستنی خوداو لێ ڕازی بوونی بێت.

٧- بێگومان خودا مرۆڤی ئیمانداریش بەوە تاقی دەکاتەوە کە ڕزق‌و ڕۆزیی لێ کەم‌و گران دەکات‌و، ماڵو سامانی براوەی‌دنیای لێ دەشارێتەوە، ئەمەش مانای ڕق هەستانی خوداو تووڕەبوونی لەو کەسە نیە، چونکە دارایی دنیا لەلای خودا ساناترە لەوەی ببێتە بوارێك بۆ ڕێزلێنان، یان بۆ سووکایەتی پێکردن، خوداش بەخواستی خۆی دنیا بەکەسانێك دەدات، سا ئیتر ئەوکەسانەی خۆش بوێتیش یان نا، بەڵام ئایین تەنها بەکەسانێك دەدا، کە خۆشیانی بوێت.

٨- خودا هەر خۆی ڕزق‌و ڕۆزی‌و نیعمەت دەبەخشێت، دەنا هەوڵو کۆشش‌و تێفکرین‌و پرۆژەو ماڵو سامانەکانی مرۆڤ تەنها چەند هۆکارێکی ماددیی‌و ڕواڵەتیین.

٩- لەقورئاندا سەرنجێکی هونەرییانەی کشت‌وکاڵی هەیە، دەربارەی شێوازی ڕێکخستنی ڕەزو باخ‌و باخچەکان‌و بێستانەکان.. ئەوەش لەو گێڕانەوەیەی چیرۆکەکەدا بەدیار دەکەوێت، کە باسی ڕێکخستنی کێڵگەو بەروبوومی نێو هەردوو باخەکە دەکات.

١٠- بایەخدان بەزەوی‌و ڕێکخستنی چاندنی‌و ڕێك دانانی کێڵگەو دارو درختەکانی، چێژێکی هونەریی دەبەخشێت‌و، دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم‌و بەروبووم تێیدا.

١١- زەوی ستەم لەباخەوان ناکات‌و بەروبوومی لێ قەدەغە ناکات، بەڵکو بە بێ جیاوازیی‌و جیاکردنەوەی ئەم‌و ئەو، بەرهەمی خۆییان پێ دەدات، کەچی وێڕای ئەوەش خەڵکانێکی کافرو بێباوەڕ، ستەم دەکەن‌و کافرو سپڵە دەردەچن بەرامبەر بەخوداو، بەرهەمەکانیش لە کەسانی تر قەدەغە دەکەن. جا ئایا ناتوانن لەو بەخشینەدا لاسایی زەوی بکەنەوەو بیکەن بە پێشەنگ بۆ خۆیان؟

١٢- خاوەنە کافرەکەی هەردوو باخەکە بەهۆی خۆ بەزل زانیو لـەخۆبایی بوونـەوە چاوەکانی لەئاست دیتنـی ڕاسـتی یەکانـدا کـوێر ببـوون، بۆیـە بـەڕەفتارێکی خەڵـەفاویو تـەفرە خواردووانـەوە دەجوولاّیـەوە.. هـەر کەسـێکیش بـەهۆی دیاردەکانی دەوڵەمەندیو ماڵو سامانی براوەی دنیایی یەوە لەخۆی بایی بێـت وەك ئەو وایەو هەمان نەریتو ڕەفتاری هەیە.

١٣- یەکێك لەو دیدو بۆچوونە گومرایی یانەی لەخۆبایی بووان ئەوەیـە وا گومـان دەبەن گوایە خودا لەڕۆژی قیامەتیشدا بـەماڵو سـامانیان ڕێزیـان لیٚ دەنێـت، چونکە گوایـە لـەدنیاش دا ڕێـزی لیٚ نـاون، گومانیـشیان وایـە گوایـە خـودا لەقیامەت دا ڕێز لەباوەڕداران نانێتو پاداشـتی نـەبڕاوەیان ناداتـەوە، چـونکە لـەدنیادا مـاڵو سـامانو دیـاردە جوانـەکانی دەسرۆیـشتوویی دنیـای لیٚ قەدەغەکردوون.

١٤- (باوەڕداریتی) زمانەی دڵنیایی (صـمام الامـان)ە بـۆ خاوەنەکـەی، چـونکە بەئیمانەکەیەوە سەربەرزەو، بەپەروەردگاریشیەوە شانازی دەکات، ئیـدی لاوازو سەرشۆڕنابێتو لەبەردەم خاوەن ماڵو سامانەکانیشدا ترسنۆك نابێت، تەنانـەت هیوای ئەوەش ناخوازێت کە وەك ئەوانی لیٚ بێت.

١٥- پێویست بوونی ئامۆژگاری کردنی ئـەو کەسـانەی لـەخۆبایی بـوونو بـەنازو نیعمەت هەڵخەڵەتاون، هەروەها پێویستی ی ئاگادارکردنەوەشیان لەسەرەنجامی ئەو ڕەفتارو نەریتانەی کە هەیانن‌و، داواشیان لیٚ بکرێت کـە سوپاسـی فـەزڵو چاکەکانی بکـەن‌و کـەدەبێت نیعمـەتو بەخشـشەکانی خـودا لەگوێرایـەڵی ی فەرمانەکانی خودادا بەکاربهێنن.

١٦- ڕێسایەك لە ڕێساکانی تێڕوانینی ئیسلامی ئەوەیە، کـە هـیچ شـتێك بـەبیٚ ویستو ئیرادەی خـودا نایەتـە کایـەوە، هەرچـی خـوداش بیـەوێت دەبێـتو، هەرچییەکیش خودا خواستی لەسەر نەبێت نابێت، هیچ هێـزێکیش نیـە تـەنها

لەخوداوە نەبێت، هەرکەسێکیش خودا هێزو توانای پێ نەدات، ئەوا هیچ هێزو توانایەکی نیە.

١٧- وشەکانی (ماشاءالله)و (لا قوة إلا بالله) بڕگەیەکی باوەڕداریتییانەی قورئانن کە مرۆڤی باوەڕدار لەکاتێکدا (بەدیتنی کەس‌وکارێکی یان کوڕێکی یان ماڵو سامانێکی) سەرسامو دڵشاد بێت، دەیانڵێتەوە. بەم ڕەنگەش سوپاسی خودا دەکاتو، هەوڵ بۆ بەردەوامیی نیعمەتەکانی دەداتو، لەکاری جێی ڕەزامەندیی خوادا بەکاریان دێنێت.

١٨- سزای خودا هەر تووشی لەخۆبایی یەکان دەبێتو، بەو سزایەش هەر ماڵو نازو نیعمەتێکیان هەبێت لەناو دەچێت، ئەوەش سزای کردەوە نابەجێکانیانە.

١٩- لەوانەیە بۆچوونو لێکدانەوەو مەزەندەکارییەکانی خەڵکی (دەربارەی ئەو کارەساتو مەینەتییانەی بەسەر کافرە لەخۆباییەکاندا دێت) لێك جوداو جیاوازبن، بەڵام دەبێت لەوەدا یەك دەنگ هاوڕێ بن، کە ئەو کارەساتانە بە فەرمانی خودا وەك سزایەك بۆ دوژمنانی خودا نازل دەبن لە بەرامبەر کردەوە خراپەکانیاندا.

٢٠- کاتێك نیعمەت نامێنێتو ڕزقو ڕۆزی لەنێو دەبرێت، مرۆڤی کافرو لەخۆبایی تووشی حەسرەتو پەشیمانی دەبێت، بەڵام لە وەختێکدایە کە پەشیمانی سوودی نابێت.

٢١- مرۆڤی لەخۆبایی لەکاتی سزاو مەینەتییەکانیدا ڕاستیی ئەو سەرەنجامەی بۆ دەردەکەوێت کە پێشتر لەلایەن پیاوچاکانو ڕێنماکارانەوە لێیان وریا کرابۆوە، بۆیە لەو کاتەدا خۆزگە دەخوازێت کە بڕوای پێ بکردنایە، بەڵام ئەم خۆزگەیەی قەت بەدی نایەت.

٢٢- پشتیوانێتیی ڕاست تەنها بۆ خودایەو، هەر کەسێك شانازیی بەخوداوە بکات ئەوەی دەیەوێت لەلای خودا دەستی دەکەوێت، هەر کەسێکیش شانازی

بەغەیری خوداوە بكات، سەرشۆڕو زیانمەند دەبێت. هەموو لایەنگرو شوێنكەوتوانی خوداش خۆیان بەتەنیا توانای بەدەستهێنانی سەركەوتنو سوود وەرگرتنیان نیە، هەموو هێزو دیاردەو هۆكارو شتەكانی تر لەئاست توانا و ئیرادەو سەربازانی خودادا دەستەوسانن.

٢٣- بێگومان هەر كەسێك لەگەڵ خوادا بێت، هیچ شتێك لە حەقیقەت نادۆڕێنێت، تەنانەت گەر هەموو دنیاو نیعمەتەكانیشی لەدەست بدات، خۆ ئەگەر هەر كەسێك لەگەڵ خوادا نەبێت، ئەوا هیچ شتێكی دەست نەكەوتووە، تەنانەت گەر خاوەنی هەموو شتەكانی نێو دنیاش بێت.

٢٤- ژیانی دنیا خێراو كورتو بڕاوەیە، ئای چەند خەسارەتمەندە ئەو كەسەی سەرقاڵی دنیا دەبێتو پشتی پێ دەبەستێت، ئەمەش ڕاستی یەكی ڕەگ داكوتاوە.. جا داخۆ چەندی لەسەر بژیو چەندی لێ كۆبكاتەوەو، دوای ئەوەش چی ڕوودەدات؟!

٢٥- هەموو ماڵو سامانو نیعمەتی دنیاو ئەوەی لەدنیادایە زینەتو ئارایشتێكن بۆ دنیا، پێویستیشن بۆ ژیانو جوانكردنی ژیان، هەروەها بۆ ئێمەش پێویستن، تا لەژیان دا بژین.. بەڵام شیاو نیە، كە بیكەینە گەورەترین خەمانو، فراوانترین ئەڵقەی پێزانینمانو، بەهەموو شتێكی خۆمانی دابنێین.

٢٦- دانانی هەرچی لەدنیادایە (بەجوانیو بەگوڵ) دەلالەت لە كورتیو نەمانی دەكات، وەك (جوانیەكە لەنەمانی دا)و (گوڵەكەش لە كورتیی تەمەنیدا) دەی ئاخۆ چەند زەرەرمەندن ئەو كەسانەی، كە دنیا بە هەموو شتێك دادەنێن.

٢٧- پێویستە مرۆڤی موسڵمانی عاقڵ، بایەخ بە مەسەلە بنچینەیی یەكان بداتو، ئەوەی ماوە (باقی)یە بیخاتە پێش نەماوەكە (زائل)ەوە، هەروەها ئەوەی جێگیرە، بیخاتە پێش ڕۆیشتووەكەو، دواین بخاتە پێش هەوەڵینە تیژ تێپەڕەكەو، ئیدی بەزۆریی ئەو كردەوە چاكانە ئەنجام بدات، كە لەئایندەی ژیانیدا سوودی پێ دەگەیەننو، لەكاتی ئاتاج پێیاندا ئەنجامیان دەچێنێتەوە.

٢٨- خواپەرستیو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوداو کردەوەی باش لە چاکە ماوەکانن (الباقیات الصالحات)، ئەمەش لەڕووی پاداشتی لای خوداوە بەخێرو بەرەکەتن، لەڕووی هیواو ئاواتەکانی خاوەنەکەشیانەوە هەر بەخێرو بەرەکەتن، بۆیەش بەخێرو بەرەکەتن، چونکە خاوەنەکەی لەبەردەمی خۆی لە ئایندەدا دەیانبینێتەوەو، ئاواتەکانیشی بە وەدی هێنراویی دەبینێتەوەو، پاداشتی فرەو زۆرو جوانیشیان لەسەر دەبینێتەوە.

چیــرۆکی ســێیــەم

چیــرۆکی (مووسا)[1] لەگەڵ (خــدر) دا- سڵاوی خودایان لێ بێت-

ئەم چیرۆکە لە قورئاندا بەم جۆرە گێڕراوەتەوە، کە خودا فەرموویەتی:

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَىٰهُ لَآ أَبْرَحُ حَتَّىٰٓ أَبْلُغَ مَجْمَعَ ٱلْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِىَ حُقُبًا ﴿٦٠﴾ فَلَمَّا بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِى ٱلْبَحْرِ سَرَبًا ﴿٦١﴾ فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَىٰهُ ءَاتِنَا غَدَآءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَٰذَا نَصَبًا ﴿٦٢﴾ قَالَ أَرَءَيْتَ إِذْ أَوَيْنَآ إِلَى ٱلصَّخْرَةِ فَإِنِّى نَسِيتُ ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِى ٱلْبَحْرِ عَجَبًا ﴿٦٣﴾ قَالَ ذَٰلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ فَٱرْتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا قَصَصًا ﴿٦٤﴾ فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا ﴿٦٦﴾ قَالَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا ﴿٦٧﴾ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴿٦٨﴾ قَالَ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرًا وَلَآ أَعْصِى لَكَ أَمْرًا ﴿٦٩﴾ قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعْتَنِى فَلَا تَسْـَٔلْنِى عَن شَىْءٍ حَتَّىٰٓ أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا ﴿٧٠﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِى ٱلسَّفِينَةِ خَرَقَهَا قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا

(١) شیکارو لێکدانەوەی ئایەتەکان لە یەکەبەیەکەی برگەکانی ئەم چیرۆکەدا بەدرێژی دیاری کراون بۆیە لەسەرتاوە تەرجەمەیەکی کورتی ئایەتەکانمان بەپێویست نەزانی.. (وەرگێر).

لَقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا إِمْرًا ﴿٧١﴾ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا ﴿٧٢﴾ قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِى بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرْهِقْنِى مِنْ أَمْرِى عُسْرًا ﴿٧٣﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا لَقِيَا غُلَـٰمًا فَقَتَلَهُۥ قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةًۢ بِغَيْرِ نَفْسٍ لَّقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا نُّكْرًا ﴿٧٤﴾ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا ﴿٧٥﴾ قَالَ إِن سَأَلْتُكَ عَن شَىْءٍۭ بَعْدَهَا فَلَا تُصَـٰحِبْنِى ۖ قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّى عُذْرًا ﴿٧٦﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَيَآ أَهْلَ قَرْيَةٍ ٱسْتَطْعَمَآ أَهْلَهَا فَأَبَوْا۟ أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُۥ ۖ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا ﴿٧٧﴾ قَالَ هَـٰذَا فِرَاقُ بَيْنِى وَبَيْنِكَ ۚ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٧٨﴾ أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَـٰكِينَ يَعْمَلُونَ فِى ٱلْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا ﴿٧٩﴾ وَأَمَّا ٱلْغُلَـٰمُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَآ أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَـٰنًا وَكُفْرًا ﴿٨٠﴾ فَأَرَدْنَآ أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَوٰةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا ﴿٨١﴾ وَأَمَّا ٱلْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَـٰمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِى ٱلْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُۥ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَـٰلِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى ۚ ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٨٢﴾ الكهف ﴾.

چیـرۆکەکـە لە فەرموودەی پێغەمبـەردا ﷺ

ئێمە لەباسی ئەم چیرۆکەدا ئەو شێوازی بەرنامە ڕێژییە زانستییە دەگرینەبـەر کە زانایان بڕیاریان لەسەرداوەو کە داوایان لە لێکۆڵیـارانی چـیرۆکی پێـشینەکانی نێو قورئانیش کردووە کە پێوەی پابەندبن‌و ڕەچاوی بکەن، ئەمەش پێویستیی پـەنا بردنەبـەر فـەرموودەی ڕاسـت (صـحیح)ی پێغەمبـەر ﷺو، هـەروەها پێویـستی تێنەپەڕاندنی ئەم سنووره بۆ ئەفسانە ووتە دروستکراوەکانی جوولەکـەو دەقـەکانی (ئیسرائیلیات)و چیرۆکە نەسەلمێنراوەکان، دەردەخات. لەچیرۆکی (مووسـا) لەگـەڵ (خدر)دا ـ سلاویان لێ بێت ـ پێغەمبـەری خـودا ﷺ چـەند لایـەنێکی لـێ ڕوون کردۆتەوەو چەندزانیاریەکی تری خستۆتە پاڵ گێڕانەوەکەی قورئان. زۆربەی زانایانی فەرموودەش لە کتێبەکانیاندا، چەندین فەرموودەیان لـەم ڕووەوە دیـاری کـردووە. فەرموودەکانی تایبەت بەم چیرۆکە، لە کتێبەکانی (بخاری)و (مسلم)وو (ابو داود)و (ترمذي)و (نسائی)و (ابن ماجه)و (احمد)و (الحاكم)و ئەوانی تردا هاتوون.

هەروەها چەند زانیاریەکی تری ئەم چیرۆکە لە کتێبەکانی مێژووشـدا هـاتوون، وەك کتێبی (تـأريخ الـطبري)و (ابـن كـثير)و (ابـن اثـير)و ئـەوانی تـر.. زانایـانی تەفسیریش لەکاتی باسکردنی ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەدا ئاماژەیان بـۆ زانیاریـەکان کردووە. لێرەشدا ئەوەی لەلای ئێمە گرنگ‌بێت ئەو فەرموودەڕاست‌و (صحیح)انەیە کە لەم ڕووەوە هاتوون، تەنها بەو فەرموودانەشەوە پابەند دەبین، کە هەردوو زانـای گەورە (الشيخان)، (بخاري)و (مسلم) لەسەر ڕاستی‌و (صحة)یان کۆکن.

ئیمامی (بوخاری) لەچەندین جێگەی (صحیح)ەکەیدا، کە بە کتێبـی (صـحیح البخاري) ناسراوە، ئەم چیرۆکەی لە ڕوانگەی فەرموودەکانـەوە هێنـاوەو، چـەندین بەش‌و (باب)ی لە (كتاب العلم)و (في الاجـازة)و (في الـشروط)و (بـدء الخلـق)و (في الانبياء)و (في التفسير)و (في الايمان والنذور) و (في التوحيد) بۆ تەرخان کردوە.

ئیمامی (مسلم)یش لە (كتاب الفضائل)، (باب فضائل الخضر) (عليه السلام)دا فەرموودەکانی تایبەت بەم چیرۆکەی (تەخریج) کردووە ئێمەش پوختەی فەرموودەگێڕراوەکانی نێو هەردوو کتێبەکەی (بخاری)و (مسلم) کە بە (الصحيحين) ناسراون، دێنینەوە.

(بخاري) و(مسلم) لە (عبیداللّەی کوڕی عبداللّەی کوڕی عتبەی کوڕی مسعودی کوڕی عبداللّەی کوڕی عباسەوە ـ خوا لێیان ڕازی بێت ـ گێراوێتیانەوە کە (ابن عباس) خۆیو (حری کوری قیسی کوڕی حصنی فزاری) لەسەر هاوەڵەکەی (مووسا) ـ سڵاوی لێ بێت ـ هاوڕێ نەبوونو هەریەکەیان کەسێکی دیاریکراوی بۆ داناوە، بەڵام (ابن عباس) گوتوویەتی: (ئەو هاوەڵە خدرە) لەوکاتەدا (ابی کوڕی کعبی انصاری ـ خودا لێی ڕازی بێت ـ بەلایان دا تێپەڕیوەو (ابن عباس)یش بانگی کردووەو پێی گوتووە ئەی (أباء الطفيل)وەرە بۆلامان، وا منو ئەم هاوڕێیەم مشتومڕمانە لەسەر هاوەڵەکەی (مووسا) کە مووسا داوای چۆنیەتی ناسینو پێگەیشتنی کردبوو، جا ئایا تۆ هیچت لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ نەبیستووە کە دەربارەی ئەوپیاوە باسی فەرمووبێت)؟

لە وەڵامیدا (أبي) دەڵێت: (بەڵێ لە پێغەمبەر خودام ﷺ بیستووە، فەرموویەتی:

" لەکاتێکدا (مووسا) لەنێو کۆمەڵە کەسێکی گەلەکەی خۆی (بنو اسرائيل)دا دەبێت، پیاوێك دێتە لای ولێی دەپرسیت: (ئەرێ تۆ دەزانیت کەسێکی تر لە تۆ زاناتر هەبێت"؟

ئەویش دەڵێت: (نەخێر)، واتە کەسی دی لەمن زاناتر نیە.. خوداش لەوکاتەدا سرووشی بۆ (مووسا) ناردو پێی فەرمووە: بەڵێ کەسێکی دی لە تۆ زاناتر هەیە، کە بەندەمان (خدر)ە، مووساش داوای هۆی چۆنیەتی پێگەیشتنو ناسینی کرد. خوداش ماسییەکی بۆ کردە نیشانە، ئەوەبوو بە مووسا گوترا: (هەر کاتێك لە هەر

شوێنێك دا ئەو ماسیەت ون كرد ئەوا بۆ ئەو شوێنە بگەڕێرەوەو، لەوێ دا خدر دەبینیت ئیدی مووساش بە پێی خواستی خودا ماوەیەك ڕۆیشتو كوڕێكی نەوجەوانی خزمەتكاری لەگەڵ دابوو. دوای ئەو ماوەیە داوای لە خزمەت كارەكەی كرد كە پشویەك بدەنو قاوەڵتی یەك بكەن، خواردنی قاوەڵتییەكەشیان ماسییەكی برژاو بوو، ئەوە بوو بە خزمەتكارەكەی گوت: (خۆراكەكەمان بۆ بێنە). ئەویش لە وەڵامیدا پێی گوت: (ئەرێ لە بیرتە كاتێك چووینە سەر بەردە گەورەكەی كەنار دەریاكە بۆ حەوانەوە، بیرم چوو پێت بڵێم، كە ماسییەكە بەڕاستی زیندوو بۆوەو بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر خۆی كردەوە بەناو دەریاكەدا.. ئەم بەسەرهاتەش، تەنها شەیتان لەبیری بردمەوە).. (مووسا)ش پێی دەڵێت: (دەی مەبەستی ئێمەش ئەمەبوو)، واتە (لەكوێ ئەو ماسییە زیندوو بۆوەو خۆی كردەوە بەناو دەریادا، لەوشوێنەدا بەخدر- دەگەم).

ئنجا بەناچاری گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی، كە بەجێیان هێشتبوو، لەوێدا (خدر)یان بینیو، لەوێوە ئەو بەسەرهاتانەیان لێ ڕوواوە، كە قورئان دەربارەیان گێڕاوێتیەوە"[1].

ئەم فەرموودەیەش بە كورتەیەكی چیرۆكەكە دادەنرێت.. لێرەدا فەرموودەیەكی درێژو تێروتەسەلیش دەربارەی ئەم چیرۆكە دیاری دەكەین، كە هەر (بخاري)و (مسلم) گێڕاویانەتەوە:-

لە (سعیدی كوڕی جبیر)ەوە ـ خودا لێی ڕازی بێت ـ گێڕراوەتەوە، گوتوویەتی: (ئێمە جارێكیان لەلای (ابن عباس) بووین لەماڵی خۆیداو، پێی گوتین (پرسیارم لێ بكەن) منیش گوتم: (ئەی ابا عباس خودا بمكات بەفیدای تۆ، لە شاری (كووفە) پیاوێكی چیرۆكزان هەیە، كە ناوی (نوف البكالي)یەو گومانی وایە، كە

---

(١) البخاري (٦٠) كتاب الانبياء (٢٧) باب الخضر مع موسى عليها السلام، حديث رقم (٣٤٠٠) ومسلم (٤٣ كتاب الفضائل (٤٦) باب فضائل الخضر- عليه السلام- حديث رقم (٢٣٨٠).

(مووسا) ـ سلاّوی لیٚ بێت ـ پێغەمبەری بەنوئیسرائیل ئەو مووسایە نیە کە هاوەڵیٚ (خدر)بووە ـ سلاّوی لیٚ بێت ـ) (ابن عباس)ش گوتی: (ئەوە دوژمنی خودایەو درۆ دەکات: چونکە لە (ابی ی کوڕی کعب)ەوە گوێم لیٚ بووەکە ئەویش لە پێغەمبەری ﷺ بیستووە، فەرموویەتی: لەکاتێکدا (مووسا) لەنێو گەلەکەی دا وتارێکی دەداو ڕۆژانی خوداو ڕۆژگاری نازونیعمەتو بەلام کارەساتی بەبیردەخستنەوە، لەوکاتەدا پرسیارێکی لیٚ کرا لەسەر ئەوەی (ئاخۆ زاناترین کەس کیٚ بێت) ئەویش لەوەلاّمدا گوتبووی (من زاناترین کەسم) خوداش لەسەر ئەوە گلەیی لیٚ دەکات، چونکە هێندەی زانست پیٚ نەدابوو کە زاناترین کەسی سەرزەمین بێت. هەر بۆیەش خودا سرووشی ئەوەی پیٚگەیاند کەوا (بەندەیەك لە بەندەکانم کە لە ناوچەی بەیەککەیشتنی هەردوو دەریادایە، لەتۆ زاناترە).

مووساش گوتی: (ئەی خودای پەروەردگارم، چۆن پێی بگەم؟ ڕێنوومایيم بکە بۆ لای)، ئینجا پێی دەگوترێت: (ماسییەکی سوور کراوە لە زەمبیلەیەکدا هەڵگرەو بیکەتوێشووی سەفەرو بڕۆ، هەر بڕۆ تا دەگەیتە ئەوشوێنەی کە ماسییەکەت تیا لیٚ ون دەبێت، ئیدی لەوێدا بەو پیاوە زانایە دەگەیت.

(مووسا)ش خۆیو کوڕێکی مێرد منداڵی خزمەتکاری بەڕیٚ دەکەون کەناوی (یوشعی کوری نون)بوو. مووساش ماسییەکەی لە زەمبیلەیەکدا هەڵگرتو لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا دەڕۆیشتن تاکو گەیشتنە لای بەردە گەورەکە لەوێدا مووساو خزمەتکارەکەی ڕاکشانو خەوتن لەکاتی خەونتیاندا ماسییەکە لەنێو زەمبیلەکەدا دەست بە جمەوجووڵ دەکات تاکو لێی دەردەچێتو دەکەوێتە نێو دەریاکەوە، خوداش ڕێچکەی ئاوەکەی لیٚ دەگرێتەوەو ناهێڵێت ئاوەکە بڕوات تا وای لیٚ دێت کەڵەکە دەبێت وەك تاقێکی بەرزو ماسیەکەش ڕێی خۆی دەدۆزێتەوەو ڕێی دەریا دەگرێتەبەر. پاشان مووساو کوڕە مێردمنداڵەکە پاشماوەی ئەو ڕۆژەیانو شەوەکەشی بەڕۆشتن دەست پیٚدەکەنەوە، کوڕەکەش بیری دەچێت کە (مووسا) لە نەمانی ماسییەکەیان ئاگادارکاتەوە. لەکاتی بەیانیدا مووسا بە یاوەرەکەی دەڵێت:

(ئادەی خۆراکەکەمان بۆ بێنە، بەڕاستی لەم سەفەرەماندا تووشی ماندوێتیو هیلاکییەکی زۆر بوون). بێگومان مووساش، تا ئەوکاتەی لە شوێنی دیاریکراو، واتە لە (بەردە زلەکەی ناوچەی بەیەکگەیشتنی هەردوو دەریاکە) تێپەڕنەبووبوون، ماندوونەبووبوو، بۆیە لەوێدا کوڕە یاوەرە خزمەتگوزارەکەشی ڕووداوی دەرچوونی ماسییەکەی بەبیرداهاتەوەو گوتی: "گەر لەیادت بێت ئەو وەختەی چووینەپاڵ بەردە گەورەکە بۆ پشوودان، من بیرم چوو مەسەلەی ماسییەکەت بۆ باسکەم، کە ڕۆشتو، ئەمەش تەنها شەیتان لەبیری بردمەوە، تا بۆت بگێڕمەوە، ئیدی ماسییەکەش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن ڕێی خۆی لە دەریاکەدا گرتەبەر.

ئنجا (مووسا) بە کوڕەکە دەڵێت: (ئەمەبوو مەبەستی ئێمە) ئیدی بەخێرایی گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە لێی تێپەڕ ببوونو بەدوای ئاسەوارەکەیدا دەگەڕان تا گەیشتنە لای بەردە گەورەکە، کە لەوێدا ماسییەکە دەستی بەدەرچوون کردبۆوە (مووسا) گوتی: (ئائەم شوێنەم بۆ وەسف کراوە). بۆیە دەست دەکات بەگەڕان لەو شوێنەدا، تاکو سۆراخی (خدر) بکات، ئینجا بە دیداری دەگاتو دەبینیت، کەوا کاڵایەکی لەخۆی ئاڵاندووەو دەموچاوی پێ داپۆشیوەو لەسەر پشت لێی ڕاکشاوە. (مووسا) سەلامی لێ دەکات، خدریش کاڵاکە لەسەر دەموچاوی لادەباتو وەڵامی سەلامەکەی دەداتەوەو دەڵێت: (سەلام لەتۆش.. بەڵام سەلامو ئاشتی لە کوێی زەویەکەی تۆ دایە؟!) ئینجا ئاخاوتنێکی لەم جۆرە لەنێوانیاندا دروست دەبێت:

(مووسا) گوتی: (من مووسام).

(خدر): تۆ (مووسای) بەنوئیسرائیلیت.

(مووسا): بەڵێ.

(خدر) تۆ زانیاریەکت لەزانستی خوداوە هەیە، کە خودا فێری کردوویتو، من نایزانمو لێی ئاگادارنیم..منیش خودا زانیاریەکی وەهای لەزانستی خۆی فێرکردووم، کە تۆ نایزانیت. (مووسا): ئایا دەتوانم بەدووت بکەوم، تامنیش لەو زانیارییەی، کە فێری کراویت فێرم بکەیت.

(خدر): ئاخر تۆ ناتوانیت لەڕێگەدا بەرامبەر بەمن خۆڕاگربیت، کاتێك کارێك دەکەم، کە بە ڕواڵەت جێی ڕەزامەندیی تۆ نەبێت (واتە من کاری سەیرو سەمەرە دەکەمو تۆش پێیان ڕانەهاتوویت) ئیدی چۆن خۆت ڕادەگریت لەئاست کارێکدا کە هیچ هەواڵو زانیارییەکت لەسەری نیە)؟ من بێگومان فەرمانم بەشتێك پێ‌کراوەو ئەگەر تۆ بیبینیت ئارامی لەسەر ناگریت.

(مووسا): ان شاء الله دەمبینیت بە ئارامو خۆڕاگرمو سەرپێچیی هیچ فەرمانێکت لێ ناکەم.

(خدر): دەی کەوابوو ئەگەر بەدووم دەکەویت پرسیارم لەسەر هیچ شتیك لێ مەکە، تاکو ئەوکاتەی خۆم لە مەبەستەکەیت ئاگادار دەکەمەوە.

(مووسا):- بەڵێ باشە.

(ئینجا ـ مووساو خدرـ بەسەر کەناری دەریاکەدا ڕۆشتنو پاپۆڕێکیان پێ نەبوو، لەوکاتەدا پاپۆڕێك بەلایان داهات، ئەوانیش داوایان لێ‌کردن لەگەڵ خۆیاندا هەڵیان گرن، سەرنشینانی پاپۆڕەکە لەبەر ئەوەی (خدر)یان دەناسی، بەبێ کرێ هەڵیانگرتن. چۆلەکەیەك هاتو لەسەر لێوارێکی پاپۆرەکە نیشتەوەو دەنووکێك یان دوانی دا بە دەریاکەدا.

(خدر) بە (مووسا)ی گوت: ئەی (مووسا)، کەمیی زانیاریی منو تۆ لە زانستی خوداوە، وەك دەنووك کێشانی ئەم چۆلەکەیە بەدەریاکەدا.. لەوکاتەدا (خدر) بەدەستی ئانقەست پارچە تەختەیەکی لەبن پاپۆرەکە کردەوەو هەڵی کێشا.

(مووسا) خێرا پێی گوت: (ئەم کۆمەڵە کەسەی سەرپاپۆرەکە بەخۆڕاییو بەبێ کرێ ئێمەیان لەگەڵ خۆیاندا سواری پاپۆرەکە کردوو، کەچی تۆش بەئانقەست کونێکت کردە بنەکەی، تاکو سەرنشینەکانی لەدەریادا بخنکێنیت، بەڕاستی کارێکی ناهەمواری دیارت کرد.

(خدر)یش پێی گوت: (ئەرێ من پێم نەگوتیت تۆ ناتوانیت هەرگیز لەگەڵ مندا بەرامبەر كارەكانم خۆراگر بیت.

(مووسا)ش گوتی: (دەی لەسەر ئەم لەبیرچوونەم سەرزەنشتم مەكە).

پاشان لەدوای ئەوەی لە كەشتییەكە دابەزیبوون، دووبارە بەسەر قەراغێكی تری دەریاكەدا ڕۆشتن، لەوێدا كوڕێكی نەوجەوانیان بینی، لەگەڵ منداڵانی تردا یاریی دەكرد.

كەچی (خدر) ئەو منداڵەی گرتو سەری هەڵكەندو بەدەستی خۆی كوشتی. مووساش زۆر بەتوندی ترساو گوتی: (ئەرێ چۆن كەسێكی بێگوناهت كوشت كە هیچ تاوانێكی نیە، بەڕاستی كارێكی نارەواو دزێوت ئەنجامدا)؟!

(خدر)یش پێی گوت (ئەرێ پێم نەگوتیت تۆ ئارام لەسەر كارەكانم بگریت)؟ دیارە ئەم جارەیان بەتوندتر لێی پرسیوە بیری هێناوەتەوە كە بە ئارام بێت..

پێغەمبەری خودا محمد ﷺ فەرموویەتی: (ڕەحمەتی خوا لە ئێمەو لە (مووسا)ش بێت، گەر (مووسا) هێندە پەلەی نەكردایەو خێرا لە هەموو شتێكدا پرسیاری لێ نەكردایە، ئەوا شتی زۆر سەرسوڕهێن تری دەبینی، بەلام بەهۆی گلەیی‌و گازاندەوە لە هاوڕێكەی دابڕاوە.

(مووسا) گوتی: (ئەگەر لەمەولا لەسەر شتێكی دی پرسیارم لێ كردیت ئەوا هاوڕێیەتیم مەكە بەڕاستی هیچ بیانووو پاساوێكم لەلای تۆ نەماوە).

ئینجا دەستیان بەڕۆشتن كردەوە تاگەیشتنە گوندێك كە خەڵكێكی نەفام‌و سپڵەی تێدا دەژیان ئەوانیش هەردووكیان بەنێو كۆمەڵانی خەڵكی ئەو گوندەدا سووڕانەوەو داوای میوانداری‌و خۆراكیان لێ دەكردن، خەڵكەكەش قایل نەبوون كە میوانداریيان بكەن، كەچی وێڕای ئەوەش خدر (دیوارێكی درز تێبووی ماڵێكی كە خەریك بوو دەڕووخا) چاك كردەوەو نەیهێشت بڕووخێت.

لەوکاتەدا (مووسا) جارێکی تر ڕەخنەی لە(خدر) گرتەوەو پێی گوت: (ئێمە هاتینە ناو ئەم خەڵکەو، میواندارییشیان نەکردینو، خۆراکیان پێ نەداین، تۆش گەر بتویستایە کرێیەکت لەسەر ئەو دیوارە وەردەگرت).

(خدر) لەوەڵامدا پێی گوت: (ئیتر بەسە ئێستا هۆو مەبەستەکانی ئەو کارانەمت پێ دەڵێم کە لەتواناتدا نەبوو ئارامیان لەسەر بگریتو قسەیان لەسەر نەکەیت. سەبارەت بە پاپۆرەکە: ئەو پاپۆرە موڵکی چەند هەژارێك بوو کە لە دەریادا کاریان پێ دەکرد، من بۆیە ویستم کونی بکەمو عەیبداری بکەم، چونکە لەوسەرەوە پادشایەکی زۆردار هەبوو دەیویست هەموو پاپۆڕێکی چاك بە زوڵمو ستەم داگیر بکات، جا ئەو پاپۆرەی کە بەرەو لای دەچوو کە ئەو دەیوست قۆرخی بکات بۆ خۆی، دیتی کون کراوەو بەکەڵکی نایەت، بۆیە چاوی لێنووقاندو، دواتر خاوەنە هەژارەکانی کەشتییەکەش بە تەختەیەك چاکیان کردەوە سەبارەت بەکوڕە مێردمنداڵەکەش: لەو ڕۆژەوەی لەدایك بووە بەنەریتێکی کافرانە دەژیاو، باوكو دایکیشی نازوسۆزێکی زۆریان پێدابوو، خۆ ئەگەر گەورە ببوایەو لەلایان بوایە ئەوا بە کوفرو زۆردارییەکی زۆرەوە تەنگی پێ هەڵدە چنیین، ئێمەش ویستمان خودای پەروەردگاریان کوڕێکی باشتریان پێ ببەخشێت کە پاکترو بەڕەحمتر بێت بۆیان.

دیوارەکەش هی دوو کوڕی مێردمنداڵی هەتیوو بوو لە ناوچەکەداو لەژێر دیوارەکەیاندا گەنجینەیەکی حەشاردراو هەبوو دایكو باوکیشیان دووکەسی چاكو بۆ خوا سوڵحاو بوون، خودای پەروەردگار لەمەدا خواستی وابوو کە ئەو دوو کوڕە تا گەورە دەبنو باڵغ دەبن ئەو گەنجینەیەیان بۆ بمێنێتو دەری بێننو سوودی لێ ببینن)[1].

---

(١) بڕوانە ئەم فەرموودەیە لە چەند ڕێگەو ڕیوایەتێکی هەمەجۆرەوە لە (مسلمو بخاري)یەوە گێڕراوەتەوە. بڕوانە (صحیح مسلم) —٤٣- كتاب الفضائل (٤٦)باب من فضائل الخضر، حيث: ٢٣٨٠. بڕوانە (صحیح بخاري) —٣- كتاب العلم (١٩)باب الخروج في طلب العلم، حديث رقم

"هەندێـك مەبەسـتو واتـای فەرموودەكـان"

لێرەدا گرنگترین ئەو ئاماژەو واتایانە وەردەگرین كە لە فەرموودەكانی تایبـەت بەم چیرۆكەوە دەرهێنراون "ئیمامی (نووي) لە (شرح صحیح مسلم)داو (ئیمام ابـن حجر)یش لە كتێبی (فتح الباري)دا ئەم واتایانەیان دیاری كردووە".

١- خۆشویستنی سەفەر بۆ وەرگرتنی زانست، تەنانەت گەر ماوەكەش دووربێت.

٢- خۆشویستنی وەرگرتنـی زانـستی زۆر، چـونكە مرۆڤـ هەرچـەندێك زانـستی دەستكەوێت لە زۆربەی مەسەلە زانستییەكانی تر بێئاگایە.

٣- خۆشویستی فێربوونی زانایـەك لـە زانایـەكی لـەخۆی زیـرەكترەوەو، ڕۆشـتنی بۆلای.

٤- فەزڵو چاكیی خواستنی زانست.

٥- شیاوبوونی هەڵگرتنی ئامرازەكانی توێشووو جۆرەكانی خۆراك لە سەفەردا.

٦- نوانـدنی ئـەدەبی جـوان لەگـەڵ زانـاداو ڕێزگـرتن لـە پـیرانو، وازهێنـان لـە بەرهەڵستی كردنیان.

٧- لێكدانەوەو پاساو هێنانەوە بۆ ئەو وتەو كردارو كردەوانەی كە بەڕواڵەت لێیـان تێناگەین.

٨- پابەندی بە پەیمانو بەڵێنەكانەوەو داواكردنی لێبوردن لەكاتی شكاندنی پەیماندا.

٩- شیاو بوونی بەكرێ گرتنی پاپۆڕ.

---

(٧٨)و كتاب العلم (٤٤) باب مایستحب للعالم، حدیث رقم (١٢٢) و (٦٠) كتاب احادیث الانبیاء (٢٧) باب حدیث الخضر مع موسى حدیث (٣٤٠٠)و (٣٤٠١) و(٦٥) كتاب التفسیر (٢) باب (واذ قال موسى لفتاه، حدیث (٤٧٢٥) ورقم (٤٧٢٦)و (٤٧٢٥) .

١٠- شیاو بوونی سواربوونی پاپۆڕو هۆیـەکانی تـری گەیانـدنو، دانیـشتنی نێـو خانووبەرەو لەبەرکردنی جلو بەرگ بەبێ کرێ وبەرەزامەندیی خاوەنەکەی.

١١- حوکم کردن بەڕواڵەت تاکو پێچەوانەی ڕواڵەتەکە (ناوەڕۆك) ڕوون دەبێتەوە.

١٢- خۆشویستنی دووعاکردنی مرۆڤـ، یەکەم جار بۆ خۆیو، پاشان بۆ کەسانی تر لە کاروباری ڕۆژی دوایـی دا، بـەڵام بۆکاروبـاری دنیـاو دەسـکەوتەکانی دنیـا باشتروایە مرۆڤی ئیماندار یەکەمجار ئەوانەی بۆ کەسانی تر بوێتو، خـەڵکی تـر بخاتە پێش خۆی.

١٣- شیاو بوونی خزمەتکردنی مرۆڤی زاناو پیاوچـاكو، دابـین کردنـی پێویـستی یەکانی بەبێ بەرامبەر.

١٤- هاندان لەسەر لەخۆبوردوویی لەزانستو کاری تردا.

١٥-ڕێنماییکردنی کەسی زانا لەکاتێکدا ئەگەر پرسیاری ئەوەی لێ کرا کـە ئایـا کێ زاناترین کەسە، با لەوەڵام دابڵێت (خودا دەزانێت کێیە).

١٦- پێویست بوونی خۆ تەسلیم کردن بە هەر یاسایەك هێناوێتی، تەنانـەت گـەر هەندێك هۆو حیکمەتیشی بۆ عەقڵی خەڵکی دەرنەکەوتبێت[1].

١٧- شیاوبوونی مشتومڕ لەسەر زانست ئەگەر بەبێ نکووڵیو سەرکێشی بێت.

١٨- پێویستبوونی گەڕانەوە بۆ لای زانستمەندان لەکاتی ناکۆکی دا.

١٩- کارکردن بەیەك هەواڵو بەسەرهاتی ڕاستەقینە[2].

٢٠- ڕای ڕاستو یەکلاکراوە دەربارەی (خدر) ئەوەیە، کە پێغەمبـەرێك بووبێـت، ئەمەش بەگوێرەی چەندین بەڵگە کە (ان شاء الله) لەدواییدا باسیان دەکەین.

---

(١) بۆ ئەم بەڵگانە بڕوانە: (شرح النووی علی مسلم، (١٥/١٣٧)و (١٥/١٤٦-١٤٧).

(٢) بۆ ئەم بەڵگانەش بڕوانە: (فتح الباری ١: ١٦٩.

٢١- بێگومان خودا بەخواستی خۆی هەڵس‌وکەوت لە موڵکی گەردووندا دەکات‌و هەر بەخواستی خۆیشی حوکم لەنێو مەخلووقاتی دا دەکات.

٢٢- ڕای یەکلاکراو لەسەر ژیانی (خدر) ئەوەیە، کە پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەرمان محمد ﷺ مردووە، (ان اشاء الله) لەدواییدا دێینە سەر ئەم مەسەلەیەش.

٢٣- شیاوبوونی گوتنی زانا بە خەڵکی (لێم بپرسن)، ئەگەر دووربوو لە نەریتی بەخۆوە نازین، یان ئەگەر پێداویستی ڕۆژگار وای دەخواست، کە وەك زانا خۆی بە خەڵك پیشان دات‌و داوایان لێبکات، کە پرسیاری لێ بکەن.

٢٤- ماسییەکە ماسییەکی مردووی سوێرکراو بوو، خوداش زیندووی کردەوەو، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر زیندووکردنەوە.

٢٥- بێگومان کوڕە مێردمنداڵەکەی یاوەری مووسا، کە لە هۆزەکەیدا جێنشینیشی بووە، ناوی (یوشعی کوڕی نون) بووە ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ.

٢٦- شیاوبوونی ناوبردنی شوێنکەوتووی کەسێك بە (فتی) وەك ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَىٰهُ ﴾[1].

٢٧- شیاوبوونی کارپێکردنی مرۆڤی ئازاد (حر) لەکارێك لەکارەکاندا.

٢٨- پێویست بوونی گوێڕایەڵی کردنی خزمەتکار بۆ گەورەو خزمەتکراوی.

٢٩- ڕەوایی پاساوی کەسێك کەشتی لەبیرچۆتەوە، چونکە هیچ چارەیەك بۆ لەبیرچوونەوەکەی نیە.

---

(١) لەزمانی عەرەبیدا وشەی (فتی) جگە لە کەسێکی نەوجەوانو تازە پێگەیشتوو، چەندین مانای تری وەك (خادم) خزمەتکارو، (سخی/ بەخشندە) و (ذوالنجدة/ فریاد ڕەس) و چەند مانایەکی تریش دەگەیەنێت. مێ یینە (مؤنث) یشی (فتاة)ە (وەرگێڕ)

٣٠- وەرگرتنی دیاری له کەسێکی ناموسڵمانیش.

٣١- مرۆڤی موسڵمان بۆی شیاوه کەئەگەر ماندوێتی یەك، یان نەخۆشی یەك، یان هەژارییەکی تووش بوو، کەسانی تر لەو حاڵەتەی خۆی ئاگادار بکاتەوه.

٣٢- ئەوکەسەی له سەفەردا ڕوو له خودایەو خودای لەبیره، خوداش لەو سەفەرەدا کۆمەکی دەکاتو، ئیدی بەزوویی تووشی ماندووێتیو برسێتی نابێت، ئەمەش بەپێچەوانەی کەسێکەوه که لەجیاتی ڕووکردنه خودا بەتەمای کەسانی دی یه.

٣٣- شیاوبوونی داواکردنی میوانداریێتیو، داواکردنی خۆراكو خواردەمەنی.

٣٤- خستنەڕووی پاساوو له جاری یەکەم داو، خستنه ڕووی بەڵگەش لەجاری دووەم دا.

٣٥- ئەدەبی جوان لەگەڵ خواداو، هیچ وەسفو بێژەیەکی ناشیرین نەخرێته پاڵ خودا[١].

"مانای چەند وشەیەکی گرانی نێو ئایەتەکان"

١- مَجۡمَعَ ٱلۡبَحۡرَيۡنِ : (شوێنی پێك گەیشتنی هەردوو دەریاکه).

٢- أَوۡ أَمۡضِيَ حُقُبٗا : (چەندن ساڵی درێژ دەڕۆم)

٣- سَرَبٗا: (ڕێگەیەکی کراوەو جێی پیاتێپەڕبوون).

٤- نَصَبٗا: (زەحمەتو ماندوێتی).

٥- فَٱرۡتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا قَصَصٗا : (له ڕێگەدا گەڕانەوه بۆ سەر ئاسەواری یەکەم (شوێن پێ)یان لەو جێگەیەوەی که پشوویان لێ دابوو).

(١) بۆ ئەم بەڵگانه بڕوانه: "فتح الباري (٨ : ٤٠٩-٤٢٢)"

٦- خُبۡرٗا : (زانستو زانیارییه‌ك).

٧- وَلَا تُرۡهِقۡنِي مِنۡ أَمۡرِي عُسۡرٗا : (بارگرانیو ناره‌حه‌تی مه‌خه‌ره‌ ئه‌ستۆم).

٨- شَيۡـٔٗا نُّكۡرٗا : (شتێكی نابه‌جێ)

٩- وَرَآءَهُم مَّلِكٞ : (له‌ پادشا یه‌ك به‌دواوه‌یانه‌).

١٠- يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ : (خه‌ریك بوو ده‌ڕووخا)

١١- يُرۡهِقَهُمَا طُغۡيَٰنٗا: (له‌ ئاكامدا به‌ سته‌مو زۆرداریی ته‌نگی پێ هه‌ڵده‌چنیین).

١٢- زَكَوٰةٗ : (پاكیی ئایینو چاكیی ده‌روون).

١٣- وَأَقۡرَبَ رُحۡمٗا : (ڕه‌حمیان پێ بكاتو چاكو به‌ئه‌مه‌ك بێت بۆیان).

١٤- يَبۡلُغَآ أَشُدَّهُمَا : (گه‌وره‌بنو بگه‌نه‌ كاتی ژیریو عاقل بوون).

"خزمه‌تكاره‌كه‌ی مووسا (یوشع) ی كوڕی (نون)ه"

خودا فه‌رموویه‌تی: (وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَىٰهُ). لێره‌دا (فتی) به‌و لاوه‌ ده‌وترێت، كه‌ له‌ هه‌ره‌تی پێگه‌یشتن دایه‌و له‌ سه‌ره‌تای ته‌مه‌نی لاوی دایه‌.. هه‌روه‌ها وشه‌ی (فتی) به‌كه‌سێكی (به‌نده‌)و به‌كه‌سێكی (شوێنكه‌وتوو یاوه‌ری كه‌سێكی تر)یش ده‌گوترێت. ئه‌م لاوه‌ی (مووسا)ش (یوشعی كوری نون) بووه‌ - خوا لێی ڕازی بێت ـ ئه‌مه‌ش له‌خۆمانه‌وه‌ نایلێین، به‌ڵكو له‌ دیاریكردنی ئه‌م ناوه‌دا پشتمان به‌ فه‌رموده‌یكی پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌ستووه‌، چونكه‌ گه‌ر فه‌رمووده‌كه‌ ئه‌و ناوه‌ی دیاری نه‌كردایه‌، ئێمه‌ش دیاریمان نه‌ده‌كردو، به‌ڵكو هه‌ر له‌ چوارچێوه‌ی لایه‌نه‌ نادیاره‌كانی ئه‌م چیرۆكه‌دا ده‌مانهێشته‌وه‌.

وه‌ك له‌ برگه‌یه‌كی پێشوودا ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌مان هێنایه‌وه‌ كه‌ (بخاري ومسلم) له‌ (ابــن عبــاس)ه‌وه‌ - خــوا لێــی رازی بێــت- و ئــه‌ویش لــه‌ پێغه‌مبــه‌ره‌وه‌ ﷺ گێڕاوێتیه‌وه‌و كه‌ له‌ ده‌قی فه‌رمووده‌كه‌دا هاتبوو: ((**فانطلق، وانطلق معه فتاه وهـو (يوشع بن نون، فحمـل موسـى عليـه الـسلام حوتـا في مكتـل، وانطلـق هـو فتـاه يـمشيان**))[1]. واتــه‌ (مووســا ده‌ســتی كــرد به‌ڕۆشــتن‌و كــوڕه‌ مێردمنداڵه‌كــه‌ی یاوه‌ریشی له‌گه‌ڵیدا ده‌ستی كـرد بـه‌ ڕۆیـشتن، كـه‌ (یوشـعی كـوڕی نـون) بـووه‌، مووساش ماسییه‌كی له‌ زه‌مبیله‌یه‌كدا هه‌ڵگرت‌و هـه‌ردووكیان (خـۆی‌و كوڕه‌كـه‌) به‌ڕێگاوه‌ هه‌نگاویان ده‌نا).

(یوشعی كوڕی نون) كه‌ نه‌وجـه‌وانێكی خزمـه‌تكارو یـاوه‌ری (مووسـا)بـووه‌ ـ سڵاوی خودای لیّ بێت ـ بـه‌رای هه‌نـدێك كـه‌س لـه‌ زانایـانی ته‌فـسیر، پله‌یـه‌كی نزیكتری له‌ ئاشنایه‌تی (مووسا)دا هه‌یه‌، به‌ڵام زاناكان له‌م پله‌یه‌دا وته‌و بیــروڕای لێك جوداو جیاوازیان هه‌یه‌، كه‌ وته‌كانیان زۆر له‌یه‌كتر جیـاوازن. هه‌نـدێك زانـای تری ته‌فسیریش ڕایان وایه‌، كه‌ ئه‌م لاوه‌ ته‌نها خزمه‌تكارێكی مووساو به‌نده‌یـه‌كی، یان نیمچه‌ كۆیله‌یه‌كی بووه‌، له‌م ڕایه‌یانه‌دا پشتیان به‌شـێوه‌ ده‌ربڕینه‌كـه‌ی قورئـان ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَاهُ ﴾ به‌ســتووه‌، به‌وپێودانگــه‌ی، كــه‌ وشــه‌ی (فتــی) بــۆ خزمــه‌تكارێكی به‌نــده‌ ده‌گوترێــت. بــه‌ڵام وادیــاره‌ مه‌ســه‌له‌كه‌ له‌مــه‌ ســاناتره‌و، ئایه‌ته‌كه‌ش ده‌لاله‌ت ناكاته‌ سه‌ر ئه‌و مانایانه‌ی ئه‌وان‌.. ئه‌ی كیّ گوتوویه‌تی، كـه‌ گوایه‌ وشه‌ی (فتی)، ته‌نها بۆ خزمه‌تكارێكی به‌نده‌ به‌كاردێت؟! له‌م ڕووه‌وه‌ (ئیمـام راغبی اصفهانی) له‌كتێبی (مفردات)ه‌كه‌یدا لـه‌باره‌ی ئـه‌م وشـه‌یه‌وه‌ گوتوویـه‌تی:

---

(١) من پێشتر له‌ سه‌ره‌تای ئه‌م چیرۆكه‌وه‌ ده‌قه‌ عه‌ره‌بییه‌كه‌ی فه‌رمووده‌كه‌م نه‌نووسیوه‌ته‌وه‌، چـونكه‌ زۆر درێژه‌و لاپه‌ره‌یه‌كی گه‌لیّ زیاتر داگیر ده‌كـات بـه‌ڵكو تـه‌نها ته‌رجه‌مـه‌ كوردییه‌كـه‌یم دیـاری كردووه‌، جیّی باشیشه‌ له‌ نوسخه‌ عـه‌ره‌بییه‌كه‌ی ئـه‌م كتێبـه‌دا (ده‌قـی فه‌رمووده‌كـه‌) هه‌یـه‌و، لـه‌ (صححين)یشدا هه‌یه‌.

"(الفتی) واته‌ ئه‌و گه‌نجه‌ی تازه‌ پێده‌گات‌و هێشتا نه‌رم‌و ڕۆح سووك‌و تازه‌ بالْغ بووه‌.. مێیینه‌ی وشه‌كه‌ش (فتاة)ه‌، چاوگ (مصدر)ه‌كه‌شی (فتاء)ه‌و، به‌ڵام له‌ كینایه‌تدا بۆ به‌نده‌ش ـ پیاوبێت یان ئافره‌ت ـ به‌كاردێت"[1].

ڕیشه‌ی به‌كارهێنانی (فتی) بۆ ئه‌وگه‌نجه‌ ناسك‌و تازه‌ پێگه‌یشتووه‌یه‌، كه‌ له‌ سه‌ره‌تای ته‌مه‌ن دایه‌، به‌ڵام به‌كارهێنانیشی بۆ به‌نده‌كۆیله‌كان له‌ڕووی خوازراویی ناوو كینایه‌ت‌و مه‌جازه‌ وه‌یه‌.

قورئانی پیرۆز له‌ شوێنێكدا وشه‌ (فتی) واته‌ (وشه‌ی لاوی تازه‌پێگه‌یشتووی) بۆ (ئیبراهیمی خه‌لیل) ـ سلاوی خودای لێ بێت- داناوه‌ وه‌ك له‌ فه‌رمایشته‌كه‌ی خوادا هاتووه‌، كه‌ له‌سه‌ر زاری كافرانی گه‌له‌كه‌ی خودا فه‌رموویه‌تی: ﴿قَالُوا۟ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ ﴿٦٠﴾ الأنبياء﴾، واته‌ (گوێمان له‌ گه‌نجێكی تازه‌ پێگه‌یشتوو بوو، كه‌ ناوی (ئیبراهیم) بوو و هێرشی قسه‌ی ده‌كرده‌ سه‌ر بته‌كانمان).

(یوشعی كوڕی نون)یش له‌ هه‌رەتی لاویدا بووه‌، كاتێك له‌و سه‌فه‌ره‌دا یاوه‌ریه‌تی (مووسا)ی كردووه‌، وه‌ك له‌ ئایه‌ته‌كه‌شه‌وه‌ ده‌ركه‌وتووه‌، كه‌ لاوێك بووه‌.

هه‌روه‌ها سه‌رنجێكی تر له‌ به‌كار هێنانی وشه‌ی (فتی)دا بۆ (یوشعی كوڕی نون) هه‌یه‌، ئه‌وه‌ش ئاماژه‌ دانێكه‌ به‌گوێڕایه‌ڵی (یوشع) بۆ پێغه‌مبه‌ری خودا (مووسا)ـ سلاوی خودای لێ بێت وـ هه‌روه‌ها بۆ شوێنكه‌وتنی‌و په‌یڕه‌وییكردنی، دیاره‌ ئه‌مه‌ش هاوشێوه‌ی گوێڕایه‌ڵیی به‌نده‌ (عه‌بد)ێكه‌ بۆ ئاغاكه‌ی‌و شوێنكه‌وتنی، پاشان زیادكردنی وشه‌ی (فتی) بۆ مووسا، كه‌ فه‌رموویه‌تی: (فتاه) زیادكردنێكی ڕێزلێنان‌و قه‌درگرتنی (یوشع)یشه‌، ئیدی هیچ وه‌سفێك له‌وه‌ باشتر نه‌بووه‌، كه‌ (نه‌وجه‌وان‌و شوێنكه‌وتووو یاوه‌ری پێغه‌مبه‌رێكی به‌ڕێزه‌)و، كه‌ له‌ پێغه‌مبه‌رانی خاوه‌ن عه‌زم‌و كۆششی قورسن..

---

(١) (المفردات، ص٣٧٢-٣ و٣٣٣.

ئایـا (یوشـعی کـوڕی نون) پێغەمبـەر بووە ؟

هەندێك لە زانایانی تەفسیر وای بـۆ دەچـن، کـەوا (یوشـع) یـەکێك بێـت لـە پێغەمبەران، لەوانەیە ئـەم بـۆ چوونەشـیان لـەو جوولەکانـەی (بنـو اسـرائیل)ەوە وەرگرتبێت، کە گوویانە (ئەو پێغەمبەر بووە، گوتووشیانە (یوشـعی کـوڕی نـون) دوای کۆچی دوایی (مووسا) ـ سـلاوی خـودای لـێ بێـت ـ سـەرکردایەتی گـەلی (بنوسرائیلی کردووەو گەیاندونیە نێو فەڵەسـتینەوەو، بیـت المقـدس)ی پـێ ئـازاد (فتح) کردوون لەمەشدا هـیچ بەڵگەیـەك لەسـەر پێغەمەرێتییەکـەی نیـە. چـەند زانایەکی تریش بەڵگەیان بۆ پێغەمبەرێتی (یوشعی کوڕی نون) ئەو فەرموودەیـەی پێغەمبەری خودایە ﷺ، کە (ئیمامی مسلم) لە صحیحەکەیدا هێناویەتی، کە لە (ابـو هریـر)ەوە ﷺ و ئـەویش لـە پێغەمبـەری خـوداوە ﷺ گێڕاوێتیـەوە، کـە فەرموویەتی: **((غزا نبـي من الانبياء فقال لقومه: لا يتبعني رجل قد ملك بـضع امراة بضع امراة وهو يريد أن يبنى بها، لمايبن، ولا آخر قد بنى بنيانـاً وهـو يريـد غنما أو خلفات ولما يرفع سقفها، ولا آخر قد اشترى غنمـاً أو خلفـات وهـو منظـر ولادها فغـزا فأدنى للقرية حيـن صـلاة العصر، أو قريبـا من ذلك فقـال للشـمس: ان مأموره وانا مأمور. اللّهم احبسها علي شيئا. فحبست عليـه، حتـى فـتح الله عليـه))**[1].. ئەم فەرموودەیە باسی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران دەکات، کە ناوی نەبردووەو داوای لە گەلەکـەی کـردووە بـۆ جیهـاد دوای کـەون، مەگـەر پیاوێـك خانوویەکی تازەی دروست کردووەو هێشتا سەربانی بۆ نەکردووە، یـان کەسـێك، کە مەڕو ماڵاتێکی کڕیوە، یـاخود ئـاژەڵی شـیردەرو گوانـداری کڕیـوەو چـاوەڕێی زاووزێ کردنیان دەکات...

---

(١) مسلم (٣٢) کتاب الجهاد والسير (١١) باب تحليل الغنائم لهذه الامة، حديث (١٧٤٧).

ئینجا جیهادەکەی بەئەنجام داوەو لـە شـارەکە نزیـك بۆتـەوە لـەکاتی نوێـژی عەسرا یان لە کاتێکی نزیك لە نوێژی عەسـردا، بـە (خۆرەکەشـی) گوتـووە: "تـۆ فەرمان پێکراوێکیت، وەك چۆن منیش فەرمان پێکراوێکم، خودایە ماوەیـەك ئـەم خۆرەم بۆ بووەستێنە) ئینجا خۆرەکەی بۆ وەستێنراوە هەتا ئەوکاتـەی بەیارمـەتی خودا فەتحی شارەکەی کردووە".

لەم فەرموودەیەدا نـاوی ئـەو پێغەمبـەرە نـەهاتووە کـە خـودا خۆرەکـەی بـۆ وەستاندووە، بۆیە ئێمـەش نـاتوانین نـاوێکی بـۆ دیـاری بکـەین.. سـەبارەت بـە پێغەمبەرێتیی (یوشع)یش وای دەبینین کە باشترو ڕاستتر وایە لەوەدا بوەستین، نە دان بەناوەکـەدا بنـێین نـە ڕەتیـشی بکەینـەوە، چـونکە ئەگـەر دان بـە پێغەمبەرێتییەکەی دابنێین، ئەوا لەوانەیە پێغەمبەر نەبووبێت و ئێمەش وامان لـێ دێت بیخەینە ڕیزی پێغەمبەرانەوەو لەوانیش نیەو، ئەمەش کارێکی نەشـیاوە خـۆ ئەگەر لەخۆمانەوە (بەبێ بەڵگەیـەك) پێغەمبـەرێتیی لـێ بکەینـەوەو دانـی پـێ دانەنێین، ئەوا لەوانەیە ئەگەر پێغەمبەرێك بووبێـت وامـان لـێ دێـت یـەکێك لـە پێغەمبەران لەو بازنەیەدا لابەرین، ئەمەش دووبارە کارێکی نەشیاوە..

بۆیە وای دەبینین کە (ڕاستترو گونجـاوتر لەگـەڵ بـاری زانـستیو مەنهەجیـدا) ئەوەیە لەئاست ئەمەدا هەڵوێستە بکەین و هیچ ڕایەك لەسەر ئەوەی کە (یوشـع)ی کوڕی (نون) پێغەمبەر بووە، یان نا، دەرنەبڕین.

رۆڵی (یوشــع) لە کۆمــەڵگــای (بنو اســرائیل)دا

هەموو ئەو وتانەی دەربارەی (یوشعی کوری نــون) گــوتراون، ئەوەیــە (نــاوبراو ئەوکەسەیە، کە دوای مووسا جڵەوی سەرکردایەتی (بنواسرائیل)ی گرتۆتە دەستو، پیاوێکی چاكو ئیماندارو خواپەرست بووەو، پەیڕەویی حوکمو شەریعەتی خودای لە جیهادو کوشتاردا کردووە.

هەروەها لەلای (بنواسرائیل) لەوپلە بەرزەدابووە، کــە (ابــوبکری صــدیق) ﷺ لەلای موسڵمانان هەیبووە.

بەڵام لە سەرچاوەکانی بەسەرهاتی (بنواسرائیل)دا، چەندین داستانی ئەفسانەی دروستکراو لەسەر (یوشعی کوڕی نون) گێڕراوەتەوە، بەتایبەتیش دەربارەی جەنگو کوشتاریی لەگەڵ دوژمنانداو، چۆنیەتی فــەتح کردنــی شــارەکانی فەڵەســتین، وەك (ئەریحا)و (بیت المقدس). دیارە ئەوادستانە ئەفسانەیی یانــە، هــەموویان چــەندین درۆو دەلەسەو شتی پووچــەڵو دروســتکراونو، چــەند کەســێکیش لــە عەرەبــەکان بڕوایان بەو درۆو دەلەسەو ئەفسانە ئیسرائیلیانە کردووەو، (یوشــع)یــان بــە زوڵــمو زەبرو زەنــگو وێرانکــاریو توندوتیــژیو تۆقانــدنو شــێواندن، خــەتابار کــردووە، هەروەها ڕقیان لێی بۆتەوەو سەرزەنــشتیان کــردووە. وەك دەشــبینینو زانیومانــە، (یوشع) لە هەموو ئەو وتانە بەریو بێتاوانەو، لە هەموو ئــەو پڕوپاگانــدەو قــسە هەڵبەســتراوانەش پــاكو تــەمیزەو، بەندەیــەکی چــاکی خــوداو، موجاهیــدێکی دادپەروەرو بانگەوازکارێکی ڕێبازی خودا بووە.

"هەڵوێستەیەك لەگەڵ (نوف البکالی)دا"

پێشتر لە بڕگەیەکی سەرەتایی ئەم باسەدا وتەیەکی (ابن عباس)مان لە (سعیدی کوڕی جبر) لەبارەی (نوف البکالی)یەوە هێنایەوە کە (سعید) بە (ابن عباس)ی گوتبوو: " خودا بمکات بەفیدای تۆ، لە (کووفە) پیاوێکی چیرۆکزان هەیە ناوی (نوف البکالی)یەو وای ڕادەگەیەنێت گوایە (مووسا) ـ سڵاوی لێ بێت ـ کە پێغەمبەری (بنو اسرائیل)ە، ئەو (مووسا)یەتی یە کە لەگەڵ (خدر)دا ئەو سەفەرەی کردووە). (ابن عباس)یش گوتبووی:- (ئەوە دوژمنی خودایەو درۆ دەکات) پاشان فەرموودەکەی پێغەمبەری لە (ابی ی کوڕی کعب)ەوە هێنابووەوە.

وادیارە ئەوەی پاڵی بە (نوف البکالی)یەوە ناوە بۆ ئەم وتەیە، دووهۆن، یەکەم: گوایە مەحاڵەو بەهیچ شێوەیەك نەشیاوە، کە (مووسا)ی پێغەمبەری خودا -سڵاوی خودای لەسەر بێت- زانست لە (خدر)ەوە فێربێت. ئەمەش لە ڕادەو پلەی بەرزی (مووسا)دا نیە، سائیتر (خدر) بە پێغەمبەری دابنێین، یان بە پیاوچاکێك. بەیارمەتی خودا لە دواییدا وەڵامی ئەم گومانەش دەدەینەوە.

دووەم: ناوبراو ئەم وتەیەی لە دەقە ئیسرائیلیەکانەوە وەرگرتووە، هەر بەو دەقانەش فەرمایشتەکەی خودای تەفسیر کردووە.

بێگومان (نوف) خۆیشی پەیوەندییەکی بەهێزی بە (کعب الأخبار)ی زانای جوولەکەکانەوە هەبووە، چونکە ئەو (نوف)ی کوڕی (فضالەی بکالی) بووەو سەر بە بنەماڵەی (بنی بکال) لە هۆزی (حیمیەر)ی یەمەنەوە بووە. هەروەها کوڕی ژنەکەی (کعبی احبار)بووە[1]، واتە: (کعب) (زڕباب)ی بووە. نابێت ئەو ڕاستییەشمان

---

(١) بڕوانە (فتح الباري، ٨: ٤١٣).

لەبیرچێت کە (کعبی احبار) جوولەکەیەك بووە لە جوولەکەکانی (یەمەن)، پاشان لەسەردەمی خەلافەتی (عومەری کوڕی خطاب)دا رضي الله عنه موسڵمان بووە.

زانایانی ئیسلام قسەوباسێکی فرەیان لەسەر (کعبی الاحبار)و لەسەر ڕادەی زانستو بەسەرهاتو هەواڵەکانی هەیەو کە لە دەقەکانی (ئیسرائیلیات)ەوەی وەرگرتوونو فەرمایشتی خودای پێ تەفسیر کردوون.. لەوانەشە (نوف البکالی) ئەم بیروڕایانەی لە مێردەکەی دایکییەوە واتە (کعب الاحبار)ەوە وەرگرتبێت، بۆیە نکۆڵیی کردووە لە (گەیشتنی (مووسا)ی پێغەمبەری خودا بە (خدر)سلاوی لێ بێت) و، لەجیاتی ئەوە کەسێکی تر لە هۆزی (بنواسرائیل) کە گوایە ئەویش ناوی (مووسا) بووەو بەیاوەری (خدر) داناوە.

بێگومان ئەم هەڵوێستەی (نوف البکالی) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە چەند بڕیارێکی نامۆی پێشترەوە تەماشای قورئانی کردووەو بەو بڕیارانەو بە چیرۆكو بەسەرهاتی پێشینەکانی نێو دەقە ئیسرایلییەکانەوە فەرمایشتی خودای لە قورئاندا پێ تەفسیر کردووە.. ئەمەش هەڵەیەکی نێو مەنهەجەکەیەتیو، لە ئەنجامیشدا هەر بۆ هەڵەو کەموکووڕی پەلی هاویشتووەو، بە هەڵەش تەفسیری کردووە. بەلام بێگومان هاوەلان (صحابە)ی پێغەمبەری خودا —خوا لێیان ڕازی بێ- سووربوون لەسەر پابەندیی بە مەنهەجی زانستیی پتەوەوە لە تێگەیشتنی قورئانو تەفسیرکردنیو، دەرهێنانی پەندو ئامارەکانیو، گەیاندنیان بەم جۆرە بە قوتابییەکانیان، هەروەها هاوەلانی بەتوندی دژی هەرکەسێك بوون لەوانەی کە سەرپێچییان لەم مەنهەجە دەکرد. ئەم ڕژدییەشیان لەسەر مەنهەجەکە لەو وتەیەی (ابن عباس) ڕەنگی داوەتەوە کە دەربارەی (نون البکالی) گوتبووی: (ئەوە دوژمنی خودایەو درۆ دەکات).

(ابن حجر) لە لێکدانەوەی وتەکەی (ابن عباس)دا گوتوویەتی: "وتەی (ابن عباس) کە لەبارەی (نوف البکالی)یەوە گوتبووی (درۆ دەکات)و، (دوژمنی

خودایە) ئەم دوو برگەیە لەوپەری سەرزەنشتو بەدرۆخستنەوەی وتەکەی کابرادان کە هیچ جێی بڕوا پێکردن نیە"[1].

خۆ (نوف) لەڕاستیدا درۆزن نەبوەو دوژمنێکی خوداش نەبووە، چونکە موسڵمانێکی ڕاستگۆو بەتەقواش بووە، بەڵام وتەکەی خۆی دەربارەی (مووسا)، کە گوایە (مووسا پێغەمبەر نەبووە لەگەڵ (خدر)دا) تەنها ئەم وتەیەی بووە، کە هەڵەیەکی لە (مەنهەجی مامەڵەی لەگەڵ قورئاندا) دەرخستووە، هەر بۆیەش (ابن عباس) بەتوندی سەرزەنشتی کردووەو وای وەسف کردووە، کە درۆزنو دوژمنی خودایە: (کذب عدو الله)..

"هاوڕێکەی (مووسا)ش (خدر) بووە"

ئەو بەندە چاکە (العبد الصالح)ەی خوداش، کە لەگەڵ (مووسا)دا بەڕێدا ڕۆشتوە (خدر) بووە. ئەم ناوەش لە قورئاندا نەهاتووە، هەرچەندە لە ناوو مەسەلە نادیارەکانی قورئانیشە، بەڵام لە فەرموودەی ڕاست (صحیح)دا ڕوونکراوەتەوە، پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ناوەی دەسنیشان کردووە.. وەك لەو فەرموودانەیدا، کە (بخاري و مسلم)و ئەوانی دی گێڕاویانەتەوە.

خۆ ئەگەر لە فەرموودەدا ناوی نەهاتبایە، ئەوا ئێمەش لە خۆمانەوە هەوڵی دیاری کردنیمان نەدەدا، بەڵکو هەر لە ڕیزی نادیارەکانی قورئاندا دەمانهێشتەوە.

بەڵام لە فەرموودەیەکدا هۆی ناونانی بە(خدر) دەستنیشان کراوە، فەرموودەکەش (بخاري) لە (ابو هریرە)وە ـ خودا لێی رازی بێت ـ و ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوێتیەوە، کە فەرموویەتی: **((انما سمي الخضر، لانه جلس**

[1] بڕوانە فتح الباري، ٨: ٤١٣).

علی فروة بیضاء فأذا تهتز من تحته خضراء))[1]، واتە: " بۆیە بە (خدر)، یان بە (خضر) ناوبراوە چونکە لەسەر خورییەکی سپی دانیشتووەو لەژێر خۆیشیەوە وەك سەوزاییەك لەریوەتەوە). لەم فەرموودەیەدا وشەی خوری سپی (الفروة البیضاء) وەك عبدالرزاق لە (مصنف)ەکەیدا دەربارەی گوتوویەتی: (قامیشی سپییە). بەڵام (ابراهیم الحربی) لەبارەیەوە گوتوویەتی: (قامیشێکی وشکە). (ابن الاعرابی)یش لەبارەیەوە گوتوویەتی: (زەوییەکی سپی یە کە هیچ ڕووەکێکی تێدا نیە)[2].

ئەوەی لەم فەرموودەیەوە بەدیار دەکەوێت ئەوەیە، ئەم دیاردەیەی، کە لە (خدر)وە بینراوەو بەهۆیەوە ئەو ناوەی لێنراوە، (موعجیزەیەکە) لەو موعجیزانەی خۆی، کە (بەپێی وتەی یەکلاکراوەش دەلالەتە لەسەر پێغەمبەرێتییەکەی). هەروەها ئەوەشی لێ بەدیاردەکەوێت، کە لەسەر پارچە زەوییەکی وشك دانیشتووەو قامیشو گژوگیای وشکی لەژێردابووەو کاتێك لەسەریان دانیشتووە، ژیانیان تێکەوتۆتەوەو سەوز بونەتەوەو لەژێرخۆیدا لەریونەتەوە، واتە گژوگیای سەوز لەسەر ئەو پارچە زەوییە ڕواوە، بۆیەش بە (خدر) ناوبراوە، کە ﴿بەزمانی عەرەبی (خضر)ە﴾و، ئەمەش لە (خضرة)و (اخضرار)ەوە دەرهاوێژراوە، کە ماناکانی (سەوزایی) و(سەوزبوون) دەگەیەنن. چەند شیکارو لێکدانەوەیەکی تریش لەسەرهۆی ناوبردنی بە (خضر) هەیە، کە ئێمە ئاوڕیان لێ نادەینەوە، چونکە لەڕێی فەرموودەیەکی ڕاست (صحیح)ەوە جێگیرو سەلمێنراو نیە، بۆیە تەنها دەست بەو فەرموودەیەی پێشووەوە دەگرین، لە فەرموودەی (صحیح)یشدا ئەو مەسەلانە نیە، کە لە (ضعیف)و (موضوع)ەکاندا هەن.

---

(١) البخاري (٦٠) کتاب الانبیاء و باب (٢٧) حدیث الخضر مع موسی علیهما السلام، حدیث رقم (٣٤٠٢).

(٢) بڕوانە (فتح الباري، ٦: ٤٣٣).

چەند لایەنێکی نەزانراو لە ژیانی (خدر) دا.

ئەی (خدر) کێیە؟ ئێمە هیچی لەبارەوە نالێین.. بێگومان قورئانی پیرۆزیش تەنها لەبۆتەی ئەو گەشتەی لەگەڵ (مووسا)دا بۆی باس کردووین، کە لە سوورەتی (کهف)دایە. فەرموودەی ڕاست (صحیح)ی پێغەمبەریش ﷺ تەنها بڕێکی کەمی خستۆتە سەر ئەو باسەی قورئان، کە لەو گەشتەی لەگەڵ (مووسادا) هێناویەتی. دەنا هەرباس‌و شیکارێکی دی لەمەڕ ژیانیو، ڕەچەڵەکیو، کاروباری ئەو گەشتەو دوای گەشتەکەش، هیچی وایان لە سەرچاوە ڕاستەکانەوە لەبارەوە نەهاتووە. ئێمەش هیچ شتێك لەبارەی ڕەگەزو ڕەچەڵەکیەوە نازانین، هەروەها هیچ شتێکیش دەربارەی سەرەتای ژیانیو منداڵیو لاوێتیی نازانین. هەروەك هیچ زانیاری یەکیشمان دەربارەی ئەو گەلەشەوە نیە، کە لەگەڵیاندا ژیاوە، پاشان ناشزانین، کە ئاخۆ لە هۆزی (بنو اسرائیل) بووە، یان لە هۆزێکی دی. دیارە ناوی ئەو شوێن‌و وڵاتەش نازانین، کە تێیدا نیشتەجێ بووە. ئەی ئاخۆ دوای ئەو گەشتەی لەگەڵ مووسادا چیی بەسەرهاتووە؟ هیچ شتێك لەمبارەیەشەوە نازانین..

خوداش هەر خۆی دەزانێت، کە دوای ئەوەی لە (مووسا) جیابۆتەوە بۆ کوێ ڕۆشتووەو، لە کوێدا نیشتەجێ بووەو، دوای ئەوەش چەندساڵ ژیاوەو، لەکوێ مردووەو، چۆن مردووەو، لە کوێش نێژراوە؟! هەموو ئەم پرسیارانەش هیچ وەڵامێکیان لەلای ئێمە نیە، چونکە لە سەرچاوە ڕاست‌و جێ متمانەکاندا دیاری نەکراون. ڕاستە کە هەواڵزان‌و چیرۆك ناسان، دەربارەی ئەم مەسەلانە دواون‌و هەوڵی ڕوون کردنەوەیان داوەو، بیروڕای جیاوازو لێکنەچووشیان لەسەر وەڵامەکانیان هەیە.

بەڵام لەئاست هەموو وتەو بیروڕاکانیاندا هەڵوێستە دەکەین‌و گومانیشیان لێ دەکەین‌و، وتەکانیان نالێینەوە، چونکە وتەو بیروڕاکانیان لەو سەرچاوە ناڕاستانەوە

وەرگرتووە، بەتایبەتیش لە دەقە ئیسرائیلییەکانو هەواڵو بەسەرهاتە ئەفسانەییەکانی (بنو اسرائیل)ەوە.

بۆیە لێرەدا ئەوەندەی کە هاوەڵان (صحابە) لەم بارەیەوە پێی قایل بوون ئێمەش هەر بەوەندە قایل دەبینو ئەو هێندە زانیارییانەی کە لە قورئانو سوننەتەوە دەربارەی هاتوون بەسمانەو، هەوڵی ڕوون کردنەوەی ئەو لایەنە نەزانراوانەی بەسەرهاتی (خدر) نادەین.

"وتەی ڕاستترین، ئەوەیە (خدر) پێغەمبەرە"

زانایان هاوڕا نین لەسەر حەقیقەتی بەسەرهاتی (خدر)، کە ئاخۆ ئەو پێغەمبەرێکی خودا، یان پیاو چاکێکی خودا بووە؟!

هەندێك زانا لەو بڕوایەدان، کە پیاوچاکێكو دەسەڵاتدارێك بووە، بێئەوەی پێغەمبەر بووبێت. هەندێك کەس لە سۆفییەکانیش گوتوویانە گوایە ناوبراو پیاو چاکێکی خواناس بووەو، بە پڕوپاگاندەی خۆیشیان گوایە خواناس لە پێغەمبەر باشترە، وەك یەکێك لەو سۆفیانەش لەمبارەیەوە گوتوویەتی:-

مقام النبـوة في برزخ فويق الرسول و دون الولي

لەم دێرە شعرەدا لای ئەوان پیاوچاكو خواناس (ولی) لە بەرزترین پلە دایەو پاشان نێرراوی هەواڵبەری خودا (نبّي)، کە پەیامی بۆ نەهاتووەو تەنها پەیامەکانی پێش خۆی بەخەڵکی گەیاندووە، لە پلەیەکی خوارتردایەو، ئینجا هەر بەڕای سۆفیەکان خۆیان، پێغەمبەر (رسول)یش لە نزمترین پلەی لای خوادایە.. بەڕاستی خوداش زۆرزۆر بەرزو باڵاترە لەوەی، کە ئەوان باسی دەکەن.. ﴿سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴿٤٣﴾ الإسراء﴾، بەڵام کۆمەڵی زانایان تێکرا لە

زانایانی تەفسیرو زانایانی (اصول) و(فەرموودە)و مێژوونووسانیش وتەو ڕایان لەسەر ئەوەیە، کە (خدر) پێغەمبەر بووەو، دەڵێن "هیچ فەرموودەیەکی ڕاست (صحیح) نیە لەسەر ئەوەی، کە بە ڕاشکاوی بڕیاری لەسەر پێغەمبەرێتیی دابێت" بەڵام فەزای چیرۆکەکەی لەگەڵ —مووسا) لە قورئاندا، سرووش‌و ئاماژەی پێغەمبەرێتییەکەی دەگەیەنێت.

چەند بەڵگەیەك لەسەر پێغەمبەرێتیەکەی

ئەو بەڵگانەی کە لە ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەوە لەسەر پێغەمبەرێتییەکەی (خدر) وەردەگیرێن ئەمانەن :-

١- ئایەتی ﴿ فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا... (٦٥) الکهف﴾ ئەو ڕەحمەتەی لەم فەرمایشتەی خوادا باسکراوە، ڕەحمەتی پێغەمبەرایەتییەو، خودا بەوی بەخشیوە.. (خدر) خۆیشی جەختی لەسەر ئەو ڕەحمەتی پێغەمبەرێتییە کردووە، کە پێی بەخشراوە، ئەوەبوو لە مەسەلەی لێکدانەوەی کارەکاندا بە مووسای گوتووە: (کە ئەو کارانەی ئەو لە ڕەحمەتێکی خودای پەروەردگارتەوە بووە) ﴿رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ﴾ بەمانای هەرسێ کارەکەی خۆم بەڕەحمەتی خودای پەروەردگارتەوە کردوە، واتە هەرسێ کاری: (عەیبدارکردنی کەشتییەکە)و (کوشتنی منداڵە نەوجەوانەکە)و (ڕاستکردنەوەی دیوارەکە).

٢- فەرمایشتی خودا ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾ ئەوە دەگەیەنێت، کە خودا زانیاریی لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ پێگەیاندووەو، هەواڵی لەسەر چەند شتێکی نەزانراویش پێداوە. زانیاری لای خوداش، واتە (العلم اللدنی)ی نێو ئەم

ئایەتەش ئاماژەیە بۆ پێغەمبەرایەتییەکەی.. بەڵام بەپێی تێگەیشتنی هەندێك توندڕەوی سۆفی گوایە ئەوە زانستیی ناوەکییە لە ڕای ئیلهام وەرگرتنەوە.. ئەمەش ڕاست نیەو وانیە.

٣- وتەی مووساش کە بە خدری گوتبووی (ئایا ڕێم دەدەیت لەگەڵتا بڕۆم بۆ ئەوەی چەند زانیارییەك لەوانەی دەیزانیت فێریانم کەیت ﴿هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا﴾ جا ئەگەر (خدر) پێغەمبەر نەبوایە ئەوا مووسا داوای فێربوونی زانستی لێ نەدەکردو، بەم شێوازە پڕشکۆو ڕێزەوە لەگەڵیا نەدەدواو، ئەوتکایەشی لێ نەدەکردو، بەم ڕەنگەش خۆی تەسلیم نەدەکرد، ئەوەبوو ئەم ئاخاوتنەی نێوانیان هاتەکایەوە کە خودا لە قورئاندا باسی کردون، ﴿...هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا ﴿٦٦﴾ قَالَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا ﴿٦٧﴾ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴿٦٨﴾ قَالَ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرًا وَلَآ أَعْصِى لَكَ أَمْرًا ﴿٦٩﴾ قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعْتَنِى فَلَا تَسْـَٔلْنِى عَن شَىْءٍ حَتَّىٰٓ أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا ﴿٧٠﴾ فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِى ٱلسَّفِينَةِ خَرَقَهَا ۖ قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا إِمْرًا ﴿٧١﴾ الكهف﴾.

٤- ئەگەر (خدر) پێغەمبەر نەبوایە ئەوا پارێزراو (معصوم) نەدەبوو..ئەمەش مانای وایە لەوانەیە هەڵە لە هەندێك ڕەفتاریدا بوایە، ئیدی چۆن پێغەمبەرێکی پارێزراو شوێنی دەکەوتو زانیاریی لێوە فێردەبوو، خۆ ئەگەر لە کردارێکیش بەهەڵەدا چووایە، ئەوا چۆن پێغەمبەرە پارێزراوە، کەواتە- مووسا- دەیکردە پێشەنگو مامۆستا بۆخۆی؟ چونکە کاتێك (مووسا) شوێنی کەوتووەو زانیاریی لێ وەرگرتووەو گوێڕایەڵیی کردوە، ئەوە بەڵگەبووە لەسەر عیصمەتو پارێزراویی (خدر) لە کردارەکانیدا، تەنها پێغەمبەرانیش ئەم خەسڵەتی پارێزراوییو عیمصمەتەیان هەبووە.

٥- بـوێریی (خـدر) لـە کوشـتنی کـوڕە نەوجەوانەکـەدا بەڵگەیەکـە لەسـەر پێغەمبەرێتییەکەی، چونکە کوشتنی کەسێك تەنها بەحەق شیاوە، خـۆ ئەگـەر پێغەمبەرێك نەبوایە ئەوا بە کوفرو بێباوەڕیی کوڕەکەی نەدەزانی، بەتایبـەتیش کە (مووسا)ی پێغەمبەری لەگەڵدایـەو مووسـاش تـا ئەوکاتـە بـە بێبـاوەڕیی کوڕەکەی نەزانیبوو، پاشن (خدر) پاساوی کوشتنی کوڕەکەی بەوە بۆ (مووسـا) لێکداوەتەوە کە لەبـەر حاڵـەتی کافربوونەکـەی کوشـتوویەتی، ئـەم پاسـاوەش دەلالەتو بەڵگەیەکی ترە لەسەرەوەی کە خودا هەواڵی کـافربوونی ئـەو کـوڕەو فەرمانی کوشتنیشی پێ داوە.

٦- وتەی (خدر) بە مووسا (سـلاویان لـێ بێـت) دوای تەفـسیرکردنی کارەکـانی: ﴿وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِيۚ﴾ بەمانای (ئەم کارە سەختانەم لەخۆمەوە نەکردووەو، بـە فەرمانی شەخصیو تایبەتی خۆم نەبوە، بەڵکو خودای پاكو بێخەوش فەرمانی پێکردوون، دیارە ئەم فەرمانە خوداییەش لەڕێی سرووش (وحی)یەوە بووە.

٧- خودا گلەیی لە مووسا کردووە لەسەر ئەوەی گوتبووی (مـن زانـاترین کەسـم) بۆیەش خودا پێی فەرمووە (عەبدێکی خۆم کە لەناوچەی پێك گەیشتنی هەردوو دەریاکە دایە لەتۆ زاناترە). کەواتە (خدر) لەو مەسەلانەدا لە (مووسا) زاناترەو ناشـێت کـە ئـەو تـەنها خواناسـێك بووبێـتو دیـارە هـەرگیز خواناسـان لـە پێغەمبەران زاناتر نین.

٨- وتەی (خدر) بە (مووسا) کە پێی گوتووە: (من زانـستم لـە خـوداوە پـێدراوە ئەوەی کە خودا فێری کردووم، تۆ نایزانیـت، دیـارە تـۆش زانـست لـە خـوداوە پێدراوەو، ئـەوەی کـە خـودا فێـری کردوویـت مـن نـایزانم)[1] ئەمـەش هـەر بەڵگەیەکە لەسەر پێغەمبەرێتیی (خدر).

---

(١) بۆ ئەم بەڵگانە بڕوانە کتێبی (البداية والنهاية)ی (ابن كثير)، ١: ص٢٨.

"ئەو کەسەی نکووڵی لە پێغەمبەرێتیی (خدر) بکات، کافر نیە"

کاتێك تەماشای بەڵگەکانی زانایان لەسەر پێغەمبەرێتی (خدر) دەکەین، دەبینین چەند بەڵگەیەکی کۆششکاریی (اجتهادی)ن، نەك لە دەقە شەرعییەکەی قورئانەوە، واتە قورئانی پیرۆز بەڕوونی ئاماژەی بۆ پێغەمبەرێتیی (خدر) نەکردووەو بەڕاشکاویی دەقێکی لەسەر نەهێناوە، ئەمەش مانای ئەوەنیە، کە بەڵگەکانی پێشوو ناڕاستن، بەڵکو قورئان تەنها ئاماژەی پێدەکاتو سرووشی لەسەر دەدات. بەڵام لەبەرئەوەی ئەوبەڵگانەی، کە دەربارەی پێغەمبەرێتییەکەین چەند بەڵگەیەکی کۆششکاریو بۆ چوونکارییین، هەربۆیەش ڕای تێکڕایی زانایانی لەسەرنیەو، هەموو زانایان یەکدەنگو تەبا نیین لەسەری، بەڵکو ئەوە جێی کۆششکارییین، جاهەتا جیاوازیی بیروڕاش لەم مەسەلەیەدا هەبێت (کە مەسەلەیەکی بۆ چوونکاریی کۆششکارییە، لەبەرئەوە هەرکەسێك نکوولی لە پێغەمبەرێتیی (خدر) بکات، بە کافرو بێباوەڕ دانانرێت، بەڵکو تەنها پێچەوانەی کۆمەڵو جمهوری زانایان دەبێت، لەوانەشە وتەی ئەو ڕاست بێت:-

ئەمەش پێچەوانەی ئەوکەسەیە، کە نکوولی لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرێکی خودا دەکات لەوانەی، کە بە دەقی قورئان، یان فەرموودە پێغەمبەرایەتییەکەی سەلمێنراوەو، کە بێگومان ئەوکەسەی نکوڵی لە پێغەمبەرێتییەکەی بکات، کافر دەبێت، وەك ئەو کەسەی، کە نکوولی لە پێغەمبەرێتی (ئیلیاس)، یان (یونس)، یان (سلیمان) بکات سلاوی خودایان لێ بێت.

"مشت ومڕی ئەوانەی گوتوویانە گوایە (خدر) تائەمڕۆ لەژیان دایە"

هەندێك كەس لە موسڵمانان ڕایان وایە، كە گوایە (خدر) زیندووەو لەو (كانیی ژیان) (عين الحياة)ە ئاوی خواردۆتەوە، كە هەركەسێك لێی بخواتەوە نامرێت، تەنها لە كاتی نزیك بوونەوەی (قیامەت) دانەبێت، هەروەها ڕایان وایە گوایە (خدر) بە پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ گەیشتووەو، تا ئەمڕۆش هەر زیندووەو تا كاتی هاتنی قیامەت بە زیندوویتی دەمێنێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەشیان، چەندەها ڕیوایەتو بەسەرهاتو قسەو قسەلۆكو ئەفسانە وشتی پووچەڵیان داتاشیوەو، وای لەقەڵەم دەدەن گوایە، بە پێغەمبەری خودا محمد ﷺ گەیشتووەو دیداری كردووە، هەروەها بەشداری (ابوبكر)و (عمر)و (علی)و (عمری كوڕی عبدالعزیز)یش گەیشتووەو، چاوی كەوتووە بەزۆر كەسی تریش لە زاهیدانو عابیدانو سۆفییەكان، پاشان گوایە بەهەموو ساراو چۆڵەوانیو جێگەیەكی چۆڵكراو دەگەڕێتو، خۆی پیشانی چەند كەسێكی خواناس دەداتو زانیارییان پێ دەگەیەنێتو خۆراكیان پێ دەداتو قسەشیان لەگەڵ دەكات.. لەنێو خەڵكیدا زیاتر سۆفییەكان ئەم قسەوقسەلۆكو ئەفسانەو بەسەرهاتە ناڕاستانە دەربارەی (لەژیان دابوونی خدر) دەگێڕنەوە. لەو زانایەش، كە گوتبوویان گوایە (خدر) لەدوای پێغەمبەری خوداوە ﷺ هەر لە ژیان دابووە " ئیمامی (نووی) و ئیمام (ابن الصلاح)و (سیهیلي)و چەند كەسێكی تریان بوون".

ئیمامی(نووي) لەم بارەیەوە گوتوویەتی : (زۆربەی زانایان گوتوویانە: (خدر) لە نێو مان دادەژی، ئەمەش بەڕای سۆفیەكان، كە هەموویان تەباو یەكڕان لەسەر ئەم وتەیە. هەروەها بەڕای چاكە خوازانو زانیاران، بەسەرهاتەكانیئەوان، كە دەربارەی دیتنی (خدر)و لەگەڵیان دانیشتنو وەرگرتنی زانیاریی لێوەیو، پرسیار لێكردنیو

وەڵامدانەوەیو، بوونو وجودیی لەشوێنە پیرۆزەکانو جێگەکانی چاکەکردندا، زۆرترن لەوەی بژمێردرێنو، بەناو بانگترن لەوەی باس بکرێن) هەر لەم بارەیەوە (شێخ ابو عَمرو بن الصلاح) لەفەتواکانیدا گوتوویەتی: (خدر لەلای کۆمەڵێ زانایانو پیاوچاکانوو خەڵکی عەوامیان زیندووە، بەڵام هەندێك لەزانایانی فەرموودە نکوولّی لەم حاڵەتەدەکەن))[1].

بەڵام هیچ دانەیەکیان بەڕاست (صحیح)یەکلانەبۆتەوە، چونکە هەموو ئەو گێڕانەوەو ڕیوایەتانە لەنێوان لاوازو دانراو (ضعیف وموضوع)دانو هیچ یەکێکیشیان نەگەشتۆتە پلەی ڕاست (صحیح).

هەربۆیەش (ابن حجر) لە (ابو الخطابی کوڕی دحیە)وە، وەڵامێکی ناوبراو واتە (ابو الخطابي) لەدژی (سهیلی) هێناوە کەڕێی لەسەر ژیانی (خدر)ە لەدوای ناردنی دوایین پێغەمبەرەیشەوە کە (ابو الخطاب) لەبەرامبەر وتەکەی (سهیلی)دا گوتوویەتی.. (ئەو ڕێگایانەی (سهیلی) ئاماژەی بۆ کردوون، هیچیان ڕاست نیینو دیداری (خدر) لەگەڵ هیچ پێغەمبەرێکی تردا نەسەلمێنراوە، تەنها لەگەڵ (مووسا)دا نەبێت کەخودا بەسەرهاتەکەیانی لەقورئان داگێڕاوەتەوە.

هەروەها هەموو ئەو وتەو بیروڕایانەی لەسەر لەژیان دابوونی (خدر) گێڕراونەتەوە بەتێکرای بڕیاری زانایانی (نەقڵ) ڕاستو دروست نین، چونکە هەرکەسێك کە هەواڵێکی لەو بارەیەوە گێرابێتەوە هۆیەکەی دیاریی نەکردووە، سائیتر لەبەر ئەوەی نەیزانیوە، یان لەبەر ئەوەی لای زانایانی فەرموودە ڕۆشن بووە ئەو ڕیوایاتو بەسەرهاتانەش کە لەلایەن شێخەکانەوە هاتوون لە دەرووی پێ سەرسام بوونەوەیە، دەناچۆن کەسێکی ژیرو عاقڵ بۆی دەشێت کەسێکی نەناساو ببێنێت وپێی بڵێت (من فلان کەسم)و ئیدی خێرا بڕوای پێ بکات)[2].

---

(١) تهذيب الاسماء والغات ١: ١٧٦-١٧٧

(٢) الزهر النضر في نبأ الخضر للامام ابن حجر العسقلاني، ضمن مجموعة الرسائل المنيرية:(٢: ٣٠٢).

ئیمام (ابن کثیر)یش لەکتێبی مێژووەکەیدا، دوای ئەوەی چەند ڕیوایەتو قسەو قسەلۆکێکی لەسەر ژیانی(خدر) هێناوەتەوە، گوتوویەتی: (هەموو ئەو ڕیوایاتو وتەو بەسەرهاتانە لەو کەسانەوە هاتوون، کە کردوویانەتە پاڵپشت بۆ وتەو ڕاکانیان لەمەڕ لەژیاندا بوونی (خدر)، هەمووشیان لە فەرموودەکانی پلەی (مرضوع)ن، کە زۆر لاوازن وهیچ بەڵگەو پاساوێکیان لە دیندا بۆ هیچ مەسەلەیەك لێ دەرناهاوێژرێت. زۆربەی حیکایەتو بەسەرهاتەکانیش لە (اسناد)ێکی لاوازەوەن، بەڵام دەشێت بەپوختی بەو جۆرە (صحیح)ەش دابنرێن، کە لە کەسانی متمانە پێنەدراویشەوە گێڕرانیەوە، سائیتر ئەو کەسانە لە هاوەڵان بن، یان لە دوای هاوەڵانو کەسانی دی، ئەمەش ئەگەری هەڵەی تێدایە).

پاشان (ابن کثیر) گوتوویەتی: "شیخ (ابو الفرج بن الجوزی) ـ خوا لێی خۆشبێت ـ لە کتێبەکەیدا (عجالة المنتظر في شرح حالەت الخضر) بەرپەرچی ئەو جۆرە فەرموودانەی داوەتەوە، کە لە پلەی (موضوع) دانو وای ڕوون کردوونەوە، کە لە دەسهەڵبەستەکان (موضوعات) بن، هەروەها لە ئاسەواری هاوەڵانو شوێنکەوتوان (تابعین)ی دوای ئەوانی داناون، بۆیەش لاوازیی پاڵپشتەکان (ضعف اسانید)یانی بەدەسنیشانکردنی حاڵەتو نەزانینی خاوەنەکانیشیانەوە ڕوون کردۆتەوە. لەمەشدا کارێکی جوانو بەپێزی ئەنجام داوەو ڕەخنەی چاکیشی لێیان گرتووە"[1].

---

(١) (تهذیب الاسماء واللغات (١٧٦-١٧٧).

ڕای ڕاستتر: مردنی خدرە پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ

زانایانی لێکۆڵیار ڕایان وایە، کە (خدر) ماوەی تەمەنی خۆی لەژیان دابەسەر بردووەو، پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەری خوا محمد ﷺ کۆچی دوایی کردووە.. لەو بڕوایەش دان، کە ماوەی ژیانی کەس نازانێت چەندە، تەنها خودا خۆی دەیزانێت.. هەر تەنها خوداش وەختی مردنیو چۆنیەتی مردنەکەیو شوێنەکەی دەزانێت.. بۆیەش هیچ کەسێك ئەم زانیاری یانەی لانیە، چونکە هیچ فەرموودەیکی ڕاست (صحیح)) لەوبارەیەوە نیە. هەروەها زانایانی لێکۆڵیار وتەکانی ئەوکەسانەیان ڕەت کردۆتەوە کە بەبێ لێکۆڵینەوەو ساغ کردنەوە دەربارەی (زۆرییو درێژخایەنی ژیانی خدر)و (بەردەوامی لەژیاندا تا هاتنی قیامەت)، دواون، چونکە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستو پەسەندکراویان لەوبارەیەوە نیە.

ئەو زانایانەش کە وتەو بیروڕایان لەسەر ئەوەیە، کەوا (خدر) پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ مردوە، وەك (بخاری)و (ابراهیم الحربی)و (ابن الجوزی)و (ابن کثیر).

هەروەها (ابن حجری عسقلانی)یش لە کتێبەکەیدا(الزهر النضر في نبأ الخضر)دا مەیلی بەلای ئەم ڕایەدا هەیە. هەموو ئەم زانایانە چەند بەڵگەیەکیان لەسەر ئەو ڕایەیان هێناوەتەوە. بۆ نموونە (امام ابن کثیر) لە (البدایة والنهایة)دا پوختەی بەڵگەکانی دیاری کردووە، لەو بەڵگانەش، کە دەربارەی مردنی (خدرن- لەپێش هاتنی پێغەمبەردا- ﷺ):-

١- فەرمایشتی خودا: ﴿ وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَـٰلِدُونَ ﴿٣٤﴾ الأنبياء﴾.. واتە: " ئێمە ژیانی نەمرییمان پێش تۆ بەهیچ کەسێك نەداوە، ئایا ئەگەر تۆ بمریت ئەوان بەنەمریی دەمێننەوە (لەکاتێکدا

چاوەڕوانی مردنی تۆن)"، واته کافران هەمیشه بەتەمای نەمانی پێغەمبەری خودا بوونو وایان دەزانی خۆیان نامرن. کەوابوو ئەم ئایەته بڕیاری خودایه لەسەر ئەوەی کەهیچ کەسێك لەسەر زەوی به نەمریی نامێنێتەوه (خدر)یش لەو کۆمەڵه مرۆڤانەیه که هەردەبێت بمرن. بۆیه ئەویش لەچوار چێوەی واتاو چەمکی ئایەتەکەدایەو، هیچ فەرموودەیەکی ڕاست (صحیح)یش لەئارادانیه که (خدر)ی بەتایبەتی له مردن جیا کردبێتەوەو بڕیاری لەسەر نەمر بوونی لەدنیادا دابێت.

٢- فەرمایشتی خودا: ﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾ آل عمران﴾.. واته:" ئەوه بەیاد بێننەوه کاتێك خودا پەیمانی له پێغەمبەران وەرگرت لەسەر ئەوەی که زانستو کتێبی خوداو حیکمەتمان پێگەیاندنو، لەدواییدا که پێغەمبەرێکی بڕواپێکارو بەڕاست دانەری زانستو کتێبەکانتان هات، دەبێت باوەڕی پێبێننو ویاریدەدەرو سەرخەری بن، ئینجا پێیانی فەرموو: (ئایا بڕواتان بەوه هەیەو بڕیارتان لەسەر جێبەجێکردنی ئەوپەیمانو بڕوا پێ هێنراوەتان داوه، ئەوانیش گوتیان: بەڵێ بڕواو بڕیارمان لەسەری داوه، ئیدی خوداش پێی فەرموون: دەی ئیتر ئێوه لەسەر ئەم بڕیارو پەیمانه شاهیدبنو منیش لەگەڵ ئێوەدا ئاگادارو شاهیدی ئەم حاڵەتەم).

(ابن عباس) لەبارەی مانای ئەم ئایەتەوه گوتوویەتی: (خودا هەر پێغەمبەرێکی ناردبێت، پەیمانیشی لێ وەرگرتووه لەسەر ئەوەی لەکاتێکدا ئەگەر (محمد)ی به پێغەمبەر ناردو ئەویش لەژیان دابوو ئەوا دەبێت باوەڕی پێ بێنێتو یارمەتی بداتو سەرخەری بێتو، پاشان ئەو پەیمانه لەنەتەوەکەشی

وەربگرێت کەوا لەماوەی ژیانی ئەواندا خوا محمد ﷺ بە پێغەمبەر بنێرێت بۆ لایان، دەبێت باوەڕی پێ بێننو یاریدەدەرو سەرخەری بن.

جا خدریش (سائیتر ئەگەر پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێکی خوداش بووبێت) لە هەر دوو حالەتەکەدا ئەوەی لێ خوازراوە باوەڕ بە پێغەمبەری خوا محمد ﷺ بهێنرێتو جا ئایا ئەمە لە واقیعدا ڕووی داوە کە کاتێك خودا (محمد)ی بە پێغەمبەر بۆ لای خەڵکی ناردووە، (خدر) لەژیان دابووبێتو موسڵمان بووبێت لەسەر دەستی پێغەمبەرو بەیعەتی پێ دابێتو پەیڕەویی پەیامەکەی کردبێت؟!

٣- جامادام ڕێی ڕاستتر هەر ئەوەبێت کەوا (خدر) پێغەمبەر بووە، ئەوا ئەگەر لەسەردەمی پێغەمبەری خودا محمد ﷺ لەژیاندا بوایە جوانترین ئاکاری ئەوە دەبوو کە بهاتایە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ولەگەڵی دابوایە، بەلاّم وای نەکردووە چونکە لەو سەردەمەدا (خدر) مردوویەکی ژێر خاك بووە.

٤- بەتاکە فەرموودەیەکی (صحیح)یش گەیشتنی (خدر) بەپێغەمبەری خودا ﷺ باسنەکراوە، هەروەها نەنوێژکردنی لەدوایەوەو نەجیهاد لەگەڵیدا لە جەنگەکاندا، خۆ ئەگەر (خدر) زیندووبوایە هەموو ئەو کارانەی لەگەڵدا ئەنجام دەدا.

٥- بێگومان پێغەمبەر ﷺ لەسەرەتای جەنگی (بەدر)دا لەخودا پاڕایەوەو داوای لێکرد کە موسڵمانان سەربخات، ئەوەبوو ڕووی کردە خوداو فەرمووی: (خودایە ئەگەر ئەم کۆمەڵە موسڵمانە لەم جەنگەدا لەنێو بەریت، ئەوا لەسەر زەوی ناپەرسترێیت) لەگەڵ ئەو کۆمەڵە موسڵمانەش دا کەسانی وەك (ابوبکر)و (عمر)و باشترینی هاوەڵان هەموو، هەروەها فریشتەی خودا (جبریل)و باشترینی فریشتەکانی تری خودایان لەگەڵ دابوو، جائەگەر (خدر)یش زیندوو بوایە ئەوا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەسەدا دەبووو بەرزترین پلەو پایەی لەنێویان دا دەبوو.

٦- لەوانەیە هەندێك کەس پڕوپاگاندەی ئەوە بکات گوایە "(خدر) لەو جێگایانەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووە ﷺ، بەلاّم هیچ کەسێك لە خەڵکی نەدیدوە"..

بێگومان ئەم پڕوپاگاندەیەش پووچەڵو ناپەسەندە، چونکە لەبۆتـەی ئەندێـشەو خەیاڵکاری‌و ئیددیعاکردنەوەیـە، سەلماندنیـشی ئاتـاجی بـە بەڵگـەی ڕاسـتو دروست هەیە.

٧- حیکمەت لەخۆ حەشاردانی (خدر)و ڕۆشتنی بۆ چیاکانو بۆ نێـو ئەشـکەوتو پەناگەو دەشتەکان چیە؟ ئەی بۆچی لەگەڵ خەڵکیدا ناژیو، بۆچی نوێژەکانی بە جەماعەت لەگەڵیاندا ناکات؟ ئایا ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە پێغەمبەرێکی بـەڕێز دەوەشێتەوە؟.

٨- گەر (خدر) زیندووبوایە داوای ئەوەی لێدەکرا کە زانست بڵاوکاتـەوەو خـەڵکی فێرکـاتو، فـەرموودەکانی پێغەمبـەری خودایـان ﷺ پێبگەیـەنێتو ڕاسـت (صحیح)ەکانی لە لاواز(ضـعیف)ەکانیو چاکەکانی لە خراپە هەڵبەسـتراوەکانی جیا بکردایەتەوە.. هەروەها ئەوەشی لێ دەخوازرا کە فەرمان بەچاکەو ڕێگـیری لە خراپە بکات. ئەمەش ئەنجام نەدراوە (چونکە لەژیان دا نیە).

٩- (مسلم) لە (عبداللە)ی کـوڕی (عمـر)ەوە (خوایـان لـێ ڕازی بێـت) ئـەوەیان گێڕاوەتەوە کە شەوێکیان نوێژی (عیشا)یان لـەدوای پێغەمبـەری خـوداوە ﷺ کـردوەو (ئـەوەش لـەکۆتایی یـەکانی ژیـانی پێغەمبـەر دابـووە) جـا کاتێـك پێغەمبـەر ﷺ نوێژەکـەی تـەواوکردووەو سـەلامی داوەتـەوە، فەرموویـەتی: **((أرایتکم لیلتکم هذه فأن علی راس کل مائة سنة منها لایبقی ممن هـو علـی ظهر الارض احد))**.. واتە: "ئەرێ ئێـوە دیتـان ئـەم شـەوەتان چـۆن بەسـەردا ڕادەبورێت. بێگومان هەر لەدوای سەری سـەد سـاڵێك ئـەم خەڵکـەی ئێـستا لەژیان دایە کەسیان لەسەر ڕووی زەوی نامێنن".. (ابن عمـر) واتـە کورەکـەی عومەر (عبـداللە) یـەو، فەرموودەکـەی لێ بیـستراوە، گوتوویـەتی: (خـەڵکی لەترسـان بەهەڵـە لـەم فەرموودەیـەی پێغەمبـەر تێگەیـشتن، ئـەوەبوو وەهـا لەبارەیەوە دەدوان کە گوایە دوای سەد ساڵ هیچ کەسێك لەسەر زەوی نامێنت،

بەڵام لەڕاستیدا پێغەمبەر ﷺ مەبەستی لەوەبوو کە دوای سەد ساڵ، یان دوای هەر سەدساڵێك کە هەرکەسێك لەوژیانـەدا بێـتو بیربکاتـەوە، دوای سەدسـاڵ لەوکاتی بیرکردنەوەیەی خـۆی هـیچ کەسـێك بەخۆیـشیەوە دوای (سـەد سـاڵ) بەلایەنی زۆرییەوە لەو کۆمەڵگەیەدا لەژیاندا نامێننو خەڵکی ترو نەوەکانی تر لەدوای ئەوان لەژیان دا دەبن، هەربۆیەش پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەکەدا کـە فەرمووبووی (هیچ کەسێك لەوانەی ئەمڕۆ لەژیان دان دوای سەد سـاڵ کەسـیان لەژیاندا نامێنن)[1]. مەبەستی ئەوەیە کە دەبێت ئەو سەدساڵە بەسەر بـچێتو خەڵکی تر بێنە دنیاوە.

هەروەها (مسلم)یش لە (جابری کوڕی عبدالله وە) ـ خوایـان لێ ڕازی بێـت ـ گێڕاوێتیەوە کە (جابر) گوتوویەتی: (گوێم لە پێغەمبەری خوا بووﷺ کە مانگێك پێش کۆچی دوایی دەیفەموو: ((**تسألوني عن الساعة؟ وانما علمها عندالله، واقسم بالله ما على الأرض من نفس منفوسة تأتي عليها مائة سنة**))[2].. واتە: "ئـەرێ ئێوە دەربارەی قیامەت پرسیارم لێ دەکەن، لەکاتێکدا زانیاریو وەڵامەکـەی هـەر لەلای خودایە، سوێند بێـت بـەخودا دوای تێپـەڕبوونی سەدسـاڵ هـیچ کەسـێکی لەدایکبووی نێو ئەم ژیانەی ئەمڕۆمان لەم دنیایەدا نامێنێت" واتە خەڵکانی تر لە دایك دەبن.

جا ئەگەر دەربارەی (خدر)یش وابڵێین گوایە تاکـاتی ڕەوانـەکردنی پێغەمبـەری خودا ﷺ ژیابێتو (کە ئەم وتەیەش ڕاستی نیە) ئەوا هەردەبوو دوای سەد سـاڵێك لە مێژووی درکاندنی ئەم فەرموودەیە بمردایە..

ئیدی لەدوای هەموو ئەم بەڵگانە دان بەوەدا دەنێین کە (خدر) ئێستا لەژیانـدا نیەو، بەڵکو زەمەنێك پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ کە خـودا خـۆی دەزانێـت

(١) مسلم (٤٤) كتاب فضائل الصحابة (٥٣ باب قوله (٣) حديث رقم (٢٥٣٧).
(٢) مسلم — نفسى الكتاب والباب —حديث رقم (٢٥٣٨)

کەی بووه، مردووه. هەربۆیەش لەڕای ئەم بەڵگانەوه داواکارین هەموو ئـەو قـسەو باس‌و بەسەرهات‌و وتەو بیروڕایانەی دەربارەی (نـەمریی خـدر) گێراونەتـەوەو کـه چـەندین ئەفـسانەو وتـەی پووچـەڵ‌و ناهـەق دەدەنـه پـاڵ(خـدر)و هـیچ بـارێکی ڕاستەقینەشیان نیه، هەموو بەلاوەنرێن‌و پشتیان پێ نەبەسترێت.

"مەسـەلەی زانسـته خودایی یەکـه (العلم اللدني)"

قورئانی پیرۆز له مەسەلەی زانستەکانی (خدر)دا ئاماژەی بۆ ئەو لایەنه کردووه کـەوا لـه خوداوەیـەو، خـودا لەلایـەن خۆیـەوه ئـەو زانیارییـەی پێـداوه، وەك فەرموویـەتی: ﴿ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾، واتـه: (خـدر بەندەیەکمان بوو که له ڕەحمەتی تایبەتیی خۆمان پێ‌بەخشیبوو زانست‌و زانیاریی تایبەتیشمان لەلایەن خۆمانەوه بەئیلهام پێ بەخشیبوو).

دیاره ئەم زانستەش کەخودا بە(خدر)ی دابوو، (مووسا) ـ سـڵاوی لـێ بێـت ـ نەیدەزانی، هەر بۆیەش هاتبوو بۆلای تاکو ئەو زانیارییانەی لێوه فێر بێت که خۆی نەیدەزانیین کەچی هەندێك زانـای موسـڵمان لەبـەردەم ڕسـتەی ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾دا هەڵوێستەیەکیان کردووەو مەسەلەی زانستی خودایی (العلم اللـدنی)یـان لێـوه دەرهێنـاوەو کردوویانەتـه بەڵگـه بـۆ چـەند شـتێکی سـەیرو سـەمەرەو، کردووشیانەته ناونیشانێك بۆچەند وتەیەکی پووچـەڵ‌و ناڕاسـت لـەم ڕووەوه زیـاتر سوفییەکان ئەم ڕستەیەی نێو ئایەتەکـەیان کردۆتـه بەڵگەیـەك بـۆ جیاکردنـەوەی (زانستی شەرعی) لەزانستی خودایی‌و جیاکردنەوەی ڕووالەت (ظـاهر) لـه نـاواخن (بـاطن)و جیاکردنـەوەی (شـەریعەتیش لـه (حەقیقـەت): ئیمـامی (ئالووسـی) گوتوویەتی: (لەلای ئەوان واته لای —سۆفییەکان- ڕێسایەکی بنەڕەتی بۆ سەلماندنی

زانستی خودایی هەیەو، بەڵام بەم هۆیەوە ناوی (زانستی حەقیقەت) و(زانستی ناواخن)ی لەسەر بڵاوبۆتەوە)[1] کە لە عەرەبیدا بە (علم الحقیقة) و (العلم الباطن) ناوبراون.

تەفسیرکارانی سۆفی وتەی سەیرو سەمەرەیان دەربارەی زانستی خودایی (العلم اللدنی) گوتووەو حەقیقە تیان لە شەریعەتو ڕواڵەتیان لە ناواخن جیاکردۆتەوەو، لە تەفسیرکردنی ئەم ئایەتانەو هاوشێوەکانی تریاندا چەندین شتی هەڵەو دژ بەیەکیان تێکەڵو پێکەڵ کردووە.

"بڕگەیەك لە تەفسیری (مهایمی)"

(علیی کوڕی ابراهیمی المهایمی) خاوەنی تەفسیری (تبصیر الرحمنو تیسیر المنان) یەکێکە لەو تەفسیرکارە سۆفییانەی، کە ئەم ئایەتەو ئایەتە هاوشێوەکانی تری بەپێی ڕێبازە سۆفییگەرییەکەی خۆیان لێك داوەتەوە، لێرەدا بڕگەیەك لەو تەفسیرەی دەخەینەڕوو،کەلەم باریەوە گوتوویەتی:

" فوجدا عبدا: مووساو یاوەرەکەی بەندەیەکیان بینی، کە هەرگیز حەقیقەتی ئەوپەڕی کەماڵو تەواوێتیی نازانرێن، چونکە (من عبادنا) لەو بەندانەی ئێمەیە، کە دیاردەکانی گەورەییمان (گەورەیی خودا)ی تێدایەو، ئەوەبوو ﴿ ءَاتَيۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا ﴾ کەلەلایەن خۆمانەوە ڕەحمەتو سۆزو میهرەبانیمان بۆ نارد، ئەمەش (بەڕای مهایمی) ڕۆشن بوونەوەیەکی شایەتی دانێتییە بۆ لەناوچوونیو، بۆیەش (لذلك علمناه) بەبێ میانگیریی مرۆڤێکو فریشتەیەك لەلایەن خۆمانەوە ﴿مِن

(١) روح المعاني ١٦: ٣٣٠

﴿لَّدُنَّا﴾ زانستێکی بەنرخو بەهادارمان (علما) فێرکردووەو زۆر کەس لە پێغەمبەرانیش زانستی ئاوایان پێ نەدراوە. (مووسا)ش کە (یوشع)و هەموو پێغەمبەرانی تری (بنواسرائیل) شوێنکەوتووی بوون، لە (خدر)ی پرسیوە (ئایا شوێنت کەوم؟ ﴿هَلۡ أَتَّبِعُكَ﴾ بەمانای ئایا لەڕووی زانستەکانتەوە شوێنت کەومو واز لە زانستەکانی خۆم بێنم بەومەرجەی ﴿عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ﴾ فێرم بکەیت سەرەڕایی ئەوەی من لە مرۆڤێکیشەوە زانست وەرناگرم بەڵکو لە خوا، یان لە فریشتەکانیەوە فێرم بکەیت لە وزانستەی ﴿مِمَّا عُلِّمۡتَ﴾ لەوەی کەلەخودای پەروەردگارتەوە ﴿رُشۡدًا﴾و لە سەروو ڕێنمایی خەڵکی ڕواڵەتبینەوە فێرت کراوەو دەیزانیت وەك زانینیەکانی (حەق) لە هەندێك لەو کردارانەدا، کە بە ڕواڵەت بە ناشیرین دەردەکەون).. (قال) (خدر)یش پێی گوتووە: (بێگومان ئەم زانستە لەو زانستانە نیە، کە لایەنە باشەکەی بە وردترین دیتو تیڕوانین دەرکەوێت، بەڵکو زانستی وایان تێدایە، کە بەکردەوە لە دیمەنێکی ناشریندا دەردەکەوێتو، بەم هۆیەوەشەوە خێرا خەڵکی ڕواڵەتبین نارەزایی لەسەر دەردەبڕن، لە کاتێکدا قەدەغەیە، کە لایەنە باشو لەبارەکانی لەوەختی ڕوودانی کردارەکەدا پێیان بگوترێت، هەر بۆیەش نارەزایی دەرنەبڕین لەسەری، ئاتاجی بەهێمنیو ئارام گرتنێکی زۆر هەیە. قال ﴿إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ﴾ تۆ هەرگیز ناتوانیت، کە ئەگەرچی لەگەڵیشم دابیت (مَعِیَ)و، ئەگەر چی سەرسامیش بیت بەمن (بەڵام ئارامێك ناگریت ﴿صَبۡرًا﴾ کەواتە مانای ﴿إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرًا﴾ بەڕای (مهایمی) ئەوەیە، کە (تۆ ئەی مووسا ئەگەرچی لەگەڵ من دا بڕۆیتو بەزانستو زانیاریم سەرسام بیت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئارام ناگریت لەسەر ئەو کردەوانەم، کە بەپێی زانستەکانی خۆم ئەنجامیان دەدەم، کە لەبەرچاوی تۆ بەڕواڵەت ناشیرین بن. ئیدی چۆن ئارام دەگریت ﴿وَكَيۡفَ

﴿تَصۡبِرُ عَلَىٰ مَا﴾ لەسەر ئەوە کردەوەیە،کە ڕواڵەتە ناشیرینەکەی هاتۆتە بەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ هەواڵو زانیارییەکت لەسەری نیە ﴿لَمۡ تُحِطۡ بِهِۦ خُبۡرٗا﴾ هەواڵو زانیاری یەت نیە، کە لایەنە چاکە شاراوەکەیت بۆ دەردەخاتو، لایەنەناشیرینەکەیت بۆ پێ دەشارێتەوە؟!) مووساش (قال)گوتی " من هەرچەندە لە خەڵکی ڕواڵەتبینم (لەوانەی کە هیچ ئارامی یەکیان لەسەر زانینی ناواخنی کارەکان نیەو، کە هەر تەنها ڕواڵەتی دەرەوەی کارەکان دەبینن) هەرچەندە لەوجۆرە خەڵکەش بم، بەلاّم ﴿قَالَ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرٗا﴾: بەپشتیوانی خودا دەمبینیت ئارام دەگرم بەهۆی خۆ زاڵ کردن بەسەرئەو نەریتەم دا، کاتێك جڵەوی خۆم دەدەمە دەست تۆو شوێنت دەکەومو سەرسام دەبم پێت)، ئیدی چۆن نەفسم لەتۆیاخی دەبێت (وَ) کاتێك دوات کەوتم ﴿وَلَآ أَعۡصِي لَكَ أَمۡرٗا﴾ هیچ فەرمانێکت ناشکێنمو سەرپێی لێ ناکەم تەنانەت، گەر بەڕواڵەت واش بێت گوایە لەڕاستیدا سەرپێچی یە لە خودا ئەگەر (گوێرایەڵیی خودای تێدا ببینم، چونکە لێ ڕادیتنی ناهەمواری لە کەسێکدا کە خوا دەروونی پاکژ کردۆتەوە نارەزایی یە لە فەرمانی خوداو (پەنا بەخوا لەمە) جا کاتێك ئەم وتەیەش وەك وەلاّمدانەوە بێت لەسەر وتەی (خدر)، کە پێی گوتبوو (تۆ ئارامێك لەسەر کارەکانی من ناگریت ﴿إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا﴾ کەچی لەڕاستیشدا ئەو ئارامییەی لێ نەبینی، ئەگەرچی چاوپۆشیی حاڵەتی نائاسایی لێ کردبێت. (خدر) پێی گوتووە ﴿قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعۡتَنِي﴾ ئەگەر لەڕووی زانستو زانیارییەکانەوە دوام دەکەویت) ئەوا ﴿ٱتَّبَعۡتَنِي فَلَا تَسۡـَٔلۡنِي عَن شَيۡءٍ﴾ دەربارەی هیچ کارو مەسەلەیەك پرسیارم لێ نەکەیت، ئەمە جگە لە نکووڵی لێکردنیش، چونکە ئەم جۆرە زانستەی (خدر) لە ڕێی پرسیارو وەلاّمەوە نیە، بەڵکو لەڕێی بەخشینی بەلێشاوی خوداوەیە بەسەر ئەوکەسەدا، بۆیە دەبێت ئەو کەسەش

چاوەڕوانی لیّ بکات، دەبێت ئارامیشی لەسەر بگرێت.. ﴿حَتَّىٰٓ أُحۡدِثَ لَكَ﴾ تاکو لەنێو دڵت داو تەنانەت، گەر لەڕێی ئەو گەیاندنە ڕاستەوخۆیەی خوداشەوە، یان گەر لەڕێی زمان وتنەوەش بێت ﴿مِنۡهُ ذِكۡرًا﴾، هەواڵی کارە نائاساییەکەو مەبەستە شاراوەکەیت پیّ بگەیەنم)"[1].

ئەمە پوختەی وتەی (مهایمی) بوو، کە ختسمانە ڕوو بەو پێودانگەی گوزارشت لە قوتابخانەی تەفسیری سۆفیگەرییانەی قورئان دەکات‌و، یەکێکیشە لەوانەی باوەڕیان بە مەسەلەی زانستی خودایی هەیە (کەخودا بەلێشاو ختسبێتیە دڵی هەر کەسێکەوە بەخواستی خۆی)و، پاشان یەکێکە لەوانەی جیاوازیان لەنێوان (ڕواڵەت‌و ناواخن)و (شەریعەت‌و حەقیقەت)دا کردووە. کاتێك بەوردییش سەرنج لەم وتەیەی پێشووی ناوبراو بدەین، دەبینین چۆن مانا قورئانیەکەی دوور ختسۆتەوەو، تەنانەت چۆن بەشێوەیەکی دیار دەسکاریی مانا قورئانیەکەی کردووەو شێواندوویەتی‌و، ڕستە قورئانیەکانیشی کردوونە شاهێد بۆ تێگەیشتنە سۆفیگەریی یە شارراو (باطني)یەکەی، کە دەربارەی زانستی خودایی (العلم اللدنی)و سرووشی بە لێشاو بە سەردا بەخشراو (الفیض الالهامي)یش دەری بڕیوە.

بڕگەیەك لە تەفسیرەکەی (اسماعیل حقی)

دوای وتەی (مهایمی) دێینە سەر وتەی ڕاڤەکار (مفسر)ێکی تر لە پێشەوایانی ڕێبازی سۆفیگەری، ئەویش (اسماعیل حقی البروشوی)یە، کە کتێبێکی تەفسیری بە ناوی (ڕوح البیان)ەوە داناوە.

(١) تبصیر الرحمن وتیسیر المنان للمهایمی (١: ٤٥١-٤٥٢.

جا کاتێك ئایەتەکانی تایبەت بە چیرۆکی (مووساو خدر)ی تەفسیر کردووەو، گەیشتۆتە ئایەتی ﴿وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾ دەربارەی زانستی خودایی (العلم اللدنی) دواوەو، لەم ڕووەوە گوتوویەتی (خودا بۆیە فەرموویەتی ﴿مِن لَّدُنَّا﴾ لە لایەن خۆمانەوە زانستمان بە خدر دابوو) هەر چەندە هەموو زانستەکانی تریش هەر لە لایەن خوداوەن بەڵام هەندێکیان بە هۆی فێرکردنی خەڵکی ترەوەیە کە یەکتر فێر دەکەن، بۆیە بە زانستی خودایی (لدنی) ناو نابرێت.

بەڵکو زانستی خودایی ئەوەیە کە خودا ڕاستەوخۆ بە بێ میانگیری کەسێکی دی دەیخاتە دڵی ئەو کەسەوەو پێ ی دەبەخشێت، هەروەها هیچ هۆیەکی ناسراوی دەرەکیش نیە) پاشان گوتوویەتی: (بزانە هەر زانستێك کەخودا فێری بەندەکانی بکاتو، بەندەکانیش بتوانن ئەوزانستە لەغەیری خودا (واتە لەکەسانی ترەوە) فێر بن، ئەوە لەکۆمەڵەی زانستی خودایی (العلم اللدنی) نیە، چونکە دەشێت لەلایەن (لدن) کەسانی ترەوە وەرگیرێت، نەك هەر لەلایەن (لدن)ی خوداوە)[1].

هەروەها گوتوویەتی: (مانای ﴿مِن لَّدُنَّا﴾ئەوەیە واتە (لەپلەی یەکێتی ی — ذات- ی ئێمەو پایە بەرزی یەکەیەوە).. هەربۆیەش پێشەوایانی سۆفیگەریی لە زاراوەکانی خۆیاندا بێژە (لفظ)ی (العلم اللدنی) (زانستێك لەلایەن خوداوە) یان بە تایبەتی بۆ ئەوزانستە شارراوە (باطني)یە داناوە کەتەنها خودا لەلایەن خۆیەوە بەبێ میانگیریی کەسێك دەیدات بەبەندەی خۆیو، ئیدی بەم ڕەنگە دەسگیر دەبێت..

هەر بۆیەش هەندێکیان ئەم شیعرەی شاعیرێکی خۆیان دەڵێنەوە:

تعلمناه بلا حرف و صوت　　　قرأناه بلا سهو وفوت

(١) تفسير روح البيان لإسماعيل حقي (٥: ٢٧٠).

واتای ئەم شیعرەیان ئەوەیە گوایە بەڕێگای بەخشینی خودایی‌و سرووشی پەروەردگار ئەو زانستەیان پێ گەیشتووە نەك بەڕێگای فێرکردنی بیێژەوانی‌و وانەوتنەوەی کەسێکی دی. لەبەر ئەوەی (بەوتەی اسماعیل حقی) پلەی زانستی ڕواڵەتبینی (ظاهری)لەئاست پلەی زانستی شاراوەو ناوەکی (باطني)دا وەك پلەی نێوان دیارو نادیار وایەو، چونکە (هەر بەڕای ناوبراو) (زانستی ڕواڵەتبینی) پەیوەستە بە لایەنەدیارەکانی شەریعەت‌و شێوەو جۆرەکانیەوە، بەڵام زانستی شارراوە (باطني) لەپلەی دەرگای ماڵ دایە"[1].

پووچەڵ کردنەوەی وتەی سۆفییەکان لەبارەی زانستی خودایی‌یەوە

زانای ئیسلام (قرطبي) لەوەڵامی وتەو پڕوپاگاندەی سۆفیەکاندا لەسەر زانستی خودایی، گوتوویەتی: "زانای گەورەمان، ئیمام (ابو العباس) گوتوویەتی: (هەندێك کەس لە بێ باوەڕەکانی سەر ڕێبازی (باطنی) بیروڕایان لەسەر گرتنەبەری ڕێگەیەکە کەئەو حوکمە شەرعی یانەی لێ دادبڕێت، گوتووشیانە: (ئەم حوکمە شەرعییە گشتییانە تەنها کەسانی گەمژەو خەڵکی عەوام کاریان پێ دەکەن، دەنا پیاوچاکانو (ئەولیا)و کەسانی تایبەتمەند (اهل الخصوص) ئاتاجیان بەو دەقە شەرعییانە نیە، بەڵکو ئەوەی لێیان خوازراوە ئەوزانستەیە کە دەکەوێتە نێو دڵیانەوە ئەو حوکمەش کە بەسەریاندا دەدرێت ئەوەیە کە لە خەیاڵات‌و ئەندێشەکانیانەوە دەردەچێت) پاشان گوتوویانە: (ئەمەش بەهۆی سافی‌و بێگەردیی دڵەکانیانە لەهەر گەردو ژەنگ وژارێك‌و جگە لەخوداش غەیری تری تێدانیە، بۆیە زانستە خوداییەکانو حەقیقەتەکانی پەروەردگارێتییان تێدا ڕەنگ دەداتەوەو،

---

(١) روح البيان-ی- اسماعيل حقي (٥: ٢٧٢).

ئاگاداری نهێنییەکانی بوونەوەر دەبنو،حوکمی وردەکاریەکان دەزانن‌و، ئیدی ئاتاجیان بە حوکمی شەریعەو فەرمانە گشتییەکان نامێنێت، وەك چۆن ئەم حاڵەتە بۆ (خدر) ڕەخساوەو، ئەوەبوو ناوبراو (بەڕای سۆفیەکان (ئاتاجی بەو زانستە دیار دەرخراوانەی دنیانەبوو کە لەلای (مووسا)ش هەبوون. هەروەها لەو وتانەی، کە (سۆفییەکان) دەیگێڕنەوەو کردوویانەتە بیربـاوەڕی خۆیـان ئەوەیـە، فـەتوا لـەدڵی خۆتەوە وەرگیراوە، تەنانەت گەر فەتوا وەرگرێکیش فەتوای پێ‌گەیاندیی.. بۆیەش زانامان (قرطبـي) گوتوویەتی: (ئەم وتەیە کفرو بێ‌باوەڕییەکی تەواوەو، خاوەن‌و دەربڕی وتەکەش بێ ئەوەی داوای تۆبەو پەشیمانی لیّ بکرێت دەکوژرێت، چونکە نکووڵی کردنە لە زانستی شەرع..خوداش بێگومان ڕێساو سوننەتی خۆی پیادەکردووەو حیکمەتی خۆی خستۆتەکارو بڕیاری خوداییشی وابووە، کە حوکم‌و فەرمانەکانی، تەنها لەڕێی ئەو پێغەمبەرانەیەوە بەخەڵکی دەگەن، کە چەند سەفیرو باڵیۆزێکی نێوان خوداو بەندەکانی بوون. بۆیە بەپوختی (بەڕای هەموو زانایانیش) لەگشت حاڵەتێکدا زانستی بنەبڕ (قطعي)و، ڕاستی ڕەهای پێویستو، ڕای زانایانی پێشین‌و دواین لەسەر ئەوەیە، کە تەنها لەڕێی پێغەمبەرانی خوداوە زانست‌و حوکمەکانی خودا دەزانرێن. جا هەر کەسێك بڵێت: (گوایە ڕێگەیەکی دی هەیە، کە فەرمانی خوداو شتە قەدەغەکراوەکانی بەبێ ڕێگەی پێغەمبەرانی دەزانرێت و، پێویستی یەك بەپێغەمبەران نابێت، ئەوا دەکوژرێت و داوای تۆبەشی لیّ ناکرێت‌و، پێویست بەهیچ پرسیارو وەڵامێکیش لەگەڵیدا ناکرێت، پاشان ئەمە وتەی جێگیرو سەلمێنراوی چەندین پێغەمبەری تری خوداشە (سڵاویان لێ بێت) جگە، لە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ.. شیکاری ئەمەش ئەوەیە هەرکەسێك بڵێت زانست‌و حوکم لەدڵیەوە وەردەگرێت‌و، هەرچی بکەوێتە دڵیەوە، ئەوەحوکمی خودایەو بەپێی ئەوە کاردەکات‌و، گوایە لەگەڵ ئەوەدا پێویستی بەقورئان‌و بەسوونەت نیە، ئەوە بێگومان تایبەتمەندیی پێغەمبەرێتی بەخۆ داوەو، وەکو ئەو وەسفەی پێغەمبەریش ﷺ کە دەربارەی تایبەتمەندیی پێغەمبەرێتی خۆی

فەرموویەتی: ((ان روح القدس نفث في روعـي))[1]، واتە (بێگومان لەگیانی پـاكو پیرۆز کراوە بەجەستەدا).

هەروەها "ئیمامی (شنقیطي)ش لە تەفسیرەکەیدا (اضواء البیـان) ئـەو جـۆرە وتەو ئیدیعا نابەجێیانەیانی (کە دەربارەی زانـستی خـودایی‌و گوایـە بەلێـشاوو بەسروش دەبخاتە دڵەکانیانەوە" پووچەڵ کردۆتەوەو، گوتوویەتی:

"بێگومان ئەو ڕەحمـەتو زانـستەی، کـە خـوا لەلایـەن خۆیـەوە بـە(خـدر)ی بەخشیبوون: پێغەمبەرێتی‌و سرووش (وحـی)بـوون، چـونکە خـدر بـە (مووسـا)ی گوتـووە: (ومافعلتـه عـن أمـري)= (مـن لەخۆمـەوە سەربەسـتانە ئـەم کارانـەم نەکردووە).. فەرمانی خوادش تەنها لەڕێی سرووش (وحی)یـەوە دەزانرێـت. هـیچ ڕێگەیەکیش نیە تەنها بەسرووش نەبێت. خوداش ئەمەی لە سرووشدا بەندکردووە، وەك فەرموویـــەتی: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلْوَحْىِ ۚ وَلَا يَسْمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ ﴿٤٥﴾ الأنبیاء﴾، هەروەها (شـنقیطي) گووتویەتی: "ئەوە لـە زانـستی (اصول) داهاتووە، ئەوەیە ئیلهام لە ئەولیاو پیاوچاکانەوە بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر هیچ شتێك ناشێت، چونکە هیچ (پـارێزراوی‌و عیـصمەت)ێکـی پێغەمبـەرێتییان تێدانیە.. جا ئەو ئیدیعایانەی، کە هەندێك کەسی دەربارەی شیاو بوونی کارکردن بەئیلهام بلاوی دەکەنەوە، کە گوایە لە مافی کەسی ئیلهام پێدراوە کاربـەوەی نێـو دڵی بکات بەبێ دەقی شەرعی تر، شتێکی پووچەڵەو هیچ پشتی پـێ نابەسـترێت، چونکە بەبەڵگەیەك بەهێزنەکراوە. خەڵکی نـەپارێزراو (غـیر معـصوم)یـش، هـیچ متمانەیەك بەخەیاڵی‌و ئەندێشەکانی ناکرێت، چونکە لەپیلانی شەیتان نەپارێزراوە، ڕێنموونی‌و هیدایەتیش لە شوێنکەوتنی یاسا شەرعییەکاندا مسۆگەر کراوە، نـەك لە شوێنکەوتنی خەیالاتو ئیلهامەکاندا)[2].

---

(١) تفسیر القرطبـي (١١: ٤٠-٤١) بأختصار.

(٢) اضواء البیان (٤: ١٥٩) بأختصار.

پاشان (شنقیطي) گوتوویەتی: (بەم رەنگەش دەزانیت ئەو ئیددیعایانەی زۆربەی ئەوکەسە نەفامانەی کە خۆیان بە شوێنکەوتووی (تصوف/ سۆفیگەریی) ناوبردووەو کە خۆیانو شێخەکانیشیان ڕێبازێکی شاراوەی وایان گرتۆتەبەر، گوایە لەلای خودا هاوتای حەقو ڕاستییە (تەنانەت گەر پێچەوانەی ڕووکاری دەرەوەی شەرعیش بێت، وەك ئەو پێچەوانە بوونەی کردارەکەی (خدر) لەگەڵ ڕواڵەتی زانستی (مووسا)دا، بێگومان ئەم ئیددیعایانەی ئەوان کفرێکی گەورەیەو، بیانوویەکیشە بۆ لێك دابڕانی تەواو لە ئایینی ئیسلام، بەو پڕوپاگەندەیەی گوایە حەق لە چەند کارێکی شارراوەدا، پێچەوانەی چەند مەسەلەیەکی دیارو دەرخراوە)[1].

هەروەها (آلوسی)یش لە تەفسیرەکەیداو لەو جێگەیەدا، کە وەڵامی ئیددیعای زانستی خودایی دەداتەوەو بانگەشەکانی (سەرپێچیو پێچەوانەبوونی شەریعەت لەگەڵ حەقیقەتدا) پووچەڵ دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە چەند وتەیەکی هەندێك لە زانا چاكو ڕاستگۆکان هێناوەتەوە، واتە لەو زانایانەی، کە سۆفییەکان بەشێخو مەشایەخو زانایانی خۆیانی دادەنێ‌.. بۆ نموونە (ئالووسی) وتەی (عبدالقادری گەیلانی)ی هێناوەتەوە، کە گوتوویەتی: (گشت ئەولیاو پیاوچاکان تەنها لە فەرمایشتی خوداو فەرموودەی پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ زانست وەردەگرنو، تەنها بەپێی لایەنە دیارەکانی ئەو فەرمایشتو فەرمودانەش کار دەکەن) واتە نەك بەلایەنی (شاروەوەو باطنیی خولقێنراوە). لە (جنید)یشەوە، کە بە (سید الطائفة) ناسراوە، ئەو وتەیەی هێناوە کە گوتوویەتی: (هەموو ڕێگاکان لە خەڵکی بەستراون تەنها لەوکەسانە نەبێت کە شوێن پێی پێغەمبەریان ﷺ هەڵگرتووە). هەروەها وتەیەکی تری (جنید)ی هێناوە، کە هەر لەمبارەیەوە گوتوویەتی: (هەرکەسێك قورئان لەبەر نەکاتو فەرمووده نەنووسێتەوە، ئەوا لەم عیلمو زانستەدا پەیڕەویی ناکرێت، چونکە زانستی ئێمە بە قورئانو سوننەتەوە بەستراوە).

---

(١) اضواء البيان (٤ :١٦).

(شنقیطي)یش گوتوویەتی: (هەرکەسێك ڕووە شاراوەکە (باطن)ی زانستێك بگرێتەبەر، کە ڕووە دیارەکە (ظاهر)ی حوکمێك پووچەڵی دەکاتەوە، ئەوا هەڵەی کردوە).

(أبو الحسینی نوری)یش گوتوویەتی: (ئەگەر دیتت کەسێك ئیدیعای حاڵەتێك دەکات، گوایە لەخواوە بۆی هاتووەو، ئەم حاڵەتەش لە سنووری زانستی شەرعی دەریکات، ئەوا لێی نزیك مەبەرەوە.. هەرکەسێکیشت بینی ئیددیعای حاڵەتێکی وا دەکات، کە زانستێکی دیارو دەرکەوتوو پشتگیری ناکات، ئەوا لەسەر ئاینەکەی تاوانباری بکە).

(ابو سعید الخزار)یش گوتوویەتی: هەر زانستێکی شاراوە گوایە ڕاستەوخۆ لە ناخی مرۆڤدا دانرابێتو، پێچەوانەی زانستی دیارو ناسراوبێت ئەوە پووچەڵە). (ابو العباسی دینوری)یش گوتوویەتی: (ڕەوانبێژی ڕووکاری دەرەوە حوکمی ناواخن ناشارێتەوە).

(ابو حامدی غزالی)یش گوتوویەتی: (هەرکەسێك بڵێت: ناواخن پێچەوانەی ڕواڵەتە، ئەوا لە کفرو بێباوەڕی یەوە نزیکترە وەك لە ئیمانو باوەڕ)[1].

هەموو ئەو وتانەی پێشوو وتەی ئەو زانا بەڕێزانە بوون، کە سۆفییەکان بە شێخو مەشایەخی خۆیشیان داناون.. جادوای هەموو ئەم وتانەی هەندێك لە زانایانمان، ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بەدەست دێنین، ئەوەیە (ئەو زانستە خودایی یە " العلم اللدنی"یەی، کە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ کردووە، کە خودا لەلایەن خۆیەوە بە(خدر)ی گەیاندووە ـ سلاوی لێ بێت ـ زانستی پێغەمبەرێتیو سرووشە.. بەلام ئیددیعاو بانگەشەکانی سۆفییەکان دەربارەی زانستی خودایی (بەو بۆچوونەی خۆیان) ئەوە چەند ئیددیعایەکی پووچەڵو بێ نێوەڕۆكو گومڕاکارییەو، پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامو ڕێبازی قورئانن.

---

(١) روح المعاني- للالوسي ، ١٦ : ١٩.

ئەی ئایا بۆ لای گەلەکەی خۆی گەڕاوەتەوە؟ یان ئایا لەناوچەی پێکگەیشتنی نێوان هەردوو دەریاکەدا چاوەڕوانیی کردوون.

١٤- (خدر) لەکوێدا لە (مووسا) جیابۆتەوە؟ ئەی دوای ئەوە (خدر) بۆ کوێ چووە؟

١٥- چۆنیەتی گەڕانەوەی (مووسا) بۆ لای گەلەکەی ؟!

هەموو ئەم پرسیارانە لەلایەنە شاراوەو نەزانراوەکانی نێو ئەم چیرۆکەن‌و، ئێمەش خۆمان بەلێکۆڵینەوەو ڕوونکردنەوەیانەوە ماندووناکەین، چونکە هیچ وتەو قسەو باسێك دەربارەی ڕوونکردنەوەیان، نازانستی‌و نامەنهەجی‌و نارێکن‌و لە هەڵەوە نزیکترن زیاتر لەوەی لەڕاستییەوە نزیکبن، بەڵکو تەنانەت زۆربەیان هەڵەو ناڕاست دەردەچن، نەك ڕاست‌و جێگیربن، دیارە مەحاڵە هەڵەش لەڕاستی نزیك بێت، چونکە هەر وتەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو نەزانراوانە، گریمان‌و ئەگەری هەڵە بەرێژەیەکی هێجگار زۆرتر لە گریمانی ڕاستی هەڵدەگرێت. بۆیە ئێمە داواکاری هێشتنەوەی ئەم لایەنە شاراوانە. بن، کە وەك خۆیان بەشاراوەیی بمێننەوەو، هەر وتەو قسەو باسێکیش گەر دەربارەی زانینیان‌و ڕوونکردنەوەیان هەبوون‌و، تەنانەت گەر لە کتێبەکانی تەفسیرو چیرۆك‌و مێژووشدا هاتبن، هەڵوەشێنرێنەوەو پشتیان پێ نەبەسترێت.

"چەند ڕووداوێکی کت‌و پڕی لە بەسەرهاتی مووساو خدردا"

لە بەسەرهاتی مووساو خدردا چەندین تەم‌ومژ هەیە، کە ڕووبەڕووی (مووسا) بوونەتەوە، هەروەها چەند ڕووداوێکی کت‌وپڕی‌و لە ناکاویش هەیە کە تووشی مووسا بوون‌و سەرسامی کردون‌و، لە چیرۆکەکەدا باسکراون، هەر لە چیرۆکەکەشدا هەندێك لەو تەم‌ومژانەش ڕەوێنراونەتەوە، بەڵام هەندێکی تریشیان هەر بەشتی سەیرو لەناکاوو، بەتەم‌ومژیش ماونەتەوە... لەو ڕووداوە لە ناکاوانەش:-

١- دەرچوونی ماسی یە برژێنراوەکە (بەزیندوویی لە زەمبیلەکەیانەوە بۆ نێو دەریاکە)، ئەوەبوو پێشتر خودا فەرمانی بە مووسا کردبوو کە لەگەڵ خۆیدا ماسییەکی گەورەی برژاوی سوێرکراو لە زەمبیلەیەکدا هەڵگرێتو ببات، جا لە هەر جێیەکدا ئەو ماسییەی لێ ون بێت ئەوە بێگومان (خدر) لەوێدا دەبینێت (مووسا)ش خۆیو کوڕە یاوەرەکە لەو جێیەدا خەوتن، ماسییەکەشیان لە زەمبیلەکەدا بوو کە سوورکراوەو خوێکراوو برژاو (واتە مردوو بوو). کەچی دڵۆپە ئاوێکی لەکانیاوی ژیانەوە بۆ دێتو ژیانی بەبەردا دێتەوەو، خودا گیانی بۆ دەگەڕێنێتەوەو، لە زەمبیلەکە دەردەچێتو دەچێتە نێو دەریاکەوە بەڵام چۆن ئەمە ڕووی داوە؟ ماسییەکی خوێکراوو برژێنراوو (بێ گیانو مردوو) سەر لەنوێ بۆ ژیان بگەڕێتەوە.. بەسەرهاتی ئەمە ڕووداوێکی کتوپڕییو سەرنج ڕاکێش بووە بۆ مووساو کوڕە یاوەرەکەشی، هەروەها ڕووداوێکی کتوپڕیو سەرنج ڕاکێشە بۆ هەر خوێنەرێکی ئەم ئایەتانەی چیرۆکەکە.

ئەم موعجیزەیەی خودای پەروەردگاریش بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر توانای بێسنووری خودا، چونکە خودا لەسەر هەموو شتێك بەتوانایەو، هەر کارێکی بوێت دەیکاتو، هەر خۆیشی مەخلوقاتی دەژیەنێتو دەیانمرێنێت. پاشان ئەم موعجیزەیە بەڵگەیەکی لەسەر زیندووکردنەوە دەخاتەڕوو، جا ئەو خودایەی کە ماسییە برژێنراوە سوێرکراوەکەی زیندوو کردۆتەوە، دەتوانێت لە ڕۆژی قیامەتیشدا هەموو بەندەکانی خۆی زیندوو بکاتەوە.

٢- کاتێك ژیان کەوتەوە نێو لاشەی ماسییەکەو بەدەریادا ڕۆشتەوەو ﴿فَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلۡبَحۡرِ سَرَبٗا﴾ ماسییەکە هەڵبەزیبووەو ڕێی نێو دەریای گرتەبەر) مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە خودا ڕۆشتنی ئاوەکەی بۆ ماسییەکە ڕاگرتووە تاوەك (سَترب)ی لێهاتووە، واتە ڕێگا (طریق) بەمانای ئەم ڕێگایە بەرنراوەی ماسییەکە ڕاڕەوێکی ڕۆشن بووە کە تیایدا ئاو لەدوای ماسییەکەوە

نەڕۆشتووەو، بەشێوەیەکیش بووە کە هەر کەسێك بەو ڕاڕەوە ڕۆشنەو بەو ڕێگا دیارەدا ڕۆشتبێت ئەوا گەیشتۆتە جێگای ماسییەکە، مووساش ئەم کردارەیان لەگەڵ کوڕە یاوەرەکەیدا گرتۆتە بەر بۆ گەیشتن بەشوێنی ماسییەکەو بەم پێیەیەش بۆ دیتنی (خدر).

٣- کاتێك مووساو یاوەرەکەی گەڕانەتەوە بۆ جێگای یەکەمیان کە ماسییەکیان تیادا لێ ون بوو، تووشی ڕووداوێکی لەناکاو ببوون، ئەویش دیتنی (خدر)ە کە لەوێدا بووەو لەسەر پشت ڕاکشاوەو کراسەکەی لەخۆیەوە ئاڵاندووە. جا کە (مووسا) سڵاوی لێکردووە، (خدر)یش کراسەکەی لەسەر دەموچاوی خۆی لابردوەو وەڵامی سڵاوەکەی داوەتەوە.. بێگومان (خدر) لە جێگەیەکی نادیارو نەزانراوەوە دەرکەوتووەو، مووساش خۆیو کوڕە نەوجەوانە یاوەرەکەشیو (تەنانەت ئێمەش کە سەرقاڵی چیرۆکەکەین) نازانین (خدر) لەکوێوە هاتووەو، پێشتر لەکوێدا دەژیا. هەموو ئەو زانیارییەی لامانە، ئەوەیە ئێمەش وەك مووسا کتوپڕ بەو جێگەیە ئاشنابووین کە (خدر)ی لێ بووە.

٤- (خدر) بە وتەیەکی گرنگ (مووسا)ی خستۆتە نێو ڕووداوێکی کتوپڕی یەوەو، کاتێك (مووسا) داوای لێ کردووە هاوڕێیەتی ڕێگەی بکات تاکو زانستی لێوە فێربێت، بەڵام (خدر) بەو وتە لەناکاوە وەڵامی داوەتەوە کە: بێگومان تۆ ناتوانیت ئارام لەسەر هاوڕێیەتیو کارەکانم بگریت: ﴿إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا ﴾. ئەمەش لە چیرۆکەکەدا بەدیی هاتووە، چونکە (مووسا) نەیتوانی ئارام لەسەر کارەکانی (خدر) بگرێت لە ماوەی هاوڕێیەتیی ڕێگەکەیاندا.

٥- ڕووداوێکی تری لەناکاو کاتێك مووسا لەگەڵ خدردا بەخۆڕاییو بەبێ کرێ سواری کەشتییەکە دەبنو، کەچی (خدر) بەدەستی ئانقەست پارچەیەك تەختەی کەشتییەکە لەبنەوە لێ دەکاتەوەو کونێکی تێدەکات ئەمەش وا لە مووسا دەکات کە بەرهەڵستیو نکوولی لەوکارەی بکات.

٦- کارێکی تری لەناکاوی خدر لەبەر چاوی مووسادا (سلاوی لێ بێت) ئەوەبوو کاتێك منداڵێکیان لەنێو منداڵان دادی که یاریان دەکرد، (خدر) دەیکوژێت بەبێ‌ئەوەی منداڵەکە لەوکاتەدا تاوانێکی وای کردبێت کە شایانی ئەو کوشتنە بێت، مووساش دووبارە نارەزایی لەسەر ئەم کارەی دەردەبڕێت.

٧- دیمەنێکی کتوپڕیو جێی سەرسوڕمانی تریش ئەوەیە، کە بۆ (مووسا)و (بۆ ئێمەش) دەرکەوتووە، خەڵکی گوندەکە زۆر پیسکەو چاوچنۆك بوون لەئاست مووساو (خدر)داو میوانداریيان نەکردوون، سەرەڕایی ئەوەی، کە ئەوان داوای خۆراکیشیان لێکردبوون.

٨- هەڵوێستێکی کتوپڕیانەی دیکەی (خدر) لەئاست (مووسا)دا - سلاوی لێ بێت - ئەوەبوو، کاتێك دیتیان لەو (گوندەدا) دیوارێك خەریکە دەڕووخێت، کەچی (خدر) ڕاستی دەکاتەوەو بنیاتی دەنێتەوە، ئەمەش وا لە مووسا دەکات کە بەرهەڵستیی بکات‌و داواشی لێ دەکات، کە بەلایەنی کەمەوە داوای کرێیەك لە خەڵکی گوندەکە بکات لەسەر ئەوکارەی، چونکە (بەڕای مووسا) دانیشتوانە چاوچنۆك‌و پیسکەکانی ئەوگوندە، شایستەی ئەو چاکەیەی خدر نەبوون.

٩- ئەو ڕووداوە کتوپڕە زۆر سەیرو سەمەرەیەش، کە مووسای سەرسام کردووەو (تەنانەت ئێمەی سەرنجدەری قۆناغەکانی چیرۆکەکەش)ی سەرسام کردووە، ئەوە بوو لەدواییدا (خدر) پەردەی لەسەر لایەنە نەزانراوەکانی هەرسێ کردارەکەی هەڵداوەتەوەو تەمومژی لەسەر نەهێشتوونو، دەیانکاتە پاساوێك بۆیانو، بەوهۆیەشەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هەرچییەکی کردووە: هەق‌و چاکەو ڕاستین، بەلام ڕونکردنەوەشیو کردنەوەو پەردە لەسەر لادانیشیان هەر بە شتێکی سەیرو لەناکاو دادەنرێت.

١٠- کارێکی سەرنج ڕاکێشی کتوپڕیانەی تریشی، ئەوەیە هەواڵی داوە لەسەر ئەو پادشا ستەمکارو زەوتکارەی، کە چاوەڕێی هەژارەکانی دەکرد، تاکو پاپۆرەکەیان لێ بسەنێت ئەگەر (خدر) کەلەبەرێکی تێ نەکردایەو خەوشباری (واتە- عەیبداری) نەکردایە.

١١- کارێکی جێی سەرنجی تری ئەوەیە، لەناکاو هەواڵی داهاتووی ئەو کوڕە منداڵە دەدات کە کوشتوویەتی بەوەی، کە ئەگەر لەژیان دابمایەو گەورە ببوایە، ئەوا کافر دەردەچوو، خوداش ویستوویەتی کوڕێکی باشتریان پێ بدات، کە دیندارو چاکە خوازو بەڕەحمو میهرەبان بێت بۆیان.

١٢- هەواڵدانی کتوپڕیی لەسەر وجودی گەنجینەیەك لەژێر دیوارەکەی ئەو گوندەدا، کە دوو منداڵی هەتیوو خاوەنی بوون، بۆیەش (خدر) دیوارەکەی لەسەر بنیات نایەوە، تا ئەوکاتەی منداڵەکان گەورە دەبن و گەنجینەکە دەردێنن.

١٣- شتێکی تری سەرنج ڕاکێش و کتوپڕیی، ئەوەیە خدر لەدوایی دابۆ شوێنێك دەڕوات، کە نازانین بۆ کوێ چووە.. لەوانەیە (مووسا)ش ـ سڵاوی خودای لێ بێت ـ ئەوەی نەزانیبێت.. بەڕاستی (خدر) (لەژێر کاریگەریی بەهەشت و شتی لەناکاوو جێی سەرسوڕمان دا (مووسا)ی بەجێ هێشتووە، ئەویش کاتێك باری ڕاستەقینەی هەرسێ کردارەکەی بۆ دەرخستووە، پاشان ڕووەو شوێنێکی نادیار بەجێی هێشتووەو ڕۆشتووە..

بێگومان (خدر) لەم چیرۆکەشدا، هەر لە شوێنێکی نادیارەوە هاتووەو دوای چیرۆکەکەش، هەربەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆشتووە.. ئێمەش نازانین لەکوێ وە هاتووەو، بۆ کوێ ڕۆشتووە..هیچ وتەیەکیش لەمبارەیەوە نە لە قورئان و نە لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ نەهاتووەو، دەربارەی (خدر) خۆیشی هەر ئەوەندە هاتووە، کە دیاریمان کردووە، کە لە قورئان و فەرموودەکان دایە.

بێگومـــان بەســـەرهاتی (خـــدر) لەگـــەڵ (مووســـا)دا بەســـەرهاتێکی نادیـــارو چیرۆکێکی تەماوییەو، داستانێکی پڕ لە ڕووداوی سەیرو لـەناکاوو، حیکایـەتێکی جێی سەرنجو سەرسوڕمانیشە.

ئێمەش هەرکاتێك ئەم چیرۆکە دەخوێنینەوە، تووشی دەهـشەتو سەرسـوڕمان دەبینو، ئەو ڕووداوە لەناکاوانەشی کارمان تێدەکەن سەرەڕای ئـەوەش، کـە پێـشتر چەند جارێکی تـریش لـە حەقیقـەتی ڕووداوەکـانو ڕازو نهێنیـی کـردارە سـەیرو کتوپڕییەکانیشیمان زانیبێت.

"سـەفەر بۆ بەدەسـت هێنانی زانسـت"

(مووسا) چیی گوت بە کوڕە نەوجەوانەکەی یـاوەریی (یوشـعی کـوڕی نـوون)؟ پێـی گـوت: ﴿...لَآ أَبْرَحُ حَتَّىٰٓ أَبْلُغَ مَجْمَعَ ٱلْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِىَ حُقُبًا ﴿٦٠﴾ الكهف﴾، واتە: (من بـەبێ وەسـتان و کۆڵـدان هـەر دەڕۆم، تـاکو دەگەمـە ناوچەی پێکگەیشتنی نێوان هەردوو دەریاکە، یان هەردەبێت بگەمە ئەنجام، یاخود ماوەیەکی زۆر دەگەڕێمو لە سەفەردا دەبم). ناوچەی پێکگەیشتنی دوو دەریاکـەش ئەو جێگەیە بووە، کە خـوا هـەواڵی بەمووسـاداوە لەسـەر ئـەوەی لـەوێ (خـدر) دەبینێـت.

خۆ ئەگەر نەگاتە ناوچەی پێکگەیشتنەوەی هەردوو دەریاکـە، ئـەوە دیـارە لـە ڕۆشتنـدا بـەردەوام دەبێـت، تەنانـەت گـەر ئـەم سـەفەرەی چـەندان سـاڵی درێـژو ماوەیەکی زۆریش بخایەنێت، هەر بـەڕێگاوە دەبێـت. لـەو وتەیـەی (مووسـا)دا ـ سڵاوی لێ بێت ـ ئەم مەبەستانە وەردەگرین:-

- سەفەر بۆ بەدەست هێنانی زانست.

- سوور بوون لەسەر وەرگرتنی زانست.
- پێداگرتن لەسەر تێپەڕاندنی هەموو ئەو کۆسپانەی کە دێنە سەر ڕای ئەو نیازە.

زانایانی ئیسلامیش چەندەها نموونەی بەرزو قەشەنگیان دەربارەی سەفەر بۆ بەدەستهێنانی زانست پیادەکردوەو، لەوبوارەدا بەرگەی گەلێك نارەحەتیو کوێرەوەرییان گرتووەو، ئارامیشیان لەسەر ئەوکۆسپو بەربەستە دژوارو سەختانە گرتووە کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.

لەمبارەیەوە ئیمام (خطیبی بغدادی) لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا کتێبێکی داناوەو تیایدا ناوی بەناوبانگترینی ئەو زانایانانەی تۆمار کردووە، کە ڕوویان کردۆتە ولاّتانی تری دنیا بۆ بەدەستهێنانی تاکە یەك فەرموودە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ (ئیمامی بغدادی) ئەم کتێبەی ناوناوە (الرحلة في طلب العلم) واتە (سەفەر بۆ بەدەستهێنانی زانست) لەم دواییەشدا دکتۆر (نورالدین عنتر) بە ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەوە چاپی کردەوە.

لەسەردەمی خۆشماندا (شێخ عبدالفتاح ابو غدە) لە کتێبێکی نایابی خۆیدا چەند نموونەیەکی کۆکردۆتەوە دەربارەی سەفەری زانایانی موسڵمانو ئارام گرتنیان لەسەر هەر نارەحەتییەك لەو پێناوەدا، کتێبەکەشی ناو ناوە (صفحات من صبر العلماء على شدائد العلم والتحصيل) واتە: (چەند لاپەڕەیەك لەسەر ئارام گرتنی زانایان لەسەر بارە سەختەکانی زانستو بەدەست هێنان).

(مووساش بە کوڕەکەی یاوەری گوتبوو (کۆڵ نادەم تا دەگەمە ناوچەی پێگەیشتنی هەردوو دەریا کە، یان بۆ ماوەیەکی زۆرو زەمەنێکی درێژ لە سەفەردا دەبم): ﴿لَآ أَبۡرَحُ حَتَّىٰٓ أَبۡلُغَ مَجۡمَعَ ٱلۡبَحۡرَيۡنِ أَوۡ أَمۡضِيَ حُقُبٗا﴾. لەم ئایەتەدا وشەی (حقبا/ چەند زەمەنێك) کۆ (جمع)ی (حقبە)یە. زانایانیش ڕای هەمەجۆرو

جیاوازیان لەسەر مانای (حقبە) هەیە کە دەڵێن لەنێوان (شەست ساڵ)و (هەشتا ساڵ)و (سەد ساڵ) دایە... بەڵام ڕای ڕاستتر لەسەر مانای (حقبە) ئەوەیە کە (راغبی اصفهانی) لە فەرهەنگی (مفرادات)ەکەیدا دیاریی کردووەو گوتوویەتی: (لەڕاستیدا (حقبە) ماوەیەکی نەزانراوە لەزەمان)[1]. ئەم مانایە لە وتەکەی مووساش داهاتووە کە بەکوڕە یاوەرەکەی گوتووە ﴿أَوۡ أَمۡضِيَ حُقُبٗا﴾ کەواتە (مووسا) بە ماوەیەکی تایبەتییو نەزانراو، وەسفی کردووەو کە هەر گەشتیارو ڕێبوار دەبێت، تاو بە(خدر) دەگات.. ئەم مانایە لە وشەیەکی هاوشێوەشیدا (احقاب)دا هاتووە، کە مانای کاتێکی نادیارو نەژمێراو دەگەیەنێت‌و، خودا تێیدا (لەبارەی کافرانەوە لە دۆزەخدا) فەرموویە ﴿لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ﴿٢٣﴾﴾ النبأ ئەمەش ماوەیەکی نادیارو بێکۆتایە کە تیایداو بە نەمریی لە دۆزەخدا دەمێننەوەو، پەنابەخودا..

---

(١) المفردات، ص١٢٦.

"نَسِيَا حُوتَهُمَا"

قورئانی پیرۆز کرداری بیرچوونەوە (نسیان)ی خستۆتە پاڵ هەردووکیان (واتە/ پاڵ موساو کوڕە یاوەرەکەی) لەگەڵ ئەوەی کە لەڕاستیدا هەرتەنیا کوڕەکە (یوشعی کوڕی نون) لەبیری چوو بۆوە. لەبەرئەوەی (مووسا) داوای لەکوڕەکەی کردبوو کە ماسییەکە لە زەمبیلەکەیدا هەڵگرێت و پێشی گوتبوو (هەر کاتێك ماسییەکەت لێ ون بوو خێرا ئاگادارم بکە، ئیدی کاتێك پێکەوە دەڕۆن و دەگەنە لای بەردە زلەکەو زەمبیلەکەش بە ماسییەکەوە لە نزیك ئاوەکەوە دادەنێن و، خەویان لێ دەکەوێت چەند دلۆپە ئاوێك دەگەنە لای ماسییەکەو ژیانی بەبەردا دێتەوەو، لە زەمبیلەکە دەردەچێت و ڕێگەیەکی نێو دەریا بۆ خۆی دەگرێتەبەر ﴿فَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلۡبَحۡرِ سَرَبٗا﴾.

لەکاتێکیشدا (مووساوکوڕە یاوەرەکەی) بێدار دەبنەوەو لەخەو هەڵدەستن ڕێگەی سەفەریان گرتۆتەوە بەرو، هەر کەهەست بەماندوێتی و برسێتی دەکەن، (مووسا) داوا لە کوڕەکە دەکات کەخۆراکی بۆ بێنێت، ئەویش خێرا ماسی یەکەی بەبیردا دێتەوە.

کەوابوو ئەوکەسەی لەبیری چووە، کوڕەکەیە، نەك مووسا.. ئەی بۆچی قورئان ئەم کرداری لەبیر چوونەی خستۆتە پاڵ هەردووکیان؟!.

وادیارە لەمەدا دوو حیکمەت هەیە

یەکەمیان: ئەمە لە دەرووی (تغليب)[1] ەوەیە، وەك ئەوەی بلّێین: (الأبوان)، کە بۆ (اب‌و ام/ باوك‌و دایك)یش بەکاردێت، یان (العمران) کە بۆ (أبوبكر)و (عمر)یش بەکاردێت. جامادام ئەم دوو کەسەش (مووسا) و(کوڕە یاوەرەکە)ی دوو هاوڕێی یەکترین لە سەفەرەکەدا، ئەوا هاوبەشی یەکترن لە ڕێگەداو لە هەر کردارو ڕووداوێکدا، کە تووشیان دێت، لەو کردارانەش، کە هاوبەشن تیایدا (لەبیرچوونەوە)یە.

دووەمیان: بێگومان ئاکامی بیرچوونەوەکەو سەرەنجامەکەشی، بەسەر هەردووکیاندا دێت، نەك تەنیا بەسەر کوڕە نەوجەوانەکەی یاوەری (مووسا)دا.. ئەوەبوو بەهۆی بیرچوونەوەکەوە، هەردووکیان ڕێگای ڕۆشتنیان درێژتربۆوەو، ڕووداوی زیاتری ناخۆش‌و ماندوویێتی‌و برسێتییان بەسەرداهات.

---

(١) (تغليب) لەزمانی عەرەبیدا لەنێو دووبێژە (لفظ)دا بەکاردێت، کە یەکێکیان جێی هەردووکیانی پێ دەگیرێتەوە ئەگەر هۆیەکی پەیوەستکردن یان تێکەڵکردن لەنێوانیان داهەبێت. یان لەنێوان واتاو مەدلولوولیاندا وەك وشەی (ابوين) بۆ دایك و باوك (الام و الاب) یان (مشرقين) بۆ مشرق‌و (مغرب) یان (الاخوان)و... هتد (وەرگێر).

" ءَاتِنَا غَدَآءَنَا "

کاتێک (مووسا)و (کوڕە یاوەرەکەی) بەڕێوە ڕۆشتن‌و ناوچەی نێوان دوو دەریاکەیان بەجێ‌هێشت، هەستیان بە ناڕەحەتی‌و ماندوێتی کرد، ئەوەبوو (مووسا) بەیاوەرەکەی گوت: (خۆراکەکەمان بۆ بێنە، چونکە بەڕاستی لەم سەفەرەماندا زۆر شەکەت‌و ماندووبووین): ﴿ءَاتِنَا غَدَآءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَٰذَا نَصَبًا ﴾ کاتێک بەوردی سەرنج لەم ئایەتە دەدەین، ئەم خاڵانەی لێ دەردێنین:-

١- شیاوبوونی، تەنانەت پێویستبوونی هەڵگرتنی توێشووو خۆراك بۆ گەشت‌و سەفەر، ئەمەش پێچەوانەی (پشت بەخوابەستن) نیە، بەڵکو هەر لەدەروازەی پشت بەخوا بەستنەکەدایە، چونکە گرتنەبەری ئەو هۆکارانەیە کە خوا فەرمانی لەسەریان پێمان دەکات.. سەیر لەوەدایە کۆمەڵە کەسێك لە گەمژەو فریودراوان هەن‌و، توێشوو هەڵناگرن، بەبیانووی ئەوەی گوایە پێچەوانەی پشت بەخوابەستنە، خۆیشیان تەمبەڵ‌و تەوزەل‌و پەککەری ئەو هۆکارانەن کە خودا فەرمانی پێویست بوونی وەبەرنان‌و پابەندبوون پێوەیانی داوە.

٢- شیاو بوونی خستنە کاری کەسانی دی‌و داواکردنی هێنانی خۆراك لێیان. ئەوەبوو (مووسا) داوای لە کوڕەیاوەرەکەی کرد، کە خۆراکی بۆ بێنێت ﴿آتِنَا غَدَاءَنَا﴾ ئەمە لەگەڵ ئەوەش دا باشتروایە، کە مرۆڤی موسڵمان هیچ شتێك لە کەس داوا نەکات (سەرەڕای شیاوبوونی داواکردنەکەش).

٣- شیاوبوونی ئەوەی، کە مرۆڤ هەواڵی حاڵەتی خۆی (چ برسێتی یان ناڕەحەتی‌و ماندوێتی یەك بێت) بە کەسانی دی بگەیەنێت، ئەمەش پێچەوانەی (باوەڕداری

بەخوداو تەسلیم بوون بەفەرمانیو، پشت پێ بەستنی) نیـە، چـونکە ئـەوە تـا (مووسا) بەکورە یاوەرە خزمەتکارەکەی گوتووە (بەڕاستی ئێمە لـەم سـەفەرەدا زۆر شەکەتو ماندوو بووین).

٤- بێگومان (مووسا) هەستی بەبرسێتی نەکردووەو ماندوێتییشی نـەدیوە تـەنها دوای ئەو کاتە نەبێت کە لە ناوچەی پێکگەیشتنی هەردوو دەریاکە تێپەڕیونو، کـە ئـەم شـوێنەش ناوچـەی بڕیـار لەسـەردراو بـوو، وەك لـە فەرموودەکـەی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتبوو کە فەرموویەتی: **((ولم يجد موسى مسا من النصب، حتى جاوز المكان الذي امريه))** ئەمـەش وەك ئـەوە وایـە کـە نارەحـەتیو ماندوێتییەکە نیمچە سزایەکی نەریتی لەبیرچوونەوەکە بووبێت.

"وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ "

کاتێك (مووسا) - سڵاوی لیّ بێت- داوای خۆراکی لەکوڕە یاوەرەکەی کرد، کوڕەکەش ماسییە برژێنراوە سورکراوەکەی بیرکەوتەوە کە بە زیندوویی بەنێو دەریاکەدا ڕۆشتبوو، ئەوەبوو (مووسا) پێشتر داوای لیّ کردبوو کە هەر کاتێك ماسییەکەی لیّ وون دەبێت، دەسبەجێ هەواڵی پیّبدات. جاکاتێك لەخەو هەستانو کوڕەکەش ماسییەکەی نەبینییەوەو زانیی کەوا لێیان وون بووە، بەڵام لەبیری چوو کە ئەو هەواڵە بە (مووسا) بگەیەنێت، هەربۆیەش هەردووکیان لەسەر ڕۆشتن بەردەوام بوونو ماوەیەکی هێند درێژیشیان بڕی کە هەستیان بە ماندوێتی دەکرد. جاکاتێك مووسا پێی گوت: (خۆراکەکەمان ـ کە ماسییە برژاوەکەیە ـ بۆ بێنە، بەڕاستی لەم سەفەرەماندا تووشی نارەحەتیو برسێتیو بارگرانیەك بووین ﴿ءَاتِنَا غَدَآءَنَا لَقَدۡ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَٰذَا نَصَبٗا﴾ کاتێك (مووسا) ئەمەی پیّگوت، کوڕە یاوەرەکەش (یوشع) لەوەڵامدا پێی گوت: (لەبیرتە کاتێك لەلای گاشەبەردەکەوە حەواینەوە، من ماسییەکەم لەیادبووو، تەنها شەیتانیش لەبیری بردمەوەو وای لیّ کردم بەیادم نەیەتەوە ﴿... أَرَءَيۡتَ إِذۡ أَوَيۡنَآ إِلَى ٱلصَّخۡرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ ٱلۡحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ أَنۡ أَذۡكُرَهُۥۚ... ﴿٦٣﴾﴾.. کەواتە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە بگەڕێنەوە بۆلای ئەو گاشەبەردەی کە لە پاڵیا خەوتبوونو ماسییەکەشیان لەلا وون کردبوو کە لەبیری چوو بوو مووسای لەسەر بەبیر بێنێتەوە.. دانی بەوەش دانابوو کە ماسییەکەی لەوێدا لەبیرچووەو، لەبیرچوونەکەشی خستە پاڵ شەیتان، وەك

﴿فَإِنِّي نَسِيتُ ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ﴾ له‌م ڕسته‌یه‌دا له‌وشه‌ی (انسانیه)دا پیتی (هـ) هێمای (ضمه)ی له‌سه‌ره (انسانیه/ شه‌یتان له‌بیری بردمه‌وه) جا داخۆ حیکمه‌ت له‌بوونی (ضمه) له‌سه‌ر پیتی (هـ) چی بێت؟! (ابن زنجله) له کتێبی (حجه القراءات)دا گوتوویه‌تی: (حفصی کوڕی عاصم) ڕسته‌ی (وما انسانیه) به بۆر (ضمه ـُ)ی سه‌ر (هائه‌که) له‌سه‌ر بنچینه‌ی وشه‌که خوێندۆته‌وه‌و، ڕیشه‌که‌شی (ضمّه ـُ)یه‌، (حفص) بۆیه له‌هێمای (ژێره) واته‌: (کسره)ی ژێرهایه‌که‌وه بۆ (ضمّه) هه‌موار (تعدیل)ی کردووه‌، چونکه دیویه‌تی که (که‌سره)کانی ژێر (انسانیه) که (ڕیشه‌ی هایه‌که‌ش (ضمّه)یه واباشتره بیکات (به ضمّه) تاکو ئاسان‌و هێواش تر بێت له‌سه‌ر زمان وه‌ك له‌وه‌ی له ژێره‌کان (کسرات)دا به‌رده‌وام بێت. ئه‌و که‌سه‌ش که (هایه‌که‌ی — به که‌سره دانابێت) له‌به‌ر هاوسێیه‌تی پیتی (ی)یه له‌پێشیه‌وه‌، وه‌ك چۆن بڵێیت (فیه)و (علیه))[1]..

وه‌ك تێبینی ده‌که‌ین (یوشعی کوڕی نون) کرداری (بیرچوونه‌وه‌که)ی یه‌که‌م جاری داوه‌ته پاڵ خۆی، وه‌ك گوتوویه‌تی: ﴿فَإِنِّي نَسِيتُ ٱلْحُوتَ﴾ پاشان هۆی له‌بیربردنه‌وه‌که‌شی خۆستۆته‌پاڵ شه‌یتان وه‌ك گوتوویه‌تی.. ﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ له‌م دووجارخستنه پاڵه‌شدا هیچ جیاوازی‌و لێك نه‌چوونێك نیه‌.

دیاره (یوشع) خۆی له‌کرداری (له‌بیرچوون) دانه‌بڕیوه‌و خۆیشی لێی‌به‌ری نه‌کردووه‌، به‌ڵکو دانی پێ داناوه‌و خستویێتییه پاڵ خۆی: ﴿إِنِّي نَسِيتُ الْحُوتَ﴾ لێره‌دا (تاء)ه‌که‌ی فه‌رمانی (نسیت) له عه‌ره‌بیدا به (تاء)ی فاعل (بکه‌ر) داده‌نرێت‌و بۆ (یوشع) ده‌گه‌ڕێته‌وه‌، به‌مانای (انا الذي قمت بفعل النسيان، انا الذي نسيت) (من بووم کرداری بیرچوونه‌وه‌که‌م لێ وه‌شایه‌وه‌، من بووم له‌بیرم چوو)

---

(١)(حجه القراءان لابن زنجله: ٤٢٢).

جا دوای ئەوەی دانی بە لەبیرچوونەوەکەدا ناوەو خستویێتییە پاڵ خۆی، دیاریشی کردووە کە کێ وای لێ کردووە لەبیری بچێتو ئەی کێیش کرداری لەبیربردنەکەی بەسەردا ئەنجام داوە، دیارە ئەوە هەر شەیتان بووە، بۆیە گوتوویەتی: ﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾..

بێگومان شەیتان لێرەدا بکەر (فاعل)ەکەیە، (یوشع)یش کارلێکراو (مفعول بە)یەکەیە، پیتی (هایەکەش) بووە بە (مفعول بە)و بۆ (یوشع) دەگەڕێتەوە. لەمەدا تێبینی دەکەین، کە ئەوە دوو فەرمان (فعل)ن، نەك یەك فەرمان..

یەکەمیان: وشە سێ پیتییەکەی فەرمانی (نسي)، کە (یوشع) خستویێتییە پاڵ خۆی.

دووەمیان: وشە چوار پیتییەکەی فەرمانی (انسی)، کە خستوویێتییە پاڵ (شەیتان) (انسی)ش دەخرێتە پاڵ ئەوکەسەی، کە کاری بیربردنەوە بەسەر کەسانی تردا دێنێت، واتە وایان لێ دەکات لەبیریان بچێتەوە.

ئەمەش حەقیقەتێکەو، شەیتان بێگومان ئەوەیە، کە مرۆڤ دەخاتە نێو دۆخی لەبیرچوونەوەی چەند شتێکەوەو، هەر ئەویشە مرۆڤ بۆ بیرچوونەوە هەڵدەنێتو وای لێ دەکات شتی لەبیربچێتەوە. وای لێ دەکات خودای پەروەردگاری بیر بچێتەوەو، ئاینەکەی بیر بچێتەوە، ئەرکەکانی بیربچێتەوە، تابەم ڕەنگەش بەئاسانی بەسەریا زاڵ بێت و، دڵی داگیربکات.. بێگومان شەیتان تەنها لەکاتێکدا زەفەر بە مرۆڤ دەبات، کە وەختی بیرچوونەوەیەتی، بەڵام موسڵمانی بێدارو چاوساغو بەرچاوڕوون ئەو کەسەیە، کە شەیتان لەهیچ ڕایەکەوە ناتوانێت زەفەری پێ ببات.. خودا لەمبارەیەوە فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ٢٠١ وَإِخۡوَٰنُهُمۡ يَمُدُّونَهُمۡ فِي ٱلۡغَيِّ ثُمَّ لَا يُقۡصِرُونَ ٢٠٢﴾ الأعراف.

واتە: (بێگومان ئەو ئیماندارانەی لەخواترس‌و بەتەقوا بوون، هەرکاتێك لەلایەن شەیتانەوە خورپەو خەیاڵێك بەدڵیان دابێت، دەسبەجێ خوایان بە بیردێتەوەو بێدارو بەرچاوڕوون دەبن، برا شەیتانەکانی ئەم شەیتانەش کۆمەکیان دەکەن لە گومڕاکردنیان، بەهۆی ڕازاندنەوەی گوناهەکان لەبەرچاوانیان.. پاشان کوڵ نادەن‌و درێغی ناکەن لەگومراییی کردنیاندا).

بێگومان شەیتان لەپشت هەموو لەبیرچوونەوەیەکەوەیەو هەر ئەویشە وا لە خەڵکی دەکات شتیان لەبیر بچێتەوە، تۆ کاتێك شتت لەبیردەچێت ئەوە هەر شەیتانە کەشتی لەبیر بردوویەتەوە، منیش هەرشتێکم لەبیر بچێت، ئەوە شەیتانە لەبیری بردوومەتەوە ﴿فَإِنِّي نَسِيتُ الْحُوتَ وَمَا أَنسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْطَانُ أَنْ أَذْكُرَهُ﴾.

" سَرَبًا ، و عَجَبًا "

قورئانی پیرۆز بەدوو دەربڕین (تعبیر) گوزارشتی لە ڕۆشتنی ماسییەکە بە نێو دەریاکەدا کردووە. لە یەکەمیاندا: ﴿نَسِيَا حُوتَهُمَا فَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِى ٱلْبَحْرِ سَرَبًا﴾ لەدوای ئەمەش: ﴿فَإِنِّى نَسِيتُ ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَـٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ ۚ وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِى ٱلْبَحْرِ عَجَبًا﴾ لێرەدا مانای (سربا) ئەوەیە کاتێك ماسییەکە بەدەریاکەدا ڕۆشتووە، خودا ڕێی لە یەکگرتنی ئاوەکەگرتووەو لێکی دابڕیووەو نەیهێشتووە بەدوای ماسییەکەدا بڕوات، ئیدی لەدوای ماسییەکەوە ڕێڕەوێکی بەتاڵ لەسەر ڕووی ئاوەکە هەبووە، کە ئاویشی تێدانەبووە، ئەمەش وەك تاقێك بووە، وەك پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: **((وامسك الله عنه جرية الماء، حتى كان مثل الطاق))** واتە: (خودا ڕۆشتنی ئاوەکەی لێ گرتەوە تاوەك تاقێکی لێ هات).

مانای (عجباً)یش ئەوەیە، بێگومان ژیان بەبەرداکردنەوەی ماسییەکە (کە ماسییەکی برژێنراوی سوورکراوی دانراوی نێو زەمبیلەیەك بووە)و دەرچوونیشی لەم زەمبیلەیەو ڕۆشتنی بەنێو دەریاکەداو وەستاندنی ئاویش لەدوایەوە، هەموو ئەم موعجیزانە سەرسوڕمان (عجبا)و سەرسامبوونی مرۆڤی دەخوازن، هەربۆیەش مووساو کوڕە یاوەرەکەی لەوە سەرسام بوون.

لێرەدا ماوەتەوە ئەوەی حیکمەت لە جیاوازیی گوزارشت (تُعْبیر)ەکان لەهەمان ڕووداو ڕوون بکەینەوە، واتە بۆچی جارێکیان فەرمویەتی (سربا)و، جارێکی تریش فەرموویەتی (عجبا). وەڵامەکەش لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ بەدیی دەکرێت، کە فەرموویەتی: ((فکان للحوت سربا والموسی وفتاه عجباً)) واتە:

ڕووداوه‌ بۆ ماسییه‌كه‌ی كه‌ (سرباً) بووه‌، بۆ موساو یاوه‌ره‌كه‌شی (مجیباً) بووه‌ ڕازو نهێنیی جیاوازیی گوزارشته‌كه‌ش له‌ هه‌ردوو وشه‌كه‌دا ئه‌و لایه‌نه‌یه‌ كه‌ ته‌عبیره‌ قورئانیه‌كه‌ سه‌رنجی لێ داوه‌و، ئه‌و گۆشه‌یه‌شه‌ كه‌ له‌نێویه‌وه‌ بۆ چیرۆكه‌كه‌ی ڕوانیوه‌، چونكه‌ له‌ جاری یه‌كه‌مدا له‌گۆشه‌ی ماسییه‌كه‌وه‌ بۆ ڕووداوه‌كه‌ی ڕوانیوه‌و سه‌رنجی له‌ جموجوولّی ماسییه‌كه‌ له‌ ده‌ریاكه‌دا داوه‌و فه‌رموویه‌تی: ﴿فَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلۡبَحۡرِ سَرَبٗا﴾، به‌ڵام له‌جاری دووه‌مدا له‌ گۆشه‌ی مووساو كوڕه‌ یاوه‌ره‌كه‌یه‌وه‌ بۆ ڕووداوه‌كه‌ی ڕوانیوه‌و شوێنه‌واری جموجوولّی ماسییه‌كه‌ی له‌سه‌ر ده‌روونو هه‌ستی مووساو كوڕه‌ یاوه‌ره‌كه‌ی به‌دیی كردووه‌، بێگومان ئه‌وانیش هه‌ردووكیان سه‌ریان له‌ جموجوولّی ماسییه‌كه‌ سوڕماوه‌، هه‌ربۆیه‌ش فه‌رموویه‌تی: ﴿وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلۡبَحۡرِ عَجَبٗا﴾.

لێره‌شدا ئاماژه‌ ده‌كه‌ین بۆ ئه‌و كاره‌ سه‌رسوڕهێنه‌ی كه‌ جموجوولّی ماسییه‌كه‌و گیان به‌ به‌رداكردنه‌وه‌ی به‌رپای كردووه‌، سه‌رچاوه‌ی ئه‌مه‌ش نكوولّی كردنو سه‌یر لێ هاتنیان نه‌بووه‌، چونكه‌ مووساو كوڕه‌ یاوه‌ره‌كه‌ش باوه‌ڕیان به‌توانای خودا له‌سه‌ر زیندووكردنه‌وه‌و به‌دیی هێنانی موعجیزه‌كان هه‌بووه‌، به‌ڵام سه‌رچاوه‌ی ئه‌مه‌، هێزی سه‌رسوڕهێناندنی ڕووداوه‌ كتوپڕییه‌كه‌و، پێوه‌ ئالّووده‌ بوونو كارلێك بوونیه‌تی به‌و ڕووداوه‌.

"ئاشتی له‌ كوێی ئه‌م زه‌وییه‌ی تۆ دایه‌"

كاتێك (یوشع)ی یاوه‌ری (مووسا) هه‌والّی له‌بیرچوونه‌وه‌ی ماسییه‌كه‌ی به‌ (موسا) ڕاگه‌یاندو، داوای گه‌ڕانه‌وه‌یانی بۆ لای به‌رده‌ زله‌كه‌ لێكرد، (مووسا)ش پێی گوت: (ئا ئه‌وه‌ بوو مه‌به‌ستی ئێمه‌/ ذلك ماكنا نبغي)..ئیدی به‌ڕێی خۆیاندا ڕۆشتنه‌وه‌و، ئاسه‌واری ڕۆشتنی پێشوویان له‌ گه‌ڕانه‌وه‌دا گرته‌به‌رو، به‌سه‌ر شوێن

پێیەکانی خۆیاندا دەچوونەوە، ئەمەش مانای ئەم ڕاستیەیە، کە خوا فەرموویەتی: ﴿فَٱرْتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا﴾. دەشێت لەمەوە ئاماژەیەك بۆ گرنگیی گێڕانەوەی چیرۆك و بۆ چۆنیەتی گێڕانەوەو شیاوبوونیشی بکەین.

جا کاتێك گەیشتنە ناوچەی پێککەیشتنی نێوان دوو دەریاکەو لایان دایە پاڵ بەردە زلەکە، بەندەیەك لە بەندەکانمان ﴿عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَا﴾یان بینی، وەك پێغەمبەری خوداش ﷺ فەرموویەتی: (دیتیان ئەوە خدرەو پۆشاکەکەی لەخۆی ئالاندووەو لەسەر پشت کەوتووە) (مووسا) سلاوی لێکردو، (خدر)یش کراسەکەی لەسەر ڕوخساری خۆی لاداو گوتی: (وعلیك السلام).. هەروەها (خدر) سەری سوڕما لە پیاوێك، کە لەو ولاتەدا سەلامی لێدەکات ((چونکە سەلام و سلاوکردنی ئیماندارانەکە لە بنەڕەت و ڕیشەی ئاشتیو برایەتییەوەیە) لەنێو خەڵکی ئەو ولاتەدا نەمابوو، هەر بۆیەش دوای وەڵامی سەلامەکەی بە (مووسا)ی گوت: (ئاشتی لەکوێی ئەم زەوییەت دایە)؟

ئەم پرسیارەی (خدر) ئاتاجی بە هەڵوێستەیەك هەیە، چونکە وەڵامەکەی وەك ئەوە وایە، کە (خدر) سەرسام بێت کاتێك لە کەسێك سەلام دەبیستێت. ئەمەش لەوانەیە هۆیەکەی لەبەر نەبوونی ئیمانداران بووبێت لەو جێگەیەدا.. ئیدی ئاگاداری ئەوەش نەبووە کەوا (مووسا) بەتایبەتی بۆ لای ئەم هاتبێت.

بەڵام ئێمە لەم پرسیارەی خدردا مەسەلەیەکی دوورترو بەرفراوانترو قووڵتری لێ تێدەگەین، ئەمەش وەك ئەوە وایە مەبەستی هەموو سەرزەمینی ئەو ڕۆژگارە بووبێت، بەڵکو هەر دەبێت ناکۆکیو ململانێو بەربەرەکانیو بەرەنگاریی لەسەر ڕووی زەوی لەنێوان خەڵکیدا بێنێت، مێژووش بۆی گێڕاوینەتەوە، کە هیچ ماوەیەك لە ماوەکانی مێژوو لە جەنگو ئاشووب بەدەرنەبووە، کە لێرەو لەوێ لەسەر زەوی ڕوویداوە. ئەم جەنگانە لەم سەردەمە تازەیەی ئێستاشماندا ڕووەو زیادبوونو توندترو بەرفراوانترە.. گشت خوێنەرێکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش،

هەمیشە چاوی دەکەوێت بە هەواڵەکانی ناکۆکی و کوشتار، کە لە هەموو ژمارەیەکی تازەی ئەو بڵاوکراوانەدا هەیە، هەر گوێگرێکی هۆیەکانی تری ڕاگەیاندنیش، چ لە کەناڵەکانی بیستن یان بینراوەوە بەردەوام گوێی لە هەواڵی کوشتارو جەنگە خوێناوییەکانە، هەر ئەمەشە سروشی ئاماژە بۆکراوی خودا، کە لەبارەیەوە فەرموویەتی:

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ ... ﴿١١٩﴾ هود﴾، واتە: ئەگەر خودای پەروەردگارت خواستی لەسەر بوایە هەموو خەڵکی سەرزەویی دەکرد بەیەك نەتەوەو کۆمەڵ، بەڵام بەردەوام (خەڵکی) دژ بەیەك و لێك جیاوازن، مەگەر ئەوانەی، کە بەهۆی ڕەحم و بەزەیی پەروەردگارتەوە ئاسوودەو سەربەرزن، خوداش هەر بۆ ئەو مەبەستی بەبەرەکانیەی نێوان هەق و ناهەق خوڵقاندوونی).

هەروەها خودای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿...وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ ... ﴿٢٥١﴾ البقرة﴾. واتە: (خۆ ئەگەر خودا هەندێك کەسی لە خەڵکی بەهەندێکی تریان لەناونەبات و جەنگ و ناکۆکی لەنێوانیان دانەبێت، ئەوا زەوی بەهۆی ئەو کۆمەڵە ستەمکارانەوە دەشێواو پڕدە بوو لە خراپەو تاوان و زۆرداری). ئەم واتایانەش سروشی پرسیارکردنەکەی (خدر)ی گەیاندووە، کە بەزمانی عەرەبی وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە ((وَأَنَّى بأرضك السلام)) ئاشتی و سەلام لەکوێ ی ئەم زەوییەی تۆدایە)؟ لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (أنّى) بۆ بەدوورگرتنە (للاستبعاد) بەمانای بەدیی هاتنی ئاشتی لەسەر ڕووی ئەم زەوی یە بەدوور دەگیرێت).

"عَبۡدٗا مِّنۡ عِبَادِنَآ "

قورئـانی پـیرۆز وەسـفی (خـدر)ی بـه ﴿عَبۡدٗا مِّنۡ عِبَادِنَآ﴾ بەندەیـەك لـه بەنـدەكانمان) كـردووه كـه لـه فەرمایـشتەكەی خـوادا هـاتووه.. دانـانی وەسـفی بەندایـەتی لەلایـەن خـوداوە، مانـای (لـێدابڕینی پێغەمبـەرێتی لـه (خـدر)) ناگەیەنێت، هیچ لێك نەچـوونێكیش لـەنێوان هـەردوو وەسـفی (بەنـدەی خـودا)و (پێغەمبەری خودا) دانیه. جێی باسه پێشتریش ئەوەمان یەكلا كردەوە كه (خـدر) پێغەمبەرێك بووه.

بێگومـان بەندایـەتی (عبودیـه) بـۆ خـودا دیـارترین ڕوالّـەتو ئاكـاری پێغەمبەرێتییه. پێغەمبـەران زۆرتـرین كـاری بەندایـەتیو خواپەرستییان لـەنێو خەلّكیدا هەبووە، چونكه ئەوان زاناترینی خـەلّكی بـوون لەناسـینی پلـەو پایـەی خوداو ئەركی پێویست بەرامبەر خودا، لـەنێو خەلّكییـشدا لـه هـەموویان زیـاتر سوپاسگوزارو شواكرنەبژێری خودا بوون لەسەر نیعمەتەكانی خودا. خوداش چەندین پێغەمبەری بەڕێزی خۆی به ئاكاری بەندایەتی (عبودیة) وەسف كردووه بـۆ نموونـه لەبارەی (نووح)ەوە ـ سلاوی لێ بێت ـ فەرموویەتی: ﴿ذُرِّيَّةَ مَنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٍۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَبۡدٗا شَكُورٗا ٣﴾ الإسراء. واته: (جگه له (بنواسرائیل) كەنـەوەی (ئیسرائیلن) نەوەی ئەو كەسانەشن كه له كەشـتییەكەدا لەگـەلّ (نـوح)دا هـەلّمان گرتنو ڕزگارمان كردن، تاكو سوپاسـگوزاری خـودابن، چـونكه بەڕاسـتی (نـووح) بەندەیەكی سوپاسگوزاری خودا بووه).

لەوەسفی بەندایەتی پێغەمبەریشدا ﷺ فەرموویـەتی: ﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ

مِنْ ءَايَٰتِنَآ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾ الإسراء﴾، واتە: (پاکیو بێگەردیو بێ کەموکوڕی بۆ ئەو خوایەی کەشەوڕەویی لە بەشێکی کەمدا بە(بەندە)ی خۆی کرد).

هەروەها قورئانی پیرۆز لە زۆر جێگەدا وشەی (عُباد/بەندەکان) بۆ ئەو کەسە ئیماندارانە بەکاردێنێت، کە باوەڕیان بەخودا هێناوە، وشەی (عبید/ کۆیلەکان)یش بۆ ئەو کەسە کافرانە بەکاردێنێت، کە باوەڕیان بەخودا نەهێناوە.

" لەنێوان ڕەحمەتو عیلم دا"

قورئان ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە خودا ڕەحمەتو عیلمی لەلایەن خۆیەوە بە (خدر) بەخشیوە: ﴿ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴾

لە ئاماژە جوانەکانی ئەم ڕاستیەدا ئەوەیە، کە بێگومان سۆزو بەزەیی (ڕەحمەت) لە خوداوە دەدرێت بەبەندە، ئەمەش چونکە لەو بەخشینەیە، کە ڕاستەوخۆ لە خوداوەیەو بەسەر ئەو کەسەدا دەڕژێتو وای لێدەکات لە خۆشیو بەختەوەریدا بژی.

بەڵام زانست (عیلم) بەشێوازی فێربوون لەخوداوە دەست بەندە دەکەوێت، واتە چونکە ئاتاجی بە هەوڵدانو خۆفێرکردنو بەدەستهێنانو تێکۆشان هەیە، جا ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ زانستدا کارلێك نەکاتو کاری لەسەرنەکاتو هەوڵی بەدەست هێنانی نەدات، ئەوا هیچی لێوە دەسگیر نابێت. هەروەها لە ئاماژەو پەندە شیرینەکانی ئەم ڕستەیەدا ئەوەش هەیە، کە بێگومان ڕەحمەتو بەزەییەکە لە خوداوەیە ﴿رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا ﴾ بەڵام زانستە، کە (العلم) لەلای خودایە ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴾ لە ڕستەکەدا جیاوازیی نێوان (عِندِنا)و (مِن لَّدُنَّا) کراوە..

لەمبارەیەوە، ئیمام (راغبی اصفهانی) گوتوویەتی: ((لَّدُنَّ) لە (عِندِ) تایبەتترە، چونکە مانای دەست پێکردنی کارێکە کە کۆتاییەکی هەیە، وەك ئەوەی بڵێیت: (أقمت عنده من لدن طلوع الشمس الی غروبها) من لە سەرەتای هەڵهاتنی خۆرەوە تائاوا بوونی لەلای ئەو کەسەبووم) لێرەشدا وشەی (لدن) لە جێگەی کۆتایی فەرمانەکەوە دادەنرێت. هەروەها (لدن) لەکاتی گێڕانەوەی هەواڵێکدا لە جێگەی (عند)دا دادەنرێت، وەك ئەوەی بڵێت: (اصسبت عنده مالا، ولدنه مالا) هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئامرازی (لدن) فراوانترو تایبەتترە لە (عند)"[1].

بەپێی وتەی (راغبی اصفهانی)، ئامرازی (لدن) لە (عند) تایبەتترو ڕەوان تر. ئەی بۆچی خودا بە (لدن) گوزارشتی لە زانست کردووە؟ لەڕووی بەراوردەوە، ئەگەر بڕوانین بۆ (ڕەحمەت)و (عیلم) دەبینین ڕەحمەت لە عیلم گشتگیرترە، بۆ نموونە (ڕەحمەت) لەخوداوە بۆ سەرجەم دروستکراوانیتی.. هیچ ژیانێکیش بەبێ ڕەحمەتی خودا بۆ مەخلووقێك نیە، هەروەها ڕەحمەتی بۆ سەرجەم گرۆی ئادەمییش هەیە بە موسڵمانو کافرەوە، دەناگەر ڕەحمەتی خودا نەبوایە نەدەژیان..بەڵام زانستو عیلمو هودا نایبەخشێت لە هەموو مەخلووقێك. هەروەها بە هەموو مرۆڤێکیشی نەبەخشیوە، بەتایبەتیش گەر زانستەکە زانستێکی تایبەتیی خودایی بێت، وەك ئەو زانستەی، کە خودا فێری (خدر)ی کردووە. هەر بۆیەش بەهۆی گشتگیریی و شموولیەتی (ڕەحمەتی)یەوە خودا بە ئامرازی گشتیی (عند) گوزارشتی لێ کردووە. بەڵام بەهۆی تایبەتیاریی (زانست)ەوە، خودا بەئامرازی تایبەت (لدن) گوزارشتی لێ کردووە. (خوداش هەرخۆی زانایە لەم ڕووەوە) لە وەسفکردنی زانستەکەی (خدر)دا بەوەی، کە لە خوداوەیە، ئاماژەیەکی سرووش بەخش بۆ (مووسا) بەدیی دەکەین لەمەڕ ئەوەی، کە بێگومان کردارەکانی (خدر) ڕاستو دروستو ڕاستپێك بوون، چونکە دەرەنجامی ئەو زانستە تایبەتییە بوون، کە لەلای خوداوە پێی دراوە.

---

(١) المفردات للراغب: ٤٤٩)

بـەڵام حەزدەکـەین هەڵوێـستیەك بکـەین لەئاسـت حیکمـەتی پێشخـستنی (ڕەحمەت)و دانانی لەپێش (عـیلم)دا: ﴿ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴾ ئەی داخۆ پەیوەندیی نێوان (ڕەحمەت) و(عیلم) چی بێتو بۆچـی ڕەحمـەت خراوەتە پێش؟ بێگومان ڕەحمەت ئەو بنچینەیەیە، کە پێش دەکەوێتو، ئەو کەشو ژینگە شیاوەشە بۆ سوودمەندبوونی زانـستو خێـرو بەرەکەتەکـەی.. جـا ئەگـەر ڕەحمەت لە زانست داماڵرێتو نەکەوێتە پێش زانستەوەو، نەبێتە هـیچ دەسـتپێكو بناغـەیەك بۆی، ئەوا زانست دەبێتە شەڕو وێرانەو کاول بـوون. لەبـەر ئـەم واتایـە ڕەحمەت خراوەتە پێش زانست. زانستەکەی (خـدر)یـش ئاوێتـەی (ڕەحمـەت)بـوو. ڕەحمەتەکەش زەمینەیەکی گونجاو بوو بۆیو ڕەنگدانەوەی لەگەڵدا هەبوو، لەوێوەش گەشەی کرد، بۆیەش زانستەکەی بەسوودو چاكو پیرۆزو بـەپیس بـوو.. هـەر بـەو زانستەشی پاپۆڕەکەی لە زەوتکردن پاراستو بۆ هـەژارەکانی هێـشتەوە.. هەربـەو زانستەبوو کە دایكو باوکەکەی لە کوڕە کافرەکەیان ڕزگارکرد بەو ئومێدەی خـودا بە کوڕێکی ئیماندار بۆیان قەرەبوو بکاتـەوە.. پاشـان هـەر بـەو زانـستەشی بـوو دیواری هەردوو کوڕە هەتیوەکەی بنیات نایەوەو بەمەش گەنجینەکەی بۆ پاراسـتن. (خدر) لەکاتێکدا ئەم کارانەی ئەنجام دەدا، کە بە زانستەکەیەوە ڕەحمەتی پێدرابوو، زانستەکەشی بەو ڕەحمەتەوە لێکنرابوو.. ئەو کەسانەی، کە (خدرو مووساش) لـەو سەفەرەیاندا دیبوویانن هەر بەهرەمەندی ئەو ڕەحمەتـەی نێـو زانـستەکەی (خـدر) بوون. نموونەی ئەم ڕەحمەتە لە زانستەکانی موسڵمانانیشدا هەبووە، ئەوەبوو هەموو جۆرە زانستێکیان ئاوێتەی ڕەحمەت بووو کارلێكو کاردانـەوەی تێداهـەبوو.. بۆیـە سوودی بە موسڵمانان گەیاندو سوودی بەگەلانی تریش گەیاند.

بەڵام خۆ ئەگەر ڕەحمەت لـە (عـیلم) داماڵرێـتو، ڕەحمـەتی نەخرێتـە پـێشو کارلێكو ئاوێتەی نـەبێت، ئـەوا زانـستێکی زیانبـەخش وە شـەڕ خـوازو خـراپو وێرانکـارو ماڵکاولکـارو پـیس دەبێـت.. بەڕاسـتی ئـەم وەسـفە بەسـەر زانـستە هاوچەرخەکانی خۆرئاواییەکاندا دەچەسپێت.

ڕاسته ئەوان زانستیان هەیەو، پێشکەوتنی زانستییان هەیەو، گەیشتونەته چەند ئاستێکی وەها، که لەوەوپێش بەخەیاڵی گەلانی پێش خۆیاندا نەدەهات.. ڕاسته ئەوان چەندان لق‌و پۆیان له زانستەکانیان بۆ تەوەو، هەمەڕەنگی‌و هەمه چەشنەییشی تێکەوتووەو هیچ بوارێك لەبوارەکانی ژیانیان نەهێشتۆتەوە، که پەلی بۆ نەهاون.. بەڵام ئەو هەموو زانست‌و داهێنراوو پیشەسازی‌و دۆزینەوانەیان بوونەته بەڵا لەسەر خاوەنەکانیان‌و لەسەر کەسانی تریش، چونکه لەبوارەکانی وێرانکردن‌و کاولکاری‌و ستەمکاری‌و شێواندن‌و دەسدرێژییدا بەکاریان دێنن.. مرۆڤایەتیش بەهۆی ئەو زانستانەوە تووشی بەدبەختی‌و مەینەتی‌و گرفتی ئاڵۆزو نەخۆشی‌و زیانێکی زۆر بوون. هەرکەسێکیش گومانی لەم وتەیەمان هەیە، باپێمان بڵێت، که ئایا چەکی ئەتۆمی‌و ناوکی‌و ئەلیکترۆنی بۆ سوودی جیهان، یان بۆ زیان گەیاندن به جیهان بەرهەم هێنراون؟!

ئایا بۆمبه ئەتۆمییەکان هەردوو شاری (هیرۆشیما)و (ناکازاکی)یان ڕزگارکرد، یان وێران کرد؟! ئەی ئایا چەکه پێشکەوتووه میکرۆبییەکان لەجەنگی جیهانیدا چییان کرد؟

ئەی داخۆ بۆمبەکانی (ناپاڵم)و بۆمبه هێشووییەکان‌و فسفۆرییەکانیش چی له قوربانیەکان دەکەن؟ ئەی چەکه کیمیاییەکان چ کارەساتێك له جەنگەکاندا بەرپا دەکەن؟!

ئەی داخۆ چەند کۆگای نهێنی لەلای دەوڵەته تاوانبارەکان هەیە، وەك کۆگا (مخزن)ی چەکه کوشندەکانی (خۆرەیی)و (میکرۆبی)و (دەردەکوشندەکانی وەك شێرپەنجەو کۆلیرا)و، لەدواییش دا ئەو دەردی ئایدزەی، که له کۆمپانیاکاندا سازو ئامادەیان کردووه تاکو بەسەر نەیارانیاندا بڵاویانکەنەوە، لەکاتێکدا جەنگ‌و کوشتاریان لەدژ دەگێڕن. بێگومان چەکه نوێیه کیمیایی‌و خۆرەیی (جرثومی)یەکان پیسترین‌و چەپەڵترین‌و بێ‌نرخترینی ئەو نموونانەن، که زانستی

مالّکاولکاری مرۆڤایەتی پێی گەیشتووەو، له ئاکـامی ئـەو زیرەکییـه شـەیتانیه ڕەش‌و کینه بەرانەیەوە پێی گەیشتووە که دژی ڕەوتـی ژیـانی مرۆڤایـەتین. لەبـەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا پەی به لایەکی حیکمەتی دانانی (ڕەحمەت) لـەپێش (عیلم)دا دەبەین که له فەرمایشتەکەی خوادا هاتبوو: ﴿ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾.

هەرلەبەر ڕۆشـنایی ئـەم ڕوونـشکردنەوەیەشدا دەرك بـەگرنگیی تێکـەڵکردنی زانست بەڕەحمەت‌و (زیادکردنی ڕەگەزی ڕەوشتمەندیی بـۆ سـەری)یـشی دەکـەین، تاکو ببێته زانستێکی بەسوودو پیرۆزو غەرقی ڕەحمەت.

"ڕەفتـاری جـوان له خواسـتنی زانسـت دا"

کاتێك (مووسا) ـ سلاّوی لیّ بێت ـ بەدیداری (خدر) گەیشت، خدر (سلاّوی لیّ بێت) پێی گووت: (تۆزانستێکی وەهات له زانـستی خـودا لەلایـه کـەخودا خـۆی فێریی کردوویت‌و که من نـایزانم، منـیش زانـستێکی وەهـام لـه زانـستی خـودا لەلایەکه خودا خۆی فێریی کردووم وکه تۆ نایزانیت.. (مووسا) پێی گـوت: (ئایـا دەهێڵیت دوات کەوم تاکو لەو زانستەی کەفێری کراویت منـیش فێرکـەیت؟ ﴿هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا﴾.

سەرەتا لەو وتەیەی (خدر)دا کەبە(مووسا)ی گوتووە ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت کەهیچ کەسێك هەموو زانستێکی لەلانیەو تایبەندی هەموو بوارێکی نیه. چـونکه ئەوەتا (مووسا)ی پێغەمبەری بەڕێزی خودا (سـلاّوی خـودای لـێ بێـت) هەنـدێك مەسەله نازانێت.. هەروەها (خدر)یش کەپێغەمبەرێکی بەڕێزی خودایـه ـ سـلاّوی خودای لیّ بێت ـ هەندێك مەسەلەی دی نازانێت..هەریەکه لەم دوانەش زانستێکی لەلایه که خودا فێریی کردووەو، بەلاّم هەمان زانستی فێـری ئـەوی تـر نـەکردووە

(خدر) یش ویستوویەتی ئەم ڕاستی یە، بـە (مووسـا) بگەیـەنێت.. بۆیـە کاتێـك سـواری پاپۆڕەکـە دەبـن، چـۆلەکەیەك هـاتووەو کەوتۆتـە سـەر لێـواری دیـواری پاپۆڕەکە، ئینجا بە دەنووکی خۆی جارێکیا، یان دووجار داوێتی لە ئاوی دەریاکە، (خدر)یش ئەمەی کردۆتە نموونەیەكو بە (مووسا)ی گوتووە: (ئـەی مووسـا ڕادەی کەمیی زانستی منو زانستی تۆ لەئاست زانستی خوادا هێندەی جێ دەنووکی ئەو چۆلەکەیەیە لەئاست ڕووبەری دەریاکەدا).

کەوابوو هەموو زانستە مرۆییەکان بە بەراورد لەگەڵ زانستی خوادا هـەر زۆر کـەمن بۆیـەش خـودا فەرموویـەتی: ﴿...وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ الإسـراء﴾، واتە: (ئێوە ئەی گرۆی ئادەمیی هـیچ شـتێکی ئـەوتۆتان لـە زانـست پێنەدراوە تەنها شتێکی کەم نەبێت).

شاعیرێکیش گوتوویەتی:

فقل لمن يدعي في العلم معرفة   خفظت شيئا وغابت عنك اشياء

واتە: (بەو کەسە بڵێ کە (ئیددیعای زانیارییەك لـەنێو زانـستدا دەکـات): تـۆ شتێکت زانیوە لە کاتێکدا چەندەها شتی ترت لێ بزربووە).

بەڵام لە وتەکەی مووساشدا ﴿...هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا ﴿٦٦﴾ الكهف﴾ دوو مەسەلە وەردەگرین:-

مەسـەلەی یەکـەم:

ئەدەبو ڕەفتاری جـوان لەخواسـتنی زانـستو، ئاکـاری بـەرز لـە دەربـڕینو دواندنی کەسێکی زانادا، ئەوەبوو (مووسا) بەشێوازی پرسیار بە(خـدر)ی گوتبـوو، "ئایا دەهێڵێت دوات کەوم/ اهل اتبعك)؟ واتە بەم شێوازە ناسـکەو بـەو ئـەدەبی

پرسیارکردنو داوای سۆزو بەزەییە جوانە.. کەوابوو کە دەڵێت (من دوات دەکەوم) بەمانای (من شوێنکەوتووی تۆم، نەك هاوشانی تۆو نەك خۆم بەزانا بزانم لەئاست تۆدا.. کاتێك دواشت دەکەوم بۆ ئامانجێکە. هەروەها سەفەرم بۆ لای تۆو سەفەرم لەگەڵ تۆشدا هەر بۆ ئامانجێکە.. ئەوەیە لێتەوە فێربم.. زانستت لێ وەربگرم:-

﴿عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ﴾ بۆ ئەوەی فێرمکەیت لەو زاستەی کە فێری کراویت) کاتێك زانست لەگەڵ ئەدەبدا داوا دەکرێت ئەوا باشو بەسوود دەبێت، بەڵام کاتێك زانست بەبێ‌ئەدەب داوا دەکرێت ئەوا زەرەرمەند دەبێت، چ بۆ خاوەنە داواکارەکەیو چ بۆ کەسانی تریش هەندێك لە خوێندکارانی زانست ئەدەبی فێرخوازیی لەدەست دەدەن، بۆ نموونە گەر کەسێکیان بابەتێك یان دوو بابەتی خوێند، یان فەرموودەیەك، یان دوو فەرموودەی لەبەرکرد، ئیدی خۆی بە زانایەکی کۆششکار (مجتهد) دادەنێت، کە پێویستە بە پەنجە ئاماژەی بۆ بکەن، ئینجا خۆی بەزانایەك لە سەروی زانایانەوە دادەنێتو لەسەر حسابی ئەوان دەردەکەوێتو، کار بۆ بەکەم دانانیانو سەرزەنشتکردنیان دەکات.

هەرکەسێکیش ئەدەبی خواستنو داواکاریی زانست قەدەغە بکات، ئەوە دیارە زانست قەدەغە دەکاتو، بەم پێیە هەموو خێرو چاکەیەکیش قەدەغە دەکات.

باشترین کتێبیش دەربارەی ڕەفتاری جوان لە خواستنی زانستدا کتێبی (تذکرة السامع والمتكلم في آداب العالم والمتعلم)ی (ابن جماعە)یە..

مەسەلەی دووەم:

مەبەست لە خواستنی زانستو فێرخوازی یەو، بەدەست هێنانی ژیریو تێگەیشتنە ﴿عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ﴾ لە ڕستەکەدا (إعراب)ی (رشداً) بە ڕێزمانی عەرەبی (تمییز)ە، (تمییز)یش ئەوەیە، کە شتەکان لەیەك جیادەکاتەوە.

پێویستیشه ڕێزمـان (نحـو)بخەینـه گـەڕ بـۆ شـیکردنەوەی مەبەسـتەکەو وەك ئامرازو کەرەسەیەك بۆ دەرهێنانی هەنـدێك واتـاو دەلالـەتو سـەرنجی جـوان لـه پێکهاتەی ڕوانبێژیی قورئانەوە. بێگومان (مووسا) ـ سلاّوی لیّ بێت ـ بـه وشـەی (رشدا) مەبەستو ئامانجی خۆی له خواستنی زانستەکەدا دەردەخات.. واتـه ئـەو دەیـەوێت فێـری ژیـری بێـت. دەیـەوێت فێربێـت تـاکو ببێتـه کەسـێکی ژیـرو پێگەیـشتووو ئـەو زانـسته بەسـوودو ڕاسـتەش فێربێـت کـه ژیریـیو عـەقڵو تێگەیشتنی لێوە بەدیی دەکاتو، وای لیّ دەکات که به عەقڵ وژیری یەوە مامەڵه لەگەڵ خەڵکی دابکاتو هەر واش لەنێویان دا بژی.

هەندێك له خوێنـدکارانی زانـست تـەنها فێربـوون دەکەنـه نیـازو هیوایـەك، دەیانەوێت فێری زانست بن تاببن بەزاناو خوێندەوارو، ئیدی دروشمی (فێربوون هەربۆ فێربوونو زانست هەربۆزانست) بەرزکەنەوە.. بەلاّم بەسەرهاتەکەی (مووسـا)فێـری ئەوەیان دەکات که خواستنی زانستو کاری فێر بوونی زانست بکەنه ئامرازێك بـۆ گەیشتنو بەنیازی پاك، ئەویش پەیداکردنی ژیریو تیّ شگەیشتن وبەدیهێنانی.

پاشان ئێمه دەبینین هەندێك لەخوازیارانی زانست ئـەو زانـسته فێـر دەبـن کـه ئاکامی خراپەو زەرەمەندیی یان هەیە، یاخود بۆمرۆڤ ئاکاره ناشیرینەکانو سیفەته دزێوەکان هەڵدەنێت، یان هەندێك لەو فێرخوازانه فێری زانسته بیّنرخو کەم بایەخو بیّبەهاکان دەبنو بڕێکی زۆر له ماڵو کاتو بەهرەو وزەو تواناکانیـان تیـا بـەفیرۆ دەدەن. دەنـا توخـودا بەڕاسـتی پـێم بڵـیّ چ ژیـریو عـەقڵێك لـه فێربـوونی مۆسیقاوگۆرانیدا هەیە (واته گۆرانیه سەیرو سەمەرەکانی ئەمڕۆ)؟ ئەی چ ژیـریو عەقڵێك له فێربونی سەماو نیگارکێشانو پەیکەرتاشیو نواندندا هەیـه؟ زانـستی بەسوود ئەوەیە که ژیریو بیروڕای جوان بخاتـەوەو ئەوسـاش دەبێتـه ئـەو درەختـه خۆشو پـیرۆزەی کـه بـەروبوومی خـۆشو بەسـوود دەگرێـتو، بـۆ کـاری بـاشو هەڵسوکەوتی جوان مل دەنێت.

"لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا "

(خدر) لەوەلامی (مووسا)دا -سلاویان لێ بێت- کە داوای هاوڕێیەتی سەفەرەکەی لێکرد، پێی گوت: (ئەی مووسا تۆ لەسەر کردارەکانی من لەکاتی سەفەردا ناتوانیت ئارام بگریت) ﴿إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا ﴾ بێگومان (خدر) هەواڵی ئەوەی بە (مووسا) داوە کە ئەو ناتوانێت ئارام لەسەر یاوەریکردنیو لەگەڵدا ڕۆیشتنی بگرێت.. ئەمەشی بە (نەتوانین) بۆ دەربڕیوە.. بێگومان جیاوازیش هەیە لەنێوان ئەوەی گەر بیگوتبایە (انك لن تصبر معی) و لە نێوان ئەوەی، کە پێی گوتووە: ﴿لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا ﴾ دیارە لە وتەی یەکەمدا، واتە گەر بیگوتبایە: (انك لن تصبر معی) ئەم وتەیە تەنها نکووڵی کردنە لە ئارامگرتن، کە بە هیچ شێوەیەك توانای تێدانیە.

لە وتەی دووەمدا، کە گوتوویەتی ﴿لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا ﴾. ئەوەی بۆ ڕوونکردۆتەوە، کەوا (مووسا) هەوڵی زۆریش دەدات بۆ ئارامگرتن لەسەر کردەوەکانیو خۆیشی لەسەر ئارامگرتن ڕادەهێنێت، کەچی وێڕای ئەمەش ناتوانێت دان بەخۆی دابگرێتو لەسەر کردەوەکانی نەیەتە دەنگ.. بێگومان (خدر) ئەم مەسەلەیەی چەند جارێك بەچەند دووپات کردنەوەیەك بۆ (مووسا) ڕوون کردۆتەوە.. با یەکەیەکە وشەکانی ڕستەی (انك لن تصبر معی) شی بکەینەوە:-

- لە (إِنَّكَ)دا (ان): پیتی دووپات کردنەوە حرف (توکید) و(نصب)یشە.

- (لَن): پیتی نکوولێکردنی ڕەهاو جەخت لەسەرکراوی هەمیشەییە، کە هەرگیز وا نابێت.

- تَسۡتَطِيعَ : تواناداری (استطاعة)کەش هەر نکوولّی لێکراوە، نەك خودی ئارامگرتنەکە.

- بەمانای بێگومان مووسا، هەوڵدەداتو خۆیشی ماندوو دەکاتو هەرچی لە هەوڵو تەقەللایدایە، دوای ئارامگرتندا دەخاتە گەڕ.. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت (هەرگیز ناتوانێت).

-(مَعِيَ) دیاریکردنی ئەم وشەیەش سرووشتی ئەو ئاماژەیە دەبەخشێت کە (مووسا) دەستەوسان دەبێت لە ئارام گرتن لەگەڵیدا (لەگەڵ خدردا).. لەمەشدا (وێڕای ئەوەی بەرهەڵستی تێدایە) متمانەدانو دڵنیاکردنەوەیەکی بۆ (مووسا) تێدایە، کە دیارە (خدر) نایەوێت وزەو توانای (مووسا) لەسەر ئارام گرتنو دان بەخۆدا گران بەکەم بگرێت. بێگومان (مووسا) لەگەڵ کەسانی تری (غەیری خدردا) ئارام دەگرێت. بەڵام شکستیو دەستەوساوبوونی لە مەسەلەی ئارامگرتندا، ئەوە تەنها لەگەڵ (خدر)دا وادەبێت کە ناتوانێت ئارام لەسەر کارەکانی بگرێت.

" وَكَيْفَ تَصْبِرُ " و لێكدانەوەی دەروونناسی

وادیارە مووسا- سلاوی لێ بێت - تووشی سەرسوڕمانو واق وڕمانێك بووە، چونكە ئاخر چۆن (خدر) بەسووربوونەوە بەرهەڵستیی دەكات لەسەر ئارام نەگرتنەكەی، بەو شتە دووپاتكراوانەش جەختی لەسەر بۆ دەكاتەوە؟! ئەی چۆن زانیویەتیو كێ هەواڵی پێداوە لەسەر ئەوەی، گوایە (مووسا) ئەوپەڕی هەوڵو كۆششی خۆی بۆ ئارامگرتن دەخاتە گەڕو، كەچی شكستیش دێنێت ..

پاساوێكی خدر لەم ڕووەوە بۆ مووسا ئەوەبوو، كە پێی گوتبوو: ﴿ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴾ ئاخر تۆ چۆن ئارام لەسەر كردارێك دەگریت، كە پێشتر هیچ هەواڵو زانیاریو عیلمێكت لەسەری نەبووە)؟! لە فەرموودەكانی پێغەمبەریشدا ﷺ واهاتووە، كە (خدر) پێی گوتووە: (ئاخر تۆ چۆن ئارام لەسەر كردارێك دەگریت، كە هەواڵێكت لەسەری پێ ڕانەگەیەنراوەو، من فەرمانم بە ئیشێك پێكراوە، كە ئەنجامی بدەم، گەر تۆش بیبینیت ئارامی لەسەر ناگریت (كە بێدەنگ بیتو پرسیاری لەسەر نەكەیت).

دیارە مووسا هەرگیز ئارام ناگرێت، چونكە چەند كردارو ڕەفتارێكی وەها لە (خدر) دەبینێت كە بەڕواڵەت نامۆنوئەو لە بنجو بناوانو حەقیقەتەكانیان نازانێت، هەربۆیەش نكوولی لەو كارانەی دەكاتو ئارام لەسەر لەگەڵدا ڕۆیشتنیشی ناگرێت.

وتەكەی خدر ﴿ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴾ ئاماژە بۆ سیفەیێك لەسیفەتە مرۆییەكانی دەروون دەكات. هەربۆیە پێویستە ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی

زانستی (دەروونناسی)ی شیتەڵکاریی ڕاستیپێکدا لێی وردبینەوە، تاکو هەندێك لە ڕەهەنـدەکانی لـە دەرووی لێکدانـەوەی دەروونناسـیانەی ئـەو ئایەتانـەوە لێـك بدەینەوە، کە چەند مەودایەکی دەروونییان هەیە..

بێگومان خوداش دەروونی مرۆڤایەتیی لەسەر حەزکردن لە زانینو بەدەستهێنانی زانیاریەکان خەلق کردووە، چونکە مرۆڤ حەز دەکات بزانێت چی لـە دەوروبەریـدا هەیەو، حەز دەکات هەموو ئەوەی دەیبینێتو دەیبیسێت، بیانزانێت. هەر بۆیـەش بڕێکی زۆر لە پرسیارو داواکاری زانین دەردەبڕێت، تاکو چەندین زانستو زانیـاریی نوێ دەستەبەر بکات. جا ئەگەر چەند شتێك ببینێتو لێیان تێنەگات ئەوا بەپەلە نکوولێکردنو بەرهەڵستی پیشان دەدات، یان بەلانی کەمەوە داوای ڕونکردنەوەیو بەدیارخستن دەکات. بەڕاستی سرووشتی مرۆڤ ئاوا نارِوات، کە هۆشو بیری خـۆی هەڵوەشێنێتەوە، بۆیە ئارام ناگرێت لەسەر ئەوەی کە لێـی تێناگـاتو بێـدەنگیش نابێت لەوەی، کە توانای هەڵگرتنو حەوسەڵە لەسەرگرتنی نیە.

(خدر) ئا ئەمەی لە سروشـتی دەروونـی مرۆڤایـەتی زانیبـوو، لەبەرئەمـە بـە مووسای گوتووە: (من فەرمانم بە ئیشێك پێکراوەو، گـەرتۆش بینـەری ئیـشەکەم بیت ئارامی لەسەر ناگریـت.. ئـارامی بۆیـە لەسـەر ناگریـت، چـونکە ئاگـاداری حـەقیقەتو بارەی ڕاسـتەقینەکەی نـەبوویت.. عـەقڵیـشـت توانـای بەئەندێـشە گرتنی نیە، چونکە تۆ هـیچ هـەواڵ زانیارییـەکت لەسـەریی پـێ نـەدراوە، ئیـدی گومانی مەسەلەیەکی وای لەسەردەبەیت، کـە نکـوولی کـردنو نـاڕەزایی لەسـەر دەربڕین، بخوازێت.

له ڕەفتاره جوانەكانی یاوەریی كردن و سەفەركردن

(مووسا)ـ سلاوی لیّ بیّت ـ پەیمانیدا بە (خدر) لەسەر ئەوەی كە لەگەڵیا بەئارام دەبیّت‌و خۆی لە كردارەكانی هەڵناقورتیّنیّت: ﴿ قَالَ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرًا وَلَآ أَعۡصِي لَكَ أَمۡرًا ﴿٦٩﴾ الكهف﴾ ئینجا (خدر)یش داوای لیّكرد پەیڕەویی هۆكاریّك بۆ بەدیی هیّنانی ئم پەیمانە بكات، وەك پیّی گوت: (گەر دوای من بكەویت لەم سەفەرەدا، ئەوا پرسیارم لەسەرهیچ كاروكردەوەیەكی خۆم لیّ مەكە هەتا لەدواییدا خۆم هۆیەكانیت بۆ ڕوون دەكەمەوەو باری ڕاستییەكەیت تیّدەگەیەنم ﴿ قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعۡتَنِي فَلَا تَسۡـَٔلۡنِي عَن شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ أُحۡدِثَ لَكَ مِنۡهُ ذِكۡرًا ﴿٧٠﴾ الكهف﴾ بەمانای داوای لیّكردووە كەلەسەر هیچ شتیّك پرسیاری لیّ نەكات‌و بەرهەڵستیی هیچ كرداریّكی نەكات بەڵكو چاوەڕیّی ئەوەبیّت كە لەدواییدا هەواڵ‌و ڕوونكردنەوەو شیكاری كردارەكانی لە(خدر) خۆیەوە پیّ ڕادەگەیەنریّت.

بەمەش وادیارە ڕیّگە بۆ گەشتیّك خۆش دەكات‌و ئاماژەی ئەوەش بە (مووسا) دەدات كە بیّگومان چەند ڕووداویّكی لەناكاوو سەیرو سەمەرەو چەند پیّشهاتیّكی نائاساییش دەبینیّت‌و، لەوانەیە (مووسا) ئەمانە بەناهەق‌و بیّزارو (لە ڕواڵەت) داببینیّت، بەلاّم بەرهەڵستی (خدر) بكات، بەڵكو چاوەڕوانیی ڕوونكردنەوە لە (خدر) بكات‌و بیئەوەی پرسیاریان لەبارەوە بكات، بائارام بگریّت‌و هیچ نەڵیّت تا ئەو كاتەی كە (خدر) خۆی هۆیەكانی پیّدەڵیّت: جا لە كاتیّشكیشدا سەرنجی وردو قووڵ لە ڕووداوەكانی نیّوان ئەو دوو پیّغەمبەرە بەڕیّزە (خدرو مووسا) دەدەین، ئەوا دەبینین چەندین ڕەفتاری جوانی یاوەریكردنی نیّو سەفەری تیّدایەو، ئەو ڕیّگا ڕاستەی سەفەرو گەشتیارییش پیشان دەدات كە هاوكاری‌و پیّكەوە گونجان مسۆگەر دەكات‌و، ناكۆكی وناتەبایی نیّوان گەشتیارەكانیش دوور دەخاتەوە..

چونکه (مووسا) ـ سلاوی لێ بێت ـ پەیمان دەدات لەسەر ئارامگرتن‌و بۆ بەدی هێنانی ئەمەش پشت بەخودا دەبەستێت: ﴿ قَالَ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرًا ﴾..

ئارام گرتنیش پەیوەندییەکی بەتینی بەگەشت‌و سەفەرکردنەوە هەیە، چونکە هەردەبێت لە سەفەردا ئارام‌و ئۆقرەگرتن هەبێت. دەنا سەفەرێك بەبێ ئارامگرتن هەر ناکۆکی‌و ناتەبایی‌و بەدبەختی تێدا ڕوودەدات، هەروەها سەفەرکردن بەشێکە لە سزاو نارەحەتی‌و، مرۆڤی (سەفەرکار)یش نائارام‌و ماندوو شەکەتەوە، مێشك‌و دەمارەخانەی ماندووەو، زوو هەڵدەچێت‌و تووڕە دەبێت..هەر بۆیەش سەفەرکاری باش پەنا بەو ئارامگیرییە دەگرێت، کە بۆی دەلوێت.

مووسا گوتی: ﴿ قَالَ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرًا ﴾. ڕەفتارێکی جوانی دیکەی یاوەریی کردن لە سەفەردا گوێرایەڵی کردنە بۆ ئەمیری سەفەرەکە: ﴿وَلَآ أَعۡصِي لَكَ أَمۡرًا ﴾ لە سەفەریشدا پێویستە ئەمیرێکی فەرمانڕەوا هەبێت، تاکو گوێڕایەڵیی فەرمانی بکرێت، هەروەها پێویستە کارەکانی سەفەر ڕێك‌و پێك بخرێت‌و، ڕۆڵ‌و کارو ئەرکەکانیش دابەش بکرێت.. هەروەك پێویستە فەرمانەکان جێبەجێ بکرێن‌و پێداویستی یەکان پەیدا بکرێن.. یەکێکی دی لەڕەفتارو ئادابی سەفەر ئەوەیە، کە برا گەشتیارەکان بەرهەڵستی‌و نکۆڵی نەکەن‌و گرفت دروست نەکەن: ﴿ قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعۡتَنِي فَلَا تَسۡـَٔلۡنِي عَن شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ أُحۡدِثَ لَكَ مِنۡهُ ذِكۡرًا ﴾..

"خدر"و کەشتییەکە

(مووسا) لەگەڵ (خدر) دا- سلاویان لێ بێت - ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە هاوڕێیەتیی بکات لەو سەفەرەدا تاکو زانیاریی لێوە فێربێت، بەو مەرجەی پرسیاری لەسەر هیچ شتێك لێ نەکات‌و دان بەخۆی دابگرێت تائەو کاتەی کە (خدر) خۆی هەواڵ‌و ڕوونکردنەوەی پێ ڕادەگەیەنێت.. ئیدی دەستیان کرد بە ڕۆشتن‌و هەنگاونان (فانطلقا) ئەوان بەڕێگای سەر کەنار دەریاکەدا دەڕۆشتن‌و ویستیان سواری کەشتی یەك بن، کەشتی یەکیش بەلایان داهات‌و، ئەوانیش ڕایان گرت‌و سواری بوون، خەڵکە سەرنشینەکانی کەشتی یەکەش (خدر)یان دەناسی‌و بەم هۆیەوە بەبێ کرێ سواریان کردن، وەك لە فەرموودەکەشدا هاتبوو... ﴿ئەو خەڵکەی کە لە پاپۆرەکەدا بوون (خدر)یان دەناسی﴾ ئەمە بەڵگەیە لەسەر ناسراوی (خدر) لەلای خەڵکی ناوچەکەو، چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵیاندا هەبووەو کەسانی تریشی ناسیوەو، بەم پێیەش ئەو لێیان دانەبڕاوەو، لە ئەشکەوت‌و چیاکان داگۆشەگیر نەبووە، لەو وەختەشدا کە (خدر ومووسا) لە کەشتییەکەدا بوون، چۆلەکەیەك دێت‌و دلۆپێك لە ئاوی دەریاکە بە دەنووکی دەخواتەوە.. (خدر)یش ویستویەتی ئەمە بکاتە مەسەلەیەکی زانستی بۆ موساو بابەتەکەش لەڕێی لۆژیکی بەڵگەداریی (المنطق البرهانی)یەوەو بەبەکارهێنانی هۆیەکانی ڕوون کردنەوەو بۆ شیی بکاتەوە. لەم ڕووەوە (خدر) بەمووسای گوتووە:

(ئەرێ دەزانیت ئەو چۆلەکەیە بڕی چەندێکی لەئاوی دەریا کە خواردەوە)؟ مووساش لە وەڵامدا گوتی: (جا چەندێکی لێ خواردەوە تەنها یەك دلۆپەئاوی لێ هەڵگرتووە). (خدر)یش پێی دڵێت: (زانستی من‌و زانستی تۆش بە بەراورد لەگەڵ زانستی خوادا تەنها وەك ئەو دلۆ پەئاوی نێو دەنووکی چۆلەکەکەیەکە لەئاوی دەریاکەوە هەڵی گرت)..

کاتێك هەردووکیشیان لە پاپۆرەکەدا بەرێوەبوون (خدر) بەئانقەست تەختەیەك لە تەختەکانی پاپۆرەکە لیّ دەکاتەوەو دەری دێنێت.. (مووسا)ش سەری لەم کارە دەسورمێت‌و پرسیار لەناخیدا سەر هەڵدەدات لەسەر ئەم کارەو هەر لەدەرونی خۆیشیدا کارەکە هەڵدەسەنگێنێت‌و بەو ئەنجامە دەگات کە ئەم کارە (دەرهێنانی پارچە تەختەیەك لەخوارەوەی پاپۆرەکە) هیچ مانایەکی نیە، چونکە ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی سەرنگووم بوونی کەشتییەکەو، سەرنشینەکانیشی هەروەها عەیبدارکردنی کەشتییەکەیەو کون تێکردنیەتی.. دیارە ئەم کردارەش شایستەی کەسانی تر نیە، ئیدی چۆن دەبێت ئەم خراپەیە دەرهەق کەسانێك بکرێت کە خاوەنانی کەشتییەکەن‌و کە رێزیان لە هەردووکیان (لە مووساو خدر) ناوەو بەخۆرایی سواریان کردوون؟؟!

ئایا بەمە پاداشتی رێزلێنان‌و چاکەکردنیان دەدرێتەوە. لەبەر ئەمەش (موسا) ئەو پەیمانەی خۆی کە بە (خدر)ی دابوو کەوا پرسیار لەسەر کارەکانی نەکات لەبیردەچێتەوەو، بەرهەڵستیی دەکات لەسەر ئەوەو پێی دەڵێت: (ئەریّ تۆ بۆیە ئەم کەشتییەت کون کرد تاکو خاوەنەکانی سەرنگووم کەیت، بەراستی کارێکی ناهەمواری نەشیاوت ئەنجامدا) خدریش ئەوەی بەبیر دێنێتەوە کە ئایا من پێم نەگوتیت تۆ ئارام لەگەڵ مندا ناگریت ﴿ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا ﴿٧٢﴾ الكهف ﴾.. (مووسا) ش داوای لێبوردن لەسەر بەرهەڵستیکردنەکەی دەکات‌و دان بەو لەبیرچوونەوەیەی دادەنێت: ﴿ قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْرًا ﴿٧٣﴾ الكهف ﴾کاتێك لەم حاڵەتەش ورد دەبینەوە چەند پەندێکی جوانی لێ وەدەردەهێنرێن: وەك:-

١- بێگومان پێغەمبەرانیش شتیان لەبیرچووەو، لەبیرچوونەوەکەشیان پێچەوانەی ئەو عیصمەت‌و پارێزراوییەیان نیە، کە خودا بۆی رەخساندوون لەم بارەیەوە

چەندان بەڵگە لە قورئاندا لەسەر حاڵەتی لەبیرچوونەوەی پێغەمبەران هەیە، وەك ئەوەی کە خودا بەدوایین پێغەمبەری خۆی (محمد)ی ﷺ فەرموووە: ﴿...وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ ... ﴿٢٤﴾ الکهف﴾، واتە: (هەرکاتێك تووشی حاڵەتی بیرچوونەوە بوویت، خودای پەروەردگارت بەیادبێتەوە). هەروەها خودا دەربارەی یەکەم پێغەمبەریشی (ئادەم) فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ طه﴾ (بەڕاستی ئێمە پێشتریش پەیمانمان لەئادەم وەرگرت لەسەر ئەوەی تـوخنی درەختەکە نەکەوێت، بەڵام ئەو پەیمانەی لەبیرچووەوەو حاڵەتی لەبیرچوونەوەکەشی وەهابوو، کە پێشتر بەتەمای ئەو سەرپێچییە نەبووە تابگاتە ڕادەی ئەوەی تاوانباری کەین).

حاڵەتی بیرچوونەوە لەلای پێغەمبەرانیش چەند ئاکارێکی مرۆیی یە، چونکە ئەوانیش مرۆڤ بوون‌و، نەریتی لەبیرچوونیش، نەریتێکی پێوەلکاوی ئادەمیزادەکانە.. ئەم لە بیرچوونەوەیەش لەشەیتانەوە نیە، چونکە شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر پێغەمبەران نیە.

گەر سەرنج بدەیت لە وتەکانی (یوشعی کوڕی نون)و (مووسا) دەبینێت جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوانیاندا. (یوشع) لەسەر بیرچوونەوەکەی خۆی گوتبووی: (کە شەیتان هەواڵی ڕۆشتنی ماسییەکەی بیربردۆتەوە: ﴿فَإِنِّى نَسِيتُ ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَـٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ﴾، مووساش دەربارەی لەبیرچوونەوەی خۆی، داوا لە (خدر) دەکات، کە لێی نەگرێت‌و لەسەر لەبیرچوونی پەیمانەکە لێی نەپرسێتەوە: ﴿لَا تُؤَاخِذْنِى بِمَا نَسِيتُ﴾.. لەولاوە (یوشع) هۆی بیرچوونەوەی خۆی داوەتە پاڵ شەیتان، لەم لاشەوە (مووسا) لەبیرچوونەوەکەی خۆی خستۆتە پاڵ نەفسی خۆی.

٢- نکوولێکردنی مرۆڤی موسڵمان لەو کارەی کە بە سەرپێچیکردن لـە شـەرعی دادەنێتو، بێدەنگ نەبوون لێیشی، وەك چۆن (مووسا) نکـوڵیی لـە کارەکـەی (خدر) کردوه لەسەر دەرهێنانی پارچە تەختەیەك لە کەشتییەکەو عەیبدارکردنی.

٣- دیتنی کارێك کە بە ڕواڵەتە دەرکەوتووەکەیدا لەکارێکی دزێـو دەچـێت، ئـەو پەیمانەی لەبیرمووسـا بـردەوە، کـە لەسـەرخۆی فـەرزی کردبـوو، ئەمـەش لـە هەسـتەوەریی (حەساسـیەتی) خۆیـەوە بەرامبـەر کارەکـەو لـە ڕەتکردنـەوەی دەروونیی بۆیەوە بووە.

٤- کونکردنی کەشتییەکەش بە لێکردنەوەی پارچـە تەختەکانیـەتی.. زانایـانیش جیاوازییان لەنێوان کونکردنو دروستکردن (خـرق و خلـق)دا کـردووە، چـونکە دروسـتکردن (خلـق) هێنانـە ئـارای شـتێکە لەسـەر ئاقـاری چاکـسازیو ڕێککردنەوە، وەك چۆن خودا بەوشێوە چاکسازیو ڕێکوپێکییـەوە ئاسمانـەکانو زەویو مرۆڤی دروست کردووە. خودای داناو کاربەجێ لەیەك ئایەتدا کە ئایەتی ژمارە (١٠٠)ی سوورەتی (الأنعام) باسی هەردووو کـرداری (خلـق)و (خـرق)ی پێکەوە کردووە، وەکو فەرموویەتی: ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْۖ وَخَرَقُواْ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتِۭ بِغَيْرِ عِلْمٍۚ ... ﴿١٠٠﴾ الأنعـام﴾، واتــە (جاهیلـەکان جنۆکـەیان کردۆتە هاوەڵو هاوبەشی خودا لەکاتێکدا، کە هەر خودا خۆی جنۆکەی دروست کـردووە، هـەروەها بەناهـەق کـوڕوکچ دەدەنـە پـاڵ خـودا بێئـەوەی هـیچ زانیارییەکیشیان لەو بارانەوە هەبێت)..

پیتەکانی هەردوو وشەکەی (خلق) و(خرق) لـەم ئایەتـەداو هاتنیـان پێکـەوە لەیەك بابەتدا ئاماژەیەکەو، بۆ وجودی سێبەری نایابی هەریەکەیان، بۆ نموونەش وشەی (خلق هم) کە (خلق) لە سێ پیت پێکهاتووەو پیتی ناوەڕاستیان (لام)ە، کاتێك سەرنج لە ئەرکی (لام)ی نێو وشەکە دەدەین دەبیـنین ڕۆڵـی چاکـسازیی بینیوە، چونکە هۆیەکی گەیاندنی نێوان هەردوو پیتی (خاء)و (قاف)ەکەیە.

بەڵام وشەی (خرق) کـە ناوەڕاستـەکەی (راء)ەو ئـەم را (راء)ەش ئامـاژە بـۆ مانای (خرق) دەکات کـە شـێواندنو لێکـدابڕینو کەلەبـەر تێکردنـە، چـونکە هەردوو پیتی (خاء) و(قاف) کەی لێکدابڕیوە.

٥- لِتُغۡرِقَ: ئەم لام-ەی سەرەتای وشەکە بە (لام العاقبـة/ لامـی ئاکامـدار) نـاو دەبرێت، نەك (لامی پاساو هێن/ لام التعليل)، چونکە ئاکام (عاقبة)و ئەنجامی کەلەبەر تێکردنی کەشتی یەکە سەرنگووم بوونی خاوەنانو سەرنشینانیەتی.

لە فەرمایشی (لِتُغۡرِقَ أَهۡلَهَا)ش دا ئاماژەیەك بۆ ڕێزلێنانی مرۆڤـو لەپێشتر دا بەتایبەتی لە ئاست ماددەو ئامێردا.. چونکە مرۆڤ بەڕێزترو شـكۆدارترە لێیـان، ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەو ڕێبازی کۆمۆنیستی (شیوعی)یەی، کە ماددە لە مرۆڤـ بەچاکترو بەڕێزتر دادەنێت. هەروەها لەو فەرمایشتەی خوادا لەسـەر زاری مووسـا (لِتُغۡرِقَ أَهۡلَهَا) ئیشارەتێك بۆ مەترسیی گەورەی کارەکە هەیە، چونکە مل دەنێت بۆ سەرنگووم بوونی خـەڵکی سـەر کەشـتییەکە، هەربۆیـەش بەرهەڵـستی لەسـەر دەربڕیوە. بەڵام خۆ لە دواییشدا (خدر) هەموو کردارە نائاسایی‌یەکانی بۆ (مووسا) لێکداوەتەوەو ئەویش بەوە دڵخۆش بووە. بۆ نموونە کاتێك ڕازو نهێنیی کـونکردنی کەشتییەکەی بۆ دەرخستووە، (مووسا) دڵشاد بوو، لەم بارەیەوە خودا لەسەر زاری (خـدر) فەرموویـەتی: ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلۡجِنَّ وَخَلَقَهُمۡۖ وَخَرَقُواْ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتِۭ بِغَيۡرِ عِلۡمٖۚ ﴾ واتاکەی بەکورتی: (ئەو کەشتییەی کە عەیبدارم کـرد مـوڵکی چـەند هەژارێك بوو کە لەدەریادا کاری بژێویی ژیانیان پێدەکرد، منیش بۆیە ویستم ئـاوا عەیبداری بکەم چونکە لەو ناوچەیەداو لەپێشیانەوە، پادشایەکی ستەمکار هەبوو، کە گشت کەشتییەکی چاكو بێعەیبی بەزۆر داگیر دەکرد)..

لە پاساوەکەی خـدردا ئەم چەند ڕاستییە دەردێنین:-

١- دیارە هەژارەکان خاوەنی پاپۆڕێك بوون، ئەمەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە هەژار (مسکین) خاوەنی هەندێك موڵك و ماڵ دەبێت، بەڵام بەشی پڕکردنـەوەی پێویستییەکانی ناکات. نەدار (فقیر)یش ئەوەیە کە خاوەنی هیچ نیە.

٢- وشەی (وراءهم) مانای (لەپێـشیانەوە) دەگەیـەنێت، هـەر چـەندە بەڕواڵـەت لەزمان دا مانای (لەدوایانەوە) بگەیەنێت بەمانای لـە پێـشیانەوە، کـە خـاڵی گەیشتنە، پادشایەکی ستەمکار هەبوەو، هەر پـاپۆڕێکی چـاك و بـێ خەوشـی بـەلادا تێپـەڕی بێـت بـەزۆرو سـتەم داگیرکـردووەو لـێ سـەندوون و، دەسـتی بەسەرداگرتووە.. (مووسـا)و کەسـانی تـری نێـو پاپۆرەکـەش زانیارییـان لـەو بارەیەوە نەبووە، بەڵام خودا ئەم زانیاری یەی بە (خـدر) گەیانـدووەو سرووشـی ئەوەشی پێ داوە، کە کەشتییەکە عەیبدار کات، تـاکو بـەو عەیبداربوونـە بـۆ خاوەنەکانی بمێنێتەوەو پارێزراوبێت.

٣- لەم هەڵس وکەوتەی خدردا وا تێدەگەین، کە کابرای پادشا، تەنها پاپۆڕی چاکی داگیرکردووە.

٤- ئەم کردارە نالەبارەی پادشاکەش دەلالەت لـە سـەرکارێکی سـەیرو نائاسـایی دەکات، چونکە بنچینەی ئەرکی ئەو پادشایە پاراستنی گەلەکەیەتی بەهـەموو کەسەکان و شت و مەك و ماڵ و سامانیانەوە، کە دەبوایە پارێزەری ئەوان بوایـەو نەیهێشتایە، هیچ کەسێکی تریش دەسدرێژییان بکاتە سەر.. بەڵام ئەگـەر ئـەم پادشایە خۆی بووبێتە دزو ڕێگرو پلەو پایەو سـوپاکەی و، پیاوانیـشی بـۆ ئـەم کارە نالەبارە قـۆرخ و پـاوان کردبێـت، ئـەوە بێگومـان کارەسـاتێکی گـەورەو نەهامەتیەکی دژوار بووە.

٥- لەکاتی خراپەوتاوانکاریی حاکماندا تەنها بانگەوازکارانو چاکەخوازان خـەڵکی ڕزگاردەکەن، چونکە ئەوان جێ ئومێدی خەڵکیو فریادڕەسنو بـەڕووی سـتەمو شێوانو زۆرداری دا دەوەستن وەك چۆن خدر ئاوا ڕەفتاری کردووە.

٦- ئاوڕو سەرنجێکی جوانی دیکە لەمەدا ئەوەیە: (خدر) (لـە ڕای عـەیبـدارکردنی کەشتییەکەوە ئەو کەشتییەی پاراستووە..کەواتە هەندێك جار بۆ چاکسازییەکی هەمەلایەنە پێویستە بڕێکی کەم لە تێکدانو عەیبدارکردن هەبێت.. لەوانەشـە چاکسازی تێکەڵی هەندێك خراپکاری ببێت، جا ئەگـەر مەسـەلەکە ئاوابێـت، ئەوا بێگومان مرۆڤ هەندێك جار خۆی بەناچار لەوەدا دەبینێتـەوە، کـە دەبێـت هەندێك شتی بچووك تێك بدرێت.

بێگومان ئایینی ئیسلام، بەجێهێنانی سـزای بـۆ پاراسـتنی (نەتـەوەو ئـایینو ڕەوشت) پێویست کردووە، بۆ نموونەش کوشتنی بکـوژ (قاتـل)و، بـەردبارانکردنی مرۆڤی زیناکاری خاوەن هاوسەرو، بڕینی دەستی دز، هەموویان بەڕواڵـەت، کـاری ترسناكو خوێنڕێژیین، بەڵام زۆر پێویستو زەرووریيشن بۆ بەدیهێنانی چاکـسازیو ڕێك کردنی کۆمـەڵگە.

"خـدر" و کوشـتنی کـوڕە نەوجـەوانەکـە

(مووسا) داوای لێبوردنی لە (خدر) کرد لەسەر لەبیرچوونی بەڵێنەکەی.. دووبارە دەستیان کرد بە ڕۆیشتن (فانطلقـا) لە کەشـتییەکە دەرچـووبوونو بەسـەر کـەناری دەریاکەدا ڕۆشتن، کۆمەڵێك منداڵو مێـرد منـداڵیان دی، کـە پێکـەوە یارییـان دەکرد.. خدر سەیری نەوجەوانێکیانی کرد، کە (تازە پێدەگەیـشت) ڕووی تـێکردو سەری هەڵکەندو کوشتیی.. ئیدی منداڵەکە لەبەردەسـتی مـرد. (مووسـا)ش زۆر تێکچووو سەری سوڕما لەوەی دیتی، کـە ئـاخر چـۆن خـدری پێغەمبـەری خـودا

ڕوودەکاتە نەجەوانەوانێکی بچووك کە هیچ هەڵەیەك‌و هیچ تاوانێکی نەکردووەو، دەیکوژێت. لەبەر ئەمە بەبێزاری‌و نکووڵی لێکردنەوە لەکارەکەی، ڕووی پرسیاری تێدەکات‌و پێی دەڵێت: ﴿أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَّقَدْ جِئْتَ شَيْئًا نُّكْرًا﴾، واتە: (بەڕاستی سەیرە ئەوەتۆ بۆچی کەسێکی بێتاوانت کوشت بێئەوەی تاوانێکی وەهای شایستەی کوشتنەوە بێت، کردبێت؟ بێگومان کارێکی نارەواو ناهەموارت کرد)؟!

ئینجا (خدر)یش دووبارە ئەوە بەیادی (مووسا) دێنێتەوە کە ئایا پێشتر پێی نەگوتبوو (تۆ ئارام لەگەڵ من ناگریت): ﴿أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا﴾ بەوەش وای بۆ دەردەخات کە هەر زووتر پێشبینیی بەرهەڵستی‌و مشت‌ومڕی لێدەکرد، چونکە (مووسا) چەند شتێکی وا لە (خدر) دەبینێت کە بەڕواڵەت جێی پەسەندکردن نیین، بەتایبەتیش گەر لە ڕووکارە دەرەکییەکانەوە بۆیان بڕوانرێت.

(مووسا)ش هەستی بەخۆی کرد، کە لە نکووڵی لێکردندا پەلەی کردووەو خۆی لەسەر پەیمانەکە ڕانەگرتوەو، شەرمەزاریش بوو لەزۆریی پەلەکردنی لەو بەرهەڵستییانە، کە بوونە هۆی گلەیی وگازاندەی (خدر) لەسەری بۆیە پێی گوت: (ئەگەر لەمەولا پرسیارم لەسەر هیچ شتێکی تر لێکردیت، ئەوا یاوەریی کردنم پەسەند مەکە، بەڕاستی لەلای من تۆ پاساوێکی زۆرت لەسەر لێبوردن بۆ دروست بووە)، ﴿إِن سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَاحِبْنِي قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّي عُذْرًا﴾.

کاتێك (خدر)یش لەدوای هەموو کارەکانی، بنج‌و بناوانی مەسەلەکانی بۆشی کردۆتەوەو، لەباسی هۆی کوشتنی منداڵەکەشدا بە (مووسا)ی گوتووە: ﴿وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَا أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَانًا وَكُفْرًا ﴿٨٠﴾ فَأَرَدْنَا أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَاةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا ﴿٨١﴾ الكهف﴾، واتە: (ئەو کوڕە مێرد منداڵەش (کە ئاوا کوشتم) دایك‌و باوکێکی باوەڕداری هەبوو، خۆیشی زۆر بە

کافرو بێباوەڕێکی خەتەرناك دەردەچوو، بۆیە ترساین لەوەی نەبادا بەوکوفرو ستەمکارییە باوك‌و دایکی تەواو وەڕس‌و بێزار بکات، بەوکارەشمان ویستمان کە خودای پەروەردگاریان لەجیاتی ئەوە کوڕێکی پاکترو بەڕەحمترو سۆزیان پێ ببەخشێتەوە.

با هەڵوێستەیەك بکەین وچەند ڕاستییەك لەم ئایەتانەوە دەربێنین:-

١- ڕاستە کە کوشتنی منداڵەکە لەلایەن (خدر)ەوە بەرواڵەت وەك کارێکی بەرچاو دەبێتە هۆی بێزاری دەربڕینی، هەربۆیەش (مووسا) بێزاریی لێ دەربڕیوەو، ئەم هەڵوێستەش بانگەوازێکە بۆ ئێمە دەربارەی بێزاری دەربڕین لەکاری ناهەموارو، کە ئەو بێزارییەش بەئاشکرا بێت.

٢- وتەی (مووسا) بە (خدر) ﴿قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةًۢ بِغَيْرِ نَفْسٍ﴾ ئاماژەیەکی تێدایە لەسەر بوونی کوشتنی ڕەوا بەپێی شەرع کە دەبێت نەفسێك لەسەر نەفسێکی دی بکوژرێتەوە، هەربۆیەش (موسا) نارەزایی لەسەر کوشتنی منداڵەکە دەربڕیوە، چونکە بەڕای خۆی لەبەر ئەوەی (ئەم منداڵە کەسێکی نەکوشتووە) شایستەی ئەوە نیە بکوژرێت. ئاشکراشە کە لە قورئان‌و سوننەتدا چەندان دەقی ڕۆشن لەسەر تۆڵە بۆ سەندنەوە (قصاص)و کوشتنەوەی نەفسێك لەسەر نەفسێك هەیە. دیارە زانیاریی (موسا)ش لەوبارەیەوە بەڵگەیەکە لەسەرئەوەی کە حوکمی خودا لە (تەورات)دا لەسەر (کوشتن) تۆڵە بۆکردنەوە (قصاص)ە بەهەمان کردار کە کوشتنەوەیەتی.. قورئانیش بەڕاشکاوی ئاماژەی بۆ ئەم حوکمە کردوە، وەك لە فەرمایشتەکەی خوادایە کە فەرموویەتی: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ...﴿٤٥﴾ المائدة﴾، واتە: (ئێمە لەسەر (بنو اسرائیل)

لە (تەورات)دا ئەوەمان لەسەریان فەرزکردووە کە بەڕاستی هەرکەسێك کەسێك بکوژێت، پێویستە بکوژرێتەوەو، هەر کەسێکیش چاوی کەسێکی تر کوێر بکات، دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوەو، بەم ڕەنگە لووتیش لە بەرامبەر لووتداو گوێ لە بەرامبەر گوێداو، ددان لە بەرامبەر دانـدا دەشـکێنرێتەوەو، زامو برینەکانیش وەك خۆیان بەو ئەندازەیە تۆڵەیان بۆ دەسێنرێتەوە (لەم ئایەتەدا ڕستەی (وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ) فەرزمان کرد لەسەریان، نووسیمان لەسەریان/ مەبەستی (بنو سرائیل)ە لەدوای ئەم ڕستەیەش ئامرازی (فیها/ لەناویدا) واتە لە تەوراتدا لەسەریان نووسراوە.. ئەی داخۆ چییان لەسەر نووسرابێت، تۆڵە بۆسەندنەوە (قِصَاصٌ) نووسراوە.. نەفسێك بە نەفسێك، چاوێك بەچاوێك، لووتێك بەلووتێك.. هتد. لەمەشدا بەڵگەیەك هەیە لەسەر ڕێکەوتنی کتێبە ئاسمانیەکان لەسەر زۆربەی حوکمو یاسا شەرعییەکان.

٣- (مووسا) لە بەرهەڵستیکردنیدا لەسەر کردارەکانی (خدر) جیاوازیی لە وەسفەکاندا داناوە، بۆ کەشتییەکە پێی گوت ﴿لَقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـًٔا إِمۡرٗا﴾و بۆ کوشتنی منداڵەکەش پێی گوت: ﴿نَفۡسٍ لَّقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـًٔا نُّكۡرٗا﴾ (إمراً) (کارێکی دزێوی زەقو دیار).. (نکرا)یش واتە: (کارێکی ناپەسەندو نابەجێ)، کە هۆی بێزاری لەسەر دەربڕینە (نکرا) لە بێزاری دەربڕیندا لە (أمرا) کاریگەرترەو وەك قۆناغێکی دووەمی نارەزایی لێکردن وایەو، لە قۆناغێکی یەکەمیش توندترە. ئەمەش بۆ هەردوو کردارە ئەنجام دراوەکەیە، جا ئایا بەڕواڵەت کامیان لەو دوو کردارە لەوی تر دزێوو زەقترە؟! عەیبدارکردنی کەشتییەکە، یان کوشتنی ئەو جەوانەکە، بێگومان کوشتنی نەوجەوانەکە، کردارێکی زەقو دزێوترە، بۆیەش (بە وشەیەکی کاریگەرتری بێزاریو نارەزایی) دەربڕیوە.

٤- وشەی (نکرا) مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کردارەکە دەبێتە هۆی نارەزایی خەڵکی، چونکە بەڕووە دیارو ڕواڵەتییەکەیەوە کارێکی هەڵەو ناهەقە. بەڵام ئایا کوشتنی منداڵەکە لەڕاستیدا هەڵە بووە؟ نەخێر بەڵکو ڕاستو دروست بووە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی (خدر) ڕازو نهێنی ئەو کارە نادیارەی بۆمان ڕوون کردۆتەوە، کە خودا خۆی هەواڵەکەی پێداوە، کەوا بێگومان ئەگەر ئەم منداڵە گەورە بێت کافرێکی بە زەبروزەنگ دەردەچێت. جیاوازیی نێوان (نُکر)و (مُنکَر)یش لە گوزارشتە قورئانیەکەدا ئەوەیە، کە: (النکر) ئەو کردارەیەکە خەڵکی بە کردارێکی پووچەڵ وناهەقی وای دەبینن، کە شایانی نکوولی لێکردنە.. کەچی لە تەرازووی خواداو بەپێوەری حوکمی خودا هەقو ڕاست دروستە.

بەڵام (منکر) ئەو کردارە بێزراوەیە، کە لە تەرازووی خودا پووچەڵو هەڵەیە ئەگەرچی لای هەندێك کەس لە خەڵکی باشو جێی پەسەندکردن بێت. بنچینەی دانانی کرداریش بەچاك، یان بەخراپ ئەوەیە، کە ئیسلام بڕیاری لەسەر دەدات، کە لە قورئان، یان سوننەت دا ڕوون کراوەتەوە، نەك بە پێی ڕازی بوونی خەڵکی، یان ڕازی نەبونیان بێت[1].

٥- (خدر) بە (مووسا)ی گوت: (ئەرێ پێم نەگوتیت تۆ ئارام لەگەڵ من داناگریت) ﴿أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا﴾ بەڵام لەسەر بەرهەڵستی (مووسا) لەمەڕ عەیبدارکردنی کەشتییەکە پێی گوتووە (ئەرێ نەمگوت تۆ لەگەڵ من دا ئارام ناگریت ﴿أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا﴾ لەم دوو ووتەیەدا یەك جیاوازی بچووك هەیە، ئەوەیە خدر لە جاری دووەمدا (لك) (بەتۆ)ی بەکارنەهێناوە، واتە نەیگوتووە (ئەرێ پێم نەگوتیت، یان ئەرێ بەتۆم نەگوت).. ئەمەش زیاتر بۆ

---

(١) بڕوانە کتێبی (لطائف قرآنیة)، کە بە پێنووسی نووسەری ئەم کتێبەیە.

جەخت لەسەرکردنەوەیە. ئەوەبوو کاتێك بەیەك گەیشتن، بۆی دوپات کردەوە کەوا ئارام ناگریت، چونکە (مووسا) بۆ دووەم جار نکوولّی کردەوەو وەك ئەوەیە (خدر) پێی بلّێت: (ئەریّ بەتۆم نەگوت..)، ئەریّ وانەبوو، من دەزانم کە تۆ ئارامم لەگەلّدا ناگریت، بەلّکو بەرهەلّستییم دەکەیت، ئیّ خۆ پێشتر پێم گوتیت).

٦- هەستکردنی (مووسا) بە شەرمەزاریی لەئاست (خدر)دا بەهۆی بەربەرەکانی کردنیەوە، هەربۆیەش پێی گوتوە (گەر لەمەولا پرسیارم لەسەر هەر کردەوەیەکی تر لیّ کردیت، ئەوا هاورێیەتیم مەکە ﴿إِن سَأَلْتُكَ عَن شَىْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَـٰحِبْنِى..﴾ لەمەشدا (مووسا) ـ سلاّوی لیّ بێت ـ پەلەی کردوەو ئەو سزایەی لەئەستۆ ناوە، لەمبارەیەوە پێغەمبەری خوا محمد ﷺ فەرموویەتی: **((رحمة الله علينا وعلى موسى، لولا انه عجل لرأي العجب، ولكن اخذته من صاحب ذمامة))** واتە: (ڕەحمەتی خودا لەسەر ئێمەو لەسەر مووساش بێت، ئەگەر پەلەی نەکردایەو بەپەلە بەرهەلّستی بەرامبەر کارەکانی (خدر) دەرنەبڕیایە ئەوا شتی زۆر گرنگو سەرسورهێنی تری دەبینی.. بەلاّم لەئاست هاورێکەیدا کە (خدر)ە شەرم گرتوویەتیو لەئاست بەرهەلّستییەکانیدا زۆر شەرمەزار بووە..).

لەم فەرموودەیەدا بەڕوونی ئەوە باس کراوە کە بێگومان ئەگەر (مووسا) لەو سەفەرەیدا خۆی لەگەلّ خدردا بەردەوام بوایەو بەرهەلّستیی پیشان نەدایەو هێندە بەپەلەو دەم بەپرسیار نەبوایە، ئەوە دیارە شتی گرنگو سەرسوڕهێنەری تری پیشان ئێمەش دەداو زیاتر چێژو سوودمان لیّ دەبینی، بەلاّم دیارە بەهۆی بەربەرەکانی کردنیەوە شەرمەزار بووەو شەرم گرتوێتیو خۆیشی چی دی نەیتوانیوە هاورێیەتی بکات.

٧- (خدر) ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو هۆیەی پالّنەری بووە بۆ کوشتنی کوڕە منداڵەکە، باوەڕو ئیمانە پتەوەکەی باوكو دایك کوڕەکە بووە، هەروەها بێباوەڕیو کفری کوڕەکەش بووە، کە ئەگەر لە ژیاندا بمایە تا گەورە دەبوو،

لەكاتێكدا خۆی كافرێكی سەرسەخت بووەو، باوكو دایكیشی دوو ئیماندار بوونو سەرەڕایی ئەمەش ئەم كوڕە بێباوەڕەیان هەیە، ئەوا بێگومان بە كفرو شیرك هەراسانو وەڕسی دەكردن.. ئەمەش دەلالەت لەوە دەكات، كە لەوانەیە پیاوچاك منداڵی خراپی هەبێتو لەوانەیە منداڵەكانی كافرو بێ ئیمانیش دەرچن، هەروەها ئەمە ئەومانایە ناگەیەنێت، گوایە باوكێكی پیاو چاك درێغیی لە پەروەردەو ئامۆژگاری كردنی منداڵەكاندا كردبێت، بێگومان پەروەردەو ڕێنمایی كردنی منداڵان، ئەركێكی پێویستەو دەبێت بەجێی بگەیەنێتو، گەر باوكێك ئەم ئەركە بەجێ نەگەیەنێت، یان سستیو درێغیی تێدا بكات؛ ئەوە گوناهبارە، بەڵام گەر منداڵەكانیشی بەخێو بكاتو پەروەردەو ئاڕاستەی باشیان بكاتو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێكیان خراپو بێئیمان دەرچنو، ڕێگەی ڕاستی باوكیان نەگرنەبەرو كافرو یاخی بنو، هەر كوڕێك ئاوا دەرچێو باوكی نەتوانێت یان دەستەوسان بێت لە پاشگەزكردنەوەی، ئەوا گوناهبار نابێتو هیچ گازاندەیەكی لەسەرنیە، بێگومان ڕاستە، كە باوك داوای لێكراوە كوڕەكەی بانگ كات بۆ سەر ڕێبازی ڕاستو ئامۆژگاریی بكات، بەڵام ئەوەی لێ داوانەكراوە، كە بتوانێت ئیمان بخاتە دڵیەوەو تێیدا جێگیر كات، چونكە توانای ئەمەی نیە، بەڵكو ئەوە تەنها بەدەستی خودا خۆیەتی.

٨- بێگومان باوكی خواناسو پیاوچاك ڕازیو قایل نیە بەوەی، كە یەكێك لە كوڕەكانی خۆی كافر، یان بەدكار، یان یاخی بێت، بەڵكو بەوە پەستو دڵتەنگو ئازاردراو دەبێت، هەر ئەمەش لە فەرمایشتی خودادا ئامـاژەی بۆكراوە، كە خودا لەسەر زاری (خدر) فەرموویەتی: ﴿فَخَشِينَآ أَن يُرۡهِقَهُمَا طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗا﴾ واتە: (ترسایـنو نیگەران بووین لەوەی كە ئەم كوڕە كافرە، سبەینێ باوكو دایكی بە ستەمو كوفرەكەی هەراسان بكات). بەمانای بە ستەمی لەڕادەبەدەری، كە بە (طغیان) ناو دەبرێت، هەروەها بەو كفرو بێ ئیمانیەی خۆی پەستو ماندووو بێئارامو دڵتەنگیان بكات.

ئای چەندە ئەو باوکە پەستو دڵ بریندارو نیگەران دەبێت کاتێـك کوڕەکـەی لەڕێی ڕاست لادەداتو، بانگەوازی چاکە ڕەتدەکاتەوە، لەوکاتەدا باوکە هیـوای ئەوە دەخوازێت کە هەرگیز ئەو کوڕەی نەخستایەتەوە، بەڵام ئەی چی بکات؟

ئەوا خودا بەوە تاقیی کردۆتەوەو گەربۆی شیاو بوایە دەیکوشت.. بێگومـان باوکی خواناسو پیاوچاك حەز دەکات کوڕەکەی لـەخۆی چـاکتر بێـت، لـەخۆی زیاتر چاکەو بەندایەتیی هەبێت، هەوڵیش بۆ ئەوە دەداتو، بەردەوام کوڕەکـەی بۆ ئەو ئاواتە ئاراستە دەکات، کـە لـەخۆی چـاکترو خواپەرسـتتر بێـت. چـەندە بەرچاوڕوونو دڵکراوەش دەبێت، کاتێك ئـەو دەبینێـت لـە بەرامبـەردا چـەندە هەست بەزیانو ڕەنجەڕۆییو ئازار چەشتن دەکاتو، چەندە هەست بـە شـەکەتیو ماندوێتی بەردەوامیش دەکات، کاتێك کوڕەکەی ئەو خواستە ڕەت دەکاتەوە.!!

٩- هەندێك جار مردنی کوڕێکی گومڕا، دەبێتە هۆی ئارامیو رزگـاری یـەك بـۆ باوكو دایکەکەی، وەك چـۆن (خـدر) گـوتی: ﴿فَأَرَدْنَآ أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَوٰةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا ﴿٨١﴾ الكهف﴾، واتە: (بەکوشـتنی ئەومنداڵـە ویـستمان خودای پەروەردگارئـەو بـاوكو دایکـە منـداڵێکی پـاکترو چـاكو بـەڕەحمتریان لەجیاتی ئەم منداڵە پێ ببەخشێت، کە بەهۆی ڕەحمو سۆزو بەزەییـەوە کاتێـك گەورە دەبێت سەرفرازو ئاسوودەیان کات) جا ئەگەر ئەو کوڕە گومڕایە بـمرێت، ئەوە بێگومان دایكو باوکەکەی داوای قەرەبووکردنەوەی بەکوڕێکی تر دەکـەنو دەپاڕێنەوە، کە خودا منداڵێکی باشترو پاکترو میهرەبانتریان پێ ببەخشێت.

پەندو عیبرەتیش لە ژمارەی منداڵەکاندا نیە، بەڵکو لە پلەو ڕادەی ئەوەدایە، کە داخۆ منداڵەکان چەندە گوێڕایەڵو خواپەرستو بـاش ڕەفتـارو بـە ئـەدەبو ڕەوشتمەندنو، چەندە بە چاکی لەگەڵ باوكو دایکیاندا هەڵسوکـەوت دەکـەن.. جا ئیدی یەك منداڵ یا دوان هەبنو ئەم ڕەوشـتە بەرزانـەیان تێـدابێت، باشـترن لەوەی شەش منداڵ، یان دە منالّ هەبن، بەڵام ئـەم ڕەوشـتو ئاکارانـەیان تێـدا نەبێت.

١٠- ئەوەی لێرەدا بەوردی ئاماژەی بۆ دەکەین، ئەوەیە هیچ کەسێك لەئێمە بۆی شیاو نیە کە لەم کردارەدا (واتە لە کوشتنی منداڵێکی لاسارو گومڕادا) شوێن پێی (خدر) هەڵگرێت. هیچ کەسێك بۆی نیە لەخۆیەوە کوڕێکی نەوجەوانو مێردمنداڵ بکوژێت بەبیانووی ئەوەی گوایە ئەگەر گەورە بوو کافرێکی سەرسەخت دەردەچێت، چونکە خودا خۆی ئەم هەواڵەی بە(خدر) دابوو وئایندەی ئەو کوڕە مێرد منداڵەی بۆ (خدر) دەرخستبوو، ئایندە کەشی هەر لە غەیبو نادیار دابووەو هیچ کەسێکیش نادیار نازانێت، تەنها خودا نەبێت، خوداش بەخواستی دانایانەی خۆی هەندێك لەو غەیبو نادیارانەی بۆ هەندێك لە پێغەمبەرانی دەرخستووە.

بەڵام کەسانی دیکە لە غەیری پێغەمبەران هیچ شتێك (لەغەیب نازانن.. ئیدی کێ هەبووە ئەو زانیاریە بەو کەسە بە(خدر) بگەیەنێت دەربارەی ئەو منداڵە، کەوا کافرەو باوكو دایکی هەراسان دەکات؟ هیچ سرووش (وحی)ێکیش لەدوای پێغەمبەری خوداوە ﷺ لەم بارەیەوە نەهاتووە.

(خدر) و (دیوارەکە) و (گەنجینەکە)

(خدر) داوای لێبوردنەکەی (مووسا)ی پەسەند کردو، ئەم جارەش چاوپۆشی لێکرد، ئینجا دەستیان بەڕۆیشتن کردەوە، (فانطلقا) (مووسا) یەك جاری تری، واتە: یەك دەرفەتی تری بۆ هاوەڵێتیی (خدر) لەبەردەمدا مابوو، کە ئەگەر ئەمجارە بەرهەڵستی لەسەر هەر کردارێکی تری (خدر) بکات، ئەوا دەبێت لێی جیابێتەوەو هیچ ڕێگەیەکی تری لێبوردنی لەبەردەم دانابێت. ئەی مەگەر پێی نەگوتووە (گەر ئیدی لەبارەی هەرشتێکەوە پرسیارم لێکردیت، ئەوا هەرگیز هاوڕێیەتیم مەکە ﴿إِن سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلَا تُصَاحِبْنِي﴾ هەرواش بوو. ئەوەبوو بەلای گوندێکی

وەهادا تێپەڕین کەدانیشتوانەکەی پیسکەو چاوچنۆك بوونو میوانداریيان نەکردنو خۆراکیان پیّ نەدان خدرو مووساش دیتیان لەو گوندەدا دیواری خانوویەك خەریکە دەرووخێتو، خدریش خێرا کاری تیاکردو بنیانی نایەوە تا نەڕووخێت ﴿ٱسْتَطْعَمَآ أَهْلَهَا فَأَبَوْاْ أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُۥ﴾.(مووسا) سەری سوڕما لەوکارەی خدر سوڕماو وای لەقەڵەم دابوو کە خەڵکی ئەم گوندە شایستەی ئەو کارە چاكو جوانەی (خدر)نین کە ئەو دیوارەی بۆ ڕاست کردوونەتەوە بۆیە، ئەم جارەش بەرهەڵستی پیشان دایەوەو پێی گوت: بۆچی بەخۆڕایی ئەم کارەت بۆکردن، بۆچی کرێیەکت لێیان وەرنەگرت؟ ﴿لَوْ شِئْتَ لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا﴾؟.. ئیدی (خدر) یش بەئاشکرا پێی ڕاگەیاند کە والێی جیا دەبێتەوەو چی دی هاوڕێیەتی ناکات: ﴿قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ﴾..

کاتێك حیکمەتی بنیاتنانەوەی دیوارەکەشی بۆ ڕوون دەکاتەوە، پێی دەڵێت: ﴿وَأَمَّا ٱلْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي ٱلْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُۥ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ...(٨٢) الكهف﴾، واتە: (ئەو دیوارەش کە ڕاستم کردەوە، موڵکی دوو منداڵی هەتیوی نێو گوندەکە بوو کە لەژێریدا گەنجینەیەکی (زێرو زیوو)ی تێدا حەشاردرا بوو، (باوکیان بۆی هەڵگرتبوون) ئەگەر گوێمان بەو دیوارە نەدایە بارانو لافاو دەری دەخستو ئەو خەڵکە چاوچنۆکەش کە میوانداریی ئێمەیان نەکرد دەستیان دەکەوت باوکی ئەو دوو منداڵەش پیاوێکی چاك بووە، خودای پەروەردگاریشت خواستی وابوو تا ئەو کاتەی منداڵە هەتیوەکان گەورە دەبن، بۆیان بمێنێتو ئەوسا دەری بێنن، ئەم خواستەش ڕەحمەتێك بووە بەتایبەتی لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆیان).

لەم ئایەتەشــدا ئەم چەند ســەرنجە بەدیی دەکەین:

١- خــەڵکی گوندەکــە ڕەزیــل‌و چاوچــنۆك بــوون‌و لــەم ڕووەوە زۆر تێپەڕیبــــوون، ئەوەبوو دووپیاوی نامۆی وەك (خدرو مووسا) دەچنە لایان‌و هیچ خۆراکێکیــان پێ نیەو، نەریتی ڕەسەنیش ئەوەیــە خــەڵکی گوندەکــە بــە پێــشکەشــکردنی خۆراك بۆیان ڕێزیان لێبگرن بێئەوەی پێشتر ئەمان داوای خۆراك بکــەن کەچــی ئەو نەریتە نانوێنن‌و خۆراکیان پێ نادەن بۆیــە بەناچــاری خۆیــان واتــە (خــدرو مووسا) داوای خۆراکیان لــێ دەکەن‌و باســی برســێتیی خۆیــان دەکــەن کەچــی بەهۆی زۆریی چاوچنۆکی‌و پیــسکەیی یانــەوە ئــەو داوایــەیان ڕەت دەکەنــەوەو میواندارێتییشیان ناکەن.

٢- هەردووکیان (مووساو خدر) دیوارێکیان دیوە کــە خەریکــە دەڕووخێــت، واتــە درزی گەورەی تێبووەو لەئان‌و ساتی دارمان دابوو. ئەو گوزارشتە ناوازەیەش کە لە دەستەواژە قورئانیەکە دایە، ئەوەیە خواست (ئیرادە)ی داوەتەپاڵ دیوارەکە.

هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: (ئەم مەســەلەیە لــەڕووی مەجازیەوەیــە لــە قورئاندا، دەنا دیوارەکە (کەبێ گیانێکی بکــەرە) هــیچ خواســت‌و ئیرادەیــەکی نیە، چونکە ئیرادە لە سیفەتەکانی زیندووانە..وتەی ڕاستتریش ئەوەیە کە نــەك لە دەرووی مەجازە وەنیە بەڵکو لــە دەرووی حەقیقەتیــشەوەیە، چــونکە گــشت مەخلوقێك ئیرادەی هەیە تەنانەت گەر ڕووەکێك یان بێگیانێکیش بێت. بــەڵام بێگومــان ئــەم ئیرادەیــەش هــەرگیز وەك ئــیرادەی مــرۆڤ یــان وەك ئــیرادەی زیندەوەرانی تر نیە.

پاشان کێ گوتوویەتی: (ئەم دیوارە مــردووە)؟ بێگومــان ژیــانێکی شایــستە بەخۆی تێدایە کــە لــە پلــەو ئاســتی خــۆی دایــە. بــەڵام هــەرگیز وەك ژیــانی زیندووەکان نیە.. ژیانێکی وای تێدایە کە وەك ژیــانی زینــدووان نیــە، پاشــان

ئیرادەیەکی هەیە، کە وەك ئیرادەی زیندووان نیە.. دیارە لەو دەستەواژەیەی قورئاندا ﴿جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ﴾، واتە (دیوارێك دەیویست بڕووخێت) ئەم ویستو ئیرادەیەی دیوارەکە لە ڕووخان، کە لەم دەستەواژە قورئانیەدا وەسف کراوە وێناندنێکی جوانی هونەرییانەیەو، دەسنیشان کردنو بە شەخصانی کردن (تشخیص)ی دیوارەکەیە، کە سیفەتێك لە سیفەتەکانی زیندووان (کە ئیرادە)یە بۆی دانراوە. کاتێك ئێمەش سەرنج لەم وێنەیە دەدەین، وای دەبینین، کە خەریکە دیوارەکە دەڕووخێتو، وەختە بکەوێت، ئەگەر (خدر) چاکی نەکردبایەوە.

٣-(خدر) کاتێك بەبێ ئەوەی کەس ڕای بسپێرێت، دیوارەکەی ڕاست کردۆتەوە، یان بەبێ ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا بەکرێ ڕێکەوتبێت، کە بۆی چاك بکاتەوە، ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی، کە مرۆڤی موسڵمان حەزی لەکاری خێرو چاکەیەو، سوورە لەسەر چاکەکردن لەگەڵ کەسانی دیدا تەنانەت، گەر ڕاشیان سپاردبێت، بێگومان مرۆڤی موسڵمان خێرەومەندو چاکەکارو بەخشندەو چالاکێکی بواری کۆمەڵایەتییە. هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە کاری خێر ئاتاجی بەمۆڵەت وەرگرتن نیە، جا مادام لەبەردەم موسڵماندا دەرفەتێك بۆ خێرو یارمەتیدان هەبێت، با بیقۆزێتەوەو بەجێی بگەیەنێت.

هەمدیسان (ئەم کارەی خدر) بەڵگەیەکە لەسەر کاری خێری خۆبەخشانە بەبێ ڕێکەوتنێكو بەبێ کرێ یەك، یان بەبێ چاوەڕوانکردنی پاداشتێك لە خەڵکی، هەربۆیەش پێویستە مرۆڤی موسڵمان خۆی لەسەر ئەمە ڕابهێنێتو، لەگەڵ کەسانی تردا بەئەمەكو چاکەکار بێتو، بەسوودیش بێت بۆیان.

٤- (خدر) لەکاری چاك کردنەوەی دیوارەکەو بنیاتنانەوەیدا لەسەر هەق بووە، چونکە خودا ئاگاداری کردۆتەوە لەسەر بوونی گەنجینە لەژێر دیوارەکەدا، خۆ ئەگەر دیوارەکە بڕووخایەو خەڵکی گوندەکەش، کە (چاوچنۆكو پیسکە بوون) ئەو گەنجینەیەیان بدیبایە، ئەوا دەستیان بەسەردا دەگرت.

٥- گەنجینەکە موڵکی دوو مێردمنداڵی هەتیوی ئەو شارۆچکەیە بووەو، ئەمانیش دوو کەسی بچووك بوون، خۆ ئەگەر گەنجینەکە پێ بزانرایە، ئەوا نەیاندەتوانی خۆیان هەڵیگرن، یاخود له خەڵکی ئاوەدانیەکەی بسێننەوە، هەربۆیەش (خدر) دیوارەکەی بۆبنیات ناونەوە، هەتا گەورە دەبنو خۆیان ئەوکاتە به فەرمانی خودا دەریدەهێننو لەدنیادا سوودی لێ دەبینن.

٦- فەرمایشتەکەی خودا لەسەرزاری (خدر)، کە گوتوویەتی: ﴿وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا﴾ (باوکی ئەو دوو منداڵە هەتیوەش پیاوێکی خواناسو چاك بووە) ئەم وتەیە بەڵگەیە لەسەرئەوەی: بێگومان چاکیی باوکان کارایی لەسەر پاراستنو چاکبوونی منداڵەکانیان هەیە.. بۆیە بەهۆی چاکبوونی باوکەکەوە، خوا (خدر)ی بەیدەست (تسخیر) کردووە بۆ ئەوەی دیوارەکە کە بۆ هەردوو منداڵەکە بنیات بنێتەوە.

قورئانیش سرووشی ئەم بەڵگەیەی له سوورەتێکی تردا بەخشیوە، وەك له ئایەتی(٩)ی سوورەتی(نساء)دا خوا فەرموویەتی:﴿ وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا ﴾ واتە: (دەبا ئەو کەسانەی لەپاش خۆیان منداڵانی ساواو بێدەستەڵات بەجێدێڵن، با له وەسیەت کرندنێدا، ترسی خوایان لەدڵدا بێو شتێکی وا له پاشەخۆیان ڕاسپێرن، هیچ ناهەقی تێدا نەبێ).

٧- ئەو پیاوە خواناسەش (واتە باوکی منداڵەکان)، کە لەوەوپێش ماڵو سامانەکەی لەژێر دیوارەکەدا حەشاردابوو، دەلالەتە لەسەر شیاوبوونی هەڵگرتنی ماڵو سامانو پاشەکەوتکردنیو هێشتنەوەی بۆکاتی پێویستی، تەنانەت باشتروایە مرۆڤی موسڵمان هەندێك لەماڵو سامانی بۆکاتی ڕووداوێکی کتو پڕی لەناکاو هەڵگرێت، ئەمەش پێچەوانەی (پشت بە خودابەستن) نیە.

"رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَ "

دوای ئەوەی (خدر) ڕازونهێنیی هەرسێ کردارەکەی بۆ (مووسا) دەرخستووەو حەقیقەتیانیشی بۆ ڕوون کردۆتەوە، ئەوسا (مووسا) بۆی دەرکەوتووە، کە خدر لە کردارەکانیدا لەسەر هەق بووەو، هەروەها بە تەواوەتی دڵنیاش بووە لەوەی، کە (بەرژەوەندیی) لەو کارانەدا بووە، کە ئەنجامی داون.. هەمدیسان (خدر) ئەوەشی پێڕاگەیاندووە، کە بێگومان ئەم سێ کردارە لەڕاستیدا لەخۆیەوەو بەخواستی خۆی نەبووە، بەڵکو بە فەرمانی خوا بوون پاشان (خدر) ئەم کردارانەی واوەسف کردون، کە ڕەحمەتێك بوون لە خوداوە، هەر بۆیەش بە(مووسا)ی گوتووە: ﴿رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ ﴾.

باسکردنی (ڕەحمەتی پەروەردگار)یش لێرەدا ئاماژەو واتای خۆی هەیە، وەك چۆن بە سەرەتای چیرۆکەکەشەوە پەیوەستە لەکاتێکدا، کە خودا خۆی باسی ڕەحمەتی لەبارەی (خدر)ەوە کردووەو فەرموویەتی: ﴿ءَاتَيۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَعَلَّمۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلۡمٗا ﴾.. هەرسێ کردارەکەی (خدر)یش هەر بەپێشینەی ڕەحمەتێکی خوداوە پەیوەستە ﴿رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا ﴾ تا لەدواییدا بەڕەحمەتە ڕەببانیەکەوە ﴿رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَۚ ﴾ەوە کۆتایی پێ هێنراوە.

ئەمەش مانای وایە، کە بێگومان ئەمە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕەحمەتی خودا. بۆ نموونە (عەیبدارکردنی کەشتیەکە) ڕەحمەتێکی خودابوو بەوهەژارانەی کەشتییەکە، تاکو (بەو کونتێکردنو خەوشبارکردنەی کەشتییەکەیان) لەدەستی

پادشا ستەمکارەکە بپارێزێتو دەستی بەسەردا نەگرێت، بۆیە گەر کون نەکرابایـە، دەستی بەسەردا دەگیرا.

- (کوشتنی منداڵەکەش) هەر ڕەحمەتێك بوو لەخوداوە بە باوكو دایك منداڵەکە کە دوایی کوڕێکی باشتر یان پێدەداتو گەر خدر ئەم منداڵەی بۆنە کوشـتنایە ئەوا لەکاتی گەورەبوونیدا بە کوفرو ستەمو زۆرداری تەنگی پێ هەڵدەچنین.

- (بنیاتنانەوەی دیوارەکەش) هەر بەڕەحمەتی خودابـووە، چـونکە بـەو ڕەحمەتـە گەنجینەی هەردوو منداڵە هەتیوەکە لەو شارۆچـکەیە داپـارێزراوە، جـا ئەگـەر دیوارەکـەی ڕاسـت نەکردبایـەوە ئـەوا گەنجینەکـەش دەردەکـەوتو مرۆڤـە چاوچنۆكو ڕەزیلەکانی ئەو گوندە دەستیان بەسەردا دەگرت.

گرنگ ئەوەیە ئەم ڕەحمەتە خودایی یە لە هەر سێ ڕەفتارەکەی (خدر)دا لـەلای کەسانی چاودێری ڕووداوەکان دیارنین، واتە ئەو چاودێرو بینەرانەی کە لە ڕووکـاری دەرەوە بۆ کردارەکان دەڕوانن.. تەنانەت ئـەو هەڵسوکەوتانـەی کـە بـە ئـەنجامی گەیاندوون لە یەکەمین ساتی سـەرنج لـێ دانانیانـەوە جـێی نـارەزایین وەك چـۆن (مووسا) نارەزایی لەسەر هەڵسوکەوتەکانی (خدر) دەربڕیبوو.

ئەمەش مانای وایە کە ئەم ڕەحمەتە لە دیمەنی بەرچـاوی خەڵکیـدا وێنەیـەکی پێچەوانەی وێنەبینراوەکەیانو پێچەوانەی پێشبینی بۆ چوونیان پیشان بدات.

هەر بەم بۆنەیەشەوە دان بەوە دانێین کـە هەرچـی خـودا بـە مرۆڤـی بـڕواداری دەکاتو بەسەریدا دێنێت هەر ڕەحمەتێکن لەخودا خۆیەوە..بێگومان خودا کاتێـك نیعمەت بە مرۆڤی ئیماندار دەدات ئەوە ڕەحمی پێکردووە، کاتێـك بـە ناخۆشـیو نارەحەتییش تاقی دەکاتەوە، ئەوە ڕەحمەتێکە لەخوداوە کەواتە مرۆڤی باوەڕدار لـە هـەر دوو کـاتی خۆشـیو ناخۆشـیدا هـەر لەبـەر ڕەحمـەتی خوادایـە.. لەهـەر کارەساتێکدا کە تووشی دەبێتو لە هەر قەدەرێکدا کە خـودا بەسـەریا دەهێنێت

هەر لەبەر ڕەحمەتی خوادایە بەو مەرجەی ئەم ڕاستییە بزانێتو (ڕەحمەتی خودایی)ی نێو هەر ڕووداوێکی خۆی تێدا بەدی بکات.

لە بەسەرهاتی (خدر)یش دا- سلاوی خودای لیٚ بیٚت - ڕەحمەتی یەکەم ئەوەبوو کە خودا فەرمووی ﴿رَحۡمَةً مِّنۡ عِندِنَا﴾ ئەمەش لەدەرووی پێناسەکردنیەوە.. لەکاتێکدا ڕەحمەتی دووەم ﴿رَحۡمَةً مِّن رَّبِّكَۚ﴾ لەدەرووی لێکدانەوەی هۆکارەکانی ئەو کردارانەی (خدر)ەوەیە یان بڵێین: (ڕەحمەتی دووەم لێکدانەوەیەکی کردەیی و، پەیڕەو کردنێکی واقیعیانەو، ڕووکارێکی دەرەکیی ڕەحمەتی یەکەمە).

"وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى ۚ "

(خدر) لای (مووسا) دانی بەو حەقیقەتە دانا کە ئەو سێ کردەوەیەی لەبەرچاوی (مووسا) ئەنجامی دان، لەخۆوەو بەخواستو ئیجتیهادی خۆی نەبووە، بەڵکو بە فەرمانی خودا بوون ﴿وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى ۚ ﴾.. لەم دەستەواژەیەدا بەڵگەو دەلالەتێك لەسەر پێغەمبەرێتیی (خدر) ـ سلاوی لێ بێت ـ دەردێنین، چونکە ئەو کردەوانە بەخواستو هەوڵی کۆششکاریی (اجتهاد)ی خۆی نەبوون، بەڵکو بەفەرمانی خوداو سرووشی خودا بۆ (خدر) خۆی بوون. دەشێت بەراوردێکیش بکەین لەنێوان کارەکەی (خدر)و ئەو فەرمایشتەی خوادا ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴾ چونکە هەر سێ کردارەکە ڕواڵەتێکی دەرەکیی زانستە خوداییەکەنی بوون، کە خودا فێری (خدر)ی کردبوو، لە دیمەنەکانی زانستی خوداش، کە بە (خدر)ی گەیاندبوو، ئەوەیە حەقیقەتی ڕووداوە بینراوەکانی بەردەمی پێناساندبوو، ئەم حەقیقەتەش پێچەوانەی دیمەنە بینراوە دەرەکییەکەی بووە.. لەمەشدا بەرژەوەندییەکە خۆی حەشار داوە، ئەمەش وەك ئەوە وایە، کە (خدر) داوامان لێ بکات ڕوانینمان بۆ (ئەو ڕواڵەتو دیمەنانەی لەبەردەمماندا دەیانبینین)و (ئەو ڕووداوو هەڵسوکەوتانەی لەبەرچاومان) ئەنجام دەدرێت، ڕێكو ڕاستکەینەوە، چونکە هەندێك کەس لە ئێمە ڕووانینێکی کەمو کورتبینانەیان هەیەو، تەنها ئەو ڕووداوە دیارو دەرکەوتوانەی بەرچاویان دەبینن‌و، وای دادەنێن، کە ئیدی هەموو شتێك لەوانە دایە.

بەڵام ئێمە ئەوەمان لێ خوازراوە کە ڕووانینمان بۆ ئەو ڕووداوانە قووڵترو ڕاستترو وردتر بێتو، تەنها وێنە ڕواڵەتییە دیارە کە فریومان نەداتو نەهێڵێتو هەوڵی گەیشتن بە کرۆکی شتەکانو حەقیقەتیان بدەین.

بەڕاستی دیاردە فریودەرەکان زۆرنو، زۆرجاریش بە ڕووپۆشی ساختەکاریو نەخشو نیگارو چەواشەکاریی داپۆشراون، زۆر کەسیش پێیان دەخەڵەتێن. بەڵام مرۆڤی ئیماندار سەرنجی قووڵی هەیەو، بەڕاستگۆیانە لێکیان دەداتەوەو بەڕاستیش هەڵیان دەسەنگێنێت.

"لێکدانەوە لە چیرۆکەکەدا"

لێرەدا هەڵوێستەیەك لەبەردەم شێوازی لێکدانەوەی نێو چیرۆکی (مووساو خدر)دا دەکەین.. ئەوەبوو کاتێك (خدر) جیابوونەوەی خۆی بۆ (مووسا) ڕاگەیاند، پێی گوت: ﴿ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴾ (من تاوێکی تر ئەو کارانەی خۆمت بۆ لێکدەدەمەوە کە نەتتوانی ئارام لەسەریان بگریتو قسەی تیانەکەیت). بەمانای (هەواڵی باری ڕاستیو حەقیقەتی ئەو هەڵسوکەوتو کردارانەمت پێدەگەیەنم کە دیوە ڕواڵەتییەکانیانت بینی).. کاتێك ئەو هەواڵانەشی پێ دەگەیەنێتو پەردە لەسەر حەقیقەتیان لادەبات، پێی دەڵێت: ﴿ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴾.. ئەمەش هانمان دەدات بۆ زانینی مانای (تأویل/ لێکدانەوە) لە زاراوە قورئانییەکەدا.. لەم ڕووەوە ئیمام (راغبی اصفهانی) گوتوویەتی: (وشەی (تأویل) لە (أول)ەوەیە، واتە گەڕانەوە بۆ ڕەگو ڕیشەکەی.. وەك ئەوەی کە (موئل) بەمانای ئەو جێگەیە (موضع)ەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لای.. ئەوەش

گەڕاندنەوەی شتەکەیە بۆ ئەو مەبەستە خوازراوەی کە بەزانست (علم)، یان بە کردەوە (فعل) خوازراوە)[1].

وشەی (لێکدانەوەش) لە هەموو بەکارهێنراوێکی نێودەستەواژە قورئانیەکاندا لەم مانایە تێناپەڕێت کە لە حەڤدە شوێنی قورئاندا هاتووەو هەشت جاریان لە سوورەتی (یوسف)دا هاتووە.. حیکمەت لە هاتنی نێو سوورەتی یوسفیشدا بەم هەشت جارە ئەوەیە کە بڕبڕەی سوورەتەکەو تاکە بابەتیشی دەربارەی لێکدانەوە (تأویل)ە. بۆ نموونەش هەر سەرەتای سوورەتەکە بە باسکردنی خەونەکەی (یوسف) ـ سڵاوی لێ بێت ـ لەکاتی منداڵیدا دەست پێ دەکات.. (یەعقووب)ی باوکیشی ـ سڵاوی لێ بێت ـ ئەوەی پێ ڕادەگەیەنێت کە خودا خۆی فێری لێکدانەوەی خەونەکانی دەکات: ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ... ﴿٦﴾ یوسف﴾، واتە: (خودای پەروەردگارت بەم ڕەنگە تۆ هەڵدەبژێرێتو دەپاڵێوێت بۆ کاری (پێغەمبەریتی)و فێری لێکدانەوەی هەندێك لەخەونەکانت دەکات). جا دوایش لەکاتێکدا کە خەونەکەی (یوسف) بەڕاستی بەدیی هاتووەو بەواقیعیش لێکدراوەتەوەو باوكو دایكو براکانی چوونەتەوە بۆ لای (یوسف) بەباوکی گوتووە: ﴿ ...هَٰذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَٰيَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا ... ﴿١٠٠﴾ یوسف﴾، واتە: (بابە ئەمە لێکدانەوەی خەونەکەی ئەو کاتەی سەردەمی منداڵیمە کە بێگومان خودای پەروەردگارم بەڕاستیو بەهەق بەدیی هێنا).

لێکدانەوە (تأویل): ڕوونکردنەوەی سەرچاوەو حەقیقەتی شتەکانەو، بەعەمەلیکردنی هەواڵ بۆ واقیعو تیۆر (نظریة) بۆ جێبەجێکردنو، وێنە بۆ شتێکی ماددیی، بۆیە خەونەکەی (یوسف) هەرچەندە خەونێکی کاتی نووستن بوو،

---

(١) المفردات في غريب القرآن: ص(٣١).

بەڵام له جیهانی واقیعدا بووه بـه لێکدانەوەیـەك، لێکدانەوەکەشـی (واتـه: بـەدی هاتن‌و ڕوودانەکەی) بوو، بەهەمان شێوەش ئەوەی له چیرۆکی (مووسا)و (خـدر)دا بەدیی دەکەین، لێکدانەوەیەکە.. (خدر) به (مووسا)ی گوت: ﴿سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾.. واته (لێکدانەوەی حەقیقەتی ئەو ڕووداوانـەت دەخەمـه بەرچاو، که بینیتن.. حەقیقەتی ئەو کردارانەمت پێ دەڵێم، که نکوولێت لەسەریان دەکرد، تاکو بزانیت که هەق‌و ڕاستی لەوەدایه کـردم).. کاتێـك شتەکانیـشی بـۆ تەفسیر کردو، ئەوەی دیبووی بۆی لێکدایەوەو ئەو حەقیقەتەی لێـی پـەنهان بـوو، بۆی ڕوون کردەوه، پێ‌ی گوت: ﴿ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾ بـەمانای ئـا ئەوە حەقیەتی ئەو ڕووداوانەیـه کـه بینـیتن.. کـەوابوو لێکدانـەوە (تأویـل) ڕوون کردنەوەی حەقیقەت‌و چاوگ‌و چارەنووس‌و کۆتاییه.. یان با بڵێیـن: (ڕوودانی ئـەو کارو مەسەلەیەیه، که هـەواڵی لەسـەر دراوەو، ڕووکـاره ڕوواڵـەتی‌و دەرەکـی یـه کردەییەکەی دەرکەوتووەو، خەبەرو هەواڵەکه بووه بەواقیع‌و، بیرۆکـەو تیۆرەکـەش چۆته خانەی جێبەجێکردنەوه.

" تَسْتَطِعْ " و " تَسْطِعْ "

له بڕگه جوانو دانسقەکانی نێو ئەم چیرۆکەدا، جێگیرکردنی پیتی (تا)یه، یەکەم جار لەوشەی (تستطع)داو، پاشان لابردنی لەهەمان وشەدا بۆ جاری دووەم (تسطع). ئەوەبوو(خدر) به (مووسا)ی گوت: ﴿سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾ ئەمەش پێش ئەوەی ئەو ڕووداوانەی که (مووسا) بینیبوونی، بۆی لێکداوەتەوە. کاتێك بۆیشی لێك دایەوەو هەواڵی باری ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی پێدا، ئەم پیتی (تا)یەی لەوشەکەدا نەهێشت، بۆیه پێی گوت: ﴿ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾. داخۆ بۆچی ئەو (تاء)ەی لەوشەی دووەم دا لابردووە؟:

دەشێت ئەم (تاء)ه لابراوه له عەرەبیدا بە (تاء الخُفة)- تای سووککراو-، ناوبنێینو سەرنج له حیکمەتی لابردنیشی لەدەرووی تەفسیری سایکۆلۆژیانەی ئایەتەکانەوەیه، یاخود تەفسیرکردنیان بەگوێرەی ڕاستی یەکانی زانستی شیکاری دەروونی (علم النفس التحليلي).

جێگیرکردنی پیتی (تاء) له یەکەم جاردا لەگەڵ ئەو حاڵەته دەروونیەی مووسادا گونجاوە، که تیایدا دەژیا، چونکه هەر سێ کردەوەی (خدر) لە دەروونی ئەمدا بەقورس دادەنرانو حیکمەتەکەیانی نەدەزانی.. هەر بۆیەش (تاء)ەکە لابراوە، تاکو وشەکە قورستر بێتو هاوکێشی قورساییەکەی نێودەروونی (مووسا) بێت. کاتێك حەقیقەتی ڕووداوەکانیشی زانیوە، ئەو قورساییە دەرونیەی لەسەر نەماوەو بارە دەروونیەکەشی سووك بۆتەوە، ئیدی پیتی (تاء)ش وەك سووککاری یەك لابراوەو، بۆ ئەوەی سووککردنی وشەکەش لەگەڵ ئەو سووك بوونو خامۆش بوونه دەروونیەی مووساشدا بگونجێت، که دوای لێکدانەوەی کردەوەکان تیایدا ژیاوە.. خوداش خۆی زانایه لەم ڕووەوە.

"اردت.. اردنا.. اراد ربّك"

لەو دەستەواژە ناسكو دانسقانەی قورئـان كـە لەسـەر ئـەم چیرۆكە هـاتووە، وتەكانی (خدر)ن لەكاتی شیكردنەوەی ئەو كردارانەیدا كە ئـەنجامی دان، ئـەوەبوو لەم ڕووەوە لە سێ حاڵەتدا گوزارشتی لە ویست (ارادە) كردووە.

١- دەربارەی ویستی خۆی لە كونكردنی كەشتییەكەدا گوتی: (ویـستم عەیبـداری بكەم/ فأردت أن أعیبها).

٢- دەربارەی كوشتنی كوڕە منداڵەكـەو حـەزكردنی لـەهاتنی كـوڕێكی چـاك لـە جێگەیدا، ویستێكی بەكۆمـەڵی دەربڕیـوەو گوتوویـەتی: ﴿فَأَرَدْنَآ أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَوٰةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا﴾ واتە (ئێمە بەكوشتنی ئەم منداڵە ویستمان خـودای پـەروەردگاری بـاوكو دایكـی كـوڕێكی چـاكترو دینـدارو بـەرەحمو میهرەبانیان لەجیاتی ئەم منداڵە لاسارە پێ ببەخشێت).

٣- دەربارەی بنیات نانەوەی دیوارەكەش بۆ پاراستنی گەنجینەكە تـا ئـەو كاتـەی هەردوو منداڵە هەتیوەكە پێدەگەنو گەورە دەبن، گـوتی: ﴿فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا﴾، واتـــە: (خـــودای پەروەرگاریـــشت ویـــستی (ئیرادەی) وابوو تا ئەم دوو كوڕە پێدەگەنو گەورە دەبنو، ئەوسا گەنجینەكـەیان دەربێننو سوودی لێ ببینن).

كەواتە ویست (ارادە) لەم سێ دیمەنـەدا هـاتووە: (اردت، اردنـا، اراد ربّـك).. (ویستم.. ویستمان.. پەروەردگارت ویستی..)، لەم سێ حاڵەتەشـدا، یەكـەم جـار فەرمانی ڕابردوو (الفعل الماضي) دراوەتە پاڵ (خدر) — (اردت).. هەمان فرمان لە

جاری دووەمدا دراوەتە پاڵ خوداو پاڵ خدریش (فاردنا).. لە جاری سێیەمیشدا هەمان فرمانی ڕابردوو تەنها دراوەتە پاڵ خودا خۆی (فاراد ربك)..

ئەگەر هەوڵیش بدەین کە حیکمەتی بەدییکراو لەمەدا دەربێنین، ئەوا دەڵێین:

١- لە هەر سێ جارەکەدا پلەبەندیی (تدرج) هەیە، چونکە لەهەر جارێکدا دیمەنەکە بۆ یەکێکی دی بالاتر دەبێت، بۆ نموونە لە دیمەنی یەکەمدا ویستو ئیرادەکەی خستۆتە پاڵ خۆی (فاردت).. پاشان لە دیمەنی دووەم دا داوێتییە پاڵ خۆیو پاڵ خودا (فأردنا)، لە دواییشدا تەنها داوێتییە پاڵ خودا (فاراد ربك).

٢- لێك نەچوون لە خستنە پاڵەکاندا بەپێی ئەو حاڵەتەیە کە دەربارەی دواوەو، لەگەڵ نواندنی ڕێزو ئەدەبیش بەرامبەر خوادا گونجاوەو، هەروەها لەگەڵ ئاماژەو بڕیارەکانی ئیمانداریتیشدا گونجاوە.

لە یەکەم جاردا بۆیە ئیرادەکەی داوەتە پاڵ خۆی، چونکە کونکردنی کەشتییەکە بە کارێکی ناپەسەند بینراوەو (بەپێی بۆچوونی ڕواڵەتیانە) ئەوە کارێکی تێکدەرانەیە، لەوانەیە لەبەر ئەم واتایە پێی وابووە کە کارێکی شایستە نیە گەر ئەم ئیرادەیە بخاتە پاڵ خودا. هەمدیسان سەرنج بدە لەوەی کە کارە ویستراوەکە چییە؟ (اردت ان اعیبها/ ویستم عەیبداری بکەم)، لێرەدا ویستو ئیرادەکە عەیبدارکردنی کەشتییەکەیە.. عەیبدارکردنەکەشی بەهۆی تێکدانیەتی بەوەی کونی تێ بکاتو پارچە تەختەیەکی لێ هەڵکێشیت. هەر بۆیەش شایستەی ئەوە نییە ئەم ئیرادەیە بدرێتە پاڵ خوداو، نەشیاوەکە بیگوتبایە (اراد ربك ان یعیبها/ خودای پەروەردگارت ویستی کەشتییەکە عەیبدار بکات).

هاوشێوەیەکی ئەم ڕێزو ئەدەبە بەرامبەر بە خودا لە بەسەرهاتی (ئیبراهیم)دا بەدیی دەکەین کە ئەدەبی لە باسکردنی خوادا نواندووە، کاتێك وەسفی کارەکانی خودای کردوەو کە خوداش لەسەر زاری ئەو فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهۡدِينِ

﴿٧٨ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ ٧٩ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ٨٠ وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ يُحْيِينِ ٨١﴾ الشعراء، واتە: (ئەوەی دروستی کردووم هەر ئەو ڕێنمایی کردوومو، هەر خۆیشی خۆراکو خواردنەوەم پێ دەدات، ئەگەر نەخۆشیش کەوتم هەر ئەو چارەسەرو شیفام بۆ دەرەخسێنێت، هەروەها ئەویش دەمرێنێتو پاشان لەڕۆژی قیامەتدا زیندووم دەکاتەوە).. لەم وتانەدا (ئیبراهیم) هەموو کارەکانی داوەتە پاڵ خودا، تەنها نەخۆشکەوتنەکە نەبێت کە داویەتی یە پاڵ خۆیو بۆ خۆی گەڕاندۆتەوە.

لە بەسەرهاتی (خدرو مووسا)شدا لەجاری دووەمدا ئەوەی کە گونجاوترین پێودانگ بێت ئەوەیە کە ئیرادەکە خراوەتە پاڵ خوداو پاڵ خدریش. کە دراوەتە پاڵ خدر بەو پێودانگەیە کە خدر خۆی هۆکارو ئامرازی کوشتنی کوڕە منداڵەکەیەو ئەو کەسەشە کە ئەرکی کوشتنی منداڵەکەی لەئەستۆ ناوە، ئەی بۆچی کوشتوویەتی؟ چونکە ویستوویەتی کەخودا بەکوڕێکی لەوە چاکتر قەرەبوویان بۆ بکاتەوە.. کەواتە (خدر)یش لەمەدا ئیرادەیەکی لەو قەرەبوو کردنەوەیەدا هەیە.. بەڵام ئایا (خدر) خۆی توانای بەدی هێنانی ئەم ئیرادەیەی هەیە؟

وەڵام: نەخێر، چونکە بەدی هێنانەکە بەدەستی خودای تاکو تەنهایە.

تەنانەت باوکو دایکیشی کە ئیرادەی منالبوونو خستنەوەی منداڵیان هەیە، توانای بەدی هێنانی ئەو ئیرادەیەیان لەجیهانی واقیع دا نیە.. بۆیە تەنها ئەوەیان لەسەرە کە دەست بەهۆکارەکانەوە بگرنو یەکبگرنو پێکەوە بژین، دەنا توانای بەدی هێنانی منالو ژیانی منالەکەش تەنها بەدەست خودا خۆیەتی.

بەپێی ئەم مانایەش ئیرادەکە لێرەداو لە ڕەهەندی دووەمیدا خراوەتە پاڵ خودا بەو پێودانگەی کە بێگومان خودا هەر خۆی بەتوانایە لەبەدیی هێنانی ئەوەداو لە هێنانە ئارایی منداڵی (بەوەلەد بوو) بۆ جیهانی بوونو، ژیان دا، لەهەمان کات دا

(کە جاری دووەمە)و کە ئیرادەکە دراوەتە پاڵ خدریش هەر بەو پێودانگەیە کە خراوەتە پاڵ خوداش.. بەڵام لە جاری سێ‌هەمدا کە ئیرادەکە بەتەنها دراوەتە پاڵ خودا خۆی‌و، لەبۆتە (سیاق)ەکەیدا ئەوەی دیاریی کردووە کە تەنها دەدرێتە پاڵ خودا، چونکە هیچ کەسێك توانای بەدیهێنانی ئیرادەی نێو مەسەلەکەی نیە تەنها خودای تاك‌و تەنیا خۆی نەبێت.. ڕاستە ئەو دوو منالّە دوو منداڵی بچووکی هەتیو بوون، بەڵام کێ ئەوەیان بۆ مسۆگەر دەکات کە بژین تاکو گەورە دەبن‌و پێدەگەن تاکو گەنجینەکەیان دەربێنن؟ بێگومان هیچ کەسێك توانای ئەوەی نیەو بۆیشی مسۆگەر ناکرێت.. چونکە داهاتوو تەنها بەدەستی خودایەو، تەمەنیش هەر بەدەستی خودایە، هەر بۆیەش (خدر) گوتوویەتی: (پەروەردگارت ویستی‌و ئیرادەی وابووە کە تا ئەو دوو منداڵە پێدەگەن‌و لەدواییدا ئەو گەنجینەیەیان دەربێنن ﴿فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا﴾ جا مادام خودا ئەم ئیرادەیەی هەیەو دەخوازێت، ئەوا بێ‌گومان هەر دەبێت، چونکە هەر شتێك خوا بیەوێت هەر دەبێت ببێت.. والله أعلم.

چیـرۆکی چـوارەم

چیـرۆکـی ((ذو القــرنیـن))

ئەم چیرۆکە لە دەقی پیشاندراوی قورئاندا لەم ئایەتانەدا هـاتووە، کـە خـودای پەروەردگار تیایاندا فەرموویەتی:

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا ۗ قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠﴾ كَذَٰلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴿٩١﴾ ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٩٢﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾ قَالُوا۟ يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُوا۟ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ

عَلَيۡهِ قِطۡرٗا ﴿٩٦﴾ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا ﴿٩٧﴾ قَالَ هَٰذَا رَحۡمَةٞ مِّن رَّبِّيۖ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ﴿٩٨﴾ الكهف ﴾ .

واتای ئایەتەکان بە کورتی:

(ئەی پێغەمبەر! پرسیارت دەربارەی (ذو القرنين) لـێ دەکەن.. بلّـێ هەندێك لە سەربوردەی ئەوتان بۆ باس دەکەم.. ئێمە دەسەلاّتمان لەسەر زەویـدا بـۆ ڕەخـساندو هەموو هۆکارێکی پێویستی ئەو زەمانەشمان بۆ دابین کرد. ئەویش دوای هۆکارەکان کەوتو سوودی لێیان بینی.. خۆیو سوپاکەی کەوتنە ڕێ، هەتا گەیشتنە شـوێنی خۆر ئاوابوون لە ناوچەیەکداو، وا دەهاتە بەرچاو، کە گۆمێکی قوڕو لیتاوی بێـت، لەوێدا ڕۆژ ئاوا دەبێتو ڕێیان دەکەوێتە گەلێکی بێباوەڕ.. لـەو شـوێنەدا ئێمـەش پێمان گوت: (ئەی ذو القرنين یـان بە سزا لەناویان بـەرە (گـەر بـەدەم بانگـەوازەوە نەیەن) یان چاکەیان لەگەڵدا بکە، (ئەگەر بەدەم بانگـەوازی بـاوەڕو خواناسـییەوە هاتن). (ذو القرنين)یش گوتی: (بێگومان ئەوەی ستەمکار بێت، سزای دەدەیـن و، دواییش کاتێـك بـۆ لای خـودای پـەروەردگاری دەگەڕێنرێتـەوە، خـودا سـزایەکی سەختو گەورەی دەدات. هەر کەسێکیش لەوان بەدەم بانگـەوازی بـاوەڕەوە بێـتو ئیمان بهێنێتو کاری چاك بکات، ئەوا پاداشتی چاکی هەیەو ئێمەش لەمەولا بـە وتەی خۆشو ئەرکی سووکی ئاڕاسـتە دەکـەین. دوای ئـەوە (ذو القـرنين) گەشـتی دووەمی بەرەو خۆرهەلاّت دەست پێکردو بـە شـوێن هۆکـاردا ڕۆشـتەوە، هـەتاکو گەیشتە ناوچەی ڕۆژهەلاّتی دوورو، لەوێشەوە هەر سەرقاڵی گرتنەبەری هۆکارەکان بووو بەدوایاندا دەگەڕا..

تاکو لە کاتێکدا گەیشتە نێوان هەردوو بەربەستەکە، کە دوو چیای بەرز بوونو کە لە نێوانیاندا گەلێکی ناحاڵیو دواکەوتوو دەژیان، کـە هـیچ تێگەیـشتنو پـەی بردنێکیان نەبوو (مەگەر بە کـەمیو بـە دەگمـەن).. جـا کـە ئـەوان توانـای (ذو

القرنين) یان زانی، داواکاریەکیان لێی هەبوو، کە پێیان گوت: (ئەی ـ ذو القرنين ـ دوو هۆزی دڕندەی وەك (یەئجووج)و (مەئجوج) بەدکارو تێکدەرن لەسەر زەوی‌و (بۆ ئێمەش ترسناکن) بۆیە داوات لێ دەکەین بەربەستێکی پتەو لەنێوان ئێمەو ئەواندا دروستکەیت، کە ئێمەش پاداشتێکی داراییت لە بەرامبەر ئەو کارەتدا پێبدەین).. (ذو القرنين)یش لە وەلامیاندا گوتی: (ئەو تواناو زانستەی، کە خودای پەروەردگارم بۆی ڕەخساندووم زۆر لەو (سامانە) چاکترە، کە بە پاداشت دەیدەن بەمن، بەلام من داواکەتان بۆ بەجێ دێنم، بۆ ئەم کارەش ئێوە بە هێزو بازووەکانی خۆتان یارمەتیدەرو هاوکارم بن، تاکو بەربەستێکی تۆکمەو پتەوتان لە نێوان ئێوەو ئەو دوو هۆزە ترسناکەدا بۆ دروست بکەم.. بۆ ئەم کارەش پارچە ئاسنی گەورەم بۆ بهێنن‌و لەسەر یەك دابنێن، تاکو ئەمسەرو ئەو سەری کێوەکە دابگرێت‌و هەردوو لوتکەکەشیان داپۆشێت). ئینجا فەرمانی پێدان بە (موشەدەمە) فوو بکەن لەو ئاگرەی، کە لەژێر ئاسنەکەدا هەڵی گیرساند بوو، تا ڕادەیەکی وا، کە هەمووی کردە ئاگر، پاشان (ذو القرنين) پێی گوتن: (مسی تواوەم بۆ بهێنن، تا بیکەم بەسەر پارچە ئاسنەکان دا و(ئیدی گەر مس‌و ئاسنیش تێکەڵ بکرێن ئاوێتەیەکی پتەوی لێ دروست دەبێت).. ئینجا هەردوو هۆزەکەی (یەئجوج)و (مەئجوج)یش، نەیانتوانی سەرکەون بەسەر بەربەستەکانداو نەیانتوانی لێی ببڕن‌و کەلەبەرو کونی تێبخەن، دوای ئەمەش (ذو القرنين) گوتی: (بەڕاستی بنیات نانی ئەم بەربەستە ڕەحمەتێکە لەلایەن پەروەردگارمەوە بۆ ئێوە، کە بە فەرمانی خۆی (یەئجووج‌و مەئجووج)ی لێ شاردنەوە، خۆ هەر کاتێك خواستی خودا وابێت کە ئەم بەربەستە تێك بدات، ئەوا کەلەبەری گەورەی تێدەخات‌و دیرووخێنێت‌و وردوخاشی دەکات‌و لەگەڵ زەوی تەختی دەکاتەوە.. بێگومان بەڵێنی پەروەردگاریشم ڕاست‌و حەقە).

(تەفسیری چەند وشەیەکی نێو ئایەتەکان)

﴿سَأَتْلُواْ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا﴾:- دەربارەی ئەوە بە چەند ئایەتێکی قورئان هەواڵتان پێدەدەم.

﴿مَكَّنَّا لَهُۥ﴾:- دەسەڵاتێکی گەورەمان پێدابوو.

﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا﴾:- چەند هۆکارو ئامرازێکی حوکمرانیو فەتحکردنمان بۆ ساناو بەیدەست کردبوو.

﴿فَأَتْبَعَ سَبَبًا﴾:- سوودی لەو هۆکارانە وەرگرتو ڕێگەیەکی وای گرتەبەر، کە بەرەو خۆرئاوای دەبرد.

﴿تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ﴾:- وەك چۆن بینەرێك لە دوورەوە بۆ ناوچەکە بڕوانێت بە (عَيْنٍ حَمِئَةٍ / واتە بە کانیەکی لیلی تێکەڵ بە قوڕی ڕەشی) دەهاتە بەرچاو..

﴿قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ﴾:- گوتمان (ئەی ذو القرنین) ئەمەیان بە سرووشو ئیلهامێك لە خوداوە بووە، یان لە ڕێی پێغەمبەرێکەوە بووە، کە لە سوپاکەشیدا لەگەڵیا بووە.. ڕای یەکەم (کە بە سرووشێك خودا پێی فەرمووە) ڕاسترە..

﴿مَن ظَلَمَ﴾:- کە (مانای هەر کەس ستەم بکات).. ستەم (ظلم) لێرەدا واتای کوفرو بێباوەڕی دەگەیەنێت.

﴿عَذَابًا نُّكْرًا﴾:- سزایەکی سەختو دژواری وا کە لەبەرچاوی خەڵکی دیارە.

﴿ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا﴾:- گەشتی دووەمی بەرەو ڕۆژهەلات دەست پێکرد.

﴿لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴾:- هیچ بەربەستێکی وەك گردێـك، یـان چـیایەك، یان شتێکی ترمان بۆ دانەنابون کە بیانپارێزێت.

﴿أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴾:-لە زانستو زانیاریەکمان ئاگادار کردبوو.

﴿ ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴾:- پاشان گەشتی سێیەمی بەرەو لای باکوور ئەنجام دا.

﴿بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ ﴾:- لە نێوان هەردوو چیا بەرزەکەدا.

﴿لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴾:- لەبەر دواکەوتوویيان تێگەیشتنو تێگەیاندنیان کارێکی قورس بوو.

﴿يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ ﴾:- دوو ناوی - دوو هۆزن، کە لە ناوچەکانی ناوەڕاسـتی ئاسـیادا نیشتەجێ بوون.

﴿نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا ﴾:- پارەو ماڵێکی دیاریکراوت پێ بدەین.

﴿بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴾:- بەربەستێکی پتەو لەنێوان ئێمەو ئەوان تاکو نەگەنە سەرمان.

﴿فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ ﴾:- بە دەستەکانی خۆتانو بەهێزی بازووەکانتان یارمەتیم بدەن.

﴿بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴾:- بەربەستێکی، یان دیوارێکی تۆکمەو دارێژراوی پتەو.

﴿ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ﴾:- پارچە ئاسنی گەورەم بۆ بێنن.

﴿سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ ﴾:- بە ئاسـن هـەتا لووتکـەی هـەردوو چـیاکەی پڕکـردەوەو تەختی کرد.

﴿قَالَ ٱنفُخُوا۟ ﴾:- ئاگر لەژێر ئاسنەکەدا بکەنەوەو فووی پێداکەن.

﴿أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا﴾:- مسی تواوه بەسەر ئاسنه سووورکراوەکەدا دەکەم تاکو تێکەڵی بێت‌و هەردوو کانزاکە یەککگرن.

﴿فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ﴾:- نەیانتوانی بەسەر ڕووی بەربەستەکەدا سەرکەون.

﴿وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا﴾:- دەستەوسان بوون له بڕین‌و کون‌و کەلەبەر تێکردنی.

﴿هَٰذَا رَحۡمَةٞ مِّن رَّبِّيۖ﴾:- خودا بەڕەحمەتی خۆی‌و بەفەرمانی خۆی ئەم دوو هۆزەتان لێ بەند دەکات.

﴿فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي﴾:- هەر کاتێك خواستی خودا هاته سەر وێرانکردنی بەربەستەکە، ئەوا:

﴿جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ﴾:- تێکی دەدات‌و وردو خاشی دەکات‌و لەگەڵ زەویدا تەختی دەکات.

چەنـد تەگـەرەیەك لە چیـرۆکی (ذو القرنين) دا

چەند تەگەرەو ئاستەنگێك لەسەر بەسەرهاتەکەی (ذو القرنين)و سەفەرەکانی و، ئـەو بەربەسـتەی بنیـاتی نـاوەو، ((یـەئجوجو مـەئجوج)) لـە ئـارادانو دەورووژێنرێن..

ئەم تەگەرانەش لە بۆتەی شیکارو لێکدانەوەی ڕووداوەکانی چـیرۆکەکە دایـەو، لە لایەنە نادیارو شاراوەکانیشی دەکۆڵێتەوە، وەك:-

١- ((ذو القرنين)) کێیەو، کەسێتییەکی چۆنی هـەبووەو، ماهییـەتی ژیـانی چـی بووە؟

٢- ئەو زەمەنەی تێیدا ژیاوەو، ئەو دەوڵەتەی حوکمرانی کردوەو، ئـەو جەنگانـەی بەڕێوەی بردونو، ئەو وڵاتانەی فەتحی کردوون..

٣- گەشـتی یەکـەمی بـەرەو خۆرئـاواو دەستنیـشانکردنی ئـەو ناوچـەیەی پێـی گەیشتووەو، دیاریکردنی جێگەی ئەو کانیەی کە بە (عين حمئە/ کانیەکی لیلی تێکەڵ بە قوڕی ڕەش) هاتۆتە بەرچاوو چۆن خۆریشی دیوە تیایدا ئاوا دەبێت..

٤- سەفەری دووەمی بەرەو خۆرهەڵاتو ئەو وڵاتانەی پیایاندا گـوزەری کـردووەو، ئەو شوێنەی کە پێی گەیـشتووەو، چـۆن دیـوێتی ڕۆژ لێیـان هەڵـدێتو هـیچ بەربەستێکی پارێزگاری وەك گردێك یان قەڵایەکیشیان بۆ دانەنرابوو.

٥- ئەو ناوچەیەی کە لـە گەشـتی سـێیەمیدا بـەرەو بـاکوور پێـی گەیـشتووەو، دەستنیشانکردنی (ناوچەی نێوان دوو بەربەسـتەکە) بـە وردیو، دیـاریکردنی ڕەگەزی خەڵکە دواکەوتووەکەی.

٦- ڕەچەڵەکی ((یەئجوجو مەئجوج))و مێژوویانو ناوچەکانی دانیـشتنو ژیـانو نیشتەجێ بوونیان بە ووردیو بە تەواوەتی.

٧- شیكارو وردەكاریی چۆنیەتی بنیاتنانی بەربەستەكەو، پاشـان درێـژیو پـانیو بەرزییەكەی چەند بوو!!

٨- ئایا بەربەستەكە وێران كراوەو، یەئجووجو مەئجووج لێی دەرچوون، یان هێشتا ماوەو، هەرگیز درزو كەلەبەری تێ‌ناكرێـتو، هـەتا ماوەیـەكی كـەمی پـێش هاتنی قیامەت لێیەوە دەرناچن..؟!

٩- مانای وتەكەی ذو القـرنین ﴿فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ﴾ هـەركاتێك خواسـتی خودا هاتەسەر ئـەوەی كـە بەربەسـتەكە وێـران بكـات ئـەوا تێكـی دەداتو وردوخاشی دەكاتو لەگەڵ زەویدا تەختی دەكات) ئـاخۆ واتـای واقیعـی ئـەم وتەیە چۆن بێت؟!

١٠- ئایا پەیدابوونی ((جـەنگیزخان))و ((هۆلاكـۆ)) ئەڵقەیەكـە لـە ئەڵقـەكانی دەرچوونی ((یەئجووجو مەئجووج))؟

جگە لە چەندین پرسیـارو لایەنی تری شاراوەی نێو چیرۆكەكە، كە ئەم تەگـەرەو ئاستەنگانە دەیانورووژێنێت.

شـیكارو وردەكاری یەكانی چیـرۆكی ((ذو القرنین)) مەتەڵێكی ئاڵۆزە

مێژوونووسـانو ڕاڤـەكاران هـەموویان هەڵوێـستیان لەبـەردەم چـیرۆكی (ذو القرنین)دا كردووەو زۆر كەسیشیان هەوڵی ڕوونكردنەوەی ڕووە نادیارەكانیـان داوەو ویستوویانە چەند ووردەكاری یەكی مێژوویی‌و واقیعی لێ‌ دەربێنن.. لەم بارەیـەوە گـەلێك ووتـەو بیروڕایـان هێنـاوە كـە زۆربەشـیان لـە دەقـە ئیـسرائیلییەكانو بەسەرهاتەكانی (ئەهلی كیتاب/ واتە لە شوێنكەوتوانی كتێبەكانی وەك تـەوڕاتو ئینجیلـەوە) وەرگـیراونو چـەندین شـتی ناهـەموارو پووچـەڵو ئەفسانەو قـسەو قسەلۆكی بێ‌نێوەڕۆكیان لەخۆ گرتووە.

لە ئاسەوارو دەرەنجامی ئەمەش لق و پۆ هاویشتنی لێکۆڵینەوەکان بۆ درێژەو شیکاری چیرۆکەکەو، جیاوازیو ناتەبایی توند لە نێوان مێژوونووسانو ڕاڤەکاران (مفسرین) لەسەر ئەم مەسەلەیەو، دەمە تەقێو مشتومڕی زۆریان لەبارەیەوە.

هەندێك لە نووسەرانیش چەند کتێبکی سەربەخۆیان داناوە، بەتایبەتیش بۆ لێکدانەوەی شیکاری چیرۆکەکەو، دەسنیشانکردنی شوێنو کاتو ڕووداوو پاڵەوانەکانو داستانەکانیان. هەندێك لە کتێبەکانیان ئەمانەن:-

١- (ذو القرنين و سد الصين) -ذو القرنين- و بەربەستی چین-ی ((محمد راغب الطباغ)) مامۆستای (مێژوو)و (فەرموودە) لە کۆلێژی شەرعی (حەلەب) کە ساڵی (١٩٤٩. ز) چاپ کراوە.

٢- کتێبی (يسألونك عن ذي القرنين)ی (ابو الكلام ازاد. کە یەکەم وەزیری (مەعاریف)ی هیندستان بووە دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی. (شێخ احمد حسن الباقوری) پێشەکیەکی دوورو درێژی وشكو وەڕسکەری بۆ ئەم کتێبە نووسیوە، کتێبەکەش لە دەزگای (دارالشعب) لە —قاهیرە-ساڵی (١٩٧٢. ز) دەرچووە.

٣- کتێبی (مفاهيم جغرافية في القصص القرآني: قصة ذى القرنين)- (چەند چەمکێکی جوگرافیایی لە چیرۆکە قورئانیەکاندا: چیرۆکی (ذو القرنين)- نووسینی دکتۆر (عبدالعليم عبدالرحمن خضر) چاپی دەزگای (دار الشروق) ساڵی (١٩٨١. ز).

٤- (ذو القرنين: القائد الفاتح والحاكم الصالح)/ (ذو القرنين) سەرکردەی فەتحکردنی وڵاتانو، فەرمانڕەوای چاك) نووسینی (محمد خير رمضان) چاپی دەزگای (دار القلم) ساڵی (١٤٠٦ك /١٩٨٦. ز) ئەم کتێبەش تازەترینی ئەو کتێبانەیەو لە هەموویان زیاتر سەرچاوەو زانیاری تیادا کۆکراوەتەوەو لە هەمووشیان زیاتر ساغ کراوەتەوە. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەی (محمد خير يوسف)دا زیاتر دڵنیا دەبین لەوەی کە بەڕاستی چیرۆکی (ذو القرنين) مەتەڵێکی ئاڵۆزە.

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا نووسەر باسی ئەوەی کردووە، کەوا کاتێك بیری لە لێکدانەوەی چیرۆکی (ذو القرنين) کردۆتەوە، پرس و ڕای بەزانایەکی زیرەك و جێی بڕوا و متمانە کردووە و لێی پرسیوە:- ((مامۆستا ڕات چییە لەوەی کە من لێکۆڵینەوەیەك لەسەر (ذو القرنين) بنووسم؟ ئەویش پێی گوتووە (کاری وا مەکە)، نووسەریش سەری سووڕماوە و لێی پرسیوە: (بۆچی)؟ زاناکەش وەڵامی داوەتەوە و پێی گوتووە:- (چونکە تۆ بە ئەنجامێك ناگەیت)[1].

بەڵام نووسەر لەسەر لێکۆڵینەوەکەی بەردەوام بووە و، سەرچاوە و زانیاریی بۆ کۆکردۆتەوە و شیکارو موناقەشاتی خۆی تێدا نووسیوە و، کتێبێکی گەورەی لێ پێکهێناوە.. بەڵام نەیتوانیوە کەسێتی (شخصية)ی (ذو القرنين) دەستنیشان کات کە ئەمە ناواخن و کرۆکی لێکۆڵینەوەکەیە، ئیدی پێ دەچێت، کە بە ئەنجامێکی پەسندی وەها نەگەیشتبێت کە بتوانێت وەك لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و مەنهەجی و بابەتیانە بیگونجێنێت..

بەڕاستی و بێگومان چیرۆکی (ذو القرنين) مەتەڵە.

(ذو القرنين) لە فەرمووده ڕاستەکاندا..)

جا لەبەرئەوەی چیرۆکەکەی -ذو القرنين- وەك مەتەڵێکی ئاڵۆزو سەرسامکەر وایە، بۆیە پێویستە لەسەرمان لە سەرچاوە ڕاست و متمانە پێکراوەکانەوە لێی بکۆڵینەوە، کە هیچ گومان و دەسکارییەکیان تێدا بەدی ناکرێت، ئەوەی جێی بڕوا و متمانە پێکردن بێت، تەنها هەردوو سەرچاوە بنچینەییەکەی ئیسلامن، کە قورئان و سوننەتن.. سەبارەت بە قورئانی پیرۆزیش، تەنها سوورەتی (کهف) و لەم چەند ئایەتەی سوورەتەکەدا باسێکی لێکراوە، کە ئێمەش دەربارەیان دەدوێین، کە

---

١) کتێبی -ذو القرنين-ی ((محمد خير يوسف))، لاپەرە (٩).

شیکارو وردەکارییەکیان لەسەر نیەو، وەڵامەکانی ئەم پرسیارانەشی تێدا نیە، کە دەربارەی چەند لایەنێکی تری چیرۆکەکەن.. لە سەرچاوەی دووەمیش (واتە لە سوننەت)دا چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ نەگێڕراونەتەوە، کە دەربارەی چیرۆکی (ذو القرنین) بن، یان دەربارەی هەرسێ سەفەرەکەی، یان دەربارەی دیاریکردنی ناوەکەی، یاخود دیاریکردنی سەردەمەکەی..

جا لەبەر ئەوەی ئەم دوو سەرچاوە بنەڕەتییە بەدرێژی دەربارەی چیرۆکەکە نەدواون، ئیدی چۆن ئێمە شیکارو درێژەی ژیانەکەی دەزانین.. داخۆ کێ بێت ئەو کەسەی لە خۆیەوە بتوانێت شتێك لەسەر رووداوەکانی ڕابردووو لەسەر کەسانی پێشین بڵێت کە بوونەتە بەشێك لە غەیبو نادیاری ڕابردوو و، کە قسەکردنیش لە بارەیانەوە لە دەرووی قسەکردن لەسەر غەیبدا دادەنرێت؟ کێ هەیە بتوانێت دەربارەی ئەو نادیارانە بدوێت کە قورئانی پیرۆزو فەرموودە ڕاستەکان و، هاوەڵە بەڕێزەکانیش لێی بێدەنگ بوون؟! لەبەر ئەوە ئێمە لەڕوانگەی خۆمانەوە ئەوەمان لێ خوازراوە، کە تەنها لەگەڵ سرووشو ئاماژەکانی ئەو ئایەتانەی قورئاندا بمێنینەوەو، لە ئاست دەلالەتو واتای فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا ﷺ بووەستینو بێدەنگ بین لەو مەسەلانەی، کە لێیان بێدەنگ بوون.. هەرچەندە دەڵێین، فەرموودە ڕاستەکان هیچیان دەربارەی ئەم چیرۆکە تێدانیە، بەڵام (ئیمامی بوخاری) ئاماژەی بۆ ئەو ئایەتانە کردووە، کە لە بەندی (كتاب الانبياء)داو پێش لێدوانی لە چیرۆکی (ئیبراهیم)دا - سڵاوی خوای لێ بێت - باسی لێوە کردوون. بەندە (صحیح)ەکەشی، واتە بەندی (احاديث الانبياء)ی لە (جامع الصحیح)ەکەیدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕێك خستووەو، ڕیزکردووە:-

١- بەندی (وەدیهێنانی —ئادەم- و کوڕو نەوەکانی) (باب خلق آدم و ذريته).

٢- بەندی (گیانەکان چەند سەربازێکی تەرخان کراون) (باب الأرواح جنود مجنده).

٣- بەندی فەرمایشتەکەی خودا ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾.

٤- بەندی ﴿ وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴾.

٥- بەندی باسی (ئیدریس) سلاوی لیٚ بێت.

٦- بەندی فەرمایشتەکەی خودا ﴿ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ﴾.

٧- بەندی چیرۆکی (یەئجووج و مەئجووج).

٨- بەندی فەرمایشتەکەی خودا ﴿وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴾[1].

هەتا کۆتایی دوایین بەنـــدی کتێبەکە.

(ابن حـجر) و لێکـدانـەوەی شـێوە ڕیزکردنەکـەی ((بخاري))

ئیمام (ئیبنو حەجەر) لەو شێوە ڕیزکردنـەی (بوخـاری)دا وا تێگەیـشتووە کـە (بخاري) ڕای وایە (ذو القرنين) لە پێش (ئیبراهیم)دا بووە یاخود هاوزەمانی بـووە.. لـەم ڕووەوە (ابـن حجـر) لـە کتێبـی (فـتح البـاري)دا گوتوویـەتی:- (پۆلێنکـار (مصنف) واتە (بخاري) کە چیرۆك و کەسـەکانی ڕیزکـردووەو باسـی (ذو القـرنين)ی خستۆتە پێش (ئیبراهیم)ەوە، بەمە وتەی ئەو کەسانەی بە کەم و بیٚبایـەخ دانـاوە، کـە گوتوویانـە گوایـە ئەمـە (ئەسـکەندەری یۆنانیـە)، چـونکە ئەسـکەندەر لـە سەردەمێکی نزیك سەردەمی (عیسا) دا ـ سلاوی لیٚ بێت ـ ژیاوە.. دیارە مـاوەی نێوان سەردەمەکانی (ئیبراهیم)و (عیسا)ش پتر لە دوو هەزار ساڵە)[2].

---

١) بروانە کتێبی (صحيح البخاري) طبعة محمد علي صبيح، بەرگی (٢) لاپەرە (١٥٩-١٦٩).
٢) فتح الباري/٦: ص٨٢

ڕاستەکە (ئەسکەندەر) ئەم پیاوە (ذو القرنین) نییە، بەڵام بەڵگەیەکی ڕاستیش لە ئارادانیە لەسەرئەوەی کە (ذو القرنین) لە پێش (ئیبراهیم)دا بووە، یان هاوچەرخی بووە.

شێوە ڕیزکردنەکەی (بخاری)یش‌و دانانی (ذو القرنین) لە لیستی پێش ئیبراهیمدا ڕێکخستنێکی بڕاوەو هەرە ڕاست نیە، بەڵکو کارێکی کۆششکاری (اجتهادی)ی خۆیەتی‌و، بەپێی بیروڕای تەقەللا بۆ دراوی خۆیەتی، نەك بەو ڕەنگە بێت، کە فەرموودەیەکی ڕاست (صحیح)ی لەسەر هاتبێت.. هەر بۆیەش ئێمە ناچارین، کە پشتی پێ نەبەستین‌و نەیلێینەوە، چونکە لەدەرەوەی وتنەوەی مەسەلە نادیارو غەیبەکانی ڕابردووە، کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، لەبەرئەوە ئیجتهادەکەی (بوخاری) لەو شێوە ڕیزکردنەیدا ڕەت دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێزو حورمەتێکی زۆرمان بۆی هەیەو، دان بە فەزڵ‌و چاکەو زانستە نایابەکەشیدا دەنێین ـ خودا لێی ڕازی بێت ـ.

(ئیمام ئیبنو حەجەر)یش دوای ئەم ئیجتهادەی (بخاري) کەوتووەو بیروڕای وایە، گوایە (ذو القرنین) لەگەڵ (ئیبراهیم)دا بووە، وەك دەڵێت: (لە ڕاستیدا ئەو کەسەی، کە خودا لە قورئاندا بەسەر هاتەکەی گێڕاوەتەوە، ئەو لەپێش ئەو سەردەمەدا ژیاوە).. پاشان بۆ بەڕاستتر دانان‌و یەکلاکردنەوەی ئەم بیروڕایەش وتەی چەند کەسێکی کردۆتە بەڵگە، وەك ئەم وتانە:-

- وتەی (عبیدی کوڕی عمیری تابعی) کە گوتوویەتی: ((ذو القرنین)بە پیادە حەجی کردووەو، ئیبراهیمیش هەواڵی بیستووەو پێی گەیشتووە).
- وتەی (ابن عباس) کە گوتوویەتی ((ذو القرنین) چووەتە (مسجد الحرام)ەوە ئیبراهیمیش سڵاوی لێ‌کردووەو تەوقەشی لەگەڵدا کردووە).
- وتەی (عثمانی کوڕی ساج) کە گوتوویەتی: ((ذو القرنین) داوای لە (ئیبراهیم) کردووە کە نزای بۆ بکات، (ئیبراهیم)یش پێی گوتووە:- (چۆن نزات بۆ بکەم

له کاتێکدا ئێوه بیرەکەمتان تێك داوه؟) (ذو القرنين)یش له وەڵامدا پێی گوتووه: (ئەوه به فەرمانی خۆم نەبووه).

- وتەی (ابن هشام) که گوتوویەتی:- ((ئیبراهیم) له مەسەلەیەکدا(ذو القرنين)ی کردووه به دادوەر، ئەویش حوکمی دادوەرانەی خۆی بۆ داوه)[1].

جا کاتێك سەرنج له بەڵگەکانی ئیمام (ابن حجر) دەدەین وا نایەنه بەرچاومان که یەکێکیان پابەندی سوود لێ وەرگرتنیمان بکات، بەڵکو ئێمه ناچارین که هەموویان ڕەتکەینەوەو دانیان پێدا نەنێین، چونکه هیچ یەکێکیان نەبراوەتەوه بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا ﷺ، ئێمەش له چیرۆکی پێشینەکاندا تەنها پشت به فەرموودەی ڕاستو (صحيح) که براوەتەوه پاڵ خودی پێغەمبەر ﷺ دەبەستین.

((بەربەستەکەی (ذو القرنين) له فەرمووده ڕاستەکان دا))

(ذو القرنين) له کاتی فەتحی وڵاتانیدا بەربەستێکی له ناوچەی باکوور بنیات ناوه، وەك ئایەتەکانیش بەڕوونی ئاماژەیان بۆ کردووه، بەربەستەکەش به ناوی (بەربەستی (ذو القرنين))ەوه ناسێنراوه، چونکه ئەو خۆی بنیاتی ناوه، هەروەها به بەربەستی (یەئجووجو مەئجووج)یش ناو براوه، چونکه ڕێگری شاڵاوەکانیان بووه بۆ سەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، هەروەها به دیواره پتەوەکەی (یەئجووجو مەئجووج)یش ناو براوه.

هەر سەبارەت به بەربەستەکەی (ذو القرنين) چەندین بەسەرهاتی لەسەر هاتووه که زۆربەیان له دەقه ئیسرائیلییەکانو ئەفسانەکانەوه وەرگیراون.

---

١) (فتح الباري/٦: ٣٨٢).

لێرەشدا چەند فەرموودەیەکی ڕاست دەربارەی ئەو بەربەستە دێنینەوە..

١- له گرنگترینی ئەو فەرموودانەو بەناوبانگترینیشیان ئەوەیە که له پلەی (متفق علیه) دایه (واته: بخاری‌و مسلم) له (زهری)یەوەو ئەویش له (عروەی کوڕی زبیر)و ئەویش (له زەینەبی کچی جحش)ەوه (خودا لێی ڕازی بێت) گێراویانەتەوه کەوا پێغەمبەر ﷺ به ڕوخسارێکی ترساوەوە چۆتە لای (زەینەب)ی هاوسەری‌و، فەرموویەتی:- ((**لا اله الا الله ویل للعرب من شرّ قد اقترب، فتح الیوم من ردم یأجوج و مأجوج مثل هذه، و حلق بأصبعه الابهام و التي تلیها، فقالت زینب بنت جحش: یارسول الله انهلك و فینا الصالحون؟ قال: نعم، إذا كثر الخبث**))[1]...واته:- (پێغەمبەر) ڕۆژێکیان له خەمباریەکی زۆردا فەرمووی(لا اله الا الله) وەیل‌و تیاچوون بۆ عەرەب له دەست شەڕو خراپەیەك که نزیك بۆتەوه.. ئەمڕۆ بەقەد ئەمەنده (لەو کاتەدا ئاماژەی بۆ پەنجه گەورەو پەنجەی تەنیشتی (دۆشاومژە) کرد که (پێکەوه وەك کەوانەیەك پیشانی دان‌و) فەرمووی هێندەی ئەمه له دیواره پتەوەکەی (یەئجووج‌و مەئجووج) کراوەتەوه) (زەینەبی کچی جەحش)یش لێی پرسی: (ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئێمەی موسڵمانان لەو ڕۆژەدا هەموومان تێکڕا لەنێودەچین هەر چەنده پیاوچاکانیشمان تێدا بێت؟) فەرمووی: (بەڵێ هەموان تیادەچن کاتێك خراپەو پیسی‌و چەپەڵی له کردارەکاندا زۆر بوو بێت).

٢- هەر لەمبارەیەوە (بخاری‌و مسلم) له (ابو هریرة)وە ـ خودای لێی ڕازی بێت ـو ئەویش له پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوێتیەوه که فەرموویەتی:-

---

١) (بخاري –٦٠- كتاب الانبياء (٧) باب یأجوج و مأجوج –حدیث رقم (٣٣٤٦)، هەروەها بڕوانه (مسلم (٥٢) كتاب الفتن وأشراط الساعة (١٩ باب الفتن وفتح ردم یأجوج ومأجوج –حدیث رقم (٢٨٨٠).

((فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذه، وعقد بيده تسعين))[1]، واتە:- (ئەمڕۆ هێندەی ئەمە لە دیواری (یەئجووج و مەئجووج) کراوەتەوە ئینجا پێغەمبەر ﷺ لەوکاتەدا ژمارە (٩٠) یان (نۆ)ی بەدەستی گرێدا کە بەهێندەی ئەو هێمایە لە دیوارەکە کون بووە.

٣- هەروەها (بخاري) لە پێشەکی بەندی (چیرۆکی یەئجووج و مەئجووج) لە بەشی (کتاب الانبياء)دا بە پلەی ڕاگیراو (تعليق) فەرموودەیەکی هێناوە کەوا پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ گوتووە (رأيت السد مثل البرد المحبر/من بەربەستەکەم لە خەونمدا وەك کەوایەکی خەت خەت بینیوە (واتە بەدرزو کەلەبەرەوە بینیومە) پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرمووە **((قد رأيته**[2]، واتە هەروایەو بەڕاست بینیوتە)..

((لە واتا و ئامـاژەکانی ئەم فەرمـوودانە))

١- لە فەرموودەی یەکەمدا کە (زەینەبی کچی جەحش) گێڕاویتیەوە دەلالەتێکی جوانو نایابی لە دەلالەتو واتاو بەڵگەکانی پشت پێبەستن (إسناد) تێدایە، وەك زانا (نووی) لە لێکدانەوە (شرح)یدا لەسەر فەرموودەکانی لای (مسلم)دا گوتوویەتی:- (لەم پلەی (اسناد)ەی فەرموودەکەدا چوار ئافرەتی هاوەڵ (اربع صحابيات) بەشدارن، دوانیان لە هاوسەرانی پێغەمبەرنو دوانیشیان لە دوو هاوسەری (واتە زڕکچی بوونو هەندێکی لە نەوەی یەکتریش بوون، هیچ فەرموودەیەکی تریش ئاوا نەزانراوە کە چوار ئافرەتی هاوەڵو لە نەوەی یەکتر بنو پێکەوە لە گێڕانەوەیدا کۆببنەوەو بەشدار بن[3]..

---

١) البخاري، حديث (٣٣٤٧) ومسلم حديث (٢٨٨١).

٢) البخاري، مقدمة باب (٧) قصة يأجوج ومأجوج.

٣) مسلم بشرح النووي (١٧:٢).

هەردوو هاوسەرەکەی پێغەمبەری خوداش ﷺ:- (زینبی کچی جحش)و (أم حبیبەی کچی ابوسفیان) بوون، هەردوو زڕ کچەکەشی (واته کچانی هەردوو هاوسەرەکەش) (حبیبەی کچی أم حبیبة)و (زینبی کچی أم سلمة) بوون.. دوو کەسیش له شوێنکەوتوان (تابعین) گێراویانەتەوە کە (عروەی کوڕی زبیر)و (محمدی کوڕی شهاب الزهري) بوون.

٢- ترسی پێغەمبەری خودا ﷺ له (شەڕو خراپه هاتووەکە)، کە به ڕوخسارێکی ترساوەوە چۆتە لای (زەینەب)، له ڕیوایەتەکەی (بخاري)و (مسلم)دا واهاتووە کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی لەخەو هەستاندا بەترسەوە بێدار بۆتەوە.. له ڕیوایەتێکی سێ‌هەمیشدا کە هەر (بخاريو مسلم) گێراویانەتەوە واهاتووە، کە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێکیان بەترسەوە لە ماڵی دەرچووەو ڕوخساریشی سوور هەڵگەڕاوە.

دەشێت لە کۆی هەر سێ گێڕانەوە (ڕیوایەتەکان) بگەینە ئەو دەرەنجامەی کەوا:-

١- بێگومان پێغەمبەری خودا ﷺ لەلای هاوسەرەکەی خۆی (زەینەبی کچی جەحش) - خودا لێی ڕازی بێت - نووستووەو لەکاتی نووستنەکەدا خەونێکی بینیوە کە ترساندوویەتی (دیارە خەونی پێغەمبەرانیش ڕاستو واقیعییە) بۆیە بەترسەوە لە خەونەکەی بێدار بۆتەوەو لەو ژوورەی تێیدا نووستووە، چۆتە دەرەوەو دەموچاویشی سوور هەڵگەڕاوەو چۆتە لای (زەینەبی) خێزانیو ئاسەواری ترسو بیم بە ڕوخساریەوە دیاربووەو، ئەو قسەو باسەی پێ‌گەیاندووە کە لە فەرموودەکەدا هاتبوو.

٢- هۆکاری ترسانەکەشی ئەوەیە کە لە خەونەکەیدا دیویەتی (یان خودا لە خەونەکەدا پیشانی داوە) کە بەربەستەکەی بەردەم (یەئجووجو مەئجووج) کەلەبەرێکی تێ‌کەوتووە، دیتنی ئەم بەربەستەش لە خەونی نووستندا بووە نەك لە دیتنی کاتی بێداریدا.

٣- خه‌ونه‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ كه‌ دیویه‌تی كه‌له‌به‌ر كراوه‌ته‌ به‌ربه‌سته‌كه‌، به‌ڵگه‌یه‌كه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج) ده‌ستیان به‌ ڕووخاندنی به‌ربه‌سته‌كه‌ كردووه‌و له‌ سه‌ره‌تاوه‌ش كاره‌كه‌یان سه‌ری گرتووه‌، ئه‌مه‌ش سرووشی ئه‌و واتایه‌ ده‌گه‌یه‌نێت كه‌ ڕووخاندن‌و كردنه‌وه‌ی به‌ربه‌سته‌كه‌و پیایدا تێپه‌ڕبوونی، له‌ پێش هاتنی قیامه‌تدا ده‌بێت، ئیدی مه‌رج نییه‌ به‌ربه‌سته‌كه‌ به‌ڕێكی وه‌ك خۆی تا كاتی ده‌رچوونی (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج) له‌ پێش هاتنی قیامه‌تدا، بمێنێت.

٤- له‌ فه‌رمووده‌كاندا مانای دیارو ده‌ركه‌وتوو له‌ (كرانه‌وه‌ی دیواره‌ پته‌وه‌كه‌ی (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج) كرانه‌وه‌ی ئه‌و به‌ربه‌سته‌یه‌ كه‌ له‌وێدا دروست كراوه‌، مه‌به‌ست له‌و شه‌ڕو خراپه‌یه‌ی كه‌ نزیكیش بۆته‌وه‌، ده‌رچوونی هۆزی (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج)ه‌ كه‌ له‌وێوه‌ ده‌رده‌چن‌و شالاو دێننه‌ سه‌ر وڵاتانی موسڵمانان.

هه‌ندێك له‌ زانایان وای بۆ ده‌چن گوایه‌ مه‌به‌ست له‌م فه‌رمووده‌یه‌ ڕوودانی فیتنه‌و ئاژاوه‌یه‌و، كرانه‌وه‌ی به‌ربه‌سته‌كه‌ش له‌م فه‌رمووده‌یه‌دا گوزارشتێكه‌ له‌ كرانه‌وه‌ی ده‌رگای فیتنه‌و پشێوی له‌سه‌ر موسڵمانان.. بۆ نموونه‌ (ابن حجر) له‌م باره‌یه‌وه‌ گووتوویه‌تی:- (پێغه‌مبه‌ر بۆیه‌ (عه‌ره‌ب)ی به‌تایبه‌تی وریا كردۆته‌وه‌، چونكه‌ له‌و سه‌رده‌مه‌دا گه‌لی عه‌ره‌ب زۆربه‌یان موسڵمان ببون، مه‌به‌ست له‌ شه‌ڕو خراپه‌كه‌ش ئه‌و ئاژاوه‌یه‌ بوو، كه‌ له‌دوای خۆی به‌هۆی كوژرانی (عثمان)ه‌وه‌ ڕوویداو تا له‌ ئاكام عه‌ره‌ب له‌ نێو نه‌ته‌وه‌كاندا وه‌ك ته‌شتێكی گه‌وره‌و پڕ له‌ خۆراكی به‌رده‌می بخۆانی لێهات)[1].

٥- مانایه‌كی ئاماژه‌ بۆكراوی تری فه‌رمووده‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ سزای خودا له‌ دنیادا سزایه‌كی گشتییه‌و هه‌موو كۆمه‌ڵ ده‌گرێته‌وه‌، سوننه‌ت‌و ڕێبازی خوداش وایه‌

١) (فتح الباري: ١٣/١٠٧).

کە لەکاتی بڵاوبوونەوەی بەدکاریو سەرپێچیو خراپەدا هەموو نەتەوەی پێ لەناوبەرێت تەنانەت گەر کەسانی چاكو خواپەرستیشیان تێدا مابێت: (انهلكو فینا الصالحون)، واتە وەك (زەینەب) لە پێغەمبەری پرسیوە: (ئایا ئێمە بەسزای خودا لەناو دەچین تەنانەت گەر پیاوچاکانیشمان تێدا مابێت)؟

لە وەڵامدا فەرموویەتی: (بەڵێ ئەگەر گەندەڵیو بەدڕەفتاری زۆر ببێت/ **نعم اذا کثر الخبث**).

(هەواڵی دەرچوونی (یەئجووج) و (مەئجووج) لە فەرموودە ڕاستەکان دا)

فەرموودە ڕاستەکان بە هیچ زانیاریەکی ئەوتۆ ئاماژەیان بۆ ڕەچەڵەكو بنجو بناوانی (یەئجووجو مەئجووج)و مێژوویانو جێگەو وڵاتو ڕەنگو ڕوخساریانو تایبەتمەندیو وردەکاریەکانی تری ژیانیان، نەکردووە هەروەها دانی بە دەرچوونیان (لەپێش دەرچوونی دوایی) دانەناوەو نکوڵیشی لێ نەکردوون، بەڵکو لە ئاست هەموو ئەمانەدا بێ دەنگن. بەڵام ئەم فەرموودە ڕاستانە (الاحادیث الصحیحة) ئاماژە بۆ دوایین دەرچوونیان لە ماوەیەکی کەمی پێشهاتنی قیامەتدا دەکەن..

ئەم دەرچوونەش بە یەکێك لە نیشانە گەورەکانی هاتنی قیامەت دادەنێن.

دەرچوونەکەشیان لە دوای هاتنە خوارەوەی (عیسا)یە ـ سڵاوی خوای لێ بێت ـ کە لە ئاسمان دێتە خوارەوەو کابرای جادووگەر لە مەوقیعی (باب اللە)دا دەکوژێت.

لێرەشدا ئەو فەرموودە جوانو نایابو درێژەی پێغەمبەر ﷺ دێنینەوە کە دەربارەی جادووگەرەکە (الدجال)و دەربارەی (عیسای کوڕی مەریەم)و، دەربارەی (یەئجووجو مەئجووج) دەدوێت.. (مسلم) لە (صحیح)ەکەیدا لە (نواسی کوڕی سمعان)ەوە ـ خودا لێی رازی بێت ـ گێڕاویەتییەوە، کە گوتوویەتی:-

ذكر رسول الله ﷺ الدجال ذات غداة فخفض فيه ورفع حتى ظنناه في طائفة النخل، فلما رحنا اليه عرف ذلك فينا فقال: ما شأنكم؟ قلنا يارسول الله ذكرت الدجال ذات غداة.

واتە:- پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێکیان لەکاتی چێشتەنگاودا باسی کابرای جادووگەرەکەی بۆ کردین، کە لە ئاخر زەماندا پەیدا دەبێت، بە شێوەکیش باسی دەکرد، کە دەنگی تێدا نزمو بەرز دەکردەوەو چرپەچرپیشی تێ‌دەخست، بۆیە وا گومانمان برد، کە لە نێوان ڕیزی دارخورماکاندا خۆی حەشار دابێت، جا کاتێك بەم شێوەیە گوێمان لێ‌گرتبوو چووینە قووڵایی فەرموودەکانیەوە، هەستی پێ‌کردین، کە هێندە ئاڵوودەی باسەکەی بووین.. بۆیە لێمانی پرسی:

(ئەوە چیتانە؟) گوتمان (ئەی پێغەمبەری خوا لەکاتی چێشتەنگاودا باسی جادووگەرمان بە شێوەیەك بۆ دەکەیتو دەنگی خۆتی تێدا بەرزو نزم دەکەیتەوە، تا وای لێ‌هات وامان دەزانی، کە هەر ئێستا کابرای جادووگەر پەیدا بووەو، لە نێو دار خورماکان دایە).. ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:- (من لە غەیری جادووگەرەکە مەترسی تر لەسەر ئێوە شك دەبەم. خۆ ئەگەر کابرای جادووگەر لە سەردەمێکدا پەیدا بێت، کە من لە نێوتاندا مابم ئەوا من بەبێ ئێوەش بەرەنگاری دەبمەوەو دوژمنایەتی دەکەم. خۆ ئەگەر لە سەردەمێکدا پەیدا ببێتو من لە ناوتاندا نەمابم، ئەوا هەر کەسەو بە تواناو بەرگری خۆی بەرەنگاری دەبێتەوە، خوداش جێنشینی پشت پێ‌بەستراوی منە لە هەر حاڵەتێکدا بۆ ئێوە، کە پارێزگاریتان لێ دەکات، ئەگەر ئێوە لەسەر باوەڕو عەقیدەکەتان مابنەوە.

کابرای جادووگەرەکەش لە هەرەتی لاوێتیو گەنجی دایەو، چاوی بە قووڵدا چووەو لەبەر چاوی من لە (عبدالعزی ی کوڕی رقطن) دەچێت، (واتە لەو پیاوەی کە هەموو هاوەڵان دەیانناسین)، جا هەر کەسێك لە ئێوە لەو زەمانەدا پێی گەیشت، با سەرەتاکانی سوورەتی (کهف)ی لە بەرامبەردا بخوێنێت. هەروەها ئەم

پیاوه جادووگەره له کۆمەڵه هاوڕێیەکی جیابۆتەوه که له ناوچەی شام‌و عێراقدا دەژیان، ئیدی به ڕاست‌و چەپدا خراپەو تاوان‌و فەسادی بڵاودەکاتەوه.. دەئەی بەندەکانی خودا ئێوەش لەو ڕۆژەدا جێگیرو دامەزراو بن لەسەر ئیمان‌و باوەڕەکەتان).. ئێمەش گوتمان (ئەی پێغەمبەری خودا ئایا جادووگەرەکە چەنده لەسەر زەوی دەمێنێتەوه)؟ فەرمووی (چل ڕۆژ دەمێنێتەوه، بەڵام ڕۆژێك لەو چل ڕۆژه له ماوەی ساڵێك دایەو، ڕۆژێکی تریشیان له ماوەی مانگێك دایەو، ڕۆژێکی سێ هەمیش له ماوەی هەفتەیەك دایەو، ئیدی پاشماوەی ڕۆژەکانی تری کە (٣٧) ڕۆژه وەك ماوەی ڕۆژەکانی ئێوه وایە، واته (هەر چل ڕۆژەکەی جادووگەرەکە له ماوەی ساڵێك‌و مانگێك‌و حەفتەیەك‌و سی‌و حەوت ڕۆژی ئێوەدا وایە).. ئێمەش گوتمان (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا ئەو ڕۆژەی که له ماوەی ساڵێکی ئێمەدایە بەقەد ماوەی ڕۆژێکی خۆمان نوێژی تێدا بکەین؟) فەرمووی (نەخێر، بەڵکو بەقەد ماوەکەی ئەو زەمانە هەقی خۆی پێ بدەن‌و نوێژەکان لە کاتە ڕاستەقینەکانی خۆیان دا بکەن).. پاشان گوتمان (ئەی پێغەمبەری خودا خێرایی ڕۆیشتن‌و گەرانی جادووگەرەکە بەنێو خەڵکیدا چۆنە؟) لەوەڵامدا فەرمووی: (خێراییکەی ڕۆشتنی وەك ئەو بارانەیە کە (با)ی بەدوا دادێت‌و بە باوه دەبارێت.. ئینجا بەناو خەڵکەکەدا دەگەڕێت‌و بانگەوازیان بۆ ڕێی خۆی دەکات.. خەڵکەکەش باوەڕی پێ دێنن‌و بەدەم بانگەوازەکەیەوه دەچن، هەروەها کابرایی جادووگەر فەرمان بە ئاسمان دەکات‌و ئاسمانیش (بێگومان بەخواستی خودا) باران دەبارێنێت‌و، ئیدی ئاژەڵەکانیان هێنده تێراوو تێر لەوەڕ دەخۆن کە شیرێکی هێجگار زۆریان دەبێت‌و، گوانەکانیشیان پڕپڕ دەبێت‌و تەنیشت‌و ئەملاولاکانی جەستەیان قەڵەو دەبێت.. پاشان کابرایی جادووگەر دێتە لای کۆمەڵێکی تر کە ئیماندارن‌و بەرپەرچی وتەکانی دەدەنەوه.. ئەویش لێیان زویر دەبێت‌و وەك کۆمەڵەکەی تر لە پێناویاندا فەرمان بە ئاسمان ناکات کە بارانیان بۆ ببارێنێت‌و بەو شێوەیەش مەڕو ماڵاتیان تێراوو قەڵەوو شیردەربن.. بۆیە ئەمە کۆمەڵە هەژارو نەدار دەبن‌و هیچ شتێکی

وایان لە ماڵو سامان بەدەستەوە نامێنێت.. پاشان کابرای جادووگەر بەلای کەلاوەیەکدا تێپەڕ دەبێتو پێی دەڵێت:-

گەنجینە حەشاردراوەکانتم بۆ دەرکە..گەنجینەکانیش هێندە زۆرن کە وەك شانەکانی هەنگ دێنە دەرەوە. لەدواییدا کابرایی جادووگەر پیاوێکی گەنجی ڕێكو پێك دێنێتو شمشێرێکی لێ دەداتو دەیکات بە دوو کەرتەوەو، وەك ئەوە وایە کە نیشانێکی بەوردی پێ کابێت.. پاشان بانگی دەکاتو زیندوو دەبێتەوەو ڕووی تێ دەکاتو بە ڕووی گەشیو شادییەوە ڕووی تێدەکاتو پێدەکەنێت.. جا کاتێك جادووگەرەکە ئاواو لەم حاڵەتەدایە، خودای مەزن (عیسای کوڕی مەریەم) دەنێرێتە خوارەوە، (عیسا)ش لە خۆرهەڵاتی شاری (دیمەشق) لەلای منارە سپییەکە (المنارة البیضاء)ەوەو لە نێوان هەردوو ساختمانەکەوە دادەبەزێتە خوارەوەو هەردوو قۆڵیشی خستۆتە سەر باڵەکانی دوو مەلائیکەتو کاتێك سەری دەلەقێنێت ئاوی لێ دەتکێت (کە دیارە دەسنوێژی گرتووە) کاتێك سەریشی بەرزدەکاتەوە وەك بەردە درەوشاوو مرواریی‌ەکان وایە ئیدی لەوکاتەدا بۆ هیچ کافرێك ڕەوانیە کە هەناسەی تیامابێتو نەمرێت، بەڵکو دەبێت بمرنو چاو لێکنێن..

ئنجا (عیسا) بەدوای جادووگەرەکەدا دەگەڕێتو لەلای مەوقیعی (باب اللە) دەیبینێتو دەیکوژێت، پاشان (عیسا)ی کوڕی (مەریەم) دەگاتە لای کۆمەڵێك کە ئیماندارنو خودا لە جادووگەرەکەی پاراستوونو، دەست بە دەموچاویان دادێنێتو هەواڵی پلەو پایەکانی نێو بەهەشتیان پێ ڕادەگەیەنێت.

جاکاتێك لەو حاڵەتەدان خودا سرووشی دەنگو باسێکی تر بە (عیسا) دەگەیەنێت کەوا:

(ئەی (عیسا) وا من چەند بەندەیەکی سەرکەشم هێناوەتە ئاراوەو هیچ کەسێك توانای جەنگو کوشتاریانی نیە، جا تۆش بەندە بڕوادارەکانم بۆ کێوی (طور) ببەو

لەدەست ئەو بەندە دڕندانە ڕزگاریان بکە).. ئیدی خـودا (یـەئجووج‌و مـەئجووج) دەنێرێت‌و ئەوانیش لە هەموو گۆشەو کەنارێکەوە دێن‌و ڕیـزە سـەرەتاییـیـەکانیان بەسەر دەریاچەی (طبرية)دا دەڕۆن‌و هەرچی ئاوی دەریاچەکەیە هەمووی دەخۆنەوەو چۆڕ بڕی دەکەن، پاشان ڕیزەکانی تریـان پیایـدا تێدەپـەڕن‌و دەڵـێن: (لەمـەوپێش لێرەدا ئاو هەبووە)، ئینجا (عیسا)و هاوەڵە ئیماندارەکانی لە تەنگانەیەکدا دەبـن کە هیچ خـۆراك‌و کەرەسـەیەکی ژیانیـان پـێ نیـە، بۆیـە تـەنها سـەرەگایەك بـۆ کەسێکیان لە سەد هەزار دینـاری ئـەمڕۆی کەسـێکی ئێـوە باشـترە لـە لایـان.. لەوکاتەدا پێغەمبەری خودا (عیـسا)و هاوەڵەکانیـشی لـە خـودا دەپاڕێنـەوە کـە دەرووبەکی ڕەحمەتیان لێ بکاتەوەو بەسەر ئـەو دوژمنـە زۆرو دڕندانـەدا سـەریان خات. نزاکەیان گیرادەکات‌و چەندەها تیر دەگەیەنێتـە سـەرکێش‌و دڕندانـە (واتـە یەئجوج‌و مەئجووج) تاوایان لێ دێت هەموویان دەمرن‌و بەیەك جار وەك مردنیەك تاکە کەس دەمرن.

پاشان پێغەمبەری خودا واتە: (عیسا)و هاوەڵەکانی لە چیای (طور) دادەبەزنـە خوارەوەو دێنەوە سەر زەوی جاران. بەڵام دەبینن ئەوا سەر زەویـش یەکپارچـە پـڕ بووە لە لاشەی ئەوان‌و لە هەر تاکە بستێکی سەر زەوییەکەشەوە بـۆ گـەن‌و بـۆنی جەستە مردارەوەبووەکانیان دێت‌و ئەو هەموو بۆگەنە بڵاوبۆتەوە، بۆیە پێغەمبەری خودا (عیسا)و هاوەڵەکانی داوا لە خودا دەکەن‌و لێی دەپاڕێنەوە کە ئەو حاڵەتە نا سازەیان بۆ بگۆڕێت.. خوداش داواکەیان پەسند دەکات‌و بۆ ئـەم مەبەسـتە جـۆرە باڵندەیەکی درێژ دەنێرێت کە لە (ملی پێشەوەی کەشتی دەچن)و ئەم باڵندانە یەکە یەکـە هـەموو لاشـە مردارەبووەکـانی (یـەئجووج‌و مـەئجووج) هەڵـدەگرن‌و لـە شوێنێکدا بەخواستی خودا فڕێیان دەدەن کە چیدی خەڵکی وەڕس نەکات.

پاشان دوای ئەمە خودای پەروەردگار بارانێکی وەهایان بۆ دەبارێنێت، کە هەموو شارو گوندو خێوەتگایەك دەگرێتەوەو زەوی دەشواتەوەو پاكو تەمیزو نزیکی دەکاتەوە.

ئینجا فەرمان بە زەوی دەکرێت، کە: (بەروبوومت دەرکەو خێرو بەرەکەتەکانت بگەڕێنەرەوە) تاوای لێ دێت بەروبوومو بەرەکەتەکانی هێندە دەبێت، کە کۆمەڵە کەسێك هەموویان لەیەك هەنار دەخۆنو ئەو تاکە هەنارە بەشیان دەکات، هەروەها لە ژێر سێبەری هەنارەکاندا دەحەسێنەوە.. پاشان خێرو بەرەکەت دەکەوێتەوە نێو باو بارانەوەو وای لێدێت، کە تەنها بەچکە حوشترێك بەهۆی باو بارانو ئاوو هەواوە بەشی چەند تیرەیەك لە خەڵکی بکاتو، گوێرەکەی مانگایەکیش بەشی تیرەیەك لە خەڵکیو، بەرخی مەڕێکیش بەشی هۆزێك لە خەڵکی بکات.

جا لە کاتێکدا ئەو ئیماندارانە لەو بارودۆخە خۆشەدان، خودا بایەکی خۆش دەنێرێتو ژێر باڵی هەموویان دەگرێتەوەو گیانی گشت باوەڕدارو موسڵمانێك دەکێشێت. ئیدی تەنها خەڵکی خراپو بەدکار لەسەر زەوی دەمێننەوە کە سەرگەرمی هەراوهوریاو بەزمو ڕەزمی نێو خۆیان دەبنو، لەم حاڵەتەشدا قیامەت بەدی دێت)[1].

هەروەها (مسلم) لە شێوە گێڕانەوەیەکی تردا، بڕگەیەکی تری بۆ ئەم فەرموودەیە بەم جۆرەی لای خوارەوە، زیاد کردووە:-

((ثم يسيرون (يعني يأجوج ومأجوج) حتى ينتهوا الى جبل (الخمر) وهو جبل بيت المقدس، فيقولون لقد قتلنا من في الأرض، هلم فلنقتل من في السماء، فيرمون بنشابهم الى السماء، فيرد الله عليهم نشابهم مخضوبة دما)).. واتە:-

---

١) (مسلم) ئەم فەرموودەیە لە ژمارە (٥٢)ی بەشی (كتاب الفتن واشراط الساعة) (٢٠) (باب ذكر الدجال) —حديث-٢١٣٧-، گێڕاوەتەوە.

(پاشان ئەوان واتە (یەئجووجو مەئجووج) هەر دەڕۆن تا دەگەنە چیای (خەمور) لە (بيت المقدس)و دەڵێن: (ئەوا هەموو خەڵکی سەر زەویمان کوشت، دەبا بچین ئەوانە بکوژین کە لە ئاسمان دان.. بۆیە تیرەکانیان دەگرنە ئاسمانو، ئەو کاتە خوداش تیرەکانیان بۆ خوێناوی دەکاتو بۆیان هەڵدەداتەوە تاکو دڵیان بەوە خۆش بێت گوایە خەڵکی ئاسمانیشیان کوشتووە)..

بێگومان گەلی (یەئجووجو مەئجووج) زۆرترین ژمارەی نەتەوەکانی تر پێک دەهێننو، هەر ئەوانیش زۆرترین کافرانی دۆزەخنو بەو ژمارە هەرە زۆرەی خۆیان ژمارەی کافرانی نێو دۆزەخ لە قیامەتدا زۆر دەکەن. لەم بارەیەوە (بخاري) لە (ابو سعیدی خدری)یەوە ـ خودای لێی ڕازی بێت ـو ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوێتیەوە کە فەرموویەتی:-

((يقول الله تعالى: يا أدم، فيقول: لبيك و سعديك و الخير في يديك، فيقول: أخرج بعث النار، قال وما بعث النار؟ قال: من كل الف، تسعمائة وتسعة وتسعون، فعندئذٍ يشيب الصغير، وتضع كل ذات حمل حملها، وترى الناس سكارى وماهم بسكارى، ولكن عذاب الله شديد، قالوا يارسوا الله وأينا ذلك الواحد. قال: أبشروا فإن منكم رجلاً، ومن يأجوج ومأجوج ألف. ثم قال، والذي نفسي بيده إني أرجو ان تكونوا ربع أهل الجنّة. فكبرنا. فقال: أرجوا ان تكونوا ثلث اهل الجنّة. فكبرنا. فقال: أرجوا أن تكونوا نصف اهل الجنّة. فكبرنا. فقال: ما أنتم في الناس إلا كالشعرة السوداء في جلد ثور أبيض أو كشعرة بيضاء في جلد ثور أسود))[1]...

واتە:- (خودا بە ئادەم دەفەرموێت (ئەی ئادەم) ئەویش دەڵێت: (بەڵێ خودایە گوێڕایەڵو ئامادەی هەموو فەرمانێکتمو هەموو خێرو چاکەیەک هەر لەدەست خۆت دایە).. خودا پێی دەفەرموێت:-

١) البخاري (٦٠) كتاب الانبياء (٧) باب (يأجوج و مأجوج)، حديث رقم (٣٣٤٨).

(ئەی ئادەم کەسانی ئەهلی دۆزەخ بێنە دەرەوە) ئادەم دەڵێت: (ئەهلی دۆزەخ کێن)؟

خودا لە وەڵامدا دەفەرموێت: (لە هەر هەزار کەس، نۆ سەدو نەوەدو نۆ کەس لە دۆزەخ دان).. ئیدی لەو ڕۆژەدا منداڵ پیر دەبێتو هەموو کەسێكو گیانەوەرێکی دووگیانیش ئەوەی لە سکی دایە دای دەنێت.. هەروەها دەبینێت خەڵکی هەموویان سەرخۆشن، لە کاتێکدا سەرخۆشی ڕاستەقینەی مەیو شەڕابیش نین، بەڵام بێگومان سزای خودا زۆر توندوتیژە). گوتیان: (ئەی پێغەمبەری خودا ئەو تەنیاکەسەی، کە لە هەر هەزار کەسێك دەمێنێتەوەو لە دۆزەخدا نیە کامانەو لە چ نەتەوەیەکە؟) پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی:-

(مژدەتان لێ بێت تەنها کەسێك لە ئێوەو هەزار کەس لە (یەئجووجو مەئجووج) لە دۆزەخ دان. (پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (دەسا بەو خودایەی، کە گیانی منی بەدەستە من تکاکارم، کە ئێوەی موسڵمان چارەکێکی خەڵکی بەهەشت بن). ئێمەش تەکبیر (الله اکبر)مان ووتو خودامان بە گەورە گرت. پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (هیوادارم ئێوە سێیەکی خەڵکی نێو بەهەشت پێکبێنن). ئێمەش بەدوایدا (الله اکبر)مان ووتەوەو، خودامان بە گەورە گرت.. لە دواییدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:-

(ئێوە ژمارەتان لە دۆزەخدا هێندە کەمە، کە لە نێو خەڵکی دۆزەخییەکاندا، وەك تاڵە موویەکی ڕەشی نێو پێستی گایەکی سپین، یاخود وەك تاڵە موویەکی سپیی نێو پێستی گایەکی ڕەشن).

(ذو القرنين) کێ یە؟

زانایـانی تەفـسیرو مێژوونووسـان بـە درێـژی لـە کەسـێتی (شخـصیە)ی (ذوالقرنین)یـان کۆڵێوەتەوەو هەوڵیان داوە دەسنیشانی بکەنو ئەو کاتو شـوێنەش دیاری بکەن کە تیایدا ژیاوەو، ئەو کارانەشی ڕوونکەنەوە کە بـە ئـەنجامی داون.. زانایان لەم ڕووەوە ناتەبایی یەکی زۆرو دیاریان لە بـیروڕادا لـە نێـوان دا هەیـەو، وتەو بیروڕاکانیـان لێـك جـوداو دژ بەیـەك بـوون و، بەڵگەکانیـشیان پێـچەوانەی یەکدییە.. لەو کارەشیاندا زۆرجار پشتیان بەدەقە ئیسرائیلییەکانو درۆو دەلەسەو ئەفـسانەکانیانو ڕیوایەتـە بـڕوا پێ‌نـەکراوەکانو بەسـەرهاتە نەسـەلمێنراوەکان، بەستووە. خاوەنانی بەسەرهاتو ئەفـسانەچییەکان جڵـەویان بـۆ خـەیاڵیان بـەرەڵا کردووە کە لە فەزای خـەوو خەیاڵـدا بگـەڕێتو وێنەیـەکی ئەفـسانەیی خـەیاڵیی سەیرو سەمەرەیان بۆ (ذوالقرنین) کێـشاوەو، چـەندەها کاروبـارو جـەنگو فـەتحی وڵاتانو داستانی تریان بەخەیاڵ بۆ داناوە.

ئایـا کەسـێتییـەکەی بەوردی دیـاری دەکرێت؟!

گەر ئەم پرسیارە بخەینە ڕوو کە: ئایـا دەشـێت بـەوردی کەسـێتی (ذوالقـرنین) دیاری بکرێت؟ ئەوا بێگومان وەڵامەکەشی بە (نەخێر) دەبێت.. چونکە بۆ کەسێك کە ڕێز لە زانستو بیروڕایی خـۆی بگرێـت، ناشـێت کـەوا کەسـێتی (شخـصیة)ی (ذوالقرنین) دیاری بکات، یان ئەو سێ گەشـتەی کـە لـە قورئانـدا ئاماژەیـان بـۆ کراوەی، دیاری بکات، یاخود شوێنی ئەو بەربەستەی کە لـە زەوی بنیـاتی نـاوە.. بۆیە ئەمەش ناشێت، چونکە سەرچاوە هەرە ڕاستو دروستە متمانـە پێکراوەکـان (واتە قورئانو سوننەت) لەم وردە کارییانە بێ‌دەنگ بـوونو بەدرێـژی باسـی ئـەم لایەنانەیان نەکردووە. جا لەبەر ئەوەی لێی بێ‌دەنگ بوون، ئەوا هـیچ بەڵگەیـەکی هەرە ڕاستو متمانە پێکراویشیان لەسەر نیە.

لەبەرئەوە وتەی زانایان لەم ڕووەوە، تەنها لە دەرووی بۆچوون دایە، نەك لە دەرووی وردبینیو لێ دڵنیا بوونەوە.. بۆ نموونە زانایەك هاتووەو هەندێك زانیاری لەوەو پێشی لەسەر (ذوالقرنين) خوێندۆتەوەو سەرنجی لەو بەڵگانە داوە، کە خاوەنەکانیان بەڕای خۆی خستوونیە ڕوو، ئینجا چاوی پێداخشاندوونو لێی کۆڵیونەتەوە، پاشان لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کەسانی تردا بەراوردی کردوونو، ئیدی لەوانەیە لەمەوە ئەنجامێکی دەرهێنابێتو، لەو ئەنجامەدا وتەیەك لە وتەکانی زانایانی تری بەڕاستتر دانابێتو، چەند بەڵگەیەکیشی لەنێو بەڵگەکاندا پەسند کردبێت..

بەڵام بۆچوونو بەڕاستتر دانانی بەڵگەو وتەکانی زانایانی، تەنها لە دەوری گومان بردنو ئەگەر دانانو یەکلاکارییەوەیە، نەك لەدەوری وردکردنەوەو جەخت لەسەرکردنو لێ دڵنیابوونو متمانە پێ کردنەوە بێت..

-ڕای (سيد قطب) لەم بارەیەوە-

کامڵترینو باشترین بیروڕا بۆ دەستنیشانکردنی کەسێتی (ذوالقرنين) و کارەکانی بیروڕایی پێشەوا (سيد قطب)ە - ڕەحمەتی خودای لێ بێت - لەم بارەیەوە گوتویەتی:- (دەق (نص)ی قورئان هیچ شتێکی لەسەر کەسێتی (ذوالقرنين) دیاری نەکردووە، ئەمەش شێوازێکی ڕێك خراوی قورئانە لە چیرۆکەکاندا، چونکە تۆماری مێژوویی بەمەبەست نەگیراوە، بەڵکو ئەوەی جێی مەبەستە، پەندی سوود لێ بینراوە لە چیرۆکەکەدا)، دیارە پەندو عیبرەتیش بەبێ پێویست بوون بە دەسنیشان کردنی کاتو شوێن، لە زۆرجاردا بەدیی دەهێنرێت. مێژووی تۆمارکراویش پادشایەکی ناساندووە کە ناوی (ئەسکەندەری-ذوالقرنين-) بووە، بەڵام بە بەڵگەی سەلمێنراوەوە ئەو (ذوالقرنين)ە نیە، کە لە قورئاندا ناوی هاتوە، چونکە (ئەسکەندەری ئەگریکی) بتپەرست بووەو، ئەم پیاوەش کە خودا لە قورئاندا ناوی هێناوە باوەڕی

بە خودا هەبووەو، لەم بارەیەوە (ابو الريحان البيروني المنجم) لە کتێبی (الاثار الباقية عن القرون الخالية)دا گوتوویەتی:-

(ئەو (ذوالقرنين)ەی کە لە قورئاندا ناوبراوە لە هۆزی (حیمیەر) بووە، ئەمەش بەبەڵگەی پیتەکانی ناوەکەی، چونکە لەپێش ناوەکانی (حیمیەرەکانەوە) نازناوی (ذو) هەبووە یان (ذی) وەك (ذی نواس) و (ذی یزن)، ناویشی (ابوبکری کوڕی ئەفەریقش) بووەو بەسوپاو لەشکرەکانیەوە بەرەو کەناری (دەریای سپی ی ناوەڕاست) ڕۆشتووەو بەولاتانی (تونس)و (مەراکیش)و ولاتانی تردا تێپەڕیوەو شارێکی بەناوی (ئەفریقیە) دروست کردووەو، ئیدی هەموو کیشوەر (قارە)ی ئەفریقیا بەم ناوەوە ناونراوە، خۆیشی بۆیە بە (ذوالقرنين) ناو براوە، چونکە بەهەردوو مەوقیعی ڕۆژ (واتە بەرۆژهەلاتو ڕۆژئاوا)ی زەوی گەیشتووە). لەوانەیە ئەم وتەیەی (ابوالريحان البيروني) ڕاست بێت، بەلام ئێمە هۆو ئامرازەکانی ساغکردنەوەو سەلماندنی ئەم وتەیەمان نیە، چونکە ناتوانین لەو هێندە مێژووە تۆمارکراوەی دەربارەی (ذوالقرنين)ە وکە لە قورئاندا بەشێکی کەم لە ژیاننامەکەی گێڕراوەتەوە، بۆ ئەو ئامرازانە بگەڕێین، ئەمەش وەك چەندین چیرۆکی تری نێو قورئان کە بەشێکی کەمو سنوردار لە بارەی ژیانو بەسەرهاتیان گێڕراوەتەوە، وەك چیرۆکەکانی گەلانی (نوحو هودو صالح)و ئەوانی تر. مێژووش تازە هاتۆتە ئاراوەو بەبەراورد لەگەڵ تەمەنی مرۆڤایەتیدا دیاردەیەکی نوێیە.. بێگومان پێش ئەم مێژووە نووسراوو تۆمارکراوەش چەندەها ڕووداوی تر هەبوونو هیچ شتێکیان لەبارەوە نەزانراوە، ئیدی مێژوو ئەوەنیە کە پرسیارو داوای هەموو زانیاری یەکی لێ بکرێت. خۆ ئەگەر کتێبێکی ئاسمانیی وەك (تەورات) لە (شێواندنو دەسکاریو بۆزیادکردن) بپارێزرایە، ئەوا دەبووە سەرچاوەیەکی وا کە لە هەندێك لەو ڕووداوانە پشتی پێ ببەسترایە.. بەلام (تەورات) پڕکرا لەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی کە هیچ گومانێك لە (ئەفسانەیی بوونیان) ناکرێت، هەروەها پڕکرا لەو ڕیوایەتانەی کە

هیچ گومانێکیان لەسەر نیە لەوەدا کە زیادەنو زیادکراون بۆ سەر دەقە بنەڕەتییە بە سرووش نێردراوەکەی خودا، بۆیە (تەورات) وەك سەرچاوەیەکی ڕاستو متمانەپێ کراو نەمایەوە بەهۆی ئەو چیرۆکە مێژوویانەی کە بە ناڕەواو بە شێوەیەکی ناڕاستو ئەفسانەکاری تێی خنران.

کەوابوو هیچ کتێبێکی ڕاست نەمایەوە تەنها (قورئان) نەبێت کە بێگومان خودا لە هەموو دەسکاری کردنو ئالّ و گۆڕتێداکردنێکی بەشەریی پاراستوێتی و، کە تاکە سەرچاوەیە بۆ ئەو چیرۆکە مێژووییانەی تێیدا هاتوون.. شتێکی حاشا هەڵنەگرو بەڵگە نەویستیشە کە ناشێت حوکمی قورئانی پیرۆز بەمێژوو بدەین، ئەمەش لەبەر دوو هۆی ڕۆشن:-

یەکەم: بێگومان مێژوو دیاردەیەکی تازەیەو چەندین ڕووداوی لەکیس چووە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرو بێشومارنو هیچ شتێکی لەبارەوە نەزانیوە، قورئانیش هەندێك لەو ڕووداوانەی گێڕاوەتەوە کە مێژوو هیچ زانیارییەکی لەبارەیانەوە نیە.

دووەم: جا مێژوو، تەنانەت گەر ئاگاداری هەندێك لەو ڕووداوانەش بێت، بەلاّم کارێکە لەکارە پڕ کەموکووڕییەکانی مرۆڤو وەك هەرکارێکی تری (مرۆیی) هەڵەو کەم تەرخەمیو دەسکاری تێدەکەوێت.

ئێمەش لەم سەردەمەمان کە (هۆیەکانی پەیوەندیو ئامرازەکانی پشکنین مەیسەر بوون) دەبینین کە هەواڵێك یان ڕووداوێك بەچەند ڕوویەکدا لێك دەدرێتەوەو دەبینرێتو، لە چەندین گۆشەنیگای هەمەجۆریشەوە بۆی دەڕوانرێتو بەچەند شێوەیەکی لێك جوداو دژبەیەك تەفسیر دەکرێت.. ئیدی لەم هەموو ڕوداو بیروڕاو لێکدانەوە کەڵەکەبوانەش مێژوو دروست دەکرێتو، وێڕایی ئەوەش کە دواییدا هەروتەیەك بۆ ساغکردنەوەو وردکردنەوە گوترابێت. بۆیە گەر تەنها بە وتەش پرسیارو داوای ڕوون کردنەوە لە مێژوو بکرێت دەربارەی ئەوەی کە قورئان

لە چیرۆکەکاندا هێنـاویەتی، ئـەوە بێگومـان پێـچەوانەی بنـەما زانسـتیو بڕیـار لەسەردراوو دان پیّ دانراوەکانی مرۆڤایەتیشە پێش ئەوەی ئەو بیروباوەڕەبێت، کـە قورئـانی بـە (وتـەی بڕیـاردەرو جیاکـەرەوە دانـاوە) واتـە بەتاکـە سەرچـاوەی یەکلاکەرەوەو جێگیری مەسەلەکان داناوە.. جا بۆیە هەر وتەیەك بـۆ (پرسـیار لـە مێژووو پشت بەستن بە مێژوو) لە کەسێکەوە نادرکێنرێت کە بـاوەڕی بـە قورئـان هەبێت، تەنانەت لە کەسێکیشەوە نیە، کـە بـاوەڕی بـە ئامرازەکـانی توێژینـەوە هەبێت، بەڵکو ئەوە وڕێنەکردنو لەهۆش خۆ چوونە)[1].

ناسراوترین وتە دەربـارەی دەسنیشـانکردنی کەسـێتی (ذوالقرنین)

لـەنێو وتـەی زانایانـدا ناسـراوترینی هـەموویان دەربـارەی دەسنیـشانکردنی کەسێتی (شخصیە)ی (ذوالقرنین) چوار ووتە هەیە، کە گوتراوە (گوایە هاوچـەرخی ئیبراهیم) بووە، یان (گوایە ئەسکەندەری مەکدۆنی بووە)، یان (گوایـە لـە هـۆزی حیمیەر بووە) یاخود بەڕایی ڕاستترینیان (کۆرشی فارس) بـووە، کـە ئەمـە وتـەی (مولانا ابوالکلام ازاد)ە..

١- وتەی یەکەم (گوایە هاوچەرخی ئیبراهیم) بووە ـ سڵاوی خودای لـێ بێت ـ :-

لە وتەی یەکەمدا ناوی دیاری نەکراوە، بەڵام ئەو سـەردەمە دیـاری کـراوە کـە تیایدا ژیاوەو کە گوایە هاوچەرخی (ئیبراهیم) بووەو گوایـە لـە (فەلەسـتین) پێـی گەیشتووەو، هەروەها لەماڵی خوداش (بیت الله الحرام) لە ـ مەککەـ دا بەدیـداری گەیشتووەو، لەو زانایانەی کە ئەم وتەیە بەڕاسـتتر دەزانـن، مامۆسـتا (محمد خـیر رمضان یوسف)ە کە لە کتێبەکەی خۆی: (ذوالقرنين القائد الفاتح والحاكم الـصالح)دا ئاماژەی پیّ داوە، هەر بۆیەش لەو کتێبەدا گوتوویەتی:-

---

١) (في ظلال القران،/٤: ٢٢٨٩-٢٢٩٠).

(ئەمــە پیــاوێکی تــرەو لــە ســەردەمەکانی ڕابــردوودا و لــەپێش (توببــەع)و (ئەسکەندەر)و (کۆرش)یشدا پیاوە، بێگومان ئەو لە سەردەمی پێغەمبەری خــودا (ئیبراهیم خلیل)دا ـ سلاوی خوای لێی بێت ـ بــووە، وەك مێژوونووســە دەســپاك‌و متمانە پێکراوەکانیش دیارییان کردووەو بەڕاستیان داناوە)[1].

جا ئەگەر ئێمەش ئەم بەڕاستتر دانانەی وتەکەی (محمد خير يوسف) لێکدەینــەوە ئەوا فەرموودەیەکی ڕاست (صحيح) بەدی ناکەین کەوای دیاریی بکات گوایــە لــە سەردەمی (ئیبراهیم)دا بووە. سەبارەت بە (مێژوونووسە متمانە پێکراوەکان)یــش، کە ناوبراو پشتی بەبیروڕایان بەستووە گوایە ئەوان ئەم بۆ چوونە بەڕاســت دادەنــێن کەوا لە سەردەمی (ئیبراهیم)دا ژیا بێت، ئەوا ئێمە لەڕاســتیدا بــەو مێژوونووســە متمانە پێ‌کراوانەیان دانانێین تەنانەت گەر بە پێوەری (محمد خير يوســف) خۆیــشی وابێت، چونکە ئەو مێژوو نووسانە بەڵگەیەکی ڕاست‌و دروستی وەهایان نەخستۆتە ڕوو، کە لە فەرموودەیەکی ڕاست (صحيح)ەوە لەسەر وتەو بۆچــوونیان سەرچــاوەی گرتبێت. ئەو مێژوونووسە متمانە پێکراوانەش، کە پشتی بە وتەکانیان بەستووە:

(ابوحیانی مفسر) خاوەنی کتێبی (البحر المحيط) و (قرطبــي‌ی مفــسر) خــاوەنی کتێبی (الجـامع لأحكـام القـران) و، (شـێخی ایجــی)ی خــاوەنی تەفـسیری (جــامع البیــان)و (زەمەخــشەری)ی خــاوەنی تەفــسیری (الكــشاف)و (نفــسي)ی خــاوەنی تەفسیری (مدارك التنزيل)و (سليمان الجمل)و (احمد الصاوی)، کە پــەراوێزەکانیان لە تەفسیری (جلالــین)دا نووســیوەو، (ئالووســی)ی خــاوەنی (روح المعــانی).. وەك زانراویشە هەموو ئەمانە زانای بواری تەفــسیرن نــەك مێــژوونووس، بۆیــە ووتــەی ئــەمان لەســەر مێــژووو بەســەرهاتە مێــژوویی یــەکان ئاتــاجی بەســاغکردنەوەو سەلماندن‌و یەکلاکردنەوەو ڕاستپێکانە.

ئەو مێژوونووسە متمانە پێکراوانەی تــریش، کــە پــشتی پــیٚ بەســتوون‌و، کــە لەڕاستیدا بە مێژوونووس ناسراون (ازرقی)و (ابن اياس)ی خاوەنی مێژووی (بــدائع

1) (ذوالقرنين القائد الفاتح و الحاكم الصالح) ص(٢٤٨).

الزهور في وقائع الدهور)و (علی دوك)ی خاوەنی (محاضرة الاوائل)ن، بەڵام ئایا ئەم سێ کەسەش لە مێژوونووسە متمانە پێکراوەکانن؟! چەندە هیواداریش بووم، کە خۆزگە مامۆستا (محمد خیر رمضان یوسف) چەند بەڵگەیەکی زانستیانەی ڕاستو دروستی لەسەر بیروڕاکەی بهێنایەتەوە، ئەم بەڵگەیەش تەنها لە قورئانی پیرۆزو فەرمودە ڕاستەکانەوە دەردەهێنرێن، بەڵام پشت بەستنی بەوتەی چەند مێژوونووسو تەفسیر نووسێك هیچ بەڵگەیەکی لە سەرچاوە بڕواپێکراوەکانەوە لەسەر نییە، ئەمەش لە توێژینەوەی زانستیانەو مەنهەجیانەی ڕاستو دروستدا پەسند ناکرێت.

لەبەرئەوە ئێمە ناچارین دان بەو وتەیەی (محمد خیر یوسف)دا نەنێین، کە ئەو ڕایەی لەسەر (ژیانی (ذو القرنین) لە سەردەمی (ئیبراهیم)دا ـ سڵاوی خوای لێ بێت) بەڕاستتر داناوە هەروەك ناچاریشین هەموو ئەو وتانەی نێو کتێبە ناوبراوەکانی مێژووو تەفسیرەکانیش پشتگوێ خەین، کە گوتوویانە گوایە (ذوالقرنین) لە (فەلەستین) یان لە (حیجاز) بە (ئیبراهیم) گەیشتووە، لەبەر ئەوەی لەیەك فەرموودەی ڕاست (صحیح)دا باسی لێنەکراوە تاکو مرۆڤ پشتی پێ ببەستێتو لێی دڵنیابێت... ـ خوداش هەر خۆی زانایە ـ (والله اعلم)..

۲- گوایە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بووە:-

وتەی دووەم لەمەڕ ئەوەی، کە گوایە (ذوالقرنین)، (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بووەو ئەو کابرایەیە، کە لە (مەکدۆنیا) ساڵی (٥٦پێش زایین) لەدایك بوویێتو باوکیشی (فیلیپ)ی پادشای مەکدۆنیا بووەو، گوایە (ئەسکەندەر)ی کوڕی، لەلای فەیلەسووفی ناوداری یۆنانی (ئەرەستۆ) ئیمانی هێناوەو، (ئەرەستۆ)ش لەسەر لۆژیك (منطق)ی فەلسەفەی یۆنانی پەروەردەی کردووە، ئینجا باوکی مردووەو ئەویش لەوکاتەدا لە تەمەنی بیست ساڵیدا بووەو، لەدوای باوکی پادشایەتیی لە ساڵی (۳۳٦.پ.ز)دا گرتۆتە دەستو دوای دوو ساڵ بەرەو جەنگی فارسەکان کەوتۆتە ڕێو لەو جەنگەدا سەرکەوتووەو بەسەر پادشای فارس (دارا)دا لە ساڵی

(٣٣٣.پ.ز)دا زاڵ بووه، ئینجا فەتحی وڵاتی (شام)و (عێراق)ی تەواو کردووەو، پاشان بەرەو فەتحی وڵاتی هیندستانیش ڕۆشتووه. ئیدی لە نزیکەی دەساڵ دا زۆربەی وڵاتە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەی فەتح کردووه، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ (یۆنان)و لەڕێگادا بەشاری (بابل)ی (عێراق)دا تێپەڕیوە تاکو نەختێك بحەوێتەوە، بەڵام لەوێدا تووشی نەخۆشیەکی توندو کاریگەر بووەو بۆ ماوەی یازدە ڕۆژ لەرزوتای قورسی گرتووەو، هەر لەوێ لە ساڵی (٣٢٣.ز)دا مردووه، تەمەنیشی کەمتر لە سیو سێ ساڵ بووه)[١].

بۆیەش نازناوی (ذوالقرنین)ی پێدراوە چونکە دەوڵەتی فارسەکانی فەتح کردوەو، وەك ئەوە وابووە کە هەردوو کیشوەری ئەو زەمانەی (یۆنانی)و (فارسی)ی پێکەوە بەستبێتەوە کە بێگومان دوو دەوڵەتی گەورەی ئەو سەردەمە بوون.

جا ئەوانەی کە ڕایان وایە گوایە ئەو (ذوالقرنین)ەی لە قورئاندا ناوی هاتووە (ئەسکەندەری مەکدۆنی)یە، چەند کەسێك لە جمهورو کۆمەڵی زانایانی تەفسیرو مێژوونووسەکانن، وەك: (مسعودی)و (مقریزی)و (ثعلبي) و (إدریسي) و (رازي) و (أبوحیان) و (نسفي) و (ابو مسعود) و (ألوسي) و (قاسمي) و (محمد فرید وجدي)[٢].. ئەمەش سەرەڕایی شکۆمەندیو زانستی خاوەنانی، (بیروڕایەکی ناڕاستە)، چونکە وەك زانایانی فەرموودە لەسەری کۆكو هاوڕان (ئەسکەندەری مەکدۆنی) کابرایەکی بێئیمانو کافر بووەو شەریکی بۆ خودا داناوەو لەو بتپەرستانە بووه، کە خواوەندەکانی یۆنانیان پەرستووه، هەروەها لە گوناهە گەورەکانی وەك بەدڕەفتاریو ئارەزووپەرستیو مەی خواردنەوەی ئەنجام داوەو زیادەڕەویشی تێدا کردون، تەنانەت دوای شەوێك مردووه، کە بە (مەی خواردنەوەو سەرخۆشیو بە ئازاردانی سەرخۆشانەی کەسانی ترەوە) بەسەر بردووه.. بەڵام بێگومان (ذوالقرنین) وەك

١) کتێبی (ذوالقرنین..)ی (محمد خیر)، ص (٩١-٩٥) (بەکورتی)..
٢) هەمان سەرچاوە، ل- (٨٤-٩٠).

قورئانیش پێی ناساندووین، پیاوێکی (ئیماندارو دادپەروەرو چاکە خواز بووە)[1].

٣ - گوایە لە هــۆزی (حیمیەر) بووە:-

وتەی سـێیەم ئەوەیە گوایە (ذوالقرنین) پادشایەکی عەرەب بووە لە پادشـاکانی (حیمیەر)و ناوە قورسەکەشی (ذي مراثد بن الحارث بن الرائش) بووەو، گوتراویـشە ئەو پادشای حیمیەر (ابوبکر یاخود ابوبکری عمـیر بـن افـریقش الحمـیری) بـووەو ماوەی پادشایەتی یەکەی لەنێوان سالآنی (٣٠٠-٣٢٠)ی زاییینی دابووە، لەوانـەی ئەم وتەیەیان دەربڕیوە: (وهبی کـوڕی منبـە) لـە (تـابعین)و (کعـب الاحبـار)ەو، هەروەها لە زانا هاوچەرخەکانیش (محمد راغب الطبـاخ)ە کە لەم بارەیەوە کتێبێکی داناوە[2]. ئەم وتەیەش هیچ بەڵگەیەکی لەسـەر نیـەو تـەنها لەبۆتـەی عاطیفـە و هاوسۆزیو دەمارگیریی بۆ عەرەبەوەیە..

٤- ڕای ڕاستترین ئەوەیە، کە (کۆرشی فارس) بوو بێت:-

وتەی چوارەم: ئەوەیە گوایە (ذوالقـرنین) پادشـای فـارس (کـۆرش) بێـت، کـە هەردوو مەملەکەتی (لیـدیا)و (میـدیا)ی یەکخـستووەو کردوونـی بەیـەك، هــەر بۆیەش نازناوی (ذوالقرنین)ی بۆ دانراوە، (٣٠) سی ساڵیش حوکمی تێدا کردووە لە ماوەی نێوان سالآنی (٥٥٩-٥٢٩/ پ.ز).

لەوانەی ئەم ڕایـەیان هەیـە مامۆسـتا (ابـوالکلام ازاد)ە، کـە لـە کتێبـی (و یسألونك عن ذي القـرنین)دا ئامـاژەی بـۆ کـردووە. هـەروەها دکتـۆر (عبـدالعلیم عبدالرحمن خضر)یشە کە لە کتێبی (قصة ذي القرنین)دا ئاماژەی بۆ کـردووە، ئـەم دوو زانایەش بەڵگەی زۆریان لەوبارەیەوە خستۆتە ڕوو، کە یەکلای دەکەنەوە کـەوا (کۆرشی فارس) ئەم (ذوالقرنین)ەیە..

---

١) هەمان سەرچاوە، ل- (١٤٨-١٦٢).

٢) هەمان سەرچاوە، ل- (١٦٥-٢٠٧).

بەڵگەکانی (ابو الکلام ازاد) لەسەر ئەوەی، کە (کۆرشی فارس) بووە

(مولانا —ابو الکلام ازاد) لە زانا پێشەواو دیارەکانی موسڵمانانی نیمچە دورگەی هیندەو، لە سەرەتای سەدەی بیستەمی زاییندا موسڵمانانی هیندستانی هاندەدا بۆ شۆڕش لە دژی (بەریتانیا)ی داگیرکەرو وتاری پڕ جۆشو خرۆشی بۆ دەدان.

بەریتانیاش لە ساڵی (١٩٢٢)دا ئەم پیاوەی لەسەر شۆڕشگێڕیو بانگەواز بۆ بەرەنگاریو مانگرتنی مەدەنیانە دادگایی کرد، کاتێك برایە بەردەم دادگاش وتارێکی هێندە بەجۆشی لەبەردەم ئامادەبوانو پارێزەرانو شاهیدانو دادوەران خوێندەوە لە لوتکەی ڕەوانبێژیو داناییو ژیربێژیی (منطق)دا بوو[1].

کاتێك لە هندستانیشدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنرا، ناوبراو وەزیری (مەعاریف) بوو تێیدا، ساڵی (١٩٥٥. ز)یش کۆچی دوایی کردووە.

(ابوالکلام ازاد) بیریارێکی ئیسلامیو تەفسیر نووسێکی قورئانو لە پێشەنگانی نووسەرە ئیسلامیەکانی هیندستان بووە، وەك توێژەرەوەیەکیش لە ژیانی (ذوالقرنین)ی کۆڵیوەتەوەو، بۆ ئەم مەبەستە چووە بۆ ئێرانو ناوچەی بەربەستەکەی (یەئجووجو مەئجووج)ی بینیوەو، پاشان پوختەی گەشتەکەیو توێژینەوەکەشی لە گۆڤاری (ترجمان القرآن)دا نووسیوە، کە (ابو اعلای مودودی) لە هیندستان دەری دەکردو دواتریش لە پاکستان. ساڵی (١٣٩٢.ك/١٩٧٢.ز)یش شێخ (احمد حسن الباقوری) ئەو توێژینەوەیەی مامۆستا (ازاد)ی لەو گۆڤارەوە هێناوەو پێشەکییەکی درێژی بۆ نووسیوە، کە بەشێکی زۆری تەرخان کردووە بۆ لێدوان دەربارەی خودی (مامۆستا ئازاد)و پەیوەندی بە (جمال عبدالناصر)ەوەو، سەردانی پاکستانو هیندو

---

١) بڕوانە چەند بڕگەیەکی ئەو وتارە لە پێشەکی کتێبەکەی (باقوری)دا، لاپەرە(٣٦-٦٨)، واتە کتێبی (ويسألونك عن ذي القرنين).

ئەندۆنیسیاو چینی کردووە. کتێبەکەشی لە دەزگای (دارالشعب) لە (میسر) بەناونیشانی (ویسألونك عن ذي القرنين) دەرچووە.

بەڕاستی ووتەو بیروڕایی مامۆستا (ابو آزاد) لەو کتێبەدا زۆر بەپێزو چاكو بەنرخە لایەنە باشەکەی ئەو وتانەی ئەوەیە، کە چەندین بەڵگەی لەسەر بیروڕایی خۆی هێناوەتەوەو بەڵگە هەمەجۆرو لێك جوداکانیشی پێکەوە بەستوونەتەوەو چەندین زانیاری بەڵگەکاری لە مێژووو جوگرافیاو ئاسەوارە دەرخراوەکانەوە خستۆتە ڕوو. لێرەشدا پوختەی بەڵگەکان لەو کتێبە بەهادارو بەپێزەوە دیاری دەکەین:

کورتکردنەوەی وتەکانی ئەو ساتەی، کە دەربارەی دیاریکردنی کەسێتی (ذوالقرنين) درکاندویەتی (ابوا لكلام ازاد) سەرەتا، کە بەو سیفەتانە (ذوالقرنين) دەستی پێکردوە، کە لە قورئان دیاری کراون، کە هەشت سیفەتن، پاشان هەندێك وتەی نوسەرانی تەفسیری لەسەر دەستنیشانکردنی کەسێتیی (ذوالقرنين) هێناوەو بەم جۆرە:

هەندێك گوتوویانە: (وشەی (قرن) بەمەبەستی شتێکی دیارنیە، بەڵکو گوزارشت لە زەمانو، بۆیەش بە (ذوالقرنين) ناوبراوە، چونکە لە حوکمەکەی داودو سەردەمی گەورەی خایاندوە).

هەندێکی تریشیان گوتوویانە: (ئەو هاوچەرخی ئیبراهیم بووە) ـــ سلاّوی لێ بێت ـ هەروەها هەندێك لە نوسەرانی تری تەفسیر گوتوویانە: ئەو پادشایەك بووە لە پادشاکانی حیمیەر).

هەندێکی تریشیان گوتوویانە : ئەو (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بووە.

پاشان هەموو ئەو ووتانەی ڕەتکردنەوە بە پوچەڵیشی داناون، ئەمەش بەپێوەری ئەوەی کە ئەو سیفەتانەی لە قورئاندا لەسەری هاتوونو ئەو کارانەشی باسی لێ کراون، لەگەڵ هیچ وتەیەکی ئەو کەسانەدا ناگونجێت.

(ذوالقرنین) هەر ئەو (کۆرشی فارس)ەیە

(ابو الکلام ی زاد) ڕایی وایە کە (ذوالقرنین) هەر ئەو (کۆرشی فارس)ەیە کە باسی لێوەدەکات، ناوبراو لەمبارەیەوە گوتویەتی: ئەم پیاوە فارسەکان بە (کۆرش) ناویان بردوە، جولەکەکانیش بە (خورش) ناویان بردووە.. عەرەبەکانیش بە (قورش) یان (کەیخوسرەو) ناویان بردووە.. هەروەها یۆنانییەکانیش ناوی (سائیرس)یان لێ ناوە.

(کۆرش) لە یەکەمین دەورانی مێژووی ئێرانیو فارسدا، حوکمی (وڵاتی فارس)ی کردووە، ئەمەش لەو دەورانەی پێش سەردەمی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر وڵاتی فارسدا بووە، کە (دارا)ی پادشایانی کوشتووە.

ئێرانیش لە پێش حوکمی (کۆرش)دا، بۆ دوو مەملەکەت دابەش کرا بوو، یەکێکیان (مەملەکەتی فارس)و، دووەمیان (مەملەکەتی میدیا) لە باکوور.

لە ساڵی (٥٥٩)دا (کۆرش) حوکمی ئێرانی گرتۆتە دەستو هەردوو مەملەکەتی (فارسو میدیا)ی لەیەك دەوڵەتدا یەکخستووەو، هەموو میرو کاربەدەستەکانی ئەو سەردەمە، لە حوکمەکەی ڕازی بوونو گەلیش پەیڕەویو گوێڕایەڵیی کردووە.

(کۆرش) سوپایەکی لە فارسەکان پێك هێناوەو، جەنگو کوشتاری مەملەکەتو دەوڵەتانی تری پێ کردووەو، فەتحی کردوونو خستوونیە ژێر حوکمی خۆیەوە.

مەبەستی فەتحی ئەو وڵاتانەش بۆ چەسپاندنی دادپەروەریو یەکسانیو یارمەتیدانی ستەم لێ کراوان بووە، سێ جەنگی بەناوبانگیشی هەبووە، کە لەنێو هەموو جەنگەکانی تریدا دیار بوون..

جەنگی یەکەمی (کۆرش) لەگەڵ ڕۆمەکان دا

(یۆنان) مەملەکەتێکی هەبوو کە هاوسێ ی مەملەکەتی فارسەکان بووو، ناوی مەملەکەتی (لیدیا) بووو دەکەوێتە بەشی سەرووی ئاسیای بچووکەوە، واتە بەرزایی یەکانی (ئەنادۆڵ) هەتا دەگاتە (دەریای ڕەش)و (دەریای ئێجە).

جەنگەکانیش لە نێوان مەملەکەتی (لیدیای یۆنانی)و (میدیای فارس)دا بەردەوام هەبوو، لە زەمانی (کۆرش)دا پادشایەکی (یۆنانی) حوکمی (لیدیا)ی دەکرد کە ناوی (کرۆسیس) بوو.. جا کاتێك (کۆرش) حوکمی گرتەدەست، (کرۆسیس) جەنگێکی لەدژ ڕاگەیاندو هەر خۆیشی دەستی بەهێرش‌و دوژمنکاری کرد، دیارە (کۆرش)یش هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نەبوو تەنها بەربەرەکانیکردنی نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتیی سوپایەکی فارسەکانی کردو بەرەو (لیدیا) لە خۆرئاوادا ڕۆیشت‌و ڕووی کردە پایتەختی (لیدیا)و دوو جەنگی دژواری کت‌وپڕیی لە نێوان هەردوو لادا ڕوویدا، کە بە جەنگەکانی (بتریا)و (ساردیز) ناسراون، ئیدی حوکمی (کرۆسیس)ی ڕووخاندو (ساردیز)ی پایتەختی مەملەکەتەکەیانی داگیر کردو، (کرۆسیس)یش بەدیلی گرت‌و بەرەو وڵاتی (فارس)ی بردو، دەوڵەتی (لیدیا)ش کەوتە ژێر ڕکێفیەوە.

(کۆرش) بەوپەڕی دادپەروەری‌و سۆزو ویژدانەوە مامەڵەی لەگەڵ یۆنانیە بەزیوەکاندا دەکرد، تەنانەت لەوەدا زیادە ڕۆییشی کردووە، بۆ نموونە پادشا دیلەکە (کرۆسیس)ی هێناوەو داوای کردووە، کە پڕ باوەشێکی گەورە لە تەختەی بۆ بێنن‌و ئەو پادشا دیلەی لەسەر دابنیشێنن‌و، ئینجا ئاگر بەدارو تەختەکەی ژێریەوە بنێن. ئەوانیش ئەو فەرمانەیان جێبەجێ کردووە، کەچی (کۆرش) ئەو پادشا دیلە (واتە کرۆسیس)وا دەیبینێت، کە نەدەترسێت‌و نەدەشڵەژێت، بۆیە خێرا فەرمانەکەی هەڵوەشاندۆتەوەو لێی خۆش بووەو، ئیدی تەواوی ڕۆژو ساڵانی تری بەسەر بەرزی‌و

ڕێز لێگیریی یەوە لەلای (کۆرش) بەسەر بردووە، ئەمەش ئـەو گەشـتەی یەکەمـە، کە قورئان ئاماژەی بۆ کردووەو، کە ئەوەیە (کۆرش) ڕۆیشتووە تا گەیشتۆتە بەشی خۆرئاوای زەوی‌و لە کاتێکدا بووە، کە پایتەختی (لیدیا)ی فەتح کردووە، کە شاری (ساردیز) بووەو کەوتۆتە سەر دەریای (ئێجە) لە نزیك مـەوقیعی ئێـستای شـاری (ئیزمیر)ی تورکیا.

ئەم ناوچەیەش کە بەشێکە لە دەریای (ئێجە) گرژی‌و نائارامی زۆر تێدا بووە.

دکتۆر (عبدالعلیم خـضر)یش سروشتی خاکەکەو جوگرافیای ئەم ناوچـەیەی لـە کتێبەکەیدا ڕوون کردۆتەوە، واتە لە کتێبی (مفاهیم جغرافیة في القصص القرآنیـة: قصة ذي القرنین) هەروەها ڕوونیشی کردۆتەوە کە چۆن خـۆر لـەوێوە دەرکـەوتووەو وەکو ئـەوە بـووە، کـە لـە کانیـاوێکی تێکـەڵ لـە قـوڕی ڕەشـدا ئـاوا بووبێـت، لەمبارەیەوە گوتوویەتی:-

(کاتێك کۆرش لەسەر کەنارەکانی دەریای (ئێجە) ڕاوەستاوە (کـە بەشـێکە لـە سنووری دەریایی تورکیا لەسەر دەریای ناوەڕاست) کەنارەکانی وەهـا بینیـوە، کـە ڕێچکەی ئاوی زۆر تێدایە، واتە بەزۆری توولەڕێ یەکانی دەریا تێکـەڵی وشـکانی دەبن، یەکێك لە نموونەکانی ئەم توولەڕێ یە دەریایی یانەش کەنـداوی (هـرمس)و (مندرێسی گەورە)و (مندریسی بچووك)ە..

کەنداوی (ئیزمیر)یـش بـەقووڵایی سەدوبیـست (١٢٠) کیلۆمـەتر چـۆتە نێـو دەریاکەوەو ئەم چیایانەش لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتەوە دەورەیـان لێ داوە، ڕووبـاری (غدیس)یش دەڕژێتە ناوی کە ئاوێکی لێڵ‌و تێکەڵ لە قوڕی گرکان‌و خۆڵی سووری هەیەو لەسەر بـەرزایی ئەنادۆڵـەوە دەڕژێنـە نێـو ئـەم دەریایـەوە، بەرزایەکەشـی لێژاییەکی درێژو هێواشی بەرەو خۆرئاوا هەیە پێش ئەوەی بگاتە بەشی خۆرئاوا.. هەر بۆیەش خێرایی ڕۆیشتنی ئـاوی ڕووبـاری (غـدیس)بـە ڕێـرەوی دەشـتە پـچڕ پچرەکەی کەناردا بە شێوەی چەندین جۆرە لـەرزین‌و پیچاوپێـچی دابـەزیوو کـاتی

تاریکیشدا لە زیادبوون دایە تا دەگاتە ئاستی بنکەی دەریای (ئێجـە)و لەوێـشەوە دەڕژێتــە کەنـداوی (ئیــزمیر)ەوە ئــەم کەنــداوەش لــە نێــوانی لوتکــەی چــیاکانی چواردەوریدا نغرۆ بووە، کە بەرزایی لوتکەکانیشی لە نێوان (١٠٠٠-٢٠٠٠) مەتر دایە.

جا کاتێك کۆرش (واتە ذوالقـرنین) لەبەردەم چەقی قووڵایی (ساردیز) لــە نزیــك (ئیزمیر)دا وەستاوە سەرنجی لە گۆی بازنەیی خۆر داوە کە لــەکاتی خۆرئاوابوونــدا دەکەوێتە نێو ئەم کەنداوەوە کە بەتەواوەتی لە چاو دەچێتو سووڕایی تارمایی یــە سوورەکەش تێکەڵی ئەو قوڕە ڕەشە بووە کە ڕووباری (غدیس) هــەڵی دەداتــە نێــو چەقی (چاو)ی کەنداوی ئیــزمیرەوە، هــەر بۆیــەش بــە پێــی ڕاوبۆچــوونی ڕاســتو دەرهاوێژراو پێدەچێت ئەم دیاردەیەی (العین الحمئـة/ کانیــاوی تێکــەڵ لــەو قــوڕی ڕەشە) بێت کە قورئانیش باسی لــێ کردووە[1].

کاری ســەربازی (کۆرش) لە بەشــی خــۆرهەڵات دا

لە خۆرهەلاتی وڵاتی (فارس)دا چەند تیرەیەکی نەفامو بێ سەروبەرەی کۆچــەری نێو بیابان دەژیانو جاروبار هەڵیان دەکوتایە سەر سنووری وڵاتی فــارسو فەســادو پشێویان تێدا دەنایەوە.. جا دوای ئەوەی (کۆرش) لەبەشی خۆرئاوای زەویدا بەسەر یۆنانیەکاندا سەرکەوت، ڕووی کردە بەشی خۆرهەڵات تا ئەو تیرە دڕندانەش تــەمێ بکات، ئیدی بەنێو وڵاتەکانی خۆرهەڵات داڕۆیشتو وڵات بە وڵات فەتحی دەکـردن تا گەیشتە ڕووباری (سند)و هەرێمــەکانی (اصــفهان)و (جوزجــان)و (خوراســان)ی بڕیو بە هەموو ڕووبارەکانی (زیندە)و (گورگان)و (قاروون)و (کووخــە)و (قــوم)دا

---

١) (ذوالقرنین)ی (محمد خیر یوسف) ص (٢١٨-٢١٩) کە لە کتێبەکەی دکتۆر (عبـدالعلیم خـضر)ەوە هێنراوە.

تێپـەڕیو لـە ناوچـەکانی فتوحاتیـدا گەیشتە (بـەلخ)و ناوچـەی (مـوکران)و (بلووجستان) دیارە ئەم هـۆزو تیرانـەش کۆچـەری بـوونو نیشتەجێی نێـو مـاڵو تەنانەت نێو شارەکانیش بوون، هەر بۆیەش ماڵێك، یان خانوویەکی وایـان نـەبوو، کە لە تیشکی خۆر بیانپارێزێت لە کاتێکدا هەتاویان دەچێتە سـەر یـان لـەکاتی تاوسەندنی گەرمادا(١).

کاری سـەربازی (کۆرش) لە بەشـی باکووردا و، بنیـاتـنانی بەربەسـتەکەی بەردەم (یەئجووج و مەئجووج)

دوای ئەوەی (کۆرش) هەر یەکە لەبەرەی ڕۆژئاوا، بـەرەی ڕۆژهـەڵاتو، بـەرەی باشووریشی هێمنو ئارام کردووەو، لە کاتێکیـشدا مەملەکـەتی (بابـل)ی فـەتح کرد، ڕووی کردە بەری باکوور تـاکو ئـەوێش لـە مەملەکەتەکەیـدا هـێمنو ئـارام بکاتەوەو خراپکارانی تێدا نەهێڵێت. ناوچە باووڕی یەکانی ئەو مەملەکەتەیشی لە (ئازەربایجان)و (گورجستان)و (ئەرمەنستان) پێك هاتبوون کـە دەکەونـە باشـووری چیاکانی (قەفقاز)ەوە. سنووری بـەرەی بـاکووریش بـە بەربەسـتێکی سرووشـتیو ئاسـایی لەبـەردەم ئـەو هـۆزە شـەڕانگێزەو دڕندانـەدا، دەنرێـت کـە لـەو دیـو بەربەستەکەوە دەژیان، هەروەها ئەم بەربەستە سرووشتییە لە دەریای (قـەزوین)ەوە یان لە دەریای (خزر)ەوە لـە ڕۆژهەڵاتـدا دەسـت پێدەکـاتو شـاری (دەربەنـد)ی دەکەوێتە سەرو پاشان تا چیای (قەفقاز) لە ناوەڕاستداو، ئینجا دەریـای ڕەش لـە ڕۆژهەڵاتدا کەشاری (سوخوم)ی دەکەوێتە سەر.

لەم بەربەستە سرووشتییەشدا کە بەربەستێکی (دەریاییو شاخاویشە) ڕاڕەوێـك (مـمر)ێك لە باکوورەوە تا باشوور بەدی ناکرێت تەنها ئەو ڕارەوە تەنگەبەرە نەبێت

---

١) (ویسألونك عن ذي القرنين): ص(١٣١-١٣٢) و، (ذوالقرنین)ی ـیوسف/ ص(٢٢٠).

کە لە ناوەڕاستی چیاکانی (قەفقاز)ەوەیەو بەتەنگەبەری (داریال) ناوبراوە، لە باشووری چیاکانی قەفقازیشەوە هۆزەکانی (کوشیا) نیشتەجێ بوون، لە باکووری چیاکانیشەوە چەند هۆزێکی شەڕانگێزی (مەغۆلی) هەبوون کە بەهۆزەکانی (ماساجیت) ناوبراون، یان وەك لە قورئاندا باسکراون بە هۆزەکانی (یەئجووج)و (مەئجووج) ناوبراونو ئەمانەش بەتەنگەبەری (داریال)و بەنێوە ڕاستی چیاکانی قەفقازدا دەپەڕینەوە تاکو خراپەو شێوانو فەسادی لەسەر زەوی بڵاوکەنەوە.

جا کاتێك (کۆرش) گەیشتۆتە لای هۆزەکانی (کۆشیا)و کە ئەو گەلە بوون لە قورئاندا وا ناوبراون کەوا بەهۆی دواکەوتەیيو نەفامییانەوە هیچ ژیریو تێگەیشتنێکیان نەبووە (لا یکادون یفقهون قولا) ئیتر هەر ئەمان سکاڵای مەینەتيو گرفتاریی خۆیان لەدەست هێرشەکانی (یەئجووجو مەئجووج) لەلای (کۆرش) کردووە، (کۆرش)یش خوازیاری ئەوەبووە نەهێڵێت (یەئجووجو مەئجووج) بگەنە ئەو ناوچانە، بۆیە نۆساڵ لەو هەرێمەدا ماوەتەوەو تەنگە (مضیق)ی (داریال)ی داخستووە کە (یەئجووجو مەئجووج) بەکاریان دەهێناو، هەر لەسەر ئەم تەنگەیەش ئەو بەربەستەی کە قورئان ئاماژەی بۆ کردووە، بنیات ناوە[1].

١) (و یسألونك عن ذي القرنین): (ص١٣٢-١٣٤)و، (ذوالقرنین)ی (محمد خیر) ص (٢٢٢-٢٢٣).

هەربەربەستەکەی (ذوالقرنین)ە
کە لەسەر تەنگەی (داریال) بنیات نراوە

ئەو بەربەستەی کە (ذوالقرنین) واتە (کۆرش) بنیاتی ناوە هەر ئەوەیە کە لەسەر تەنگەی (داریال) لە ناوەڕاستی چیاکانی (قەفقاز)دا دروست کراوەو ڕاگیراوە.

(قاسمی) لە تەفسیرەکەیدا دەربارەی ئەو بەربەستە، گوتوویەتی:

(ڕای ڕاست ئەوەیە ئەم بەربەستە لە هەرێمی (داغستان)ی سەر بە وڵاتی ڕووسیاو، لە نێوان هەردوو شاری (دەربەند)و (خوزار)دا بێت، چونکە لە دێر زەمانەوە تەنگەیەکی بەناوبانگ لە نێوانیاندا هەبووەو، لەلای زۆربەی نەتەوە دێرێنو تازەکانیش بە (بەربەست) ناوبراوەو، جێگەیەکی بەناوی (دەرگای ئاسن)ەوە تیادایەو، ئەمەش شوێنەواری بەربەستێکی کۆنی نێوان دوو چیا لە چیاکانی (قەفقاز)ە، کە لەلای عەرەبەکان بە (کێوی قاف) ناسراوەو ئەمانیش وەك گەلانی تر گوتوویانە بەربەستێکی تێدایەو، لەو بڕوایەشدابوون، کە لە کۆتایی سەرزەوییە ئەمەش بەپێی ئەو زانیارییەی، کە پێیان گەیشتووەو، کە لەپشت ئەو ناوچەیەوە هەردوو هۆزی (یەئجووجو مەئجووج) هەیە)[1].

هەروەها دکتۆر (عبدالعلیم خضر) سرووشتی چیاکانی (قەفقاز)ی بۆ ڕوون کردووینەتەوە، کە بەربەستەکەی لەسەر بنیات نراوەو، لەم ڕووەوە گووتوویەتی:

(چیاکانی قەفقاز چەند زنجیرە شاخێکی درێژبۆوەی گەورەنو، زۆر بەرزنو، بە سەختی —مرۆڤ پیایان دا دەڕوات—و هیچ ڕاڕەوێکیان نییە، تەنها یەك ڕاڕەو نەبێت، کە ئەویش (تەنگەی داریال)ە، لە ناوەڕاستداو هەر بەو ڕاڕەوەشدا لقێك لە

---

١) (ذوالقرنین)ی (محمد خیر یوسف) —ص- (٣٣٣ ، کە ئەویش لە تەفسیری (القاسمي) لە بەرگی (١١) لاپەرە (٤١١٣-٤١١٤)ەوە هێناویتیی.

لقەکانی ڕووبارە بەرزەکەی (ترك) دەڕوات، شاخەکانیش هێندە درێـژ دەبنـەوە، تـا دەگەنە ئەوەی خەریکە بەر شەپۆڵەکانی دەریای (قەزوێن) لە ڕۆژهەڵاتدا بکـەونو، لە خۆرئاواشدا بەر ئـاوی (دەریـای ڕەش) کـەوتوون، مـاوەی درێژبوونەوەکەشـیان دەگاتە (١٢٠٠)کم. هەربۆیەش بە بەرزترینی هەموو چـیاکانی ئـەورووپا لەکـەرتی خۆرهەڵاتەوە دادەنرێن، بەهیچ شێوەیەك تێپەڕبوونیش پیایاندا مسۆگەر نیە، تەنها لە ڕاڕەوەی (داریال)ەوە نەبێت)[1].

هـەبوونی کانزا لەو ناوچـەیەدا

قورئان ئاماژەی بۆ ئەو مادەیەش کردووە، کە بەربەستەکەی لێ دروست کراوە، کەوا (ذوالقـرنین) بێگومان ئەم بەربەستەی لە چەند پارچەیەکی ئاسنی تواوە بنیات ناوەو، لە هەمان کاتدا مسی تواوەشی بەسەردا کردووەو، ئیـدی ئاسـنو مـسەکە هێندە بەرزبوونەتەوە تا گەیشتوونەتە ئاسـتی بـەرزایی نێـوان هـەردوو لووتکـەی چیاکان..

داخۆ -(ذوالقـرنین)/ کۆرش) ئەم بڕە هەرە زۆرو گەورەیەی لە ئاسـنو لـە مـس لەکوێ بووبێت؟ (دکتۆر/عبدالعلیم خضر) لەبارەی ئەو ناوچەیەوە گووتویەتی:-

(کەرەسەی خاوی ئاسن لەو ناوچـەیەدا هەیـەو، زەویو زاری (ئازەربایجـان)یـش بڕێکی هێجگار زۆرو گەورەی لە ئاسنو کانزا ئاسنیەکانی تێدایە. بەڵگەی ئەوەش پەیدابوونی پیشەسازی ئاسنو پۆڵایە لەمڕۆدا لە شاری (باکۆ)ی پایتەختی کۆماری (ئازەربایجان)، جا ئەگەر ئەمڕۆ ئەم هەرێمە بە ئاسن دەوڵەمەند بێت، ئەوە بێ هیچ گومانێك لە ڕابردوودا دەوڵەمەندتر بووە.

---

١) -ذوالقرنیـن-ی (محمـد خیر یوسـف)- ص(٣٣٤)، کـە لـە لاپـەرە (٢٩٦)ی کتێبـی (مفـاهیم جغرافیة)ی -عبدالعلیم خضر-ەوە هێناویێتی.

(ئەرمەنستان)یش بە کانزاکانیەوە دەوڵەمەندەو، بەتایبەتیو بەبڕێکی زۆر کەرەسەی خاوی ئاسنو مسو ڕەساسو زەرنیخو بەردی (زاخ)و گۆگردو ئاڵتونی تێدایە. لەم بارەیەوە مێژوونووسی ئەرمەنی (لیۆنتیۆس) ئەوەی بەدیارخستووە کەوا چەند نیشانەو هێمایەکی خاکەکەیان بەڵگە دەدەن لەسەر ئەوەی چەندین ناوچەی هەڵکەندراو لە چیاکاندا هەبوونو، ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتەی دانیشتوانە کۆنەکان دەکەن کە لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆریان لە ئاسنو کانزاکانی دەشتەکان بەبێ ماندووبوونێکی زۆر دەرهێناوەو هیچیان تێدا نەهێشتووە، ئینجا پەنایان بردۆتە بەر قەدپاڵی چیاکانو دۆزینەوەی کانزاکان تیایداو چاڵی گەورە گەورەیان لێ هەڵکەندوون، پێکهاتە جیۆلۆجی (زەمین ناسی)یەکانیش ئاماژە بۆ ناوچەکانی (بابرت ئەرغەنی) دەکەن کە بەکەرەسەی خاوی ئاسن دەوڵەمەندەو بڕێکی زۆریشی تێدایە، هەروەك لە (گورجستان)یش بڕێکی فرە لە ئاسن هەیە، تورکیاش لە سنووری ناوچەیەکی هاوسێی ئەرمەنستانەوە هەرێمێکی بەناوبانگی ئاسنی هەیە کە بڕی یەدەك (احتیاطی)ەکەشی بە نزیکەی بیستو پێنج ملیۆن تەن مەزەندە دەکرێت. سەبارەت بەبوونی ئەو خەڵووزو تەختەیەش کە بۆ تواندنەوەی ئاسن پێویستن ناوچەی (کلاکنیت)ی ئەرمەنستان بڕێکی یەدەکی گەورەی تێدایە، لە کەنارەکانی (دەریای ڕەش)یشدا کانەکانی (زونهەڵداك) بە ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندی کەرەسەی خاوی خەڵووز دادەنرێت.

سەبارەت بە تەختەش (ابن حوقل) لەمبارەیەوە باسی ئەوەی کردووە کەوا هەرێمی (ئەردەبیل) باخو بێستانو ڕووبارو ئاوێکی زۆرو داروتەختو میوەیەکی هێجگار زۆرو فرەی هەیە. لەڕووی زانستیو مێژووییشەوە سەلمێنراوە کەوا کەرەسە خاوەکانی (مس) لەو هەرێمەدا زۆرە، لەم بارەیەوە توێژینەوە زەمینناسییە نوێیەکان سەلماندوویانە کە (مس) بەشێوەیەکی زۆرو فرە لە پێکهاتە خاکی یەکانی (زنجان)و (ئاناراك)و (باکووری ئەسفەهان)دا هەیەو لە (باشووری ئازەربایجان)دا بەبڕێکی هێجگار زۆر هەیە..

لە (ئەرمەنستان)یشدا هەر لەدێر زەمانەوەکانە گەورەکانی مس زانراون‌و بووەتە بەڵگەو شاهید لەسەر ئەوەی کەوا دانیشتوانە کۆنەکانیشی دەریان هێناوە، لە ڕووی بوونی ژمارەی پێویست لە ئاژەڵانی جووت‌و بارهەڵگرەوە، ئەوە دیارە کە هەرێمەکە دەوڵەمەندە بە سامانی لەوەڕگاو ئاژەڵ، چونکە ئەم هەرێمە لە نێوان هەرێمی دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاواوەو، هەرێمی چین لە ڕۆژهەلاتەوە، بەندە.

هەروەها حوشتریش لەوێ هەبووەو لەجۆری دوو (سەنام/ لووتکە)ی لێ بووەو ئاژەڵی (ئیلیاك)یشی هەیە کە دانیشتوان لە گواستنەوەدا بەکاریان هێناوەو، بەتەواوەتی وەك گوێدرێژ (کەر) بووەو، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ کەردا لەوەدایە کە چەند نینۆکێك لە هەردوو پێی هەیەو ئەمەش یارمەتیدەریەتی بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرزاییەکانداو بۆهات‌و چۆ بەبارەکانی سەرپشتیەوە تیایاندا.. هەروەها لەدێر زەمانەوە دەیان هەزار ئەسپی (سیسی)ی تێدا بووە کە ناسراون بەوەی توانایەکی زۆریان لە هەڵگرتنی قورسایی‌و لە ڕاکێشانی عەرەبانەدا هەیە.

لە ڕووی هەبوونی ئازووخەش بۆ خزمەت‌و بەکاربردنی کرێکاران‌و ئەندازیاران چەندان جۆر خۆراك‌و خواردنی شلەمەنی یان هەبووە، چونکە ئەم هەرێمە لە دەیان هەزار ساڵ لەوەو بەرەوە هەموو جۆرە دانەوێڵەیەکی هەبووەو ناسیوە وەك لە سەرچاوەی جوگرافیای مێژوودا هاتووەو لەنێو ئاسەوارە کۆنەکاندا دۆزراونەتەوە، هەروەها چەندین دەفری شووشەیی ی پڕ لەدانەوێڵەو کەرەسەی تر دۆزراوەتەوە.. پاشان (ئەرمەنستان) بە (بەپیتترین موڵکی خەلافەتی عەبباسی) دادەنرا.. باسی ئەوەش کراوە کە ناوبانگی ئەم هەرێمە بە ماسییەوە (وەك داهاتێکی خۆراکی) بۆ دانیشتوانەکەی‌و بۆ هەناردەکردنیشی (تصدير) بێ وێنە بووە.

دۆڵەکانی ئەم هەرێمە گەورەیەش بە دارستانی درەختە بەردارەکانی، قەرەباڵغ بووە. (داغستان)یش بەپلەی یەکەم لە چاخە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ وڵاتێکی کشت‌و

کاڵی بووە.. ئاووهەوای (گورجستان)یش لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە بۆ چاندنی دانەوێڵە گونجاو بووە)[1].

بەم ڕەنگە بۆمان دەردەکەوێت، کە ناوچەی بەربەستەکە بۆ بنیات نانی ئەو بەربەستە لەسەری شیاوو گونجاو بووەو، توانراویشە، کە هەر لەو ناوچەیەدا هەموو جۆرە پێداویسی یەکی خۆراكو خواردنەوەو هۆیەکانی گواستنەوەو، کەرەسەی خاوی پێویست لە تەختەو خەڵوزو مسو ئاسنو کانزاکانی تر بۆ ئەو کەسانە دابین بکرێت، کە بەربەستەکەیان دروست کردووە. هەروەها بۆمان دەردەکەوێت، کە تەنگەی (داریال)یش شوێنێکی گونجاو بووە بۆ بنیاتنانی بەربەستەکە لەسەری، ئەمەش لەبەر تەنگییەکەیو بەندبوونی لە نێوان دوو چیاداو بەرزایی هەردوو چیاکانیش لەسەر هەردوو لایەکەی. هەر بۆیەش زۆربەی زانا پێشینەکان ڕای یەکلاکراوو هەرەڕاستیان ئەوەیە، کە (ذوالقرنین) بەربەستەکەی لەسەر تەنگەی (داریال) لە چیاکانی (قەفقاز)دا بنیات ناوە.

ئاسەواری پەیکەرێکی (کۆرش)

(مولانا-ابوالکلام ازاد)و لەگەڵیشیدا، دکتۆر (عبدالعلیم عبدالرحمن خضر) ڕای یەکلاکراوەیان لەسەر ئەوەیە، کەوا (کۆرشی فارس) ئەو (ذوالقرنین)ە نێوبراوەی قورئانەو، ئەو بەربەستەش، کە لەسەر تەنگەی (داریال) بنیاتی ناوە، هەر ئەو بەربەستە باسکراوەی نێو قورئانە. هەر ئەم دوو زانا لێکۆڵەروساغکەرەوەیەش لەو بڕوایەدان، کە سیفەتەکانی (کۆرش) وەك ئەو سیفەتانەیە، کە قورئان دەربارەی (ذوالقرنین) هێناویەتی، تەنانەت لەو بڕوایەدان، کە هەر ئەو وەسفەی قورئان بۆ (ذوالقرنین) لە خودی (کۆرش)دا بەدی هاتووە.

---

١) کتێبی (ذوالقرنین)ی -محمد خیر یوسف- ص (٣٣٦-٣٣٨)، کە لە کتێبی (مفاهیم جغرافیة)ی (عبدالعلیم خضر)ەوە هێنراوە..

(ابوالكلام ازاد) بەڵگەی خۆی لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە: کە (کۆرش) بە نازناوی (ذوالقرنين) ناو براوە، چونکە هەردوو مەملەکەتی (میدیا)و (فارس)ی لەیەك وڵات دا کردووە بەیەك‌و هەریەکەشیان بە وڵاتێك شوبهێنراون، جا کاتێك هەردوو مەملەکەتی یەکخستووە، نازناوی (ذوالقرنين)ی بۆ دانراوە، بەمانای (خاوەنی دوو وڵات)، گرنگترین بەڵگەی (ابوالكلام) لەم بارەیەوە ئەو پەیکەرەیە، کە زانایانی ئاسەوار دۆزیویانەتەوەو بە پەیکەرێك بۆ (کۆرش- فارس)ی لەقەڵەم دەدەن، لەم ڕووەوە (ابوالكلام ازاد) گوتوویەتی: (ئەم کەرەسە دۆزراوە گرنگەی ئاسەوار، پەیکەرێکی بەردینی خودی (غۆرش)ەو لە شوێنێکدا دۆزیویانەتەوە، کە نزیکەی پەنجا میل لە پایتەختی کۆنی ئێران (ئیستە خەر)ەوە دوورەو لەسەر ڕۆخی ڕووباری (میرغاب) دانراوەو، پێشتر (جیمس مۆریر) دۆزی یەوەو هەواڵی وجودی ئەو پەیکەرەی بەخەڵکی گەیاندو، چەندساڵێك لەدوای ئەویش (سێر ڕابرت کەیر پۆرتر) هات‌و شوێنەکەی پێواو بەوردی پشکنی‌و، وێنەیەکی پەیکەرەکەی بە قەڵەمی (ڕەساس) کێشا، ئەمەش لەبۆتەی کتێبی گەشتنامەکەیدا بۆ ئێران‌و جۆرجیا، پاشان (قەشە/ فۆرستەر) لە ساڵی (١٨٥١)دا دەربارەی ئەو پەیکەرە وتەی خۆی دەربڕیوەو کردوویەتی بە بەڵگە لەسەر دەقەکانی تەوڕات، هەروەها وێنەیەکی پەیکەرەکەشی کە (لەوێنەی یەکەم جار) ڕوونتر بووە، بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە تا ئەو کاتەش بەتەواوەتی پەردە لەسەر هێڵی بزماری لانەبرابوو، کەچی بڕیار لەسەر ئەوە درا گوایە ئەوە پەیکەری (سائیرس)ە. واتە هی (غورش)ە، نەك یەکێکی دی، توێژینەوە نوێ یەکانی ئەم دوایی یەش بەجۆرێك پشتگیری ئەم بڕیارەیان کردووە، کە هیچ بوارێکی بۆ گومان لێ کردن تێدا نەماوەتەوە.

پاشان کاتێك نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسا (دی لافوای) کتێبەکەی خۆی دەربارەی ئاسەوارە کۆنەکانی ئێران نووسی‌و بڵاوکردەوە، وێنەیەکی فۆتۆگرافیی ئەو پەیکەرەشی تیا دانا بوو، ئیتر خەڵکیش بەتەواوەتی ئەو وێنەیان ناسی یەوە، کە پێشتر بەدەست کێشرا بوو. هەروەها (ابو الكلام ازاد) وەسفێکی بۆ پەیکەرەکە

تۆمار کردووەو، گوتوویەتی: (ئەوە پەیکەرێکە لەسەر شێوەی جەستەی مرۆڤ و، تیایدا -غۆرش- دەرکەوتووەو، لەسەر هەردوو لای جەستەشی دووباڵ وەك هەردوو باڵی هەڵۆ هەیەو لەسەر سەریشی دوو شاخی وەك هەردوو شاخی بەران هەیەو، دەستی ڕاستیشی درێژکراوەتەوەو ئاماژەی بۆ پێشەوە پێکردووەو، بەرگو پۆشاکیشی هەمان ئەو بەرگە زانراوەیە کە لەوێنەی پادشاکانی (بابل)و (ئێران)دا دیومانن. ئەم پەیکەرەش بێگومان ئەوە دەسەلمێنێت کەوا وێناندنی (ذوالقرنین) لەسەر (غورش)یش دروست بووە، هەر بۆیەش پادشاکە لەو پەیکەرەدا بە دوو شاخی سەرهەردوو لای سەرتاییەوە دەرخراوە.

کەی پەیکەرەکە دروست کراوە؟ ئەی کێ دروستی کردووە:- لەم ڕووەوە (ئازاد) دەڵێت: (بەڵام ئاخۆ کەی پەیکەرەکە دروست کرابێت؟ ئەوە هەر بەفەرمانی (غورش) لەژیانیدا یان بەفەرمانی جێنشینێك لە جێنشینەکانی دوای خۆی، کە بەئاسانی ڕوون ناکرێتەوە، دروست کراوە.. پایتەختی (عیلامییەکان)و (فارسەکان)یش شاری (سوسان) بووە کە ئەمڕۆ بە (ئەهواز) ناودەبرێتو، ئەم شارەش کەوتۆتە باشووری ولاتی ئێرانەوە. پایتەختی (مادا) واتە (میدیا)ش شاری (هیغ متانا) بووە، کە عەرەبەکان دەسکاریی ئەم ناوەیان کردووەو بە (همذان)-یان (هەمەدان).

هەروەها دەڵێت: (وا دەردەکەوێت، کە پەیکەرەکەی (غورش) لە سەردەمی (شا ئەردەشێر)دا دانرابێت، چونکە سەکۆیەکی بەردین ماوەتەوەو پەیکەرەکەیان لەسەر ڕاگیر کردووە)[1].

---

١) کتێبەکەی (ابوالکلام ازاد) بەناوی (ویسألونك عن ذي القرنین)، ل(١٠١-١٠٣)، هەروەها بڕوانە وێنەی پەیکەرەکە لە لاپەرە (١٠٤)ی ئەو کتێبەدا.

کۆتـایی ژیانی (کۆرش) و ئیمـپراتۆرێتیـیەکەی

(کۆرش) لە ساڵی (٥٥٩پ.ز)دا حوکمی گرتۆتە دەستو لـە هـەر سـێ بـەرەی ((خۆرئاوا و خۆرهـەڵاتو بـاکوورەوە)) فتوحـاتو ڕزگـارکردنی وڵاتـانی بەئـەنجام گەیاندووە. هەروەها حوکمی وڵاتەکانی (فارسو شـامو میـسرو عێـراقو ئاسـیای بچووكو خۆرهەڵاتی فارسی) لەماوەی سی سـاڵدا کـردووە، حـوکمی پادشـایی ی خۆیشی لەڕادەیەك دا بووە کە هیچ حاکمێکی تری وەك خۆی هێندە لەو زەمانـەدا حاکم نەبووە، ئـەو وڵاتانـەش کـە بـەپێی (پۆلێنکـاری هاوچـەرخ) حـوکمی تێـدا کردوون" (فەلەستینو ئـەردەنو لوبنـانو سـوریاو تورکیـاو ئێـرانو ئەرمەنـستانو تورکستان بووە.. وادیارە هـەر لەبـەر ئەمـەش بـە (ذوالقـرنین) نـاوبراوە. پاشـان (کۆرش) لە ساڵی (٥٢٩ پ.ز) کۆچی دوایی کردووە.

لەدوای کۆچی دواییشی، کوڕەکەی خۆی بەناوی (کەمبۆشیا) یان (قـەمبیز) - بەزمانی عەرەبەکان- جڵەوی حوکمی گرتۆتە دەستو ڕووی کردۆتە (میـسر)و، لـە سـاڵی (٥٢٥.پ.ز)و دا فـەتحی کـردووە. بـەڵام شۆڕشـێك لـە دژی بـەرپا بـووەو دانیشتوانی مەملەکەتی (میدیا)ش بەسەرکردایەتی (غۆماتا) لێی هەڵگەڕاونەتەوە. بۆیە (قەمبیز) لە (میـسر)ەوە گەڕاوەتـەوە بـۆ ئـەوێ تـاکو ئـەو شۆڕشـەی تێـدا سەرکوت کات، بـەڵام لـەکاتی وجودیـدا لـە (شـام) کۆچـی دوایـی کـردووە. جـا لەبەرئەوەش کەوا (کۆرش) کوڕی تری جگە لەمە نەبووە، خەڵکی وڵاتـی (فـارس) ئامۆزاکەی ئەو (واتە/ دارایۆس)، یان (داریوس)، یان کردۆتە پادشای خۆیان. دوای مردنی (داریوس)یش، (ئەردەشیر) جڵەوی حوکمی گرتۆتە دەسـت، ئـەمیش واتـە: (ئەردەشیر) ئەو پادشایەیە کە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) هێرشـی کردۆتـە سـەریو کوشتوویەتی، ئیدی دەستی بەسـەر ئـەو ئیمپراتۆرێتییـەدا گرتـووە کـە (کـۆرش) دایمەزراندبوو)[1].

---

١) (و یسألونك عن ذي القرنین) ص(١٢١-١٢٤).

ڕەوشــتەکانی (کۆرش) و ڕەوشــتەکانی (ذوالقرنین)

قورئان ئاماژەی بۆ ڕەوشتەکانی (ذوالقرنین) کردووە، (ابوالکلام ازاد)یش ڕوونی کردۆتەوە کەوا ئەم وەسفانە لە (کۆرش)و حوکمەکەیدا هەبوون، وەك دەڵێت:

((ذوالقـرنین) پیاوێکی دادپەروەر بووە لـەنێوان خەڵکیـدا، هـەر بۆیـەش خـودا کردوویەتی بە دادوەر (حەکەم) لە نێوانیاندا کە بەخواستی خۆی هەرچی یەکیان لێ دەکات، بیکات: (اما ان تعذبهم، واما ان تتخذ فیهم حسنا).. بێگومان، (کۆرش) ڕێگەیەکی پڕ لەدادو عەدالەتو چاکەو ڕەحمەتی لەمامەڵەدا لەگـەڵ وڵاتـە فـەتح کراوەکاندا گرتبووەبەر، وەك لە فەتحو ئازادکردنی مەملەکەتی (لیدیا-ی یۆنان)و، مامەڵەی لەگـەڵ پادشـاکە یـان (کرۆسـیس)دا کـە عەفوویـشی کـردو بـەڕەحمو چاوپۆشی یەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا کرد.

مێژوونوسەکانیش، چ ئەوانەی کە دۆستی (کۆرش) بوون یان دوژمنـی بـوون، ستایشی دادگەریو لەخۆبوردوویی ئـەم پادشـایەیان کـردووە کـە چـۆن مامەڵـەی جوانی لەگەڵ دوژمنە یۆنانییەکانیـدا کـردووە.. بـۆ نموونـە مێژوونووسـی یۆنـانی (هیرۆدۆتیس) گووتویەتی:- ((غورش) پیاوێکی بەخشندەو چاکە خواز بـووەو زۆر لێبوردووش بووە، وەك پادشایانی تر خوازیاری کۆکردنەوەی ماڵو سـامان نـەبووە، بەڵکو زیـاتر لەسـەر بەخـشندەیی وڕێزلێنـان سـوور بـووەو، دادو عەدالـەتی بـۆ مەزلوومان دابین کردووەو هەرچی خێرو چاکەیە بۆ مرۆڤی خواسـتووە). هـەر لـەم ڕووەوە مێژوونوسێکی تری یۆنانی کە (زینۆفن)ە گوتوویەتی: (ئـەو، پادشـایەکی ژیرو میهرەبان بووەو وێڕای ئـەوەی ڕەوشـتە جوانـەکانی پادشـایانی تێـدا بـووە، سیفەتە بەرزەکانی دانایانیشی تێدا کۆبۆتەوە، وەك ئەوەی کـە لـە ورەو هیمەتیـدا گەورەیی زیاتری دەرکەوتووەو، لە چاکەو پیاوەتیدا بەسـەر شـکۆی پادشـایەتی دڵ زاڵ بووەو، خزمەتی مرۆڤایەتیش بووەتـە دروشمێکـی و، بـەکارهێنانی دادگـەریو

عەدالەتیش بۆ ستەم لێکراوان نەریتی دیاری بووە، ئیدی ئەو لەخۆبوردوویی‌و چاوپۆشی یەشی، جێی خۆ بەگەورەدانان‌و بەخۆنازینی بۆ گرتۆتەوە)[1].

بەڕاستی دادپەروەریی‌و لێبوردەیی (کۆرش) هەردوو مێژوونووسە دوژمن‌و ناحەزە یۆنانییەکە (هێرۆدۆتیس)و (زینۆفن)یشی هێناوەتە قسەو، شاهیدیی ئەو نەریتە بەرزانەیان بۆ داون.. هەر بۆیەش شاعیرەکە ڕاستی پێکاوە کە گوتوویەتی:-

ومليحة شهدت بها ضراتها   والفضل ما شهدت به الاعداء

(کۆرش) ئیمانی بەخودا هەبووە

قورئانی پیرۆز بەڕاشکاوی‌و بەڕوونی ئەو ڕاستییەی بەدیار خستووە کەوا بێگومان (ذوالقرنين) ئیمانی بەخودا هەبووەو، دەم بەزیکرو یادی خودا بووەو، سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی بووەو، دانی بە فەزڵ‌و چاکەی خوادانـاوە. (ابوالکلام ازاد)یش هەڵوێستەی لە ئاست بیروباوەڕی (کۆرش)دا کردووەو ڕوونیشی کردۆتەوە کە ئەو خواناس‌و خوا بەیەك گر بووەو، پەرستیارو عابیدێکی تەواوی خوداو، دڵسۆزێکی دیاری ئاینەکەی بووە، (کۆرش) لەسەر ئاینی (زەردەشت) بووەو، زەردەشتیش لەسەر دینی خوا بەیەك دانان‌و (تەوحید) بووە، هەروەها (کۆرش) پێشتر ئاینەکۆنەکەی مەملەکەتی (میدیا)ی پشتگوێ خستووە، چونکە ئایینی ئاگرپەرستی (مجوسي) بووە.. کاتێك (کۆرش) کۆچی دواییشی کردووە، ئاگر پەرستەکان شۆڕشێکیان لەدژی دینەکەی (زەردەشت) بەرپاکردووەو، بەڵام (داریۆش) شۆڕشەکەیانی لەناوبردووە، (زەردەشتی یەکان) لەسەردەمی ژیان‌و حوکمرانی (کۆرش)دا ئیمانیان بەخودا هێناوەو خواناس‌و خوا بەیەکگربوون.. بەڵام دوای ئەو سەردەمە برێکی زۆر لە دینی ئاگرپەرستیی تێکەوتووەو دزەیان بۆ نێو

---

١) (و يسألونك عن ذي القرنين) –ص(١٣٩).

دینه ڕەسەنەکەیان کردووەو، ڕێبازی خوا بەیەك دانانەکە (توحید)یان تێکەڵی شیرك‌و کوفر (هاوەڵ بۆ خوا دانان‌و بێ باوەڕی) کردووە.

ئیدی بەناوی (مجوس/ واتە ئاگرپەرستەکان)ەوە ناسراون‌و، موسڵمانانیش بنچینە ڕاست‌و دروستەکەی ئەم ئایینە ئاسمانی‌و پەیامە زەردەشتییەکەشیان (یان ئاگر پەرستە تازەکانیان) بیر نەچۆتەوەو زانیاریان هەبووەو بەڵام دواتر شێواندوویانە، وەك پێغەمبەری خوداش ﷺ لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ((**سنوا بهم سنة اهل الکتاب**)).. واتە مەماڵەتان لەگەڵ زەردەشتی یەکانیش دا وەك مامەڵەتان لەگەڵ ئەهلی کیتاب (جوولەکەو دیانەکان)دا بێت.. هەر بۆیەش موسڵمانان سەرانە (جزیە)یان لێیان وەردەگرت، وەك چۆن لە ئەهلی کیتاب (واتە جوولەکەو دیانەکانیان) وەردەگرت.

ئەمەش مانای وایە ئیسلام دان دەنێت بەوەدا کە ئایینی (زەردەشتی)یش ڕیشەیەکی ئاسمانی ی هەیە، وەك ئایینی جوولەکەو مەسیحی، بەڵام ئیسلام دان بە پەیڕەوکردنیان دانانێت، چونکە دەسکاری‌و ساختەکاریی یەکی زۆریان بەسەردا هێنراوەو، کفرو شیرك‌و هاوەڵ بۆ خوا دانانیان تێ‌کەوتووە.

بێگومان (ابوالکلام ازاد) لەو بڕوایە دایە کەوا (زەردەشت) پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرانی فارسەکان‌و، (کۆرش)یش لەسەر دینەکەی (زەردەشت) بووە بەر لەوەی ئەو دینە بکەوێتە بەر دەسکاریی‌و شێواندنی فارسەکان لەدواییدا)[1].

---

١) -ابوالکلام ازاد- (ویسألونك عن ذي القرنين). ص(١٤٢-١٦١).

یه‌ئجـووج و مه‌ئجـووج

دوای ئه‌وه‌ی ڕای ڕاستترو یه‌كلاكه‌ره‌وه‌مان هێنا له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی، كه‌وا (ذوالقرنین) ئه‌و (كۆرشی فارسه‌) بووه‌و، كه‌وا به‌ربه‌ستی (یه‌ئجووج‌و مـه‌ئجووج)یـش، كـه‌ لـه‌ قورئاندا باسكراوه‌، ئه‌وه‌یه‌ كه‌وا (كۆرش) له‌سه‌ر ته‌نگـه‌ی (داریـال) لـه‌ چیـاكانی (قه‌فقاز)داو له‌نێوان ده‌ریای (قه‌زوێن)و (ده‌ریای ڕه‌ش)دا بنیـاتی نـاوه‌، جـا دوای ئه‌و باسه‌ دێینه‌ سه‌ر باسی (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج)و شـوێنه‌كه‌یان‌و، ده‌رچـوونیان‌و ئـه‌و گۆڕانكارییـه‌ش، كـه‌ به‌سـه‌ر به‌ربه‌سـته‌كه‌دا (لـه‌دوای ئـه‌وه‌ی (كـۆرش) له‌به‌رده‌میاندا دروستی كردبوو) هاتووه‌..

((یه‌ئجـووج و مه‌ئجـووج)) له‌ قورئـان دا..

(یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج) دوجار له‌ قورئانداو (له‌ دوو شوێنی قورئاندا) ناوبراون.

یه‌كه‌میان: له‌ سووره‌تی (كهف)داو له‌و ئایه‌تانه‌دا كه‌ ئێمه‌ لـه‌م باسـه‌دا سـه‌رقاڵی شـیكارو ته‌فـسیركردنیانین:- ﴿قَالُواْ يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِنَّ يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ مُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَهَلۡ نَجۡعَلُ لَكَ خَرۡجًا عَلَىٰٓ أَن تَجۡعَلَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَهُمۡ سَدّٗا ۝٩٤﴾ الكهف.

دووه‌میش: لـه‌ سـووره‌تی (الانبیـاء)داو لـه‌م فه‌رمایـشته‌ی خـوادا: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ۝٩٦ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ۝٩٧﴾ الأنبياء.

واته‌:- (هه‌تا ئه‌و كاته‌ی، كه‌ به‌ربه‌سته‌كه‌ی (ذوالقـرنین) له‌بـه‌رده‌م (یـه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج)دا ده‌كرێته‌وه‌و (كه‌ ئه‌مه‌ش نیـشانه‌یه‌كه‌ لـه‌ نیـشانه‌كانی هـاتنی ڕۆژی

دوایی)و ئەوانیش واتە: (یەئجووجو مەئجووج) لـە هـەموو کـونو کەلەبەرێکـەوە بەشێوەیەکی زۆرو بێشومار پەیدا دەبنو دێنە دەرەوە، ئیدی بەڵێنی ڕاستو هەقی خوداش نزیك دەبێتەوەو سزاو لێپرسینەوەی خودا دەست پێدەکـات). ئایەتـەکانی سوورەتی (کهف)یش کە لەم بڕگانەی پێشوودا دیاری کراون، دەربارەی -یەئجووجو مەئجووج- هاتوونو هەواڵی خراپەو شێواندنیان لە زەویدا بـە ئێمـە دەگەیـەننو، باسی دروستکردنی بەربەستەکە لەبەردەمیاندا لەلایەن (ذوالقرنین)ەوە دەکەن کە لە سەردەمی ئەوداو چەند سەردەمێکی دوای ئەویشدا نەیانتوانیوە لە بەربەسـتەکەوە بێنە دەرەوە یان کونی تێ بکەن. بەڵام ئەم ئایەتانەی سوورەتی (انبیاء): ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ .. ﴾ دەربارەی بەسەرهاتی (یەئجووجو مەئجووج)ن لە ئایندەدا کـە پـێش هـاتنی قیامـەت بەشـێوەیەکی زۆرو بـە کۆمـەڵێکی گـەورە دەردەچن، هەواڵی نێو ئەو ئایەتانەش بە وشەی (اذا)یە کە ئاوەڵنـاوی لەمـەودوای زەمانەو (وەك مامۆستایانی ڕێزمـانو ڕەوانبێـژی)یـش گووتوویانـە (شرطـێکـی هێواشکراوی بە جوابێکی (فەتحـە لەسـەر دانـراو) تێدایـە. هـەروەها ئایەتـەکانی سوورەتی (انبیاء) هەواڵی کردنەوەی ڕێگە بۆ (یەئجووجو مەئجووج)، دەگەیەنێت، هەندێك لەزانایانیش ئەو کرانەوەی بەربەستەکەو کردنەوەی ڕێگەکـە بەشـێوازێکی ماددیو واقیعیانەی هەست پێکراو دادەنێن کـە گوایـە ئـەوان (واتـە یـەئجووجو مەئجووج) بەربەستەکەی (ذوالقرنین) دەبەزێننو لێوەی دەردەچن، ئەو زانایانـە دان بــەوە دادەنـێن کـە ئەمــە تـەنها لـەکاتی پـێش هـاتنی قیامەتـدا دەبێـتو، بەربەستەکەش تا ئەمڕۆ هەیەو لەئارادایە، بەڵام ئێمە لێرەدا ڕامان وایـە کـە ئـەم ڕێگا کرانەوەیە بۆ (یەئجووجو مەئجووج) کرانەوەیەکی مەوعنەوییە، نەك ماددیو بەرچاو کەوا بەربەستەکە بەفیعلی ببەزێنرێتو کـونی تـێ بکرێـت.. واتـە کاتێـك خودا ڕێی دەرچوونیان لە شوێنی خۆیانەوە پێ دەداتو، کە ئەوانیش دێنو هـەموو سەر زەویو وڵاتەکان داگیر دەکەن، ئەوە بەدەرچوونە دیارو گەورەکـەیان لـە پـێش

هاتنی قیامەتدا دادەنێن. (خوداش هەر خۆی زاناو ئاگادارە). هەر ئەو ئایەتەش ئاماژەی بۆ هێزی دەرچوونیانو زلهێزیو زەبەللاحیی سوپاو زۆریی ژمارەیانو شالاوی توندوتیژیان کردووە: ﴿وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ﴾.. وشەی (حدب) بەهەر بەرزایی یەك دەوترێت کە لەسەر ڕووی زەوی یەوە وەك گردو گردۆلکەو چیا بەرزو بڵند بووبێتەوە..

وشەی (ینسلون)یش واتە: لە ڕۆیشتن دا زۆر خێراو بەپەلە دەڕۆنو بەدوای یەکتردا دێنو نزیك دەبنەوەو ژمارەشیان هێندە زۆرە، کە هەموو ڕووی ئەو خاکەی داگیر دەکەن، دادەپۆشن. فەرموودە ڕاستەکان (صحیح)یش ئاماژەیان بۆ زۆریی ئەو گەلەو توندو تیژیو هێزی داگیرکاریو ترسو بیمی دەرچوونیان کردووە، ئەوەبوو لە سەرەتای ئەم باسەدا ئەو فەرموودانەمان دەربارەی ئەم بەسەرهاتە دیاری کردو، ئیدی هیچ ئاتاجێك بەدووبارەکردنەوەیان لێرەدا نیە.. هەروەها ئەو ئایەتانەی سوورەتی (الانبیاء) ئاماژە بۆ ئەو هەواڵەش دەکات، کەوا بێگومان ئەو دەرچوونە گەورەو توندوتیژو ماڵکاولکەرەی (یەئجووجو مەئجووج) دوایین دەرچوونو شالاویانەو لەپێش هاتنی ڕۆژی قیامەت دایە، وەکو خوداش هەر دوای ئەمە لەئایەتەکەدا هەواڵەکەی گەیاندووەو فەرموویەتی: ﴿وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ﴾ ئەم وەعدو بەڵێنە هەقەش هاتنی قیامەتە، واتە قیامەت بەدەرچوونی ئەمان نزیك بۆتەوەو ماوەیەکی کەم دوای دەرچونیان قیامەت دێت (وەك لە فەرموودە ڕاستەکانیش دا هەواڵی لەسەر دراوە).

ڕەگ و ڕیشەی هەردوو وشەی (یەئجووج) و (مەئجووج)

زانایانی زمان بیروڕایی لێك جوداو هەمە جۆریان دەربارەی وشەکانی (یەئجووج)و (مەئجووج) هەیە کە ئایا دەرهاوێژراوی وشەو چاوگێکن، یان دوو ناوی بیانین (واتە غەیری عەرەبین)؟! کۆمەڵێك لە زاناکان ڕایان وایە کە دەرهاوێژراون، وەك (ابن منظور)یش لە (لسان العرب)دا ڕاکانیانی هێناوەو، گووتوویەتی: (وشەی یەئجووج، وەك وشە عەرەبی یەکانی تر لە زمانی عەرەبدا دەرهاویژراوەو لە (اجت النار)و (الماء الاجاج)ەوە واتە (پەرەسەندنی ئاگرەکە)و (ئاوێکی سوێرەوە) وەرگیراوە کە سوێری ئاوەکە لەڕادەیەکی وەها توندا بێت کە خەریکە شت بسووتێنێت، وشەی (یەئجووج)یش لەسەر کێشی (وزن)ی (یفعول)ەو، وشەی (مەئجووج)یش: (مفعول)ەو وەك ئەوەی لەتین سەندنی کڵپەی ئاگرەوە بێت، دەشێت کە وشەی (یەئجوج) بکەر (فاعل) بێت هەروەها دەشێت (مەئجووج)یش هەر وابێت.. ئەمە ئەگەر هەردوو ناوەکە (عەرەبی) بن ئەوا دەرهاویشتنو وردکردنەوەیان ئاوا دەبێت، دەنا گەر ناوی بیانیی غەیرە عەرەبی بن، ئەوا لە زمانی عەرەبی دەرناهاوێژرێنو ڕەگو ڕیشەی زمانەوانییان بۆ دانانرێت)[1].

(راغبی اصفهانی)یش دەربارەی وشەی (أج) گوتوویەتی: (بۆ نموونە ((ملح اجاج)) واتە خوێ یەك کە زۆر سوێرو گەرم بێت، ئەمەش وەك لە وتەی عەرەبدا هاتووە: (اجیج النار،واجتها، وقد اجت،وائتج النهار) کە هەموویان مانای پەرەسەندنو تینو گوڕی ئاگرو گەرما دەگەیەنن، وشەی (یأجوجو مأجوج)یش لەو مانایانەوە کە بە (ئاگری هەڵگیرساوو پەرەسەندوو)و (ئاوی شەپۆڵی توند) شوبهێنراون، ئەوەش بەهۆی زۆریی جم وجووڵو لاسارییانەوە)[2].

---

١) (لسان العرب)ی (ابن منظور) بەرگی (٢)، ل(٢٠٧)..

٢) (المفردات)ی (راغب) ص-١٠-.

کۆمــەڵێکی تــر لــەزانایان ڕایــان وایــە کــە ئــەم دوو ووشــەیە: (یــەئجووج)و (مەئجووج) دەرهاوێژراوی چاوگی عــەرەبی نــین، بــەڵکو دوو وشــەی بیــانینو لــە ڕێزمانی عەرەبیدا (ممنوع من الصرف)ن، چونکە لە ناوی عەلەمو وشتە بیانیــەکان دان، هەر ئەمەش ڕای ڕاستترو پەسند ترە، چــونکە ئــەو دوو هــۆزەی (یــەئجووجو مەئجووج) لە پێش گەلی عەرەبەوە هەبوونو، لە پێش دانانی ڕێزمــانی عــەرەبیو (مفردات‌و تــصریفات‌و اشــتقاقات)ی زمــانی عەرەبیــشەوە لــەئارادابوون، ئیــدی (هەواو ئارەزووی زمانەوانی) لــە زانــا عەرەبــەکان ناوەشــێتەوە، کــە بــێنو نــاوە دێرینەکانی پێش زمانی عەرەبی بۆ ڕەگ‌و ڕیشەی ئەو وشە عەرەبییانە ببیننــەوە، کە لەپێش خودی زمانی عەرەبیــدا هــەبوون، بــۆ نموونــەش ناوەکــانی (ئیبلــیس)و (ئــادەم)و (حــەوا)و (مووســا)و (هــارون)و (تــەوڕات)و (ئینجیــل)و لــە نێــو هەمووشیاندا ناوەکانی (یەئجووج‌و مەئجووج) ناشێت بۆ زمانی عەرەبی بەرنــەوە. (خوداش خۆی زاناترە).

مامۆستا (ابوالکلام ازاد)یش ئاماژەی بۆ ئەو ڕایە کردووە، کەوا بێگومان ئــەو دوو وشــەیە بیــانین، نــەك عــەرەبی.. لــەم ڕووەوە گووتوویــەتی: (هــەردوو وشــەی (یــەئجووج)و (مــەئجووج) وا دەردەکــەون، کــە (عیــبری)بــن، بــەڵام لــە ڕەگ‌و ڕیشەیانەوە (عیبری) نین، بەڵکو دوو وشەی بیانی (اعجمــی)یــنو شــێوەو فــۆرمی زمانی عیبریان پێوە دیارە، چونکە لەو شێوازەوە نزیکن.. بــەڵام بــەیۆنانی بــەدوو وشــەی (غــاغ ــیــان ((گــاگ)-GAG)و (ماغــاغ-یــان (ماگــاگ: Magag)) دەردەبڕێن.. لە تەرجەمەی حەفتا هەمینی تەوڕاتیشدا بەم فۆرمە دەربڕاون، ئیــدی بە سەرجەم زمانە ئەوروپاییەکانیشەوە بەهەمان فۆرم‌و شێوە دەربڕاون)[1].

---

١) ابو الکلام ازاد، (ویسألونك عن ذي القرنیــن)، ص(١٦٣)..

-مەنگۆلیا- نیشتمانی (یەئجووج) و (مەئجووج)ە

زانایان ڕای لێك جوداو هەمەجۆریان لەسەر شوێنی نیشتەجێی بنەڕەتیی (یەئجووج)و (مەئجووج)و ئەو هەرێمەی، کە یەکەم نیشتگەیان بووە، هەیە. زانا لێکۆڵیارو ساغکەرەوەکانیش ڕای یەکلاکەرەوەی خۆیان هاتۆتە سەر ئەوەی، کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان ئەو بەشەی باکووری خۆرهەڵاتی زەوی (مەنگۆلیا)یەو هۆزوتیرەو کۆچەرییەکانیشی (مەنگۆل) بوون. لە سەرچاوە چینیەکانیشدا واباسکراوە، کە ڕیشەی وشەی (مەنگۆل-مەغۆل-) مەنکۆکە، واتە پیتی (کاف)ی فارسی لەدوای (نون)ەکەوە، یان بە(جیم)ی فارسی (مەنجۆکە) لە هەردوو حاڵەتەکەشدا وشەکە لە دەربڕینی عیبری (ماکۆك) بە هەردوو پیتی (کاف)ی فارسییەوە نزیکەو لە دەربڕینی (یۆنانی)یش (میکاك) بەو دوو (کاف)ە فارسییەوە نزیکە.

مێژووی (چین)یش هەواڵی وجودی تیرەیەکی ترمان لەو هەرێمەدا پێدەدات، کە بەناوی (یواشی) هەبوونو، ئەوەی دیارو ڕوونە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ئەم وشەیە (یواشی) بەردەوام پشت لەدوای پشتی نەتەوەکان دەسکاریو گۆرانکاریی تێدا کراوە، تاکو بووە بە (یەئجووج) لە زمانی (عیبری)[1]دا. کەوابوو وەك یەکلابۆتەوە، ولاتی (مەنگۆلیا)، یان (مەنغۆلیا) نیشتمانی ((یەئجووجو مەئجووج))ە، تەنانەت ناوی (مەنغۆلیا)و (مەنغۆل) بە وشەی (یەئجووج)ەوە پەیوەستنو، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشیان پێوەی هەیە، هەروەها هەندێك جار (یەئجووجو مەئجووج) بەناوی (مەغۆلەکان) ناسراونو، هەندێك جاری تریش بەناوی (تەتار) ناسراون.

---

١) (و يسألونك عن ذي القرنين)، ص(١٦٤-١٦٥).

حـەوت سـوورِەکەی دەرچوونی (یەئجووج و مەئجووج)

ئـەوەمان بـۆ یـەکلاو ڕوونبـووەوە کـەوا (یـەئجووج‌و مـەئجووج) لەناوچـەی (مەنگۆلیا)و (تورکستان)ی سەر بەچین‌و ڕووسیاشدا نیشتەجێ ببـوون، بـەڵام ئایـا پێشتر دەرچوون؟ یان هەتا کاتی هاتنی قیامـەت هـەر دەرناچـن؟! کۆمـەڵێك لـە زانایان ڕایان وایە کە ئەوان تـەنها یـەك جـار دەردەچـن، ئـەوەش لـەپێش هـاتنی قیامەتدا، بەڵام زانا لێکۆڵیارو توێژەرەوەکان ڕای ڕاسـترو یـەکلاکراوەیان لەسـەر ئەوەیە، کەوا ئەوان واتە: (یەئجووج‌و مەئجووج) چـەندین جـار دەردەچـن، دوایـین جاریش ئەو دەرچوونە گەورەو ماڵکاولکەریان لە پـێش هـاتنی قیامـەتـدا وەك لـە فەرموودە ڕاستەکاندا دیاری کراوە، هەر ئـەم زانـا لێکۆڵیارانـەش ئاماژەیـان بـۆ حەوت سووڕی دەرچوونی لەمەوبەریان (بەدرێژایی مێژوو) کردووە، کە (ابو الکـلام ازاد) لە کتێبەکەیدا (ویسألونك عن ذي القرنين) هێناویەتی‌و، بەم جۆرە بووە:-

سووڕی یەکەم: پێش چاخە مێژووییە یەکە بووە، واتە نزیکـەی پێـنج هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر، کـە شـاڵاویان دەبـردە سـەر دەشـتـەکانی چـین‌و هەڕەشـەیان لـە شارستانێتییە دێرینەکەی دەکرد بەوەی، کەوا لە بیابانی (جوبی)یەوە هێرشـیان دەکردنە سەر.

سووڕی دووەم: لـە بەرەبـەیانی مێـژوودا، واتـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٠٠٠-١٥٠٠)ی پێش زاییندا، کە لەو ماوەیەدا شەپۆلی هێرشەکانی مەغۆلییەکان لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بەخەستی دەستی پێ دەکرد، تا دەشتایی یـەکانی چین‌و بەرزاییەکانی نێوان ئاسیاو مەنگۆلیاو تورکستان، پاشان حەزیان لە ئارامی‌و هێمنی دەکردو سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵی دەبوون.

سووڕی سـێیەم: ئەم سووڕو دەورانەش لـە دەوروبـەری سـاڵی (١٠٠٠/ پ .ز)ەوە دەستی پێکردووە، كە هەر ئەم هۆزانە شاڵاویان بردۆتە سەر ناوچەی (قەزوێن)و (دەریای ڕەش) و(باكووری قەفقاز)و (حەوزی نێوان هەردوو ڕووباری (دانووب)و فۆلگام). چەند هۆزو تیرەیەك لە (یـەئجووجو مـەئجووج) كـە یۆنانیـەكان بـە (تیرەكانی ((سی تیهین)) ناویان بردووە، لە تەنگـەی ((داریـال)) لـە چیاكانی (قەفقاز)ەوە پەڕیونەتەوە تاكو هێرش بكەنە سـەر شارسـتانێتی (نەینـەوا) لـە دەوروبـەری سـاڵی (٧٠٠/پ. ز)دا، ئـەم هێرشـانەی مەغۆلییـەكان بۆسـەر (نەینـــەوا) كاریگەرییـــەكی ڕاســـتەوخۆیان لـــە ڕووخـــانی شارســـتانێتی (ئاشوورییەكان)دا هەبووە، وەك مێژوونووس (هیرۆدۆتس) كە بە(باوكی مێژووی یۆنان)دا دەنرێت، ئاماژەی بۆ كردووە.

سووڕی چوارەم: لە دەوروبەری سـاڵی (٥٠٠/ پ.ز)دا بـووە كـەوا تیرەكـانی (سـی تیهین) پەلاماری ناوچەكانی خۆرئاوای ئاسیایان لەڕێ ی تەنگـەی (داریـال)ەوە دەدا، ئینجا (ذوالقرنین)یش: واتە: (كۆرشی فارس) بەربەسـتەكەی لەسـەر ئـەو تەنگەیە بنیات ناوە، هەر بۆیەش ڕێ ی لە پەلامارو هێرشـەكانی (یـەئجووجو مـەئجووج) گرتووەو تاماوەیەكی دیاری زەمان ئەو وڵاتانەی ئاسوودە كردۆتەوە.

سووڕی پێنجەم: تیرەكانی (یەئجووج و مـەئجووج) بـەرەو خۆرهـەڵات ڕۆشـتوونو هێرشیان كردۆتە سەر ئیمپراتۆریەتی (چین)، مێژوونووسانی (چین) ئەم تیرانەیان بە (هیۆنگ هۆ) ناو بردووە.. هەر لەوماوەیـەش دا ئیمپراتـۆری (چـین): (شـین هوانگ تی) شوورا گەورەكەی چـینی بنیـات نـاوە تـاكو بـەر بەهێرشـەكانیان بگرێت، ساڵی (٢٦٤/پ.ز)یش دەستی بە بنیات نانی بەربەستەكەیان كردووەو لەماوەی دە ساڵدا تەواوی كردووەو، ئیدی توانیویەتی بەرەنگاری هێرشـەكانیان بۆ سەر چین ببێتەوە، لەنێو خەڵكیش دا ئەو دەنگۆیە (شائعە) بڵاوبووەوە كـە گوایە (شوورەی چین) بەربەستەكەی (ذوالقرنین)ە.. ئەمـەش هەڵەیەكـە، چـونكە

بەربەستەكەی (ذوالقـرنین) لەسەر تەنگەی (داریال) بنیات نـراوەو بـۆ بـەرگرتن لەهێرشی پێنجەمیان بووە، واش دیارە ئیمپراتۆری (چین) سوودی لـە ئـامرازی (كۆرش) وەرگرتووە تاكو هێرشـەكانی (یـەئجووجو مـەئجووج) بووەسـتێنێت، بۆیە شوورەی چینی دروست كردووە.

سووری شەشەم: لەسەدەی چوارەمی زایینی دا بووە، كە ڕوویان كردۆتە ئەورووپا بـە سەركردایەتی پێشەواكەیان (ئەتتیلا)و توانویانە هێرش بكەنـە سـەر دەوڵـەتی (ڕۆمانی)و بچنە نێو پایتەختەكەیان (ڕۆما)وە وكاولیشی بكەن، بەم شێوەیەش ئەو شارستانێتییە ڕۆمانیەی، كە چەندین سەدەی خایاند بوو، لەناوبردووە.

سووری حەوتـەم: لەسـەدەی دوازدەهـەمی زایینـدا بـووە كـە ڕێكـەوتی سـەدەی حەوتەمی كۆچی یەو كە لەشكرەكانیان بەسـەركردایەتی (جـەنگیزخان) بـەرەو میرنشینیو مەملەكەتە ئیسلامییەكان لەبەشی خۆرئاوادا چـوونو بەسـەریاندا زاڵ بوونو، وێرانیان كردوون، پاشان نەوەی (جـەنگیزخان) كـە (هۆلاكـۆ) بـووە توانیویەتی لـە سـاڵی (٦٥٦ ك)دا بـچێتە نێـو شـاری (بەغـدا)ی پایتـەختی خەلافەتەوەو، وێرانیشی بكات.

ئەمەی پێشوو بەشێكی پوختو كورتكراوەی هەر حەوت سوورەكەی دەرچـوونو شاڵاوەكانی (یەئجووجو مەئجووج) بوو، كە (ابو الكـلام ازاد) هێنـاوێتیو دكتـۆر (عبدالعلیم خضر)یش لێوەی وەرگرتووە[1].

---

١) كتێبی (ویسألونك عن ذي القرنیـن)، ص(١٦٦-١٦٨)، هـەروەها كتێبـی (ذوالقرنیـن)ی —محمـد خیـر یوسف، ص(٣١٠-٣١١)..

-(جـەنگیزخان) و (هـۆلاكۆ) له (یەئجـووج و مەئجـووج)-

كۆمەڵێك له مێژوونووس‌و زانایانی تەفسیر ڕایان وایـه كـه (مەغۆڵـەكان)یـان (تەتەرەكان) له (یەئجووج‌و مەئجووج)ن‌و له سووڕێك له سووڕەكانی دەرچـوونیاندا بوون، دەرچوونی (جـەنگیزخان)و پاشـان (هۆلاكـۆ)ش بـۆ هێـرش‌و پـەلاماردانی گەلانی تر بەسووڕی حەوتەمی سووڕەكانی دەرچـوونیان دادەنـێن، ئـەم بیروڕایـەش دەشێت ڕاست‌و جێگیر بێت نەك ڕەتكراوەو سەیرو نامۆ بێـت، چـونكه دەرچـوونی (مەغۆل) یان (تەتەر) یاخود (یەئجووج‌و مـەئجووج) بەشـێوەیەكی زۆرو گـەورەو دڕندانه بووەو، بەسوپایەكی گەورەو وێرانكەریشەوە وڵاتـانی موسـڵمانانیان داگـیر كردووەو، شوێنەواری شاڵاوو وێرانكاریشیان زۆر دیارو ئاشكرابووە..

مێـژوونـووس (ابن الاثیـر) لەو سـەردەمەدا

مێژوونووس (ابن الاثـیر) لەو سەردەمەدا ژیاوە كه سەرەتای دەرچوون‌و هێرشـی ئەو شـەڕانگێزانه بـووە بـۆ سـەر وڵاتـی موسـڵمانان و، كـاولكردنی مەملەكەتـه ئیسلامیەكانی خۆرهەڵات، نـاوبراو چـەندین كـاری وەحـشیانەو بـەدكارییانی لـه كتێبەكەیدا (الكامل فی التأریخ) نووسیوەتەوەو تێكەڵی ڕستەو بڕگەی خەمناكی‌و ئەسەف‌و نائومێدی كردووەو، بەهەست‌و سۆزو ڕەنگدانەوەیـەكی عـاطیفیانـەوە كـه ئەوپەڕی (بەزەیی‌و ئاڵوودەیی ی خۆی لەسەر ئایندەی ئیسلام‌و موسڵمانان) پیـشان داوە، دایڕشتوونەتەوە، بەڵام (ابن الاثیر) پێش هێرشی (هۆلاكۆ) بۆ سەر (بەغـدا)، لەساڵی شەش سەدو سی (٦٣٠)ی كۆچیدا. كۆچی دوایی كردووە.

ناشزانین ئاخۆ (ابن الاثیر) تا كاتی (داگیركردنـی بەغـداو وێرانبـوونی) ئەگـەر لەژیاندا بوایه، چۆن ئەو كارەساته پشت شكێنەی له مێژووەكەیدا تۆمـار دەكـردو

بەچ شێوازێکی دارشتن دەینووسییەوە لەکاتێکدا جگە لەوەی (مێژوونووس بـووە)، ئەدیبێکی هەست ناسـكو بەسـۆزیش بـووە، کتێبـی مێژووەکەشـی (الکامـل فی التأریخ) بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی دادەنرێـت کـە دەربـارەی سـەرەتای دەرچـوونی (جەنگیزخان)ەو بەتایبەتیش لەدەسالّی هەوەلّینی ئەو دەرچـوونو پـەلامارەیان دا. لایەنێکی باشی نێو وتەکانی (ابن الاثیر) ئەوەیە تـەنها وەك گێڕانـەوەو ڕیوایـەتی مێژوونووسێك نیین، بەلّکو خرۆشاوە بەو ڕووداوانەو کاری تێکردوون، بۆیە مێژووی ئاوێتەی هەستو سۆزو کارلێـكو کاردانـەوەکان کـردووەو، ئیـدی مێژووەکـەی وا دیارە کە خوێنەر وا دەزانێت پیاوێکی لەبەردەم دایەو لە هەموو خەمو حەسـرەتو مەینەتیو ئازارەکاندا تواوەتەوەو خەمبارو ڕەنگ هەلّبزرکاو بووە تیایاندا.

هەروەها (ابن الاثیر) هەلّوێستە لەبەردەم ڕووداوەکانیش دا کردووە تاکو پەنـدو وانەو ئامۆژگاریی (لەوەی دەینوسێتو دەیکـات بەمێـژوو) دەربێنێـتو بیانخاتـە ڕووو ئەو سوننەتە کۆمەلاّیەتی یە (خودایی) یەش بخاتـە بـەر چـاوی خوێنـەر کـە هەمیشە ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوو بەڕێوە دەبات، ئیـدی ڕووداوەکـانی مێـژووش ڕەنگدەرەوەی ئەو سوننەتەو تەرجەمەو کاردانەوەیـەکی کردەیـی (عەمـەلی)یـشی دەبن.. پاشان (ابن الاثیر) سەرچاوەکانو هەوالّەکانی ئەو مێژووەی، لە کەسـانێکی زیندووی ژیـاوی نێـو ئـەو سـەردەمەوە هێنـاوەو کـە پێیـان خرۆشـاونو ڕووداوە دلّتەزێنەکانیان دیوەو کاریان تێکراوە.. هەر بۆیە سەرچاوەی نووسینی (ابن الاثیر) بوون بەچاوگێکی زیندووی وا دادەنرێت کە لە مەیـدانی سـەربازییەوە وەرگـیراوەو، ئەوانەش کە بەسەرهاتو ڕووداوەکانیان بۆ گێڕاوەتـەوە وەك (چـەند پـەیامنێرێکی جەنگیو چەند ڕۆژنامە نووسێکی نێو مەیدان) شـوبهێنراون. بەهـەر حـالّ ئـەوەی ئەرکی ئێمەیە ئەوەیـە نامانـەوێت کـە لـە بابـەتی (لێـدوانمان لـە (ابـن الاثیر)و تایبەتمەندییەکانی) دەرچین.

سەرەتای هاتنە سەرکاری (جەنگیزخان) و هێرشیی بۆ سەر موسڵمانان

سەرەتای دەرچوونی (یەئجووجو مەئجووج) لە سووڕی حەوتەمدا لە ساڵی (١٦١٦ك)دا بووەو لەوکاتەدا ئەوان نیشتەجێی ناوچەی (مەنگۆلیا) بوون بەتایبەتیش لەنێو چیاکانی (طمغاج)[1]داو، پادشایەکیان بەناوی (ئۆزبیك خان) هەبووە، لەنێو فەرماندە گەورەکانیشیدا لاوێك بەناوی (تیموجینی) هەبووە، کە ناحەزە حەسوودەکانی لەلای پادشا قسەیان بۆ هەڵبەستووەو بێزراندوویانە تا ئەویش ڕقی لێ هەڵگرتووەو بۆ ناوچەیەکی دوورە دەستی وڵاتەکەی دوور خستۆتەوە، (تیموجینی)یش لەپادشا، کە هەڵگەڕاوەتەوە، واتە لە (ئۆزبێك خان)و سوپایەکی پێك هێناوەو جەنگی لەدژ ڕاگەیاندووەو، توانیویەتی بەسەریدا زاڵ بێت و، کوشتوویەتی، ئینجا خۆی بۆتە پادشا لەجێگەکەیدا وناوی خۆیشی لە (تیموجینی)یەوە بۆ (جەنگیز خان) گۆڕیوە.. ئیدی (جەنگیز خان) لەساڵی (٥٥٩.ك)دا بۆتە پادشاو هەموو ناوچەکەش ملکەچی حوکمی بوونو، لەوێوە بەرەو بەشی خۆرئاوا هاتووە، کە ناوچەیەکی ئیسلامی بووەو، دەسبەجێ پادشای موسڵمانان (خوارزم شاە) لە وڵاتی خۆرهەڵات لەساڵی (٦١٦.ك)دا ڕووبەڕووی بووەتەوەو بەڵام (جەنگیز خان) ئەم پادشایەی بەزاندووەو پادشاکەش لەساڵی (٦١٧.ك)دا مردووە، پاشان (جەنگیز خان) بەسوپایەکی گەورەوە وڵاتانی موسڵمانان یەك لەدوای یەك داگیر کردوە، لەم داگیرکارییەی مەملەکەتە

---

١) الكامل لإبن أثير (١٢:٣٦١).

ئیسلامییەکاندا هەر بەردەوام بـووە لەسـەر خوێنڕێـژیو کاولکـاریی تـا لەسـاڵی (٦٢٤.ك)دا کۆچی دوایی کردووە[١].

پاشان جەنگەکانی نێـوان تەتـەرەکانو موسـڵمانان لـەدوای مردنـی (جـەنگیز خان)یش بەردەوام بووە تا نەوەی (جەنگیز) کە (هۆلاکۆ)بووە حوکمی پادشـایەتیی کەوتۆتە دەستو ئەویش جەنگو شەڕخوازی بۆ سەر موسڵمانان زیاتر کردووە.. تا لەدواییدا (هۆلاکۆ) سوپایەکی لە تەتەرەکان (یـەئجووجو مـەئجووج) ڕێکخـستو ژمارەشیان دووسەد هەزار جەنگاوەر بـوو، سـوپای موسـڵمانانیش لـە (بەغـدا)دا کەمتر لە دەهەزار جەنگاوەر بوو.

((گیـرانی بەغـدا و کـوژرانی خەلیفـە))

هۆلاکۆو سوپاکەی گەیشتنە بەغـداو لـە ڕۆژی (١٢ی مـانگی محرمـی سـاڵی (٦٥٦/ك)دا گەمارۆیدا، هەریەکە لە (وەزیری رافضی، ابن العلقمی) کە ـ سـەرۆك وەزیرانی خەلیفە- بـوو و، ڕاوێـژکارە بـەدکارە (ئیـسماعیلی)یەکەشـی کـە نـاوی (نـصيرالدين الطوسـي) بـوو ڕۆڵێکـی زۆر نالـەباریان لـە لاوازکردنـی سـوپای موسڵماناندا هەبوو و، هـەروەك ڕۆڵیـان هـەبوو لـە هـەڵنانی هۆلاکـۆ بـۆ چـوونە بەغداوەو لە گۆڕینەوەی نامـە نهێنیـەکان لەگەڵیـداو جـوانکردنی مەسـەلەکەش لەبەرچاوی.

ئیدی (یەئجووجو مەئجووج) گەمارۆی بەغدایانداو، پاشان لـەکۆتایی یـەکانی مانگی (محرم)ی ساڵی (٦٥٦/ك)دا چوونە نێو بەغداوەو، لـەو کاتانەشـدا هۆلاکـۆ فەرمانی بۆ سوپاکەی دەرکـرد کـە هـەموو خـەڵکی دانیـشتووی بەغـدا بکـوژن. سوپاکەشی بۆ ماوەی چل ڕۆژ شمشێریان لەسەر خـەڵکی بەغـدا بـەردەوام بـووەو،

١) (البداية والنهاية)- (١٣: ١١٨).

ژمارەی کوژراوانی موسڵمانانیش تەنها لە شاری بەغدادا هێندە زۆر بووە، کە بیروڕای جیاوازی مەزەندەکاریی تیادا هاتووە، بۆ نموونەش گوتراوە: ژمارەیان سێ سەد هەزار کەس بووە، گوتراویشە یەك ملیۆنو هەشت هەزار کەسی تیادا کوژراوە، پاشان گوتراوە: دوو ملیۆن کەسی کوژراوە.

هەروەها (هۆلاکۆ)ش خەلیفەی موسڵمانان (المعتصم بالله)ی لە مانگی سەفەری ساڵی (٦٥٦.ك)دا کوشتووە[١].

(عین جالوت) و زاڵ بوون بەسەر (یەئجووج و مەئجووج) دا

(هۆلاکۆ) لە بەغداوە بەسوپای مەغۆڵەوە بەرەو وڵاتی شام کەوتە ڕێ و، شاری (حەڵەب)ی داگیر کردو وێرانی کردو دانیشتوانەکەشی کوشت، لەبارەگای حوکمرانیی مەغۆڵەکانیش لە بەشی خۆرهەڵاتدا چەند ناکۆکییەك لەنێوان فەرماندەکانو لێپرسراوانیاندا ڕووی دابوو، بۆیە (هۆلاکۆ) ڕووی کردە ئەوێ و، فەرماندەی مەغۆلی (کەتبغا)ی کردە سەرکردەی سوپا لە (شام)دا. موسڵمانانیش خۆیان بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی (کەتبغا)و سوپاکەی سازو ئامادە کردو سەرکردەکەشیان (المظفر قطز)و (الظاهر بیبرس) بوو، هەردوو سوپاکەش لە (عین جالوت) پێك گەیشتنو جەنگێکی سەختو دژوار، کە هەر بەناوی جەنگی (عین جالوت)ەوە ناسراوە، لە ڕۆژی هەینیی (٢٥)ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٦٥٨.ك)دا لە (دوای دوو ساڵ لە گیرانی بەغداو وێران بوونی) لە نێوان هەردوو لادا بەرپا بوو.

شەڕو کوشتار لەنێوان سوپای (یەئجووجو مەئجووج) بەسەرکردایەتی (کەتبغا)و، سوپای موسڵمانان بە سەرکردایەتی (قطز)دا خەستترو توندتر

---

١) بڕوانە وتەی (ابن کثیر) دەربارەی ئەو مەینەتییە، بەرگی (١٣)، لاپەرە (٢٠٠-٢٠٦).

دەبووەوەو بەتوندترین‌و دژوارترینی جەنگەکان‌و بەهێز ترینیشیان دادەنراو، تیایـدا (قطز) بەسەدای سەرکەوتنی (وا اسلاما/هـۆ ئیـسلام)ەوە هـاواری کـرد. خـوداش فەتح‌و سەرکەوتنی بۆ موسڵمانان مسۆگەر کردو، مەغۆلەکانیشی بەزاند، هەروەها (ئەمیر: جمال الدين ئـاغوش) گەیـشتە ناوجەرگـەی سـەرکردایەتیی مەغۆلـەکان‌و توانی (کەتبغا)ی سەرکردەشیان بکوژێـت[1]. ئیـدی سـوپای مەغۆلـەکان بـەزی‌و تێکشکا، ئەمەش یەکەمین بەزینی گـەورەیان بـوو کـە بەسـەریان دابێـت، (عـين جالوت)یش سەرەتای کۆتایی هاتنی سووڕی حەوتەم بوو لە سوورەکانی دەرچـوونی ((یەئجووج‌و مەئجووج))، دوای ئەوەش هیچ ڕۆڵ‌و کاریگەریان نـەماو، هـیچ بـالاّ دەستی‌و ڕکێفێکیشیان بۆ نەمایەوە.

چـەند تیرەیەکیـشیان لـە ناوچـە تازەکانـدا مانـەوەو هەنـدێك دەوڵەتۆکـەو میرنشینیان لە وڵاتانی هیندستان‌و خوراسان‌و تورکستان‌و چەند وڵاتێکی دیـدا بـۆ خۆیان دامەزراند، ئایینی ئیسلامیش کاری کردە سەر هێندێکیان‌و کاردانەوەی لـە دڵ‌و دەروونیاندا هەبوو، بۆیە موسڵمان بوون‌و هاتنە نێو ئایینی ئیسلامەوە، یەکەم کەسیش کە لێیان موسڵمان بوو (شا بەرەکەت خان)ی نەوەی (جـەنگیز خـان) بـوو کە لە هەمان کاتدا ئامۆزای (هۆلاکۆ)ی خوێنڕێژیش بووە، بۆیە چەند جەنگێك لـە نێوان (شا بەرەکەت)و (هۆلاکۆ)دا بەخەستی ڕووی داو، لەدواییدا (بەرەکەت خانی موسڵمان) بەسەر ئامۆزا کافرەکەیدا سەرکەوتووە[2]. (واتە بەسەر هۆلاکۆ)دا.

---

١) بڕوانە (البداية والنهاية)، بەرگی (١٣)، لاپەرە(٢٢٠-٢٢٢).

٢) هەمان سەرچاوە، (١٣: ٢٣٨-٢٤٠).

((لاواندنەوەی (ابن الاثیر) بۆ ئیسلام و موسڵمانان لە ترسناکی شاڵاوەکان دا))

مێژوونووسە موسڵمانەکان هەموویان یەکدەنگو یەکران لەسەر ئەوەی کە بێگومان مەترسیی مەغۆلەکان لە ترسناکترینی هەموو ئەو مەترسییانەی تر بووە کە بەرەو ڕووی موسڵمانان بۆتەوە، زیانو قوربانییەکانیشیان لە ئاکامی شاڵاوی مەغۆلدا لە هەموو ئەو زیانو قوربانیانەی (نەتەوەی ئیسلام بەدرێژایی مێژووی موسڵمانان) زیاتر بووە، ئەو مێژوونووسانەش لە ئاکامی ئەو کارەساتانەدا بۆ ئیسلامو موسڵمانان نیگەران بوونو وایان پێشبینی کردووە کە دەوڵەتێك بۆ ئیسلام دروست نەبێتەوە، بۆیە ئەو نیگەرانیو خەمو پەژارانەیان لە کتێبەکانیاندا نووسیوەتەوە، لێرەشدا هەردەگەڕێینەوە بۆ لای مێژوونووسی شاعیری هەست ناسك (ابن الاثیر) تاکو پارچە پەخشانێکی خەمناکی مێژوویی بۆ تۆمار بکەین کە تیایدا ئیسلامو موسڵمانان دەلاوێنێتەوە.. وەك لە سەرەتای کتێبی مێژووەکەیدا باسی دەرچوونی تەتەرەکان بۆ خاکی ئیسلام دەکات لە ساڵی (٦١٧.ك)دا، کە نووسیویەو دەڵێت:-

(چەندین ساڵە دانم بەخۆدا گرتووەو خۆم لەباسی ئەم ڕووداوە لادەدەم، ئەمەش بە مەبەستی بەگەورەگرتنی و، ڕق لێبوونەوەش لە باسکردنی، چونکە من لە باس کردنیدا دوو دڵ بوومو پێ یەکم ناوەتە سەر کارەکەو، پێیەکیشم دواخستووە، ئاخر کێ بەلایەوە ئاسانە کە پرسەو لاواندنەوە بۆ ئیسلامو موسڵمانان بنووسێت؟ ئەی کێ باسی ئەو ڕووداوە ناخۆشەی بۆ ئاسان دەبێتو بەلایەوە ئاساییە؟ خۆزگە دایکم منی لێ نەبوایە، خۆزگە پێش ڕوودانیشی دەمردمو شتێکی لەبیرچووو بیرکراوە دەبووم، بەڵام من کۆمەڵێك لە هاوڕێیانم زۆر هانیاندام لەسەر نووسینەوەی ئەم ڕووداوانەو، لە کاتێکدا دەستەوسان وەستا بووم، پاشان بۆم

دەرکەوت، کە پشتگوێ خستنی ئەم کارە (کاری نووسینەوەکە) هیچ سوودێکی نابێت، بۆیە دەڵێین (ئەم کارە باسی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە گەورەیەو ئەو کارەساتە مەزنەیە کە لە هیچ ڕۆژگارو شەوگارێکی تری زەمان دا وێنەی نەبووەو، کە هەموو خەلقی خودا بەگشتیو موسڵمانانیشی بە تایبەتی گرتۆتەوە، خۆ ئەگەر بگۆ (قائل)ێك بڵێت: (جیهان هەرگیز لەو ڕۆژەوەی (خودا ئادەمی خەلق کردووە تا ئەمڕۆ) کارەساتی لەم جۆرەی بەخۆیەوە نەدیوە) ئەوە کەسێکی ڕاستگۆیەو وتەکەی ڕاستە، چونکە هەموو قۆناغەکانی مێژوو ڕووداوێکی وای تۆمار نەکردووە کە نزیكو لێك چووی ئەم چەشنە ڕووداوانە بێت، لەو ڕووداوە گەورانەش کە پێشتر گێڕراونەتەوە ئەو کارەساتی کوشتو بڕو وێرانکاری یەیە کە (بەختنەسر) بەسەر (بەنوئیسرائیلی)ی دا هێناوە کە خەڵکێکی زۆری لێ کوشتوونو (بيت المقدس)یشی وێران کردووە. (بيت المقدس)یش بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەموو کاری تێکدانو وێرانکردنەی نەفرەت لێکراوانی مەغۆلو تەتەردا، کە هەر شارێك لەشارە تێکدراوەکان چەندان هێندەی بارستاییو قەبارەی ناوچەکەی بوون گەلێك کەمتر دیارە، چونکە ژمارەی کوژراوانی (بنو اسرائيل)یش بەدەستی (بەختنەسر) زۆر زۆر کەمترە لە دانیشتوانی هەر شارێك کە بەدەستی مەغۆلەکان کوژراون، لەوانەشە خەڵکی تا ڕۆژی بەقرِدا چوونی دنیا نموونەی لەم کارەساتە نەبینن، مەگەر تەنها کارەساتی دواییینی (یەئجووجو مەئجووج) نەبێت، کابرای جادووگەریش (الدجال) ئەو کەسانە دەهێڵێتەوەو نایانکوژێت، کە پەیڕەوی دەکەنو باوەڕی پێ دێنن، بەڵام ئەم مەغۆلانە هەموو جۆرە کەسێکیان کوشتووەو تەنانەت ئافرەتانو پیاوە پیرەکانو منداڵانیشیان کوشتووە، سکی ئافرەتی دووگیانیشیان هەڵدڕیوەو کۆرپەلەکانی نێو سکیان کوشتوون، ئێمەش لە ئاست کارەساتو قەدەری ئاوادا هەر دەڵێین -انا لله وانا اليه راجعون، ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم-..

جا ئەم کارەساتەی، کە پریشکی شەڕانگێزی بە هەموو لایەکدا پەڕیوەو، زیانو زەرەریشی هەموو لایەکی گرتۆتەوەو بەنێو وڵاتاندا وەك هەورێك، کە بای

بەدواوەیە تێپەڕیوە، لەوەدا بووە کە گەلێك لە دەوروبەری وڵاتی چینەوە دەرچوونو ڕوویان کردۆتە وڵاتانی تورکستان وەك (کاشغەر)و (بلاساغون) پاشان لەوێوە بەرەو وڵاتانی پشت ڕووبار هاتوون، وەك (سەمەرقەند)و (بوخارا)و وڵاتانی تری ئەو ناوچەیەو، بەسەریاندا زاڵ بوونو (ئەو جۆرە کارەساتەی بەسەر ئێمەدا هێنایان) بەسەر ئەوانیشدا هێناویانە.

ئینجا کۆمەڵێك لەوان بۆ (خوراسان) پەڕیونەتەوەو هەموو سامانو موڵکێکیان بەتاڵان بردووەو وڵاتەکەیان وێرانو خاپوور کردووەو هەموو شتێکیان زەوت کردووەو دانیشتوانەکانیشیان کوشتوون، پاشان پەڕیونەتەوە بۆ شارەکانی (ڕەی)و (هەمەدان)و (بلد الجبل)و وڵاتانی دی تا سنووری عێراق، ئینجا ڕوویان کردۆتە وڵاتی (ئازەربایجان)و (ئێران)و کاولیان کردووەو دانیشتوانەکەشیان کوشتوون، هیچ کەسێکیش لەدەستیان دەرنەچووە مەگەر هەڵاتوویەکی ئاوارە لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا ئەگەر هەواڵی هەمان کارەساتی نەبیستبێتەوە)[1].

هەروەها (ابن الاثیر) بەردەوام بووە لەسەر لاواندنەوەکەی بۆ موسڵمانان و، گوتوویەتی:-

(ئیدی ئێمە هەر بەندەی خوداینو هەر بۆ لای خوداش دەگەڕێینەوە (فإنا لله و إنا الیه راجعون) داوا لە خوداش دەکەین کە لەلای خۆیەوە سەرکەوتنێك بۆ ئیسلامو موسڵمانان مەیسەر کات، چونکە جگە لە خودا هیچ سەرخەرو پشتیوانو بەرگریکارێك لە ئیسلام نیە، وەك خوداش دەفەرموێت: ﴿...وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ﴿١١﴾ الرعد﴾، تەتەرەکانیش ئەو دۆخەیان بۆ لواوە، چونکە هیچ بەرگریکارێك نەبووە)[2].

---

١) (الکامل لإبن أثیر، ١٢: ٣٥٨-٣٥٩).

٢) (هەمان سەرچاوە ١٢: ٣٦١).

(ابن الاثیر) مەغۆلەکانی بەگەورەترین مەترسی داناوە، کە بێگومان ئەو مەترسییەی لەوانەوە کەوتۆتەوە لە غەیری ئەوانەوە نەبینراوەو، هەموو کەسێك یەك ڕاوو یەکدەنگ بوون لەسەر گەورەیی مەترسییەکەیان، جا ئەو یەکدەنگیی و هاوبیروڕاییی یەی، کە لەسەر مەترسیی و دڕندەیی مەغۆل هەبووە لەسەر هیچ گەل و هۆزو تایەفەیەکی تری شەڕانگێز نەبووە، بۆیە (ابن الاثیر) ئاماژەی بۆ سەرسوڕمانی کەسانی دوای خۆیشی دەکات، لەوانەی کە ئەم هەواڵ و بەسەرهاتانەی مەغۆل و تەتەر دەخوێنێتەوەو دەبیستن و سەریان لێی سوڕ دەمێنێت.. لەمبارەیەوە (ابن الاثیر) گوتوویەتی: (ئەو کارە دڕندانەیەی، کە لەو تەتەرانەوە بینراوە، هیچ کەسێك لەدێر زەمان و لەو سەردەمانەشدا نەیبیستووە، کۆمەڵێك (تایەفەیەك) لە سنووری وڵاتی (چین)ەوە دەرچن و هێشتا ساڵێکیشی نەخایاندبێت کەچی هەندێکیان بگەنە وڵاتی ئەرمینیا لەو قوڵەوەو، وڵاتی عێراقیش لە قوڵی (هەمەدان)ەوە تێپەڕێنن.. دەسا بەخوا بەبێگومان هەر کەسێك لەدوای ئەوان و دوای سەردەمێکی تر بێت و ئەم ڕووداوەش بە مێژووی نووسراو ببینێت، ئەوا نکوولی لێ دەکات و بەدووری دەگیرێت کە کاری دڕندانەی ئاوا ڕووی دابێت، دیارە هەقیشیەتی، چونکە کەی ئەوە بەدوور دەگرێت، با هەریەکە لەوان (کەسانی دوای ئێمە)، کە ئەم دێرانە دەنووسنەوەو، هەموو ئەوانەش (کە لەم سەردەمەی ئێمەدا) مێژوویان نووسیوەتەوە، با بۆسەردەمێك بڕوانن، کە تاك بەتاکی خەڵکی ئاگاداری ئەم ڕووداوەیەو بەهۆی دیاریی و ناوبانگی گەورەیی و مەترسی ڕووداوەکانەوە زاناو نەزان وەك یەك تیایدا ئاگادارن. خوداش ئەو کەسانە بۆ ئیسلام و موسڵمانان سەرخات، کە پارێزەرو بەرگریکاری ئیسلام بوون و، بەڕاستی لە دوژمنەوە بەرەو ڕووی کارەساتی گەورە بوونەوەو بەرەو ڕووی ئەو پادشایانەی موسڵمانانیش بوونەوە لەوانەی، کە ورەو غیرەتیان لە سك و عەورەتیان تێ ناپەڕێت (واتە کە تەنها ئارەزوویان لە خۆراك و ڕابواردنە) موسڵمانانیش لە

ڕۆژی هاتنی پێغەمبەری خوداوە ﷺ تا ئەم كاتە ئازارو ناڕەحەتیی لەم چەشنەیان نەچەشتووە. دوژمنێكی تریش، كە (فەرەنگەكان) بوون لەوپەڕی وڵاتی ڕۆمەوە دەركەوتوونو لەنێوان خۆرئاواو باكوورەوە هاتوونو گەیشتوونەتە وڵاتی (میسر)و شاری (دمیاط)یان زەوت كردووەو تیایدا نیشتەجێبوون، موسڵمانانیش نەیانتوانیوە لەو شارەدا تەنگیان پێ هەڵچنن یان دەریانپەڕێنن، ئیدی تەواوی ناوچەكانی تری (میصر) لەو مەترسییەدا بووە.. بۆیە هەر دەڵێین: (انا لله وانا الیه راجعون. ولاحول ولا قوة الا بالله العلي العظیم)[1].

ڕای (سید قطب) دەربارەی (جەنگیزخان) و (هۆلاكۆ)

(سید قطب) -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- ڕایەكی دەربارەی (دەرچوونی (مەغۆڵەكان) لەسەردەمی (جەنگیز خانو هۆلاكۆ)دا) هەیەو حەز دەكات بەسوورێك لە سوورەكانی (دەرچوون یەئجووجو مەئجووج)یان دابنێت، لەم بارەیەوە گوتوویەتی: (ئەی دوای ئەمە ئاخۆ (یەئجووجو مەئجووج) كێ بن؟ ئەی ئێستا لەكوێ بن؟ ئەی كاروباریان چۆن چی بووە؟ ئەی لەمەولا چۆن دەبێت؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لەسەر ئاقاری (گەیشتن بە ڕاستی) قورسن، چونكە ئێمە هیچیان لێ نازانین تەنها ئەوەندە نەبێت كە لە قورئان داو، لەهەندێك فەرموودەو سەرچاوەی ڕاستەوە هاتووە، قورئانیش لەوبەشەی سوورەتەكەدا ئەو وتەیەی (ذوالقرنین) خۆیی هێناوە. كە گوتوویەتی: ﴿... فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ٩٨﴾ الكهف.. ئەم دەقەش سەردەمێك دیاری ناكات، مانای ئایەتەكەش (ئەگەر بەڵێنی خودا لەسەر كاتی وێران كردنی بەربەستەكە هات، ئەوا درزو كەلەبەری تێدەخاتو دەیڕمێنێت تاكو لەگەڵ زەویدا تەختی دەكات،

---

1) (الكامل لإبن أثیر،/١٢: ٣٧٥-٣٧٦).

بێگومان بەڵێنی خوداش هەر ڕاستو بەجێگەیەنراو بووه).. ئـەم دەقـە زەمـەنێك دیاری ناکاتو، بەڵێنی خـوداش بـەمانای بەڵێنیـەتی لەسـەر ڕووخانـدنو تـەخت کردنی بەربەستەکە، لەوانەشە لەوەوه هاتبێت لەو ڕۆژەوەی کە تەتەرەکان هێرشیان هێنابێتو زەوییان هەمووی داگیر کردبێتو هەموو مەملەکەتو میرنـشییەکانیان وێران کردبێت، لەجێگەیەکی تری سوورەتی (الانبیـاء)یشدا هـاتووه: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ٩٦ الأنبيـاء﴾ ، واتـه: (هەر کاتێك بەربەستەکەی (یەئجووجو مەئجووج) دەکرێتەوەو کە لە هەموو گردو دۆڵو بەرزاییەکەوه بەپەله دێنو هوروژم دێنن بۆ سەرخەڵکیو وەك ئەوە وایـه کـه هەموو ڕووبەری سەر زەوییە داگیرکراوەکانیـان داپۆشـیبێت). ئـەم دەقـەش (وەك ئـەوەی پێـشوو) سـەردەمێکی تایبـەتی بـۆ دەرچـوونی (یـەئجووجو مـەئجووج) دەسنیشان ناکات، چونکە نزیك بوونەوەی بەڵێنی حەق بـەمانای نزیـك بوونـەوەی کاتی قیامەتە، ئەم نزیکبوونەوەیەش لەکاتی پێغەمبەریـشدا ﷺ باسـکراوه، وەك له قورئاندا خودا فەرموویـەتی: ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ١ القمـر﴾، زەمانیش لەحسابی خودادا وەك حسابی نێـو مرۆڤـەکان نیـه، چـونکە پێدەچـێت لەنێوان کاتی نزیك بوونەوەی قیامەتو کاتی هاتنیدا ملیۆنەها ساڵ یان ملیۆنەها سـەدە تێپـەڕبێتو، مرۆڤـ بەدرێـژو دووریـان دابنێـتو کەچـی لـەلای خـوداش ماوەیەکی هێجگار کورت بێت.

کەوابوو ئەوەی شیاوه ئەوەیـه کـه بەربەسـتەکه لـه ماوەیـەکی نێـوان نزیـك بوونەوەی قیامەتو ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئێمـەدا کرابێتـەوەو، شـاڵاوەکانی مـەغۆلو تەتـەریش کـه بەشـی ڕۆژهـەڵاتی زەویـی گرتۆتـەوه ئـەو دەرچـوونه بـەربڵاوەی (یەئجووجو مەئجووج) بوو بێت، جا دوای ئەوەش کە (سید قطب) فەرموودەکـەی پێغەمبەری دەربارەی خەونەکەی پێغەمبەری خۆی ﷺ هێناوەتەوه کـه دەربـارەی دیواره پتەوەکەی (یەئجووجو مەئجووج)ە، گوتوویەتی: (ئەم خەونه پتر لە سـیازده

سەدەو نیو لەمەوبەر پێغەمبەر ﷺ بینیویەتی، دوای ئەوەش شاڵاوەکانی تەتەر رووی داوەو هەموو مەملەکەتەکانی عەرەبی وێران کردووە، تا وێرانکردنی (خەلافەتی عەبباسی)یش لەسەر دەستی (هۆلاکۆ) لە زەمانی جێنشینیی (مستعصم)ی دوایین پادشای عەبباسیدا بووە، لەوانەشە ئەمە لێکدانەوەیەکی خەونەکەی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ.. زانستو عیلمی ئەمەش هەر لای خودایە، هەموو ئەوەی دەیشیلێین، یەکلاکردنو بەڕاست دانانی بەڕاستتر دانانی ڕایەکەیە، نەك ڕاستی یەکی تەواوی جێ متمانە)[1].

((یەئجووج و مەئجووج)) ڕەگەزە ڕەنگ زەردەکان

ئەو بیروڕایەی لەم بوارەدا بەڕاستتری بزانین، (یەئجووجو مەئجووج) توانیویانە کەلەبەر بخەنە بەربەستەکەی (ذوالقرنین)ەوەو لێوەی دەرچنو، بەزەویدا بڵاوببنەوەو وڵاتان بشێوێننو، شاران وێرانکەن، هەروەها ڕایەکی ڕاستتریش ئەوەیە دەرچوونی مەغۆلەکان بەسەرکردایەتیی (جەنگیزخانو هۆلاکۆ) بە یەکێك لەو حەوت سووڕەی دەرچوونی (یەئجووجو مەئجووج) دادەنرێت (کە پێشتر باسمان کرد).

هەروەك ئەو ڕایەی بەڕاستتری دادەنێین کەوا (یەئجووجو مەئجووج) ئەو مەغۆلانە، یان ئەو تەتەرانەن کە ئێستا لە ناوچەی مەنگۆلیاو تورکستانو (سینگیانگ)ی چیندا نیشتەجێن، هەمدیسان ئەو ڕایەش بەڕاست دادەنێین کەوا ((یەئجووجو مەئجووج)) ئەو ڕەگەزە (ڕەنگ زەردە)ی نیشتەجێی ئاسیان.

(یەئجووجو مەئجووج) خەڵکانی (چینو کۆریاو مەنگۆلیاو تیبتو تورکستانو وڵاتانی هاوشێوەیان). بەڕاستی هەر بەتەنها وڵاتی (چین) بە مەترسیەکی ڕاستەوخۆی سەر ئەورووپاو ئەمەریکاو عەرەبو گەلانی تر دادەنرێت، واتە بە

---

١) (سید قطب، في ظلال القران/٤: ٢٢٩٣-٢٢٩٤).

مەترسییەکی ئایندە لەڕووی زۆریی ژمارەی دانیشتوانەکەیانەوە، چونکە تەنها دانیشتوانی چین چارەکێکی خەڵکی دنیان، ژمارەی دانیشتوانی دنیاش نەختێك لە چوار ملیار کەس زیاترن، دانیشتوانی چینیش پتر لە یەك ملیار کەسە، ڕێژەی زۆر بوونی چینی یەکانیش ڕێژەیەکی زۆر خێرایە، داخۆ لە ئایندەدا لەم گەلە زۆرەوە چی دروست ببێتو، ئەی داخۆ ژمارەیان بگاتە چەندەی تر، ئەی داخۆ چی لەدنیادا بکەن کاتێك بەنێو وڵاتانی تردا بڵاودەبنەوە، یان کاتێك وەك تەقینەوەیەکی زۆربوونی دانیشتوان بەڕێژەیەکی هێجگار زۆرو توند بڵاودەبنەوەو دەتەقنەوەو، لە چەندین شەپۆلی بەشەریی یەك لەدوای یەکەوە دێنو دەردەچنو سەراپای دنیاش دەتەنن‌و دادەپۆشن..؟!

بێگومان جیهان ئەم ڕاستییە دەزانێتو، خۆی لە مەترسیی ئایندەی چین وریا دەکاتەوە. لەم ڕووەوە (هلیۆم)ی ئیمپراتۆری (ئەڵمانیا) وتەیەکی سەیری دەربڕیوەو، گوتوویەتی: (قوڕ بەسەر ئەوروپا لەدەست چین) هەروەها ناوبراو (چین)ی بە (مەترسییە زەردەکە) ناوبردووە[1].

هەندێك لەزانایانیش ڕایان وایە کە مەبەست لە (یەئجووجو مەئجووج) گەلێکی تایبەتیو دیاریکراو نیە، بەڵکو ئەوە وەسفێکی گشتییەو بۆ هەر گەلێکی تێکدەرو وێرانکەر دەشێت، لەم بارەیەوە (محمد خیر رمضان) دەڵێت: (وای بۆ دەچم کەوا (یەئجووجو مەئجووج) مانای گەلێکی دیاری کراوو ڕەگەزێکی تایبەتی مرۆڤ، ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە وشەیەکەو بۆ هەموو گەلێکی دڕندەو هاروهاج دەشێت کە نەریتی خراپەو شێواندنیان لەسەر زەویدا هەبێت، لە زەمانی (ذوالقرنین)یشدا ئەم جۆرە گەلە هەبوونو، (ڕێی تێکدانی ژیانیان لە کەسانی تر) لێگیراوەو، سنوورێك بۆ شاڵاوەکانیان بەهۆی بنیاتنانی بەربەستەکەوە بۆ دانراوە)[2].

---

١) (ذوالقرنین: ٣٢٧).

٢) هەمان سەرچاوە، لاپەرە (٢٣٩).

بەڵام ئێمە هاوڕای (محمد خیر رمضان)نین لەم بارەیەوە، بـەڵکو لـەو بڕوایـەداین کە ئەو ناوە مانای چەند گەلو کۆمەڵێکی دیاری کراو دەگەیـەنێتو، ڕای ڕاسـتتر لەلامان ئەوەیە، کە ئەوان، واتە (یەئجووجو مەئجووج) لە ڕەگەزی مرۆڤـە ڕەنـگ زەردەکانن.. خوداش هەرخۆی زانایە..

(پێـش هاتنـی قیامـەت دەردەچـن)

یەکلاکردنەوەی ڕایی ڕاستترمان لەسـەر ئـەوەی، کـە (یـەئجووجو مـەئجووج) چەندین جار لە مێژووی سەردەمانی ڕابردوودا دەرچوون، مانای ئـەوە ناگەیـەنێت، کە ئیدی ئەو نەتەوەیە لە داهاتوودا دەرناچن، چونکە گەلی (یەئجووجو مەئجووج) چەندین جاری تریان هەیە تیای دادەربـچنو شـەڕو شـۆڕ بنێنـەوە، چـونکە پـێش ئەمرۆش پتـر لە حەوت جاری دی دەرچوونو، تیایدا توانیویـــــانە بەربەسـتەکەی (ذو القرنیـن) بشکێننو وێرانی بکەن.

خوداش هەر خۆی دەزانێت ئایا پـێش دەرچـوونە گـەورەو ترسـناکەکەی چـەند ساتێك پێش هاتنی قیامەت دەردەچنەوە یان نا، ئەی داخۆ دەرچوونیان چۆن بێت؟!

بەڵام ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە، کە ئەوان بەر لە هـاتنی قیامـەت بـەو شـێوە دەرچوونە گەورەو دیارەوە پەیدا دەبنو دنیا وێران دەکەن، ئێمە باوەڕو قەناعـەتمان بەوە هەیە، چونکە لـە قورئـانو فـەرموودەی ڕاسـتدا بەئاشـکرا دەقیـان لەسـەر هاتووە.. ئەوە بوو لە سووڕەتی (الانبیاء)دا باسی دوایین دەرچـوونیان کـراوە، وەك خودا فەرموویـەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ ... ﴿٩٧﴾ الأنبياء ﴾. هەروەها باسی دەرچـوونیان بەڕوونی لەو فەرموودە ڕاست (صحیح)انەشدا هاتووە کـە پێـشتر دیاریمـان کـردنو کەدەری دەخەن ئەوان لە ڕووی خۆرهەڵاتـەوەو بەژمارەیـەکی هێجگـار زۆرو چـڕی

بەشەریی یەوە دەردەچن‌و هیچ کەسێکیش جگە لە خودا ژمارەیان نازانێت، ئەوە بوو وەك بەڕوونی لەو فەرمووودانەدا هاتبوو کە (یەئجووج‌و مەئجووج) کاتێك دەردەچن سەرەتای کاروانەکەیان لەدەریاچەی (طبرية)وەیەو هەرچی ئاوی دەریاچەکەیە دەیخۆنەوەو چۆڕی لێ دەبڕن‌و، دوایین بەشیشیان بەدەریاچەکەدا دێن‌و هیچ ئاوی تێدا بەدی ناکەن‌و دەڵێن (جارێکیان لێرەدا ئاو هەبووە)، ئینجا وەك لەو فەرموودانەدا هاتبوو گەمارۆی (عیسی ی پێغەمبەری خودا)و ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵیان، لەسەر چیای (طور)دا دەدەن لە بیابانی (سینا)دا، گەمارۆکەش لەسەر باوەڕداران توند تر دەبێت، پاشان کۆمەکی بەفریاهاتنی ڕزگارییان لەخوداوە بۆ دێت کە کرمێکی زۆر بەسەر گەردنەکانی (یەئجووج‌و مەئجووج)دا دەبارێنێت‌و هەموویان لەچەند چرکە ساتێك دا دەمرن، ئیدی خوداش باران دەبارێنێت‌و دۆڵەکانی سینا ئاویان پیادا دەڕوات‌و هەموو لاشە بۆگەن کردووەکانی (یەئجووج‌و مەئجووج) ڕادەماڵێت‌و بەرەو دەریاکەیان دەبەن، بەم ڕەنگەش بەشێوەیەکی ڕاستەقینە (یەئجووج‌و مەئجووج) کۆتاییان پێ‌دێت‌و، بەشێوەیەکی یەکسەری‌و بۆ دواجار دەست بەسەر خراپەو شێوانکارییاندا دەگیرێت. بەڵام ئەمە تەنها لەکاتی هاتنی قیامەتدا ڕوو دەدات، کەوابوو نکووڵی لە هەواڵی دەرچوونیان لە ئایندەدا ناکرێت، چونکە ئەوان پێشتر دەرکەوتوون‌و دەریش دەکەونەوە، ئەوان دەرچوون‌و دەریش دەچنەوە، سوورەتی (کهف)یش ئاماژەی بۆ دەرچوونی زەمانی ڕابردوویان کردووە، هەروەها سوورەتی (أنبياء)یش ئاماژەی بۆ دەرچوونی داهاتوویان کردووە، ئەو دەرچوونە گەورەو ترسناکەی، کە نیشانەیەك لە نیشانە گەورەکانی ڕۆژی قیامەتە.

دەنگــۆ و ئەفسانەکانی (یەئجــووج و مەئجــووج)

هەندێك لە مێژوونووسانو خاوەنانی تەفسیر چەندین هەواڵو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەیان دەربارەی (یەئجووجو مەئجووج) هێناوەو تیایانـدا دەربـارەی ڕەگـەزو ڕەچەڵەكو ناوچەكانی نیشتەجێ بوونیان دواونو، باسی ڕەنگو ڕوخسارو سیفەتو كاروبارو شتەكانی تریان كردوون.. هەموو ئەو هەواڵو بەسەرهاتو ڕیوایەتەشـیان لە دەقە هەڵبەستراوە ئیسرائیلییەكانەوە وەرگرتووە بۆیە ووتەو ڕاڤەی ئـەو مێـژوو نووسو خاوەن تەفسیرانە لە ئەفسانەو خەیالاتو دەنگۆو پڕوپاگەندە بەدەرنین.

گرنگ ئەوەیە لە سەرچاوەیەكی ڕاستو دروسـتو پەسـندكراوەوە وەرنـەگیراون، چـونكە لـە پێغەمبـەری خـوداوە ﷺ نەگێڕراونەتـەوە، ئێمـەش هـیچ هـەواڵو بەسەرهاتێكو، هیچ وتەیەك پەسند ناكەین ئەگەر لە پێغەمبەری خـوداوە ﷺ بـە ئێمە نەگەیەنرابێت لێرەشدا كورتەی ئەو وتە پووچەڵانەیان دیاری دەكەین[1]:-

١- یەكێك لەو (اشـاعة)و وتـە پووچـەڵو ئەفـسانەیی یانـەش، ئەوەیـە هەنـدێك كەسـیان لـە مێژوونووسـانو خـاوەن تەفـسیرەكان وای لەقەڵـەم دەدەن گوایـە (یەئجووجو مەئجووج) لەوەچەی ئادەمن بەڵام نەك لە (حـەوا)وە، بۆیـە دەبنـە برایانی منداڵەكانی ئادەم لەباوكەوە، هەروەها وای باس دەكەن گوایـە (ئـادەم) ژنێكی تری جگە لە (حەوا) هەبووە.

٢- هـەر لـەو پڕوپاگانـدەو وتـە پووچـەڵانەی تریـان ئەوەیـە گوایـە (یـەئجووجو مـەئجووج) لە تۆوی ئادەمنو كاتێك ئادەم لەسـەر خۆڵەكـە خـەوتووە، خـەوی جنسی (احتلام)ی بینیوەو ئاوی هاتۆتەوەو، ئاوی تۆوەكـەی تێكـەڵی خۆڵەكـە

---

١) نووسەری ئەم كتێبە، وتە پووچەكانو ئەفسانەكانی بەژمارە دانـەنابوو، بـەڵام مـن لـە تەرجەمـە كوردییەكەدا حەزم كرد بۆ پاراستنی سیمای دەقە كوردییەكە بەژمارە پۆلێنیانكەم -وەرگێڕ-.

بووەو، ئیدی (یەئجووجو مەئجووج)یش لەو ئاوی (منی)یەی کە تێکەڵی خۆڵەکە بووە دروست بوون.

٣- هەندێکی تریان وای لەقەڵەم دەدەن گوایە ئەوان واتە (یەئجووجو مەئجووج) کوڕانی (یافث)ی کوڕی (نوح) بوون کە دوای لافاوەکە بەرەو خۆرهەڵات ڕۆیشتووە.

٤- هەندێکی تریان وای دادەنێن گوایە (یەئجووجو مەئجووج) بیستو دوو تیرە بوونو کاتێك (ذوالقرنین)یش بەربەستەکەی بنیات ناوە لەدوای خۆیەوە بیستو یەك تیرەی داناوەو، تەنها یەك تیرەی لێ جیاکردۆتەوە کە کاروباری داونەتە دەست خۆیانو، ئەوانیش بە (تورك) ناوبراون، چونکە لەدەرەوەی بەربەستەکە تەرك کراون، واتە (فەرامۆش کراون)و (ذوالقرنین) بەتەنیا خستوونییە ئەولاوە.

٥- هەندێکی تر لەو مێژوونووسو تەفسیرنووسانە هەر تیرەیەك لەو تیرانەی بە چوارسەد هەزار کەس داناوەو، گوایە هەرپیاوێك لەوان لە ژیانیدا هەزار کەسی لە منداڵانی خۆی بینیوە کە هەموویان چەکیان هەڵگرتووە.

٦- هەندێکی تریان وای بۆ دەچن گوایە مرۆڤەکانی (یەئجووجو مەئجووج) لە درێژی باڵاو کورتە باڵاییدا جیاواز بوون، تیایاندا بووە کە باڵای بەقەد دارخورمایەك بەرزبووەو، کەسی واشیان هەبووە کە باڵای بەقەد سنەوبەرێك لە سنەوبەرەکانی لوبنان بووە، هەندێکیشیان باڵای بەقەد چوار باڵ بووە، هەندێکی تریشیان درێژیی باڵای سێ بست بووە، گوایە تیاشیان دابووە کە باڵای بستێك بووە، هەندێکیشیان بەقەد کەوانەی نێوان دوو پەنجەی مرۆڤ بوون، یان گوایە هەندێکیان دووگوێچکەی درێژی وەك دووگوێچکەی فیلیان هەبووە کە گوێچکەی یەکەمی لەژێر خۆیدا ڕاخستووەو گوێچکەی دووەمیشی لەسەرەوە بەخۆی داداوەو لەخۆی ئاڵاندووە.

٧- هەندێك مێژوونووس‌و تەفسیرنووسی تریش دەنگۆو دیعایەی وەهایان لەسەر کاری تێکدەرانەو شێواندنی (یەئجووج‌و مەئجووج) بڵاوکردۆتەوە، کە گوایە ئەوەندە بەدکارو تێکدەر بوون بەلای هەرگیاندارێکی وەك فیل، یان دڕندەیەك، یان حوشترێك، یان بەرازێکدا ڕۆیشتبن، خێرا خواردوویانەو، هەر کەسێکیش لەخۆیان مردبێت خواردوویانە.

٨- هەندێکی تریان ئیددیعای ئەوەیان بۆ کردوون گوایە چڕنووکیان لەسەر نینۆکەکانیان هەبووەو، کەڵبەکانیشیان وەك کەڵبەی ئاژەڵە دڕندەکان بووە، قژێکی هێندە درێژیشیان هەبووە کە سەراپای جەستەیانی داپۆشیوەو لە گەرماو سەرما پاراستوونی. هەروەها گوایە لەنێو بەرەڵاییەکی بڵاوو باوی جنسیدا ژیاون‌و، وەك ئاژەڵان لەو کارانەدا خەریکی یەکتر بوون‌و، ئافرەتیان ڕێگەی لە هیچ پیاوێك نەگرتووە کە نیازی داوێن پیسی لەگەڵیدا هەبوو بێت، هیچ پیاوێکیشیان تاکە ئافرەتێکی دیاری کراوی نەبووە.

٩- هەندێکی تر لەو تەفسیرنووس‌و مێژوونووسانە وای لەقەڵەم دەدەن گوایە لەنێو خەڵکی (یەئجووج‌و مەئجووج)دا کەسانی واهەبوون کە ڕۆشتنیان وەك ڕۆشتنی گورگ بووەو، هەندێك کەسی تریشیان ڕۆشتنی بەبازدان بووەو، هەندێکی دیکەیان تەنها بە ورتەورت قسەی کردووە، یان گوایە هەندێکیان چوار چاویان هەبووەو، هەندێکی تریان یەك قاچیان هەبووەو، هەندێکی تریشیان لە شلەمەنیدا تەنها خوێنیان خواردۆتەوە.

جگە لە چەندەها دەنگۆو شتی پووچ‌و ناڕاست‌و ئەفسانە[١].

---

١) سەبارەت بەم دەنگۆو شتە پووچەڵ‌و ئەفسانانە بڕوانە کتێبی (الدر المنثور)ی (سیوطی) بەرگی (٥) ل (٤٥٤- ٤٦٤)، هەروەها کتێبی (البداية والنهاية)ی (ابن الكثير) بەرگی (٢)، ل(١٠٩-١١٣) هەروەها کتێبی (ذوالقرنین)ی (محمد خير يوسف) لاپەرە (٢٩٤-٣٠٨).

دیاره ئێمه هیچ هەواڵو بەسەرهاتو وتەیەك لەوانه پەسند ناکەین‌و، ڕێگه بـه کەسیش نادەین که له ئێمەوه ئەو جۆره شتانه وەرگرێت، یان لـه کەسـانی تـرەوه، چونکه ئێمه بۆیه دیارییان دەکەین تاکو خەڵکی لیّ ئاگادار بکەینەوەو، هەتا هیچ کەسێکیش له کتێبه کۆنەکانەوه نەیانخوێنێتەوەو، بڕوای پیّ نەکات.

بێگومان (یەئجووج‌و مەئجووج) لەنەوەکانی ئادەمن، واته مرۆڤـو ئادەمیزادی ئاسایی‌و خولقێنراوی وەك ئێمه بوون، تەنەکانی لاشەیان‌و ڕوخسارو شـێوەیان لـه جەستەو ڕوخسارو ڕەنگی ئێمه چووەو لەهیچ شتێکدا لێمان جـودانیین تـەنها بـەم ژماره زۆرو گەورەیەو، بەو بڵاوبوونەوه بەربڵاوەو بـەو داگیرکارییـه هەمەلایەنـەو، بەو شێواندن‌و کاولکاری‌و وێرانکارییه نەبێت.

(یەئجـووج و مەئجـووج) له ڕوانگەی (بەهائی یەکان)ەوه

(بەهائی یـەکان) تـاقمێکی بیّبـاوەڕو گـومراو هەڵگـەراوەو لادەرن‌و، وایـشی ڕادەگەیەنن گوایه ئەوان موسڵمانن. بەڵام لەڕاستیدا لـه ئیـسلام دەرچـوون‌و دوای کابرایەکی گومڕایی کافر کەوتوون که ناوی (عبـدالبهاء)ەو ئەو پڕوپاگاندەیەی بـۆ خۆی کردووه گوایه (مەهدی)یەو، پاشان خۆی به پێغەمبـەرێك لەقەڵـەم داوه کـه گوایه سرووش (وەحی)ی له خوداوه بۆ دێت.

بەهائی یەکان لێکدانەوەیەکی تایبەتیان لەسەر (یەئجووج‌و مەئجووج) هەیه که پێچەوانەی لێکدانەوەو تێگەیـشتنی هـەموو خەڵکییـه بـه موسـڵمانان‌و ئـەهلی کیتـاب‌و خواناسەکانیـشەوه.. تێگەیـشتن‌و بۆچـوونی ئـەوان لەسـەر (یـەئجووج‌و مەئجووج) له نامۆترین‌و سەیرو سەمەرەترینی بۆچوونەکانی هـەموو نەتەوەکانـەو له هەمووشیان زیاترو زۆرتر گومرایی‌و درۆو بوختان‌و نغرۆبوون له ئەفسانەو شـته پووچەڵەکانی تێدایه.

من (نووسەری ئەم کتێبە) گوێم لە شریتێکی کاسێتی یەکێك لە بانگەشەچییە بەهائی‌یەکان گرتووە کە بۆ باسی (یەئجووج‌و مەئجووج) تەرخانی کردووەو، تیایدا بە زمانێکی ڕەوانی عەرەبی‌و، بە ئەدایەکی ڕوونو، بەشێوازێکی دیارو تێگەیەنەری وتاردانەوە، دەدوێت. بۆیە من زۆر سەرم سوڕماو تووشی سەرسامی‌و حاڵەتی نامۆیی بووم کاتێك ئەو هەموو چاوبەستی‌و سەر لێ‌تێکدانو درۆو دەلەسەو قسە هەڵبەستنو بوختانانەم لەو شریتەوە بیستو گوێم لێ‌بوو.

(دەقی شریتی بەهائی یەکان)

جا لەدەرووی ڕادێرانی گوێچکەی خوێنەرانو، ئاگادارکردنیان لە وتارێکی خەیاڵیی سەرنج ڕاکێش کە (هەمووی پووچەڵو درۆو بوختانو قسە هەڵبەستنە).

ئەوا من لێرەدا ئەو وتانەی لەو شریتەدا هاتوون، تۆماری دەکەم وەك چۆن وتاربێژەکە دەری بڕیونو کە بەم جۆرەیە:-

((بسم الله الرحمن الرحيم))

الحمد لله رب العالمين، لا اله الا الله الملك الحق المبين، محمد رسول الله الصادق الوعد الامين.

خوێندنەوەیەك لە کتێبی ڕووناکیی تیشك پڕژێنەوە..

ڕاستی‌و حەقیقەتی هەواڵی (یەئجووج‌و مەئجووج).

بێگومان خودای بەرزو بێ‌هاوتا قورئانە پیرۆزەکەی کردۆتە سۆنگەی خواستی خۆی بۆ بەندەکانی‌و بەپێی ئەو حیکمەتە زۆرەی‌و ئەو زانستە باڵایەی.. بۆیەش خوا هەموو پێداویستییەکانی بەندەکانی لەوشتانەی کە لەژیانی دنیاو ئاخیرەتیاندا پێویستیان پێی دەبێت لەو قورئانەدا کۆکردۆتەوە، سا ئیتر ئەو پێداویستیانە بن کە بەزەوییەوە دەیانبەستێتەوە، یان ئەوانەی بە ئاسمانیان دەگەیەنێت.

خودای مەزن لەو قورئانەدا هەواڵی هەموو بارودۆخو جۆرو شێوازێکی ژیانی نەتەوەکانی پێشووی بە نەتەوەی شوێنکەوتووی قورئان گەیاندووەو، ئیدی هەموو بنەماو شتێکی تری جێی خواستی بەندەکانی تێدا دەرکەوتووە.. خودا فەرموویەتی: ﴿ ...مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ...(٣٨) الأنعام ﴾.

جا لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز فەرمایشتو یاسای خودای میهرەبانە، بەم هۆیەوە ڕاسترینو ڕۆشنترین بەڵگەنامەو پاڵپشتێکە کە پشتی پێ دەبەسترێت کە لە هیچ ڕوویەکەوە شتی ناڕاستو پووچەڵی تێناکەوێت، چونکە لەلایەن خودایەکی داناو سوپاسکراوەوە هاتۆتە خوارەوە.

لێرەشداو لەپێگەی ڕاستگۆییو هەقبێژیی یەوە، ڕاستییەك لە ڕاستییەکانی ئەم قورئانەو، بەسەرهاتێك لەبەسەرهاتەکانی دیاری دەکەین کە خودای داناو شارەزا هێناویەتییەوەو، ئیدی کێشو، وتەی ڕاستتری لە فەرمایشتی خودا هەیە؟! ئەم ڕاستییەو ئەم بەسەرهاتەش، چیرۆکی (یەئجووجو مەئجووج)ە کە خودا لەدوو جێگەی کتێبە بەهادارەکەیدا باسی لێوەکردوون:-

جێگەی یەکەم: لە سوورەتی (کهف)دا کە دەفەرموێت: ﴿ قَالُوا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا (٩٤) الكهف ﴾.

جێگەی دووەمیش: لە سووڕەتی (الأنبياء)و لەو فەرمایشتەی دایە، کە فەرموویەتی:- ﴿ حَتَّىٰ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ (٩٦) الأنبياء ﴾.

بێگومان لەم بەسەرهاتەدا زۆر کەس لەزانایان لەم ڕووەوە کەوتوونەتە نێو چەند تەمومژێکەوە، واتە لەو چیرۆکەدا کە تەنها خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ لە

حەقیقەتەکەی دەزانن‌و پاشان بەتایبەتی ئەو کەسانەش دەیزانن کە خودا ڕێنمایی کردوون‌و بەرچاویی ڕۆشن کردوونەتەوە.. تەنانەت هەندێك لەو زانایانە چەند چیرۆکێکی هەمە جۆری وایان لەدەوری ئەم ڕاستییە هۆنیوەتەوە کە هەمووی لە دەسکردی خەیاڵ دان‌و هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستگۆیی یەوە نیە.

تەنانەت هەندێکی تریان ئەو باسانەی کە خودا لەکتێبە سەنگینەکەی دا (قورئان) دیاریی کردوون، بە (مەجازو مانای وەرگێراوو تێپەڕێنراو) دادەنێن، هەندێك زانای تریشیان وایان لەقەڵەم داوە کە گوایە مەبەست لە (یەئجوج‌و مەئجوج) (چینیەکان) بن، بەتایبەتیش کە لەم سەردەمەماندا بەشێوەیەکی هێجگار زۆر ژمارەیان زیاد بووەو، تا گەیشتۆتە پتر لە هەزار ملیۆن کەس.

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشکەوتن‌و زانستیانەیەی کە لە هەموو بوارەکان دا لەم سەردەمەماندا بەدی هاتووە، هەموو ڕووی زەویش لەڕووی جوگرافیایی یەوە پێوراوە، سا ئیتر بەمانگە دەسکردەکان بێت یاخود بە فڕۆکەکانی سیخوڕی‌و دیدەوانی بێت، جگە لە تیمەکانی شارەزایانی گەڕیدەی زەوی کە بەهەموو ئامرازو هۆکارە هەمە چەشنە زانستی یەکانەوە لە زەویدا دەگەڕێن‌و شت دەدۆزنەوە. بەتایبەتیش ئەمڕۆ جێگەیەك نەماوە کە بنکەی سەربازی، یان زانستی تیا دانەمەزرا بێت.

بۆیە بەڵگەیەك دەرنەکەوتووە لەسەر بوونی ئەم جۆرە گەل‌و خەڵکانە لەسەر ڕووی زەوی، ئەمەش لەبنەڕەتدا گومانی زیاتری لەسەر وجودیان دروست کردووە.

بەڵام ئەوەی کە خودای گەورەو، پێغەمبەرەکەشی ﷺ باسیان کردووەو هەواڵ‌و بەسەرهاتیان دیاری کردوون، هەردەبێت لە ئارادابن‌و هیچ گومانێکی لەسەر وجودیان تێدا نیە، جا بۆ ئەوەی تەم‌و مژ لەسەر بیروهۆشەکان نەمێنێت‌و ڕاستیش لە چەمکەکاندا ڕوون بێتەوە، مەسەلەکە بۆ ئەو پێغەمبەرە ﷺ دەگێڕینەوە کە قورئانی بۆ هاتۆتە خوارەوە، ئەمەش هەمان فەرمانڕەوایی‌و پێغەمبەرێتییە کە لە

دوایین سوورِو دەورانیدا لە (عبدالله المهدی)دا دەردەکەوێت، وەك پێشتریش لە زانستی دەوراندا باسی لێوەکرا، چونکە لە چوارچێوەی هەموو زانستە پوختەو تێکراییەکانی خودای مەزن دان، زانستی خوداش تەواوێتیو جوانکاری تێدایە.. جوانکاریی لە کورتەی شیکاری زۆریی زانستە زۆرو کۆنەکەدا، ئەمەش ئەو چرا ڕۆشنەیە، کە خودا کردوێتی بەمایەی ڕەحمەتو بەزەیی بۆ خەڵکی دنیا، ئیدی زانستی هەقخوازی (العلم الحقی) کە لەبەردەمیدا هەموو پەردەکانی وەهم دەکرێنەوەو، بەربەستی خەیاڵو سەرسامیش نامێنێت، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بێگومان وجودی (یەئجووجو مەئجووج) ڕاستییەکی جێگیرەو، ئەوان هەنو لەپشت بەربەستەکەیانەوەن وەك چۆن خودا هەواڵی لەسەر داوە تا نزیك بوونەوەی بەڵێنی هەق دەربارەی هاتنی ڕۆژی گەورەی قیامەت. بۆیە هیچ کەسێك بۆی ناشێت بەڕای خۆی لە بۆتەی وەهمیدا دانێت، یان دوای ئەم ڕاستییە مانای مەجازو تێپەڕێنراویان بۆ لەقەڵەم دات، پێغەمبەریش ﷺ بەو پێیەی، کە کۆتایی پێهێنەری دەورانە زانستییەکەی ئەم بەسەرهاتەیە، هەواڵی ئەوانی پێداوینو فەرموویەتی: ئەوان - یەئجووجو مەئجووج - پۆلێکن لە ئادەمیزاد و، بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنیان هەیە، کە پێش ئەوەی (نوح)ی پێغەمبەری خودا — سلاوی لێ بێت- کۆچی دوایی بکات ڕوویداوە، ئەوە بوو خودا ژیانی (نووح)ی لە دوای لافاوەکە درێژ کردەوە، تا ئەو کاتەی نەوەی سێیەم لە کوڕو وەچەکانی بەسەر ڕووی زەویدا بلاوکردەوەو بەفەرمانی خوداو بەپێی ئەو نەخشەیە بوو کە خودا بۆی کێشا بوو. ڕەگو ڕەچەڵەکی (یەئجووجو مەئجووج)یش بۆ ئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە کە (باناثی کوڕی یافثی کوڕی نوح) — سلاوی خودایان لێ بێت - دوانەیەکی نێرینەیان ببوو، کە دوو منداڵ بووو زۆر ناشیرین بوون، تەنانەت وێنەی فیل بەڕەنگو ڕوخساریانەوە نیشتبوو، پێ یەکانو مەچەکەکانی دەستیشیان شێوەی هێواشیی فیلیان وەرگرتبوو، هەروەها دەمی هەردووکیان نەختێك لە سەرو سەکوتی لووتی فیلیان پیشان دەدا، گوێچکەکانیشیان لە گوێچکەی فیل دەچوون.

لەو دوو کوڕە منداڵە، یەکێکیان قەبارەو بارستایەکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەوی تریان هێندە بچووك‌و لاواز بوو بەو ئەندازەیەی گوایە کاتێك لەدایك بووە بە سکی براکەیەوە نووسابێت، وەك ئەوەی جانەوەرێك بووبێت بەسکیەوە.

پێغەمبەرەکەی خوداش (نووح) ـ سەلامی خودای لێ بێت ـ فەرمانی کرد کە یەکەمیان واتە ئەوەی خاوەنی جەستە گەورەکەیە ناوی (یەئجووج)ی لێ بنرێت، ئەوی تریشیان کە جەستەی بچووك‌و لاوازبوو، ناوی (مەئجووج)ی لێ بنرێت.

هەریەکە لەم دوو ناوەش لە زمانی سریانیی پێغەمبەرەکەی خودا (نوح)دا - سەلامی لێ بێت- مانایەکی تایبەتیی هەبووە، چونکە دوو ناوی لێکدراون (مرکب)، بۆ نموونە وشەی (یەء) بە مانای (بخور)ە، وشەی (یەء)یش بەمانای (بخۆرەوە-شارب)ە، وشەی (جوج)یش کە بۆ هەریەکە لەو دوو وشەیە زیادکراوە، واتای (درۆ) دەگەیەنێت. لەسەر ئەم وشەی (یەئجووج) بەو دوو وشە لێکدراوەی (یەء-و-جووج)ەوە مانای (بخۆری درۆ-یاخود درۆخۆر) دەگەیەنێت، کاتێك لەسەر ماناو مەفهوومی ئەم دوو وشەیەش پرسیار لە (نوحی پێغەمبەری خودا- سەلامی لێ بێت) کرا، لە وەڵامدا گوتوویەتی:-

(ئەو مرۆڤانە کارو حاڵەتێکی تایبەتیان هەیە کە بەخواستی خودای خالقیانە).

پاشان (ئاراث)ی کوڕی (یافث)ی کوڕی (نوح) ـ سەلامی لێ بێت ـ دوانەیەکی مێیینەی لە خێزانەکەی بووە کە دوو کچی منداڵ بەهەمان قەبارەو بارستایی ئەو دوانە نێرینەیە بووە. (نوحی پێغەمبەری خوداش ـ سەلامی لێ بێت) فەرمانی کردووە کە کچە گەورەکە (واتە ئەوەی خاوەنی جەستەیەکی قەبەو گەورە بووە) ناوی (عوج)ی لێ بنرێت، ئەم وشەیەش لە زمانە سریانەکەدا مانای (زلو قەبە) دەگەیەنێت، هەروەها فەرمانی کردووە کە کچە بچووکەکەش ناوی (عنج)ی لێبنرێت کە مانای (کورتە باڵا) دەگەیەنێت.

ئیدی حیکمەتی خودای کردگار وابووە کە هەریەکەیان لە ماوەیەکی کورتدا گەورە ببێت.

جا کاتێك بالّغ بوون، پێغەمبەرەکەی خودا (نوح ـ سلاّوی لیّ بێت) — فەرمانی کردەوە، کە (عوج)ی کچە گەورەکەی لە (یەئجووج)ی کوڕە گەورەکەی مارە بکرێت، (عنج)ی کچە بچووك و کورتە بالاّش لە (مەئجووج)ی کوڕە بچووك مارە بکرێت.

پاشان وەك پێشتریش ڕوونمان کردەوە کە (نووح)ـ سەلامی لیّ بێت ـ بە فەرمانی خودا (وەچەو نەوەکانی) بەسەر هەموو ناوچەکانی زەویدا دابەش کردووەو بەوشێوەی، کە خودا بۆی دیاریی و ڕوون کردۆتەوە، ڕاستی و حەقیقەتی ئەمەش وابووە، کە خودای مەزن فەرمانی بەدوو فریشتە (مەلائیکە) کردووە، کە لەشێوەو قەبارەی دوو باڵندەدا بچن بۆلای (نووح). (نووح)یش لە ساتی دابەشکردنی نەوەکانیدا بەسەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی زەویدا فەرمانی پیّ کردوون، کە دوای ئەو دوو باڵندە بەڕێزە بکەون، تاکو بەخواستی خودا لە شوێنێك دەگیرسێنەوەو لەو جێگەیەش دابێت، کە ئیرادەی خودا لەسەر ئاوەدان کردنەوەی هەیە، جا کاتێك نۆرەی ئەو دوو (ژن و مێردە) دوانانەی، کە دوو کوڕی دوانەو دوو کچی دوانەی زۆر سەیرو سەمەرە بوون، هەردوو لا (واتە هەردوو خێزانەکە، یان هەردوو مێردەکە) فەرمانیان پێکراوە، کە دوای ئەو دوو باڵندەیە بکەون، ئەمەش وەك ئەو نەریتەی، کە لەو ڕۆژەدا باو بووە، ئینجا زەویش بەفەرمانی خودا بۆیان هێنراوەتە یەك و پێچراوەتەوە، تاکو بەئاسانی بگەنە ئەو جێگەیەی، کە بەخواستی خودا دەبوایە بگەنە ئەویّ وئاوەدانی بکەنەوە، ئەو دوو باڵندە بەڕێزەش، هەردوو خێزانەکە (واتە هەردوو مێردەکەو هەردوو ژنەکە)ی بەهەردوو جۆرو ڕەنگ و جەستەلێك جوداکانیانەوە بردوەو ڕیّ نیشاندەریان بوون، تاکو گەیشتوونەتە ئەو جێگەیەی، کە ئێستا دوو خێزانەکەو وەچەکانی خۆیانی لێیەو، باڵندەکان لەویّ نیشتوونەتەوەو، ئەو شوێنەی ئێستای (یەئجوج و مەئجووج)یان بۆ دەسنیشان کردوون، بەردەوام

هەرلەوێش دان تا ئەو ڕۆژەی کە خودای مەزنو باڵادەست ڕێگەی دەرچوونیان بۆ شوێنەکانی تری زەوی پێ دەدات، ئەم دەروازەیەکی ئەو ناوچەیەیان لە جێگەیەکی تایبەتەوەو لە دەشتەکانی (سیبریا)وە، هەیە، ئەو سەهۆڵبەندانە کەڵەکە بووەش کە ئەمڕۆ لەو ناوچەیەدا هەیە، لەو زەمانەدا نەبووە، بەڵکو چەند مێرگێکی فراوانی سەوزی پێ دەشتەکان بووە کە درەختەکانو جەنگەڵە چڕەکان بەڕیزی درێژ درێژ دەبینرانو دایانپۆشیبوون. ئەمەش لە ئاکامی ئەو لافاوەوە کە ژیانی بەناوچەکە بەخشیبووو کە چەندین دۆڵو شێوو نشێوی لێ ببوەوەو، چەندەها ماددەی هەمە جۆرو بەپیتیشی لێوە پەیدا ببوو، پاشان هەردوو باڵندە بەڕێزەکە، (یەئجووجو مەئجووج) یان بەنێو کەلەبەرێکی گەورەی زەویدا بردە ناوەوە کە بەرەو خوار لێژ دەبۆوەو لەو پارچەیەی زەوییشدا وەك ئەشکەوتێکی گەورەو نێوانی هەردوو دیوارەکەی لەڕاستەوە بۆ چەپ نزیکەی یازدە فەرسەخ بووە، بەرزیی بانی سەرەوەشی لەلێژایی یەوە نزیکەی نیو فەرسەخ بووە، ئەو ناوچەی لێژایی یەش کە لێیەوە دابەزیبوون دەگەیشتە سەر بنی ڕووە بنەڕەتی یە ڕووناکەکەی زەوی کەپێش ئەوەی زەوی لەسەریەك کەڵەکە بکرێتەوەو بەم ڕەنگە خڕو کۆبکرێتەوە. چونکە پێش پیادەکردنی ڕێسای (ئۆرگانەکان) کە ببوە هۆی بەرفراوان کردنو گەورەکردنی زەویو لەڕێی هێنانی خاكو خۆڵی لەسەر یەك کەڵەکەکراویشەوە، کە بووە هۆی خڕکردنەوەی، بۆیە پێش ئەو ڕووداوانە (زەوی) پانو پۆڕو درێژ بووە وەك تابلۆیەك لە گەوهەرێکی ڕوون، کە خودای پەروەردگار ئەفراندن (ابداع)ی لە دروستکردنیدا لە جوانترین دەریاو ڕووبارو چیاو دارودرەختو کێڵگەی بەشێوەی بەرجەستەو زیندوو لەسەر وێنا کردبوو، ئەمەش بە حوکمی ئەو ڕێسای (بەخۆر ڕووناك کردنەوە)یەوەی، کە ژیانی تەواوی خاوەنداریێتیی بەپێی خواستەکانی خودا لە وێناندنو ئەفراندندا پێ بەخشیوە. جا هەر کەسێك خوازیاری چوونە خوارەوە بۆ نێوبنی زەوی بێت ئەوا لە هەر لێژایی یەکەوەو لەهەر لایەکییەوە بێت بۆی دادەبەزێت، چونکە لایەکانی زەوی کە بەو ڕێکخستنە تۆکمەیەوە بۆ سەر بنی

ڕووەکەی ژێرو ناوەوەی لێژ دەبێتەوە، حاڵەتێکی ئاسایی خـوازراوو ئـیرادە لەسـەر دانراوی خودایە، خوداش کە بەچاکیو ڕێکی هەموو شتێکی دروست کردووە، بنـی ناوەوەی وەك شێوەی رووکارە دیارەکەی داناوە، کە چۆن هەموو وێنەیەکی زیندووی دەریـاو ڕووبـارو چیاو دارو درەخـتو ڕووەکـەکانی تیـا داهێنـاوەو، ئیـدی وەك بەهەشتێکی پڕ لە نیعمەتو خێرو خۆشـیی گـەورەی لـێ‌هاتوە، کـە بـە شـەونمە ڕژێنراوەکەی ڕووناکی خۆرەوە پەیدا بوون.

سەرووی بنەوەی زەوی، ئاسمانێکە بۆ ئەو کەسەی، کە بەسەر بنـی خوارەوەیـدا دەڕوات، چوار گۆشەیەکی پێکهاتووش لـە نێوەڕاسـتدا، کـە هەرلایـەك لـە هـەر چوارلاکەی دەگاتە سەدان میل، نێوانی هەر دووکیان پێـك دەگەیـەنێت، کەعبـەی پیرۆزیش ئێـستا لـە سـەنتەری ناوەڕاسـتیدا وەسـتاوە، نـاوەوەی ئـەو زەوی یـەو خواروو‌تریشی، مەڵبەندی ژیانێکی سەلمێنراوی ڕوونـاك بـووەو ژیانەکەشـی بـەهێز تربووە لەو ڕووکاری زەوییە ڕۆشـن کـراوە بنەڕەتییـەی، کـە لـەپێش خڕکردنـەوەو هێنانەوەیەکی زەویدا بووە.

جا کاتێك (یەئجووجو مەئجووج) بۆ ناخی زەوی یە بنەڕەتییە ڕۆشـن کراوەکـە لەو کەلەبەرەی نێوان هەردوو لووتکەی چیاکەوە دابەزیون، کە (دەکەوێتە لایەك لە لایەکانی زەوی یەوەو لەو لایە دیاری کراوەوە، کە پێـشتر ڕوونمـان کـردەوە)و، کـە خوداش خۆی بۆ ئـەو کـارە سەرسـوڕهێنە هێـشتوێتی یـەوەو حیکمـەتێکی زۆرو گەورەشی وای خواسـتووەو، کـە دوای ماوەیـەکی کـەم لـەم دێرانـەی داهـاتوودا (بەیارمەتی خودا) بۆمان دەردەکەوێت. ئای کردەی خودای بالادەست چۆنەو، چەند دڵفڕێنە ئەوەی دەیبینین، کە دوای ئەوەی هەریەکە لەو دوو ژنو مێردە بەهێواشـی چوونەتە نێو ئـەو زەوییـەوە. ئینجـا ڕەنـگو ڕوویـان گـۆڕاوە، واتـە لـەو ڕەنگـە ناشیرینەوەی، کە پێشتر وەسف کراو هـەیانبوو، گـۆڕاون بـۆ جـوانترین ڕەنـگ لـە ڕووخساری سەرنج ڕاکێشو دڵفڕێن. تەنانەت گەر جـوانترین ئـافرەتی دنیـا لەگـەڵ

هەرمێ بینەیەك لەو دوو جۆرەدا بەراورد بکرێت، ئەوا لە ئاستیدا ناشیرینترین مرۆڤ بوو، بە هەمان شێوە هەر دوو پیاوەکەش جوان ببوونو، ئەگەر هەر نێرینەیەك لەگەڵ یەکێکیاندا بەراوردکەین، ئەوا ئەو نێرینەیەش ناشیرینترین مرۆڤ بووە لە ئاستیدا.. ئەمەش بەهۆی ئەو هێزە ڕۆشن کە ڕەوانەی ڕەحمەتی خوداوە کە لەو جێگریاندا لە ناخی زەوی ڕاستەقینەی درەوشاوە بەنووری پەروەردگاری بالاّ دەستدا، هەبووەو، کە بەحوکمی ڕۆشن بوونەوەکەیەوە بووە بە بەهەشتی خودا لە زەوییەکەیدا. ئیدی هەریەکە لەو دوو خێزانە، نەوەیەکی هێجگار زۆرو بێ شوماریان لێ کەوتۆتەوە، بەشێوەیەك کە مەگەر هەر خودای خالق خۆی ژمارەیانی زانیبێت، ئەوانیش سەرەڕایی زۆربوونیان هەر لەو زەوییەدا بەگیانی خۆشەویستیو ڕەحمو بەزەیی یەوە لەگەڵ یەکتردا ژیاون و، لە ئاستێکی بڵندی دڵسۆزییدا بوون بۆ خواپەرستیو زانستو گەیاندنی پەیوەندی سۆزی نێوان خۆیان، بەمەش وایان لێهاتووە کە مرۆڤە زەبەللاحەکانیان کوڕانی مامیان کە (کورتە بالاّبوون) خستۆتە سەر شانیان لەکاتی ڕۆیشتندا.. هەروەها سەرەڕایی پێچەوانەی بەشەکانی زەویو کەم کردنەوەیان (بەحوکمی کاری جێگیری ڕۆشن کردنەوەی بەرەحمانەی خودا بۆ هەرکەسێك بەسەری دا برۆشتایە، بەلاّم هەر بەحوکمی ئەو ژیانە جێگیرە ڕووناکەوەش خۆشەویستیو سۆزو بەزەیی لە نێوانیاندا بلاّوببووەوە.

خودای پەروەردگاریش ڕزقو ڕۆزیی ئەوانی والێکردبوو، کە لەگەنجینەکانی ئەو ڕەحمەتەی خۆیەوە پەیدا بێت، کە لە یاسای ڕووناك کردنەوەی پڕ ڕەحمەتی خۆیەوەو بەپێی ماندووبوونو ڕێو شوێنێك بۆی دانابوون، تەنانەت بەپێی خواستو ئیرادەی واقیعیانەی ئەو خەڵکەش بووە، ئەمەش حاڵو بارودۆخی هەموو ژیانێکی مولکدارانەیە، بەتایبەتیش لە بەهەشتەکاندا. جا ئەگەر ئێستا ئێمە تێیان ڕامێنینو ئەو جۆرە ژیانەشیان لەلای خەڵکی ئێستا زانراوبێت، ئەوا حەسوودیو ئێرەییان پێ دەبەن، چونکە ئەوان چەندان هێندەی ئەو ئادەمیزانە بوون، کە ئێستا

لەسەر ڕووی زەویی دەژین، چەندان هێندەی ئەفسانەیی بوون، کە ناژمێررێت‌و هیچ عەقلێکیش بەخەیاڵیدا نایەت، چونکە ئەوان لەوپەڕی چاوتێری‌و بەختەوەرییدا دەژین، جگە لەوەی هیچ نەخۆشی‌و دەردو پەتایەکیش هەرگیز ڕوویان تێ ناکات، ئەمەش لەبەر نەبوونی ئاسەوارێکی ئەو دیاردانەی کە ئەو دەردو پەتایانە بەهۆی هەمە جۆری‌و تێکەڵاوبوونیانەوە دەخولقێنن، هەروەها هیچ وجودێکیش بۆ حوکمی مردن لەو خاکەیان دانیە، ئەمەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی گیانی چەسپێنراوی ژیان تیای دا.. تەنانەت گەر بتوانرێت مردوویەك ببرێت بۆ ئەوێ، ئەوا بە لەش ساغییەوە هەڵدەستێتەوەو لە هەموو دەردو نەخۆشیەکیش چاکبۆتەوە. لەوانەشە تۆ بپرسیت‌و بڵێیت: دەی باشە ئەم جیاوازییە بەرفراوانە خەیاڵییە چییە لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز وای باس کردوون کە ئەوان تێکدەرو فاسیدن لە زەویدا (مفسدون في الارض)؟ منیش لە وەڵامدا پێت دەڵێم: هەر لە هەمان سەرچاوەی پیرۆزەوە کە قورئانەو لە سوننەتی چڕوپڕ بەرەکەتی پێغەمبەریشەوە ﷺ دەتبەمەوە بۆ خاڵی سەرەتاو بنچینەی مەسەلەکان.. ئەوەبوو وەك پێشتر باسمان کرد دوای ئەوەی یەکەمین باب‌و باپیرە پێشینەکان دابەزینە خوارەوە بۆ نێو ناخە بنەڕەتییە ڕۆشن کراوەکەی زەوی و، دوایی زاوزێ‌و زۆر بوونی نەوەکانیان (بەو ڕەنگەی کە لەمەو پێش ڕوونمان کردوەوە) پارچە زەویەکانی سەر ڕووی هەسارەی زەوی کە لەوبەرەوە نزیك بوون، خاڵی پێك گەیشتنی ئەو توێژە زەمینیە بوون کە دراوە بەسەر ڕووی زەوی‌و بەسەر ناخی خوارەوەی ئەو زەوییە ڕاستەقینە بنەڕەتییەشدا کە پێشتر وەسفمان کردو، کە لە سوورەتی (فجر)یشدا لێی دواین، ئەو پارچە خاکانەش پڕ کرابوون لە نەوەکانی ئامۆزاکانی ئەمان‌و لەو هۆزو تیرە هەمەچەشنانەی تری وەك (تەتەر)و (مەغۆلەکان) بوون، هەروەها لە سەرجەم تیرە هەمە جۆرەکانی تری مرۆڤی سەرەتایی بوون کە بناغەی هەموو ئەو ڕەگەزە مرۆیی یانەی ئەمڕۆن‌و ئەم پارچە زەوییانەی تریان ئاوەدان کردۆتەوە، یان بناغەی پەیوەست بە هەموو ئەو نەتەوانەی ترن کە لە ناوچەکانی تری دەوروبەریانەوە هەبوون‌و نەوەکانیان

بەشێوەیەکی بێ سنوور زیادیان کردووە. بێگومان نزیك بوونەوە لەهەر تیرەیەك لەو تیرانەش لەو کەندەلانەی زەوییەوەکە (یەئجووجو مەئجووج) تیایدا نیشتەجێ بوون، کارێکی مەحاڵ بووە، چونکە سامو هەیبەتێکی وای لێوە دەرکەوتووە کە بەهێزترین دڵی لەرزاندووە، بەڵام دواتر دەرچوونی هەندێك دەستەو کۆمەڵی (یەئجووجو مەئجووج) بۆ دەرەوەی خاکەکەیان دەستی پێ کردووەو، هەر لەگەڵ دەرچوونیشیاندا کەوتوونەتە بەر پەلاماری (دابو نەریتی باوی رەگەزەکان) کە حوکمی سەر رووی زەوی دەکردو، ئەوانیش بە نەمانی ئەو جوانیە رۆشن بۆوەی کە تیایاندابوو، گەڕاونەتەوە سەر بنچینەی ڕوخسارەکانی پێشوویانو بەهەمان رەنگو ڕوخساری بابو باپیرەی یەکەمیانەوە دەرکەوتوونەتەوە، واتە بەو رەنگەی کە لەسەر شێوەو هەیئەتی فیل بوون، سائیتر زەبەللاحەکانیان بووبن، یان کورتە بالاو بچووکەکانیان. بەم رەنگەش لەوپەڕی کامڵیو ڕێكو پێکیی ڕەوشتمەندیی یەوە کە لەو خاکەدا پێیانەوە لکابوو، هەڵگەڕاونەتەوە بۆخراپترین نەریتو ئاکار لە توندیو ڕەقیو شەڕخوازیو کرداری شەیتانیانەوەو، بەئەندازەیەکی هێندە ترسناکیش کە هیچ عەقڵێك بەخەیاڵی دا نایەت، ئەوان بەم ڕەنگە بوونو پێچەوانەی هەردوو ڕێساکەی (ڕۆشنکردنەوە)و (ڕەگەزەکان) بوون، ڕێسای (ڕۆشنگەری) ڕووخسارەکانی ئەوانی بۆ چەند شانو شکۆیەکی بەسامو بەڕێز گۆڕیوە، ڕێسای ڕەگەزەکانیش کە لەسەر ڕووی زەوی تووشی بوون هەڵیگەڕاندوونەتەوەو، کردوونی بەچەند ئاژەڵێکی دڕندەو چەند تارماییيەکی شەیتانییانەی ئەفسانەیی.

لەم حاڵەتەشدا دەشێت کەوتبنە بەر مردن، ئەگەر مردن یەخەی پێ گرتبن، بەڵام کێ توانیویەتی بەرامبەریان بوەستێتو خۆی ڕاگرێت، لە کاتێکدا ئەوان خاوەنی ئەو هێزە ئەفسانەیی یە ترسێنەرو نائاسایی یە ڕیزپەڕ بووبن و، ئەو هەموو نەریتە خراپو شەڕخوازانەشیان هەبوو بێت کە هیچ ئارامو حەوسەڵەیەك لە بەرامبەریاندا ناگیرێت؟!

ئەو هێرش‌و شالاوانەی بۆ هەر لایەکیان دەبرد، وەك چەند گەردەلوولێکی تێکدەر بوون کە پەلی بۆ چەند ناوچەیەکی فراوان‌و دوورمەوداش دەهاویشت، ئەمەش بەهۆی ئەو توانایەوەی کە ژیانە ڕۆشنکراوەکەیان لەچەند هێزێکی نائاساییەوە پێی بەخشیبوون‌و، کە چەندین وزەی لەڕادەبەدەریشیان لە بڕینی ماوەی ڕێگاکاندا بەخێراتر لە ڕۆشتنی باڵندە بۆ مەیسەر بوو، تاوای لێ هات فەسادو خراپەیان گەیشتە قوولایی ناوچەکانی ئەو ولاتانەی کە ئەمڕۆ بە (ولاتانی هیندو چین) ناودەبرێن و، گەلێك ولاتی دوورتریشی گرتەوە کەلەو سەردەمەدا ناوەکانیان دیاری نەکرابوون. هیچ شتێکیش (هەر چییەك‌و هەر چۆنێك بوایە) لە بەرامبەر شالاوی ترسناك‌و تۆقێنەری ئەوان دا نەدەما، ئەوان هیچ مرۆڤێك‌و هیچ ئاژەڵێکیان فەرامۆش نەدەکرد تا بەزیندوویی دەیانخوارد، هەروەها گشت ڕووەك‌و درەختێکیان نەدەهێشتەوە بەساغی، بەڵکو یان دەیانخوارد، یاخود تێکیان دەداو لەناویان دەبرد.. تەنانەت گەر گەلێك لەسەر چیایەك یان پێدەشتێك دا بووبن، ئەوانیشیان بە دارو درەخت‌و کێڵگەو مەزراکانەوە ڕامالیوە، کەواتە ئەوان چ گەردەلوولێکی وێرانکەر بوون؟ ئەی داخۆ چ ترس‌و بیم‌و بەلایەکیان خولقاندبێت؟!
لەگەڵ ئەوەشدا هەر جارێك بۆ زەوی یەکەی خۆیان هاتبنەوە، باسی ئەو ڕووداوانەیان نەکردووە کە خۆیان خولقاندوویانە، بەڵکو دەسبەجێ دەچوونەوە سەر حاڵەتە بەڕێزو شکۆمەندییەکەی خۆیان‌و سەر ڕوخسارە ڕێك‌و پێکە پڕشنگدارەکەنیان جا بەحوکمی زانین‌و ئاگاداربوونی سرووشتداریی پڕشنگدارێتییانەوە مەبەستیان لە دەرچوونیان، گەیاندنی سوودو کەڵك بووە بە کوڕانی ئامۆزاو خزم‌و کەس‌و کارەکانی خۆیان‌و لەو گەلانەی تردا، بەڵام نەیانزانیوە کە ژیانی هەموو ئەوانە تێك دەدەن‌و لەناویان دەبەن، بێگومان ئەوان بوونەتە هۆی قڕکردنی چەندین هۆزو تیرەی بێ شومار لە ئامۆزایان‌و کەس‌و خزمانیان، تەنانەت ئەو ناوچانەو بەشەکانی دەوروبەریشیان تاماوەیەکی زۆر لە مرۆڤ چۆڵ ببوون.

هەر بۆیەش خودای مەزن ((ذوالقرنین))ی بۆناردن تاکو ئەوان لەو شەڕو بەلاّ هەرە ترسناکە ڕزگار کات. جا بزانە ئەگەر ئەوەی زانایان لەو ناوچانەو دەورو بەریان دۆزیویانەتەوە، وەك ئاسەواری هاوشێوەو وێکچووی چەند جەستەیەکی نیمچە مرۆیی‌و کە لەشێوەی ئاژەڵەوە نزیکن، ئەوە لە بنەڕەتدا لاشەی هەندێك لەوانەن کە چەند تیرەیەك توانیویانە بیانکوژن..

زانایانیش گومانیان وابووە کە ئەو لاشانە تەنەکانی ڕەگەزێکن لەو مەخلووقانەی کە لەپێش مرۆڤدا زەوییان ئاوەدان کردۆتەوە. ئەمەش هەڵەیەکی دیارە، چونکە یەخچاڵ (سەللاجە)کەی (سیبریا) ئەم دەروازەیەی داپۆشیوە کە دەچێتە خوارەوە بۆ نێو ناخی زەوییە ڕۆشنکراوە بنەڕەتی یەکە.

هەر ئەو دەروازەیەشە کە بەربەستەکەی (ذوالقرنین)ی لەسەر بنیاتنراوە، کە بەیارمەتی‌و کۆمەکی خودا توانی ی بنیاتی بنێت.

لەوانەشە بپرسیت: (ذوالقرنین) - سلاّوی لێ بێت- چۆن توانیویەتی بەربەستەکەی نێوان هەردوو لوتکەی چیاکە لە ڕاست‌و چەپەوەو لەنێوان نۆکەندە بەرزەکەو نۆکەندە نزمەکەی توێژاڵی زەویدا بنیات بنێت، لە کاتێکدا ڕووبەری نێوانیان دەگاتە نزیکەی یازدە فەرسەخ بەرامبەر نیو فەرسەخ؟! ئەی داخۆ بڕی ئەو پارچە ئاسنە گەورانەو پارچە مسەکانیش چەند بووبن کە بەکاری هێناون؟ ئەی چەند تیرە بەشدارییان لەگەڵدا کردووەو یارمەتییان داوە لە بنیاتنانی ئەو بەربەستە قەبەو ئەفسانەییەدا ؟! پاشان بۆچی هەر بەتایبەتی ئاسن‌و مسیان تێکەڵ کردووە.

منیش لە وەلاّمدا بەو ڕەنگەی کە خودای زاناو دانا دەریخستووە پێت دەڵێم:-

ئەوانەی لەگەڵ (ذوالقرنین)دا بەشدارییان لە بنیاتنانی بەربەستەکە کردووە، لە پیاوانی ئەو تیرەو هۆزانە بوون‌و، تەنها حەوت پیاویش بوون، هیچ کەسێکی تریشیان سا ئیتر لە لایەنگرانی، یان لە سەربازانیشی بەشداریی ئەو کارەیان

نەکردوە، چونکە فەرمانی بە هەموو تیرەو هۆزەکانو سەربازەکانیش کردووە کە بۆ ماوەیەکی وەها لەو جێگەیە دوورکەونەوە کەوا لەبەر چاویان نەمێنێتو هێندە دوورکەونەوە کە توانای دیتنی کارەکەو ڕووداوەکەیان نەبێت، بۆیەش (ذوالقرنین) حەوت پیاویانی لە هەرە خواپەرستترینیانو لە بەتەقواترینی پیاوانی ئەو تیرانە هەڵبژاردوە، هەرچەندە پێویستیی بە کەسانی‌تریشیان هەبووە، بەڵام خودای بەهێزو باڵادەست خۆی بۆی ئاسان کردووە، ئەمەش بەپێی ئەو هەواڵەی کە خودای حەقو مافپەروەر لە کتێبەکەیدا ڕایگەیاندووەو فەرموویەتی:-﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِن كُلِّ شَيۡءٖ سَبَبٗا ﴿٨٤﴾ الكهف﴾، هەروەها بەگوێرەی ئەو فەرمایشتەی تری خودا دەربارەی وەڵامی (ذوالقرنین) بۆ ئەو پرسیارەی هۆزەکان کاتێك داوایان لێکرد کەوا پارەوماڵی بۆ کۆدەکەنەوە لە بەرامبەر بنیاتنانی بەربەستەکەداو، کە ئەویش پاداشتی خودای بەباشتر زانی: ﴿...فَهَلۡ نَجۡعَلُ لَكَ خَرۡجًا عَلَىٰٓ أَن تَجۡعَلَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَهُمۡ سَدّٗا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيۡرٞ...﴿٩٥﴾ الكهف﴾.

بەڵام بۆیە تەنها ئەو حەوت پیاوەی بەشداری کارەکەی خۆی کرد تاکو ئەو پیاوانە خۆیانو هۆزەکانیشیان پاداشتی کرێی بەشدارییکردنیان دەسگیر بێت کاتێك هۆکارەکانیان دەستەبەرکردو کاروباری شاراوەی حوکمرانیشیان دەرخست و، لەمەشەوەو بەم هۆیەوە ئەو پیاوانەی هەڵبژارد، ئەو حەوت پیاوەش ئەوانەن کە خودا لە فەرمایشتەکەیداو لە باسی چیرۆکی (ذوالقرنین)دا ـ سڵاوی لێ بێت ـ دەسنیشانی کردونو لەسەر زاری (ذوالقرنین)یش فەرموویەتی: ﴿...فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجۡعَلۡ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُمۡ رَدۡمًا ﴿٩٥﴾ الكهف﴾: .

بڕی ئەو پارچە ئاسنە گەورانەش، کە بەکاری هێناون قورسایی حەوت (رەطل)[1] یان هەبووەو لە قاپێکی گەورەدا دانراوە، پاشان فەرمانی پێ کردوون، کە حەوت جار هاواری (الله اکبر) بلێنەوەو خودا بەگەورە بگرن و، ئاگرێك بکەنەوەو، ئینجا لەگەڵ فووتێکردن دا حەوت جار (الله اکبر) بلێنەوە. ئیدی بەم ڕەنگە (ذوالقرنین) ئاسنە تواوەکەی بۆ ئامادە کراوە. فەرمانی بەو کەلەبەرەش کردووە، کە بەمۆڵەتی خودا بێتەوە یەك‌و داخرێت، کەلەبەرەکەش هاتۆتەوە یەك‌و داخراوە تا وەك پەنجەرەیەکی بچووکی لێ‌هاتووە، ئینجا (ذوالقرنین) بەدەستی خۆی تەختی کردووەو بەپێی ئەو وزەو توانایەی، کە خودا پێی بەخشیبوو تاوای لێهاتووە ڕووبەرەکەی (مەترێك بە نیومەتر) بێت بەپێی پێوەرەکانی ئەمڕۆمان، ئەوەش لەو پەڕی ڕێکی‌و تەختی دایە، پاشان پارچە لەوحێکی گەورەی لە بەرد، کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی کردبوو، خستۆتە سەری، ئینجا فەرمانی بە هەر حەوت پیاوەکە کردووە، کە قاپە گەورەو پڕ لە ئاسنە تواوەکە بەدەم (هاواری (الله اکبر)و خوا بەیەك دانانەوە) هەڵگرن‌و بیخەنە بەردەستی، ئەویش ئاسنە تواوەکەی کردووە بەسەر بەردە گەورەکەو ئەو درزو کونانەیدا، کە لەچوار دەوری کەلەبەرەکەدا هەڵیکەندبوون تاکو بەتەواوەتی لەگەڵیدا یەك بگرن، پاشان بڕێکی لەو جۆرەی لە مس تواندۆتەوەو بەهەمان شێواز کردویەتیی بەسەر ئاسنەکەدا، ئەمەش بەپێی ئەو حیکمەت‌و خواستەی خودا بوو، کە خودای خاوەن هێزو حیکمەت بڕیاری بۆ دابوو، پاشان (ذوالقرنین) فەرمانی بەزەوی کردۆتەوە کە بەئەمری پەروەردگاری بەتوانا بچێتەوە سەر دۆخی پێشووی لە درێژبوونەوە، زەویش درێژبۆتەوەو بەئەمری خودا وەك خۆی لێ هاتۆتەوە، ئیدی خێرا ئەو بەربەستەش لەگەڵیا کشاوەو بەقەد فراوان

---

١) (رەطل) جۆرە پێوەرو کێشانەیەك بووە کە لە هەر وڵاتێکدا بەشێوەی تایبەت‌و لێك جودا بەکارهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی لە میسرو چەند وڵاتێکی تردا هەر (رەطلێك) دوازدە (ئۆقە) بووە، دیارە هەر ئۆقەیەکیش سێ کیلۆ غرام‌و نیو بووە.

بوونەوەی کەلەبەرەکە لەگەڵیا فراوان بووە، بەڵام هەر لەسەر شێوازێکی نایابی ڕێکی‌و تەختی‌و بڵندیی بووە، سەردەمێك لە دوای ئەمەش سەهۆڵبەندانەکە پەیدا بووە تاوەك ئەم حاڵەتەی ئەمڕۆی لێهاتووە.

کەواتە بزانە (ئاسن) ئەرکێکی گرنگی هێزو توانای توندی هەیە، ئەمەش سیفەتێکیەتی کە خودای خالق‌و کردگار پێی بەخشیوە، وەکو لەبارەیەوە فەرموویەتی:﴿..وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَـٰفِعُ لِلنَّاسِ..﴿٢٥﴾ الحديد﴾.. واتە: (هەروەها لە ئاسنمان دروست کردووە کە مادەیەکی ڕەق‌و هێزداری توندەو، لەهەمان کاتدا چەندین کەڵکیشی بۆ خەڵکی تێدایە).

جا ئەگەر لەنێو خۆی زەوی یە ڕۆشنکراوەکەوە تیشکەکانی خۆرهەڵاتنی لەسەر ڕەنگ بداتەوە، ئەوا ژیانێکی لەباری پیّ دەدات‌و دەیانکاتە چەند تیشکێك لە هێزو ڕەقیی ئاسن‌و بەنێو ئەو بەردەدا کە (لە خوارووی ماوەیەکی یەك فەرسەخی یەوەیە) دەچێتە خوارەوە.

ئەوەش حیکمەتی دانانی بەردەکەیە لە پێش دانانی ئاسنەکەدا، چونکە کایەی پۆزەتیف (لەبار)ی ڕۆشنکاریی، کە ڕێگە بەشتە سرووشتی یەکانی دی نادات، گەر هەرچییەکیش بن، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتی ڕاستەقینەو زیندوانەی نین تەنها ئەوە نەبێت، کە بە فەرمانی خودا تیایدا دانراوە، ئەوا ئیدی (کایەی ڕۆشنکاری) مۆرکی بنەڕەتی خاکی زیندووی بە بەردەکە بەخشیوە، چونکە بەگەڕخستنەوەی ژیانی لەبارو، پاشان ژیاندنەوەی گیانی ئەو ژیانەو لەو ئاسنەدا، کە لە سەرووی دایە تاکو وزەو تینەکەی بۆ ناوخۆی خوارەوە (ناوەوەی زەوی بێت) بەگوێرەی خواست‌و ئیرادەی دانایانەی خودایە، ئەمەش چونکە سروشتی ئەو گەوهەرە بنەڕەتە ڕۆشنانەی کە بەگیانی لەباری ژیان ڕۆشن کراونەتەوە، وای لێدەکات ئیرادەی دوێنراوی پەسندکات.

لەمەشەوە خواستی (ذوالقرنين) لەنێو بەردەکەدا پەخشکراوە، واتە لە ڕەنگدانەوەی هێزو توندیی ئاسنەکەوە بۆ نێوخۆی خاکەکەو بەپێی ئەو قەزاو قەدەرەی کە خودای داناو زانیار بڕیاری لەسەرداوە.

لەسەر ئەم بناغەیەش یەك ڕەطل لە ئاسن، ئەگەر بکەوێتە بەرکایەیەکی ڕۆشنکردنەوە، ئەوا کایەی هێزی توند (البأس الشديد)ی بۆ ماوەی (فەرسەخێکی سێ جا) لێ دەردەچێت، چونکە هەر حەوت ڕەطلەکەی ئاسنەکان کایەی هێزی توندیان لێوە دەرچووە، کە دەگاتە (حەوت فەرسەخ سێ جا) بۆ نێو خاکە ڕۆشنکراوەکە.

جا ئەگەر بڕوانیت بۆ ڕووبەری (١١ * ٥ر.) فەرسەخ، کە ماوەی فراوانبوونەوەی کەلەبەرە بنەڕەتییەکەیە، ئەوا تێدەگەیت، کە چ وزەیەکی بەرجەستە لە هێزی توندی ئاسنەکە بەوپەڕی ڕاگرتنەوە بەسەر مەوداکانی ئەو کەلەبەرەو بەماوەی یەك فەرسەخدا دابەش بوون، کە پاڵ بە هەرکەسێکەوە دەنێت بۆ خوارەوە گەر بیەوێت بەسەر ئەو بەرزاییەدا سەرکەوێت، کە ڕێگەیەك بووە بۆ چوونە درەوە لە ناوەوەو، تاکو هیچ کەسێکیش نەتوانێت دەریخات، یان لێی نزیك بێتەوە، خودای مەزنیش بۆیە فەرموویەتی:- ﴿ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا ﴿٩٧﴾ الكهف ﴾.

ئەوان هەرجارێك خەریك بوو نزیك دەبوونەوە لەکایەی هێزە توندەکەی ئاسنەکە، یەکسەر کۆمەڵێك تیری ڕێكو سەنگینیان بەسەردا دەباری‌و نەیدەهێشت بگەنە ئەو بەرزاییەی کە ڕێگای دەرچوونیان بۆ دەرەوە بۆ ئاسان دەکردن. پاشان ڕازو نهێنیی هێزی ئاسنەکەیان بەسەردا ڕەنگ دەدرایەوەو وایان لێ‌دەهات لەنێو خۆیان دا لەیەکتریان دەداو سزاو تەمێی یەکتریان دەدا بێئەوەی کەسێکیشیان زامداربێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی زام‌و دەردو مردن لەو شوێنەدا، وەك پێشتریش باسمان کرد!!

بەڵام بەهۆی ئەو خۆشەویستیو سۆزو بەزەیی یەی کە لەنێو خۆیان دا بۆ یەکتریان هەبووە، دەروونیان ئازاری دەچەشت بەوەی گەر بەو شێوەیە پەلاماری یەکتر بدەن کە لەکاتی نزیك بوونەوەی ئەو کایەیە (مجال)ە دا بەیەکتریان دەکرد. بۆیە دەبینین ئەوان لە مەودایەکی دیاری کراوو لەو کایەیەوە نۆرەی پاسەوانێتی یان بۆ خۆیان ڕێك خستبوو تاکو سەعاتی وادەی لێ نزیك بوونەوەیان لێ تێك نەچێتو نەکەونە بەر ئەو نەفرەتە سەیرو سەمەرەیەی کە وێنەیەکی سەرسوڕهێنی هەیە، بەڵام ئەو مسەی کە (ذوالقرنین-سلاوی لێ بێت) بەسەر ئاسنەکەدا ڕژاندوویەتیو تێکەڵی کردووە، مەبەستی لەو کارەدا بەدی کردنی ئەو گیانە ڕۆشن کراوەیە بووە کە ئاوێتەی گوڕو تینی ئاسنەکە بووە، تا کارلێكو کاردانەوەی مسەکە لەگەڵ ئاسنەکەدا بەدیی بێتو وەك وزەیەکی تیشکدەری برووسکە پڕژێن بێت بەرامبەر هەر کەسێك کە بیەوێت سووکایەتی بە تەنی بەربەستەکە لەدەرەوە بکات ئەگەر پێ ی گەیشتبێت.

بەشێکی ماوەو دیاری ئەم بەربەستە لەسەر ڕووی زەویش هەبوو، کە تاماوەی نزیکەی سێ سەد ساڵێك بوو، پاشان دیار نەماوەو لەژێر چیا بەستەڵەکی یەکانی (سیبریا)دا شارراوەتەوە تاکو بەهۆی ئامرازەکانی فڕینی وەك فڕۆکەکانیشەوە نەدۆزرێتەوە، یان بەهۆی هەر ئامرازێکی ترەوە، بەم پێ یەش گران بووە لەسەر مرۆڤی گەر بگاتە ئەو شوێنە، ئەمەش هەر ڕەحمەتێکی تری خودایە بەبەندەکانی.

هەروەها ئەم بەربەستە هەر چەندە بەو ساکاری یە بنیان نراوە کە ئاسنو مسی تیادا بەکارهێنراوە، بەڵام لە پتەوی دا هێندە بەهێزو تۆکمەیەکە هەرگیز مەزەندە ناکرێتو تێك نادرێت تەنانەت گەر هەزار بۆمبی ئەتۆمیشی بەسەردا بتەقێنرێتەوە ئەوا تاکە (ئینج)ێکی لێ ناشکێت.. چونکە ئەمە بەکۆمەكو هاوکاریی خودای بەهێزو بەتوانا بنیات نراوە.

پاشان ئەگەر بۆ ئەو حیكمەتە بڕوانین كە ئۆرگانە كانزاییيەكانی بەربەستەكە بەو هێزەیان بەخشیوە، ئەوا دەبینین لەژیانی ڕێسا پۆزەتیڤەكەی ڕۆشنكاری یەوە دەرهاوێژراوەو ئەو ئۆرگانو ڕەگەزانەش ڕێسایەكەیان لەناخی زەوییە بنچینەییە ڕۆشنكراوەكەوە وەرگرتووە. لەلایەكی تریشەوە (ذوالقرنين) ـ سلاوی لێ بێت ـ بەربەستەكەی بۆ بنیات نەدەنرا، تەنها بەو یارمەتیو كۆمەكەی خودا نەبێت، كە زانستو توانای پێ بەخشیبوو، ئیدی چۆن حاڵەتە ئاساییيەكان لە بەردەمیدا نابەزێنرێت.

بەربەستەكەش بەردەوام لەسەر ئەم حاڵەتەی دەمێنێتەوە تا ئەو كاتەی كە خودای زانا بڕیار لەسەر تەختكردنی دەدات لە ڕۆژی نزیكبوونەوەی بەڵێنە ڕاستەكەیدا لەسەر هاتنی قیامەت، وەك لە سوورەتی (كهف)دا فەرموویەتی: ﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾ الكهف﴾.

جا بۆ ئەوەی سینەشت فێنكو دڵت ئارام ببێتەوەو، عەقڵو هۆشت ڕۆشنو ڕوون بێتەوە، ئەوا بۆ زیاتر ڕوون كردنەوەو لەگەنجینەی پڕ زانستی خوداییيەوە ئەو زانیاری یەشت بۆ زیاد دەكەم، كە ڕاستگۆی متمانە پێكراو، واتە پێغەمبەری (الصادق الامين) ﷺ لە دوایین سووڕی بلندی ی دا بەناوی (عبدالله المهدی)یەوە ـ سلاوی لێ بێت ـ هەواڵی لەسەر داوەو، وەك لە (الشرح المبين)دا باسكراوە.. بۆیە لەم بارەیەوە پێت دەڵێم:-

(یەئجووج ومەئجووج) لە پشت ئەو بەربەستەیانەوە ناتوانن دەرچن، مەگەر بە فەرمانی خودای مەزن نەبێتو لەكاتی نزیك بوونەوەی وادەی بەڵێنە ڕاستەكەیدا لەسەر هاتنی قیامەتی گەورە، وەك خودا لە سوورەتی (كهف)دا هەواڵی لەسەر داوەو لە فەرمایشتە پیرۆزەكەیدا هاتووە: ﴿...فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ وَكَانَ

وَعْدُ رَبِّي حَقًّا﴾، له‌ سووره‌تی (انبیاء)یشدا ئه‌م فه‌رمایشته‌ی خودای له‌باره‌وه‌ هاتووه‌:-

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴿٩٦﴾ وَٱقْتَرَبَ ٱلْوَعْدُ ٱلْحَقُّ فَإِذَا هِىَ شَٰخِصَةٌ أَبْصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَٰوَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا بَلْ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٩٧﴾ الأنبياء﴾. بێگومان به‌ڵێنی خودا هه‌ر دێته‌دی (إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ)..

به‌ڵام دوای كۆتایی هاتنی ماوه‌ی حوكمی ئیمامی گه‌وره‌ (عبدالله المهدی) ـ سڵاوی لێ بێت ـو كه‌ دوای فیتنه‌ی (مه‌سیحی جادووگه‌ر) دێت كه‌ پێشتر له‌ ته‌فسیری سووره‌تی (فجر)دا باسكرا، جا كاتێك ئه‌و پیاوه‌ نه‌فره‌ت لێكراوه‌ش خۆی له‌ ئایه‌تو ڕێنمایی یه‌كانی خودای په‌روه‌ردگاریدا ده‌ماڵێتو، سیمای به‌هه‌شته‌ نوورانیه‌كه‌ی (إِرَمَ ذَاتِ ٱلْعِمَادِ)ی لێ داده‌بڕێت و، له‌به‌ر سه‌ركه‌شی‌و یاخی بوونیشی داده‌به‌زێته‌ سه‌ر زه‌وی‌و ده‌ست به‌دنیاوه‌ ده‌گرێت، ئیدی له‌و ڕۆژه‌دا زه‌وی له‌ حاڵه‌تی ڕۆشن بوونه‌وه‌یه‌كی ته‌واو به‌ ڕووناكی‌و نووری په‌روه‌ردگاری دایه‌.. وه‌ك له‌ سووره‌تی (الأعراف)دا هاتووه‌، كه‌ ده‌فه‌رموێت:-

﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ الأعراف﴾.

واتە:- (ئەی پێغەمبەر هەواڵو بەسەرهاتی ئەو کەسەیان بۆ بخوێنەرەوە، کە فەرمانو ڕێنمایی یەکانی خۆمان پێ ڕاگەیاندبوو، کە بۆ پێغەمبەرەکەمان ناردبووە خوارەوەو کەچی ئەو شەیتانی بەدواوە بووو شەیتان ئەوی دابووە پێش خۆی و، ئەویش چووە ڕیزی گومراو لەناوچوانەوە، خۆ ئەگەر خواستمان لێی بوایە، ئەو کابرایەمان بەو ئایەتو ڕێنماییانەمان بەرزو سەنگین دەکرد، کەچی ئەو خۆی سەری کردە سەر ژیانی فریودەری دنیاو، تەنها بەجوانیەکانی دنیا قایل بوو، نموونەی ئەم جۆرە کەسەش، وەك نموونەی سەگ وایە ئەگەر دەریکەیت، یان دەرینەکەیت، یان پیایدا هەڵشاخێیت، یاخود وازیشی لێ بهێنیت، هەر زمان دەردێنێتو لە هەناسە بڕکێ دایە.. بەڕاستی ئەمە نموونەی ئەو کەسانەیە، کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆزانیوەو باوەڕیان پێ نەهێناوە.. جا تۆش ئەم جۆرە هەواڵو بەسەرهاتانە بۆ خەڵکی بگێڕەرەوە، تاکو هەڵوێستەو تێفکرینیان هەبێت).

جا لەو ڕۆژەدا، کە ئەم پیاوە خۆی لە ئایەتو فەرمانەکانی خودا دادەماڵێتو سەرپێچیان لێ دەکات، زەویش لەوکاتەدا (لە حاڵەتی ڕۆشن بوونەوەیەکی تەواو بە نووری پەروەردگارییەوە)ی دایە، بێئەوەی، کە (هەڵبەتە) هیچ چرپیەکی لەسەر مابێت، مەگەر ئەوەی ناخی نەبێت، وەك ئەو بەربەستەی، کە ڕێ لە دەرچوونی (یەئجووجو مەئجووج) دەگرێت. جا بە هاتنی مەسیحی جادووگەر (دجال)و نەفرەتلێکراویش بۆسەر زەوی، هەر شتێك چاوی بەسەر بکەوێت دایدەپۆشێتو ڕووی زەویش بە ڕووپۆشێك لە خۆڵەمێش دادەپۆشێت، کە ڕەنگی خۆڵەمێشەکە لە ڕەنگی ڕەشەوە نزیکە، بەوەش چەندین دیمەنی بەرجەستە لە دەریاو ڕووبارو کێڵگەو درەختەکان دادەپۆشێت، بەڵام حاڵەتە ئیجابییە ڕۆشنکراوە زیندووەکەی بۆ داناپۆشێرێت. پاشان هەموو کۆشكو خانووو ڕووبارەکانی بەهەر حەوت باخەکانی (ئیرەم)ە وە دێنە سەر زەویو لەو ئاگرە پیرۆزەدا دەپێچرێنەوە، کە خودای بەرزو باڵادەست لە سوورەتی (نمل)دا لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿...أَنۢ بُورِكَ مَن فِي

ﭐلنَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨﴾ النمل﴾، واتە بانگی لێکراو پێی گوترا: (پیرۆزو پاکژو خوا پێداون ئەو کەسەی، کە لەپاڵ ئاگرەکەدایەو، ئەو مەلائیکەتانەش کە لە چواردەوری شوێنی ئاگرەکەدان). ئەو ئاگرەش ئاگرێکی پیرۆزەو هەرگیز شت ناسووتێنێت هەرچەندە بارستاییەکەی گەورەو سیفەتێکی سامناکیشی هەبێت، چونکە بەقەد ئەو لە ئاکامو شوێنەواری ئەوەشدا ئەو جادووگەرە نەفرەت لێکراوو درۆزنە بەیارمەتی شەیتانو سەربازانی شەیتان شتە دروستکراوە خەیاڵییەکانی لەسەر ئەو ڕووپۆشەی کە بەسەر ڕووی زەویدا داوە، دادەنێت، وەك ڕووبارو خانووو یاریگەکانی کە بەزمان وەسف ناکرێت ئەویش بەحوکمی توانا ستەمکارییەکەیەوە. فیتنەو ئاشووبی ئەم کابرایە (نەفرەتی خودای لەسەر بێت) لەسەر دەستی پێغەمبەری خودا (عیسا) ـ سلاوی لێ بێت ـ کۆتایی دێت کە (عیسا) بە قەمە ڕۆحانییەکەی (الحربة الروحانیة) لێی دەدات و، پاشان مەلائیکەتی سزا دەیخەنە دۆزەخەوە (ئاگرەکەوە)، چونکە حوکمی مردن لەکاتی هاتنی ڕۆژیی دوایی تا ڕۆژی قیامەتی گەورە ڕاوەستێنراوە.

پاشان پێغەمبەری خودا (عیسا) ـ سلاوی لێ بێت ـ فەرمان بەئاگرە پیرۆزەکە دەکات کە بۆ ئاسمان بەرزبێتەوە بەو کۆشكو خانووانەی (ئیرەم)ەوە کە لەنێوی دانو، بەو (خەڵکەوەی تێی دان)و (بەو کەسانەوەش کە ئازایەتییان لە چوونە نێویەوە پێدراوە کاتێك پێی دەترسێنران) بە هەموو ئەمانەوە بەرزبێتەوە، ئینجا هەر ئەوانەشن کە دەگەڕێنەوە بۆ ئاسمان.

بەڵام پێغەمبەری خودا (عیسا) ـ سلاوی لێ بێت ـو جێنشینانی ئیمامی گەورەش ـ سلاوی لێ بێت ـو هەموو ئەو نەتەوەو هۆزانەش کە لە دوایانەوە بوون، سرووشی ئەوەیان بۆ دێت کە بچنە پاڵ (بیت المقدس)و (مسجد الحرام)و ئەم دوو جێگە پیرۆزەش لەو ڕۆژەدا لە سیمای گەوهەریانەی پڕشنگدار بووی خۆیان دان، هەروەها سرووشیان بۆ دێت، کە بچنە (مەدینە)ی نوورینو ڕۆشنکراو بەسنوورە

بنچینەییەکانی ئەوسای زەمانی پێغەمبەری خودا (محمد) ﷺ کە لەو دیمەنەیدا خودای حەق کردوێتی بە گەوهەرو خاکی درەوشاوە، ئەوەش بەتیشکی ڕۆشنکەرەوەی زەوی کە بە نوورو ڕۆشناییی پەروەردگاری خۆی لەدوای هاتنی قیامەت ڕۆشن بۆتەوە.. خودا ئەم خاکەی لە (یەئجووج‌و مەئجووج)یش پاراستووەو ناهێڵێت بچنە ناویەوە.

لێرەوە ڕازو نهێنیی سرووشی خودا بۆ پێغەمبەری خۆی (عیسا) دەردەکەوێت کە خۆی‌و هەموو ئەو نەتەوانەی لەگەڵیدان بچنە نێو ئەو جێگە ڕێزلێگیراوو پیرۆزانەوە، ئەمەش لەبەر نزیکبوونەوەی بەڵێنی حەقی خودا لەسەر دەرچوونی (یەئجووج‌و مەئجووج)، لەو ڕۆژەشدا هەر شتێك لەو چڕییانەی کە چواردەوری ناخی زەوییان داوە، ڕێیان لێ دەگرن، بەڵام ئەوان لە هەر چوار لاکەی زەوییەوە زۆر بەخێرایی‌و کۆمەڵ لەدوای کۆمەڵ دێن‌و وەك ئەوەی سەر ڕووی هەموو ئەو زەوییانە داپۆشن کە داگیری دەکەن، ئەم بەخێرایی دەرچوونەشیان، وەك بەدیی هاتنی بەڵێنەکەی خودای پەروەردگارەکە فەرموویەتی:- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ ﴾، ئیدی بەچەندین تاقم‌و کۆمەڵەوە دێن‌و سەر ڕووی زەوی دادەپۆشن‌و وێنەی ڕوخسارەکانی باب‌و باپیرانی پێشوویان دەچێتەوە سەرو ناشیرینیی ڕەنگ‌و ڕوویان دەردەکەوێت و، سیمای وەحشیانەو دڕندانەشیان بەدیار دەکەوێت‌و، بەو ناشیرینیی‌و خراپییەی نەریت‌و ئاکاریانەوە بڵاو دەبنەوەو، ڕەقی‌و توندی‌و قێزەوەنی هەڵس‌وکەوتیشیان دەردەخات، ئەمەش لەکاتی دەرچوونیاندا لەو کایە ڕۆشنەوە بۆ کایە ناهەموارە پێچەوانەکەو لەئاکامی ئەو هەموو فیتنەو ئاژاوانەشەوە کە جادووگەرەکە لەسەر ڕووی زەوی ئەنجامی داوە. ئیدی هەر درۆو دەلەسەیەك‌و هەر کارێك کە جادووگەرەکە لەسەر ڕووی زەوی ئەنجامی دابێت، ئەوان دەیخۆن و، هەر ڕووبارو دەریایەکیشی دروست کردبێت هەمووی دەخۆنەوە. بەم ڕەنگەش ئەو دوو ناوەی (یەئجووج‌و مەئجووج) کە

(نووح)ی پێغەمبەری خودا لێی نابوون تیایانـدا بـەدی دێـت، وەك گوتمـان وشـەی (یـەئجووج) لــە مانــا ســریانیەکەیدا بــەمانای (بخــۆری درۆ) دێــتو، وشــەی (مەئجووج)یش بەمانای (بخۆرەوەی درۆ) دێت وەك پێـشتریش ڕوون کرایـەوەو کـە وائیدی بەو شێوەیەش تێیاندا بەدی دێت.

ئینجا شەیتانەکانیش لەو پێگەو مەڵبەندە پڕ لەدرۆو دەلەسانەی جادووگەر کە هۆزو کۆمەڵەکانی (یەئجووجو مەئجووج) قووتیـان داونو خواردوویاننەتـەوە، بـۆ دەرەوەی زەوی هەڵــدێنو لــە ئاســۆکانی دەوروبــەری لەنگــەر دەگــرنو، لــە سەرووشیانەوە (ئیبلیسی بابەگەورەیان) هەیەو، بـەردەوام لـە بۆشـایی ئـەو ئاسـۆ فراوانەدا تا ڕۆژی قیامەت دەمێننەوە، ئیدی دوای ئەوە جێگەیەکیان لەسـەر زەوی نیە، وەك خوداش فەرموویەتی:- ﴿...وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾ الحج﴾.

واتە:- (هەرکەسێك هـاوەڵ بـۆ خـودا دابنێـت، وەك ئـەو حاڵەتـەی وایـە کـە لەئاسمانەوە بەربووبێتەوەو دەسبەجێ باڵندەش پـەلاماری بـداتو پارچـە پارچـەی بکات، یاخود ڕەشە بایەکی بەهێز بیفڕێنێتو بیبات بۆ شوێنێکی زۆر دوور).

بەڵام ئەو گومڕایی یەی کە دوای ماوەی حوکمرانی پێغەمبەری خودا (عیسا) ـ سلاوی لیٚ بێت ـ تـا ڕۆژی قیامــەتی گـەورە دروسـت دەبێـت، ئـەوە لـە خـودی خەڵکییەوەیە بەهۆی ئەو هێزە سرووشتییەی هـەیانبووەو کـە بەهـەواو ئـارەزووی نەفسەکانیشیان چۆکیان پیٚداداون.

پاشان دوای ئەوەی زەوی لەو هەموو درۆو دەلەسەیەی جادووگەر پاك دەبێتەوەو کە گەلی (یەئجووجو مەئجووج) خواردوویانەو خواردوویاننەتەوە، چەند باڵندەیـەك بە وردە بەردی سـوورکراوەی (سـجیل)ەوە دێـنو دادەبەزنـە سـەریانو هـەموویان بەردباران دەکەنو دەیـانکوژن، پاشـان ئاسمـان بـارانێکی وەهـا بەلێزمـەو گـەورە

دەبارێنێت کە لاشە مردارەوەبووەکان بۆ دەرەوەی زەوی تووڕ دەدات، لەوێش چەند باڵندەیەکی ڕەشی زەبەللاح کە (لەش و لارو باڵەکانیان گەورەن)، دەیانخۆن.. بەمەش فەرمایشتەکەی خودا بەدیی دێت کە فەرموویەتی:- ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ﴾.. هەر شەیتانەکانیشن کە (با) لەجێیەکی دوور فڕێیان دەدات، چونکە هیچ جێگەیەکیان لەسەر زەوی لەو ڕۆژەدا نییە، وەك لەمەو پێشیش ڕوون کرایەوە.. بەڵام ئەوانەی، کە باڵندەکان پەلاماریان دەدەن، هەر ئەوانن (واتە: قەومی یەئجووج و مەئجووج) بەهۆی ئەوەی درۆو بوختانی جادووگەرە نەفرەت لێکراوەکەیان پێوە پەیوەست کراوەو کە خواردوویانەو خواردوویانەتەوە، چونکە بوونەتە چەند قاپێك بۆیانو بەرەو ئاگرە گەورەکەیان دەبات و، چەندەها سەدەو عەیامی بێشومارو نەزانراو تێیدا دەمێننەوە، هەر ئەوانیش کە دوایین کەس و کۆمەڵن لەوانەی لەئاگر دەردەچن، ئەوان تیایدا ئازاریش نادرێن، بەڵکو ئامرازێك بوون لە ئامرازەکانی سزادانی خەڵکی نێو دۆزەخ، لەهەمان کاتدا پێکهاتە ئەتۆمییەکەشیان بەبێ‌ئەوەی ئازاری ناخی دەروونیان بدات ڕێك دەبێتەوە، چونکە ئەوان لە بنەڕەتی شێوە خولقێنراوەکەیاندا لێبوردراوو چاوپۆشیی لێکراون.

بەدەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی لاشەکانیشیان لەسەر زەوی بەو بارانەی، کە ڕایماڵیون (وەك پێشتر باسمان کرد) ئەم بارانە ئەو ڕوو پۆشە خۆڵەمێشییەش ڕادەماڵێت کەوا بەسەریەوە نیشتبوو، پاشان حاڵەتی ڕووناکیو ژیانە سرووشتییەکەش بۆ زەوی دەگەڕێتەوە،و ئاشتیو دادپەروەری خۆشەویستیش لەسەر زەوی باڵ دەکێشێت، ئەمەش لەژێر حوکمی پێغەمبەری خودا (عیسا) ـ سلاوی لێ بێت ـو لایەنگرانی بەدی دێت.

ئایەتەکەی نێو ئەو ئینجیله ڕاستەقینه پیرۆزەش بەدیی دێت کە دەڵێت:- (گەورەیی و نەمریی له ئاسۆکانی بڵندییدا هەر بۆ خودایه، هەروەها لەسەر زەویش ئاشتیی و بۆ خەڵکیش خۆشحاڵی)[1].. ئیدی زەوی هەر لەو ئارامی یەی دا دەبێت تاکو پێغەمبەری خودا (عیسا) ـ سڵاوی لیٚ بێت ـ بۆ لای خودای (رفيق الاعلى) بەرزدەبێتەوەو جێنیشینانیشی ـ سڵاویان لیٚ بێت ـ دوای دەکەون.. دوای ئەمەش خەڵکی تووشی نسکۆیەکی ترسناك و تۆقێنەر دەبن، ئەمەش بەگوێرەی ئەو هەواڵەی کە خودای بەرزو بالادەست پێی ڕاگەیاندووین و فەرموویەتی:- ﴿...وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ ۝٩٩ الكهف﴾.. ئینجا حاڵەتەکە هێندە ناخایەنێت کە قیامەتی گەورە دادێت، وەك بەدیی هاتنێکی فەرمایشتی خودا کە فەرموویەتی:- ﴿...وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا ۝٩٩ الكهف﴾.

بەم ڕوونکردنەوە ڕاست و هەقپەروەرانەیەش توانیومانە پەردە لەسەر بەسەرهاتی (یەئجووج و مەئجووج) هەڵدەینەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەیەی، کە باشترینی خەلق و گەورەی بەندەکانی خوداو، ئاشناو خۆشەویست و هەڵبژێرراوی خودا: (ئیمامی گەورەی دوایین (عبدالله المهدی) سڵاوی لیٚ بێت) بەئەنجامی داوە.

ڕۆژانیش ئەم ڕاستییە لەنزیکەوە ((بە فەرمانی خوداو بەخواستی خۆی)) دەسەلمێنن.. بۆیە له خودا دەپاڕێینەوە، کە ئێمەو ئێوەش بەکەسانی بڕوا پێکەرو باوەڕدارو تەسلیم بووی حەق، دابنێت تاکو پاداشتی سەرکەوتن و چاکەخوازی بەدەست بێنن و، بەو خەڵات و خێرو بەرەکەتەش بگەین و، لە بەهرەمەندان بین.. (امین).

---

[1]) وەك پێشتریش لە پەراوێزی لاپەرەیەکی تردا ئاماژەم بۆ کرد من وەك وەرگێڕی ئەم کتێبە هاورای نووسەر نیم لە هێنانی ئەم دەقە درێژەدا کە خۆیشی بە ئەفسانەو خورافاتی دادەنێت، بەڵام وەك ئەمانەتێك تەرجەمەم کردۆتەوە. (وەرگێڕ)

تا ئێرە لە بڕگەی (یەئجووجو مەئجووج لە ڕوانگەی بەهائی یەکانەوە) دەقی ئەو شریتە بوو کە یەکێك لە بانگەشەچییانی بەهائی یەکان تێیدا دەربارەی (یەئجووجو مەئجووج) دواوەو بەزمانێکی ڕەوانی عەرەبی و بەئەدایەکی ڕۆشن و شێوازێکی ڕوونی وتاربێژییەوە ئەو هەموو ئەفسانەو قسە پووچو بێ نێوەڕۆکانەی تیادا هەڵ ڕشتووە.

((بەدواداچوونێکی کورت لەسەر ئەم وتە پووچەڵانە))

ئێمە بۆیە ئەم گوتارە گومڕاو ناهەقەمان بەو درێژییەی خۆی و بەتەواوەتی هێناوەو، سووربووین لەسەر خستنە ڕووی هەموو دەقەکەیشی، تاکو وێنەیەك لە تێڕوانینی دەستەو تاقمە گومراکان بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزو هەروەها لێکدانەوەی مەزهەبە لادەرەکانو یاری کردنیان بەکتێبی خوداو، شێواندنی ماناو دەلالەتەکانیشی بخەینە ڕوو.. لەم هەراو زەناو ساختەکارییەشدا چەند خاڵێك بەدیی دەکەین، وەك:-

ئەم گوتارە پشتی بەهیچ سەرچاوەیەکی ڕاست نەبەستووە لەسەرچاوەکانی فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ، بەڵکو هەر تەنیا گریمانو ئیدیعایە کە ئاتاجی بە بەڵگەو نموونەو سەلماندنە.

ئەمە گەڕانە لەنێو جیهانی نادیار (غیب)دا بەبێ ئامرازێکی ڕاستو، بەبێ بەڵگەیەکی پەسند لۆژیکی عەقڵێکی ساغ، جیهانی نادیارو ڕووداوو ڕاستییەکانیش، تەنها لەکتێبی خوداوە وەردەگیرێت، یان لە فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەرەوە ﷺ .

ئەم درۆزنە قسە هەڵبەستو بوختانچیو ئیددیعاکارەش جڵەوی تەواوی بۆ خەیاڵی خۆی شل کردووەو، بە ئارەزووی خۆی ڕۆشتووەو گەڕاوەو چەندین شتی سەیرو سەمەرەی لەژێر زەویدا خستۆتە خەیاڵی خۆیەوە، کە گوایە ئەو شتانەو ئەو

مەخلووقاتانه ژیانێکی تایبەتییان هەیەو، ئەوان هۆزی (یـەئجووجو مـەئجووج)ن، له ڕاستیدا ئەو وێنەو دیمەنانەی که ئەو کابرایه خستوونیه ڕوو له جیهانی واقیعـی ماددیدا هیچ وجودێکیان نیه، تەنانەت له خەیاڵی کابرا خۆیشیداو لەخەیاڵی هـەر کەسێکیشدا که بڕوای پێدەکات، هیچ وجودێکیان نیه.

بۆ ئەوەی ئەم شێواندنو درۆو بوختانانەش زیاتر هانمان دات بۆ وریایی‌و بێداری له ئاست ڕاستییەکانی قورئانو ماناو مەبەستەکانیـشیداو، بـەردەوام بـین لەسـەر ئەوەش که بانگەواز بۆ تەفسیری قورئان تـەنها بەڕاسـتی‌و زانـست بکـەین، بـەڵام ڕێگاش نادەین بەهیچ کەسێك که لەو دەقەی هێنامان بڕوای پێ بکات یان ئیمانی پێ بێنێت، بەڵکو تەنها له دەرووی‌و ئاگادارکردنەوەوە بۆ خەڵکی تری باس بکات.

((لەگـەڵ ئایەتـەکانی ئەم چیـرۆکـەدا))

((پێغەمبەر ﷺ له ئایەتـەکانی چیرۆکی (ذوالقرنین) دەخوێنێتەوە..))

ئایەتەکانی چیرۆکی (ذوالقـرنین) بەو پرسیارە دەست پێدەکات که کافرو (هاوەڵ بۆ خوا دانەران) ئاڕاسـتەی پێغەمبـەری خـودا ﷺ یـان کردبـوو، کـه پێـشتریش جووله‌که‌کان ڕێنمایی ئەو کافرانەیان کردبوو تا ئـەم پرسـیارە لـه پێغەمبـەر ﷺ بکەن، ئەوەبوو پێیان گوتبوون: (دەربارەی پیاوێکی گەڕۆك پرسیاری لێبکەن که له ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا گەڕاوەو، داخۆ بەسـەر هاتەکـەی چـی بێـت)؟! وەکـو لەمـەو پێشیش دەقەکەمان هێنایەوە. ئایەتی پرسـیارەکەش ئەمەیـە: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ﴾ (پرسیارت لەسەر (ذوالقرنین) لـێدەکەن).. وەڵامی نێـو ئایەتەکـەش ئەمەیە ﴿قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴾ (پێیان بڵێ باسێکی ئـەوتان لـه چـەند ئایەتێکی قورئانەوە بۆ دەخوێنمەوە).

کاتێك سەرنج لەم وەڵامە دەدەین هەندێك دەرسو ئامـاژەو پەنـدو ڕێنمـوونیی لـێ دەردێنین، وەك:-

١- سەرەتای وەڵامەکە بە وشەی (قل/ بڵـێ) دەست پێدەکات، زانایـانی تەفـسیر ئەمە بە (قل-ی- تلقینی) ناودەبەن، واتە: بە (وەڵامی فێرکاریی ی-بڵـێ-).. بەو مانایەی کە باسەکەو چیرۆکەکەش لەلایەن پێغەمبـەری خـوداوە دانـەنراون بەڵکو فێرکردنو تێگەیاندنێکە لە خودای زاناو کاربەجێوە بـۆ پێغەمبەرەکـەی خۆی ﷺ گوزارشـت کـردن (تعـبیر)یـش بـە (فـەرمانی (بڵـێ)ی فێرکـاریی) ڕێنموونیمان دەکات بۆ زانینی ئەو ڕاسـتییەی کـە بێگومـان سـرووش (وحـی) لەلایەن خوداوەیەو، فێرکاریو تێگەیاندنێکە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

پێغەمبەریش ﷺ کە لەم دۆخەدا (پرسیاری لێکراو)و (تاقیکراو)ەو کەوتۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیـەك (امتحـان) بـەو ووتـە ڕۆشـنە بەڕاشـکاوی وەڵامیـان دەداتەوەو، بۆشیان ڕوون دەکاتەوە کە وەڵامەکە لەلایەن خۆیـەوە نیـە، بـەڵکو لەلایەن خوداوەیە، ئەمەش بۆ ئـەوەی هـیچ هـەوڵێکی خـۆی بـە وەڵامەکـەوە نەبەستێتەوەو دان بەوەش دابنێت کە ئەو تەنها گەیەنەری فەرمایشتی خودایە.

هەر لێرەشدا تێبینی سەرپەرشـتیی خـودا بـۆ پێغەمبەرەکـەی دەکـەین کـە یارمەتیی داوەو سەریـخستووەو بەڵگـەی ڕێنمـایی پـێداوەو وەڵامیـشی بـۆ خـستۆتە ڕوو، ئـەوەتا لەسـەر (ذوالقـرنين) پرسـیاری لێ دەکرێـت و، خـوداش هەواڵی وەڵامەکەی پێ دەگەیەنێت.

٢- مانای ئەوە چییە کە پێغەمبـەر ﷺ چـەند ئایـەتێك لـە باسـی (ذوالقـرنين) دەخوێنێتەوە، بێگومان جگە لەوەی کـە پێـشتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، مانـای ئەوەش دەگەیەنێت کە ئاخاوتنی پێغەمبەر ﷺ لەبارەی (ذوالقـرنين)ەوە هـەقو ڕاستەو، مەسەلەکەش هەر بـەو ڕەنگەیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ ڕایگەیانـدووە، چونکە لەخوداوە پێی ڕاگەیاندراوە، مانای ئەوەش دەگەیەنێت کە دەبێت ئێمـە

ئـەو هەواڵـە ڕاگەیـەنراوەی پێغەمبـەر ﷺ نەخەینـە بـەر حـوكمی چـەند سەرچـاوەیەكی تـرو بـەهۆی ئەوانـەوە داوای ڕاسـتكردنەوەی هەواڵەكـە، یـان ڕێككردنـەوەی، یـان بەدواداچـوونی لـێبكەین، هـەروەها مانـای ئـەوەش دەگەیەنێت كە تەنها دەست بەم ڕاگەیـەنراوە ڕاسـتو جـێگیرەی پێغەمبـەرەوە بگرین و، بەو چەند ڕووداوەی لە چیرۆكەكەدا دیاریكراون قایل بینو زیـاتر لـەوە لـە سەرچـاوە نادروسـتەكاندا پەیـدا نەكـەینو، پـەناش نەبەینـە بـەر دەقـە ناڕاستەكانی (ئیسرائیلیات)و، بەسەرهاتو هـەواڵو وتـەی پێـشینەكان تـاكو چەند شیكارو درێژەیەكی ڕووداوەكانی چیرۆكەكەی لەسەر وەرگرین.

٣- با هەڵوێستەیەكیش لەبەردەم وشەی (منە)ی نێو ئایەتەكەدا بكـەین ﴿سَأَتْلُواْ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا﴾ ئەم پیتـەش ئـامرازی (مـن-ی- تبعیـضی)یـە (واتـە/ دابەشكاری) واتـە پێغەمبـەر ﷺ هـەموو زانیـاریو بەشـەكانی چیرۆكەكەو ڕووداوەكانی (ذوالقـرنین) بـاس ناكـات، بـەڵكو گرنگترینـی زانیـاری یـەكانو ڕووداوەكان (واتە: هەندێكو (بەشێكی) لـێ بـاس دەكـات). هـەروەها وشـەی (منـە) ئاماژە بۆ شێوازی قورئـان لـە گێڕانـەوەی ڕووداوەكـانی چـیرۆكەكانیدا دەكات كـە هـەموو چـیرۆكەكە بەدرێـژیو بەیـەك جـاری تـەواو ناگێڕێتـەوە، هەمدیسان لەسەر بنچینەی ڕوودانی ئەو بەرسەرهاتە بەشەكانی ڕێك ناخات و، شیكارو سەرجەم كارو مەسەلە وردو درشتەكانیشی بەتێكڕایی ناهێنێت.

جا ئەوەی كە واتای قورئانی تێدا ڕەنگ بداتەوە، وێستگەكانی عیبرەتو پەنـد لـێوەرگرتنە كە گوێگران (بیـسەرانی قورئـان) وانـەو ئامـاژەو ڕێنماییـیەكانیان لـێوەردەگرن، هەر بۆیەش لەنێو چیرۆكەكەدا تەنها ئەو وێستگانە پێـشان دەداتو ئەو بەشەیە كەوا نیازە ویستراوەكانی پێ بەدی دەهێنێت.

هەروەها لـه چـیرۆكەكەوە ئـەو دیمـەنو پـەردەو بڕگانـەش پێـشان دەدات كـه سوودێك، یان زانستێك، یان پەندێكیان تێدایه. ئیـدی بەئانقەسـت ئـەم شـیكارو ڕووداوو هەواڵانەی تری كه (سوودێك، یـان زانـستێك، یـان پەنـدێك) نابەخـشن، فەرامۆش كردووه.

لەبەرئەوە باوەڕمان هەیه بەوەی كـه قورئـان پیـشانی داوه، ئـەوە گرنگترینـی دیمەنو بڕگەكانی چیرۆكەكەیه، ئەوەش هەندێك لـه دیمەنەكانیـەتی، نـەك هـەموو دیمەنو بەشەكانی ئەو چیرۆكه.

دانیش بەوە دادەنێین كه ئەگەر قورئان هەر بەشێكی تری چیرۆكەكەی فەرامۆش كردبێت، لەبەر ئەوەیه بەپلەی یەكەم هیچ سوودێكی نەبووەو، بەپلەی دووەمیش به كردەیی (فعلی) هیچ بوارێكی بۆ هەڵوێسته لەسەركردنی تێدا نیه.

هەر بۆیەش ناشێت لەنێو سەرچاوەو چاوگەكانی تردا بەدوایدا بگەڕێین، بـەڵكو پێویـسته لەسـەرمان هێنـدە لـه گرنگترینـی ڕووداوەكـانی پێـشینان وەرگـرینو، مامەڵەش لەگەڵ ئەو بەشو دیمەنه پیشاندراوانەیدا بكەین كـه هاوەڵـه بـەڕێزەكان (الصحابه الكرام) مامەڵەیان لەگەڵدا كردووه كاتێـــك بەوەنـدە لـه چیـــرۆكەكەدا قایل بوون.

ئەو دەسەلاتەی كه خودا به (ذو القرنیـن)ی داوه

قورئان هەواڵی ئەو دەسەڵاتەی كه خـودا بـۆ (ذوالقـرنین)ی مەیـسەر كـردووه، پێداوین، وەك له فەرمایشتەكەی خودادا هاتووه:- (انا مكنا لـه) واتـه:- (ئێمـه دەسەڵاتێكی زۆرو گەورەمـان پێدابوو). دەسەڵات پێدانیش كه لـه ڕیـشەی زمانـه عەرەبییەكەیدا له (تمكین)ەوەیه له وشەكانی (مكان)و (مكانـة)ەوە وەرگـیراون كـه مانای خاوەندارێتی دەگەیەنێتو، واته (بـووە بـه خـاوەنی شـوێنەكە)و بـووە بـه خاوەنی پلەو پایەیەك، خوداش بەو ڕەنگه دەسەڵاتی لـه زەویـدا بـه (ذوالقـرنین)دا

بوو، کە هۆیەکانی سەرکەوتن‌و سەرفرازیی بۆ مەیسەر کردبوو. (ذوالقرنین)یش دانی بەو دەسەڵاتەدا نابوو کە خودا پێی بەخشیوەو کە هەر شتێك (لە هێزو لە سەرکەوتن) خاوەنی بوو بێت بە هێزو کۆمەکی خودا بووە، بۆیە کاتێك لە گەشتەکەی باکووردا ئەو گەلەی کە لەنێوان هەردوو چیا بەرزەکەدا دیتنی، پێی گوتن ﴿مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾ (ئەو تواناو دەسەڵاتەی کە خودا پێی داوم لەهەر کریۆ پاداشتێکی ئێوە باشترە).

وەك تێبینیش دەکەین فەرمانی ڕابردوو (الفعل الماضي)ی (مكن) دووجار لە چیرۆکەکەدا هاتووە: ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ و، ﴿مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾.

جا کاتێك سەرنجی ورد لەم فەرمانەی نێو هەردوو ڕستەکە دەدەین، چەند خاڵێکی گرنگی لێ بەدی دەکەین، وەك:-

١- بێگومان بکەر (فاعل) لە هەردوو (فعل)ەکەدا، خودایە، چونکە فەرمانەکە دراونەتە پاڵ خودا، ئەمەش باوەڕ دانی پێدا دەنێت و، عەقیدەش ئاماژەی بۆ دەکات کەوا خودا هەر خۆی بکەر (فاعل)و ئەنجامدەری ڕاستەقینەی هەر کردارو مەسەلەیەکی نێو ئەم گەردوونەیە. هەر خوداشە بڕی ڕووداوەکان بەپێی خواست‌و ئیرادەی خۆی دادەنێت، دەنا خەڵکی لە هەر کردو کۆش‌و هەوڵ‌و کارێکیاندا تەنها وەك چەند هۆکارێکی ڕواڵەتیی دەرەکی دیارن، بەڵام هۆ خوڵقێن‌و قەدەرکارەکەی تەنها خودایە.

٢- (ذوالقرنين) لەو دوو ڕستەیەدا وەك (مفعول بە) یەك هاتووە کە فەرمانەکەی لە ڕستەی یەکەمداو بەپیتی پێشگر (حرف جر)ی (لە) لە ڕستەی (مكنا لە)دا بۆ پەڕیوەتەوەو، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا (مكني) بەبێ ئەو جۆرە پیتانەو، هەر بەڕاستەوخۆ فەرمانەکەی بۆ پەڕیوەتەوە.

٣- ئێمەش پرسیار دەکەین لەسەر ئەوەی داخۆ حیکمەت چییە لە پەڕینەوەی (فعل) بۆ (مفعول) لە ڕستەی یەکەمدا بە (حرف جر)ی (مکنا لە)، لە کاتێکدا بەبێ ئەو (حرف)ەو ڕاستەوخۆ لە ڕستەی دووەم (مکنی)دا بۆی پەڕیوەتەوە؟ بێگومان (فعل/فەرمانەکە) لە ڕستەی یەکەمدا لە فەرمانەکەی نێو ڕستەی دووەم لاوازترە، هۆکاری لاوازتر بوونیشی ئەو بۆتەیەیە کە تێیدا هاتووە، چەندین شوێنو بۆتەی تری قورئانیش دەبینین کە کاریگەرییان لە هێزی فەرمان، یان لە لاوازیی‌و لە بزووتنیی‌و لە داڕشتنەوەیدا هەیە. فەرمانی (مکن)ەش لە ڕستەی یەکەمدا لاوازە، هەر بۆیەش نەیتوانیوە خۆی ڕاستەوخۆ بۆ (مفعول)ەکە بپەڕێتەوە، یان بەبێ شتێکی دی پێی بگات، لەبەر ئەمە پشتی بە (حرف جر)ێکی وەك پیتی (لام) بەستووە تاکو بە (مفعول)ەکەی بگەیەنێت، ئیدی بەهۆی ئەوەوە بۆی پەڕیوەتەوە، هۆی لاوازیی ئەم فەرمانەی نێو ڕستەی یەکەم ئەوەیە لەسەرەتای باسی چیرۆکی (ذوالقرنین) دا هاتووەو، لەمەڕ سەرەتای کاروباری دەدوێت. وەك زانراویشە کاروبارو مەسەلەکان لە خاڵی سەرەتایانەوە لاوازترن لە کۆتایی یەکانیان. لەبەر ئەم لاوازی یەش ئاتاجی بە (لام)ەکە هەبووە تاکو بۆ (مفعول بە)یەکە بپەڕێتەوە.

بەڵام لە ڕستەی دووەم دا ﴿مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾ فەرمانی (مکن) بەهێزە، هەر بۆیەش خۆی بەتەنها بۆ (مفعول بە)یەکە پەڕیوەتەوەو، ڕاستەوخۆ چۆتە سەری. بۆ سیاقی ڕستەکەش ئەو هێزەی پێ بەخشیووە.چونکە:-

یەکەم:- ئەو دەربارەی (ذوالقرنین) دەدوێت کە دوای ئەوەی پەیدا بووەو دەسەڵاتی پێدراوەو کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی کردووەو سەرکەوتووە.

دووەم:- لەبۆتەی باسی هێزو توانای (ذوالقرنین) لە بنیاتنانی بەربەستەکەدا بووە کە بۆ ئەو گەلە ستەمدیدەی بنیات ناوە.

ئەم جیاوازییەی نێوان هەردوو جۆرە دەسەڵاتەکەش (تمکین) لەنێو هەردوو ڕستەکەدا، لە جیاوازی یەکی نێوان خۆیانو دوو ڕستەی تری هاوشێوەیان دەچنو لێکەوە نزیکن، ئەو دوو ڕستە هاوشێوەشیان لە فەرمایشتێکی تری خودا لە سووڕەتی (الأنعام) دایە کە فەرموویەتی:- ﴿ أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ ... ﴿٦﴾ الأنعام ﴾.. واتە:-

(ئایا ئەو بێباوەڕانە بەهۆی ئاسەوارەکانەوە نەیاندیوەو نەیانزانیوە کە لە پێش ئەواندا چەندەها نەوەمان لەناو بردووە کاتێك پێشتر دەسەڵاتو پایەمان لە زەویدا پێدابوونو دەسەڵاتدارێتیشیان بەجۆرێکی وابوو کە ئێوەمان ئاوا پایەدار نەکردووە).

(دەسەڵات ڕەخساندن لە قورئاندا)

هەڵوێستەمان لە ئاست ووشەی دەسەڵاتو ڕەخساندن (التمکین)ی نێو چیرۆکی (ذوالقرنین)دا هانمان دەدات بۆ سەرنجدان لەم بابەتی دەسەڵاتە لە ئایەتەکانی ترو سوورەتەکانی تری قورئاندا.. لەم ڕووەشەوە دەبینین کە سیازدە جار لە قورئاندا وشەکانی (مكن.. يمكن/ واتە بەفەرمانی ڕابردووو ڕانەبردوو) هاتوون، وەك (مكنا، مكنا كم.. مكناهم.. مكني.. نمكن.. وليمكنن..) کاتێك لەهەر سیازدە جارەکەشدا لەم فەرمانە وورد دەبینەوە، دەبینین هەمووی براوەتەوە پاڵ تواناو کاری خوداو کە هەر خۆی بکەرو کردگاریانەو، هاوەڵفرمانیش (مفعول بە)یەکان ئەو کەسانەن کە خودا دەسەڵاتی بۆ ڕەخساندوون یان ئەوانەن کە لەمەولا دەسەڵاتیان بۆ دەڕەخسێنێت.

ئینجا لە ئاکامی هەڵوێستەکردنمان لە ئاست ئەم بابەتەدا ئەم ڕێسا ڕوونکراوەیەی لێ دەردێنین:- (بکەر (فاعل)ی فەرمانەکانی (مكن..يمكن) لە

قورئاندا هەر خودا خۆیەتی.. ڕەخساندنی دەسەڵاتیش لە قورئاندا تەنها بە کارێکی خودا دادەنرێتو، تەنها بۆ خودایەو دەخرێتە پاڵ خودا.. ئەم ڕێسا ڕوونکەرەوەیەش بەرەو ڕێسایەکی باوەڕدارانەی عەقیدییمان دەبات کە ڕەهەندێکی مێژوویی‌و ژیاریی هەیە، بێگومان خودا هەر خۆی دەسەڵات دەدات بە سەرکردەو پێشەواو فەرمانڕەوایان، هەر خۆیشی مەوداو ڕادەی پادشاییی‌و سەرۆکایەتی‌و سەروەرییان بۆ دیاری دەکات، بۆیە ئەوان بەهۆی هێزێکی ڕواڵەتی ی خۆیانەوە کە تێیاندا بێت، یاخود بەهۆی قودرەتێکی خۆڕسکی خۆیانەوە نابنە پادشاو دەسەڵاتدار، بەڵکو ئەوان خۆیان پەردەو ڕووپۆشێکی خودان.

هەر خوداش دەسەڵاتو سەروەری بۆ گەلانو نەتەوەو هۆزو دەوڵەتان دەڕەخسێنێتو دیسان هەر خوداش بڕیاری سەرکەوتنو سەرفرازیی بۆ نەتەوەیەك دەداتو، هەر خۆیشی سەروەری‌و دەسەڵات بۆ دەوڵەتێك دیاری دەکاتو، بالاّ دەستی‌و سەربەخۆییش بە گەلێك دەدات. هەروەها خودا هەر خۆی ڕادەو بارستایی ڕووداوەکان دیاری دەکاتو، بەخواستی خۆی کارەساتەکان لە واقیعدا دەخولقێنێتو، کاروبارەکانیش بەڕێوە دەبات، دیارە هیچ شتێکیش لەهەر جێگەیەکدا تەنها بەڕێگەدانی خوداو تەقدیرو خواستی خۆی نەبێت، ڕوونادات.

ئەمەش ڕێسایەکی باوەڕدارێتی‌و، ڕاستییەکی قورئانییە کە گەلێك لە ئایەتەکانی قورئان جەختیان لەسەر کردووە..

دیارە هەندێك کەس لە خەڵکی لەم ڕاستییە بێئاگا دەبن لە کاتێکدا لە هۆیەکانی پەیدابوونی دەوڵەتانو لە هۆکارەکانی بەزینو تێشکانیان دەکۆڵنەوە. لە کاتێکیشدا دیراسەی دەسەڵاتدارێتیی پێشەوایانو حوکمی سەرکردەکان دەکەنو سەرنج لە ململانێی سەر حوکمو دەسەڵات دەدەن، ئەم ڕێسایەیان بیردەچێتەوە.. هەروەها لە کاتێکیشدا باسی ڕووداوە سیاسی‌و سەربازی‌و جەنگییەکان دەکەنو هەواڵەکانیان دەگێڕنەوەو دەبیستن، دووبارە لەم ڕێسا خوداییە بێئاگا دەبنو لەیادیان دەچێت.

به‌ڕاستی هیچ ڕووداوێك نایه‌ته‌ ئاراوه‌ ته‌نها به‌ فه‌رمانی خـودا نـه‌بێت.. هـیچ شتێکیش به‌دیی نایه‌ت ته‌نها به‌فه‌رمانی خۆی نه‌بێت.. هیچ حاکمێکیش لاناچـێت ته‌نها به‌ فه‌رمانی خودا نه‌بێ، هیچ که‌سێکیش نابێـت بـه‌حاکم تـه‌نها به‌فـه‌رمانی خودا نه‌بێت..

هه‌ر سوپایه‌کیش ته‌نها به‌فه‌رمانی خـودا سـه‌رده‌که‌وێت.. هـه‌ر نه‌ته‌وه‌یـه‌کیش ته‌نها به‌فه‌رمانی خودا بالاده‌ست ده‌بێـت، هـیچ ده‌وڵـه‌تێکیش به‌فـه‌رمانی خـودا نه‌بێت، بێدار نابێته‌وه‌و دانامـه‌زرێت، هـیچ شارسـتانه‌تێکیش به‌فـه‌رمانی خـودا نه‌بێت، نایه‌ته‌کایه‌وه‌و دروست نابێت..

﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ الكهف﴾..

دیارده‌کانی ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ی که‌ خودا به‌ (ذوالقرنین)ی به‌خشیبوو

قورئان ئاماژه‌ی بۆ ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ کردووه‌ که‌ خودا به‌ (ذوالقرنین)ی به‌خـشیبوو، هه‌روه‌ها دیارده‌کانی ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌یشی به‌ برگه‌یه‌کی کورتی گـشتی خـستۆته‌ ڕوو که‌ له‌ فه‌رمایشته‌که‌ی خوادا هـاتووه‌: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا﴾.. واتـه‌ (دوای ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتێکی گه‌وره‌مان به‌ (ذوالقرنین) به‌خشی، هه‌موو هۆکارو ئـامرازێکی حوکم‌و فه‌تحی ولاتان‌و سه‌رکه‌وتنمان بۆ دابین کرد).

هۆکاریش (السبب) ئه‌و ئامرازه‌یه‌ که‌ ده‌سه‌ڵات‌و فه‌رمانڕه‌وایی پـێ به‌ده‌ست ده‌هێنرێت‌و، ئه‌و ڕێگایه‌شه‌ که‌ بـه‌ ده‌سـه‌ڵاته‌که‌ی ده‌گه‌یـه‌نێت.. هۆکاره‌کـان ئـه‌و دیارده‌و ڕواڵه‌ته‌ ماددیانه‌ن که‌ ده‌سه‌ڵات‌و سه‌روه‌ریی به‌دی دێنن، سا ئیتر له‌ بواری ئابوورییه‌وه‌ بێت، یان سیاسی، یان سه‌ربازی، یان جه‌نگی، یـان پیـشه‌سازی، یـان شارستانی‌و ژیاریی..

خـــوداش هۆیـــەکانی حـــوکمڕانیو فـــەتحی ولاّتـــانو، هۆیـــەکانی بیناســـازیو ئاوەدانکاریو، هۆیەکانی دەسەڵاتو سەردارێتییـــشی بـــە (ذوالقـــرنین) بەخـــشیبوو، جگە لە چەندین هۆی تر..

(ابن عباس)و خوێندکارەکانیشی ئەو هۆکار و(سەبەب)ەی نێـــو ئایەتـــەکان بـــە (زانست/ العلم) لێکداوەتەوە، بەمانای (اتیناه علما تـمکن به من الفتح والنـصر و السیادة) — واتە (زانستی وەهامان پێ بەخشیبوو کە بەهۆیەوە توانیی فـەتحکردنی ولاّتانو سەرکەوتنو دەسەڵات بەدەست بێنێت).

(قتادە)ش گوتوویەتی:- (وشەی (سبب) لە ئایەتەکـەدا پلـەو پایـەکانی سـەر زەویو پێشەوایەتیو پێشەنگییەتی).

(عبدالرحمنی کوڕی زەیـد)یـش گوتوویـەتی: (هۆکـار (سـبب)ەکـە فێرکردنـی زمانەکانی گەلان بووە، چونکە (ذوالقـرنین) جەنگی لەگەڵ هیچ گەلێکـدا نـەدەکرد هەتا فێری زمانەکەیان نەبوایە).

بـــەڵام هەنـــدێك لەوانـــەی هـــەواڵو بەســـەرهاتەکانیان لـــە ڕێـــی دەقـــە ئیسرائیلییەکانەوە گێڕاوەتەوە تەنها پـەنایان بـۆ ئەفـسانەکان بـردووەو، لـەبارەی دیاردەکانی ئەو دەسەڵاتەو دیاریکردنی هۆیەکانیەوە چەندان ئەفسانەو خوڕافـاتو وتەی هەڵبەستراوی جوولەکەکانیان هێناوەتەوە کە زۆر دوورن لە ڕاستییەوە.. هـەر لـەم ڕووەوە (امـام/ ابـن الکثیـر)یـش بەسـەرهاتێکی خۆشـی گێڕاوەتـەوە کـە گفتوگۆیەکی نێوان (معاویـەی کـوڕی ابوسـفیان)و (کعـب الاحبـار)ەو کـە (ابـن الکثیـــر) خۆیـــشی لێکدانەوەیـــەکی نایـــابی خـــستۆتە ســـەر گفتوگۆکـــەیان. بەسەرهاتەکەش بەم جۆرەیە:-

(لە سعیدی کوڕی ابوهلالەوە گێڕاوەتەوە، کەوا (معاویەی کوڕی ابوسـفیان بـە (کعب الاحبار)ی گوتووە: (تۆ دەڵێیت گوایـە (ذوالقرنیـــن) ئەسـپەکەی خـۆی بـە کۆمەڵە ئەستێرەیەکەوە بەستۆتەوە، ئایا ئەمە وایە؟

(کعب)یش له وەڵامدا پێی گوتووە:- (ئەگەر واشم گوتبێت هەر دەچێته ژێر سایەی ئەو مانایەی که خودا دەفەرموویێت: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا﴾..

(ابن الكثير)یش له لێکدانەوەی ئەم گفتوگۆیەدا، گوتوویەتی:- (ئەو بیروڕایەی کعب که معاویه نکوولی لێکردووە، ڕاستو دروستەو، معاویەش لەسەر هەقه لەو نکوولی لێکردنەیدا.. چونکه هەر خودی (معاویه) وتەیەکی دەربارەی (کعب الاحبار) هەیەو لەبارەیەوە گوتوویەتی: (ئێمه تاقیمان کردبۆوەو درۆمان لێدیبوو).

واته لەوەی که دەیهێنا نەك ئەوەی که له لاپەڕەکانی تەوراتیانەوە دەیهێنا، دیارە ئەوەی نێو لاپەرەکانیشیان زۆربەی لەو دەقه دەسهەڵبەستانەی (ئیسرائیلیات)ەوە بوون که زۆربەی ئەو دەقانەش گۆڕراوو دەسکاریکراوو نووسراوەو خولْقێنراو بوون، هەر بۆیەش له کاتی باسی هەر بەسەرهاتێك که له دەقەکانی قورئانی خوداو سوننەتی پێغەمبەرەکەیەوە هێنرابێت، هیچ پێویستییەکمان بە گشتی بەو سەرچاوە ناڕاستانه نابێت، چونکه هەر لەو سەرچاوە ناڕاستانەوە شەڕو خراپەیەکی زۆرو پشێویەکی گەورەش بەسەر خەڵکیدا هاتووە. لێکدانەوەکەی (کعب الاحبار)یش بۆ فەرمایشتی خودا ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا﴾و پەنابردنی بۆ لاپەڕەکانی خۆیان که بیانکاته بەڵگه لەسەر ئەوەی گوایه (ذوالقرنين) ئەسپەکەی خۆی بەکۆمەڵه ئەستێرەیەکەوە بەستبێتەوە، ئەوە بێگومان لێکدانەوەیەکی ناڕاستو ناهەموارە، چونکه هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم مرۆڤ دا بۆ ئەو مەبەسته نییه کەوا بۆ ئاسمانەکان بەرز بێتەوەو ئاژەڵێکی به ئەستێرەوە ببەستێتەوە.

خۆ ئەگەر خودا دەربارەی (بەلْقيس)ی شاژنیش فەرموویێتی: ﴿وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ﴾ مەبەستی لەوەیه که هەر ئامرازو کەرەسەیەکی پێویست لەوانەی بۆ پادشایان دەستەبەر دەکرێت بەویش دراوە. (ذوالقرنين)یش هەر لەم چوارچێوە

شیاوو ئاساییه دابووه.. خودا هۆکارو ئامرازەکانی بۆ مەیسەر کردووه.. واته ڕێگەو بانو ئامرازە پێویستەکان بۆ فەتح کردنی هەرێمو ناوچەو سەوزاییەکانو وڵاتانو خاكو زەویو زاری ترو، کەسانی بێباوەڕو شوێنکەوتوانی (شیرك)یشی بۆ سەر شۆڕو لاواز کردوون. ئیدی هەر شتێکی (وەك هۆکار) پێویست بوو بێت پێی بەخشیووه، خوداش هەر خۆی زانایه لەم ڕووەوه)[١].

-ذو القرنين- هۆکارەکانی گرتۆته بەر

خودا (ذوالقرنین)ی لەسەر زەوی پایەدار کردو، هۆکارو ئامرازەکانی بۆ سازو ئامادە کرد بۆ بەدی هێنانی حوکمو دەسەڵاتدارێتیو سەرکەوتن.

قورئانیش ئەو بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە کە خودا پێی بەخشیبوون، بێگومان بەچاکیش بەکاری هێنابوونو بەگەڕی خستبوونو مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن.

خوداش لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ الكهف ﴾، واته: (ذوالقرنینیش ئەو هۆکارو ئامرازانەی گرتەبەر.. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر چەلەنگیو ژیریو زیرەکیی (ذوالقرنین).

زۆریشن ئەو کەسانەی کە خودا لەدیاردەکانی تواناو لە هۆکارو ئامرازەکانی پایەدارێتیان پێدەداتو بەرەو سەرکەوتنو باڵادەستیو سەروەریی دەڕۆن.. هەندێك لەو هۆکارانەش ماددیی بەرچاوو هەست پێکراون، هەندێکی تریشیان بەهادارو مەعنەوین وەك وریاییو زیرەکیو، تەندروستیو هێزو کەسێتیو پێکەوە هەڵکردن لەگەڵ خەڵکیداو، کاتو تەمەنو.. هتد..

هەروەها زۆریشن ئەو کەسانەی کە هۆیەکانی سەرکەوتنو پایەدارێتیان بۆ دەرەخسێتو، بەڵام هەموویان سوود لەو هۆکارو ئامرازانە وەرناگرن کە خودا بۆیان

---

١) تەفسیری (ابن الكثیر) بەرگی سێیەم، لاپەرە (١٠١).

دەرەخسێنێت، بەڵکو زۆربەی ئەو کەسانە ئەو کەرەسەو هۆکارانە پەرش‌و بڵاودەکەنەوەو ونیان دەکەن‌و، سوود لە دەرفەتەکە وەرناگرن‌و، موناسەبەکان ناقۆزنەوەو، بارودۆخ‌و کاتە گونجاوەکەش بەهەل نابینن بۆ خۆیان، ئیدی بەم هۆیەشەوە بۆنەو موناسەبەی لواویان لەکیس دەچێت.

کەمیشن ئەو کەسانەی کە سوود لەو کەرەسە بەخشراوانەی خودا وەردەگرن‌و بەچاکی مامەڵەی پێ دەکەن‌و دەیانقۆزنەوە، هەر ئەوانیش کەسانی زیرەك‌و ژیرن.

بێگومان (ذوالقرنین)یش لەو کەسە کەم‌و دەگمەنانە بووەو، هەموو هۆکارەکانی گرتۆتەبەر.

ئەم بڕگەیەش کە دەربارەی گرتنە بەری هۆکارەکانە، واتە بڕگەی ﴿فَأَتْبَعَ سَبَبًا﴾ سێ جار هاتووە، چونکە سێ گەشتی جەنگیی جیهادکاریی ئەنجام داوە، گەشتێکیان بۆ ڕۆژئاواو، گەشتی دووەمیش بۆ ڕۆژهەڵات‌و، سێیەم گەشتیشی بۆ باکوور بووە:-

﴿فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ ...﴾ الكهف... ﴿ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ ...﴾ الكهف... ﴿ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٩٢﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ ...﴾ الكهف...

ئاوابوونی خـۆر لە کانیـاوێکی تێکـەڵ لە قوڕی ڕەش دا

قورئانی پیرۆز هەواڵی گەشتی یەکەمی (ذوالقرنین)ی بـەم فەرمایـشتەی خـودا ڕاگەیاندووە کە فەرمـوویـەتی:- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ ﴾.. دیارە ئەم گەشتە جیهادکارییەی بـەرەو خۆرئـاوا بـووە وەك لەوتەیـەکی پێشترماندا دەربارەی (ذوالقرنین) باسمان کردو گوتمان ئەو (کۆرشی فـارس) بـووەو، ئەم سەفەرەشی وەك هەڵمەتێك بـۆ سـەر مەملەکـەتی (لیـدیا)ی یۆنـانی بـووەو، پایتەختەکەیان کە شاری (ساردیز) بووە، داگیر کـردووە، پادشاکەشـیان کـە نـاوی (کرۆسیس) بووە بەدیل گرتووە.

شاری (ساردیز)یش کەوتبووە سەر دەریای (ئیجـە) لـە نزیـك شـاری ئێـستای (ئیزمیر)ی تورکیاوە.

ئایەتەکەش ئەو هەواڵەمان پێدەدات کە (ذوالقرنین) گەیشتۆتە خۆرئاوا، واتـە شـوێنی ئـاوابوونی خـۆر. وەك زانراویـشە زەوی دەسـووڕێتەوەو، خـۆریش هـەر دەسووڕێتەوە. دیارە شوێنی خۆرئاوابوون (مغرب الشمس) لەڕاسـتیدا ناوچـەیەکی دیاریکراوی لـێ ئاوابوونی نییـە، چـونکە خـۆر تـەنها یـەك خۆرهـەڵاتو، یـەك خۆرئـاوای نییـە، بـەڵکو چـەندان خۆرهـەڵاتو چـەندان خۆرئـاوای هەیـە، لـەم بارەیەشـەوە خـودا لـە قورئانـدا فەرمـوویـەتی:- ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِرَبِّ ٱلْمَشَٰرِقِ وَٱلْمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ ﴿٤٠﴾ المعارج ﴾.. کەوابوو بە گوێرەی ئەوەی کە بینەرانو تەماشـاکاران لـە هەر پارچەیەك لە پارچەکانی زەوییەوە بۆ شـوێنەکانی هـەڵاتنی خـۆرو ئـاوابوونی بڕوانن، وای دادەنێن کە چەندین خۆرهەڵاتو خۆرئاوا هەیە.

هەروەها بەگوێرەی ئەو ناوچانەش کە خۆریان لێوەهەڵدێتو، کە خۆریان لێوە ئاوا دەبێت، چەندین خۆرهەڵاتو خۆرئاوا هەیە، پاشان بەگوێرەی وەرزەکانی ساڵو بەگوێرەی مانگەکانو ڕۆژەکانی ساڵیش هەر چەندین خۆرهەڵاتو خۆرئاوا هەیە..

ئیدی شوێنی ئاوابوونی خۆر، لەڕاستیدا ئەو خۆرئاوایە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لەبەرچاوی بینەران وایە.

(سید قطب) دەڵێت: (مغرب الشمس/ شوێنی ئاوابوونی خۆر): ئەو شوێنەیە کە بینەر دەیبینێت خۆر لە پشت ئاسۆوە ئاوا دەبێت. ئەمەش بەگوێرەی جێگاکان جیاوازو گۆڕاوە.. بۆ نموونە هەندێك شوێنی وا هەیە بینەر وای دەبینێت کە خۆر لە پشت چیایەکەوە ئاوا دەبێت، لە هەندێك شوێنی تریشدا دەبینێت کە خۆرەکە لە ئاودا ئاوا دەبێت، وەك لە ئۆقیانووسە فراوانو دەریاکان دایە، لە هەندێك جێگەی تریشدا دەبینێت خۆر لەنێو لم دا ئاوادەبێت ئەگەر لە بیابانێکی دیارو فراوانی دوورو مەودادا بوو کە تا چاو پڕبکات هەر بیابان بێت)[1].

ئەمە دەربارەی شوێنی خۆر ئاوابوون.

بەڵام ئاوابوونی خۆر لە کانیاوێکی تێکەڵ لە قوڕی ڕەشدا (فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ)، ئەوەبوو هەر پێشتر لەم چیرۆکەدا باسمان کردو گوتمان: ناوچەی (ئیرمیز) کە (ذوالقرنين) پێی گەیشتووە کەنداوی زۆری تێدایە، لە ناودارترینیان کەنداوی (هرمس)و (مەندرێس)و (کەنداوی ئیزمیرە). قووڵایی کەنداوی (ئیزمیر)یش بۆ ناوەوە بە ئەندازەی سەدو بیست کیلۆمەترەو، ئاوی ڕووباری (غدیس)یشی دەڕژێتە ناو، کە ئاوێکی لێڵەو قوڕی پاشماوەی گڕکانو خۆڵی سووری تێکەڵەو لەسەر بەرزایی (ئەنادۆڵ)ەوە تێی دەڕژێت، هەر جارێکیش ڕووبارەکە ڕووەو کەنداوی (ئیرمیز) بڕوات، خێرایی ڕۆشتنەکەی زیاد دەکات.

---

١) سید قطب/ في ظلال القرآن، بەرگی چوارەم، لاپەرە (٢٢٩١).

کاتێك (ذوالقرنین)یش لەو مەوقیعەدا وەستاوە، کە ڕووباری (غـدیس) دەڕژێتـە نێو کەنداوی (ئیزمیر)ەوە، (واتـە دوای فـەتحکردنی شـاری (سـاردیز)ی پایتـەختی مەملەکەتی (لیدیا) سەرنجی وێنەی سینییە بازنەییەکەی خۆری داوە، کـە چـۆن دەکەوێتە شوێنی ڕژانی ئاوی ڕووبارەکە لە کەنداوەکەداو، دیویەتی (سوورایی قوڕە سوورەکەو قوڕە ڕەشەکەش)، کە ڕووبارەکە فڕێی دەداتە نێو کەنداوەکەوە تێکـەڵی ئاوەکە دەبن‌و لە ئەنجامی ئەم ئاوێتە بوونەشدا لە دوورەوە وای بینیوە، کـە گوایـە خۆرەکە دەکەوێتە نێو ئەو ڕەشاوە قوڕینەوە.. لەوانەیە هەر ئەمـەش ئـەو کانیـاوە تێکەڵەی قوڕە ڕەشەکە (العین الحمئة)ەکە بێت، کە قورئان باسی کردووە.. خـوداش هەر خۆی دەزانێت چۆنە..(والله أعلم)

ئایا (ذوالقرنین)یـش پێغـەمبـەرێك بووە؟!

قورئان هەواڵی ئەوەشی پێ ڕاگەیاندووین کـەوا کاتێـك (ذوالقـرنین) گەیـشتۆتە بەشی خۆرئـاوای زەوی، گـەلێکی لەوێـدا بـەدی کـردووە: ﴿قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا﴾ مانای ڕواڵەتی‌و دەرکەوتووی ئایەتەکەش ئەوەیە، بێگومان خودا ئەو فەرمایشتەی خۆی وەها پێ ڕاگەیاندووە، کە کاتێك بەسەر ئەو گەلەدا سەرکەوتووە، سەرپشکی کردووە چۆن هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵدا بکـات، سـا ئیتر بەخواستی خـۆی سـزایان بـدات، یـان لێیـان ببورێـت‌و بەچـاکی‌و بەخۆشـی مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات.

زانایانیش ڕای جۆراوجۆریان لەسەر لێکدانەوەی ئەم فەرمایشتەی خـودا هەیـە، کەوا ئاڕاستەی (ذوالقرنین)ی کردووەو (لەو فەرمایـشتانە دەچـێت، کـە ئاڕاسـتەی پێغەمبەرانی کردووە)، پاشان هەر بۆیەش زانایان ڕای لێك جوداو جیاوازیان لەسەر پێغەمبەرێتی (ذوالقرنین) هەیە. بۆ نموونە: (هەندێك لەزانایان وای بۆ دەچـن کـەوا

ئەم پیاوە پێغەمبەرێك بووەو، ئەو فەرمایشتەی خوداش دەكەنە بەڵگەی پاڵپشت بۆ بۆچوونەكەیان كە فەرموویەتی (قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ ..)= (گوتمان ئەی ذوالقرنین تۆ دەتوانیت سزایان بدەیت، یان چاكەیان لەگەڵدا بكەیت..).

ڕووكاری هێنانەوەی ئایەتەكەش بەبەڵگەیەك بۆ بۆچوونەكەیان ئەوەیە كە فەرمایشتەكە ڕاستەوخۆ لە خوداوە تەنها بۆ پێغەمبەرێك ڕادەگەیەنرێت.. جا مادام خودا ئەو فەرمایشتەی پێ فەرمووە، كەواتە ئەویش (ذوالقرنین) پێغەمبەرێكە لە پێغەمبەرانی خودا).

چەند زانایەكی تریش نكوڵی دەكەن لەوەی كە (ذوالقرنین) پێغەمبەرێك بوو بێت، بەڵكو گوتوویانە:

(ئەو پیاوێكی صالحی خوداو پادشایەكی دادپەروەر بووە).. پاساوی نكووڵی كردنیشیان لەو پێغەمبەرێتی یەی، ئەوەیە كەوا پێغەمبەرێتی (النبوة)ی هیچ كەسێك ناسەلمێنرێت تەنها بەبەڵگەیەكی شیاوو پەسند كراو نەبێت، بەڵگەكەش دەبێت ئایەتێك، یان فەرموودەیەكی (صحیح) بێت.. جا لەبەرئەوەی ئێمەش هەتا ئێستا ئەو بەڵگەیەمان نیە، ئەوا ناشێت بڵێین ئەو پێغەمبەر بووە، چونكە بەم وتەیە (گەر بڵێین پێغەمبەر بووە) ئەوا یەكێكی تر لەنێو پێغەمبەراندا دادەنێین كە تیایاندا نییەو لەوان نیە.

كۆمەڵێكی تریش لە زانایان لە ئاست ئەم مەسەلەی پێغەمبەرێتییەیدا بێدەنگ بوونو هیچ ڕاو بۆچوونێكیان لەسەری دەرنەبڕیوە.. لەم بارەیەشەوە گوتوویانە: (ئێمە ناڵێین ئەو پیاوە پێغەمبەرێك بووە، چونكە ئەم وتەیە ئاتاجی بە ئایەتێك یان فەرموودەكی ڕاست (صحیح) هەیە. ئایەتو فەرموودەش لەم بارەیەوە نی یە، هەروەها نكوڵی لە پێغەمبەریەتییەكەشی ناكەین لەبەر گریمانی ئەوەی نەبادا پێغەمبەرێك بوو بێت، چونكە وەك ئاشكرایە قورئان باسی هەموو

پێغەمبەرانی نەکردووەو ناوی گشتیانی نەهێناوە: ﴿ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ ... ﴿١٦٤﴾ النساء ﴾.

جا ئەگەر ئێمەش بڵێین (ذوالقرنين) پێغەمبەر بووەو، لە هەمان کاتدا پێغەمبەریش نەبوو بێت، ئەوا خستوومانەتە نێو ڕیزی ئەو پێغەمبەرانەی خوداوە کە لەوان نیە، ئەمەش هەڵەیەکە.

خۆ ئەگەر نکوولّی لە پێغەمبەرێتیشی بکەین لە کاتێکدا (گریمان: پێغەمبەرێك بووە) ئەوا یەکێك لە ڕیزی پێغەمبەران دەکەینە دەرەوە، ئەمەش هەر هەڵەیەکە.

جا لەبەر ئەوەی بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی پێغەمبەرێتی و، بەڵگەیەکیش بۆ نکوولّی لێکردنی پێغەمبەرێتی یەکەیمان لەبەردەستدا نییە، بۆیە ڕاستو دروستتر ئەوەیە کە لێی بێدەنگ بین، کەواتە ئێمە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە زانایەداین کە بێدەنگن لە ئاست مەسەلەی پێغەمبەرێتیی (ذوالقرنين)داو، ناشزانین ئایا (ئەو) پێغەمبەرێك بووە یان نا؟

ئەمە سەرەڕایی ئەوەی مەسەلەکە هەردوو بۆ چوونەکەش لەخۆ دەگرێتو ئەگەری ڕاستیو شیاویی هەردووکیان لەئارادایە. بەڵام لێرەدا بێدەنگ بوون لەسەر ئەو بۆچوونو مەسەلەیە لەگەڵ توێژینەوەی مەنهەجیی زانستیانەدا دەگونجێت، چونکە ناشێت ئێمە هیچ وتەو بیروڕایەك بدرکێنین تەنها بەزانست نەبێت.

پشت بەهیچ شتێکیش نابەستین تەنها بە بەڵگە نەبێت، دیارە لەم بارەیەوە زانستو بەڵگەمان لەلا نییە. خۆ ئەگەر (ذوالقرنين) پێغەمبەرێك بوو بێت، ئەوا هیچ ئاستەنگێك (اشکال) لە فەرمایشتەکەی خوادا نییە کە فەرموویەتی: ﴿قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ ﴾، چونکە دیارە خودا ڕاستەوخۆ پێغەمبەرانی دواندووەو ڕووی فەرمایشتی تێ کردوون.

یـان ئەگـەر پێغەمبـەرێکیش نـەبووبێت، هـەر ڕێـی تێدەچـێت، چـونکە فەرمایشتەکەی خودا ﴿يَـٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ ...﴾ سێ گریمان لەخۆ دەگرێت:-

١- لەوانەیە خودا ئەم فەرمایشتەی بـە پێغەمبـەرێك فـەرموو بێـت کـە لەگـەڵ (ذوالقرنین) بووە لە نێـو سـوپاکەیداو، ئـەم پێغەمبـەرەش ئـەو فەرمایـشتەی خودای بە (ذوالقرنین) گەیاندبێت.

٢- لەوانەیە خودا بە ئیلهامێك ئەوەی خستبێتە نێو بـیرو هۆشـی (ذوالقـرنین)ەوە وەك چۆن سرووش‌و (وەحی)ی بەدایکی (مووسا) گەیاندووە (سەرەڕایی ئـەوەی دایکی (مووسا) پێغەمبەرێکیش نەبووە) کە ئەو ئامرازە مسۆگەر کـراوە بـۆ پاراستنی (مووسا) بەکاربهێنێت.

٣- لەوانەشـە ئـەم ڕسـتەیە گێڕانەوەیـەکی (ذوالقـرنین) بێـت لەگـەڵ ئـەو گەلـە بەزێنراوەی ژێر دەسەڵاتی‌و ئەو وڵاتە فەتح کـراوو ڕزگارکراوانـەدا، کـە خـودا کردبویە دەسەڵاتدار لەسەریان‌و، سەربەستیشی کردبوو، کە چۆن هەڵسوکەوت‌و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئایا سزایان بدات یان لێیان ببورێت و..؟! هتد..

ئێمەش هیچ بەڵگەیەکی ڕاست‌و یەکلاکراوەی کەسـێکمان لـەم بارەیـەوە نیـە، ئەمـەش لەبەر نەبوونی‌یە کلاکەرەوەیەکی مەسەلەکە بەلای ئەوەدا، کـە پێغەمبـەر بووە، یان بەلای ئەوەدا، کە پێغەمبەر نەبووە..

دەسـتووری دادپـەروەرانەی (ذوالقرنیـن)

کاتێـك خـودا (ذو القـرنین)ی سەرپـشك کـرد لـە هەڵـسوکەوت لەگـەڵ وڵاتـە فەتحکراوەکانداو، لـە مامەڵـەی لەگـەڵ گەلـە بـەزیووو ژێـر دەسـتەکانیدا، هـیچ ستەمێکی نەکردو نەیچەوساندنەوەو، زوڵم‌و زۆرداریشی لەسـەریان پیـادە نـەکرد، هەروەها ئەو سەرکەوتن‌و سەرپشك بوونەشی نەکردە دەرفەتێك بـۆ زەبـرو زەنـگ‌و

ملهوڕیو خراپەکاری، بەڵکو (ذو القرنین) ڕێساو دەستووری خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گەلەدا ڕوونکردەوەو گوتی: ﴿ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ الكهف ﴾.

لەم دوو ئایەتەی سوورەتەکەدا ئەو دەستوورە دادپەروەرانەیەی ڕوون کردۆتەوەو، کە بەڵگەیەکە لەسەر باوەڕداریتیو خواپەرستیو تەقوای (ذو القرنین)و، لەسەر شارەزاییو زیرەکییەکەیو، لەسەر دادگەریتییەکەیو چاکەخوازیو ڕەحمو بەزەییشی.

بێگومان ئەو خەڵکە بێباوەڕەی کە (ذو القرنین) لەجەنگدا بەزاندبوونیو وڵاتەکەیانی فەتح کردووە، لەیەك پلەو ئاستی تێگەیشتندا نەبوون و، هەموشیان یەك جۆرە سیفەتو خووو نەریتیان نەبووە، هەر بۆیەش ناشێت یەك جۆرە مامەڵە لەگەڵ هەموویان دا بکرێت.

ئەوان دوو جۆرە کەس بوون، ئیماندارو کافر، چاکە خوازو ستەمکار.. جا ئایا لە مامەڵەکردنیاندا یەکسان دەبن؟ (ذو القرنین) گوتوویەتی: (سەبارەت بە ستەمکاری بێئیمان، ئەوا سزای دەدەین، بەهۆی ستەمو بێباوەڕیتی یەکەیشیەوە سزاو ئازاری دەدەین، ئێمەش لەم سزادانەیدا دادپەروەرین، چونکە ئەوە سزاو ئازاردانی نێو دنیایەتی، سزایەکی تریشی لە ئایندەدا دەدرێت کە سزای ڕۆژی دوایی یە کاتێك بۆ لای خودای پەروەردگاری دەگەڕێنرێتەوە، ئەو سزایەشی لە قیامەتدا سزایەکی هێجگار توندو بە ئازارە (عذابا نکرا)..

لەو ئایەتەدا (عذابا نکرا) ئەو ئازارو ئەشکەنجەدانە توندەیە کە خەڵکی ڕقیان لێیەتیو بەئازارێکی هێجگار توندو تیژو ناخۆشی دادەنێن. بەڵام سزایەکی عادیلانەیەو بەپێی حوکمی دادگەرانەی خودا خۆیەتی، چونکە شایستەی ئەو

سزایەن، قورئانیش جیاوازیی لە نێوان وشەی (منکر)و (نکر)دا کردووە.. بۆ نموونە: (منکر) ئەو کارە ناڕەواو پووچەڵەیە، کە لە شەرعو دینی خوادا حەرام کراوەو، کە دڵو دەروونە پڕ لە باوەڕەکانی ئیماندارانیش بە خراپی دادەنێنو ڕەتی دەکەنەوەو بەربەرەکانی دەکەنو نکوولّی لیّ دەکەن. (نکر)یش ئەوکارەو مەسەلە گرانەیە، کە هەندێك کەس نکۆڵی لێدەکەنو خۆیانی لیّ دوور دەخەنەوەو بەشتێکی ڕەت کراوەو هەڵەی دادەنێن..

بەڵام لە حەقیقەتدا شتێکی ڕاستو دروستو پەسندکراوە لەشەرعو حوکمی خواداو لە تەقدیریو کرداریو خواستی دا، چونکە ستەمکاری لە ستەمدا ڕۆچووی بێباوەڕ بەپێی دەستووری (ذو القرنین) دوو جار سزا دراوە، جارێکیان لە دنیاداو بەدەستی خۆی، جارێکی تریش لە ڕۆژی قیامەتدا، کاتێك خودا سزایەکی گەورەو توندی ناخۆشی دەدات.

سەبارەت بە مرۆڤی باوەڕداری چاکەخوازیش، ئەوە بێگومان لە (ذو القرنین)ەوە نزیك بووەو پاداشتی چاکی داوەتەوەو، خەڵاتی باشی پیّ بەخشیووەو، بەخۆشیو نەرمیو زەردەخەنەو سۆزو خۆشەویستییەوە لەگەڵیا دواوە..

﴿...فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ الكهف﴾.

(پەروەردەکردن بە پاداشت و سزا)

دەشێت ئەو هەڵسوکەوتەی (ذو القرنین)، لەگەڵ ئەو گەلەدا ببێتە دەستوورێك بۆ گشت حاکمو بەرپرسیارێك، کە مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا دەکات، هەروەها دەشێت خودی (ذو القرنین)یش، ببێتە نموونەو پێشەنگێکی باش بۆ هەر حاکمێك یان لێپرسراوێك. پێویستیشە هەر کەسێك لەوانەی لە واقیعی بەجێهێنانی فەرمانداریيو پابەندی کارکردن دەکۆڵنەوەو، خوازیاری چاکسازین لە فەرمانو

فەرمانگەکانداو، شێوازی بەڕێوەبردن چاك دەکەن، پێویستە سەرنجێکی قـوولّ لـەو دەستووره بدەن‌و هەڵوێستەیەکی درێژی لە ئاست دا بکەن، فەرمان (وظيفة)ش لەم سەردەمەماندا تووشی شێواندن‌و، خراپیی کارکردنی فەرمانبەران بـووەو، چـەندان ناهـەمواری‌و بـەدکاری‌و لادانـی بەسـەر داهێنـراوە. بنـچینەی هەڵـسەنگاندن‌و پاداشت‌و خەلاّتی هەر فەرمانبەرێکیش بەندە بەڕادەی پابەندیی فەرمانبەرەکـە بـە ڕژێمەوەو، بەخێرایی خزمەتکردنی لێپرسراوەکەی‌و خۆ لیّ نزیك کردنەوەی و، ڕیـاو مەرایی بۆکردنی. ئیدی تاکە ئومێدی فەرمانبەران هاتۆتە سەر ئەوەی چۆن لەبـەر پرسان نزیك بنەوەو هەنگاوی بۆ بنێن‌و خێرو بێرو پاداشتێکیان لێوە دەسگیر بێت، یاخود پلەو پایەی فەرمانبەرێتی‌و بەجێهێنان‌و خزمەتی خەڵکی‌و گەیاندنی چـاکە پێیـان لەسـەر بناغـەی ئـەو سـەلام‌و ڕێـزە بیّ‌ئەنـدازە ناشـەرعیانەیە بێـت کـە فەرمانبەران لە لێپرسراوانیان بگرن.

بەڕاسـتی‌و بێگومـان تـەرازووی حـوکم لـەجێی خـۆی جـوولێنراوەو بناغـەی فەرمانبەرێتیش لە جیهانی هاوچەرخماندا لەرزیوە، هـەر بۆیـەش ئـەو سـتەمکارو بەدکارو دەستدرێژکارانە نزیکترین کەسن لە حاکمـەوە کـە خێـرو بێـرو خـەلاّت‌و بەخششی ئەویان دەست دەکەوێت.. لەولاشەوە کارمەندانی دڵسۆز زویـر دەکـرێن‌و بەربەرەکانێیان دەکەن‌و دەریان دەکەن‌و ئازاریـان دەدەن‌و لـە بەخـشش‌و ڕێزلێنـان بـیّ‌بەش دەکرێن.

بەم ڕەنگە کارەکانیش تێك چوون و، شێوازی بـەڕێوەبردنیش لارو وێـر بـووەو، بەدکاریی بلاّوبۆتەوەو، پشێویش تەشەنەی سەندووە.

بەڕاستی (ذو القرنين) بەرنامەیەکی بنچینەیی‌و شێوازێکی کردەیی (عملی) بـۆ گشت لێپرسراوێك یان حاکمێك دادەنێت تاکو ئـەرکی خۆیـان چـاککەن‌و، پـەرەش بـەکاری فەرمانبـەرێتی‌و ئیـداریی بـدەن. دەشـێت ئـەم بەرنامەیـەش نـاوبنێن (پـەروەردەکردن بـەهۆی پاداشـت‌و سـزا) و، یـاخود نـاوی بنـێن: (هانـدەرەکان‌و تەمێکارەکان).

گرنگ ئەوەیە فەرمانبەر یان کرێکار بەچاکی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت‌و بەم پێوەرە هەڵسەنگێنرێت، نەك بەهۆی نزیکی یەوە لە حاکم یاخود بەهۆی کلکەلەقێ‌و خۆ بردنەپێشەوە لە لێپرسراوان. جا ئەگەر فەرمانبەرێك کەمتەرخەمی کرد، یاخود خراپەی کرد پێویستە سزای بدرێت یاخود تەمێ بکرێت یان وەلاّمێکی بدرێتەوە، چونکە ناهەقی یەکی هەڵبژاردووەو پێویستە لە ئاکامی ناهەقییەکەی تێ‌بگەیەنرێت‌و وریابکرێتەوە.

دەشێت ئەم فەرمانبەرە (لەسەر ئەو کارە نالەبارەی) لە مووچەی ببڕدرێت، یان لەو فەرمانەی بگوازرێتەوە بۆ فەرمانێکی دی، بەلاّم فەرمانبەری باوەڕدارو خواناس‌و چالاك‌و خۆشەویستی لای خەڵکی، ئەو فەرمانبەرەیە کە پێویستە ڕێزی لێ بنرێت‌و پاداشتی بدرێتەوەو، یارمەتی دەسخۆشانەو خەلاّتی هاندانی پێشکەش بکرێت، تاکو ببێتە پێشەنگ بۆ کەسانی دی و، ئەو کەسانەش بەهاندەرێکی خۆیانی دانێن بۆ کاری باش‌و چاکە خوازی‌و چاکسازی، ﴿مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ﴾. واتە: (هەر کەسێك باوەڕی بەخودا هەبێت‌و کردەوەی جوان‌و چاکی کردبێت ئەوا پاداشتی چاك‌و فرەی هەیە)، بێگومان ئەم جۆرە کەسە باوەڕدارێتی‌و خواپەرستیی بەچاکی کردووەو، کارو فەرمانیشی بەچاکی کردووە، بۆیە ئێمەش بەچاکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، چونکە پاداشتەکەش لە ڕەگەزی کارەکەیە:

﴿هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴿٦٠﴾ الرحمن﴾.

﴿وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا﴾ واتە: (بەخۆشی‌و نەرم‌و نیانی‌و سۆزەوە دەیدوێنین، لەمەش دا هەر پاداشتمان داوەتەوەو هانمان داوەو خستوومانەتە پێش‌و ڕێزو شکۆمان بۆ داناوە. جا کەسانێك کە سەرنج لەم دۆخە دەدەن، پەندی لێ وەردەگرن‌و وانەی لێوە فێر دەبن، چونکە هیچ کەسێك نایەوێت بەئانقەست خۆی بخاتە بەر سزاو ئازار (مەگەر کەسێك شێت بێت).

ئیدی ئەو کەسانەی تریش واز لە ستەمو زۆرداریو بەدکاریی دێننو، سوودو خێرو چاکە بڵاودەکەنەوەو لەسەر ڕاپەراندنی ئەرکەکانیان بەچاکیو، باش بەڕێوەبردنی کاروبارو گەیاندنی خێرو چاکە بەخەڵکی، سوور دەبن.

خەڵات کردنی چاکەکاریش بە پێشکەشکردنی خەڵاتێك دەبێت بۆیو، بەوەش ڕێزو بەهای بۆ دەگەڕێنرێتەوەو هانی دەدرێت لەسەر زیادکردنی چەندان هێندەی کۆششەکانیو بانگی کەسانی تریشی پێ دەکرێت کە وەك ئەو بن.

((لَمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا))

(ذوالقرنين) بەرەو ڕۆژهەڵات كەوتەڕێ، بەرەو شوێنی هەڵاتنی خۆر: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠﴾ الكهف ﴾.

واته: (كاتێك گەیشته بەشی خۆرهەڵات دیتی خۆر لە نیشتمانی گەلێك هەڵدێت كە هیچ بەربەستێكی وەك گردێك یان چیایەك یان هۆیەكی تریان نیه).

جالێرەدا ئەوەی دەربارەی (شوێنەكانی خۆرئاوا بوون) گوتمان، دەربارەی شوێنەكانی هەڵاتنیشی دەیلێین، چونكه خۆر چەند شوێنێكی لێوە هەڵاتنیشی هەیەو، هەر گەلێك خۆر هەڵاتێكی خۆیان هەبووەو، هەر نەتەوەیەكیش خۆر هەڵاتێكی هەیە، گرنگ ئەوەیە ئەو گەلەش خودا هیچ بەربەستێكی وەك چیاو گردو تەپۆڵكەی بۆ دانەناون، بەو مانایەی شوێنێكی وایان نەبووە كە ببێتە بەربەستو سێبەر لەبەر خۆرەكەدا لەكاتی هەڵاتندا.

دەربارەی تەفسیری ﴿قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴾ زانایان بیروڕایی جیاوازو لێك جودایان هەیە:-

١- هەندێكیان گوتویانە:- (ئەو گەلە لە نێو چەند دەشتێكی پانو بەریندا نیشتەجێبوونو هیچ چیاو گردێكی وایان نەبووە كە تیشكی ڕۆژیان لێبگرێتەوە، بۆیە لە كاتی هەڵاتندا تیشكی ڕۆژ كەوتۆتە نێو ماڵانیانەوە).

٢- هەندێكی تریشیان گوتوویانە:- (ئەوان خاوەنی خانوو، یاخود بیناو ساختمانێكی وا نەبوون كە تیشكی ڕۆژو گەرماكەیان لێ قەدەغە بكات، هەر بۆیەش لە یەكەم ساتی خۆرهەڵاتندا تیشكەكانی لەنێویان دابووە.

٣- هەندێکی تریشیان گوتوویانە:- (هیچ شتێکی وایان نەبووە کە لەش‌و لاریانی پێ داپۆشن، بۆیەش ڕووت‌و بێ‌بەرگ بوون، ئەگەر خۆرەکەش لێ یان هەڵاتبێت ئەوا بەتیشکەکانی خۆی ئازاری داون.

جێی باسیشە پێشتر ئەوەمان یەکلا کردەوە کە ئەو گەلە لەوانەیە لە تورکەکان یان لە گەلێکی تر بن‌و، ئەوان خۆیشیان لە ناوچەکانی تورکستان‌و ئەفغاننستان‌و پاکستاندا ژیاون. لێرەشدا ئەوە تێبینی دەکرێت کە قورئان بەدرێژی ئەو ڕێنماییانەی نەهێناوە کە خودا لەبارەی ئەو گەلەوە پێی ڕاگەیاندووەو باسی ئەو بەربەست‌و هۆکارانەی ڕێگرتن لە تیشکی خۆرەکەش لەسەریانی نەکردووە. واتە دەستووری تایبەت بەحوکمی ئەو وڵاتانەی خۆرهەڵات‌و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵدا کردنیانی دیاری نەکردووە، چونکە تەنها دەستووری مامەڵەی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوادا دیاری کردووە لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا لەوێ. بۆیە پێویست نەبووە کە دەستوورەکەی ئەوانیش دووبارە بکاتەوە، ئەمەش لەڕوانگەی دووبارە نەکردنەوەوە.

((وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا))

پێش ئەوەی قورئـانی پـیرۆز کۆتـایی (بەباسـی جەنگـەکانی (ذو القـرنين) و — فتوحات-و ئەرکی ڕزگارکردنی گـەلو ولاّتـان) بێنێـتو، پـێش ئـەوەی دەربـارەی کاروباری لە بەشی باکووری ناوچەکانی زەویدا، بدوێت، باسەکەی وەستاندووە تاکو ڕاستییەکی بنچینەیی دەربڕێت کە فەرمایشتەکەی خودایە: ﴿كَذَٰلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا﴾.. بـەمانای: بێگومـان خـودا زانـاو ئاگـاداری هـەموو حاڵـەتێکی (ذوالقـرنين) بوو و، بینەری هەڵسوکەوتو جموجووڵیی بوو و، هـەموو هـەواڵێکی خۆیو سوپاکەشی دەزانی.. هەر هەنگاوێك دەیاننا، بەمۆڵـەتو ڕێگـەدانی خـودا بوو، هەر جموجۆڵێکیان دەنواند بەخواستی خودا بوو، هەر جەنگێکیشیان دەگێڕاو هەر ولاّتێکیان ڕزگار دەکرد، خودا ئاگاداری حاڵیانو، بینەری واقیعیانو، بیسەری هەواڵیان بوو.

لێرەشدا ڕوانگەیەکی هونەریی دارێژراو هەیە کە دوای باسکردنی بەسەر هـاتی ئەو گەلەی لەبەر ڕۆژدا (بەبێ بەربەستێکی پارێزەریان لە تیشکی خـۆر لـە کـاتی خۆرهەڵاتندا) دەژیان، سەرنجی لێ دەدەین، ڕوانگەکـەش (واتـە ئـەو جـێ سـەرنجە هونەرییە دارێژراوە)ش ئەوەیە کە (سید قطب) لەبارەیـەوە گوتوویـەتی:- (لێـرەدا هەڵوێستەیەکی کورت لەبەردەم دیاردەی جوانکـاریی پێکگەیانـدنی هونەرییانـەی نێو شێوازی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە دەکەین، چونکە ئەو دیمەنەی کە لێرەداو لـەو بەشەی چیرۆکەدا پیـشان دراوە، لـە سروشـتدا دیـارو دەرخـراوە.. خۆرهـەڵاتووەو تیشك دەداتەوە، ئەو گەلەش هیچ پەردە پۆشێکی وەك چیایەك یان بەرزاییيەك یان

دیوارێکیان نیه که له تیشکی خۆر بیانپارێزێت.. هەمدیسان ویژدانی (ذوالقرنین) و ئامانجو نیازەکانیشی، هەمووی لەلای خودا دیاره.. بەم ڕەنگەش دیمەنی نێو سرووشتو دیمەنی ویژدانو ناخی (ذوالقرنین)یش لەسەر شێوازێکی وردو جوانی ڕێکخستنی قورئان بەیەك گەیەنراون)[1].

هەروەها ڕادەمێنین لەوەی پرسیارێك لەبارەی حیکمەتی خوداوه لەسەر باسی زانینی هەموو هەواڵێکی (ذوالقرنین) و سوپاکەی بکەین، که بۆچی خودا باسی ئەو زاناییەی خۆی له زانینی هەواڵەکانی دەکاتو، بۆچی زانستی لەسەریان هەیه لەکاتی باسکردنی فتوحاتو جەنگەکانی ڕزگارکردنی وڵاتاندا؟ ئاخۆ حیکمەت لەم باسه چی بێت؟! بێگومان ئەو حیکمەتەی که لێیەوه بۆمان دەردەکەوێت: سووربوونی قورئانه لەسەر پێکەوه بەستنی هەرچی ڕوو دەدات له گەردووندا بەخواستی خوداو ئیرادەو زانستی خۆی، تاکو خەڵکی ئەم ڕاستی یه لەبیر نەکەن لەکاتی سەرنجدان له ڕووداوەکاندا، پاشان بۆ ئەوەی خەڵکی وای تێنەگەن که ئەوان خۆیان تەنها به وزەو تواناکانی خۆیانو (دوور له زانستو فەرمانی خودا) هەڵسو کەوت دەکەن.

بۆ نموونه ئەوەتا بەڕێزێکی وەك (ذوالقرنین) چەندەها فتوحاتی گەورەشی لەبەرەی ڕۆژئاواو پاشان لەبەرەی ڕۆژهەڵاتیش بەئەنجام گەیاندووەو، چەندەها دەسکەوتی گەورەشی لەبەرەی باکوور بەدەست هێناوەو، کەچی وێڕایی ئەوەش خودا چاودێری کاروباریەتیو، ئاگاداری سەرجەم هەواڵەکانیەتیو، زانای دەسکەوتەکانیەتیو، له هەمان کاتدا خودا هەر خۆیشی قەدەرو ئەندازەی بۆ داناونو خواستو ئیرادەی لەسەریان بووە.

---

١) في ظلال القرآن، (٤: ٢٢٩٢).

(خَبَر) و (خُبْر) – خەبەرو خوبر-

هەر لێرەشدا هەڵوێستەیەکی هونەرییانە لە ئاست دیاردەیەکی ناوازە لە ناوازەکانی قورئان دەکەین.. داخۆ جیاوازیی نێوان (خُبر)و (خَبر) چی بێت؟! ئەی لە چ شوێنێکی قورئاندا هەردوو وشەکە هاتوون؟.. وشەی (خەبەر) دوو جار لە چیرۆکی (مووسا)دا ـ سلاوی لێ بێت ـ هاتووە، هەردوو جارەکەش لەیەك باسدا هاتوون هەر چەندە لە دوو سوورەت دان.

جاری یەکەم: خودا دەربارەی (مووسا) ـ سلاوی لێ بێت ـ فەرموویەتی: ﴿إِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهْلِهِۦٓ إِنِّيٓ ءَانَسْتُ نَارًا سَـَٔاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ.. ﴿٧﴾ النمل﴾، واتە (کاتێك مووسا لە ڕێگەیاندا بۆ (میسر) بەخێزانەکەی گوت:- ئەوا من لە دوورەوە ئاگرێکم بەدی کردوەو دەچم بۆ ئەودەوروبەرە تاکو هەواڵێکتان لەوبارەیەوە بۆ بهێنمەوە).

جاری دووەم: هەر دەربارەی (مووسا) خودا فەرموویەتی:- ﴿...قَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓاْ إِنِّيٓ ءَانَسْتُ نَارًا لَّعَلِّيٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ... ﴿٢٩﴾ القصص﴾، کە هەمان مانای هەیە..

بێگومان (مووسا) ـ سلاوی لێ بێت ـ کاتێك لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا بەرەو (میسر) گەڕاونەتەوە، ڕێگەی لێ وون بووە، پاشان ئاگرێکی لە دوورەوە بەدی کردووەو، ڕووی تێکردووە تاکو کەسێکی وای لێ ببینێت کە ڕێگەی پێ نیشان دات و ڕێنمایی بکات.. بەڕاستی ئەو (واتە مووسا) ئومێدێکی گەورەی بەو کەسە هەبووە کە بۆ ئەوەی هەواڵێکی ڕێگاکەی لێوە دەست کەوێت.

بەڵام ووشەی خوبر(خُبر) تەنها لە سوورەتی (کهف)دا هاتووە، لەو شوێنەدا کە (خضر) بە (مووسا)ی گوتبوو: ﴿وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا﴾= (چۆن ئارام

لەسەر کارێکی سەیری وا دەگریت کە پێشتر زانستو زانیارییەکت لەسەر لایەنە شارراوەو نەزانراوەکەی نەبووە). لەم چیرۆکەشدا لەبارەی (ذو القرنین)ەوە گوتوویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا﴾= (بەم ڕەنگە ئاگادارمان کرد لە هەواڵو زانستی شارراوە). جیاوازیی نێوان (خبر)-بە فەتحەی سەر هەردوو پیتی (خ)و (ب)، لەگەڵ وشەی (خبر) بە (ضمة)ی سەر پیتی (خ)و (سکون)ی سەر پیتی (ب)، ئەوەیە کە:

(خَبَر): زانینی ئەو شتە زانراوانەیە لە ڕووی هەواڵو گەیاندنەوە.

(خُبَر)یش: زانینی ڕووە نادیارو ناوەکی یەکانی مەسەلەکانە)[1].

واتە: ئەگەر زانینەکە بۆ ڕوواڵەتی هەواڵەکانو، شتە دیارەکانو، ڕووی دەرەکیی مەسەلەکان بێت، ئەوە بە هەواڵ دادەنرێت، واتە بە (خەبەر).

بەڵام ئەگەر زانینەکە بۆ ناواخنی مەسەلەکانو، شتە نادیارەکانو نهێنییەکانی ئەو شتانەو، لایەنە ناوازەو تەماوییەکانی بێت، ئەوە بە (خوبر) دادەنرێت.

وشەی (خبر)یش تەنها لە سوورەتی (کهف)دا دیاری کراوە، چونکە سوورەتی زانینی ئەو شتە نادیارانەیە کە بە فەرمانی خودا دەرخراون، هەروەها سوورەتی دەرخستنی بنچینەی ڕووداوەکانو نهێنییەکانیانو وردەکارییەکانیانە.

جا بۆیە (موسا)ش چەند کاروکردارێکی وا لە (خدر) دەبینێت، کە لەوەو بەر حەقیقەتەکانی نەزانیوەو، زانستی لەسەر لایەنە شارراوەو نادیارەکانیشی نەبووە، هەربۆیەش نارەزایی لەسەریان دەربڕیوە: ﴿وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا﴾... دیارە (ذوالقرنین)یش چەند کردارێکی وا ئەنجام دەدات، کە گەلێك کەس زانیارییان لەسەری نەبووە، ئەوەی لە ناخو دڵو نیازیایەتی، لەلای خەڵکی نەزانراوە، بەڵام خودا چاودێرو ئاگادارو شارەزای کارونیازو بارودۆخیەتی.

---

١) المفردات/ ص(١٤١).

ئەو گەلە دواکەوتوو و بێتوانایەی کە (ذوالقرنین) بەربەستەکەی بۆ بنیاتنان

قورئانی پیرۆز بەسەرهاتی (ذوالقرنین) و کارەکانی لەبەشی باکووری زەویدا بۆ گێراوینەتەوە، ئەمەش لەو فەرمایشتەی خوادایە کە فەرموویەتی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾ قَالُوا۟ يَـٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ الكهف ﴾. واتە: (-ذوالقرنین-) ڕۆشت تا گەیشتە ناوچەی نێوان هەردوو چیا بەرزەکەو لەوێ دیتی گەلێك هەیە کە هێندە نەفامو دواکەوتوون، مرۆڤ بەشێوەیەکی گرانو زەحمەت لێیان تێدەگات، ئەو گەلە (کە لە حاڵەتێکی ترسو دوو دڵیدا بوون) بە (ذو القرنین)یان گوت:- (یەئجووجو مەئجووج، گەلێکی خراپو بەدکارن لە زەویداو مەترسییان بۆ سەر ئێمە هەیە، جا ئایا کرێیەکت پێبدەین لەسەر ئەوەی، کە لە نێوان ئێمەو ئەواندا بەربەستێکی پتەو دروست کەیت تاکو پێمان نەگەنو ئازارمان نەدەن؟).

لە وەڵامدا (ذو القرنین) پێی گوتن: (ئەو هێزو توانایەی کە پەروەردگارم پێی بەخشیوم لەو کرێیە باشترە بۆم، بەڵام من کارەکەتان بۆ دەکەم، ئێوەش بەهێزی دەستو بازووتان یارمەتیم بدەن تاکو بەربەستێکی گەورەو پتەوو تۆکمە لە نێوان ئێوەو ئەواندا دابنێم.

ئه‌و ناوچه‌یه‌ی نێوان هه‌ردوو چیا به‌رزه‌كه‌ش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ده‌كه‌وێته‌ باشووری زنجیره‌ چیاكانی (كافكاس)ه‌وه‌و، كه‌ ئه‌مڕۆ به‌ ولاَتانی (ئه‌رمه‌نستان)و (گورجستان)و (ئازه‌ربایجان) ناوده‌برێت، ئه‌و میلله‌ته‌ش كه‌ له‌سه‌رده‌می (ذو القرنین)دا له‌وێ نیشته‌جێ بوون هۆزو تیره‌كانی (كۆشیا) بوون كه‌ سكالاَی حالّی خۆیان له‌لاكردو باسی شالاَوه‌كانی (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج) له‌ڕێی ته‌نگه‌ی (داریال)ه‌وه‌یان بۆ كرد، ئه‌وه‌بوو (ذوالقرنین)یش ئه‌و ته‌نگه‌یه‌ی گرت‌و، به‌ربه‌سته‌كه‌ی له‌سه‌ر بنیاتناو، ماوه‌ی نۆ ساڵیشی له‌و كاره‌دا خایاند تا ئه‌و پرۆژه‌ گه‌وره‌یه‌ی ته‌واو كرد. كاتێك باسه‌كه‌ی نێو قورئانیش له‌سه‌ر ئه‌و میلله‌ته‌ ده‌خوێنینه‌وه‌، چه‌ند سیفه‌تێكیان به‌دی ده‌كه‌ین‌و ده‌ردێنین، كه‌ ئه‌مانه‌ن:-

١- ئه‌وان گه‌لێكی دواكه‌وتوو بوون: ﴿لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا﴾، (له‌ هیچ وته‌یه‌ك تێ نه‌ده‌گه‌یشتن) ئه‌مه‌ش دوو مانا هه‌ڵده‌گرێت:-

یه‌كه‌میان: یان وادیاره‌ ئه‌وان زمانی گه‌لێكی تریان له‌گه‌لانی غه‌یری خۆیان نه‌زانیوه‌و له‌هیچ وشه‌یه‌كیان تێ نه‌گه‌یشتوون، چونكه‌ شاره‌زاو ئاگاداری نه‌بوون‌و فێری ئه‌و زمانانه‌ی تر نه‌بوون، بۆیه‌ش ته‌نها له‌نێو زمانه‌كه‌ی خۆیاندا په‌نگیان خواردبوو.

مانای دووه‌میش: یان وادیاره‌ دواندن‌و ئامۆژگاریكردنیان بێ‌سوود بووه‌، چونكه‌ گه‌لێكی تێ‌نه‌گه‌یشتوو بوون‌و، قسه‌و ئامۆژگاری كاری تێ‌نه‌كردوون‌و، له‌ قسه‌و ئاكاری به‌رامبه‌ره‌كانیان حالّی نه‌بوون، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ده‌مارگیری‌و توندوتیژییه‌كی خۆیان، یان له‌به‌ر گه‌مژه‌یی‌و ساویلكه‌یی‌و نه‌فامییه‌ك كه‌ له‌ نه‌ریت‌و سروشتیاندا بووبێت.

٢- ئه‌وان گه‌لێكی لاوازو بێ‌ده‌سه‌لاَت بوون، هه‌ر بۆیه‌ش ده‌سته‌و سان بوون له‌ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی شالاَوه‌كانی (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج) بۆ سه‌ریان‌و، له‌ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌یان و، ڕێگرتن له‌كاری تێكدان‌و پشێوییان.

٣- ئـــەوان گـــەلێکی بێدەســـەڵات بـــوون بـــۆ بـــەرگریی لـــە خـــاکی خۆیـــان و، بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژکاران، هەربۆیەش پەنایان بردۆتە بەر هێزێکی تری دەرەکی واتە: هێـزی (ذوالقـرنین)و کـاری چارەسـەری ئـەم حاڵەتـەیانیان پـێ سپاردووەو، ئامادەییشان بۆ دەربڕیوە کە کرێیەکی پێبدەن:

((فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا))

بێگومان ئەو گەلە سیماو ڕوخسارو نەریتی گەلانی بێدەسەڵاتو تەمەڵو دواکەوتوویان لێنیشتبوو کە بێتوانان لە چارەسەری گرفتەکانیانداو، ئەرکی چارەسەرو بنبڕکردنی گرفتەکانیان دەدەنە دەست بێگانە.

ئەوەی لەم سەردەمەشماندا مرۆڤ لێی سەرسام دەبێت ئەوەیە گەلێك كەس لە عەرەبەکان هەمان سیفەتی ئەو گەلانەیان گرتووەو، لە چەندین گرفتی ترسناكو بەردەوامدا دەژین لەسەروو هەموو گرفتەکانیشەوە، کێشەی (فەلەستین) هەیەو، لەم کێشەیەدا ڕووبەڕووی چەند دوژمنێکی شەڕخوازو فێڵباز بوونەتەوە، لە پێشەوەی ئەو دوژمنانەشدا جوولەکەکان هەن کە لە فەلەستیندا دانراونو کۆسپێکی ترسناکیان بۆ عەرەبەکان دروست کردووەو، سا ئیتر خۆیان لە پشتیەوە بن یان نا؟! دیارە ئەم ڕەوشو بارودۆخەش ئەوە لە عەرەب دەخوازێت کە ژیرو عاقڵ بنو پەی بەو مەترسی یە ببەنو بەچاکی ڕووبەڕووی ببنەوەو، وەکو پیاوان (یان پیاوانە) بەڕووی کۆسپی شارستانیانەدا بووەستنەوەو، بۆ (چارەسەری گرفتەکانیش بەدەستی خۆیان) بێدار بنەوە.

بەڵام ئەوان وەك ئەوگەلە (بێ تواناو لەهیچ حاڵی نەبووە) مامەڵەیان لەگەڵ کێشەو گرفتەکانیاندا کردووە.. کێشەکەیان خستۆتە بەردەم خەڵکی تر.. بردوویانە بۆ لای نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەنجوومەنی ئاسایشو گەورە لێپرسراوانو کۆنگرەی نێو دەوڵەتیو، تۆپەکەیان خستۆتە نێو یاریگای ئەوانەوەو داوایان لێکردوون خۆیان یاریی پێبکەن.. داوا لە بیانی یەکان دەکەن کە (لەجیاتی خۆیان) کێشەکەیان بۆ چارەسەرکەن، تکاشیان لێکردوون قەناعەت بە جوولەکەکان بێنن تاکو بەدەم

دەنگەکانی ئاشتییەوە بێن، خۆشیان وەك بینەر لە ئاست مەسەلەکەدا وەستاون و، چاوەڕوانی ئەوەن، کە ئاخۆ بێگانەکان چییان بۆ دەکەن و، کێشەکەیان چۆن بۆ تاوو توێ دەکەن.

دیارە هیچ کەسێکیش (وەك بینەر) لە ئاست ئاگر کەوتنەوە لەنێو ماڵێدا، کە خەریکە ماڵەکەی بۆ دەسووتێنێت، ڕاناوەستێت، مەگەر کەسێکی بێ عەقڵو دواکەوتوو بێت.. هەمدیسان هیچ کەسێکیش، تەنها وەك چاودێرێك سەیری دز ناکات کاتێك ماڵەکەی دەبڕێتو دەدزێت، مەگەر کەسێکی بێعەقڵو دواکەوتوو بێت.. هیچ کەسێکیش داوای کۆمەك لە دوژمنو، داوای ڕەحمەت لە ناحەز ناکات، مەگەر کەسێکی دەستەوسانو تەمەڵ بێت.. ئەم سیفەتانەش ئەمڕۆ بوونەتە خوونەریتی عەرەبەکان، کتومت وەك خوونەریتی ئەو گەلە ستەمکارو دواکەوتووە. دیارە گرفتەکانیش بەم ڕەنگە چارەسەر ناکرێن، نیشتمانیش بەم شێوەیە ناپارێزرێت.. بەم شێوەیەش داوو فێڵو پیلانەکان هەڵناوەشێنرێتەوە..

لێبڕانی (ذو القرنین) لە ماڵ و سامان دا

(ذوالقرنین) بەو پەڕی پاکیو لێبڕانەوە پێشنیازەکەی ئەو گەلەی (دەربارەی کرێو پاداشتی دارایی) کە لەبەرامبەر پاراستنیان لە دوژمنانیاندا پێیان دەدا، ڕەت کردەوەو ڕازی نەبوو، کە بەکرێو پاداشت کاریان بۆ بکات، بەڵکو پێی گوتن: ﴿قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ ...﴾.. من هیچ ئاتاجێکم بە ماڵو سامانی ئێوە نیە، چونکە خودا خێرو بێرێکی وای پێ بەخشیوم، کە لەو پاداشتەی ئێوە باشترەو، هەروەها هێندەی لە وزەو تواناو دەسەڵات پێ بەخشیوم کە وای لێ کردووم لێبڕێم لەو ماڵو سامانەی، کە ئێوە بۆم دادەنێنو، خۆمی لێ بپارێزم.

بێگومان زوهدو لێبڕانی (ذوالقـرنین) لە ماڵو ساماندا و خۆلێ پاراستنیو بـەرز ڕاگرتنی خۆی لە سەرووی ئەو سامانەوە، سیفەتێکە لە سیفەتەکانی حاکمی باشو دادگەرو لێـبڕاو، بـەو ڕەنگـەش داوا لـە حاکمـانی موسـڵمانان دەکـات، بیکەنـە پێشەنگ بۆ خۆیان لەو سیفەتەدا..

(امام ابن کثیـر)یش لە کـاتی لێـدوانی لەسـەر (ذوالقـرنین)دا، هەڵوێـستەکەی (سـولەیمان- سـەلامی لێ بێـت)ی دیـاری کـردووە لـە ئاسـت دیارییەکـەی (یـان بەرتیلەکەی) شاژنی (سەبەء)دا کاتێك ئەو شاژنە وەفدێکی خۆی بە هەندێك پارەو ماڵەوە بۆ لای (سولەیمان) ناردووە، تاکو (سولەیمان) دەست هەڵگرێت لێیانو داوای باوەڕهێنانو تەسلیم بوونیان لـێنەکات. وەك خوداش ئەم بەسەرهاتەی لە قورئاندا گێڕاوەتـەوەو فەرموویـەتی: ﴿فَلَمَّا جَآءَ سُلَيْمَٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيْرٌ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم بَلْ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ ﴿٣٦﴾ ٱرْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُم بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم ...﴿٣٧﴾ النمل﴾. کەواتە: (سولەیمانی پێغەمبەری خوداش) ـ سڵاوی لێ بێت ـ وای داناوە، کە فەزڵو خێرو بێری خودا باشترە لەو ماڵو سامانەی بۆی براوە، بۆیە ئەویش نەویست (زاهید)ی بووەو وەك (ذو القـرنین) پێی گوتوون: (ئەوەی خودا پێی بەخشیوم لەوە باشترە، کە بۆتان هێنـاوەو پـێم دەدەن): ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيْرٌ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم﴾... (ذوالقرنین)یش ئەو بەخششەی خـودای لـەو مـاڵو سـامانە بەباشـتر داناوە، کە ئەو گەلە بۆیان داناوە:

﴿مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ﴾.. هەروەها (لە هەڵوێستی (ذوالقرنین) لە ئاست سەداو ئاڵوێری یەکەی ئەو گەلەدا).. ئەو ڕێسایەش لە پێشەوای خەڵکیدا بەدیی دەکەین، کە پێویستە لە ئاست موڵكو ماڵی گەلەکەیدا لێبـڕاوو خۆشەویستو پاك بێـتو، هیچ شتێکی بۆ خۆی لـێ گل نەداتەوە، چونکە ئەوەی لێی خوازراوە ئەوەیـە، کـە پارێزەری وڵاتو خەڵکەکەی بێتو، لەبەرامبەر ئەو پارێزگارییەشدا هـیچ پـاداشو

کرێ یەکی تایبەتی لە هیچ جۆرە کەسێك وەرنەگرێت، چونکە ئەم نەریتی زوهدو لێبرانە، لە مەرجو پێداویستی یەکانی پێشەوایەتی ی ئەون.

لەم بارەیەوە، ئیمام (ابوبکر بن العربی) هەڵوێستەیەکی لە ئاست وەڵامەکەی (ذوالقرنین)دا کردووەو بنەمایەکی گشتیی لە (چۆنیەتی مامەڵەی حاکم لەگەڵ گەلەکەیدا)و (زوهدو نەویستنیماڵو سامانیان) لێ دەرهێناوەو، گوتوویەتی:

(لەسەر پادشاو حاکمی وولات پێویستە کە موڵكو ماڵی خەڵكی لە بچووکترین شتیانەوە بپارێزێتو کەلێنو پێداویستییان پڕکاتەوەو، ئەو کەموکوڕییە داراییەی کە بەمافی خۆیان دەگەڕێتەوەو شایستەیانە چاكو ڕاستکاتەوەو، هەموو ئەو مافانەشیان پێ بگەیەنێت کە گەنجینەدارانی لەژێر دەسەڵاتو چاودێریی خۆیدا کۆی دەکەنەوە تەنانەت گەر هەقەکانی هەندێك خەڵكی تریشی تیادا نەما بێتو بە مووچەو دەرامەتی خەڵكی (گەنجینەکان) بەتاڵ بووبنەوە، یاخود بە کارەسات ڕۆشتبن.. ئەوا پێویستە لەو جۆرە حاڵەتەدا کاروباری داراییان بۆ ڕاست کاتەوەو بەچاکیو عەدالەتەوە چاو بەکەمو کورتییەکانی خەڵکیدا بگێڕێتەوە، بەڵام بە سێ مەرج:

یەکەم: هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی بۆ خۆی لێ گل نەداتەوە.

دووەم: سەرەتا بەکەسانی نەدار دەست پێبکاتو هاریکاریی ئەوانە بکات کە ئاتاجیان پێیەتی.

سێیەم: بەپێی پلەو ئاستی بژێوی خەڵکەکە ئەو ماڵو سامانە دابەش کات.

خۆ ئەگەر دوای ئەوەش ئازوخەی نێو گەنجینەکانو پێداویستییە پاشەکەوت کراوەکانی تەواوبوونو هیچیان تێدا نەماو، بەهۆی ڕووداوەکانەوە دۆخێکی نەداری هاتە ئاراوە دەبێت ئەو خەڵکە خۆیان لە هەوڵو تەقەلادابن لە پێش خەرجکردنی ماڵو سامانیاندا، خۆ ئەگەر بەوە سوودی نەبوو، ئەوا بەگوێرەی ئەندازەیەکی دانراو، ماڵو سامانیان لێ وەردەگیرێتو، بە باشترین شێوازی ڕاوێژ لەسەر کراویش ئەو ماڵو سامانە بۆ کۆتایی هێنان بەو دۆخە نائاسایی یە خەرج دەکرێت، وەك

چۆن (ذو القرنين) کاتێك کریّو ماڵو سامانی خرایە بەردەم، گوتی:- (پێویستیم پێی نیە، بەڵکو پێویستیم بەخۆتانە، کە بەهێزی دەستو بازووتان یارمەتیم بدەن بۆ بنیاتنانی بەربەستەکە بەمانای لەگەڵ مندا خزمەتی خۆتان بکەن، چونکە من ماڵو سامانم هەیەو، ئێوەش پیاوانو هێزو بازووتان هەیە) مەبەستی جێگیرو نەگۆڕیش لەمەدا ئەوەیە، کە ناشێت پارەو ماڵ لە هیچ کەسێك وەرگیرێت (مەگەر بۆ پێداویستییەکی گرنگ نەبێت)، سا ئیتر بەئاشکرا بێت، یان بەنهێنی، لێی وەردەگیرێتو، بەشێوەیەکی دادگەرانەش بۆ سوودی گشتی خەرج دەکرێت، نەك بەو ڕەنگەی کە (ئەو لێپرسراوەی پارەو ماڵەکەی پێدراوە) بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاری بێنێت.. دەبێت بە ڕای کۆمەڵە کەسێکی پەیوەندیداریش بێت، نەك هەر پابەند بێت بەڕای خۆیەوە)[1].

[1] احكام القران لإبن العربي، (٣: ١٢٤٨)، هەروەها بڕوانە کتێبی (ذوالقرنين)ی مامۆستا (محمد خير يوسف)، لاپەرە (٢٧٤-٢٧٥).

((﴿فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ﴾))

کاتێك (ذوالقرنین) ڕووی لە پارەوماڵیان وەرگێراو نەیویست، خوازیاری ئەوە بوو کە ئەوان واز لە بێدەسەڵاتیو تەمەڵیو تەوەزەلی بێنن، هەروەها حەزی کرد لەوەی کە فێری جموجووڵو چالاکیو کارکردنو هەوڵدانیان بکات، بۆیەش پێی گوتن:- ﴿أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا﴾.. بەمانای: (بە کۆمەكو یاریدەی خۆتان هاوکاریم بکەن)، واتە بەدیاردەکانی هێزو بازووتان، کەواتە ئەو داوای لێکردوون یارمەتیی بدەنو هێزی دەستو مەچەك (کەهێزێکی مادییانە) بۆی دەستە بەر بکەن تاکو لەبەربەستەکەدا کاری پێ بکەن.. ئەمەش وەك ئەوە وایە کە بڵێیت:- (هێزی دارایی لەسەر خۆمو، هێزی فیکریو تێڕامانیش هەر لەسەر خۆم بێت، ئێوەش هێزی ماددی کردەیی (عملی)تان لەسەرەو، ئیدی ئەوەی من هەمەو ئەوەی ئێوەش هەتانە، دەکەین بەیەكو، بەم ڕەنگە کارەکەش بەئەنجام دەگات.

ئەم دەستەواژە کورتەی قورئان ﴿فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ﴾ دادەنرێت بە مەشخەڵێکی دیاری قورئانی لە هاوکارییو پێکەوە بەستنی هەوڵو تەقەللاکانو لەیەکخستنی وزەو توانا و هێزەکاندا، هەروەها ڕێسایەکی جوانی دەرهاوێژراوی قورئانمان دەربارەی بەئەنجام گەیاندنی کاروبارو ڕاپەراندنی ئەرکی پێویست، پیشان دەدات.

بێگومان کۆمەڵگەی تەواوو کامڵو سەرکەوتوو ئەو کۆمەڵگەیەیە کە هەموو هێزو تواناکانی بۆ بەدیهێنانی کاری چاك تیادا کۆدەبێتەوە، سەرکردایەتیی سەرکەوتووی هۆشیاریش ئەوەیە کە هەموو هێزو تواناکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان لەخۆ بگرێت.

بێگومان لەنێو كۆمەڵدا چەند چینو توێژێك لە خەڵكیدا هەنو توانای فیكریو تێڕامانیان هەیەو، دەتوانن بیربكەنەوەو، بەرنامە دابنێن و، لەمەسەلەكان بكۆڵنەوە، بەڵام ئەگەر ئەو چینو توێژەی بەتەنها سەر پشك بكرێن بۆ بەدی هێنانی كارێكی گران، ئەوا هەر خۆی بەتەنیا ناتوانێت ئەو كارە بەئەنجام بگەیەنێت كە نەخشەی بۆ كێشاوەو بیری لێ كردۆتەوە. هەندێك چینو توێژیش لە كۆمەڵگەدا ماڵو سامانو سەرمایەی تەواویان بۆ كاركردن هەیە، بەڵام لەوانەیە تێفكرینو نەخشەو پلانیان نەبێت، هەروەها لەوانەشە توانای گونجاویان بۆ كاركردن نەبێت.

هەندێك چینو توێژی تریش لە خەڵكیدا هەن، كە نەماڵو نە سامانیان هەیەو، نەفیكری نەخشەو پلان دانانیان هەیە، بەڵام كاتو توانای كاركردنیان هەیەو، دەتوانن بەهەوڵدانو هێزی جەستە بژێوی خۆیان وەدەست خەن.

بۆیە هەر دەبێت ڕاوێژو هاوكاریی لە نێوان ئەو چینو توێژانەدا هەبێتو هەموو هێزو وزەو توانایەكیان كۆبكرێتەوەو، بۆ بەرژەوەندیو خێرو بێرو پێشكەوتنی نەتەوە ئاڕاستە بكرێت، هەر دەبێت خاوەنی فیكرو نەخشەدانەر لەگەڵ خاوەنی ماڵو سامانو لەگەڵ كەسی خاوەنی تواناو هێزی بازوو پێك بگەنو هەموویان ڕوو لە خێرو بێرو بەدییهێنانی بەرژەوەندی ڕەوا بكەن.

سەركردایەتی هوشیاریش لەنەتەوەدا ئەوەیە كە توانای پێكەوە بەستنی هەموو ڕێچكە ڕێكخراوەكانو هێڵەكانی هەیەو، بەهرەو وزەكان لەگەڵ یەكتردا دەگونجێنێت. جا ئایا نەتەوەكەمان لە واقیعی هاوچەرخماندا هێزو تواناكانی پێك گەیاندووە، یان لێكی دابڕیون؟ ئەی ئایا هەموو بەهرەو تواناكان لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەی ئیسلام پێك گەیشتوون، یان پەرتەوازەو بەش بەشكراون؟!

ئای چەند بەهرەی وون بوو لە نەتەوەدا هەیەو!! چەند ووزەی پەكخراو هەیەو!! چەند ماڵو سامان بەفیڕۆ دراونو!! چەند كاتیش بەخۆڕایی تێپەڕیوەو!! چەندە لە گەنجانی ڕێ لێتێكدراویش هەن!!

جا هەر دەبێت نەتەوەی ئیسلام ڕێساکەی (ذوالقرنین) لە کۆکردنەوەی وزەو تواناکانی خەڵکیو لە ڕاوێژو هاوکاریدا بگرێتەبەر، هەروەها دەبێت دروشمی ئەم نەتەوەیە بەهەموو چینو توێژو وزەو توانـاو شـارەزاییەکانەوە: ﴿فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ﴾ بێت.. واتە (دروشمی هاوکارییو یەکخستنی بیروڕاو ووزەو تواناکان بێت).

بەربەستەکە لە چی دروست کرا ؟!

قورئان ئاماژەی بۆ ئەو ماددەیە کردووە کە بەربەستەکەی لـێ دروستکراو، چۆنیەتی بنیاتنانیشی باسکردووە، وەك خودا فەرموویەتی:

﴿ءَاتُونِي زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ۝٩٦﴾ الكهف

کەواتە (ذوالقرنین) لە کاری بنیاتنانی بەربەستەکەدا داوای لەو گەلە کردووە کە چەندین پارچە ئاسنی گەورەی بۆ بێننو بیانخاتـە ئـەو ناوچـە تەنگەبـەرەی نێـوان هەردوو چیا بەرزەکەوە، لـەم ئایەتـەدا ووشـەی (زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ) واتـە چـەند پارچـە ئاسنێکی هێجگار گەورە کە لە ناوچەکەیاندا دەیانبـڕییەوە. وەك پێشتریش گوتمان ناوچەی (ئەرمینیا)و (گورجستان) ناوچەیەکی پڕ لەکانزای وەك (ئاسـن)و (مـس) بووە، هەروەها ناوچەیەکی پڕ لە درەختو دارستان بووەو، ولاّخێکـی زۆریـشی بـۆ گواستنەوەی ئەو کانزاو درەختانەش هـەبووە کـە لـە شـوێنە دوورەکانـەوە پێیـان گواستوونەوە.

ئیدی ئـەوان پارچـە ئاسـنە گـەورەکانیان بـۆ (ذوالقـرنین) هێنـاوەو لـە دۆڵـە تەنگەبەرەکەدا بۆیان داناوەو لەسەر یـەك کەڵەکـەیان کـردووەو، بـەرە بـەرە هـەر کەڵەکەیان کردووە تاکو گەیاندوویانەتە ئاستی هەردوو لوتکەی چیاکان.

وشەی (ٱلصَّدَفَيۡنِ) لە ئایەتەکەدا مانای هەردوو لوتکەکەی ئەو دوو چیا بەرزە دەگەیەنێت.

پاشان فەرمانی پێ کردوون کە لەژێر ئەو ئاسنە گەورەو لەسەر یەك کەڵەکەکراوانەدا ئاگرێك بکەنەوە: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيۡنَ ٱلصَّدَفَيۡنِ قَالَ ٱنفُخُواْۖ﴾..

جا سەرنج بدە لە زۆریی‌و تین سەندنی ئەو ئاگرە گەورەیەو، لە زەبەلاحی ئەو دارو تەختانەش کە ئاگرەکەیان پێکراوەتەوە، چونکە مەبەستی (ذوالقرنین) لەوەدا تواندنەوەی چەندین ئاسنی بێشوماری پۆڵا بووە لەو ڕێرەوە سەخت‌و بەرزەدا.

لەهەمان کاتدا (ذوالقرنین) فەرمانی بە کۆمەڵە کەسێکی تری ئەو گەلە کردووە کە (مس) بێنن‌و لە چەند قاڵبێکی گەورەدا بیتوێننەوە، جا کاتێك ئاسنەکان بەتەواوەتی لەو ڕاڕەوەدا توێنراونەتەوەو، مسەکەش لەنێو لەگەن‌و مەنجەڵە گەورەکاندا توێنراوەتەوەو وەك قۆناغی کۆتایی لە قۆناغەکانی بنیاتنانی بەربەستەکەدا کراوە بەسەر ئاسنەکەدا: ﴿ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا﴾. ووشەی (قطر) لەم ڕستەیەی نێو ئایەتەکەدا بە مسی تواوە دەگوترێت.. ئەویش واتە: (ذوالقرنین) فەرمانی پێ کردوون کە مسی تواوە بکەن بەسەر ئاسنە توێنراوە شلەوە بووەکەدا، ئیدی مسەکەش چۆتە ناوەڕاستی ئاسنەکەوەو تێکەڵی یەکدی بوونو، پێکەوە بوونەتە کانزایەکی پتەوی تۆکمە.. بێگومان ئاسن لە بنەڕەتدا پتەوو تۆکمەیە، مسیش هەروەها پتەو تۆکمەیە.. جا ئاخۆ کاتێك هەردووکیان دەتوێنرێنەوەو تێکەڵی یەکدی دەکرێن، چۆن بن؟ دیارە هەریەکەیان هێزو پتەوی ئەوی تریش وەردەگرێت‌و پێکەوەش لەو پەڕی تۆکمەیی‌و بەهێزی‌و چاکیدا دەبن.

ئینجا (ذوالقرنین) ئاسنەکەو مسەکەی لەو دۆخەدا هێشتۆتەوە هەتا ڕەق بوون‌و وەك بەستەڵەکیان لێ هاتووەو بوونەتە بەربەستێکی قایم‌و گرنگ‌و سەرسوڕهێنەر.

(ذو القرنين) وەك ئەندازیارێـك

بەڕاستی (ذوالقرنين) خاوەنی هێزو شارەزاییو تێگەیـشتنو دەسـەڵاتێکی وەهـا بووە کە لە خوداوە پێی دراوەو فێری کراوە.

بێگومان خـودا ڕێنمـوونی ئـەوی بـۆ شـێوازێکی بێوێنـەی سەرسـوڕهێن لـە بنیاتنانی بەربەستەکەو بەتینکردنو بەهێزکردنیدا کردووە. بەو شـێوازەش ئاسـنو مسی تێکەڵی یـەکتر کـردووە. جـا ئەگـەر دەربڕینەکـە شـیاو بێـت (ذو القـرنين) ئەندازیارێکی بەشی شارستانی (مدنی) بووە، چـونکە بەربەسـتەکەی لـەو مـاددە بەتینە بنیاتناوەو، چەندەها سەدەش پێش ئەندازیارانی ئەمڕۆ ئاسنو مسی تێکەڵ کردووە.

لەمبارەیـەوە (سـید قطـب) دەڵێـت: (ئـەم شـێوازە لەسـەردەمی نوێـدا بـۆ بەتینکردنی ئاسن بەکارهێنراوەو، دەرکەوتووە ئەگەر ڕێژەیەك لە (مس) لە ئاسندا تێکەڵاو بکرێت، ئەوا هێزی مانەوەو قایـمیی ئاسنەکە چەندان هێندە زیاد دەبێت، جا ئەم شـێوازەی کـە خـودا ڕێنمـوونیی (ذو القـرنين)ی پـێکردووەو لـە قورئانـە نەمرەکەشیدا باسەکەی تۆمار کردووە، چەندەها سەدەی بێشومار (کە هـەر خـودا خۆی دەزانێت چەند سەدەیە) پێش زانستی نوێی مرۆڤایەتی کەوتووە)[1].

ئەمەش پێچەوانەی ووتەی هەندێك لە مێژوونووسانە کەوایان ڕادەگەیاند گوایـە ئەم بەربەستەی (ذوالقـرنين) شوورە گەورەکەی چینە، بەڵام ئەو شـوورەیە زۆر درێـژ بووەو، درێژاییەکەشی سەدان کیلۆمەترەو، لە نێوان دوو چیادا دروسـت نـەکراوە. پاشان ئەم شوورایەی چین لە بەردو گڵ دروستکراوە، بەڵام بەربەستەکە لـە ئاسـنو مـس بنیـاتنراوە، لێـرەدا هـەمان ووتـەی پێـشوومان دووبـارە دەکەینـەوە کـە

---

١) (في ظلال القرآن/ ٤: ٢٢٩٣).

گووتبوومان: (بەربەستەکەو، شووراکەی چینیش، هەردووکیان بۆ یەك مەبەست دروستکراون. (ذو القرنین) بەربەستەکەی بۆ بەرگرتن لە شالاّوەکانی (یەئجووج و مەئجووج) بنیاتناوە، (ئیمپراتۆڕی چین)یش شووریی چینی بۆ هەمان مەبەست (بۆ بەرگرتن لە شالاّوەکانی (یەئجووج و مەئجووج) بۆ سەر چین) بنیاتناوە.

قورئانی پیرۆزیش شێوازێکی پشت پێبەستراوی مسۆگەرکراومان بۆ بەهێزکردن و بەتینکردنی کاری بیناسازی پیشان دەدات، ئەو شێوازەش: ئاوێتەکردنی ئاسن و مسە.

هەروەها ئەو ئایەتەی دەربارەی ئەو شێوازە هاتووە، ئاماژە بۆ خالێکی زانستیانەی قورئان دەکات، ئەویش تێکەڵکردنی ئاسن و مسە بۆ بەهێزکردنی بینا.

هەروەها دیاردەیەکی ئەندازەییشمان پیشان دەدات، ئەویش چۆنیەتی بنیاتنانی بەربەستە قایمەکەیە. بۆیە دەکرێت لە قورئاندا چەندین ئاماژەی سرووشبەخشی ئەندازەییش بەدی بکەین. بێگومان ئایەتەکانی قورئان چەند ئاماژەی هەمەجۆرو، چەندین سەرنجی هەمەڕەنگیان تێدایەو ئێمەش دەتوانین لەو ئایەتانەوە چەندین سەرنج و ئاماژەی زانستی و پزیشکی و گەردووناسی و، ئەندازەیی و، ژمێریاری و، ئامارکاری و، سەرکردایەتی کردن و، کۆمەلاّیەتی و، نیشتەجێکاری و، شارنشینییان لێ دەربێنین، جگە لە دەرهێنانی ئەو ڕاستییە بابەتیانەو باوەڕداریتیانەو عەقیدیانەو، فیقهی و زانستیانەو، تەفسیرکاری و جیهادی و بانگەوازکارییانەی کە لەو ئایەتانەدا پیشانمان دەدرێن.

دیارە ئامانجی بنەڕەتی قورئانیش لە بیرناکەین کە کتێبێکی ڕێنمایی و، بانگەوازو دەستوورێکی تۆکمەو بەرنامەی ژیان و، بنچینەی جیهادو بانگەوازو بەرەنگارییە.

بەلاّم خۆ ئەمەش ڕێگر نیە لەسەر هەلّوێستەکردن لە ئاست چەند ئاماژەیەکی مام ناوەندی لە بوارە زانستییەکان و بوارەکانی تری ژیاندا.

شکستی (یەئجووج و مەئجووج) لەبەردەم بەربەستەکەدا

کاتێك (ذوالقرنين) لە بنیاتنانی بەربەستەکە بووەوە، (یەئجووجو مەئجوو)یش بەنەریتی خۆیان هاتن تاکو لە تەنگەبەرەکە (مضیق) بپەڕنەوەو خەریکی تێکدانو ئاژاوە بن، بەڵام کتوپڕ تووشی ئەو بەربەستە پتەوە بەرزە بوون لەبەردەمیانداو هەوڵیاندا دەرچنو سەرکەون بەسەریا، کەچی نەیانتوانی، چونکە لە ئاسن دروست کرابوو، ئاسنیش ڕووکارێکی لووسی هەیەو ئەگەر چەند دەسکێکی ڕاگیرکاری بۆ ئەو کەسە پێوە نەبێت کە دەیەوێت پێیدا سەرکەوێتو تا دەستی پێوە بگرێت، ئەوا کەس ناتوانێت پێیدا سەرکەوێت.

هەروەها هەوڵیاندا ئەو بەربەستە بڕووخێننو تێکی بدەن، بەڵام نەیانتوانی، چونکە لە ماددەیەکی بەهێزو پتەوی (وەك ئاسنو مس) بنیاتنرابوو.

ئەم ئایەتەش ﴿ فَمَا ٱسْطَـٰعُوٓا۟ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَـٰعُوا۟ لَهُۥ نَقْبًا ﴾ ئەو شکستو سەرنەگرتنی هەوڵەیانی تۆمار کرد کە لە سەرکەوتن بەسەر بەربەستەکە، یان لە تێکدانیدا شکستو دەستەوسان بوون، مانای ئایەتەکەش واتە: (ئەوان ـ یەئجووجو مەئجووج ـ نەیانتوانی بەسەر ڕووی بەربەستەکەدا سەرکەون و، نەشیانتوانی تێکی دەنو کەلەبەری تێ بخەن).

ئیدی ئەم بەربەستە بووە ئامرازێکی باش بۆ نەهێشتنی شاڵاوەکانی (یەئجووجو مەئجووج)و ڕێگرتن لەکاری تێکدانو وێرانکارییان.

(ٱسۡطَٰعُوٓاْ) و (ٱسۡتَطَٰعُواْ)

لێرەدا هەڵوێستەیەك لە ئاست دیاردەیەکی جوانی قورئاندا دەکەین، ئەویش دوو شێوازی جیاکاریی ئایەتەکەیە لەنێوان دوو فەرمان (فعل)دا لە ڕووی دارِشتنەوە.. ئاخۆ لە هەردوو ڕستەی: ﴿ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ ﴾ و، ﴿وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبٗا ﴾دا حیکمەت چی بێت لە لابردنی پیتی (ت) لە ڕستەی یەکەمدا ﴿ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ ﴾ لە کاتێکدا لە هەمان فرمانی ڕستەی دووەم ﴿وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ ﴾دا دانراوە؟!

بێگومان لابردنی پیتی (تاء) لە ڕستەی یەکەمدا بۆ هێواشکردنەوە (تخفيف)ە، لەبەر ئەمە دەشێت بە (تاء الخفة) ناوی ببەین، ڕووبەندی هێواشکارییەکەش ئەوەیە ڕستەکە هەواڵی شکستبوونی ئەوانی لە سەرکەوتنی بەربەستەکەدا ڕاگەیاندووە، ئەم پێدا سەرکەوتنەش یەکەم جار ئاتاجی بەخێراییو گورجو گۆڵیی (خۆپێدا سەرخەر)و زیرەکیو شارەزاییو ڕێکیی بەژنو باڵایەتی، چونکە زۆرجار مرۆڤی قەڵەو ناتوانێت بە شوێنی بەرزدا هەڵگەڕێت، لەبەرئەوەی پێویستیی بە کێشی سووکە تاکو بەخێرایی سەرکەوێت.

ئەمەیە ئەو حاڵەتەی کە ڕستەی ﴿ فَمَا ٱسۡطَٰعُوٓاْ أَن يَظۡهَرُوهُ ﴾ هەواڵی لەسەر دەداتو، هەر ئەو چوارچێوەیەشە کە ڕستەکەی تێدا هاتووە. هەربۆیەش پیتی (تاء) لە فەرمانەکە داماڵراوە تاکو بەئاسانی هێواش بکرێتەوە. دیارە وەك ئەوەی فەرمانەکە (الفعل) ویستبێتی یارمەتیی کەسی خۆ پێداسەرخەر بدات لەسەر

(لەش سووکی)و، ئیدی (تاء)ەکەی لێ داماڵیوە تاکو بەشداریی شارەزاییی شارەزایان بکاتو، بەشداریی لەش سووکی ئەوانەش بکات کە بە شوێنە سەختو بەرزەکاندا هەڵدەگەڕێن.

بەڵام لە فەرمانی دووەم ﴿وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبًا﴾دا پیتی (ت) لەگەڵیدا ماوەتەوە، چونکە ئەمە بۆ ئەو شوێنە گونجاو ترەو، لەگەڵ (کەشی گشتی)یشدا تەبایە.

چونکە کونکردنی بەربەستەکەو ڕووخاندنیشی ئاتاجی بە هەوڵی گەورەو زەحمەتو کاری دژوارو بە کاتیشە، هەروەك ئاتاجی بە ئامێرەکانی هەڵکەندنو ڕووخاندنە.. ئاتاجیشی بە پیاوانێکە کە بتوانن بیڕووخێننو، هەوڵو ماندووبوونو زەحمەتو ئارامییەکی زۆریشی تێدا خەرج بکەن، دیارە کاتو ماوەیەکی زۆریشی دەوێت پێش ئەوەی کارەکەیان بە ئەنجام بگەینن، لەو کەشەدا کە ڕستەی ﴿وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ لَهُۥ نَقۡبًا﴾ گوزارشتی لێ دەکات، پیتی (ت) لە فەرمانەکەدا ماوەتەوە. واتە (ت)ەکە بۆ بارگرانی (ثقل) ماوەتەوە تاکو خاڵێکی یاریدەدەر بێت لە وێناندنی کەشی بارگرانیو زەحمەتی ڕووخاندنی بەربەستەکەداو، تاکو لەو پرۆسە قورسو دژوارەشدا بەشدار بێت. کەواتە جاری یەکەم، واتە لە ڕستەی یەکەمدا پیتی (ت) لە فەرمانەکەدا بۆ هێواشکردنەوەو بەئاسان دانانی کارەکە لابراوە، بەڵام جاری دووەم (لە ڕستەی دووەمدا) پیتی (ت) لە هەمان فەرمانی نەیانتوانی ﴿وَمَا ٱسۡتَطَٰعُواْ﴾دا بۆ قورسکردنو بەگران دانانی کارەکە هێڵراوەتەوەو بەکارهاتووە.

هەر لێرەشدا ئەوە بەیادی هەموان دەخەینەوە کە بێژەکان (الفاظ) لە گوزارشتی قورئانیدا پاڵاوتەو ڕێکخراون لەگەڵ چوارچێوە گشتییەکەیدا. ئەمەش بەچاکی هەڵبژێرراوەو، بەتەواوەتیش لەگەڵ ئەو کەشودۆخەدا گونجاوە کە ڕستەکەی تێدا هاتووەو، لەگەڵ ئەو مەسەلەیەشدا هاوڕێکە کە هەواڵی لەسەر ڕاگەیاندووە.

بێگومان پیتی (تاء)ی (خفة) پێشتر له‌ چیرۆكی (مووساو خدر)دا ـ سلاَّویان لێ بێت ـ هاتبوو، ئه‌وه‌ش له‌ وته‌ی (خدر)دا به‌ (مووسا) كه‌ پێی گوتبوو: ﴿ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴾.

جا ئه‌وه‌تا له‌م چیرۆكه‌ی (ذو القرنين)یشدا بۆ جاری دووه‌م پیتی (تاءی خفة) دێته‌وه‌ به‌رچاومان.. هه‌ر له‌ چیرۆكی (ذو القرنين)دا فه‌رمانێك به‌دوو شێوه‌ هاته‌ به‌ر چاومان، جاری یه‌كه‌م له‌و فه‌رمایشته‌ی خوادا كه‌ باسی پایه‌داركردنی (ذو القرنين) ده‌كات‌و ده‌فه‌رموێت: ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾.

جاری دووه‌میش له‌ ووته‌ی (ذوالقرنين) خۆی دا كه‌ باسی ئه‌و هێزو پله‌و ده‌سه‌ڵاته‌ ده‌كات كه‌ خودا پێی به‌خشیوه‌و له‌كاتی بنیاتنانی به‌ربه‌سته‌كه‌دا به‌و گه‌له‌ ده‌ڵێت: ﴿ قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ ﴾ ئه‌وه‌ی خودا له‌ هێزو توانا پێی به‌خشیوم له‌و پاداشته‌ی ئێوه‌ باشتره‌ كه‌ پێم ده‌ده‌ن).

ئیدی گرنگ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌و خوێنه‌ره‌ی به‌وردی‌و تێرامان‌و تێفكرینه‌وه‌ قورئان ده‌خوێنێت، هه‌ڵوێسته‌ له‌ ئاست چه‌ندین نموونه‌ی تری هاوشێوه‌دا بكات‌و، گه‌لێك نموونه‌ی تر به‌دی ده‌كات.

(بنیاتنانی به‌ربه‌سته‌كه‌ ره‌حمه‌تێك بووه‌ له‌ خوداوه‌)

((ذوالقرنين)) كاتێك بۆ ئه‌و به‌ربه‌سته‌ گه‌وره‌یه‌ی ڕوانیوه‌ كه‌ خه‌ڵكی ئه‌و ناوچه‌یه‌ی له‌ شالاَّوه‌كانی (یه‌ئجووج‌و مه‌ئجووج) پاراستووه‌، گوتوویه‌تی: (ئه‌مه‌ ڕه‌حمه‌تێكه‌ له‌ خودای په‌روه‌ردگارمه‌وه‌﴿ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّى ﴾.

كاتێك له‌به‌رده‌م ئه‌م بڕگه‌ جوان‌و پیرۆزه‌ی ﴿هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّى ﴾شدا ده‌وه‌ستین، ئه‌م په‌ندو ئاماژانه‌ی لێ ده‌ردێنین:

١- ئەوەی (سید قطب) لەبارەیەوە گوتوویەتی: ((ذوالقـرنین) کاتێك بۆ ئـەو پـرۆژە مەزنەی خۆی ڕوانیوە، تووشی لووتبەرزیو بەخۆ نازین نەبووەو، بۆنو بەرامەی هێزو زانستیش مەستی نەکردووە، بـەڵکو یـادو سوپاسـی خـودای کـردووەو، هەمان چاکەی لە پێناوی خوادا کردووە کە ڕێنماییی بۆ سەری کرد بوو)[١].

٢- (ذو القـرنین) بەزیکرو نزاو یادی خودا لەکاتی بەئـەنجام گەیانـدنی کارەکەیـدا، فێری ئەوەمان دەکات چۆن زیکرو یادی خـودا بکـەین، بێگومـان گـەورەترین کاتو شێوەی زیکر ئەوەیە مرۆڤی بـاوەڕدار لـەکاتی سـەرکەوتنی کارەکەیـدا یادی خودا بکاتو بزانێت کە ئەوە بە فەرمانی خودای پەروەردگارێتی، ئیـدی لەخۆبوردوو دەبێتو، دادگەریی ڕەچاو دەکاتو یادو سوپاسی خوداش دەکات.

٣- بنیاتنانی بەربەستەکە ڕەحمەتێك بووە لە خوداوە. (ذو القرنین)یش ئەو زانستەی کە خودا فێری کردبوو و، ئەو پایەو دەسـەڵاتەش کـە بـۆی ڕەخـساندبوو، لـە (یارمەتیـدانی خـەڵکی)و (کـاری چـاك بۆیـان)و (نەهێـشتنی پـەلامارو دەستدرێژیی لەسەریان)دا بەکاری دەهێنان، هەر بۆیەش زانستەکەی ڕەحمەتێك بوو لە خودای پەروەردگاریەوەو، بەکارهێنانی ئەو زانستەش هـەر ڕەحمـەتێکی خودا بووە. بەکارهێنانو خستنە گەڕی ئەو زانـستو زانیارییـەش (کـە خـودا فێری کردبوو) لەگەڵ بابـەتی نێـو سـوورەتی (کهـف)دا (سـوورەتی زانـستو ڕەحمەت) دەگونجێت، وەك خوداش دەربـارەی (خـدر) ــ سـڵاوی لـێ بێـت ـ فەرموویەتی:- ﴿ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴾، هـەروەها وەك ئەو ووتەیەی کە لەسـەر زاری (خـدر) هـاتووەو بـە (مووسـا)ی گوتـووە ﴿رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ﴾.

---

١) (في ظلال القرآن/ ٤: ٢٢٩٣).

٤- ئەو گەلە لەبەردەم هەڕەشەی (یەئجووج و مەئجووج)دا بوون و، کەوتبوونە بەر هەڵمەتەکانی وێرانکاری و شێواندنیان. هیچ پارێزەرێکیشیان نەبوو کە پارێزگارییان لێ بکات، تەنها خودا نەبێت کە ئەو بەربەستەی بۆ دابین کردن، هەروەها هیچ ڕزگارکەرێکیشیان نەبوو کە لەو مەترسییە ڕزگاریان بکات تەنها بنیات نانی بەربەستەکە نەبێت، هەر بۆیەش بەربەستەکە ڕەحمەتێك بوو لە خوداوە بۆ ئەوان، هەروەك چۆن (بە فەرمانی خودا) هۆیەکی ڕزگار بوون و ئازاد بوون بوو بۆیان، خۆ ئەگەر بەربەستەکە بنیات نەنرایەو، ئەگەر ئەو گەلە هەر سکاڵا و دادو بێدادیان (بەبێ کۆشش و هەوڵ و جموجووڵێك) لەدەست حاڵی خۆیان بکردایە، ئەوا خۆیان لەو مەترسییە ڕزگار نەدەکرد. دیارە ڕزگاری و ئازاد بوونیش تەنها بەکارو هەوڵدان بەدی دێت.

(لە بنیاتنانی بەربەستەکەدا وانەیەك بۆ ئێمەش هەیە)

هەمدیسان لەم بەربەستەی (ذو القرنين)دا وانەیەکی گرنگ و پێویست بۆ نەتەوەی ئیسلامیش هەیە، بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا کە ڕووبەڕووی مەترسییەکی فەوتێنەرو وێرانکەری وەها بۆتەوە کە توندو ترسناکتریشە لە مەترسییەکەی (یەئجووج و مەئجووج) لەسەر ئەو گەلە. ئەو مەترسییەش کە ئەمڕۆ بۆ نەتەوەی ئیسلام لە ئارادایە، مەترسی وێرانکەری جوولەکەیە، دێوەزمەی ترسناکی دڕندەو چەپەڵی جوولەکەیەو، هەموو گۆشەو کەنارێکی نەتەوەو هەموو ووزەو تواناکانیشی و کە هیچ شتێکی لێ ناپارێزرێت کەوتوونە بەر هەڕەشەی ئەو مەترسییە، کارێکی شیاویش نییە بۆ نەتەوەی ئیسلام کە ئەمڕۆ شکست و دەستەپاچە بێت لەبەردەم ئەم مەترسییەدا.

هەروەها بۆ نەتەوە ناشێت کە تەنها بە خەمخواردن و ئازار چەشتن و لاواندنەوە لە ئاست ئەم کێشەیەدا ڕەفتار بکات، ناشبێت هەر تەنها ڕێگە چارەی ناڕەزایی و

ئیدانەکردنو سکالآکردن بگرێتەبەرو، تەنها لەسەر ئـەوەش سـوور بێـت کـە ڕووی گفتار بکاتە ڕایـی گـشتیی جیهـانیو ویـژدانیان بـدوێنێتو، هـاوار بەرێتـە لای خێرخوازان لە دنیاداو داوا لە جیهان بکات بێنە پێـشەوە بـۆ نەهێـشتنی هێرشـی داگیرکاریو بەرفراوانبوونی ناوچەکانی جوولەکەو، ڕاوەستاندنی مەترسییان.

هەروەها بۆ نەتەوەی موسلمانان ناشێت کە هـەر لەسـەر ئـەو جـۆرە ڕێـچکەو ئامرازو شێوازانە سوور بێت کەوا بەئەنجامێکی ناگەیەنن و، چارەسەرێکی بۆ پەیدا ناکەن، بەڵکو هـەر سـەرابو خـەوو خـەیاڵن، وەك پەنابردنـە بـەر (ئەنجوومـەنی ئاسـایش)و (نەتــەوە یــەککگرتووەکان)و (بانگــەواز بـۆ بەسـتنی کـۆنگرەی نێـو دەوڵەتی)و (جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش)و.. ئـەو ڕێگـە چـارە بێئەنجامانەی تر..

بەڕاستی هیچ خێرو بێرێك لەو هەڵوێستانەدا نییە، ئەم جۆرە ئامرازانەش هـیچ چارەسەرێك نابەخشن. نەتەوەی ئیسلامیش بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی مەترسـی یە لەناوبەرەکەی جوولەکەدا دەمێنێت. بۆیەو بەبێ هیچ گومانێك تـەنها بـەکاری جیددیو ڕاستو دروست نەتەوەی ئیسلام ڕزگاری دەبێت..

تەنها بە بەرەو ڕووبوونەوەی جوولەکەو بەرەنگاری کردنیان ڕزگار دەبن..

هـیچ شـتێكو هـیچ ڕێگـا چـارەیەك وەك جیهـادو شـەڕو کوشـتارو هێـزی سەربازییش نەتەوەی ئیسلام ڕزگار ناکات. بەڕاستی هەر بەهێزو بـەکارو هەوڵـدان بوو کە ئەو گەلەش لەدەست (یـەئجووجو مـەئجووج) ڕزگاریـان بـوو و، ڕەحمـەتی خودایان بەهۆی بنیاتنانی بەربەستەکەوە پێگەیشت.

دیارە نەتەوەی ئیسلامیش هەر بەهێزو هەوڵو تێکۆشان لە مەترسیی جوولەکە ڕزگاریان دەبێت، بۆیەش جیهاد لەدژی جوولەکـەو شـەڕ لەگەڵـداکردنیان شـتێکی هاوشێوەی بەربەستەکەی (ذوالقرنین)ە.. جا کاتێك نەتەوەی ئیسلام بە چاکی فێـری جیهادو شەڕو کوشتار دەبـنو سـوور دەبـن لەسـەر شـەهیدبوون، ئـەوا ڕەحمـەتی خودایان پێدەگات وەك چۆن بەگەلانی پێشین گەیەنراوە.

بەڕاستی گەلێکی شکستو تەمەڵ شایستەی ڕەحمەتی خودا نین، خودا ڕەحمیان پێ ناکات، خەڵکیش ڕەحمیان پێ ناکەن، هیچ کەسێکیش دەنگیان نابیسێت، هیچ کەسێکیش بەزەییی بەحاڵیاندا نایەتەوە.

بێگومان ئەوانەی شایستەی ڕەحمەتی خودان پیاوانی بەهێزو توندو تیژن کە موجاهیدە بە ئارامو خۆڕاگرتووەکانن.

بۆیە پێویستە کە ئیدی نەتەوەش ماڵئاوایی لە هیواو ئاواتو خەونە فریودەرەکان بکاتو، دەبێت بچێتە دەروازەی جیهادو شەهادەتخوازییەوە، دەنا هەر تووشی لەناوچوونو نغرۆبوون لە لافاوی سەرشۆڕیدا دەبن.

((بەڵێنی خودا و تەخت کردنی بەربەستەکە))

دوای ئەوەی (ذوالقرنین) لەلای ئەو گەلە دانی بەوە دانا کە بنیاتنانی ئەم بەربەستە بۆ ئەوان ڕەحمەتێکە لە خودای پەروەردگارییەوەو، سوپاسیشی لەسەر ئەوە کرد، لە هەمان کاتدا حەقیقەتێکی باوەڕدارانەی گرنگی بۆ خستنە ڕوو، ئەمەش لەو وتەیەیدا کە خودا لەسەر زاری ئەوەوەگێڕاویێتیەوەو فەرموویەتی:-

﴿...فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴿٩٨﴾ الكهف﴾.

لەم ووتەیەیدا، (ذوالقرنین) باسی ئەوە دەکات کە ئەم بەربەستە ماوەو تەمەنێکی دیاریکراوی هەیەو، بەردەوام تا ڕۆژی دوایی لە ئارادا نابێت، بۆیە نابێت خەڵکی تەنها پشت بەوە ببەستن، چونکە ئەو خودایەی کە ڕێگەی بە بنیاتنانیو هێنانەکایەی داوە، هەر ئەو خودایەشە ڕێی داوە کە بەربەستەکە توندو تۆکمە بوو بێت، هەر خوداشە ڕێی داوە کە ڕێگە لە هێرشەکانی (یەئجووجو مەئجووج) بگیرێت.

بەڵام خودا لە ماوەو زەمەنێکی تردا ڕێگە بە (یەئجووجو مەئجووج) دەداتەوە کە بتوانن ئەو بەربەستە تێك بدەنو، بڕیاری تێکدانەکەشی بۆ نووسیونو، ئیدی لەو بەربەستەوە دێنە دەرەوە تاکو سەر لەنوێ بۆ جاری دووەمو سێیەمو چوارەم دەست بە خراپەو تێکدان بکەنەوە.. جا ئەگەر بەڵێنی خودا ﴿فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي﴾ هاتە پێشەوەو تەمەنی بەربەستەکە کۆتایی هاتو، خودا خواستی لەسەر تێکدانو وێرانکردنی بوو، ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت لەبەردەم خواستی خوادا بووەستێتو ناتوانێت ڕێگا لە بەجێهێنانی فەرمانیدا بگرێت، چونکە مرۆڤەکان بێهێزو لاوازنو، خوداش هەر خۆی بەهێزو بە تواناو کارایە لەسەر هەر کارێك بیەوێت.

﴿فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي﴾ ئەگەر بەڵێنی پەروەردگارم هاتە پێشەوە ئەوا بەربەستەکە تەخت دەکات ﴿جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ﴾ (دکاء) واتە لەگەڵ زەویدا ڕێکی دەکاتەوەو تەختی دەکات. لە وشەی (دکاء)دا سەرنجێکی ڕوون کەرەوەی قورئانیش بەدیی دەکەین.

بێگومان وشەی (دکاء) (مؤنث)ە، (سد)یش (مذکر)ە، داخۆ بۆچی وەسفی ئەم (مذکر)ە بە (مؤنث) کراوە، لە بنچینەشدا ئەوەیە کە (وەسف کراو/ موصوف) لەگەڵ سیفەتەکەدا لە بواری بەنێر دانانو بەمێ دانان (التذکیر والتأنیث)دا یەکسان بکرێن. دوو جۆرە خوێندنەوەش بۆ ئەم وشەیە هەیە:-

یەکەمیان/ دکاء: بەدرێژکردنەوەو هەمزە بۆ دانانەوە:- ئەمە خوێندنەوەی (حەمزە)و (عاصم)و (کسائی)یە. لابردنیشی (واتە کردنی بەربەستەکە بە زەوییەکی تەخت)، وشەی (دکاء) سیفەتێکیشە بۆ وشەیەکی لابراوی بە مێ دانراو (مؤنث)ی وەك (ارض دکاء)، پاشان وشەی بۆ زیادو پاڵ خراو (مضاف)ی (ارض)ەکە لابراوەو تەنها لەپاڵدانراو (مضاف الیە)ەکە جێگەی گرتۆتەوەو، بووە بە (جعلە دکاء). بۆ نموونەش: عەرەبەکان دەڵێن (ناقة دکاء) واتە حوشترێك کە سەرپشتی تەخت بێتو (سەنام)ی نەبێت.

خوێندنەوەی دووەم/ بە (دکاً) واتە بە (تەنوین ـً)ی سەر (کاف)ەکە بخوێنرێتەوە ئەوا بە سیفەتێك بۆ بەربەستەکە دادەنرێت، ئەمەش هیچ گرێوگۆڵێکی تێدا نیە)[1].

جا دوای ئەوەی ڕووکاری وەسفی (مذکر)ە کەمان بە ئاڕاستەی (مؤنث) داناو، کە لە ڕاستیشدا ئەو (مؤنث)ە سیفەتێکە بۆ (مؤنث)ێکی لابراو (محذوف) ئەوا لێرەدا حیکمەتی وەسفکردنی بەو سیفەتە (مؤنث)ەی (دکاء) ڕوون دەکەینەوە:-

بێگومان ئەو بەربەستە توندو تۆکمەیە، سەردەمێکی تری بەسەردا دێت کە دەکرێتە زەوییەکی تەختو هەرچی لە ئاسنو مسی تێدایە نامێنن، دەگۆڕێت بۆ زەوییەکی تەختەڵان، بۆ تەنها زەوییەك (ارض دکاء).

لە باسێکی پێشتری ئەم چیرۆکەدا ئەوەمان بەڕاستترو یەکلاکراوە دانا کە وادەی بەڵێنی خودا لەمەوبەر چەند جارێك لەو جێگایانەدا بەدیی هاتووەو، (یەئجووجو مەئجووج) بە خواستو فەرمانی خودا توانیویانە کەلەبەر بخەنە بەربەستەکەوەو وێرانیشی بکەن، ئیدی بە ڕاستیو بە واقیعی ئەو بەربەستە نەماوەو بووەتە زەوییەکی تەختکراو.

ئەمڕۆش هەر کەسێك بۆ تەنگەی (داریال)ی نێو چیاکانی (کافکاس) بڕوانێت، بە واقیعی دەبینێت کەوا بەربەستەکە لەگەڵ زەویدا تەخت کراوەو، لە ئاسنەکەشی تەنها چەند بڕێکی کەم دەبینێت کە لەسەر هەردوو لێواری تەنگە (مضیق)ەکە ماوەتەوە.

بەڕاستی (ذوالقرنین) ڕاستی گوتووە کاتێك پێشبینی نەمانی بەربەستەکەی لە سەردەمێکی تردا کردووە، وەك گوتوویەتی: ﴿فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ رَبِّي جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا﴾.

---

١) بڕوانە/ (حجة القراءات)ی (ابن زنجلة)، لاپەرە (٤٣٥-٤٣٦).

ئەو پەندانەی کە (ئیمامی قاسمی) لەم چیرۆکەی دەرهێناون

ئیمامی قاسمی لـە کتێبەکەیـدا (محاسـن التأويـل) چـەند پەنـدو ئامۆژگـاریو فەرمانێکی شەرعی لـەم چـیرۆکەدا دەرهێنـاوەو، مامۆسـتا (محمـد خـير رمـضان يوسف)یش پوختەی ئەو پەندو ئەحکامو ئامۆژگارییانـەی لـە کتێبـەی خۆیـدا(ذو القرنين) بە نەختێك دەسکاریو کورتکردنەوەوە خستۆتەڕوو. (ئێمـەش لێـرەدا لـەو کتێبە (محمد خير رمضان)ەوە پوختەیـەکی ئـەو پەنـدو وانـە کورتکراوانـە دیـاری دەکەین:-

١- پەند وەرگرتن لەوەی کە بێگومان خودا هەندێك خـەڵکی بەچـەند پلەیـەك لـە هەندێکی تر بەرزتر داناوەو، لە ڕزقو ڕۆزیشداو بـە خواسـتی خـۆی سـامانو موڵكو ماڵی بە هەندێك کەس بەبێ حسابو ژمارە بەخشیوە.

٢- گرتنە بەری هۆکارو ئامرازەکانو کەوتنـە دوای سـوننەتو ڕێـسای خـودا لـە گەردووندا بە کاری جیددیو هەوڵدان. دیارە بە پێی ئەندازەی هەوڵو کۆشـش، سەرکەوتنو ڕزگاریش هەیە.

٣- بەگەڕخستنی وزەو ورە بۆ لابردنی کۆسپو تەگەرەکان.

٤- پێویستیی دەست پێکردنو هەنگاونان بۆ کاروبارە گەورەکان.

٥- هەر کەسێك بەسەر دوژمنـانی دا زاڵو سـەرکەوتوو بێـت، بـۆی ناشـێت کـە ملکەچو زەلیلو کۆیلەیان کات، بەڵکو دەبێت بە دادو عەدالەتەوە مامەڵەیان لەگەڵـدا بکـات و، پاداشـتی چـاکەکار لەسـەر چـاکەکەی بداتـەوەو، سـزای خراپەکاریش لەسەر خراپەکەی بدات.

٦- پێویستە پادشاو سەرداری خەڵکی، هەموو هەوڵو کۆشـشێکی خـۆی لـەپێناو پاراستنی نیشتمانو دابینکردنی ئاسوودەییو ئارامیو هاوولاتیاندا بخاتە گەڕ.

٧- پێویستە پادشاو سەرۆکی وڵات خۆی لە پارەوپوولی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی بپارێزێتو خوازیاری وەرگرتنی کرێو پاداشت نەبێت لەسەر کارێکی کە بۆیان دەکات .

٨- ئەگەر لە جێگەیەکدا پێویستو گونجاو بوو باسی نیعمەتەکانی خودا کە بەخۆی داون، بکرێت، ئەوا پاشا دەتوانێت باسیان بکات .

٩- توندکردنی شوورەو قەڵاکانو بەهێزکردنیان .

١٠- پادشا بەشدارییکاری کرێکاران بکات تاکو چالاکییان زیاتر پێبداتو بەو بەشداریکردنەشی خۆشحاڵیان بکات .

١١- باسو پێناسەی بەروبوومی کارکردن بۆ کەسانی تر بکات تاکو ڕێزو بەهای بزاننو سوپاسی خوداشی لەسەر بکەن .

١٢- ڕۆژی دواییو کۆتایی هاتنی ئەم ژیانەی دنیا بەبیر کەسانی تر بێنێتەوە تاکو دڵانی خەڵکی بەڕۆژی دوابییەوە پەیوەست بن .

١٣- پەندو دەرس وەرگرتن بە ڕازاندنەوەو پەرەپێدانی ستایشی جوانو هێشتنەوەی ئاسەواری گەورەو شکۆدار لەنێو دڵاندا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕەوشتی چاكو نەریتی جوانو، ئازایەتیو مەردایەتیو چاو پۆشیو دادگەریو چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا.

١٤- ئەو کەسەی کە پادشاو سەرداری چەند گەلو هۆزێکی هەمە چەشنە بێت، دەبێت بایەخێکی زۆر بەیەك خستنی گوتارو هەڵوێست بدات)[1].

---

١) کتێبی (ذو القرنین)ی (محمد خیر یوسف)، بەدەسکاریو کورتکردنەوەوە، لە لاپەرەکانی (٢٨١-٢٨٣)هوە.

کۆتایی چیـرۆکی (ذو القرنیـن) به وتەیەکی (سید قطب)

بۆ کۆتایی هێنانـمان به چیرۆکی (ذوالقرنیــن) وتەیـەکی مامۆسـتای پێـشەوا (سید قطب) دێنینەوە، کە له تەفسیری (في ظلال القرآن)ەکەیـەوە وەرمـانگرتووەو، کە ئەویش خۆی له تەفسیرو لێکدانەوەی ئەم دوا بڕگانەی چیرۆکەکەدا کردوونی بـه کۆتاییەك بۆ ئەو بەسەرهاتە.. دەبا بواری ئاخاوتن لەسەر کۆتـایی چـیرۆکەکە بـۆ مامۆستای شەهید والاکەین‌و بزانین لەمبارەیەوە چی گوتووە..؟

بەم ڕەنگە کۆتایی ئەو ئەڵقەیە له ژیاننامەی (ذوالقـرنین دێت، کـه نموونەیـەکی نایابی حاکمی ساڵحەو، خودا له زەویدا دەسەلاَت‌و پلەوپایەی پێداوەو هۆکارەکانی بۆ ئاسان کردووە، ئەویش به زەویدا گەڕاوەو، ڕۆژهـەلاَت‌و ڕۆژئـاوای زەوی بەسـەر کردۆتەوە.. بەلاَم لووتبەرزو خۆبەزلزان نەبووە، ستەمکارو بێباك نەبووە، فتوحات‌و ڕزگارکردنی وڵاتانی نەکردۆتە ئامرازێك بۆ دەسکەوتی ماددیی‌و، زەوتکردنی تاك‌و کۆمـەڵ‌و نیـشتمانەکانی خـەڵکی، مامەڵـەی کۆیلەشـی لەگـەڵ خـەڵکی ولاَتـه فەتحکراوەکانیدا نەکردووە. دانیشتوانی ئەو ولاَتانەشی بۆ نیازو تەماعکاری خـۆی ملکەچ نەکردووە، بەڵکو دادو عەدالەتی لەهەر شوێنێکدا، کە تیایدا دانیـشتووە، بلاَوکردۆتەوە.. یارمەتیی بـەجێماوو دواکـەوتوانی داوەو بـەبێ کـرێ‌و پاداشـتێك دەستدرێژی ناحەزانیانی لەسەر لابردوون. ئەو هێزو توانایەش، کە خودا پێی دابوو له ئاوەدانی‌و چاکسازی‌و بەرپەرچدانەوەی دوژمنکاریی‌و بەدیهێنان‌و چەسـپاندنی حەقدا بەکارهێناوە. پاشان هەر خێرو دەسکەوتێك، کە خودا لەسـەر دەسـتی ئـەو بەدیهێنا بێت، هەر بۆ ڕەحمەت‌و فەزڵی خودای گەڕاندۆتەوە. ئیدی ئەو لەکاتێکدا له لوتکەی هێزو دەسەلاَتیدا بووە، هێزو تواناو گەورەیی خودای لەبیر نەچۆتەوەو، ئەوەشی لەبیر نەچۆتەوە، کە هەر بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە)[1].

---

١) (في ظلال القرآن)/ بەرگی (٤)، لاپەرە (٢٢٩٣).

((کــۆتــایی))

لە دواییدا.. ئەمە هەر چوار چیرۆکەکەی نێو سـوورەتی (کهـف) بـوو،.. واتـە (چیرۆکی هاوەڵانی نێو ئەشکەوتەکە)و (چیرۆکی کابرای خاوەنی دوو باخەکە لەگەڵ هاورێ باوەڕدارەکەی)و (چیرۆکی مووساو خدر)ـ سڵاویان لێ بێت ـو (چـیرۆکی — ذو القرنیـن-).

بەڕاستی چەند ساتە وەختێکـی شـیرینو بەسـوودمان لەگـەڵ ئـەم چـیرۆکانەدا بردەسەرو، چەندین پەندو ئامۆژگاریو ئاماژەی سودبەخشو وانەی بەسوودی لێـوە تێگەیشتین. لەم چیرۆکانەدا سیما گشتییەکەی سوورەتی (کهف)مان بەدییکرد کـە ملململانێی نێوان (باوەڕدارێتیو ماددەپەرسـتی)یـەو، سـەرکەوتنی شـوێنکەوتوانی ڕێبازی ئیمانداریێتییە بەسەر شوێنکەوتوانی ڕێبازی بێباوەڕێتیی ماددەپەرستی.

هەروەها کلیلە گشتییەکەی ئەم سوورەتەش، کە زیکری (ما شاء الله لا قوة الا بالله)یەمان بەدی کردو، بینیمان چۆن ئەم مانایە بەدی هاتووەو، ئەم کلیلی دەرگـا کردنەوەیەی سوورەتەکانیش بەسەر هەریەکەیاندا پیادە کراوە..

بینیشمان چۆن خواستی خودا بەجێ دەگەیەنرێتو، چۆن هێزی خودا، هێزێکـی کاراو بەزێنەری دوژمنانەو، پاشان دیمان کە سەرکەوتن لـە خـوداوەو پـشتگیرییش هەر بۆ سەربازانی ڕاسـتەقینەی خۆیـەتیو، کـە چـۆن ئـەو سـەربازانەو ئایـەتو نیشانەکانیش هەڵدەبژێرێت، هەروەك دیـمان هەر کەسێك هێزی لەوەدایە گـەر لـە خوداوە داوابکاتو پشت بەخودا ببەستێت ئەوا هەر ئەو کەسە بەهێزو بەتوانایـەو ئاکامو سەرەنجامی باشو لەباری دەبێت.

هەر لەو چیرۆکانەشدا زانستی خودایی (العلم الربانی)مان بەدی کـرد، ئەمـەش لەڕێی ئەو کەسانەی، کە خـودا زانـستی فێرکـردوونو، لەسـەر زەویـش پایـەدارو سەربەرزی کردوون.

ئەوەشمان بەدیکرد کە بەختیاریو خێرو بەرژەوەندی، بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە خودا ڕەحمی پێکردوونو، دیاردەو ڕواڵەتەکانی ئەو ڕەحمەتو زانستەشیان پیشانی خەڵکی داوەو شوێنەواری ئەو زانستەش کە ئاوێتەی ڕەحمەتی خوداو گرێدراوی بووە، بۆ خەڵکی دەرخستووە.

هەر لەو چوار چیرۆکەشەوە زانیمان چۆن عەقیدەو بیروباوەڕی ئێستامان ڕاست بکەینەوەو، چۆن بنەماو بەهاکانیش بە تەرازووی عەقیدە هەڵسەنگێنین و، چۆن بەرنامە ئیمانداریێتیی یەکەی قورئانیش بۆ تێفکرینو لێورد بوونەوەو لێکۆڵینەوەو زانینو توێژینەوە بەکاربێنین!!

بەڕاستی لەو چیرۆکانەوە (بە فەزڵو ڕێنمایی خودای گەورەو کاربەجێ) زۆر شتمان دەستکەوتو زۆر شتیشمان زانی.. سوپاس بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیان.. دروودو سڵاو بۆ سەر گیانی پێشەوامان محمد ﷺو هەموو خانەوادەو هاوەڵانیشی..

(الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا -محمد- وعلى اله وصحبه..

سبحانك اللهم وبحمدك، نشهد ان لا اله الا انت، نستغفرك و نتوب اليك).

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە

١- أحكام القران –للقاضي ابي بكر بن العربي.. تحقيق علي محمد البجادي..
٢- اضواء البيان في تفسير القران بالقران، لمحمد الامين الشنقيطي. عالم الكتب –بيروت- بدون تاريخ.
٣- البداية و النهاية –للامام ابن الكثير- مكتبة المعارف- بيروت –الطبعة الاولى/١٩٦٦م
٤- تأملات في سورة الكهف (الصراع بين الايمان و المادية) لأبي الحسن علي الحسن الندوي – دار القلم- الكويت- ١٩٧١م.
٥- تفسير القران العظيم –للامام ابن الكثير- المكتبة التجارية –مصر- بدون تأريخ.
٦- تهذيب الاسماء و اللغات، للامام النووي –دار الباز للنشر و التوزيع –مكة المكرمة- بدون تاريخ.
٧- الجامع لأحكام القران –لامام القرطبي- دار الكتاب العربي –مصر- الطبعة الثالثة- ١٩٧٦م.
٨- جداول التقويم الميلادي المقابل للتقويم الهجري. لأحمد عادل كمال –دار النفائس- بيروت- الطبعة الاولى –١٩٨٠م.
٩- حجة القراءات –لإبن زنجلة –تحقيق سعيد الافغاني. مؤسسة الرسالة –الطبعة الثالثة- ١٩٨٢م.
١٠- الدر المنثور في التفسير بالمأثور –لإمام السيوطي- دار الفكر –بيروت- الطبعة الاولى ١٩٨٣
١١- ذوالقرنين –لمحمد خير رمضان يوسف- دار القلم –بيروت- الطبعة الاولى ١٩٨٦م.
١٢- روح المعاني –للإمام الالوسي- دار إحياء التراث العربي – بيروت- بدون تأريخ.
١٣- الروض الانف في شرح سيرة ابن هشام، للإمام السهيلي –تحقيق عبدالرحمن الوكيل، دار الكتب العربية –القاهرة- بدون تأريخ.

١٤- الزهر النضر في نبأ الخضر. للإمام ابن حجر العسقلاني، مجموعة الرسائل المنيرية، المجلد الاول —الرسالة السابعة، دار احياء التراث العربي —بدون تاريخ.
١٥- سنن ابن ماجة، بعناية فؤاد عبدالباقي، المكتبة العلمية —بيروت- بدون تأريخ.
١٦- سنن ابي داود – مراجعة و تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد – دار الكتب العلمية – بيروت- بدون تأريخ.
١٧- سنن الترمذي – بعناية عبدالرحمن عثمان – دار الفكر – بيروت- الطبعة الثانية- ١٩٨٣.
١٨- شرح النووي على صحيح مسلم – المطبعة المصرية و مكتبتها – مصر- بدون تأريخ.
١٩- صحيح الامام البخاري – مكتبة و مطبعة محمد علي صبيح – مصر- بدون تأريخ.
٢٠- صحيح الامام مسلم. دار الفكر – بيروت-١٩٨٣م.
٢١- فتح الباري شرح صحيح البخاري، للإمام ابن حجر العسقلاني، دار المعرفة – بيروت- بدون تأريخ.
٢٢- في ظلال القران —سيد قطب- دار الشروق- الطبعة الخامسة-١٩٧٧م.
٢٣- الكامل في التأريخ – لإبن الاثير- دار صادر – بيروت ١٩٧٩م.
٢٤- المستدرك على الصحيحين، وبهامشه تلخيص المستدرك للذهبي للحاكم النيسابوري – دار الكتاب العربي- بيروت- بدون تأريخ.
٢٥- المفردات في غريب القران – للراغب الاصفهاني- تحقيق محمد سيد كيلاني، مكتبة المصطفى الحلبي - مصر- ١٩٦١م.
٢٦- نيل الاوطار – للإمام الشوكاني، دار الجيل – بيروت ١٩٧٣م.

نێـوەڕۆك

قصص السابقين في القرآن



دكتور صلاح عبد الفتاح الخالدي

نوسینگەی تەفسیر

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
ت: 2230908 - 2221695- 2518138
موبایل: 07504605122 - 07701387291

www.al-tafseer.com
E-mail: tafseeroffice@yahoo.com
altafseer@hotmail.com